# ئەنفالستان

## ساڵنامەیەکی تایبەتە بەتاوانی ئەنفال وجینۆساید

ژمارە (٩)

**ئەم ژمارەیە لەساڵیادی ( عەبدوڵای خەرابەیی وهاوڕێکانی ) دا دەردەچێت**

***که لەم ڕۆژەدا پاش بەدیلگیرانیان لەلایەن ئەفسەرێکی پلەبەرزی سوپای عێراقەوە لەکاسانی شاری کۆیەوە فڕێدرانە خوارەوەو شەهیدبوون***

خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر
عومەر محەمەد قادر
یاریدەدەر
سمکۆ سابیر - هێمن عەبدوڵا

ئەندامی شانازی
مامۆستا نەجیب گەرمیانی
شەهید مەلا ئیدریس ئیسماعیل

دەستەی هاوکارانی ئەم ژمارەیە

کەلار
سمکۆ سابیر - محمد سابیر

هەولـــێر
تامیق هەورامی - مەریوان سابیر

بازیـــان
مامۆستا ئەرسەلان چیمەنی

دوزخورماتوو
کامەران محمد جەوهەر

کفری- سەرقەڵا
عاصی فرود- مامۆستا داود محمد

بەریتـــانیـــا
شەپۆل سەعید

Anflistan@yahoo.com
omerm2006@yahoo.com
Til: 07701520287
0750 1223421

وێنەی بەرگ
فۆتۆ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وەرگیراوە
دوواوە گوندی کلێسەی ئەنفالکراو فۆتۆ ئەنفالستان .
دیزاینی بەرگ : زانیـــار نەجمەدیـــــن .
چاپخانە: ڕەنج
تیراژ: ١٥٠٠

| لەم ژمارەیەدا | نوسەر | لاپەرە |
| --- | --- | --- |
| بیرەوەری پێشمەرگەیەك لەمەرگەساتی گۆپتەپەدا | ئاسۆ مامەند | ٤ |
| لەئەبوغرێب تا دوای ساڵی ١٩٩١ ژنی ئەنفالکراوەمابوون. | دیمانەی سمکۆ سایر | ٧ |
| کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان بەئەنفال ناوبەرین یان بەجینۆساید..!؟ | عومەر محەمەد | 12 |
| لەئەنفالدا سەربازی سوپابووم جاشەکان جێی متمانە نەبوون | محمود نامۆ | 28 |
| کیمیابارانی گۆپتەپەو یادەوەری دکتۆر سەنگەر | شەپۆل سەعید | 30 |
| ئازاروتەنیایی من هەرگیز بەباسکردن تەواو نابێت | سەباح نەجمەدین | 33 |
| هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ | | 38 |
| گەشتێك بۆ گوندی توکن وعەزیزقادر | ئەنفالستان | 60 |
| ئەفسەرێك رێكەو رەوان پێی گوتین ئێوە بۆمردن هاتوون. | حاجی عەبدوڵا گۆپتەپە | 69 |
| لەیادی ئەنفالدا ئازیزترین میوانم بێ هیچی بۆسەرنابرم | کامەران فاتح | 76 |
| مەرگی دوا تاوانباری هۆلۆکۆست | تاهیر رەحیم | 82 |
| ئەنفال . ئەفسانەیەکی مێژوویی و واقیعێکی لەبیرنەکراو | سمکۆ محمد | 99 |
| بەسەرهاتی محمد – گوندی توکن | ئەنفالستان | 121 |
| نەك هەر گۆشت ناخۆم بەڵکو هەرنانیش ناخۆم . | ئەسعەد شوکر غەفور | 224 |
| عەریف سەردار : من شایەتحاڵی گۆڕی دووهەمیانم | دیداری هاورازحاکم ریبوار | 130 |
| چیرۆکی (بارق) و فرێدانە خوارەوەی عەبدالله خەرابەیی | | 135 |
| حاتەم پەلکانەیی: ئەوکە عەبدوڵای خەرابەییوهاورێکانی گیران ناوچەکە ژنومنداڵی تێدانەمابوو. | دیداری ئەنفالستان | 139 |
| چارەنوسی پێشمەرگەیەك | عەبدوڵا کەیم محمود | 144 |
| بەرەوحەمرین ساتێك بۆ فرمێسکەکان | ئەنفالستان | 153 |
| گەشتێك بۆ تۆپزاوا | ئەنفالستان | 161 |
| ئەوسایێق شۆفەری لاشێن شەهیدێن کیمیابارانا گوندی گۆپتەپەی بشۆفەری ڤەشارتی | **رێکار مزوری** | 167 |
| دوونامە بۆوەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان | | 171 |
| ئەوانەی لە نوگرە سەلمان مردن | عەدالەت عومەر صالح | 173 |
| ئەو هەموو گۆڕەش دەبینم، باوەرناکەم منداڵەکانم نەمابن | عارف محمد عارف | 183 |
| ئەوکەسانەی لەبازگەی صمود گیران و ئەنفالکران . | | 186 |
| ژن و منداڵ ) هەموو رۆیشتن، هەر بۆخۆم ماووم. | نەجم رەزا محمد | 192 |
| چیرۆکی بوخچەکان فریادومریەم | ئەنفالستان | 195 |
| کەخوشکەکەم رۆیشت گەردن ئازایی لێکردم | مەلاجەلال حسێن | 202 |
| لەنوگرەسەلمان لەدایکبوو | ئەنفالستان | 217 |
| واحید دەربازبوی کۆمەلکوژی ئەنفال: بەبیرمدا هات بگەرێمەوە شوێنی کۆمەڵکوژییەکە، وتم باهەرلەگەڵ ئەوان بمکوژن . | دیداری ئەنفالستان | 221 |
| ئەنفال..لەنێوان درندەیی بەعس وبێدەنگبوونی جیهان ومردنی زماندا | دڵپاك جبارمەلاعلی | 232 |

# بۆچی ئەمرۆ ئەنفالستان لەچاپ دەرچوو ؟



ژمارە (٩)ی ئەنفالستان لەساڵیادی تاوانێکی تردا دەردەچێت، کە لە یادەوەریەکانی ناوتاونی ئەنفالیشدا، وونە..! بۆ ئەوەی لەمێژودا لە بیرمان نەچێتەوە، تاوانێك کەتەواو مایەی هەڵوەستەو لەسەروەستانە وێنەیەکە لەبەدکاری‌ودڵرەقی پیاوانی رژێمێکی ستەمکار، بۆیە دەشێت لەلای خۆمانەوە بەدیوێکی تردا ببینین‌و وەك پەرچەکرداری دڵرەقی هەلویستی لێوەربگرین‌و لە بەدکاری دورمان بخاتەوەولەبری رق خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان بەرهەمبهێنێتەوە.

تاوانی بەردانەوەی عەبدوڵای خەرابەیی‌و هاورێکانی لە ئاسمانی شاری کۆیەوە . شاری حاجی قادری کۆیی‌و تاهیر تۆفیق. ئەو بەڵگەنامەیەی لەبەر دەستە تایبەتە بە تاوانێکی ئەفسەری پایەبەرزی سوپای عێراق(بارق عبدولا حنتە)وپێشیلکارییەکانی کە تیایدا مونەزەمەی حزبی بەعس راپۆرتی لەسەر بەدرەفتاریەکەی بارق‌و فرێدانە خوارەوەی ئەو سێ پێشمەرگەیەی دەشتی کۆیە داوەتە سەروی خۆی.. لەبەڵگەکەدا باسی ئەوەکراوە کە ئەوپێشمەرگانە دوای ئەوەی لە کێوماڵی ناوچەکەدا ئاشکرا بوون، دوو سەربازیان کوشتووەو یەکێکیشیان بریندارکردووە بەدیلی کەوتوونەتە دەست هێزەکانی سوپا، بەڵام عەمید رکن بارق عەبدولا بەپێشچاوی هەموو جاشەکانەوە لەبەرزایەکی زۆرەوە لەفرۆکەی سەمتی فرێی داونەتە خوارەوە .

## گلەییەك لە هەڵەبجە

دڵنیـــــام لەچـــــەند شـــــوێنێکی تـــــریش ڕەخنەوگلــــــەیی ئەنفالســــــتان‌وناوەندی چــــاك‌و دەربــــازبوانی گــــۆڕی بەکۆمــــەڵتان گــــوێ لێبــــووە، کــــە بەرپرســـــانی شـــارولیژنەی بـــاڵای مەراســـیمی یـــادی تـــاوانی هەڵبجـــە چـــۆن خەمســـاردو بێبـــاك بـــوون لەبەرامبـــەر پێشـــوازی نـــەکردنی ( فـــەرەج، هاشـــــم، عەبـــــدولقهار، کـــــەریم‌و ئـــــەبابکر) دەربـــــازبوانی گـــــۆری بـــــە کۆمـــــەڵ ئێـــــوەش هەربێـــــدەنگ بـــــوون، ئـــــاخر لەهەڵەبجـــــە تاکـــــە ڕۆژنامەنوســــێك، سیاســــەتمەدارێك نــــەبوو بلێــــت باشـــە بـــۆ ؟! کـــەس نـــەبوو بپرســـێ ئـــەو هـــەموو(قـــژ زەردوچاوشــــین)و بێگانانــــە لــــە ( لــــەدەربازبوانی کۆمـــــەڵکوژی ئـــــەنفال ) گـــــرنگتر بـــــوون..؟ ئەگەرئەومیوانانـــــە بـــــۆ ئـــــەوە هـــــاتبوون کاریگەریـــــەکانی تاوانەکـــــەو قوربانیـــــەکانی بەچـــاوی خۆیـــان ببیـــنن ؟! ئامـــادەبوونی (٦) پیاوکــــە لــــەژێر تــــەرم‌وخوێنی هاوگوندیــــەکانیان بــە(مــوعجزە ) ڕزگاریــان بــووە؟ ئەگــەر فــەرەجی تۆپخانـــە دەربازبوویـــەکی هۆلۆکۆســـت بوایـــە چـــەندیان بۆخـــەرج دەکـــرد هـــەتابێت بـــۆ هەلەبجـــە ؟ خۆئامـــــادەکردنی دەربـــــازبوان بـــــۆ یـــــادی کیمیابارانوپێشـــــوازی نـــــەکردنیان لەلایـــــەن لیژنـــەی بـــاڵای مەراســـیمەوە شـــایانی ئـــەو بێدەنگیـــە بـــوو ؟ ئـــاخر ئەگـــەر لیژنـــەی مەراسـم ســـەرکەوتنی یـــادی کیمیابارنیـــان گەرەکبوایـــە، دەبـــوو خۆیـــان بەدوایانـــدا بگەرانایـــە. بـــەڵام وەك ئـــەوان ئـــەوەیان نـــەکرد تـــۆش ورتەیـــەك لـــەزارت نەهاتـــە دەرەوە !! بۆچـــی وابوویـــت هەڵەبجـــە ؟ مەگەر تۆئەوەندە بێباکی لەئەنفال ؟



**هەمووومان تاوانبارین**

**بەراوردێك لەنێوان ئەنفال و تایتانیکدا.**

**ئارام ڕەفعەت**

**ئەمرۆ ٤/١٤ یادی ٢٤ ساڵەی تاوانی ئەنفالەو بەیانی ٤/١٥ یادی ١٠٠ ساڵەی تایتانیکە.**

لـــە تـــاوانی ئەنفالـــدا ١٨٢٠٠٠ هـــەزار کـــەس و لـــەرودوای تایتانیکیشـــــدا (١٥٠٠) هـــــەزارو پێـــــنج ســـــەد کـــــەس گیانییـــــان لەدەســـــتدا. واتـــــە ژمـــــارەی قوربانییـــــەکانی ئـــــەنفال ١٢١ جـــــار بەقـــــەد ژمـــــارەی قوربانییـــــەکانی تایتانیکە.

بــــەڵام.....!!! لــــە گوگڵــــدا تــــەنها نیــــو ملیــــۆن جــــار باســــی ئــــەنفالی کــــورد کــــراوە .! کەچــــی ٩٢٢ ملیــــۆن جــــار باســــی تایتانیــــك کــــراوە. واتــــە تــــەنها لــــەتۆڕی ئەنتەرنێتــــدا تایتانیك ١٨٤٤ جار هێندەی ئەنفال ناوی هاتووە...

هــــەر بــــەیانی ٤/١٥ ( ٢٠٠ ) هــــەزار دۆکومێنــــت دەربــــارەی تایتانیــــك بلاودەکرێتــــەوە، بــــەڵام لــــەیادی ئەنفالــــدا ئێمــــە هیچــــیمان بــــۆ رای گشــــتی جیهــــانی بلاونەکردووە.

ئەمــــە لەکاتێکــــدا ئــــەنفال تاوانێکــــە ئامــــانجی لــــەناوبردنی نەتەوەیــــەك بــــوو لەلایــــەن رژێمێکــــی داگیرکــــەوە، بــــەڵام تایتانیــــك تــــەنها نقوبــــوونی کەشــــتی یــــەك بــــووە بــــەهۆی هەڵەیەکەوە ڕوویداو بەس.




# ڕێگایەکی تربۆیادکردنەوەی ئەنفال

## کارێکی کەم و واتایەکی گەورە

دەبوایە ڕاپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ هەندێك داب و نەریتی نوێشی لەگەڵ خۆیدا بهێنابایە، وەکو پەرچەکرداری تاوانە جینۆسایدیەکان ( کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی، کۆمەڵکوژی بارزانیەکان، گازبارانی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژی ئەنفال) پەندی گەورەیان لێوەربگیرایە، بەعەسیزم وەك ڕەفتار ببوایەتە شەرمێکی گەورەو هەرێمی کوردستان باشترین ژینگەی پاراستنی مافی مرۆڤ بێت.

کورد ماف خۆیەتی وەك نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو لەسەرئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی شکۆی بۆبگەڕێتەوە. بەڵام بەتەنیشت ئەومافەوە ئەرکیشی لە ئەستۆیە . بەلای کەمەوە دەتوانێ مافی مرۆڤ، بپارێزێ و ژینگە پارێزی بکات، وەها ڕەفتارێك دەتوانێ ڕێزێکی ڕاستەقینەبێ لە قوربانیەکانی و سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆلای خۆشی ڕاکێشێ، بەتایبەتی کە ئێستا تاوانەکان بەجینۆساید، یەکلایی کراونەتەوە دەوڵەتی عێراق ئەرکی یاسایی و ئەخلاقی خۆی بزانێ و بەفەرمی داوای لێبوردن لە کورد بکات .

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی حصانەی بۆدروستبکرێت تاجارێکی ترپەلاماری جینۆساید نەدرێتەوە.

بلێی لەتواناماندا نەبێ ببینە خاوەنی داب و نەریتی جوان و سەرنج ڕاکێش..؟ بێگومان دەتوانین ڕۆژی ٤/١٤ یادی ئەنفال بکەینە ڕۆژێکی نائاسایی وئەو ڕۆژانە ماتەمگێری ڕاستەقینەبین و پابەندبین بە خالانەوە:

**یەکەم**: هیچ زیندەوەرێك سەرنەبرین، تەنانەت لەچێشتخانەومالانیشدا گۆشت خواردن لە خۆمان یاساغ بکەین، ئەمەش وەکو پەرچەکردارێك بۆ کۆمەڵکوژی لەوڕۆژەدا.. ڕێزگرتن لەزیندەوەران کە لەگەڵ کوردانی ناوچەکیمیابارانکراوەکان بەهەزاران مەل وباڵندەوئاژەڵی ماڵی وکێوی بەگازی کیمیاوی خنکان .

**دووەهەم**: ئەو ڕۆژانە داوای پشووی فەرمی نەکەین بەپێچەوانەوە بیکەینە ڕۆژی بنیاتنانەوەوکاربکەین، بەڵام لە ١٪ داهاتی ئەو ڕۆژەمان ببەخشینە ناوچە کیمیابارانکراوەکان ئەنفالکراوەکان، بۆ دروستکردنی سەنتەری ڕۆشنبیری و تەندروستی و یاریگای لاوان وچارەسەری بریندارانی چەکی کیمیاوی.

**سێیەم** : ڕۆیشتن بۆ سەرەمزاری شەهیدان بە پیادە بێت و ببێتە ڕێڕەوو تەراتێنی سەیارەی های مۆدێل ببێتە شەرم.




لەدوای چەرەکە سەدەیەك بەسەر تاوانی ئەنفالدا ئیتر پێویستمان بەعەقلی ترو ڕەفتاری باشترو بەپەیامی کۆمەڵایەتی بەرزە، کەبەڕاستی گوزارشت لەهەستی بەرزی کۆمەڵایەتی بکات و ڕێزگرتنێکی بەکردەوە جێگەی ڕۆتین بگرێتەوە

## یادەوەری شەهید مەلا ئیدریس

### پرسەنامەی ئەنفالستان بۆمەرگی

### مەلا ئیدریس



بەداخێکی زۆرەوە بەرواری ٢٠١١/١١/٣٠ پێشمەرگەی دێرین و قارەمان، ئیدریس ئیسماعیل کە بە مەلا ئیدریسی کفری ناسراوە کاتژمێر ٩:٤٥ دەقیقەی سەرلەبەیانی لە شاری کەرکوك بەهۆی بۆمبێکی چێنراوی تیرۆرستانەوە شەهید بوو، مەلا ئیدریس لەدایکبووی سالی ١٩٦٧ەو لەسەرەتای سالانی هەشتاکاندا بووەتە پێشمەرگە، ماوەی چەندسالێك بوو خانەنشینکرابوو. یەکێك بوو لە چالاکترین ئەندامی کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان. مەلا ئیدریس یەکێك بوو لە هاوکارە چالاکەکانی (سالنامەی ئەنفالستان ) لەوەرزی دەرچوونیدا بە دلگەرمییەوە کۆمەکی دارایی بۆ کۆدەکردەوە .

بەناوی ستافی سالنامەی ئەنفالستانەوە پرسەوسەرەخۆشی لە خۆمان و خانەوادەکەی و کەسوکاری رادەگەیەنین.

سالنامەی ئەنفالستان

٢٠١١/١١/٣٠

## بانگەواز

## با یادی ئەنفال بکەینە ڕۆژی ناتوندو تیژی ڕۆژێك بۆ ژیان و نەکوشتنی هیچ زیندەوەرێك

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

کەسوکاری شەهیدان وکیمیاباران و ئەنفالکراوان.

وا لەیادەوەری کۆمەڵکوژی تاوانی ئەنفال نزیك دەبینەوە، یادی کۆمەڵکوژییەك کەلەجیهاندا بە جینۆساید ناسراوە، باهەمومان لەو ڕۆژەدا پابەندییەکی ئەخلاقی و ئینسانی بۆ ژیان و بەهای قوربانیەکانمان رابگەیەنین، ئەمساڵ یادێك بکەینەوە جیاوازبێت لەساڵانی رابووردو یادێك هەم خۆمان لەناخ و ویژدانمانەوە پێوەی پابەندبین و هەم سەرنجی جیهانیشی بۆ راکێشین، بەو هیوایەی دەرگایەکی تر بۆ بەفەرمی ناساندنی ئەو تاوانانە بکەینەوە.

بێگومان ڕۆژانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان، هەر مەینەتی و ماڵوێرانی و گوند روخاندن نەبوو، بەڵکو ئەو ڕۆژانە بریاری کۆمەڵکوژی هەر زیندەوەرێك بوو کەلە گوندەکان و چیاودۆڵەکانی کوردستان دەژیان و هەناسەیان دەدا، ئەو ڕۆژانەی گوندنشینەکانی کوردستان و شاری هەلەبجەو شارەدێکانی بادینان و بالیسان و قەرەداغ و سێوسێنان و گۆپتەپەو عەسکەر کەوتنە بەرپەلاماری ئەنفال و چەکی قەدەغەکراو، هەزاران مرۆڤ و هەزاران هەزار ئاژەڵ و مەل و باڵندەی پێکەوە خنکاند.

ئەگەر ئەنفال بوو بێتە تاوانی (سەدە) ئەوا ئێمەی کورد لەتوانامانداییە و ئەرکی سەرشانیشمانە لەسۆنگەیەوە ببینە نمونەی ئاشتیخوازی ناوچەکەو سەرنجی جیهانیش بەلای خۆمان راکێشین، ٢٣ ساڵە کەدەست و پەنجەو چاوی ئازیزانمان لە بیابانەکانی عێراق تێکەڵ بەلم بوون، هەقواییە ئیتر بیرلەوە بکەینەوە چیتر دەست و پەنجەی یەکترنەشکێنین.. کەواتە ئەمرۆ هەنگاو بنێین بۆ ناتوندوتیژی باشترە لەسبەی.

بە ئومێدەوە لەئایندە دەروانین و بەهیواین یادەوەری کۆمەڵکوژی ئەنفال وکیمیاباران بکەینە ڕۆژی ناتوندوتیژی هەموومان پێکەوە لەو ڕۆژەدا پابەندبین بەپەیامێکی بەرزی ئینسانی و کۆمەڵایەتیەوە نەك یەکتری نەکوژین، بەڵکو هیچ زیندەوەرێك سەر نەبرین، چ لەناو ماڵەکانماندا و چ لەچێشتخانەکاندا گۆشتخواردن لەخۆمان قەدەغە بکەین و هەنگاو بەرەو ژیاندۆستی و رێزگرتن لە قوربانی بنێین.

**نابۆجەنگ و توندوتیژی**

**بەڵێ بۆ ژیان و لێبوردەیی و ژیاندۆستی .**

**ساڵنامەی ئەنفالستان**

**٨ی نیسانی ٢٠١٢**

# بیرەوەری پێشمەرگەیەك لە مەرگەساتی گۆپتەپەدا

ئاسۆ مەمەند
assomamand@yahoo.com

ئەنفال ئەوپرۆسە(کۆمەلکوژی)یەی گەلی کوردە کە داگیرکەری دڕندەی بەعسی بەبێ گوێدانە هیچ یاساونەریتێکی مرۆڤانەی جیهانی، ڕکوکینەی چەندین ساڵەی خۆی بەسەر میللەتەکەماندا ڕشت، بەڵکو زۆرلەدەوڵەتە دیموکراتی وزلهێزەکانی دنیا کۆمەك وپشتیوانییان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دەکردوچاویان لەوتاوانەگەورەیە نوقاند، کەپەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچەوانی مرۆڤایەتییەوەو،بکەران وهاوکارانی ئەم تاوانە، پرۆسەی (جینۆسایدی کورد)تاوانێکی سەرپێی وڕێکەوت نەبوو، بەڵکو زۆرلەمێژ بوولەلایەن ڕژێمی ئیستیتانی ودڕندەی بەعسی نەخشەی بۆکێشرابوو، ئەنفال ئەوپەرداخە ژەهرەیە کە دەستەوتاقمی سەدامی خوێن ڕێژ لەکۆبوونەوەیەکی بەناو (مەجلیسی قیادەی سەورە)کردی بەگەرووی میللەتی کورداوخاك وئاوبە گشتیی ژینگەو ژیانی مرۆڤی کوردی تیادا لەژەهردا خنکاند. دەبێ تاوانە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان (هەڵەبجەوئەنفال) بکرێنە وانەی مێژوو لەقۆناغەکانی خوێندندا بخوێنرێت،بۆئەوەی هەم بۆ دنیاوهەم بۆنەوەی داهاتوومان ئاشکرابێت کەمیللەتەکەمان لەپێناوی ئاشتیی وئازادیی دا چەندقوربانی داوەوئەو تاوان ومەرگەساتانەش (دیکۆمێنت) بکرێن تا ئەوەی سەرانی تاوانباری ئەم تاوانانە بدرێنە دادگای نێوودەوڵەتیی وتاوانباران ڕابکێشرێنە بەر دەم



دادگاوبەتاوانی ئەنجامدانی (کۆمەلکوژی)بە سزای توندی خۆیان بگەیەنرێن.

ڕژێمی داگیرکەری وەحشی لەوهێرشە بەربڵاوانەدا کە هەموهێزوتوانای دارایی وسەربازیی کە پێکهاتبوون لەفەیلەقی یەکی تایبەت وفەیلەقەکانی(٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧)وهەموولیواکانی گاردی کۆماری بەپشتیوانی بەشی زۆری زرێپۆش وتانك وتۆپی قورس بەهاوبەشی هەردووهێزی ئاسمانی (تەیران ئەلجەیش ودیفاع ئەلجەوی)هەڵی کوتایە سەر کوردستان وبەچەکی قەدەغەکراوی کیمیایی لە(٧،٨)قۆناغی ئەنفالی بەدناوداسەرتاپای کوردستانی خاپوور وێران وسووتماك کرد کە(٤٥٠٠) گوندودەیان شارۆچکەی لەناوگازووژەهرداخنکاندو پترلە(١٨٢٠٠٠)هەزار مرۆڤی کوردی بێچارەنووس وبێشوێن کرد.ڕژێمی داگیرکەری شۆڤێنی دوای مەرگەساتی هەڵەبجە،بەهێرشی قورس وبەربڵاو بۆ سەرناوچەکانی دۆڵی جافایەتی ودۆلی بالیسان وناوچەکانی قەرەداغ وگەرمیان بەبەکارهێنانی بۆمیی هێشوویی وچەکی کیمیایی توانی لەرووی سەربازییەوە سەرکەوتنی کاتی بەدەستبهێنێ،دوای ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە زۆر گورزی گورچك بڕیان لە هێزە داگیرکەرەکەی بەعسی دا.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢ من و دوو هاوڕێ پێشمەرگەم کاك عەلادین خاوێی وکاك ڕێبوار لەگوندی (چیاسەوزە)ی سنووری تیپی ٢٥



خاڵخالان بووین وپاشان بەڕێ کەوتین بۆگوندەکانی ناوچەی قەلاسێوکە(گۆپتەپە) ڕۆشتین زۆرماندووبووین ڕێگەمان زۆربڕی بوو بۆحەواندنەوە لاماندایە گوندی (مەحمەخان) لەوێ نان وچامان دەخوارد لەکاتی نان خواردنەکەدا گوێمان لەدەنگی تراکتۆر بوو،زۆر دڵمان خۆش بوو، زانیم کەبەهۆی ئەم تراکتۆرەوە دەتوانین ڕێگەی دوورمان نزیك بکەینەوە ،ووتم کاك رێبوار بڕۆ بزانە ئەوتراکتۆرە بۆکوێ دەچێ ئەگەر لەسەر ڕێگەمانە ئەوا دەچین لەگەڵیدا.ئەوەبووکاك ڕێبوار چوو هاتەوە پێی ووتم کە ئەو تراکتۆرە بۆ(گۆپتەپە)دەچێ. ئیمە یەکسەر وازمان لەنان وچاکە هێناوخێراخۆمان کۆکردەوەو ڕۆشتین سواری تراکتۆرە کە بووین،تراکتۆرەکە سایەقەکەوبرادەرێکی پێشمەرگەی لەسەربوو بەناوی کاك حەمید برای شەهید دارا تیپی٢١ کەرکوك بوو.ئێمەش سێ کەس بووین،بەدەم قسەو باسی ئەو وەزعە دژواروسەختەوە دەڕۆشتین،نزیکەی زیاتر لە کاتژمێرێك بە سەر تراکتۆرەکەوە بووین،زۆر شەتەك ببووین ومێشکمان کاس ببوو لە بەر فڕەفر،گەشتبووێنە سەرچیای(چیاچەرمەڵە) لەنزیك گوندی (گولکەوە) دنیا سەوز بووگەنم زۆرشین جوان وبەرزبوو،لەدووری یەك کیلۆمەتر زیاتر من دوو نەفەرم بەدیکرد ئەوەندەم زانی خۆیان خستەناوگەنمەکەوەو خۆیان حەشاردا،لەبەرئەوەی وەزعەکان زۆر دژوار بوو بیرم بۆ شتی تر دەچوو،هەندێ ڕۆشتین وبەسایەقەکەم ووت ڕاوەستە،کاك ڕێبوار خۆی هەڵدایەخوارێ ولەتراکتۆرەکە هەندێ دوورکەوتەوەو تۆزێ مێشکی ساف بوولەبەرفڕەفڕ،هاواری لەمن کردوبەدەستی ئیشارەتی دامێ کە(هەلیکۆپتەر) بەسەرسەرمانەوەیە،سەیری ئاسمانم کرد سێ (هەلیکۆپتەر،یەك حەمال،دووحەربی) بەسەرسەرمانەوەبوون،ئەرکی سەرەکیان (ئیستیتلاع) وکۆکردنەوەی زانیاری بوولەسەر هێزی پێشمەرگەوخەڵکەکەی.یەکێکیان لە کۆپتەرە حەربیەکان زیاتر هاتە خوارەوەو کەوتە دەستڕێژکردن لە ئێمە بەشە ستیری دۆشکاکەی، ئێمەش لەسەر تراکتۆرەکە خۆمان هەڵدایە خوارەوە بۆ ئەوەی جێگە بگرین و تەقەی یلێبکەین،بەلاَم بەهۆی چڕی دەستڕێژەکەی وماوەی کەمی خۆهەڵدانەوە، سیانمان بریندداربوو(سایەقی تراکتۆرەکە،کاك حەمید،ومن)بەلاَم کاك حەمید زۆر بەخەستی برینداربوو کەزیاتر لە سێ گوللەی دۆشکاکەی بەر (سەرو پشتو قاچی) کەوت، ئیتر کۆپتەرەکان دوای ئەودەستدرێژە گەڕانەوە، هیچ هیوایەك نەبوو کەکاك حەمید زیاتر بژی چونکە لە زمان کەوتوو زۆر بەخەستی بریندار ببوو،ئێمە باشتربووین ش□□وێنی تاوانەکە نزیك گوندی (گولکەوە) بوو ،کات لای عەسربوو، پاش کەمێك لەگوندی گولکەوەوە خەلکی تێکۆشەری بەهانامانەوە هاتن و تراکتۆروو دارەمەیتیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، کاك حەمیدیان



منداڵێك لە گوندی گۆپتە پە

خستەناودارەمەیتەکەوە،ئێمەش خراینە ناوعەرەبانەی تراکتۆرەکەوەو بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتین، پاشکەمێك بڕیاریاندا بمانبەن بۆ خەستەخانەی شۆڕش لەگوندی (گۆپتەپە) بۆئەوەی کاك حەمید شەهید نەبێو برینەکانی ئێمەش چارەسەربکرێت، تراکتۆریان بۆئامادەکردین حەزدەکەم ئەوە بەبیربهێنمەوەو زۆر زۆر سوپاسی خەڵکی گوندی گولکەوە بکەم لە هەڵوێستی جوامێرانەو دڵسۆزانەیان کە لەبەرامبەر ئێمەدا نواندیان بەتایبەتی برای بەڕێز کاك شێخ مەجید.کەدەوری سەرەکی بینی..نموونەی زۆربێ .ئێمە بەدەم ئازارەوە بووین سواری تراکتۆرەکەیان کردین کە بچینە خەستەخانەی شۆڕش لەگۆپتەپە، هیوامان بەوە هەبوو کەلەوێ سارێژی برینەکانمان دەکرێ.. زۆر ڕۆشتین زیاترلە چەندکاتژمێرێ ودەمەو ئێوارە گەشتینە گۆپتەپە ئەوەندەمان زانیوگوێمان لەدەنگی تەیارە بوو،کەسەیری ئاسمانمان کرد(٧)تەیارەی میراج وسیخۆ ئاسمانی گۆپتەپەیان داگیرکرد،زۆر بێ ڕەحمانەوکوێرانەو دڕەندانە کەوتنە بۆردوومانی گۆپتەپە،بەبۆمبای هێشوویی وچەکی کیمیایی،سەدمەخابن ئەم گوندەیان وەك زۆربەی ناوچەکانی تر لەناوگازو ژەهردا خنکاندو زیاترلە(١٥٢)کەس لەژن ومنداڵ وگەنج وبەساڵاچوویان شەهیدکرد،کاك حەمید جەستە دابێژراو بەگوللە بەوهیوایەی کە جارێکیتر ژیان بکرێتەوە بەبەریدا، لەوێ دیسان بەرشالاوی کیمیایی دەکەوێ وبۆدواجار چاوی لێك دەنێ وشەهید دەبێ.

مەرگەسات وتاوانی گۆپتەپە تراژیدیایەکی دیکەی سەرشانۆی خاکی بەسووتماك کراوی کوردستانە، دەبا لەڕۆژەکانی یادکردنەوەی ئەو مەرگەساتە ژەهراوییەی (هەڵەبجەوئەنفال) دا شکۆ بۆ مرقایەتی بگێرینەوە

**ئەنفالستان و**
**کۆمەك بەخشەکانی کارێکی شەرافەتمەندانە دەکەن، تەنها کۆنەبەعسی و جاش قەڵەمو سواڵکەرەکانی بەرقاپی بەرپرسانن لەبڵندی کارەکە دادە بەزێنن و بە سواڵکەرمان دەزانن**



## ئیمان مثنی سوڵتان ئەلرِوکابی

### بەندیخانەی ئەبوغریب تا دوای ساڵی ١٩٩١ ژنی ئەنفالکراو لەزیندانەکاندا مابوون .

**دیمانە : سمکۆسابیر**

یەکێك لەومیوانانەی کە لە کۆنگرەی سێیەمی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بانگهێشتکرابوو، ( ئیمان مشنی سوڵتان ئەلروکابی ) بوو کە لە رۆژانی ١٧- ٢٠١١/٤/١٩ لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، ئیمان ژنێکی بەرەگەز عەرەبەو خەڵکی شەترەی شاری ناسریەی باشوری عێراقە

ئیمان چیرۆکی ئازارو ئەشکەنجە کانی سەردەمی رژێمی بەعسی لە ناوچوومان بۆ دەگێڕێتەوەو، رەفتارەکانی پیاوانی ئەو حزبەو ئەجێنداکانی بەتەواوی بۆ کۆنگرە نیشاندەدات کە چۆن بەعس لە راپەڕینی شەعبانیەدا شیعەکانی باشوری عێراق لە ساڵی ١٩٩١ کوشتاری بەکۆمەڵ لەوناوچانە ئەنجامدەدا زۆربەی ئەوکوشتارەش راستەوخۆ لەلایەن بنەماڵەی سەدام حوسێن وکەسە نزیکەکانی سەرپەرستی دەکرا . ئیمان ئەلروکابی جگە لەوەی لەماوەی زیندانیکردنی ئازارو ئەشکەنجە یەکی زۆری بینیوە، هاوکات رژێمی بەعس تەواوی خانەوادەکەی زیندانیی کردووەو براکەشی بەبەرچاوی ئەندامانی خێزانەکەیەوە خراوەتە نێوحەوزی تێزابەوە وسوتێنراوە .

ئیمان دەڵێت : من هەمیشە خۆم بە قەرزاری گەلی کورد دەزانم چونکە کاتێك بەعس لە هەمووخانەوادەکە تەنهامن و دایکم و خوشکێکمی ئازاد کرد . ئێمە لەشەقامەکانی ناسریە بێئەوەی جلوبەرگێکمان لابێت یاکەسێك هەبێت هاوکاریمان بکات ، هیچ شتێکمان نەمابوو، تەنانەت ئەوەی لەرابردوودا کە ناوی شەرەف بوو شانازیمان پێوە دەکرد بەعس ئەویشی لە خۆم و خانەوادەکەم سەندوهەموومانی ئەتکرد .

بۆیە خۆمانگەیاندە کوردستان و لەشاری هەولێر بەگەرمی پێشوازیی کراین . بۆماوەی ٢٠ ساڵە ئەوساتەم دێتەوە یاد کە من چۆن ئەوقەرزەی کورد بدەمەوە کە لەرابردوودا بۆئێمەیان ئەنجامداوە .




لەو چەند رۆژەی رابردووش کاتێك بۆ کۆنگرە گەیشتمە شاری هەولێر وامدەزانی باوك و براکانم لەژیاندا ماون و لە هەولێر چاوەڕێم دەکەن . ساتێك بوو بۆمن واهەست دەکەم شەرەفی دزراوم بۆ گەڕاوەتەوەوبراکانیشم زیندووبونەتەوە. ئیمان ئەوەشی گوت : من لە٢٠ساڵی رابردوودا لەولاٌتی سوید دەژیم هەستم بەهیچ خۆشییەك نەکردووە . بەلاٌم ئەو سێ رۆژەی کە لە هەولێرم وادەزانم تۆڵەی هەموو ئازارو ئەشکەنجەکانی سەردەمی رژێمی بەعسم کردۆتەوە . ئاماژە بەوە دەکات کە جەللادەکانی بەعس پێیان وتووە ، لەبەرامبەر شەرەفی کچەکانتان مناڵەکانتان دەخەینە تێزابەوە ، خۆشتان سەربەست بن لەوەی کامەیان هەڵدەبژێرن . بۆیە باوکم گوتی : کوڕەکانم بۆئێوەو کچەکانم ئازاد بکەن . (ئەلڕوکابی درێژەی بەقسەکانیدا: (جگە لە خوشکەکانم چەند کچێکی عەرەب و ١٠کچی کورد کە لە پرۆسەی ئەنفالدا گیرابوون لە ژوورەکەی ئێمەدا بوون ئەو کچە کوردانە وەکو پێویست زمانی عەرەبیان نە دەزانی تەنهاچەندو شەیەکی کەم فێرببوون . هەمیشە لە بەندیخانەی ئەبوغرێب، بەتایبەتیش ئەو کچە کوردانە بەخراپترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. جگە لەسوکایەتی رۆژانە، چەند رۆژ جارێك دوای ئەشکەنجە دەستدرێژیان دەکرایەسەرو ئینجا دەکوژران . ئیمان لەدرێژەی قسەکانیدا گووتی " من کاتێك گەیشتمە ئەو زیندانە بەو کچە کوردانەم ووت کە لە زۆربەی عێراق راپەڕین بووە، خەریکە بەعس لە ناودەچێت ئەو کچە کوردانە ئەگەرچی تەنها چاوەڕێی مەرگیان دەکرد ، کەچی ئەوهەواڵە زۆر دڵخۆشی کردن بەوهیوایەی رۆژێك لە رۆژان بگەڕێنەوە کوردستان و بە کەسوکارەکانیان شادببنەوە.. من باس لەو١٠کچە کوردە دەکەم کە لەئەبوغرێب زیندانی کرابوون تەمەنیان لە١٩-٢٣ ساڵی بوو ، کە لە شالاٌوەکانی بەعس لەساڵی ١٩٨٨ دەسگیر کرابوون . رەوشی ژیانیان رۆژدوای رۆژبەرەوخراپتردەچوو، بەعس لەگەڵ راپەڕینی خەڵکی عێراق لە کوردستان و باشوری عێراق هێندەی تر د ڕندەتری کردبوو، بۆیە رۆژانە لە بەندیخانەی ئەبوغرێب کچ وژنی کورد زیندە بەچاڵدەکران و ئیتر نەدەگەڕانەوە بۆ ژورەکانیان . تەنانەت ئەو رۆژەی کەمن لەناسریەوە گوازرامەوە بۆ ئەو بەندیخانەیە وتیان دوێنێ سێ کچی کوردیان گوللە بارانکردووە ئەو روداوە هێندەی ترئەو کچە کوردانەی تۆقاندبوو ، تا دواجار بەرنامەی ئەوە داندرابوو کە رۆژانە ئەبێت چەند کچێك لەوە زیندانییانە دوای دەستدرێژی گوللە بارانبکرێن یا زیندە بە چاڵ بکرێن

.هـــــەمووبیانوێکیان بۆکوشـــــتن ئـــــەوەبوو کـــەدەیانوت : ئەوانـــەی بـــە کـــرێگیراوی بێگانـــەن ئـــەبێت لـــە نـــاو بـــبرێن لەکاتێکـــدا ئێمـــە لـــە نێـــو ماڵـــەکانی خۆمـــان پـــەلامار درایـــن و ئـــەو کچـــە کوردانـــەش سەرســـورمانی خۆیـــان دەردەبـــڕی و دەیـــانگوت باشـــە ئێمـــە چـــیمانکردووە وا ئەتکاندەکەن و دەمانکوژن ..؟!

الرکـابی وتـی: پێویسـتە هـەموو عێراقییـەك کـە گـوێ بیسـتی وشـەی شـەرەف بێـت، ئـەبێت بەگـژ هـەموو تاوانبارێکـدا بچـینەوە، رۆژێـك دەبێـت بـە سـزای خـۆی بگـاتو ئەمـەش تـەنها مەسـەلەی کاتـەو ئـەو رۆژەش بـۆ گـەلی کـوردو شـیعە لـە باشـوور زۆر نزیکـە تـەنها کـاری جـدی پێویسـتە بـۆ ئەوانـەی رۆژگارێـك کـچ و ژنـی کـوردو شـیعەی باشـووریان زینـدە بەچـاڵ و ئـەتك دەکـرد دەبێـت وەك سـەرۆکەکەیان سـزای خۆیان وەربگرن .

## هۆشدارییەك لەناوەندی چاکەوە بۆ لیژنەی باڵای مەراسیمی یادی ئەنفال

وا لـەیادی بیست‌وچـوارەمین تـاوانی ئـەنفال نزیـك دەبینـەوە، هەرچـەندە ئێمـە پێشـنیاری ئـەوەمان کـردووە کـە لـەو یـادەدا هـیچ ئاژەڵێـك سـەر نـەبردرێ‌و لـە چێشـتخانەکانیش گۆشـت نـەخورێت. بـەڵام لەکاتێکـدا ئـەو پێشـنیارە جێبەجێنـەکرا، پێویسـتە لیژنـەی بـاڵای یـادی ئـەنفال ئاگـاداری ئـەوەبن کـە لـەو هۆتێل‌وخواردنگایانـەدا کۆنەبنـەوە بـۆ نـان خـواردن‌و کۆروسمینارەکانیـان کـە خاوەنـەکانیان لەسـەروەختی ئەنفالـدا موستەشـارو کۆنەبەعسـی و دەسـەڵاتداری بـەعس بـوون . چـونکە ئـەوە گـەورەترین سـوکایەتی دەبێـت بـە قوربانیـانی ئـەنفال‌و تەنانەت بە میوانەکانیشیان

بەداخـەوە ئـەمرۆ لـە کوردسـتان لـەبری ئـەوەی جاش‌وتۆمـەتبارانی ئـەنفال راپێچـی دادگـاو لێپرسـینەوە بکـرێن. کەچـی خـاوەنی سـەرمایەو پـرۆژەی گـەورەن، ئەوانـەی لـە بـە تـاڵانبردن‌و رخانـدنی گونـدەکانی کوردسـتان سـودمەندبوون، هەرئـەوانیش لـە دروسـتکردنی کۆمـەڵگا زۆرملێکـان خـاوەنی کۆمپانیاومقـاول‌و خـاوەن سـەرمایە بـوون.. بێگومان ئەمرۆش هەروایە .

بۆیـە ئـەرکی لیژنـەی بـاڵای مەراسـیمە ئـەوە لەبەرچـاوبگرێت. چـونکە نـەك هـەر ئەنـدامانی لیژنـە بـەڵکو هـەموو ئەوانـەش توشـی بەرپرسـیارێتی ئـەخلاقی و ویـژدانی دەبـن کـە لـەوهۆتێل‌و چێشـتخانانەدا دابنیشـن کـە خـواردن‌و شـوێنی حەوانـەوەرك شـۆپ ئامـادە دەکەن .

**ناوەندی هەڵەبجە**

دژ بە ئەنفالکردن‌وجینۆسایدکردنی گەلی کورد – چاك

٢٠١٢/٤/٥

# وەڵامێك بۆ (تاهر عوسمان)

حەمەی حەمەجان



تاهر عوسمان رۆستم لە ژمارە(٨)ی ساڵی رابردووی گۆڤاری ئەنفالستاندا، دیداریکی دوورو درێژی لەگەڵدا ئەنجامدراوە، بەداخەوە لەو دیدارەدا کۆمەلێك چەواشەکاری و قسەی دوور لە راستی رگەیاندووە، ئەو هەرچی ووتووەو هەرچی دەڵێت لە سەر مێژووی جاشایەتی خۆی و پاکانە کردن و دەوری خۆی لە تاوانی ئەنفالدا ئارەزوو مافی خۆیەتی، بەلام من لەو سۆنگەیەوە وەلامی دەدەمەوە کە ناوبراو دەیەوێت هۆکاری بوون بە جاشی و خیانەت کردن لە میللەتەکەی خۆی بخاتە ئەستۆی ئێمەو گوایە لەبەر ئەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە لەگەڵماندا بۆیە بووە بە جاش. دەمەوێت لێرەدا وەلامی بدەمەوە بۆئەوەی خوێنەرانی گۆڤارەکەتان و رای گشتی لە چەواشە کارییەکانی ئاگاداربن :-

لە چاوبێکەوتنەکەدا لەگەل کۆڤارەکەتاندا ناوبراو دەڵێت: (چەکم لەدژ ی میللەتەکەم هەلنەگرت،ساڵی ١٩٧٥ تووشی کێشەیەکی کۆمەلاێتی بووین بەداخەوە براکەم کەسیکی خزمی خۆمانی کوشت و ئیتر رامانکرد)

راستێکەی ئەوەیە ناوبراو پێش ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی ببێت ماڵیان لە (سید سادق )بووەو باوکی و برایەکی جاش بووەو هەر لەسەر جاشایەتی تووشی کێشە هاتن و باوکی من کە برای باوکی ئەو بوو ماڵەکەی لە (سەید سادقەوە هێنایەوە بۆ گوندەکەی خۆمان (گوندی هۆمەرەخەجان)، واتە پێش ئەوەی کێشەیان لەگەڵ ئێمەدا هەبێت ئەوان هەر جاش بوون، سەیر لەوەدایە ناوبراو لە چاو پێکەوتنەکەدا هەر خۆی وەلامی خۆی دەداتەوە و دەڵێت (لەگەڵ ئامۆزاکانمدا رێك کەوتووین و تەنەزولیان بۆ کردووین ،کەچی دووایی رێکەوتنیان لەکەڵ ئێمەدا تەسلیمی بەعس بووەتەوە و بووە بە ئامر مەفرەزەی خاسەی ژمارە ٦٢، دووای رێکەوتنیان لەگەڵ ئێمەو چوونەوەیان بۆلای رژێم ناوبراو دەڵێت(لەبەر ئەوەی بە ئۆتۆمبیل لە کەسێکی داوە و لە ترسی حوکم دانی لەم کێشەیەدا هاتووەتە دەرەوەو بووە بە پێشمەرگەی (حسك))کەچی حسکایەتیشی نەبردووەتە سەرو دووبارە بەبێ هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووەتەوە بە جاش،

کەوابێ راستی نەفەرمووە، واتا جاشایەتیەکەی پەیوەندی بە کێشەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئێمەدا نەبووە،هەروەها ناوبراو خۆی لە چاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێت (بووم بە عەسکەر لە بەسرەو رومادی و عمارە و ئەو عەسکەرییەم پێ نەدەکرا، بۆیە بووم بە جاش) کەوابێت ناوبراو هەرخۆی حەزی لە جاشایەتی و خیانەت کردن لە

میللەتەکەی خۆی بووە، نەك ئێمە هۆکار بووین ..

هەر لە چاو پێکەوتنەکەیدا ناوبراو واخۆی پیشان دەدات کە گوایە لەکاتی جاشایەتی و کارەساتی ئەنفالدا چاکەی لەگەڵ خەڵك کردووە ، ئەوانەی کە " تایەر عوسمان" چاکەی لەگەڵ کردون دەتوانن سوپاسی بکەن، بەڵام لەبەرامبەر ئەو دەیان پێشمەرگەو هاوولاتییەی کەلەکاتی ئەنفالدا تەسلیمی ئەمن و استغباراتی کردوون، دەبێت دادگایی بکرێت ، ئەمە جگە لەوەی لە کارەساتی ئەنفالدا دەیان چەك و دەمانچەو تراکتۆری خەڵکی بەتالان بردووەو هەروەها وەك و خۆی دەڵێت: (لەگەڵ لیوا زئب زۆربەی گوندەکانی گەرمیانیان بەشۆفل تەخت کردووە) و ئامر رەتلی رووخاندنی گوندەکان و ئەنفالکردنی خەڵکەکەی پێ سپێردراوە ، دەبێت دادگایی بکرێت و ئەو ناتوانێت بە چاوپێکەوتن لە گەڵ گۆڤارێکدا ئەستۆ پاکی خۆی بسەلمێنێت، بەڵکو ئەوە تەنها دادگایە دەتوانێت تاوانباری یان بێ تاوانی ناوبراو پشت ڕاست بکاتەوە، من دڵنیام لەگەڵ دەستگیر کردنی لەلایەن یاساوە ئەمرۆبێت یان سبەی ئەوا لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە دەیان سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار دەکرێت .

## لەیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا ڕێز لە چالاکوانانی ئەو دۆسێیە گیرا.



لە بەرواری ٣/١٦ لە یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا، کۆمیتەی مۆنیومێنتی هەڵەبجە لە هۆڵەندا ڕێزی لە قوربانیانی ئەوتاوانە گرت، لەمیانەی ئەو یادەوەریەدا ڕێز لەژمارەیەك کەسایەتی گیرا کەلەسالآنی رابردوودا بۆ دۆزی ئەنفال و هەڵەبجە چالاکیان نواندوەو کاریان کردووە، لەناو ئەواندا، سیمۆن مینکس، فریت تەیڤینس، هاری ڤان بۆمڵ و ئەمیرقادربوون، لەم بارەیەوە ئەمیرقادر بەساڵنامەی ئەنفالستانی ڕاگەیاند : من وێڕای سوپاس گوزاریم بۆ ئەو ڕێزلێنانە، پێم وایە چەند کەسی ترهەبوون کە دەبوو لە پێش منەوە ڕێزیان لێبگیرایە لەوانە (مارتن تێرلاگە، فرانك سلایپەر، ئارنۆلد کراسکینس، عەلی رەحیمی) کە ئەوانیش بێبەرانبەر شەوو ڕۆژ لەم دۆزەدا کاریان کرد . من بۆخۆم ڕەمزی ڕێزلێگرتنەکەی خۆم بەوان دەبەخشم .

# کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان بەئەنفال ناو بەرین یان بەجینۆساید..؟!

عومەرمحەمەد

تاوانەکان لەدژی گەلی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە سنوری ئاسایيان بەزاندووەو زۆربەیان گەیشتوونەتە ئاستی جینۆساید، لەناو هەموو تاوانەکاندا ئەنفال بەگەورەترین تاوانی سەدەی بیستەم لەدژی گەلی کورد دەژمێردرێت، بەڵام ئاخۆ دەشێت ئەنفال لەگەورەیی تاوانەکانی تر دژبە گەلی کورد کەم بکاتەوە؟ بێگومان نەخێر لەبەرئەوەی لەپێش پەلامارەکانی ئەنفالیشەوە تاوان گەلێکی تر " کۆمەڵکوژیو رەشەکوژی، ڕاوەدونان، زیندانی کردن،لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بە سیستماتیك دەستیان پێکردووە.

تاوانی گەورەو کۆمەڵکوژی لەکوردە فەیلیەکانەوە دەستپێدەکا، ئینجا کۆمەڵکوژی بارزانیەکانوبەدوای ئەوانیشدا تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدێت، ئەمە تەنها لەساڵانی سەرەتای هەشتاکانەوە، دەنا پانۆرامای تاوانی جینۆساید دژ بەم میللەتە لە سەدەی حەوتەمی زاینیەوە، واتا لە سەروەختی فتوحاتەکانی ئیسلامەوە درێژەی هەیەو لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیشەوە نیازو خەیاڵی سەرانی دەوڵەت سیستماتیکتر دەبێو ئیتر دەوڵەتو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی رژێمی بەعس بەپشت بەستن بەپاساوی بێبناغەو بەتایبەتی بەپاساوی بەکرێگیراوی ئێران لەسەروەختی جەنگی ئێران عێراقدا، بە هێزی سوپاوپاڵپشتی تاوانەکان ئەنجام دەدەن .



بەداخەوە گەلی کورد هەتا ئەمڕۆ بەهەر هۆیەکەوە بێت لەپۆلێنکردنو جیاکردنەوەی ئەم تاوانانەدا نەشارەزایەو تارادەیەکی زۆریش کۆڵەوارە. وەکو نازانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمجۆرە تاوانانە بکاو چۆن رو بە ڕووی دنیای دەرەوەی بکاتەوە، هەوڵیش نادات فێربێ، ئەوەی دەمەوێت لەسەری بووەستمو قسەی لە سەر بکەم کۆی هەموو ئەو تاوانانە نیە کەدەچنە خانەی جینۆسایدەوەو بە تاوانی نێودەوڵەتی دەژمێردرێن، بەڵکو تەنها ڕاوەستانە لەسەر تاوانێکی کۆمەڵکوژی کەئەویش تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکانە کەبەداخەوە ئێستا لەلایەن هەندێك کەسەوە جا لە دڵسۆزییانەوە بێت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، یان لە نەشارەزایی و خۆبردنە پێشەوە بێت لەلای ئەو حزبە کۆمەڵکوژی بارزانیەکان بەئەنفالی

بارزانییەکان ناو دەبەن، کە بەبڕوای من ئەمەش هەم زەرەر لەخودی ئەنفال دەداو هەم زەرەریش لەدۆسیێی بارزانییەکان دەدات. بۆچی ؟ من هەوڵدەدەم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوەو بۆ ڕونکردنەوەی مەبەستەکەم لەم بارەیەوە لەسەر چەند خاڵێك بووەستەمو لە میانیدا زەرەرو زیانەکانی ڕونبکەمەوە.

یەکەم: لەبەر ئەوەی تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بەپێنج ساڵ دەکەوێتە پێش پەلامارەکانی ئەنفالەوە، واتا ئەوکاتەی تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان ئەنجامدراوە، تاوانی ئەنفال لە کوردستان نەبووە .

دووەهەم: لەبەرئەوەی تاوانی ئەنفال تاوانێکی گشتگیرە " تاوانی کۆمەڵکوژی، گرتنو بێسەروشوێنکردن، ڕوخاندنی گوندەکان، بەتەڵان بردن– جینۆسایدی ئابوری– ڕەشبگیرو کوشتنی بەکۆمەڵی نیشتەجێی گوندەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکان، بێ دادگایی کردن) ئەمە جگەلەوەی لەپەلامارەکانی ئەنفالدا ئەو کەسانەی لەکۆمەڵکوژی دەربازببون، لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێبوون، کەوتبوونە ژیانێکی نامۆوە، دەست بەسەربوون .

بەڵام ئەو ئۆردوگایانەی بارزانییەکانی لێنیشتەجێ بوون ناوچەی قەدەغەکراونەبوون، بەڵکو لەنزیك سەنتەری شارو لەژێر چاودێری هێزە ئەمنیو موخابەراتیەکانیشدابوون، بەوحاڵەشەوە هێشتا لە کۆمەڵکوژی بەدەرنەبوون، لەبەر ئەوە دورنییە کاتێك دەڵێین ئەنفالی بارزانییەکان لە تێگەیشتنی گشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دۆسیێی بارزانییەکانیش لەگەڵ ئەنفال تێکەڵ بێتو کورد دۆسیێیەکی کۆمەڵکوژی لەدەست بدات. ڕەنگە باشترین ڕونکردنەوەش بۆ ئەم مەسەلەیە جیاکردنەوەی دۆسیێکە بێت لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا.

سێهەم: هەروەکو تاوانی هەڵەبجە لەتاوانی ئەنفال جیا دەکرێتەوە، دەڵێین ( تاوانی ئەنفالو هەڵەبجە) باشتروایە بەهەمان شێوە تاوانی بارزانییەکانیش ووشەی ئەنفالی نەخرێتە پێش چونکە پێشگری ووشەی ئەنفال بەتاوانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکانەوە دۆسێکە دەشێوێنێ بۆیە بەبڕوای من ڕاستتر وایە جینۆسایدی بارزانییەکان بەکاربهێنین گونجاوترە. لەڕاستیشدا بارزانییەکان جینۆسایدی ڕەگەزی کراون..واتا ئەو تاوانە بەو شێوەیە ئەنجامدراوە کە گروپێك لە کورد دەستنیشان دەکرێو دەست دەکرێ بە قەڵاچۆکردنیان. هەروەك چۆن لەتاوانی ئەنفالیشدا گروپێك دەستنیشان دەکرێو سنوری جوگرافیەکەی دیاری دەکرێت (ناوچە قەدەغەکراوەکا) . بەهەمان شێوە فەیلییەکان لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکانەوە تا ساڵی ١٩٩٠ بە بیانوی ئەوەی ناسنامەی عێراقی لەکەسانی بیانی وەردەگرنەوە.

هەروەکو چۆن گوندنشینەکان "خەڵکی ناوچە قەدەغەکراوەکان "بەخیانەتکارو بەکرێگیراوانیئێران تاوانبار کرابوون،ئاواش بارزانییەکان لەدوای شەڕی حاجی ئۆمەران– گردمەندەوە لەلایەن بەعسەوە بەخیانەتی گەورەی نیشتمانی تۆمەتبارکرابوون.

تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان ٥ ساڵ بەر لەپەلامارەکانی ئەنفال بووە، کەلە

١٩٨٣\٧\٢٦ دەستی پێکردووە، کە دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس بەهێزێکی گەورەو بەشێوەیەکی زۆر نهێنی کارەکەیان ئەنجامداوە، هێزەکانیان پێك هاتبوون لە ئەمنی هەولێر، ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەشێکیش لە هێزەکانی حەرەس جمهوریی، گەمارۆی ئەو کۆمەڵگا زۆرەملیانەیانداوە،کە بارزانییەکانی لێنیشتەجێ کرابوون، بۆ گرتن و کۆکردنەوەشیان هێزە ئەمنییەکان پلانەکەیان بەدوو قۆناغ جێبەجێکردووە.

قۆناغی یەکەم: لە بەرواری ١٩٨٣\٧\٣١ بارزانییەکانی دانیشتووی قۆشتەپە (قدس و قادسیە)ی پارێزگای هەولێری گرتەوە..

قۆناغی دووەم: لە ١٩٨٣\٨\١٠ پەلاماری دانیشتوانی کۆمەڵگای حەریریانداوە کەسەر بە قەزای شەقلاوەیە، هەروەها کۆمەڵگای دیانای سەر بەڕەواندزیش لەگەڵ کۆمەڵگای بەحرکە، کە هەموویان سەربەپارێزگای هەولێرن، بەڵام هەر لەم قۆناغەدا لادێکانی مێرگەسووری سەر بە ناوچەی زێباریشی گرتووەتەوە.

کەواتە ئەم پەلامارەی بەعس سنورێکی تەسکی جوگرافی گرتووەتەوە لەچاو جوگرافیای کوردستان و دەستنیشانکردنەکە تەنها گروپێکی لە گەلی کورد گرتووەتەوە،پەلامارەکانیش زیاتر ئیستخباراتی و سەربازی بوون، واتا بەنهێنی و دور لەچاوی خەڵك و راگەیاندن ئەنجامدراون، ئەمەش جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شێوازی پەلامارەکانی ئەنفال هەیە، واتا بەپێچەوانەی پەلامارەکانی ئەنفالەوە بووە، کە بێجگەلە دەزگا ئەمنی و سەربازیەکان، دەزگاکانی تری دەوڵەتیشیان بۆ خرابووە گەڕ، لەوانە دەزگاکانی راگەیاندنیش کە بەردەوام هانی پەلاماردانی دەداو وورەی دەدایە هێزەکانی بەعس و شەرعیەتی ئاینی و نیشتمانی و نەتەوەیی بە تاوانە کە دەبەخشی. بێجگە لەوانەش تاوانبارانی سەرەکی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان جیاوازن لە تاوانبارانی ئەنفال ئەگەر بێت و تاوانی بارزانییەکانیش هەربخرێتەوە ئەستۆی عەلی حەسن مجید وەك پلاندانەرو جێبەجێکەری تاوانەکە ئەوا کەسانی وەکو (فازل بەراك و بارزان تکریتی و ئەفسەرە سەربازی و ئیستخباراتیەکان) لەو تاوانە لەزەین وبیری دور دەخرێنەوەو بەلای کەمەوە لەزهنی خەڵکدا دەسڕێنەوەو لەوەش خراپتر کۆی تاوانەکانی تری بەعس لەملی چەند سەرکردەیەکدا کورت دەکرێنەوە، کە دیسانەوە ئەمەش بە قازانجی بیری شۆڤینی عەرەب و دەوڵەتی عێراق و سیستمی بەعس دەشکێتەوەو زەرەر بەر کوردیش دەکەوێت وەکو نەتەوەیەکی چەندجار جینۆسایدکراو.

بۆ بسەلمیاندنی ئەم ڕاستییانەش باشترایە پشت بەنووسراوی ڕەسمی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی ببەستین کە بەژمارە ٨٤ لەڕێکەوتی ١٩٨٩/٣/٢٩ نێردراوە بۆ سکرتاریەتی سەرۆکایەتی کۆمارو تیایدا جەخت لەوە دەکاتەوە " کە لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣\٨\١ دا لەسەر داوای بەڕێوەبەری (ئەمن) ئاسایشی گشتی (د. فازل براك) هێزێکی سەربازی سەر بەحەرەس جمهوری پەلاماری دانیشتوانی ئۆردوگای قوشتەپە دەدەن کە پێشتر بۆ خێزانە بارزانییەکان

دروستکرابوو هەموو ئەو پیاوە بارزانییانەی تەمەنییان لە ١٥ پازدە ساڵ بەرەو ژوور بووەو بە سەیارەی گەورەوە گواستراونەتەوە بۆ بەغداد".

خاڵی گرنگی ئەو بەڵگەنامەیەی ئەمن کەوا لەو نووسراوەی ئەمندا هاتووە ژمارەی دەستگیرکراوەکانە بۆنموونە دەڵێت " لە کۆمەڵگەی حەریر ٤٠٣ کەس لە عەشیرەتی بارزانییەکان کە شێروانی و مزوریین دەستگیراون، ئینجا هۆکاری گرتنەکانیان دیاری کراوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بەهێزەکانی پێشمەرگەوە هەبووە، بێئەوەی پێشمەرگە بووبن تۆمەتیان بۆ هەڵبەستراوەو بەهۆیەوە حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپێنراوەو دواجار جێبەجێکراوە، بەهەمان شێوە لە کۆمەڵگاکانی دیانا و بحرکەو لادێکانی مێرگەسوور بارزانییەکان دەستبەسەر کراون و ڕوانەی گرتووخانەی أبو غریب کراون و لەوێ تەسلیم بەهێزێکی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی بەغداد کراون، لەسەر فەرمانی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی ١٦ تۆمەتی جیاجیایان بۆ ٦٦٧ کەس هەڵبەستووەو هەواڵەی دادگای شۆڕش کراوەن، لەدادگای بەناو شۆڕشیشدا بە شێوەیەکی نا عادلانە حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندون و دواتر حوکمەکە جێبەجێکراوە،ئەم خاڵە بە تەواوی تاوانی کۆمەڵکوژی لە ئەنفال جیا دەکاتەوە چونکە تۆمەتیان ئاڕاستەکراوەودواتر دادگایی کراون و حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە. واتا لەتاوانی بارزانیەکاندا دادگا ئامادەیە ئەگەرچی دەبێتە بەشێك لەتاوانەکە، بەڵام لەتاوانی ئەنفالدا هیچ دادگایەك ئامادەنیە. ئەو بەڵگانەی لەبەردەستن ئەوە ڕاستیە دەسەلمێنن کە بارزانیەکان دادگایی کراون، ئەگەرچی دادگاکە رۆتین بووە، هەروەکو لەبەڵگەنامەکاندا دەبینین نەتوانراوە هیچ تۆمەتێکیان بەسەردا ساغ بێتەوە، کەچی هەر سزای مەرگیشیان بەسەردا سەپێنراوە، کە ژمارەیان (٢٢٢٥) کەسە، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگی تێدا دەدۆزینەوە چونکە نەتوانراوە تاوانیان بخرێتە پاڵ، بەڵام لەبەر ئەوەی بارزانین پاش دەستبەسەرا گرتنییان و گواستنەوەیان لەسەرەتای مانگی ئابدا رەوانەی ناوچەی (بوصەیە)ی سەر بەپارێزگای سەماوە کراون و لە نووسراوەکەدا هاتووە کە (حوکمی گەل)[1] یان بەسەردا سەپاندون و سزای مەرگیانداون و بەدەستی پیاوانی ئەمن جێبەجێ کراوە، لەهەمان نووسراودا ئاماژە بەوە کراوە لەدوای ئیعدامکردنیشیان بەڵگەنامەی وەفات بەخێزانەکانیان نەدرێت.) [2]

---

[1] حوکمی گەل ئاماژەیەکی بەعس بوو بۆ ئەوکەسانەی سزای مردنیان بەسەردا دەسەپاندن

[2] ئەنفالستان –ژمارە– ٥ عەدالەت عومەرصالح – جینۆسایدی بەرزانیەکان لاپەرە



بەنهێنی کوشتنی بارزانییەکان مەسەلەیەکە دەشێت بەجیا لە دۆسیێ تاوانی ئەنفال کاری گرنگی لەسەر بکرێت، چونکە گرنگە ئەوە بزانین کە تاوانی جینۆساید بەژمارەی قوربانییەکانی ناناسرێتەوە، کەمن پێموایە پێشگری ووشەی ئەنفال بۆ کۆمەڵکوژی بارزانییەکان زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت. بەهەرحاڵ ئەوەی لەدۆسیێ بارزانیەکاندا مەسەلەیەکی گرنگە ئەوەیە کە بەعس پلان بۆ بێنرخکردنی مرۆڤی کورد دادەنێ و کوشتنی (٨٠٠٠) هەزار بارزانی بەلاوە گرنگترە لەوەی بەتەنگ سومعەی حکومرانی خۆیەوە بێت هەر وەکو لەنوسینێکی سکرتاریەتی سەرۆك کۆمار بەنووسراوی ٢٦٥١/ك لە ١٩٨٧/٨/٢٤ دا فەرمانی دەرکردووە بۆ هەموو ئەو دام و دەزگا و بەرپرسانەی تایبەتن بەکێشەی کورد لەوانەیە لەلایەنێکی سێهەمەوە پەیوەندییان پێوە بکرێت و سەبارەت بەچارەنووسی بارزانییەکان،پرسیارییان لێ بکرێت، بۆیە واپێویست ئەکات کەوەڵام دانەوەی هەر پرسیارێك سەبارەت بەم بابەتە ئەم وەڵامە بێت کە: "تەنها سەرۆکایەتی دەوڵەت لەم کێشەیە ئاگادارە چونکە کێشەکە کێشەیەکی سیاسییەو زۆر گەورەترە لەکێشەی ئەم خێزانانە". دیارە مەبەست لەلایەنی سێهەم کەسانی ناعێراقین.[٣] لە شی کردنەوەی چەندین بەڵگەنامەی تردا هۆکاری جینۆسایدی بارزانییەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە روونتر دەردەکەوێت کەوا لەخوارەوە دا باسیان دەکەین:

١) بریاری حوکمی لە سێدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی صابر مستەفا محمد عبدالسلام بارزانی و (٢٢) کەس لەهەڤاڵانی بە نووسراوێك لەسەروکایەتی (دادگای شۆرش) بەژمارە١٤٤٦\ج\١٩٨٣ لە ٣٠\٨\١٩٨٣دەرچووە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، کەبریاری گرتنیان لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا دراوە .

هۆکاری گرتنیان بە مادەی ١٧٥و١٥٩و١٦٢\١\٢-٤٩و٥٠و٥٣ لە ق.ع لە داوایەك بە ژمارە١\٨٣ لە ٢٦\٧\١٩٨٣لە شیکراوەتەوە کە لەلایەن سیخوڕێك پێیان دراوە .

ئەم راپۆرتە باس لەشەری حاجی ئۆمەران- گردەمەندوبەشداری پارتی دیموکراتی

---

[٣] بڕوانە عەدالەت عومەرصالح جینۆسایدی بارزانیەکان - ئەنفالستان ژمارە -٥-

کوردستـــــتان لـــەو شـــەڕە دەکـــات نـــاوەڕوکی ڕاپۆرتەکـــەی ئـــەمن دەڵێـــت " : موتەهـــەم صـــابر مســـتەفا محمـــد عبدالســـلام بـــارزانی لەگـــەڵ کۆمـــەڵێك لـــە تێکـــدەران کـــە ســـەر بـــە مســـعود و ادریـــــس بـــــارزانین، زانیـــــاری نـــــاوخۆی ســـەرکردایەتییان داوەتـــە تێکـــدەران بەتایبـــەتی لەســـــەر ئـــــەو جێگایانـــــەی ســـــتراتیژی و حەساســــن و ئامادەکــــاری و هاوکارییــــان لەبەغـــدا و هـــەولێر لەگـــەڵ تێکـــدەران کـــردووە بـــۆ هێرشـــکردنە ســـەر هێزەکـــان لەکـــەرتی بـــاکوور لـــــەحاجی ئۆمـــــەران لـــــەڕێگای مســـــعود و ادریس"ەوە.

هـــەروەها ئـــەوانی بەتۆمـــەتی چـــەك هـــەڵگرتن لـــــەدژی هێزەکـــــانی عێـــــراق و هاوکـــــاری هێزەکـــــانی ئێـــــران و بـــــەکرێگراو بـــــۆ گرتنـــــی ناوچەی حاجی ئۆمەران تۆمەتبار کردووە .

ئـــەوەی مایـــــەی هەڵوەســـــتەکردنە عەدالـــــەتی دادگـــای شۆڕشـــە..؟! ئایـــا چـــۆن بـــەو هـــەموو پلـــەو پایەیانـــەوە بەعـــەقڵی دادوەروئەندامانیـــدا چـــووە خـــەڵکانێك لـــە هـــەولێرو بەغـــداوە هاوکـــاری پـــارتی و هێزەکـــانی ئێـــران بکـــەن..؟ دیـــارە دادگـــا تـــەنها فـــەرمانی ســـەرووخۆی جێبـــــەجێکردووەو مـــــاوەی داکـــــۆکی تۆمـــەتبارەکانی نـــەداوە، بۆیـــە دادگـــای بـــەناو شـــۆڕش بەنووســـــراوی ژمـــــار( ١٤٤٦\ج\١٩٨٣) لـــــە (١٩٨٣\٨\٣٠ ) بەســـــەروکایەتی عـــــەواد بەنـــــدرو بەئەندامیـــــەتی عەقیـــــدی مافپـــــەروەر داود ســـــلمان شـــــهاب و موقـــــەدەمی مافپـــــەروەر تـــارق هـــادی شـــاکر بـــە پشتبەســـتن بەفـــەرمانی ســـــەروك کۆمـــــار ژمـــــارە ١٢٨٧\٢٣ لـــــە ١٩٨٣\٨\٢٠ بـــــــــــــەم ماددانـــــــــــــە ١٧٥و١٥٩و١٦٢و\٢\٤٩و٥٠و٥٣ لـــــــــــــە ق.ع تاوانبـــــارکراون ســـــزای لـــــە ســـــێدارەدانیان بەسەردا سەپاندوون.

٢) بەڵگەنامـــــەی بڕیـــــاری حـــــوکمی لـــــە ســـــێدارەدان و دەستبەســـــەرداگرتنی ســـــەروەت و ســـامانی شمـــس اللـــە خالـــد خـــدر بـــارزانی وپـــــەنجا کـــــەس لەهـــــەڤالانی بەنووســـــراوێك لەســـــــەرۆکایەتی دادگـــــــای شـــــــۆرش بـــەژمارە٣٨٦٤ لـــە ١٩٨٣\١١\١٢ دەرچـــووە بـــۆ ســـەرۆکایەتی دیـــوانی ســـەرۆکایەتی کۆمـــار، کـــە بڕیـــــاری گرتنیـــــان لـــــە لایـــــەن دادەوەری لێکۆڵینـــــەوە ســـــەر بـــــە بەڕێوەبەرایـــــەتی ئـــــەمنی بەغـــــدا/ش٣١ دراوە بـــــە نوســـــراوی ژمـــــارە ٨٣\٨ لە ١٩٨٣\٨\١١ .

هۆکـــــــاری گرتنیـــــــان بـــــــە مـــــــادەی ١٧٥و١٥٩و١٦٢\٢-٤٩و٥٠و٥٣ لـــــە ق.ع بـــــە داوایـــەك بـــە ژمـــارە ١٦١٠/ج/١٩٨٣ لـــە ســـەر شمـــس اللـــە خالـــد خـــدر بـــارزانی و هـــەڤالانی شـــێکراوەتەوە کەپشـــتی بـــەڕاپۆرتی ســـێخوڕێك بەســـــتووە، داواکـــــەش بەنووســـــراوی ژمـــــارە ١٤٣٤/٢٣ لـــــە ١٩٨٣\٩\٢٧ بـــــۆ دادگـــــای بـــــالای شـــــــۆرش هەواڵـــــــەکراوە لەبـــــــەرواری ١١/١٠/ ١٩٨٣ حـــــوکمی لـــــە ســـــێدارەدانیان بـــــۆ دەرچووە.

ئـــەم راپۆرتـــەش هـــەر وەك راپۆرتـــەكانی پێشـــوو بـــاس لـــە شـــەری حـــاجی ئۆمـــەران –گردەمەنـــد و بەشـــداری پـــارتی لـــەم شـــەرە دەكات،بەهـــەمان شـــێوەی ئـــەوانی پێشـــو شمـــس اللـــە خالـــد خـــدر بـــارزانی تۆمـــەتباردەكرێت بـــەوەی كەســـەر بەمســـعود بـــارزانی و محمـــد خالیـــد بارزانیـــەو كەسانەشـــی لـــەخوارەوە ناویـــان هـــاتووە هاوكارییـــان لەگـــەڵ تێكـــدەران و هێزەكـــانی ئێرانـــدا كـــردووە زانیـــاری ســـەربازی و ســـتراتیژیان نـــاردووە بـــۆ هێزەكـــانی پـــارتی و ئێرانیـــەكان، هـــەروەها رێنمـــایی كردنـــی بەرپرســـانی ســـەربازی ئێرانـــی لەناوچـــەكەدا بـــۆ ئەنجامـــدانی كـــاری تێكدەرانـــە دژی هێزەكـــانی چـــەكداری عێـــراق پـــیش لەشـــكری هێزەكـــانی ئێـــران كـــەوتون، لەكـــەرتی بـــاكوور بـــۆ گرتنـــی ناوچـــەی حـــاجی ئۆمـــەران تۆمـــەتبار كـــراوەن و بەكرێگرتـــەی ئێـــران نـــاوزەدی كـــردوون، ئـــەوەی شـــایانی باســـە دادگـــای شـــورش لـــە١٩٨٣/١١/١٠ بـــە ســـەروكایەتی عـــەواد بەنـــدەر بەســـتراوەو بـــەم ماددانـــە ( ١٧٥و١٥٩و١٦٢و٢\١٤٩\و٥٠و٥٣ ) لـــــە ق.ع حـــوكمی لەســـێدارە دانیـــان بەســـەردا ســـەپاندوون و بەنووســـراوی ژمـــار(٣٨٦٤) لـــە١٩٨٣/١١/١٢ دواتـــریش دیـــوانی ســـەرۆكایەتی كۆماریـــان لـــەم كـــارە ئاگـــادار كردۆتـــەوە. ئـــەو شـــێوەیە ئـــەو پیاوەبەارزانیانـــەی كـــە ژمارەیـــان لـــەم دادگاییكردنـــەدا (٥٢)كەســـە ســـزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنرێ.[٤]


رئاسة الجمهورية
السكرتير
[illegible]
العدد ٨٩
التاريخ [illegible] ١٩٨٩
[illegible] شعبان [illegible]

السيد سكرتير السيد الرئيس القائد المحترم

تحية وتقدير

بناء على طلب سيادتكم .. [illegible] المعلومات المتوفرة لدينا حول ناحية حرير بمحافظة أربيل ..
١. في تموز ١٩٨٣ وخلال هجوم العدو الإيراني [illegible] على قاطع حاج عمران [illegible] [illegible]

٣) بەڵگەنامـــەی بریـــاری حـــوكمی لـــە ســـێدارەدان ودەستبەســـەرداگرتنی ســـەروەت وســـامانی خورشـــید رشـــید ســـلیمان بـــارزانی وهـــەڤاڵانی هـــەروەها مـــلا ســـعید حســـن بـــارزانی وهـــــەڤاڵانی بەنووســـــراوێك لەســـــەروكایەتی (دادگـــــای شـــــورش) بـــــەژمارە٤٠٦٦ لـــــە ١٩٨٣\١١\٢٤ دەرچـــــووە بـــــۆ ســـــەرۆكایەتی دیـــوانی ســـەرۆكایەتی كۆمـــار، كـــە بریـــاری گرتنیـــان لـــە لایـــەن دادەوەری لێكۆڵینـــەوە ســـەر بەبەرێوەبەرایـــەتی ئـــەمنی بەغـــدا/ش٣١ دراوە بەنوسراوی ژمارە ٨٣\١٥ لە ١٩٨٣\٨\١ .

هۆكـــاری گرتنیـــان بـــە مـــادەی ١٧٥و١٥٩و١٦٢\٢-٤٩و٥٠و٥٣ لـــە ق.ع لـــە دوو داوا كـــە داوای یەكـــەم بـــە ژمـــارە

---

[٤] بروانە خشتەی ژمارە یەك ناوی قوربانیەكان

١٧٧٥/ج/١٩٨٣ لە سەر خورشید رشید سلمان بارزانی و هەڤالانی و داوای دووەم بە ژمارە ١٦٠٩/ج/١٩٨٣ لە سەر ملا سعید حسن بارزانی و هەڤالانی شیکراوەتەوە کە لە لایەن سیخوڕێك پێیان دراوە ،داواکان بە دوو نووسراو یەکەمیان بە ژمارە ١٥٦٣/٢٣ لە ١٩٨٣/١٠/١٩ دووەمیان بە نووسراوی ژمارە ١٤٣٣/٢٣ لە ٢٧/ ١٩٨٣/٩ بۆ دادگای باڵای شۆرش نێردراوەن بەلام هەموویان لە ١١/٢٢/ ١٩٨٣ حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە .

ئەم راپۆرتەش باس لەهەمان شەڕ ( حاجی ئۆمەران و گردەمەند) دەکات، کەپارتی بەشداری لەم شەڕە کردووە، لەناوەرۆکی راپۆرتەکەدا دەڵێت "مۆتەهەم حسن محمد شیرۆ لەگەڵ کۆمەلێك لە تێکدەران کە ناویان لە خوارەوە هاتووە سەر بە مسعود بارزانین زانیاری عسکری و ستراتیژیان ناردوە وئامادەکاری و هاوکارییان لەگەڵ تێکدەران و هێزەکانی ئێراندا کردوە ،هەروەها رێنمایی کردنی بەرپرسانی عسکری ئیرانی لە ناوچەکەدا و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە دژی هێزەکانی چەکداری عێراق پێش هجوم کردنی هێزەکانی ئێران لە کەرتی باکوور بۆ گرتنی ناوچەی حاجی ئۆمەران تۆمەتبار کراوەن و بە بەکرێگرتەی ئیران ناوزەدی کردوون ، ئەوەی شایانی باسە دادگای شۆرش لە ١٩٨٣/١١/٢٢ بە سەروکایەتی عەواد بەندەر بەستراوەو بەم ماددانە ١٧٥و١٥٩و١٦٢و\٢\٤٩و٥٠و٥٣ لە ق.ع تۆمەتبار کراوەن و حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپاندوون و بە نووسراوی ژمار(٤٠٦٦) لە( ١٩٨٣/١١/٢٤ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریان لێ ئاگادار کردۆتەوە. ئەمەش ناوەکانیانە:

١. خورشید رشید سلمان
٢. احمد حدو محمد
٣. یاور علی محمد
٤. یوسف فرخو محمد
٥. حسین عمر حسین
٦. محمود فقی محمد حسین
٧. حسین ملا حبیب عبدالرحمن
٨. عیسی محمد حسن
٩. جهور یونس ابراهیم
١٠. جزیری برایم محمد
١١. محمد ابراهیم محمد
١٢. نعمان شریف شمین
١٣. عزیز فقی سعید
١٤. خلیل تاهیر عبدالله.
١٥. نیاز عزیز عبدالله
١٦. حاجی عمر عبدالله
١٧. عوسمان حسن عوسمان
١٨. عزیز ملا عبدالله فقی
١٩. ابراهیم عوسمان حاجی
٢٠. علی قاسم علی
٢١. نزمی محمد محمدامین
٢٢. محمد تاهیر حجی ابراهیم
٢٣. عمر احمد عمر
٢٤. حسن خالد ملا
٢٥. عیسی حسن شریف
٢٦. حسین عبدالحمن حسین
٢٧. تەها محمد یوسف
٢٨. حسین محمد یوسف

٢٩. ایوب محمد عیسی
٣٠. مولود جوج مولود
٣١. محمد قرتاس سالح
٣٢. شیخ عمر باپیر
٣٣. خوشوی داود محمد
٣٤. شاکر خالد سالح
٣٥. عمر حدو محمد
٣٦. تاهیر عبدالرحمن علی
٣٧. حسین محمد حسین
٣٨. عزیز ابراهیم شێخو
٣٩. سلیمان سەبری عیسی
٤٠. عمر تاهیر عمر
٤١. حسین فقی محمد حسین
٤٢. نزهت شریف عمر
٤٣. ممو سەبری عیسی
٤٤. فریق ملمکو تاهیر
٤٥. حدو محمد احمد
٤٦. فرات ابراهیم باپیر
٤٧. عبدالله ابوبکر فتح الله
٤٨. حسن محمد شیرو
٤٩. درویش عمر یاسین
٥٠. تمر محمود قرتاس
٥١. عبدالواحد عمر سعید.

خشتەی ژمارە (٢) قوربانیانی بەرزانیەکان

| زنجیره | ناوی سیانی قوربانی |
|---|---|
| ١ | صابرمستەفامحمدعبدالسلام بارزانی |
| ٢ | عوسمان احمد محمد عبدالسلام بارزانی |
| ٣ | عبدالباری سلیمان عبدالسالم بارزانی |
| ٤ | سبحان اسماعیل عبدالسلام بارزانی |
| ٥ | نورالدین محمد صدیق محمد بارزانی |
| ٦ | عیماد عوسمان احمد بارزانی |
| ٧ | نزیر احمدمحمدبارزانی |
| ٨ | بیداد لقمان مستەفا بارزانی |
| ٩ | نوزاد لقمان مستەفا بارزانی |
| ١٠ | ئازاد لقمان مستەفا بارزانی |
| ١١ | صلاح لقمان مستەفا بارزانی |
| ١٢ | اسماعیل فقی عولابارزانی |
| ١٣ | زبیر عبدالله سلیم بارزانی |
| ١٤ | دلْدار علی محمد بارزانی |
| ١٥ | حکیم سعید حسن بارزانی |
| ١٦ | علی عمر احمد بارزانی |
| ١٧ | رمزی عبداللەسلیم بارزانی |
| ١٨ | رجب اسماعیل حسن بارزانی |
| ١٩ | قادر نعمان جهور بارزانی |
| ٢٠ | مجید عبدالله سلیم بارزانی |
| ٢١ | حسین زیاب دربارزانی |
| ٢٢ | اسماعیل مستەفا محمود بارزانی |
| ٢٣ | امین عوسمان همیره بارزانی |

خشتەی ژمارە (١)

ناوی قوربانیانی کۆمەلگوژی بارزانیەکان .

| زنجیرە | ناوی قوربانی |
|---|---|
| ١ | شمس الله خالد بارزانی |
| ٢ | نعمان حسین یاسین |
| ٣ | یاسین حسین یاسین |
| ٤ | حسکو رشید نبی |
| ٥ | تەلعەت سعید عمر |
| ٦ | رەمەزان عبدالله یاسین |
| ٧ | وجدی مستەفا ناوخۆش |
| ٨ | حدو جلو فقی |
| ٩ | مستەفا حسین سالح |
| ١٠ | حسین محمد احمد |
| ١١ | اسعد حسن عبدالله |
| ١٢ | سلێمان ابابکر احمد |
| ١٣ | جادر محمد حسین |
| ١٤ | نادر حبیب حسن |
| ١٥ | فقو خوجه ناصر |
| ١٦ | قرتاس سالح حسین |
| ١٧ | جمیل عبدالله فارس |
| ١٨ | حسن حاجی ابراهیم |
| ١٩ | اسماعیل سلیمان الیاس |
| ٢٠ | یونس حسن یونس |
| ٢١ | بحری محمد ملکو |
| ٢٢ | زلفو احمد جوهر |
| ٢٣ | شهاب زاده محمود |
| ٢٤ | صوفی درویش محمد |
| ٢٥ | شهاب احمد جوهر |
| ٢٦ | بیرو حمد ابراهیم |
| ٢٧ | جوهر حدو حاجی |
| ٢٨ | الله خالد خدر بارزانی |
| ٢٩ | سلیمان مفردی خانو |
| ٣٠ | احمد حمود مستەفا |
| ٣١ | میرخان محمد مرزا |
| ٣٢ | صوفی سیف الدین وستا |
| ٣٣ | سعید محمد محمدامین |
| ٣٤ | یوسف زبیر حاجی |
| ٣٥ | حاتم جیجو حاتم |
| ٣٦ | حسن حسین حسن |
| ٣٧ | تەها محمد ابراهیم |
| ٣٨ | فریق میران مح |
| ٣٩ | عبدالرحمن محمد حسن |
| ٤٠ | احمد سعید حسن |
| ٤١ | مستەفا باجو مستەفا |
| ٤٢ | عزیز سالح سلیم |
| ٤٣ | حکیم زاده محمد |
| ٤٤ | زکری جلو مالی |
| ٤٥ | باجو حسین ملکو |
| ٤٦ | غفور احمد محمود |
| ٤٧ | محمد علی عباس |
| ٤٨ | خدر مولود سالح |
| ٤٩ | سعید اخدل شیخ عمر |
| ٥٠ | عبدالعزیز حجی عبدالله |
| ٥١ | صبری رەمەزان حسن |
| ٥٢ | ریس یوسف رەمەزان |



رئاسة محكمة الثـــورة
(بغداد)
عدد الدعوى/١٤٤٦/ج/١٩٨٣
التاريخ ١٩٨٣/٨/٣٠

قـــرار الحكـــــم

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ١٩٨٣/٨/٣٠ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضوية العقيد الحقوقي داود سلطان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي شكر واصدرت باسم الشعب القرار الاتـــــي :ـ

الحكم على كل من صابر مصطفى محمد عبد السلام البارزاني واسماعيل غني عولا البارزاني ورمزي عبد الله سليم البارزاني وامين عثمان عميرة البارزاني ونور الدين محمد صديق البارزاني ونوزاد لقمان مصطفى البارزاني وازاد لقمان مصطفى البارزاني وصلاح لقمان مصطفى البارزاني وجيداد لقمان مصطفى البارزاني ورجب اسماعيل حسن البارزاني وقادر عثمان جمهور البارزاني ومجيد عبدالله سليم البارزاني وحكيم سعيد حسن البارزاني وسلطان اسماعيل عبد السلام البارزاني وبحرّ عبدالله سليم البارزاني وحسين ذياب در البارزاني ودلدار علي محمد حاجي البارزاني واسماعيل مصطفى محمود البارزاني وعلي عمر احمد البارزاني وعثمان احمد محمد عبد السلام البارزاني وعبد الباري سليمان عبد السلام البارزاني وعادل عثمان احمد محمد البارزاني ونذير احمد محمد عبد السلام البارزاني بالاعدام شنقا حتى الموت وفـــق المواد ١٥٩ و ١٦٢ و ٢٧٥/٢/٤٢ و٥٠ و٥٣ من ق ع ومصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة

قرارا صدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ١٩٨٣/٨/٣٠

| المقدم الحقوقي | العقيد الحقوقي | عواد حمد البندر |
| --- | --- | --- |
| طارق هادي شكر | داود سلطان شهاب | رئيس محكمة الثورة |
| عضو | عضو | |

## ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نیە ..

## بیخوێنەرەوەو ڕێز لە چیرۆکەکانی بگرە

**هـــــەموو بەڵگـــــەکانوناوی قوربانیـــــەکان لەخاتوو عەدالەت عومەرصالح وەرگیراون.**

**بڕوانە ئەنفالستان ژمارە(٥) لاپەرە (٩٧)**

محمد حسێن عەزیز رحیم :

## دەبوایە صمود چۆڵ بکرایە بۆ شوێنی فەلاحەتو گەنمو جۆی لێداچاندرایەتەوە .

بەرلەوەی هیچ پرسیارێکی لێبکەم محمد دەستی بە قسەکرد: ( ئێمە خێزانێکی قەرەباغ بووین وباب وباپیرانم هەرخەڵکی ئەم عەزیز قادرەبوون وباوکمو دایکیشم هەرلەم گوندە لە دایکبوون، هەژاری ماڵی خۆیان بوون و لێرە خەریکی ئاژەڵداری و کشتووکاڵ بووین، حکومەتی بەعس غەدرێکی گەورەی لێکردین) ئەوە قسەی محمدی تاکە دەربازبووی خانەوادەیەکی گوندی عەزیز قادربوو.

**خۆتان خێزانەکەتان چەند کەس بوون. ؟**

ئێمە دەکەس بووین . ئێستا من تەنها من ماوم ئەوانی تر هەموویان ئەنفالکراون.

**کەواتە تۆش تاقانەی دوای ئەنفالیت .؟**

بەڵی هەرخۆم ماومو ( ٩ ) کەسم ئەنفالکراوە بەس لەخانەوادەکەی خۆم .

**ئەی چۆن تۆ دەربازبوویت ؟**

من لەگەڵ ئاژەڵەکاندا بووم . هەتا ملەسورەش هەرلەگەڵ دایکمو باوکمو خوشکەوبراکانم بووم، ئیتر خواحافیزیمان لەیەکتری کردو رۆیشتین ئەوان لەملە سورەمانەوە . ئێمەش هەر گیرابووین بەڵام کە گەیشتینە بان جادەکە جاشێك فریامان کەوت ناوی سەعید حەمە عەولا ئەی شتێکی ئاوابوو.

**رۆژەکەی نازانی مەبەستم نازانی چەندی مانگ بوو ؟**



رێك بیرم نایەت چی رۆژێك بوو، بەڵام بەهاربوو مانگی چواربوو،

**تۆ ئەو جاشەت دەناسی یان ئەو ئێوەی دەناسی ؟**

نا نەوەڵا ئێستەش ببینم نایناسم بەڵام ئەوخەڵێکی زۆر، زۆری لەئەنفال رزگارکرد..؟

**حەزدەکەی بیناسیت و چاکەی بدەیتەوە**

؟ ئەی چۆن ئەرێوەڵا زۆریش حەزدەکەم .

**من ناوم ناوە موستەشارێکی سپی ؟ ئەی تۆ دەڵێی چی ؟ ئەو ناوە باشە ؟**

وەڵا تەواوە ماڵت ئاوابێ ، ئابرا بەخوا سپی بوو. بۆ ئێمە سپی بوو، زۆر حەزدەکەم ببینم و قسەی لەگەڵدا بکەم .

**ژمارە تەلەفۆنەکەی بدەم پێت ؟**

هەر زۆر مەمنونم .

**تۆ چۆن لەدایکت و باوکت دابرایت ؟**

ئەی نەموت هەتا ملەسورەش هەربەیەکەوە بووین..؟ بەڵام چونکە ئێمە بەدیار ئاژەڵەوە بووین هەر لەمللەسورە بووین لەگەڵ چەند برادەرێك لەوانە کاك حسن، کەمال، جەلال، ئەوانیش هەر خەڵك ئەم دێی خۆمان بوون، بەئاژەلەکانەوە چوینەمیلقاسمو لەوویوە چوینە بان جادەکە ئیتر لەوێ عەسکەر دەوریاندا بووین

**واتا ئێوەش هەر گیرابوون ؟**

کـوڕە ئــا ئــا ئێمــەیش گیرابــووین، هــەموو ڕانــە مــەڕێك عەســكەرێك پاســەوانمان بــوو چــاواروان بــوون ســەیارە بێــت و بارمــان بكــەن و بمانبــەن، ئــیتر ســەعیدە هــات عەســـــكەرەكانی لێمـــــان دورخســـــتەوەو بەرمانیـداو ووتـی: بـڕۆن ئـیتر هـەر ئـەوجارە **دایكــت و باوكــت و خوشــك و براكانــت نەبینیەوە ؟**

بەداخــەوە هــەر ئــەو ســەرە بــوو ئــیتر نــەم بینیەوە.

**ئـیتر دوای ئـەوە كـەس نـەیوت بینیـومن یـان ئەوانـەی لـە نـوگرە سـەلمان گەڕانـەوە نـەیان وت تاكوێ پێكەوە بوون..؟**

بــا بــا تــا قوڕەتــوو تــوپزاواش هەرپێكــەوە بــوون لــەوێ لــەتۆپزاوا جیایانكردبوونــەوە .

**ئـەی چـۆن دایكت وباوكـت نـەبرابوون بـۆ نوگرسەلمان ؟**

ئــاخر بــاوكی مــن گــەنج بــوو لــەدایكبووی ١٩٥٢ بوو، دایكیشم هەر گەنج بوو .

**دایكت ناوی چی بوو ؟**

دایكم نەعیمە سەعید ڕەشید .

**هەرچــەندە برینیشــت دەكولێنمــەوە بــەڵام پێویســتە نــاوی هــەموو خوشــك وبرا ئەنفالكراوەكانت بزانم .**

خوشــك و براكــانم بریتــی بــوون لــە : ( تحســین، نــەریمان، كامــەران، ڕەمــەزان، غەزال، ئەختەر، گەوهەر) .

**كوڕەكان هیچیان پێشمەرگە نەبوون ؟**

نــەخێر هــەموویان لــەخۆم منــداڵتربوون، كچــەكانیش هــەموویان لــە خــۆم منداڵتربوون.

**هـیچ یادەوەریـەكی خـۆش یـان ناخۆشـت هەیە كە هەرگیز لەیادت نەچێتەوە ؟**

قــەت لــەبیرم ناچــنەوە تــا ئــەو ڕۆژەی دەمرم و دەمنێنە قەبر .

**تاكەی چاوەڕوانی هاتنەوەیانت كرد..؟**

تــا ســەدام ڕوخــاو گــۆڕە بەكۆمەڵــەكان دەركەوتن. هەر چاوەڕوان بووم .

**كــە كەســت لەخانەوادەكــەی خــۆت نــەماو هــەموویان ئــەنفالكرابوون، لــەو كــاتی چــاوەڕوانیەدا چــۆن دەژیــای لــەكوێ دەژیای كێ داڵدەی دابوویت ؟**

لەوكاتــەدا لــەماڵ مامەیــەكم بــووم، هــەتا ئــەو كاتەی لەساڵی( ١٩٩١) ژنم هێنا .

**خزمی خۆتە ؟**

بــەڵێ ئــامۆزای خۆمــە . ئێســتا ســێ منــداڵمان هەیە.

**كۆمــەڵگای كــوردی ڕێزتــان لێــدەگرن وەكــو كەسوكاری ئەنفال ؟**

وەلا بەكــەمی وەكــو پێویســت نیــە لەهەنــدێك فەرمانگـــەو دائـــیرەی حكومـــەت هـــەر وەلامیشمان نادەنەوە.

**ئـــەی لەبەڕێوەبەرایـــەتی شـــەهیدان و ئەنفالكراوان ؟**




چێشتخانەو ماڵەکانیشدا گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەران دەست نەکەوێت ..

زۆر بیرۆکەیەکی جوانە .. من پێوەی پابەندم تەنانەت ئەو رۆژە ئامادەم هەر نانیش نەخۆم . زۆر کارێکی جوانە .

تەنانەت ئەگەر میوانیشتان هات ؟

هەر کەسێك میوانم بێت، ئەگەر نوری چاوم بێت لەو رۆژەدا گۆشتی نادەمێ من پێوەی پابەندم لەم دەقەیەوە بریار دەدەم ٤/١٤ گۆشت نەخۆم و هیچ سەرنەبرم.

سوپاس من هیچم نەماوە

سوپاس بۆ تۆش کارێکی باشت دەست داوەتێ رێزم هەیە بۆ کارەکەت .



وەڵاهی ئەوان باشن خراپ نین لەگەڵماندا .

ئەی حکومەت بەگشتی چۆنە رات چیە ؟

وەلا ئاوری لێداوێنەتەوە بەڵام وەکو پێویست نیە، ئیمە لەگوندە کەسوکاری ئەنفالمان هەیە تاکو ئێستا زەوی وەرنەگرتووە !! باشە حکومەتێك تاکو ئێستا کە ٢٤ ساڵە زەوی پێدابین نەکرێ ماناى چییە ؟

ئەی سەبارەت بە تۆمەتبارانی ئەنفال ؟

ئەوانە دەبێت دادگایی بکرێن بەجاش و موستەشارو ئامر سریێ و هەمووی دادگایی بکرێت.

**پار بانگەوازێکمان کرد، بۆ ئەوەی رۆژی ٤/١٤ بکەینە رۆژی سەرنەبرین رۆژێك کە تیایدا هیچ ئاژەڵ و پەلەوەرێ سەرنەبردرێت و هیچ خوێنێك لە ئاژەڵ و پەلەوەرەکانی کوردستان نەرژێ ..نەك هەرئەوە بەڵکو لەو رۆژەدا لەهەرێمی کوردستان گۆشت نەخورێت و لە**



# بیستو چوار ساڵ دوای تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال .

**ئەمیرقادر**

یۆست هلتەرمان نوسەری کتێبی (دۆزێکی ژەهراوی، هەڵەبجەو ئەنفال)، باس لەبەرپرسیاریێتی و تاوانباری کۆمەڵگای ناودەوڵەتی دەکات و پەنجەی تاوان بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر هاوکاری و بێدەنگی مرۆڤەکان و دونیاو میدیاو هێزەکان دەکات، نوسەر باسی ئەورۆژەد ەکات کە ١٦-٣-١٩٨٨ و ئەو لەگۆشەیەکی تری دونیا خەریکی کاروبارێکی تر بووە، دەیەوێت بڵێت و گومان بکات کەدەکرێت نوسەر خۆشی و هەمووان لەو ڕۆژانەدا لەکوێبوون چیان دەکرد و بۆ هیچ نەکرا، تاشارێك و وڵاتێك کۆمەڵکوژنەکرێت و بەگاز نەخنکێنرێت .

سیمۆن مینکس بەرگریکاری گشتی لەکاتی پێداچوونەوە بەدۆزی "بازرگانی مەرگ" تاوانباری هۆڵەندی فرانس ڤان ئانراتدا داوای کرد سزای تاوانبار سوك نەکرێت، بەڵام دادوەر لەوەی تێپەڕاندو سزاکەی لە١٦ ساڵەوە بۆ کرد بە ١٧ ساڵ و ڕاستەوخۆش بەتاوانباری ووت، ئەگەر یاسا بواری بدایە لەپای تاوانی باگاز خنکاندنی هەڵەبجەو سەردەشت و ئەنفالدا سزایەکی لەوەش گرانتر شایانت بوو !.

دوای ٢٤ ساڵ دەکرێت ئەوپرسیارە بەقوڵی لەخۆمان بەپلەی یەکەم و لەکۆمەڵگای خۆمان بە هەموو چین و توێژەکان وسیاسی وغەیرە بکەین، ئێمە لەکوێی ئەو تاوانەدا وەستاوین؟ وەختێك تاوانەکە ڕوویدا چیمان دەکرد، چ هەوڵێکماندا کە ئەوە ڕوونەدا، چیمانکردو ئەوەی پێماندەکرا کردمان بۆ ڕوونەدانی ئەوتاوانە؟ بەڕاست لەم ٢٤ ساڵەدا چەند بەدیار ئەوبرینانەوە ڕووبەڕووی پرسیارو خۆمان بووینەتەوە، چەندمان گوێ و هەست لەبرینەکان گرتووە، چیمان کردووە کە ئەو برینە سارێژبکەین؟، بەڕاست ئەداو گفت و جوڵەی ئێمە کارێکی وایکرد کە بتوانین تاوان و بێتاوانی، جینۆسایدکراوو بکەر، جاش و باش، قوربانی و تاوانبار لێك جیابکەینەوە، خۆم پێم وایە مرۆڤ دەتوانێت تەنها ئەوکاتە بەس لەچارەسەری نەخۆشێك بکات کەلانی کەم بزانێت نەخۆشیەکە چیە؟ کۆمەڵگایەك کە تائێستا لەسەر هیچ تاوانێك کەس دادگایی ناکات، تۆمەتبار بەڕێزترە و دەستڕۆیشتووترە لە بێتاوان، ڕۆشنبیرەکانی بەمەبەست و بەهەڵە بۆ هەر سوکە مخالەفەیەك دەڵێن فلان ئەنفالی کردین و کۆمەڵکوژی کردین، کەزۆریشیان دیارنیە و نازانین کە ئەنفال ڕوویدا لەکوێ بوون یان ئەگەر لەچەقی تاوانەکەشدابوون چیان کردووە!.

من لام وایە بۆ یادی هەڵەبجە ڕەنگە جوانترین باشترین ئەمەك بێدەنگی قوڵبێت و دووبارەو دەبارەی ئەوپرسیارەبێت، کە تاوانی هەڵەبجە ڕوویدا ئێمە لەکوێبووین ؟، کە قوربانی و بریندارەکان وەك گوڵ سیسدەبن و هەڵدەوەرن ئێمە چیدەکەین، کە بکوژانی خەڵکی هەڵەبجە بە عیزەت وبەسەر چەندین وڵاتدا دەربازدەکرێن ئێمە چیمان کرد و چیمان ووت، کە سیاسیە باڵاکانی کورد وەك هەرشتێکی پیرۆزی ئێمە دۆزی هەڵەبجەش دەفرۆشن ئێمە چیدەکەین وچی دەڵێین، بیرکردنەوەو بێدەنگی ڕەنگەدەرەقەتی ئەم یادەبێن، دەم هەراشی ٢٠ ساڵی ڕابوردویان نەیگەیاندین بەهیچ.

لەیادی هەڵەبجەدا هەزاران درود وفرمێسك وبێدەنگی زیاترم نیە.

## ئەنفال چی لێکردین..؟ بەراورد لە نیوان ئەم دوو وێنەیەدا کە هی تەنیا کەسێکە شایانی هەڵوەستەیەکی وردە



عائیشە لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٣ی گوندی سێدەری ناحیێی بنگردە، لەپەلامارەکانی ئەنفالی یەکی ناوچەی دۆڵی جافایەتیدا هەرچۆنێك بوو دەربازی بوو، بەلام دوای روخانی بەعس و دەرکەوتنی گۆرە بەکۆمەڵەکان و دۆزینەوەی هەندێك بەڵگەی یاسایی پێناسەی قوربانیەکان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵی حەزەری ناوچەی موصل، پێناسی باری کەسێتی (تەسکەرە)ی هەندێك کەسی گوندی سێدەر دۆزرانەوە، پاشئەوەی لە دائیرەی نفوی بنگرد، ناوەکانیان بۆ پشتڕاستکردبونەوە، زانیاری ئەوەشیان پێدابوون کەوا کەسوکاری ئەم پێناسانە ئێستا لەپیرەمەگروون دادەنیشن، دواتر تیمێکی دادگای بالای تاوانەکان بانگهێشتیانکردبوون بۆ سلیمانی تا بەشێوەیەکی شایستە سەرەخۆشییان لێبکەن و پێیان رابگەیەنن کەوا کەس وکارتان نەماون و لەئەنفالدا شەهید بوون و ئەوەش پێناسەکانیانە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە .. بەلام کە پێیانراگەیاندبوون پێناسەکانیان وەکو شەهید خوێندبووەوە تیمەکە خەریکبوو لەهۆشیان خۆیان بچن بەوەی کە سێکەس لەو خانەوادەیە پێناسەکانیان لە گۆرەکەی حەزردابوون لەو کۆبوونەوەیەدا بە زیندوویی ئامادەبوون کە یەکێك لەوانە ئایشە بوو.



ئەو وێنەیە دوو حالەتی تایبەتمان پیشاندەدات ئایشە بەرلەئەنفال لەناوباخێکی گوندەکەیان بە رویەکی خۆش و گەشەوە دانیشتووەو بەجلی ئالاوالای کوردیەوە بەلام داوی ئەنفال زیاتر بەژنێکی عەرەبی شێوە بەدەوری دەچێت. کەوایە ئەنفال لە هەزاران رەهەندەوە کاری خۆی کردووەتە سەرتاك وکۆمەلگای کوردی ئەوەی لێرەدا مایەی سەرەنجە دەبوو، کورد زیاتر جەختی لەخودی خۆی و کەلەپوروجلوبەری کوردی خۆی بکردایەتەوە نەك پۆشاکی عەرەبی

عائیشە ساڵی ٢٠٠٧ هاوسەرگیری کردووەوئێستا لە ئۆدوگای تەکیەی کاکە مەنددەژی تەنیا کچێکی هەیە بەناوی ئەژی سێوەو تەیفوریش بەهەمان شێوە تەسکەرەکانیان لەوگۆڕە بەکۆمەڵەدابوو، کە تەرمی دایکیانی تێدا دۆزرایەوە. ئەوانیش ئێستا لە پیرە مەگرون دەژین. سێوە خوێندکاری بنەرەتیەوتەیفوریش هاوسەر گیری کردووە لەئۆردوگای پیرەمەگرون دەژین. کەچی ئەمساڵ لیژنەی لێکۆلینەوەیان بۆ پێکهێنابوون داخۆ ڕاستە دایکیان ئەنفالکراوەویان لەسەرجێگەی نەرمی ماڵەوە مردووە ..!!

**نەبیل مستەفا:**

# لە کاتی ئەنفالدا سەربازی سوپا بووم جاشەکان هیچ جێی متمانە نەبوون

**ئا/ مەحمود نامۆ**



گەلی کورد چەندین تاوان وزوڵمی بەرانبەرکراوە لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقەوە، بەردەوام خەڵکی دڵسۆز وهاوخەمیشی هەبووە، تاکو لەئازارو نەهامەتییەکانی تێبگات، پرۆسەکانی ئەنفالیش ئەو تاوانە جەرگبڕە بوون، کە رژێمی لەگۆڕنراوی سەدام بەرانبەر بەخەڵکی بێ تاوان وبێ دەسەڵاتی کورد ئەنجامیدا وبەچەند قۆناغێك بەهەزاران رۆڵەی ئەم نیشتیمانەی بێ سەرو شوێنکرد وزیندە بەچاڵی کردن، هەموویانی بەر دەستڕێژی گوللەی جەلادەکانیدا.

لێرەدا گفتوگۆیەك لەگەڵ نەبیل مستەفا ساز دەکەین ،ئەو هاولاتییەکی تورکمانەو لەساڵی ١٩٦١ لەکەرکوك لەدایك بووەو لەکاتی تاوانی ئەنفال سەربازی عیراقی بووەو دور بین بەدەست بووە، بەچاوی خۆی خاپورکردن ووێرانکردنی گوند ومزگەوت وباخ وبێستانەکانی کوردستانی دیوەو چەند جارێکیش وەك خۆی دەڵێت:" تووشی کێشەو گرفت هاتووم لەگەڵ لێپرسراوی یەکەکەم، لەسەر بەرگریکردنم لەسەر قورئان وخەڵکی بێ تاوان".

نەبیل مستەفا دەڵێت: ئەنفال تاوانێکی گەورەبوو، جینۆسایدەو دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدرا، رژێمی دیکتاتۆر بەبێ جیاوازی تەمەن ورەگەز ، گەورەو بچوکی زیندە بەچاڵدەکرد ودەیکوشت، لەو کاتەدا من سەربازی رژێمی پێشوو بووم رەوانەی ناوچەی شەقلاوە کرام، بەچاوی خۆم بینیم چۆن داروودەستەکەی رژێمی سەدامی دیکتاتۆر گوندەکانی وێراندەکرد وفەرهودو تالانی ماڵی فەقیروهەژاری ئەوناوچانەی دەکرد، بەچاوی خۆم بینیم ئەو رژێمە زاڵمە بەشۆفڵ خانوەکانی دەروخاندو باخ وبێستانی جوتیارانی ناوچەکەی وێراندەکرد، ئەوەش تەنها لەبەر تاکە هۆکارێك کە کورد بوون، ئەوەی جێی داخەو زۆر یش کاری لەمن کردبێ، بینینی جاشەکان بوو، ئەوانە ناچارنەبوون بەلکو خۆفرۆش بوون، کەدەستیان هەبوو لەئەنجامدانی تاوانی ئەنفال، من زمانی کوردیم دەزانی، لەگەڵ هەندێك لەو جاشانە یەکتریمان ناسی، دوایی ئەوانیش بەسەتڵ هەنگوینیان بۆم دەهێنام، پێم دەوتن ئەمانەتان لەکوێ بوو؟ دەیانووت:"فەرهوودمان کردووە" باوەڕم پێبکە لەناخەوە دەسووتام، منیش پێم دەوتن باشە چۆن دەبنە جاش و بەدەستی خۆتان هاو زمانی خۆتان دەدەنە دەستی رژێمێك کە بەبەرچاوی خۆتانەوە دەیانکوژن، ئەوانیش دەیانوت" ئەگەر وانەکەین دەبێت سەربازی بکەین وبڕۆین بۆ جنوب"، منیش پێم دەوتن: ئەی نابینن منیش

سەربازم ئەوە ناکەم کە ئێوە دەیکەن..؟ هەبوو قەناعەتی بەقسەکانم دەهێا،بەڵام هەندێکیان هەر گاڵتەیان پێدەکردم.

ئەو پیاوە تورکمانە بەئاهێکی قوڵەوە زیاتر وتی: باخەوانێکی پیر هەبوو هات بۆلام وپێوتم" کاك نەبیل بەو سەربازانە بڵێ چی ئەخۆن لەباخەکەم بابیخۆن گەردنیان ئازا بێت، بەس توخوا بەتێکی نەدەن و خەساری نەکەن"، کەچی سەربازەکان دەڕۆیشتن ئەوەندەی پێویستیان پێی بوو میووەو شتیان لەباخەکە دەهێنا ودواتر تێکیان ئەدا، بۆڵە ترێیان لێدەکردەوەو یەك، دوو دەنکیان لێ دەخواردو ئەوەشی کەدەمایەوە دەیانخستە ژێر پێیانەوە،رۆژێکیان لەکانییەك ئاومان خواردەوەو دوای ئەوەی من دەستنوێژم هەڵگرت، سەربازێك میزی کردە ناو ئاوەکەوەو پیسی کرد، زۆرم پێ ناخۆش بوو، پێم وت: خوا قبوڵ ناکات بۆچی والەو ئاوە دەکەیت، ئەوەندە نەزان ونەفام بوو دەیوت" ئەم ئاو وکانیە هی کورد نییە، ئێمە هاتوین لەناویان بدەین و ناوی کورد نەمێنێت"، ئەمانەشیان بەتەنها نەدەکرد، بەڵکو لەگەڵ جاشەکاندا بوون وجاشەکان رێیان پیشان دەدان، بەو سەرشۆڕیەشەوە جاشەکان جێی متمانەی هیچ کەسێك نەبوون لەو یەکە سەربازیەدا، چەند جارێك بەکوردی لەگەڵ جاشەکان قسەم دەکرد، ئەفسەرەکەمان پێی ناخۆش بوو، خۆی تووڕە دەکرد ودەیوت" بۆچی بەعەرەبی قسە ناکەیت"، دەمگوت: ئاخر ئەو جاشانە عەرەبی نازانن، ئەویش دەیگوت" کەیفی خۆیانە بافێری عەرەبی بن، خۆ دەبێت من بزانم ئێوە باسی چی دەکەن، بۆیە بەعەرەبی قسەبکەن بامنیش تێبگەم"، دواتر منیان بانگ دەکرد ولێپرسینەوەیان لەگەڵمدا دەکرد ودەیانگوت" نابێت زۆر دابەزیت وبچیتە ناو خەڵك، ئێرە پێشمەرگەی لێیە"، منیش ئەموت: هیچ ترسم لەخۆم نییە، واش نییە من هەموو رۆژێك لەناو خەڵك ومزگەوتدام، تاکو ئێستا هیچ رووی نەداوە.



نەبیل وتی: کارێکی باشە حکومەتی عێراقی دان بەجینۆسایدکردنی گەلی کورد بنێت وهەنگاوی ئیجابی بنێت بۆ خزمەتکردنی کەسوکاریان و قەرەبووی ماددی ومەعنەوی قوربانیەکان بکاتەوە و دەرماڵەی خانەنیشن بۆ پیرو پەککەوتەکان دابین بکات، زۆریش پێویستە گەلانی عێراق پەندو عیبەرەت لە رابردوو وەربگرن تا ئەو هەموو نەهامەتی وزوڵمەی لێی کراوە دووبارە نەبێتەوە.

# کیمیابارانی گۆپتەپەو یادەوەری دکتۆر سەنگەر

**شەپۆل سەعید**



بەپێویستم زانی لە یادی ئەنفال و کیمیابارانی گۆپەپەدا یادەوەری‌وچالاکی پێشمەرگەیەك بۆ ئەم ساڵنامەیە ( ئەنفالستان ) بگێرمەوە، سەرەتا با ئەوە بڵێم کە ئێمە لەخانوادەیەکی جوتیاری هەژاردا لەگوندی کانی سوری سەربە قەزای کۆیە چاومان بەدنیا هەڵهێنابوو، هەلومەرجی کوردستان‌و ئەو زووڵەی لە میللەتەکەی بەگشتی‌و جوتیارانی کورد بەتایبەتی دەکرا رای کێشابوینە ناو خەباتی سیاسییەوە ئەم یادەوەریە باس لەچالاکی‌و تێکۆشان‌و شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی دەشتی کۆیە دەکات ئەویش شەهید سەنگەرکانی سوری برامە .

شەهید سەنگەر ناوی ڕاستەقینەی سەعید حەمەئەمین سەعید شەریف لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٨ ی گوندی کانی سور، ناسراوە بە هاوڕێ سەنگەرکانی سوری، هەرچەندە ئەو تەنها پلەی سەرەتایی خوێندنی بریبوو، بەڵام بەهۆی چالاکیەکانیەوە بە دکتۆر سەنگەرناسرابوو، ئەوکاتەی کەگیرا ئەندامی قەزای کۆیە بوو.

شەهید سەنگەر لەساڵی ١٩٨١ چەکی پێشمەرگایەتی لە ریزەکانی حیزبی شیوعی عراقدا کردەشان‌و هەر زوو بەهۆی توانای بەدەنی‌و عەقلیەوە خۆی ناساندو بووە جێگای متمانەو سەرسوڕمانی خەڵکی دەشتی کۆیە..! چونکە ئەوهێشتا تەمەنی ئەوەندە نەبووکە بتوانێت بەرپرسیارێتی پێشمەرگایەتی هەڵبگرێت. بەداخەوە دوای ٢ ساڵ لەشەڕێکی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حزبی شیوعی عراقدا بە سەختی برینداربوو، لەبەرکاریگەری برینکەی دوای ساڵێك ئینجا توانی بکەوێتەوە سەرپێ‌و بەپێی خۆی بڕوات. دوای ئەوساڵە لەگەڵ خاوەر سەعید ژیانی هاوسەری پێکهێناو. سێ کچی لەپێش بەجێماوە بەناوەکانی ( بنار، کەنار، بێلانە ) بەهۆی هەواڵی گیرانیشیەوە خاوەری هاوسەری منداڵێکی لەبارچووە.

ساڵی ١٩٨٥ چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتەوەولەدەشتی کۆیە بەردەوامبوو هەتا ئەوڕۆژەی کە گوندی کانی سورلەلایەن ڕژێمی بەعسەوە تێکدرا، ئەویش خانەوادەکەی دەگوازێتەوە بۆگوندی گۆپتەپەی بەری قەڵاسیوکە، لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانی بۆگەشەپیدانی چالاکیەکنی حیزبی شیوعی عراق چالاکی دەنوێنێ. لەهەمان کاتدا لەگوندی گۆپتە خەریکی کاری شێوەکاری‌و دکتۆریش دەکات، هەرچەندە ئەو هیچ پەیمانگایەك یان کۆلێژی دکتۆری نەخوێندبوو، بەڵام کۆمەڵێك خولی برینپێچی‌و پزیشکی بینی بوو لەگەڵ حیزبی شیوعی عراقدا، ئەوسەرووختەش لەناو پێشمەرگەدا باوبوو هەرکەسێك بیتوانیبایە دەرزی لێبدا نازناوی دکتۆریان پێوە دەلکاند هەرئەوەبووکە توانی نازناوی دکتۆر سەنگەرهەڵگرێت، بۆیە لەگوندی گۆپتەپە بەکتۆر سەنگەرناسرابوو، هەرچەندە بەپارەی گیرفانی خۆی کۆمەکی خەڵکی ئەو ناوچەیەو برنداری پێشمەرگەی هەموو لایەنکانی تریشی چارەسەردەکرد.

کاتێك کەگوندی گۆپتەپە بەرهێرشی کیمیابارانی ڕژێمی بەعس کەوت، ئەو وەك دکتۆرێك توانی دەیان کەس ڕزگار بکات لە

مردن بەلآم بەداخەوە ئێستا ناوی ئەوكاسانەم لەبیرنەماوە كە هاوكاری كردون، بەلآم هەركسێك سەردانی گۆپتەپە بكاتو بپرسی خەڵك زۆر بەباشی دەیناسن و رەنگە شتی بەسودیشیان لابێت لەسەری .

شەهید سەنگەر بۆخۆشی بەهۆی كیمیابارانەكەی گوندی گۆپتەپە بریندارببوو، بەلآم چەنكە شارەزابوو دەرزییەكی ئەترۆپینی بۆخۆشی



هێشتبوە تابتوانێت چارەسەری خۆی پێبكات وەهەر ئەو دەرزیش بووە هۆی ئەوەی رزگاری بێتو گیان لەدەست نەدات. هەرچەندە ئەومالی لە ناوگوندی گۆپتەپەدا نەبوو بەلآم بۆ بەهاناوە چوونی خەلكی لیقەوماوی گوند منداڵەكانی خۆی بەجێهێشتو چووبەهانای برینداراانەوە هەرئەو دوریەش بوو كەخۆش بەختانە منداڵەكانی بەركیمیای ناكەوتن ئەوانە لە رەنی گۆپتەپە دەبن كەماوەیەك دورە لێیەوەو هیچ كەسێكیش لەوانەی لە رەندیخان بوونو لەوێ دەژیان كیمیایی كاری تێنەكردبوون. ماڵی مامان لەوێ دەژیان كاتێك دەگاتە ئەوێ دەیەوێت خەبەرێكی ئەوانی دەست بكەوێت بەلآم هیچیان بەزیندوێتی نابینێتەوە، خەلكی تریش لەتاوئازاری كیمیاوی بەم لاو لای گۆپتەپەدا بلاوببونەوەو رۆیشتبون.

هاورێ سەنگەر لەكیمیابارانكردنەكەی گۆپتەپەدا كەسێكی تریشی رزگاركرد، بەناوی هێمن حسێن شەریف. هێمن كوری ئامۆزایەكمانەو ئێستا نیشتەجێی شاری كۆیەیە، خۆشبەختانە ئێستا لەژیاندا ماوەو پێموایە لەقۆناغی چوارەمی زانكۆی كۆیە بەشی فیزیا ، دەخوێنێ، لەساڵی ٢٠٠٩خەڵاتی بلەی فاوندەشینی پێبەخشراوە وەك خوێندكاری نمونەیی) بەداخەوە باوكودایكوبراو خوشكەكانی لەگەڵ مامێكیونەنكی لەو ئێوارەیەی ژەهربارانەدا شەهیدبون، هاورێ سەنگەر تەنها توانی هێمن رزگاربكات چونكەكەوتبوە ژێر بریندارەكانەوە.

سەرباری ئەو كۆستەگەورەیەی لە گۆپتەپە یەخەی گرتنو سەرباری برینداربوونی خۆی هاورێ سەنگەر توانی منداڵەكانی لەگەڵ چەند خانەوادەی تری نزیك ماڵی خۆیان دەربكاتو بیانگەیەنێتە ناحیی خەلەكان. بەلآم كەزانی هاوسەرو منداڵەكانی ناتوانن لە خەلەكان بمێننەوە رەوانیان دەكات بۆقەزای دوكان، بۆخۆشی دەرواتەوە بۆ چیای كۆسەرت بۆلایی هاورێ پێشمەرگەكانی. بەداخەوە لەبەرواری ٩/٦/١٩٨٨ كەهێشتا ئاگری ئەنفال لەناوچەی بالیسانو خۆشناوەتیو دۆلی ئاكۆیان نیلەی دەهات ئەو لەمێوان گوندی فریزەلی و ناحیی خەلەكاندا لەلاین چەند جاشێكی خۆفرۆشی گوندەكانی كەلكەسماق، سارتكە و تەلان تەسلیم بە دائیرەی ئەمنی دوكانی دەكرێت، بۆ ئەوەی كە بتوانن مەفرەزەی ئەمنی پێوەربگرن!!!! بەلآم تەنها سەرشۆڕیان بۆمایەوە.

ئەوکاتەی هاوڕێ سەنگەر گیرا منیش لە دائیرەی ئەمنی دوکان سێ ڕۆژبووگیرابووم، من



لەبەرواری ٣/٦/١٩٨٨ بەتۆمەتی پەیوەندیم بە حیزبی شیوعیەوە،گیرام کەهێنایان بۆلای من ئەوەندەیان لێدابوو نەمناسییەوە، دەست وچاویان بەست بوو، سەری لە سێلاوە شکێنرابوو. بەڵام کاتێك ئەوقات وپشتێنەیم بینی کە خۆم لەساڵی ١٩٨٨ بۆم کڕیبووئینجا بەناوە نهینیکەی بانگم کرد وتی تۆکیت؟ وتم شەپۆلی براتم هیچ کەس ئەو ناوەی نەدەزانی (ناوی حیزبی بوو، تەنها شەهید سنگەرو دەریای برام دەیانزانی ئەویش لەبەرئەوەی لەیەك شانەی حیزبیدا کارمان دەکردلەدوکان، ناوی شەپۆل ودەریاش هەربۆخۆی لێینابوین.

سێ ڕۆژ لە ئەمنی دوکان پێکەوە زیندانی بووین، ڕۆژی چوارەم شەهید سەنگەریان بانگکرد بەبێ ئەوەی بەمن بڵێن ئەوەبراکەت دەگوازینەوە بۆ شارێکی تر دەتوانی ماڵئاوایی لێبکیت. بەڵام ئەودڵ ڕەقانە وەك پیشەی هەمیشەییان بەرامبەر زیندانیە سیاسیەکان وەحشیانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵداکردین.

بەداخەوە پارەیەکی زۆریشمان بۆ واسیتەخەرجکرد تا ژیانی بکرینەوەولەزیندان دەریبهێنین، بەڵام بێسود بوو، چونکە سەردەمی ئەنفال‌ولەناوچەی قەدەغەکراودا بەچەکەوەگیرابوو، پێشمەرگە بوو بەقسەی خۆیان هیچ نەدەکرا بۆ ئازادکردنی.



## لە زانکۆی سەلاحەدین توێژینەوەیەکی دەرچوون دەربارەی گۆڤاری ئەنفالستان دەکرێت .

ڕۆژنامەنوس و خوێندکاری زانکۆی سەلاحەلدین ( چنار نامیق ) ئێستا سەرقاڵی توێژینەوەیەکە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەسەر ستایلی کارکردن و شێوزای دەرچوونی سالنامەی ئەنفالستان پێشەکەش بکات . لەمبارەیەوە چنار بە ئەنفالستانی ڕاگەیاند : باسەکەم بەناونیشانی پرسی ئەنفال لەڕۆژنامەگەری کوردیدا لەمانگی ئایار پێشکەشی دەکەم خوێندنەوەیەکی شیکارییە بۆ ( گۆڤاری ئەنفالستان ) وەك بەشێك لە پێداویستی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەڕاگەیاندندا لەکۆلێژی ئاداب بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین بەسەرپەرشتی دکتۆر حەبیب کەرکوکی بۆساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣

سەباح نەجمەدین عەلی حاجی :

# ئـــازاری ئـــەنفالو تـــەنیایی مـــن هـــەرگیز بەباســـکردن تەواو نابێت .



سەباح نەجمەدین لە دایکبووی (١٩٧٥)ی گوندی کونە کۆتری سەر بەناحێی ئاوسپییە، سەروەختی ئەنفال ئەوگوندە سەربە ناحێی تیلەکۆبوون.

( سەباح نەجمەدین)یش یەکێکە لە تاقانەکانی دوای ئەنفال .. واتا لەکۆی ئەندامانی خانەوادەکەی تەنها خۆی دەربازبووەوەو بەتەنها ماوەتەوە.

سەباح سەربای نەخوێندەواریەکەشی وەکوزۆربەی قوربانیانی ئەنفال دەستەوسان دانەنیشتووە، بەڵکو کارێکی گرنگی دەستداوەتێ، هەستاوە بە کۆکردنەوەی ناوی ٦٩ کورِوکچی ئەنفالکراو کە هەموویان دوای ئەنفال وەکو خۆی تەنیا ماوەنەتەوە . واتە لە کۆی ئەندامانی خانەوادەکەیان تەنها کەس ماونەتەوە .

سەباح سوپاس گوزاری ئەو کەسانەیە کە لەم پرۆژەیەدا هاوکاریان کردووە .. بەلاّم رەخنەو گلەیی زۆریشی هەیە لە رێکخراوەکانو بەرپرسە حزبیو حکومییەکان .

ساڵی ١٩٨٨ گوندی کونەکۆتر تەنها( ٧ ) ماڵی تێدا دەژیان، بەرلەوەی پەلاماری ئەنفال شیرازەی ژیانیان تێکبدات، خەلکەکەی خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵداریی بوون، کونەکۆتر بەشێویەکی گشتی خەڵکێکی هەژارو نەداری تێدا دەژیا، لەبەرئەوەی لەسەرنەخشەی عێراق نەبوو لەهەموو خزمەتگوزارییەکیش بێ بەش بوو، بەلای کەمەوە حکومەت نەکارەبای بۆراکێشابوون نە قوتابخانەیەکی تێدا کردبووە، وەکو پنتێکی بچکۆلە بەسەرنەخشەی گەرمیانەوە بەماتیو هەژاری دەی گوزەراند کەچی بەو حاڵەشەوە خەڵکەکەی دوچاری گورزی بەعس بوونو زۆربەیان ئەنفالکرانو جارێکی تر نەبینرانەوە.

ئەو گوندە هەژارە لەچاو بچوکیەکەی گورزێکی کەمەرشکێنی بەرکەوتووە لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێدا ( ٣٨کەسیان ئەنفالکراوە) ئەوانەی ئەنفالکران هەموویان خزموکەسوکاری نزیکی یەکتری بوون، لەبەر ئەوەی قوتابخانەی تێدانەبوو منداڵانی گوند دەچوونە گوندەکانی دراوسێیان بۆخوێندن سەباح یەکێك بووە لەومنداڵانە کە رۆژانە بەپێ دەچوو بۆ گوندێکی دراوسێیان بۆ خویندن، تا قۆناغی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەکەی گوندی هەوارە قوڵە بریووە، لەبەر ئەوەی گوندەکەیان چەپەكولاتەریك بووەولەنەخشەی حکومەتی عێراقیدا نەبوو، تەنانەت لە ئەنفالیشدا جەیش

نەچووە ناوگوندەکەیان و خانووەکانیان بەفرۆکە سوتێندران .

بەڵام گوندەکانی پەلەوشك و گۆمەزەردو



کونەکۆتر کە نزیکی یەکتربوون، خراپ کەوتنەبەر پەلاماری دڵرەقانەی ئەنفال بۆنمونە گوندی گۆمەزەرد تەنها مام عەلی‌ودوو کچ و دووژنی تێدا دەربازبوون، ئەوانەی ترهەموویان ئەنفالکران و جگە لەدوو پیرەژن و پیرە پیاوکە لەنوگرەسەلمان گەڕانەوەو مردن، ئەوانەی تر رۆیشتن و نەبینرانەوە ، گوندی کونە کۆتریش بەپێی ئەو ئامارەی لەبەر دەستی ئەنفالستاندایەو بەڕێز مامۆستا ئارام قادر ئەنجامیداوە لەوحەوت ماڵەدا ٣٣ کەسیان ئەنفالکراوەو سەباحیش ئەوژمارەیە پشتڕاستدەکاتەوە کە لەوانە (٩)کەسیان لەخانەوادەکەی سەباح نجمەدینن کە بریتین لەدایکی و باوکی و خوشك‌وبراکانی.

**یادەوەری منداڵی :**

سەباح لە دانیشتنێکماندا بەناو بە حەسرەتەوە یادەوەریەکانی منداڵی و چاوشارکێی شەوانی ئاوایی و یاری منداڵی گوندی لەگەڵ ئەو هاوڕێ و هاوتەمەنانەی خۆیدا کە ئێستا ئەنفالکراون و لە ژیاندا نەماون گوزەری کرد بە ماتەمینیەکی پرلەشکۆدا گەڕایەوە بۆ ئەو کاتانەی باوکی پێشمەرگەبووەو شەوان دایکی بەتفەنگەوە حەرەسیاتی لێدەگرت، لەناو هەموویاندا ئازایەتی دایکی و قارەمانێتی و چاونەترسی باوکی کاریگەرییان بەجێهێشتووەو لە ڕاستیدا هەمان ئەو خەسڵەتانە بەتەواوی بە سەباحیشەوە دیارن، چونکە سەرباری ئەوەی کە کوڕێکی بەخشندەو ڕوخۆش و میوان دۆستە کەسایەتیەکی ئازاوسەنگینیشە.

لەناو ئەو یادەوەریانەی منداڵیدا گێڕایەوە کەوا جارێکیان پێشمەرگە میوانیان بووەو مام صالح گوڕی ئەسپی کە پێشمەرگەیەکی بەناوبانگی ناوچەی گەرمیانە، ئێستاش لەژیانداماوە، ووتی: ( ئەو پیاوە زۆر هاوڕێی باوکم بوو، هاتبوو بۆماڵمان مام صالح سەری تاشیبوو کڵاوێکی کوڵکنی لەسەردا بوو، لە پێشمەرگەکانی پرسی ئەڕێ چۆن دێمە بەرچاوتان؟ پێشمەرگەکان قسەیان نەدەکردووە، بەڵام من هەروا تەمەنم حەوت هەشت ساڵانبوو، لەباوەشی باوکمدابووم هەر لەخۆمەوە هەڵمدایەو ووتم : ( ئەڵێی کوڕی خوایت) ئیتر هەموویان لەقاقایانداوەو دەستیانکرد کردووە بە پێکەنین ئێستاش مام صالح کە دەمبینێ ئەو قسەیەم پێدەڵێتەوە.

کاتێك هاتە سەر گێڕانەوەی ئەنفالکردنی خانەوادەکەیان و نەجمەدینی باوکی

هەناسەیەکی هەڵکێشاو ئەو دەموچاوەی هەمیشە خەندەو خۆشی لێدەباری گرژبوو ووتی: من ئەو کاتە تەمەنم سیانزە (١٣) سالان بوو، بە دیار ئاژەڵەوە بووم، ئەگینا منیش ئەنفالدەکرام، نەجمەدینی باوکم پێشمەرگەیەکی ئازابوو زۆر زۆر هاوڕێو تێکەڵی شێخ حسێنی هەزارکانی بوو، شێخ حسێن تەکلیفی لێکردبوو کەوا ئەو ژنو منداڵە زۆرە بەجێنەهێڵن و پێکەوە بمێننەوە، سەباح درێژەی بە قسەکانیداو ووتی: " من ئەوسا لەگەڵ مامەم عەتا بە دیار ئاژەڵەوە بووین و مەڕەکانمان بەرەو قەلاقۆچاڵی دایەپێش خۆمان و پێموایە شەوێك یا دووان لەوێ ماینەوە. بەڵام وەزعەکە تا دەهات خراپتر دەبوو بازنەی گەمارۆکان تەسکتر دەبوونەوە ئیتر باوکم جوابی ناردبوو ووتبووی با سەباح ئاژەڵەکان بەجێبهێڵێ و بێت بۆلای خۆم وەزعەکە خراپەو ئاژەڵم نەگەرەکە ، هەرچۆنێك بووە باخۆی بگەیەنێتە لای من، ئیتر ئەوەبوو ئیرادەی خوای لەسەربوو ئێمە نەگەیشتینە لایان. هەندێك کەسی ناسیاویشمان کە جاش بوون، بە هانای باوکمو شێخ حسێنی هەزارکانییەوە چووبوون و تبویان هاتووین بە فریاتان بکەوین ، بەڵام باوکم ملی بەوە نەدابوو بەراشکاوی پێی ووتبوون، ئێوە خۆتان چڵکاوخۆری حکومەتن و گەرکتانە منیش ببمە جاش و چڵکاوخۆر ؟ من نایەم لەتەکاندا ئەوەندەی من بیزانم هیچکام لە کاك شێخ حسێن و باوکم ملیان بەداواکەیان نەدابوو، ئیتر چوبوون بۆ ملەسورەو لەوێ هەربە تراکتۆرەکانی خۆیان بردبویان بۆ ملەسورەو لەوێشەوە بۆ قەلای قۆرەتوو، ئەمە نەنکم (بەهیێ قادر عەزین) بۆمی گێرایەوە کەوا لەگەڵ باوکمدابووە. ئەو لەتۆپزاوا جیاکرابووەوەو بردبویان بۆ نوگرەسەلمان .

## پیاوە ئازاکان :

نەجمەدینی باوکم لەگەڵ کاك شێخ حسێنی هەزارکانی وکۆمەڵێك پیاوی تری ئەو ناوچەیە بڕیاریاندا ئەگەر مردنەو ئەگەر ژیان پێکەوەبن و دەستبەرداری یەکتری نەبن، ئیتر حکومەت هەرچیمان لێدەکات با بیکات، وتیان : بەڵام ئامادەنیمان بێین ببینەچڵکاو خۆرو ژێردەستەی حکومەت. هیوادارم ئەوە نەبێتە هەڵکێشانی باوکم و هاورێکانی چونکە خەڵك هەیە شایەتی ئەم قسانەیە، منیش نەمدیووە بەڵام نەنکم ئەم قسانەی بۆگێراومەتەوە . شێخ حسێنی هەزارکانی پیاوێك بوو هەتا بلێی ئازاو روح سوك و بەهەیبەت بوو، ئەوە هەموو خەڵك باش دەیزانێ جیاوازی ئەو پیاوە لەگەڵ شێخەکانی تر قابیلی بەراورد نیە هەرگیز قبولی ئەوەی نەدەکرد خۆی بەگەورەی خەڵك بزانێ مردن وئەنفالکردنەکەی شایەتی ئەم قسانەن . ئەوان قسەی خۆیان بردەسەرولیان کەچ نەکرد. ( بێگومان نامەردترین پیاویش دەستی چووەتە کوشتنیان)

حەمەی مام حسێن کە هەندێك لە جاشەکانی خزمیان فریای کەوتن و لە گوندەکانەوە دەریانکردو گەیاندیشیانە کەلار، بەڵام لەوێ کەهەواڵی هاوڕێو دۆستەکانی پرسیبوو زانیبووی کەوا گیراون و لە قەڵای قۆرەتوون، ووتبووی ئەی هاورێکانم کوان..؟ ووتبوویان

ئەوانە تازە رۆیشتن ئەنفالکران و ناگەرێنەوە ئەویش مەردانە ووتبووی ئاوا ؟ وتبوویان بەڵێ تازە بەتەماییان مەبەو یەك کەسیان ناگەرێتەوە ئیتر کاکە حەمەی مام حسێن خۆی هەستابوو چووبوو بۆقۆرەتو، ئیتر ئەویش ئەنفالکراو نەگەرایەوە[٥] ووتبووی مادام ئەوان دەمرن دەبێ منیش بمرم. لەوێ لەقەلای قۆرەتوو بە باوکم و کاك شێخ حسێن و ئەوانیان ووتبوو برا مێزەرەکانتان دابگرن چونکە بەعسیەکان قەهریان دێت و دێن ئەزیەتمان دەدەن، بەلام باوکم و ئەوان ووتبویان بەخوا مێزرەکانمان تەنها مەگەر بەزللەی بەعسی دەنا لەسەرماندا نایەتە خوارەوە. ([٦])

## دەربازبوونی سەباح :

ئەوان کەبەلای رانە مەرەوە بوون کەسێك لەکەلارەوە بەناوی محمد صالح هاتووە بەهانایانەوەو رێنیشاندەری کردوون تا سەرجادەی گشتی لەنیوان سەرقەلاو وەلی هەیەرەوە لە نێوان رەبایەیەکی جاشەوە دەری کردوون و چوونەتە سەرجادەی گشتی لەوێ پیاوچاکێك بەفریایان کەوتووەو نان و خواردنێکی باشی بەفریا خستوون سەباح دەلێت لەبەرئەوەی ئەو نانەی بە خۆمان بوو کۆن ببوو کەروی کردبوو، کە (حاجی عەلی ) پیاوێکی زۆربەرێز بوو، نانی سپی و مریشکی بۆهیناوین هەرلەوێ دوونانی سپیم خوارد ئێستاش تامەکەی والەدەممدایە. ئیتر صیاح لەگەڵ عەتای مامەی و خاڵۆی چوونەتە کەلاری کۆن و لەماڵی محمد سالح گیرساونەتەوە بەلام مامەی و خاڵۆی (بەناوەکانی عەتاو جەلال) ووتوویانە دەچینەوە بۆ ئاوایی لەکاتەدا سەباح قاچی لەجێ چووە دەنا ئەویش لەگەلیاندا دەرۆی و ئەویش ئەنفالدکرا چونکە کە چووبوونەوە بۆ گوندەکەیان لەوکاتەدا شێخ ئەمین ناوێك جەیشی بردووەتە ناوچەکە گوایە چاوساغی کردوون بۆئەوەی هەندێك چەك و تفاقی پێشمەرگەیان پیشانبدات ، زۆر گەراون نەیاندۆزیوەتەوە ( رەنگە هەر پیشانی نەدابن ) ئەو جەیشە مامەم عەتاو خاڵۆم جەلالیشیان گرتوو ئیتر ئەنفالکران خۆئەگەر منیش قاچم جەمان نەبوایە لەگەلیان دەچووم و ئەنفال دەکرام، ئیتر من بەو شێوەیە بەتەنها مامەوە کاك محمدیش وردەوردە مەرەکانی بۆفرۆشتین. من تا قاچم چاکبووەوە هەر لەماڵی ئەوان مامەوە ئیتر نەدەکرا من هەرلەوێ بم چووم لەچێشتخانەیەك دەستمکرد بەکارکردن . بەلام ئەوە بۆمن زۆر ناخۆش بوو چونکە ئەوە یەکەمجارم شارببینم . من منالبووم و لەلادێوە هاتبووم ئەمووت بەحەیاتم بەڵەدی ناوکەلار نابم . لەوچێشتخانەیە مانگی بە(٤٠) دینار ئیشم دەکرد شەویش

---

[٥] بەسەرهاتی حەمەی مام حیسێن جاشێك پشتراستی دەکاتەوە کە فەرماندەی سریە بووە لە فەوجی ٣٥ کە فەتاح بەگی جاف موستەشاری بوو ، تاهیر وەسمان هەمان چیرۆك دەگێرێتەوە کە رزگاری کردووە بەلام بە پێی خۆی دەچێت بۆ قورەتوو.

[٦] – هاوشێوەی ئەم ئازایەتیە فەرماندەیەکی جاش لە ژمارە (٤)ی ئەم سالنامەیەدا لەبارەی شێخ حسێنی هەزارکانی و هاورێکانی لەدرێژەی دیدارەکەیدا قسەی لەبارەوە کردووە. بروانە دیدارلەگەل حمەی مارف .

لەگازینۆیـــەك دەخـــەوتم مەگـــەر هـــەرخۆم بـــزانم چـــیم بەســـەرهاتووە باســـی ناخۆشیەکانی ناکرێت..

ســـەباح ســـوپاس گـــوزاری یـــەکێك لەخاوەنـــەکانی چێشـــتخانەکەیە کـــە ئـــەمن و ئیســـتخبارات هەواڵیانپرســـیبوو کـــە ئـــەم کـــورە کزۆڵەیـــە چـــی دەکـــات لێـــرەو زانیبویـــان کـــە مـــن هـــەموو کـــەس و ککارم ئەنفالـــە ئەمنـــەکان ووتبویـــان ئێمـــە دەتـــوانین بیبـــەین بـــۆلای کەســـوکاری لـــە ســـنوری ســـعودیەن بـــەلام ئـــەو نەیهێشـــتبوو هـــات پێـــی ووتم کـــە مـــن بـــەددوای قســـەی ئـــەوان نەکـــەوم و ئەوانـــەی بـــراون بـــۆ حـــدودی ســـعودیە کەســـیان نـــەماون. جگـــە لەهەنـــدێك پیروپەککەوتـــە نـــەبێت ئـــەوانیش عـــەفویان بۆدەرچووەو بەمزوانە دەگەرێنەوە.

بـــەئازارترین یـــادەوەری ســـەباح ئەوکاتەیـــە کـــە تـــەنیا کەوتووەتـــەوە، چـــونکە لەبەرئـــەوەی بـــاوکی پێشـــمەرگە بـــووە، لـــە صـــمودیش کـــەس نـــەیویراوە ســـەباح بەرێتـــەوە بۆمـــاڵی خـــۆی بۆیـــە تاکـــە ســـەرپەنای هـــەر گازینۆکـــە بـــووە، ئـــەوەش بـــۆ ســـەباح زۆر پـــر ئـــازاربووە چـــونکە ئـــەو کاتانـــەی بـــاوکی لـــە ژیانـــدابووە زۆری خۆشویســـتووە، تەنانـــەت لـــە تـــۆپزاواش تاکـــە وەســـێتی ئـــەوە بـــوو، بـــۆدایکی بەرلـــە جیاکردنـــەوەیان پێـــی ووتـــووە دایـــە ئەگـــەر خـــواکردی تـــۆ بـــەربوویت ئامانـــەتی تـــۆ ســـەباح ئاگـــات لێـــی بێـــت .. ئەمـــە زۆرجارنـــەنکی بـــۆ ســـەباحی گێراوەتـــەوە.

ســـەباح دەڵێـــت : ئـــازاری تـــەنیایی و چـــاوەروانی رۆژانـــی دوای گرتنـــی دایکـــم و بـــاوکم و تـــەنیا کەوتنـــەوەم هـــەرگیز بـــاس ناکرێت وەسف ناکرێت !!

کـــە دایکـــی بـــاوکم (نـــەنکم) گەرایـــەوە، ســـەرباری ئەوهـــەموو مەینەتیـــەی کـــە دیبـــووی دەگیرایـــەوە کـــە لـــە نوگرەســـەلمان لەســـەر دەرگاکـــە نوســـرابوو ( وەیـــل و ســـەقەرە ) خـــۆی دەیگـــوت بـــەخوا رۆڵـــە نوگـــەرە ســـەلمان وەیـــل بـــوو ( وەیـــل واتـــا دۆزەخ) بـــەلام هـــەر ئومێـــدی هـــەبوو، پـــارەی حەیوانـــەکانم مـــابوو لێـــی وەرگـــرتم دەستەیەك خانووی پێکرد ووتی:

تێنـــەوە رۆژێـــك کورەکـــان و منداڵـــەکان دێنـــەوە ئـــەوە یادەوەرییـــەکی زۆر پرئـــازاربوو ئیمـــە تـــا ســـاڵی ٢٠٠٣ هەرچاوەروان بووین بێنەوە.

## ناوی ئەندامانی خانەوادەکەی سەباح

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .١ | نەجمەدین محمد علی | ١٩٥٥ | نێر | ملە سوورە |
| .٢ | یاسەمین حمە ئەمین سلێمان | ١٩٥٧ | مێ | ملە سوورە |
| .٣ | گەلاوێژ نەجمەدین محمد | ١٩٧٦ | مێ | ملە سوورە |
| .٤ | گەردە نەجمەدین محمد | ١٩٧٨ | مێ | ملە سوورە |
| .٥ | ئارەزوو نەجمەدین محمد | ١٩٨٢ | مێ | ملە سوورە |
| .٦ | شلێر نەجمەدین محمد | ١٩٨٣ | مێ | ملە سوورە |
| .٧ | شەونم نەجمەدین محمد | ١٩٨٤ | مێ | ملە سوورە |
| .٨ | سیروان نجمەدین محمد | ١٩٨٦ | نێر | ملە سوورە |
| .٩ | سلاح نەجمەدین محمد | ١٩٨٨ | نێر | ملە سوورە |

بـەدەم ڕێـوە مـردوون‌و دواتــــر لەلایـــــەن کەســـوکاریان یـــان پێشـمەرگەوە بـە کۆمـەڵ نێـژراوون، لێـرەدا خالێـك جێگـەی سـەرنجە ئـەویش ئەوەیـە ئەوکەسانەی ئـەم تەرمانەشـیان داپۆشـیوە گریمانـــەی مردنیـــان دەکـرێ چـونکە ١٦ سـاڵ بەســـەر داپۆشـــینی قوربانیـانی نـاو ئـەم گـۆرە بەکۆمەڵــەدا تێدەپــەڕێ




**کـۆی زانیاریـەکانی نـاو ئـەم ڕاپۆرتـە لەڕێگـەی پـارێزەر (ساسـان ئـەنوەر عەبـدلرحمن) ەوە دەسـت سـاڵنامەی ئەنفالسـتان کـەوتن، ئـەوەی لێـرەدا دەیخوێنیتـەوە وردکـاری هەڵدانـەوەی گـۆڕێکی بەکۆمەڵـە لەگونـدی قلیجـی سـەربەقەزای هەڵەبجـە کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٤ لەلایـەن تیمێکـی شـارەزای وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ و ئـاوارەو ئەنفالـەوە کـاری هەڵدانـەوەی بـۆکراوە، تیایـدا نـاوی هـەموو قوربانیـەکان و نـاوی تیمەکـەو ئەوکارمەندوکریکارانەشـی تێدایـە، هـەروەها بەلگەیاسـاییەکان (جـل وبـەرگ، پێناسـە، خشـڵ ، کلیـل)و هـەموو ئـەو کەلوپەلانـەی لـەناو گۆڕەکـەدابوون بـەوردی باسـیان لێکـراوە. سـەرجەمی ڕاپۆرتەکـەش لەلایـەن خـێلان مسـتەفاوە بـۆ سـاڵنامەی ئەنفالستان نوسراوەتەوە .**

ڕاپـۆرتی ئـەم گۆرانـە بریتیـە لـە تـەرمی ئـەو کەسـانەی لـە بـەرواری ١٦ی ئـازاری ١٩٨٨ بەرچـەکی کیمیـایی کـەوتوون‌و دوای تێپـەڕبوونی ١٦ سـاڵ بەسـەر داپۆشـینیاندا لـە گـۆرێکی بەکۆمەڵـدا دۆزرانـــــەوە، تەرمـــــەکانیان‌و ناســـــنامەو دۆکۆمینتـەکانیان لەوگۆرانـەدا مـابوون، قوربانیـانی نـاو ئـەم گۆرانـەی بوونـە بابـەتی ئـەم ڕاپۆرتـە ئـەو کەسـانە بـوون کـە لـەکیمیابارانی شـاری هەڵەبجـەدا کەس نەهاتووە، باس لەوەبکات کەدایپۆشیوون.

ئــەوەی لــەم ڕاپۆرتــەدا دەیخوێننــەوە تــەنها هەڵدانــەوەی گــۆرە بەکۆمەڵەکــەی گونــدی (قلــیج)ە[٧]. کــە بــەرواری ٧ی ئــەیلولی ٢٠٠٤ لــەو کاتــەدا دەرکـەوتن کـە فەرمانگـەی ئەشـغاڵ‌و ئاودانکردنـەوە لقـی هەڵەبجـە کاریـان لـە پـرۆژەی ڕیگـای هـەردوو

---

[٧] **قلـیج نـاوی کانییەکـە نزیکـی گۆڕەبەکۆمەڵکـە لەسەرجادەی عەنەب و جەلیلە .**

گوندی عەنەبو جەلیلەی باکوری رۆژهەلاتی هەلەبجەدا دەکرد، لەو کاتەدا کە شۆفێری شۆفلەکان سەرقاڵی کارکردن بوون، لە پێشەوە هەندێك جل بەدەم شەفرەی شۆفلەکانەوەودواتر چەند تەرمێك دەرکەوتن. پاشئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادارکرایەوە.. بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال لقی هەلەبجە بەدەنگیانەوە چوونو هەمان رۆژ سەردانی شوێنەکەیان کردبوو.. دواتر بەشێوەیەکی یاساییو لەرێگەی تیمێکەوە هەلدرانەوە کە بۆمان روون نەبووەوە پێشتر کاریان لە هەلدانەوەی گۆردا کردووە یان نا؟ ئەو تیمەش بریتی بوون لە بەرێزان : یادگار عەلی فتاح، نیان حەمە صالح عبدولقادر، پەیوەست جەمال جەلالو عادل عوسمانو سیروان " بەر لە هەلدانەوەی گۆرەکان بەشێوەی یاسایی لەسەرەتاوە ناسنامەی ٨ کەس دەرکەوتبوون بەم ناوانەی خوارەوە :

١- عوسمان عەزیز حەمە رەشید
٢- نازەنین عوسمان عەزیز
٣- ئاراس عوسمان عەزیز
٤- ئارام عوسمان عەزیز
٥- شیرین عوسمان عەزیز
٦- شیلان عوسمان عەزیز
٧- عەلی عوسمان عەزیز
٨- عومەر عوسمان عەزیز

ناسنامەکان بریتی بوون لە ( بطاقة قری) " کارتی گوند" کە بریتیە لە وەرقەیەکی سپی سادەو بە دیزاینێکی سادە لەلایەن یەکەی ئیداری ئەو سەروەختەی رژێمەوە ئامادەکراوە، کە رژێمی بەعس بۆ هەموو گوندنشینەکانی دروستکرد بوو، ئەو کارتە لە روکاری پێشەوەی وێنەو ناوی کەسەکەی بەسەرەوەیەو لە روکاری پشتەوەشی ناوی گوندەکەی پێوەیەو ئەو کارتانەی لەو گۆرەبەکۆمەڵەدا دۆزرانەوە هەموویان ناوی گوندی (پاڵانی) ناوچەی هەورامانیان لێنوسراوە.

**رەوێنەوەی تەمومژ :**

لەسەرەتاوە تیبینی ئەوەکراوە کەوا خاوەنی ئەو پێناسانە هەموویان شەهیدبووبنو تەرمەکانیان لەوگۆرانەدا بوبێ، بەڵام دوای ئەوەی فەرمانگەی مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال ئاگاداری نامەیەکی بلاوکردەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاترو دۆزینەوەی کەسوکاریان دەربارەی ئەو پێناسانەی لەو گۆرانە دەستکەوتبوون، " نازەنین فتاح عوسمان" بەدەم ئاگادرییەکەوە دەچێتو لەوێ تەمومژێك لادەبات، کاتێك پێییان رادەگەیەنێت: کە تەنها هاوسەرەکەی بەناوی عوسمان حەمەرەشیدو منداڵێکی بەناوی ئاراس لەوتاوانەدا شەهید بوونو خۆشبەختانە ئەوانەی تر کە ناسنامەکانیان لەو گۆرەدایە لە ژیانداماونو ئێستا لەهەلەبجەی شەهیدان دەژین .

ئەم بەسەرهاتەی نازەنین فتاحو ناسنامەی زیندووەکان لە گۆرەبەکۆمەڵەکەی قلیجەدا تارادەیەکی زۆر هاوشێوەی بەڵگەکانی ناو گۆرێکی بەکۆمەڵی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصلە کە تیایدا پێناسەی ئەندامانی خێزانێکی گوندی سێدەری ناوچەی دۆڵی جافایەتی دۆزرانەوە، لەوانە ( تەیفور، سێوە، عائیشە) کە خۆیان لە ژیاندا مابوونو پێناسەکانیان لە گۆرە بەکۆمەڵەکەی حەزەردا دۆزرانەوە. لەبەرئەوەی کاتێك دایکیان ئەنفالکرابوو، دواتر بە کۆمەڵکوژراون ناسنامەی هەموو منداڵەکانی لە گیرفاندابووە.

**هەڵوەستە لەسەرئەم رووداوانە :**

ئەوەی پێویستی بە تێرامانی وردە ئەوەیە کە لە هەلدانەوەی گۆردا گرنگە، جەخت لەسەر هەلدانەوەیان بە شێوازی زانستی بکرێتەوەو پەلە

نەکرێت، تا بە شێوەی یاسای پزیشکی دادوەری هەڵبدرێنەوە، ئەمەش دڵنیایی زیاتر دەبەخشێت، چونکە ئەگەر بە وریایی و زانستی ئەو کارەنەکرا ئەوا دەشێت بەڵگە یاساییەکان ون ببن یان ئەگەر کەلوپەلی پێویست و بەنرخیان پێبێ تێکەڵ بەیەکتر ببن و نەناسرێنەوە، بۆ نمونە ئەوەی لە قلیج دۆزرایەوە هەندێك خشڵی ژنان بوون، ئەگەر بەشارەزایی هەڵنەدرێنەوە ئەوا خاوەندارێتی ئەو خشڵە ون دەبێت . بۆیە پێویستە کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید کە ئەمرۆ زۆرترین رێژەی ئەم حالەتانە پێك دەهێنن، لەهەموو کەس زیاتر جەخت لە هەڵدانەوەی یاسایی بکەنەوەو وشیاری ئەوەیان هەبی کەوا نەکەونە بەر هەڵەتی وریژەرانەی راگەیاندنەوەو پەلەنەکەن لە هەڵدانەوەی گۆری ئازیزانیاندا . بەپێچەوانەوە کارەکە وەکو پێویست بەرێوەناچێت و بەڵگەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن.. ئەگەر چەند تەرمێك بکەونەسەر یەك و تەنها یەك دانەیان پێناسێکی پێبێت لەکاتی شێواندنیاندا چۆن بزانرێت ئەو پێناسەیە لەگیرفانی کامیاندابووە..؟

## هەڵدانەوە:

رۆژی ٦/١٠/٢٠٠٤ بەشێوەیەکی فەرمی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال نوسراوی ژمارە (٣٩٩)ی ئاراستەی دادگای باڵای تایبەت دژبەتاوانی مرۆڤایەتی کرد، بۆئەوەی




لەکاتی هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە دادوەرێك ئامادەبێت و لە شوێنی کارەکە کۆنوسی یاسایی تۆمار بکات، تا لەکاتی خۆیدا وەکودۆسییەکی فەرمی و دۆکۆمێنت لەدژی صدام و سەرانی بەعس بەکاربهێنرێت و سودی هەبێت، ئەمە یەکێکە لەهەنگاوە تەندروستەکان کەئەو وەزارەتە بۆ ئەو کارە ناویەتی .

هەمان بەروار دادگای ناوبراو بە نوسراوی ژمارە ٦٢ وەڵام دەداتەوە. دواتر بەرێوەبەرایەتی گشتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال بە نوسراوی (٤٠٠) لە٢٠٠٤/١٠/٦ داوا لە دادگای لیکۆلینەوەی هەڵەبجە کرد دادوەرێك دیاری بکەن بۆ ئەوەی رۆژی ٢٠٠٤/١٠/٩ لە شوێنی هەڵدانەوەی گۆڕەکان ئامادەبێت بۆ ئەوەی وەکو لایەنی یاسایی کاری گۆڕهەڵدانەوەکە بەشدار بێت بۆ ئەو مەبەستەش دادوەر (هاشم عبدالحمید) دیاریکراو شارەوانی هەڵەبجەش ١٠ کریکاری نارد بۆ هاوکاری کردنی تیمەکەودەستکرا بەهەڵدانەوەیان.

تیمەکە کە بریتی بوون لە سەرۆکێك و چوار هاوکار لە ماوەی ٢٢ رۆژدا پەریزیان دەرکەوت و توانیان تەرمی ٣٠ کەس دەربهێنرێت و هەریەکەیان لە کیسێکی تایبەتدا دانران و هەموو دۆکۆمێنت و کەل و پەلێکی قوربانیەکانیش بە جیا پۆلێنکران لە " ناسنامەو خشڵ و ملوانکەو کلیل و قۆری و کتلی و مەمکە مژەی منداڵ" بەشێوەیەك کە بزانرێت ئەو کەل و پەلانە چین و هی کام لە روفاتەکانن. هەرلەسەرەتاشەوە بە قۆناغی جیاواز وێنەی هەڵدانەوەکەو روفاتەکان و کەلوپەلەکان گیران . دوای تەواو بوونی کاری هەڵدانەوەکە هەموو روفاتەکان و خشڵ و کەلوپەلەکانیشیان پۆلێنکران و گوازرانەوە بۆ

فەرمانگەی مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال لە بەڕێوەبەرایەتی هەڵەبجە بەمەبەستی پاراستنیان، لەوێ هەڵگیران تا بەرواری ١٦ی ئازاری ٢٠٠٥ و لەو ڕۆژەدا کە هاوکات سالیادی کیمیابارانی هەڵەبجەبوو بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتو بەرپرسانی حزبیو حکومی لەمەراسیمێکدا لەگۆرستانی شەهیدان بەخاك سپێردرانەوە.

ناوی کارمەندانی تیمەکە :

**١ –یادگار عەلی فتاح**

**٢ –نیان حەمە صالح عبدولقادر**

**٣ –پەیوەست جەمال جەلال**

**٤ –سیروان عەزیز ئەکرەم**

**٥ –عادل عوسمان فتاح**

بەپێی ئەو پێناسانەش کە لە گۆڕەکاندا دەرهێنرانەوە توانرا لەقوربانیەکانیش چەند کەسێکیان بناسرێتەوە ئەمەش ناوەکانیانە :

١ – محمد حەمە فەرەج کاکە

٢ – لەیلا حەمە رەشید حەمەرەحیم

٣ – عەبدول حەمە فەرەج

٤ – کەمال حەمە فەرەج

٥ – مەلیحە حەمە فەرەج

٦ –جەمال حەمە فەرەج کاکە

٧ –بەهیە عەزیز حەمە رەشید

٨ –پشتیوان جەمال حەمە فەرەج

٩ – بێساران جەمال حەمە فەرەج

١٠ –سەناریا جەمال حەمە فەرەج

١١ –نادیە جەمال حەمە فەرەج

١٢ –خەلیل عەزیز حەمە فەرەج

١٣ –وەسەت محمد فەرەج

١٤ –کەوسەر خەلیل عەزیز

١٥ –خەندە خەلیل عەزیز

١٦ –ژانا خەلیل عەزیز

١٧ –ئەنجومەن عەزیز

١٨ –هێرۆ عەزیز

١٩ –هێمن عەزیز

٢٠ –جوامێر عەزیز حەمە رەشید

٢١ –عوسمان عەزیز حەمە رەشید

٢٢ –ئاراس عەزیز حەمە رەشید

٢٣ –کافیە خواکەرەم

٢٤ –عومەر مستەفا عومەر .

بەپێی زانیاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی هەڵەبجە لەگۆڕی یەکەمدا خانەوادەی محمد فەرج کاکەی تێدایە، لەگەڵ چەند خێزانێکی تردا کە ٢٣ کەس بوون لە گەرەکی کانی ئاشقانی شاری هەڵەبجە نیشتەجێ بوونو کرێچی مالی پیاوێك بوون بەناوی محمەد ئەحمەد .

**ناوی ئەو کریکارانەی کەشارەوانی هەڵە بجە ناردبوونی :**

١ – کامیل حمە صابیر

٢ – عومەر عەبدولعەزیز رەمەزان

٣ – صالح کەریم فتاح

٤ – حسین عبدالحمن

٥ – سەیفور ئەسکندەر

٦ –قادر ئەحمەد عیسا

٧ – عەلی کاکە ئەحمەد عباس

٨ –نجم الدین محمود

٩ – مجید باقی عبدالکەریم

١٠ –موختار عومەر .

## گیانبەختکردن :

بەداخەوە دوو لەوکرێکارانەی شارەوانی مردوون دەنگۆی ئەوەش بلاووبووەوە کە بەهۆی ژەهراویبونیان لەوکارەدا مردبن .

**ناوی ئەو فەرمانبەرانەی فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤوئاوارەوئەنفال .**

١ – فەیسەل مهدی محمد

٢ – هەلکەوت نوری عەلی

٣ – فواد صالح عبدالحمن
٤ – هاشم ئەنوەر عومەر

## هەڵوەستەو شەرمێکی پێویست .

پاش بەخاکسپاردنەوەو پۆلێنکردنی کەلوپەلی بە جێماوی ئەو شەهیدانە کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەرهێنرانەوە لە ناویاندا جگەلە مەمکەمژەوکلاوی خوری منداڵان، برێك زێرو خشڵیش هە بوو، لەسەر پێشنیاری مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفالی بەڕێوەبەرایەتی هەڵەبجە بە نوسراوی ژمارە ٧٠٣ لە بەرواری ٢٠٠٥/٥/١٩ دوای ڕەزامەندی وەزارەتەکەیان بە فەرمانی وەزاری ژمارە ١٥٦٣ بە نرخی ڕۆژ پارەی ئەو خشڵانەیان دابینکردو گێرایانەوە بۆ وارسی یاسایی ئەو شەهیدانەی خاوەنی خشڵەکان بوون. کە بری پارەی دیاریکراو بریتی بوو لە ( ٥٩٠٢٨٠٠ ) پێنج ملیۆنو نۆسەدو دووهەزارو هەشت سەد دیناری چاپی نوێ.

ئەمەش بۆئەوە بوو کە ئەوخشڵانەی لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەدا دۆزرانەوە لەمولکی تایبەتیەوە بگیرنەوە بۆ گشتیو وەکو سەروەتێکی نیشتمانیو ئەرشیفێکی نەتەوەیی لە مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەلەبجەدا بپارێزرێن، دوای ئەوەی ئەم پێشنیارە جێبەجێکراو خشڵەکانو هەموو ئەو کەلوپەلانەی تر وەکو مەمکە مژەی منداڵو کلاوی خوری منداڵو کلیلو تەزبیح ..هتد لە دیزانێکی هونەریو بۆکسێکی شوشەبەندا لە بەڕێوەبەرایەتی مۆنۆمێنتی هەلەبجەدا هەڵگیران و ئامادەکران بۆ نمایشکردن بەر لەوەی کەس بیانبینێت لە ١٦ی ئازاری ٢٠٠٦ لە خۆپیشاندانەکەی شاری هەڵەبجەو سوتاندنی مۆنۆمێنتەکەدا ئەو سەروەتە نیشتمانیانەش سوتانو بەتاڵان بران . بەمەش کورد بەدەستی خۆی جارێکی تر ئاگری لەناسنامەی نەتەوەیی خۆی بەردایەوە.. ئەوەی جێگای ئەفسوس بوو لەم نێوەدا کەس نەبوو شین بۆ ئەم کارەساتە بگێڕێ.

**ئەوکەلوپەلانەی کە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤو ئاوارەوئەنفال لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٧ دا رادەستی " محمد خدر رەشید" کراون بۆئەوەی بەفەرمی رادەستی وەزارەتی رۆشنبیری بکاتوئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بە فەرمی رادەستی بەڕێوەبەرایەتی مۆنۆمێنتی هەلەبجەی بکەن. تا وەکو ئەرشیفێکی نەتەوەیی هەلبگیرین بریتی بوون لە :**

١ – گۆبەرۆك خشلی عەیارە ٢١ بەکێشی٥٠٠، ١٤١ غم یەك دانە .
٢ – یەك جووت گوارە .کە نقێمی پیرۆزەیی تێدایە.
٣ – یەك موستیلە عەیارە ١٢ کێشەکەی ٤،٩٤٠ غم
٤ – یەك ملونکەی عەیارە ١٨ بەکیشی ١٥ غم .
٥ - لەگەڵ ئەو کەلوپەلانەی تر کە لە گۆڕەکەدا دۆزرانەوە وەکو( مەمکەمژەی منداڵو پارەی عێراقی " پەنجا فلسی"و ناسنامەی قوربانیەکانو سەعاتو تەزبیحو کلیلو فوتوویەکی کەتیرە کە لە گیرفانی یەکێك لەقوربانیەکاندا بوو)

**ئەوکەسانەی لەکاتی هەڵدانەوەی گۆرەکاندا سەردانی شوێنەکەیانکردووەو بەچاوی خۆیان کردارەکانی بەعسیان بینیو ئەو گۆرانەش وەکو دۆکۆمێنتێك لەسەر تاوانی کیمیابارانی هەلەبجە دەرکەوتن، ئەم کەسو لایەنانەی خوارەوە بوون:**

١- وەزیری مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال .

# بەرواری هەڵدانەوەو ناسینەوەی قوربانیەکانو بەڵگە یاساییەکان – کەلوپەلەلی قوربانیەکان

**هەڵەبجە_قلیج - ژمارەی کۆتەڵ : ٢ -رۆژ : ٢٠٠٤/١٠/١٨**

تەرمێك کە کەللەی سەری نەماوە وا دەرئەکەوێ کە مرۆڤێکی کەم تەمەن بێ چونکە سەری ئێسکە درێژەکانی پەلی سەرەوەو خوارەوەی لێ بوەتەوە

( جیابوەتەوە لەئێسکەکە بە تەواوەتی )

clancal , scapnla ی تەواوە

sternum region ی تەواوە

cervical vertebrae ی هیچی نەماوە

Thoracic vertebrae ١٠ ی هەیە

Lumber vertebrae ٥ ی هەیە

ژمارەیەکی کەم لە Rib ەکان نادیارن و هەندێکیان شکاون

upper limb تەنها ئێسکە درێژەکانی ماوە لەگەڵ ٢ ineta carpal

pelvic region ی تەواوە یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی نێرینە

Lower limb تەنها ئێسکە درێژەکانی ماوە سەری ئێسکەکان لێ بوەتەوە

Femur length بە نزیکەیی 43.1 cm

Hnmur length بە نزیکەیی 31.1 cm

تەزبیحێکی موروی سور لە گیرفانی شەرواڵەکە بووە

بەرگێکی پسکیت لە گیرفانی شەرواڵەکەیا بووە

سەعاتێك جۆری ئەلیکترۆنی مۆدێل Disco لە دەستیا بووە

روبعێك لەگیرفانی شەرواڵکە بووە

کراسێکی سپی پیاوان، قەمسەڵەیەکی سەوزی عەسکری، قاتێکی کوردی قاوەیی ( شەرواڵ و چۆغە )، هەویەیەکی احوال مەدەنی بە ژمارە ١٧٩٩٩٣ هیچ، نیشانەیەکی جیاکەرەوەی تری دیار نی یە .

**هەڵەبجە_قلیج - ژمارەی کۆتەڵ : ١٣ - رۆژ : ٢٠٠٤/١٠/١٨**

٢ - " جاك بلاك مان" نوێنەری قونسولی ئەمریکا لەکەرکوك .



٣ - قونسولی بەریتانیا لە کەرکوك .

٤ - چەند دادوەرێکی دادگای باڵای تاوانەکان .

٥ - خاتوو ئان کلوید بەرێوەبەری رێکخراوی ئیندایتو لێپرسراوی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی بەریتانیا.

٦ - د. کریستیان کیسنەر لەپیمانگای کوردی واشنتۆن.

٧ - شاندی رۆژنامەنوسانی گەنجی عێراقی .

٨ - چەندین کەناڵی ئاسمانی بیانی لەوانە کەناڵی دیسکەڤەری ئەمریکی .

٩ - لەگەڵ چەندین کەسوولایەنی ناوخۆیی.

شایانی باسە هەڵەبجە زۆرگۆری لە مجۆرەی تێدایە، هەندێکیان هەتا ئێستاش نەدۆزراونەتەوە لەناو ئەوانەی کە ئەو سەروەختە دۆزرانەوە تەنها ئەم گۆرە بەکۆمەڵەی قلیج هەڵدرایەوەو ئەم راپۆرتەش تەنها تایبەتە بەو گۆرە کە ٣٠ کەسی تێدابوو . ئەوگۆرانەتر کەلەودەووروبەرن بریتین لە چەندگۆرێکی تری بەکۆمەڵ لەناویاندا ئەوەی بەرانبەر عەنەبە بەسەرگردێکەوە دیواربەندکراوەو قوربانیەکانی هەرلەشوێنی خۆیانو هەڵنەدراونەتەوە تابزانرێت چییان تێدا بەجێماوە.



کڵاوێکی کوردی پیاوانە
فانیلەیەکی عەلاگەی نیللی
لیباسێکی قاوەیی
کراسێکی پەمەیی کاڵ
قاتێکی کوردی ڕەنگ قاوەیی (شەرواڵ و چۆغە )
جوتێك گۆرەوی قاوەیی کاڵ
جوتێك کالەی adidas ی پیاوان ڕەنگ قاوەیی
چوار پەنجا فلسی
٣ کلیل
شانەیەکی ڕەشی بچوك
ئێسکی سەری تەواوە و یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی نێرینە
clancal , scapnla ی تەواوە
sternum ی تەواوە
vertebrac ی تەواوە
ژمارەی Rib ەکانی تەواوە بەڵام هەندێکیان شکاون
upper limb ئێسکە درێژەکانی ماوە Hum , Alna , Radins , rons ی تەواوە . carpal , meta carpal ی
وەك لە وێنەکەدا دیارە تەواو نی یە
pelnc region ی تەواوە و یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی نێرینە
Lower limb ی تەواوە چەند phalanx Distal نەبێ تەواو نی یە

Hnmnrons length = 30 cm
Femurons length = 43.7 cm
Tibia length = 36.9 cm
Radins length = 4.9 cm

**هەڵەبجە_قلیج ژمارەی کۆتەڵ : ٢ - ڕۆژ : ٢٠٠٤/١٠/١٨**

کەللەی سەری نەماوە وا دەرئەکەوێ کە مرۆڤێکی کەم تەمەن بێ چونکە سەری ئێسکە درێژەکانی پەلی سەرەوەو خوارەوەی لێ بوەتەوە
( جیابوەتەوە لە ئێسکەکە بە تەواوەتی )
clancal , scapnla ی تەواوە
sternum region ی تەواوە
cervical vertebrae ی هیچی نەماوە
Thoracic vertebrae ی ١٠ هەیە
Lumber vertebrae ی ٥ هەیە
ژمارەیەکی کەم لە Rib ەکان نادیارن و هەندێکیان شکاون
upper limb تەنها ئێسکە درێژەکانی ماوە لەگەڵ ٢ ineta carpal
pelvic region ی تەواوە یەکێکە لەجیاکەرەوەکانی نێرینە
Lower limb تەنها ئێسکە درێژەکانی ماوە سەری ئێسکەکان لێ بوەتەوە
Femur length بە نزیکەیی 43.1 cm
Hnmur length بە نزیکەیی 31.1 cm

تەزبیحێکی مووروی سور لە گیرفانی شەرواڵەکە بووە
بەرگێکی پسکیت لە گیرفانی شەرواڵەکەیا بووە
سەعاتێك جۆری ئەلیکترۆنی مۆدێل Disco لە دەستیا بووە
روبعێك لە گیرفانی شەرواڵکە بووە
کراسێکی سپی پیاوان
قەمسەڵەیەکی سەوزی عەسکری
قاتێکی کوردی قاوەیی ( شەرواڵ و چۆغە )
هەویەیەکی احوال مەدەنی بە ژمارە ١٧٩٩٩٣ هیچ نیشانەیەکی جیاکەرەوەی تری دیار نی یە .

**هەڵەبجە_قلیج - ژمارەی کۆتەڵ : ٢ ڕۆژ : ٢٠٠٤/١٠/١٨**

ماکسیەکی قاوەیی تۆخ

لەچكێكی ژنانەی قاوەیی
ژێركراسێكی برنجۆكی سەوز
لیباسێكی سوری كاڵ
ستیانێكی بێجی
قەمیسێكی نیللی دفاع مەدەنی
قەراغی بەتانی و لاستیك
یەك تاڵ نەعلی ڕەش ژمارە ٣٨ – ٣٧ دروستكراوی عیراق
دوو بوخچەی پێ بووە
بوخچەی یەكەم : زەرفێكی نیو كیلۆیی چای بابل
فانیلەی عەلاگەی پیاوان قاوەیی لێوار سور
قەمیسێكی شینی منالاَن
یەك چۆغەی ڕصاصی تۆخی منالاَن
بوخچەیەكی سوری بچوك سەری گرێدرابوو كە لەوانەیە شتی تێدابووبێت . پارچەیەك لە تێكەڵەی نایلۆن و خوری
بوخچەی دووەم : هەمووی جلی منالاَنە بۆ منالێكی تازە لەدایك بوو كە بەپێی لاشەكە وادیارە ئافرەتەكە سك پڕ بووبێ كە ئەم بوخچەیەی بۆ ئەو مەبەستە هەڵگرتبێ ، ئەمانەی تێدابووە : قاتێكی زەردی منالاَن ، چاكەتێكی پەمەیی گوڵدار ، عەزیەكی سپی قەراغەكانی شین ، كلاَوێكی چنراوی خوری ڕەنگاو ڕەنگ ، عەزیەكی سەوزی كاڵی گوڵدار ، بەدلەیەكی خوری ، دوو كلاَو یەكێكیان سورمە و ئەوی تریان دانتێل ، عەزیەكی منالاَن پەمەیی تۆپی خڕی مارۆنی تێدایە ، بلوزێكی شین سەرقۆڵ و یەخەكەی سپی یە ، چاكەتێكی سپی گوڵدار ، دوو پارچە پەڕۆ یەكێكیان سەوزی كاڵ ئەوی تریان پەمەیی گوڵدار بوخچەی دووەم ڕەنگی پەمەیی كاڵی گەڵدارە
بوخچەی یەكەم عەزیەكی منالاَنە ڕەنگی سپی و گوڵی شینی تێدایە گرێ دراوە كراوە بە بوخچە

پارچەی دینارێكی كاغەزو روبیعیچك و تەوقەیەكی قژە سەر
ئێسكی سەری تەواوەو یەكێكە لە جیاكەرەوەكانی ئافرەت
Scapnla ، clavical ی تەواوە
Compact sternum
Compact vertebrac
چەند دانەیەك لە " Rib " ەكانی تەواو نین
Pelivic region ی تەواوە
upper limb و چەند carpal و Hetacrapal ێكی دیار نی یە
Hnmor length = 28 cm
Lower limb ئێسكە گەورەكانی تەواون ( patella ، Femur ، Tibia ، Fibnla )
چەند پارچەیەك لە Tarsal ، Netatarsal ی دیارنی یە
Femur length = 38.5 cm
⋆ چەند پارچە ئێسكێكی زۆر وردی منالی لەگەڵدایە كە لەوانەیە هێشتا لەدایك نەبوبێت .

**هەڵەبجە_قلیج- ژمارەی كۆتەڵ : 8B ڕۆژ : ٢٠٠٤/١٠/١٩**

كلاَوێكی خوری منالاَن پەمەیی
T.shirt ێكی سەوز قەراغەكانی نیللی پێشەوەی



ڕەسمی تێدایە
چاكەتێكی شین
مەمكە مژەیەكی منالاَن
حفاضةی لاستیك

عەزیـــەکی گوڵــدار ، چـــاکەتێکی گوڵـــدار " هـــەمان قوماش "

کەللەی سەری بەتەواوی شکاوە

Scapnla ی لای ڕاستی ماوە

هەردوو Clancal ی ماوە

Sternum ی ماوە

Vertebrac ی شکاون

upper limb ، هــەردوو Humerons ی مـــاوە ، لای چـــەپی Alna Radins ی مـــاوە ، لای ڕاستی Radins نیوەی ماوە

Pelivic region منطقــةی ilinm ی مـــاوە ischinm ی مـــاوە ، لای ڕاســـت Pnbis ی مـــاوە ، Lower limb لای چـــەپ Pnbis ی نـــەماوە جگــە لــە هــەردوو Fibnla ئێســکە درێـــژەکانی ماوە

ژمارەیەکی کەم لە پەنجەکانی ماون

Tibia length = 9.4 cm

**هەڵەبجە_قلیج- ژمارەی کۆتەڵ : ١١- ڕۆژ : ٢٠٠٤/١٠/١٩**

چۆغەیەکی ڕصاصی تۆخی خەت خەت ( مقلم )

شەرواڵێکی ڕصاصی بێ خەت

بلوزێکی سپی خوری

کراسێکی سپی مربعات

قەمصەلەیەکی سەوزی فەرودار

تاکێك گۆرەوی زەردباو

دوو تــاك پــێڵاوی لاســتیك یــەکێکیان ڕەش بنەکــەی بێجــی دروســت کــراوی عــیراق ژمــارە (٤٠) ئــەوی تریان club ڕەش لاستیك ژمارە (٤١)

دوو پەنجایی لە گیرفانی شەرواڵەکەیدا بووە

پارچــەیەك ئاوێنــەی شــکاو گــوێزان و plaster لــە گیرفانی کراسەکەیا بووە

تــەزبیحێکی ســـپی درێـــژ ، قەڵـــەم جافێـــك ، دارجگــەرە ، شــانەیەکی ســوری کــاڵ ، ٥٠ فلــس ، ٢٥ فلــس ، ١٠٠ فلــس ، کلیلێــك ، چــەقۆیەکی دەســت ، پەڕۆیــەکی گــوڵ ســورو ســەوز، ئێســکی ســەری نــەماوە تــەنها ئێســـکێکی بچـــوکی بەیەکـــەوە بەســـتنی شەویلگەی سەرەوەو خوارەوە

بەشــی خــوارەوەی تاقمێــك کــە جێگــای دوو ددانــی بۆشـە کـە مانـای وایـە مرۆڤەکە دوو ددانـی لەبەشی خوارەوەیدا ماوە

Scapnla ، Clancal ، Sternum ی تەواوە

Rib ەکانی تەواوە بەڵام هەندێکیان شکاون

7 cervical vertebrae
10 Thora…… vertebrae
3 lnmber vertebrae

Sacrnm ، یەك پارچە لە coccyx

Upper limb تەنها ئێسکە درێژەکانی تەواوە

left ulna ی شکاوە

carpal ، meta carpal 3 ی دەســتی ڕاســتی ماوە

pelvic region ی تـــەواوە یەکێکـــە لـــە جیاکەرەوەکانی پیاو

هەردوو Femur ی ماوە

هەردوو patella ی ماوە

Fibnla ، Tibia لای ڕاســـتی مـــاوە « Tibia لای چەپی ماوە

پێ ی چەپ تەنها calcanum ی ماوە

1 middle ، 3 proxima ، 3 tarsal bone ، 2 distal لای ڕاست ، 5 meta tarsal.

**هەڵەبجە_قلیج - ژمارەی کۆتەڵ : ڕۆژ ٢٠٠٤١٤/١٠/١٩**

بلوزێکی یەخە حەوتی ڕەنگ ڕەصاصی

دوو پشــتێن یــەکێکیان قــاوەیی تــۆخ ئــەوی تریــان ڕەشـــی گوڵـــدارو قـــاپوتی ســـەوزی فـــەرودار، چۆغەیەکی ڕصاصی

کراسێکی سپی مربع ، کلاوێکی کوردی گوڵدار

بیجامەیەکی سپی خەت دار

شەروالێکی قاوەیی ، هێلەکی قاوەیی
یەك تاك پێلاوی لاستیك دروستکراوی عێراق ژمارە ( ٤٢ ) یەك تاك گۆرەوی سەوزی کاڵ
فلچەیەکی دەم و ددان سەوز ( لە گیرفانی دابووە )
دوو ژێرپیاڵە دانەیەکی ئاوی سپی ئەوی تریان خەت خەتی سور (لە علاگەیا بووە) چەرخێکی سور (لە گیرفانی دابووە )
روبعێك ، مەترێك (1:50 cm) ، ملحی چا ، eye ointment teracyclin ، پەنجا فلسیەك
٤ هویەی نفوس رقم : ٠٣٩٠١٥ ڕەسمی منالێکی پێوەیە
٠٣٩٠١٤ ڕەسمی کچێکی منالی پێوەیە
٠٣٩٠١٣ ڕەسمەکەی دیارە
٠٣٩٠١٢ ڕەسمەکەی دیار نی یە
فلیمێکی ڕەش ( ڕەسم ) ( جام )
یەك جزدان ، ٣ دەفتەر ( بەرگەکەی )
ئێسکی سەری نەماوە
clavical , scapnla ی تەواوە
sternum ی تەواوە
upper limb تەنها ئێسکە درێژەکانی ماوە
cervical vertebrae تەنها axis ی ماوەو حەوتەم ماوە
vertebrae ەکانی تری تەواون
" Rib " ەکانی تەواون بەلاّم هەندێکیان شکاون
Sacrnm ی ماوە coccyx ی نەماوە
Pelivic region تەنها لای چەپی ماوە داخوراوە یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی نێرینە
Lower limb ئێسکە درێژەکانی قاچی ڕاستی ماوە ، Femur ی قاچی چەپی ماوە ، پارچەیەکی بچوك لە Tibia ی ماوە
قاچی ڕاستی patella ی ماوە
قاچی ڕاست Tallns ی ماوە
قاچی چەپ تەواوە

ئەم حالەتە منالێکی لەگەڵدایە بەلاّم لەبەر ئەوەی تەواو نی یەی بە case دانەنرا تەنها وەکو Evd تۆمارکرا

**هەڵەبجە_قلیج - ژمارەی کۆتەڵ : ٩ - ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/١٩**

کراسێکی نیللی نوکتەی سپی تێدایە
کەوایەکی سورمەی نیللی بریسکەی سپی تێدایە
چاکەتێکی نیللی لە پێشەوە زنجیری پێوەیە
هێلەکی قەیفەی مۆر
ئاوەڵ کراسێکی دانتێلی ڕەش و گوڵی سپی تێدایە
جوتێك گۆرەوی زەردباو
جوتێك پێلاوی لاستیك دروستکراوی عێراق ڕەنگ ڕەش ژمارە ٣٧ - ٣٨
بوخچەیەکی سورمەی پەمەیی نەخشی ........ سپی تێدایە ئەمانەی تێدایە
پارەی کاغەزی تێدایە (پێنج دیناری و دیناری ) وەك لە نیشانەی ........ دەردەکەوێ ژمارەی پارەکان زۆر بوبێت :
سێ ربعی ، دوو سەد فلسی ، یەك پەنجا فلسی ( لە جزدانێکی ڕەشدابوو )
سورمەیەکی زەردی سێگۆشەیی کە مێخەکی تێدا بووە
چەقۆیەکی ئەڵقەدار ، تەزبیحێکی ڕەش
سێ بازنی تەنەکە
چەقۆیەکی سپی باغە ، لەگەڵ پەتێکی سپی
پاشماوەی پاکەتی جگەرە لەگەڵ عەلاگەیەك کە پارەی تێدابووە ( کاغەز ) لە گیرفانی هێلەکەکەیدا بووە ، کلی چاو لە گیرفانی کەواکەیدا بووە ( پێچراوە بە پەڕۆیەکی ڕەشی گوڵ سور )
ئێسکی سەری تەواو نی یە لە سێ پارچە پێك هاتووە بەلاّم تەواو نین لەوانەیە شوێنی پارچەی بۆمبی پێوەبێ
clavical , scapnla ی تەواوە

2 cervical vertebrae
13 Thora…… vertebrae
5 lnmber vertebrae

Sternum ی تـــــەواوە ، Sacrnm ی تـــەواوە

( coccyx %) دیارنەماوە

" Rib " ەکانی شکاون

limb Upper ئێســـکە درێـــژەکانی تـــەواوە ،

ژمارەیـــــەکی زۆر carpal و carpal meta

نەماون

region pelvic ی تـــەواوە بـــەڵام شـــوێنی

پارچـــەیەکی پێـــوە دیـــارە یەکێکـــە لـــە نیشـــانە

جیاکەرەوەکانی مێیینە

Lower limb ی تەواوە جگەلە شکانی right femur

( Post mortum )

Fermur length = 40.4

Hnmerons length = 28.8 cm

**هەڵەبجە_قلیج - ژمارەی کۆتەڵ : 8A - ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/١٩**


وزارة الداخلية
مديرية الدفاع المدني العامة

بلـوزێکی پیرۆزەیـی یەخـە حـەوتی لەسـەر دەسـت و خوارەوەو یەخەکەی خەتی سورو سپی تێدایە

پشتێنێکی ڕەش و قاوەیی

قاتێکی کوردی ڕەش ( چۆغە و شەرواڵ )

کراسێکی سپی

قەمصەلەیەکی سەوزی فەرودار ( عسکری )

دوو پیاڵـە لـە گیرفـانی شـەرواڵەکەیدا بـوو کاغـەزی تێدایە

ربعێـك و دوو پـەنجایی لـە گیرفـانی شـەرواڵەکەیدا بووە

جزدانێکـــی نیللـــی Winston هەویەیـــەکی خوێندکاری تێدایە بەناوی

الاسم : جوامێر عزیز حمه رشید

الصـف والشـعبه : الخـامس العلمـی ( ا ) لـە پشـتەوەی ئەمانـە نوسـراوە محـل وتـاریخ الـولاده : خورمـاڵ ١٩٧٠ جمال جلال عبدالکریم العنوان : خورماڵ

معاون مدیر العام للتربیه

١- رقـــم الهویـــه : ٨٨ المدیریـــه العامـــه للتربیـــه السـلیمانیه تـاریخ الاصـدار : ١٩٨٧/١٢/٥ المدرســـــه اعدادیـــــه حلبجه للبنین

٢- مـــدیر المدرســـه : حیـــدر عثمـــان قـــادر ڕەسمێکـــی واضـــحی پێوەیـــە اســـم مـــنظم الهویـــه : عبـــدالله رووف رشید نافذة للغایه : ١٩٨٨/٩/٣٠

نایلۆنێکی پێوەیە جەدوەلی مادەکانی تێدایە

قەڵەمێکی دارو قەڵەمێکی جاف

ماجیکێکی ڕەشی بچوك

لاستیکی خەت کوژاندنەوە

روبعێك ، دوو پەنجایی لە جزدانەکەیدا بووە

لـە گیرفـانی قەمصـەڵەکەیدا دینـارێکی کاغـەزی تێـدا بووە ( ڕزیوە )

شـانەیەکی سـپی ئـاوی لـە گیرفـانی شـەرواڵەکەیدا بووە

بنـی جوتێـك قۆنـەرە ژمـارە (٤٠) قاچـی ڕاسـت (ناوکەفێکی سوری تێدایە )

سـەعاتێکی ئـەلیکترۆنی اسـتیل هـیچ نیشـانەیەکی تری پێوە دیار نی یە

دەرزیەکی سنجاقی گەورە

( ئە تەرمە مناڵێکی بچوکی لە باوەشدا بووە )

ئێسـکی سـەری تـەواوە ، یەکێکـە لـە جیاکـەرەوەکانی نێرینە

Scapnla داخوراوە ، clavical تەواوە

Sternum ی تەواوە

Vertebrae ی تەواوە

"Rib" ەکانی لە ژمارەدا تەواون بەلاّم هەندێکیان شکاون

Upper limb ئێسکە درێژەکانی تەواوە ژمارەیەك لە carpal bone meta تەواو نی یە

Hnmerons length = 37.9 cm

Ulna = 26 cm

Sacrnm ی تەواوە ( coccyx ی نەماوە )

pelvic region ی تەواوە یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی نێرینە

Lower limb ی تەواوە جگە لە نەبونی هەندێك لە metarsal bone

هەردوو patella ەکانی ماوە

سەری ئێسکە درێژەکانی بەتەواوی Fuison ی نەکردوە

**هەڵەبجە_قلیج - ژمارەی کۆتەڵ : -١٥- ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٠**

بلوزێکی بێجی یەخە حەوتی

فانیلەیەکی علاگەی بێجی قەراغەکانی قاوەیی

پشتێنێکی ڕەشی جلی کوردی

کراسێکی سپی

کلاّوێکی کوردی پیاوان

قەمصەڵەیەکی سەوزی عسکری فەرودار

دوو قۆڵی چۆغە ڕەنگ قاوەیی

یەك تاك گۆرەوی قاوەیی کاڵ

دۆشەکی ئیسفەنجی سوری کاڵ گوڵدار ( لەناو گوێنیەکدا بوو )

سەرچەفێکی ڕەنگاوڕەنگ ( لەناو گوێنیەکدا بوو )

قولاپی ماسی + پەتەکەی لە گیرفانی قەمصەڵەکەیدا بوو

سەری قۆری

علاگەیەك هەندێ شتی تێدایە وورد بووە ناناسرێتەوە

جامێکی ڕەسم

ئێسکی سەری تەواوە تەنها Hanolible ی نەماوە یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی نێرینە

Scapnla ، clavical ی ماوە

5 cervical vertebrae

10 Thoraeic vertebrae

5 lumber vertebrae

Sacrnm ی هەیە بەلاّم نیوەی coccyx ی نەماوە

" Rib " ەکانی نیوەی ماون

upper limb تەنها Humerons ی ماوە

Pelivic region ی هەردوولای ماوە بەلاّم لای ڕاستی شکاوە

ژمارەیەکی زۆر لە carpal و carpal meta ی نەماوە

Lower limb لای ڕاستی تەنها Fibnla ی ماوە دوو Tarsal bone ی ماوە

لای چەپی Tibia ، Fibnla ی هەیە

Complet Tarsal ، Complet metatarsal ، ژمارەیەکی کەم لە phalanx دیارنی یە

Left Tibia = 38.8 cm

Humerons = 33.8 cm

**هەڵەبجە_قلیج - ژمارەی کۆتەڵ : ٦ - ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٠**

لەچکێکی ڕەش گوڵی سوری تێدایە

بلوزێکی پرتەقاڵی یەخە حەوتی

چاکەتێکی سوری خوری قەراغەکانی سەوزە

ژێرکراسێکی ڕەش

یەك تاك گوارەی ئاڵتون

تەوقەی قژ

عەلاگەیەکی گەورەو قۆری یەك کە پارچەی بۆمبی پێوەیە

دۆشەکێکی منالاّن کە نایلۆنی پێوەیە ، جوتێك نەعلی ئافرەتان ڕەش ژمارە (٣٨)

عەزیەکی منالاّنی گەورە بۆ کچ

ژمارەیـــەکی زۆر لـــە جـل و بـــەرگ و پـــەڕۆو قوماش بۆ منداڵی ساوا
دەرپێـــی نـــایلۆنی منـــاڵان کـــە ڕەنگەکـــەی ســـپی و گوڵی پەمەیی تێدایە
پەڕۆیەکی ناو بێشکەی سور
کەللـــەی ســـەری تـــەواوە یەکێکـــە لـــە نیشـــانەکانی مێینە
Scapnla ، clavical ی تەواوە
6 cervical vertebrae
11 Thoraeic vertebrae
5 lumber
Coccyx یەك پارچەی ماوە
upper limb درێـــژەکانی مـــاوە ژمارەیـــەك لـــە carpal و carpal meta و phalanx ی ماوە
region Pelivic ، ilinm ی هـــەردوولای نەماوە
Pnbis ، ishinm ی ماوە
Rib ەکـانی تـەواو نـین لـە ژمـارەداو هەنـدێکیان شکاون
limb Lower ، Femer ی لای چـــەپ ، Tibia ، Fibnla ی چەپ
لای ڕاســت تــەنها Fibnla لەگــەڵ ژمارەیــەك لــە Tarsal ، meta tarsal ، phalanx ماون
Radins length = 15.5 cm

Ulna length = 14.0 cm

**هەڵەبجە_قلیج - ژمارەی کۆتەڵ : 10 B- ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٠**

بلـوزێکی قـاوەیی منـاڵان خـوارەوەی خـەتی سـورو سـپی تێدایە- چاکەتێکی نیللی - ژێرکراسێکی ڕەشی منداڵان
- عەزییـــەکی ســـپی نەخشـــی مـــۆرو ســـوری کـــاڵی تێدایـــە
بیجامەیەکی سپی نەخشی شین و سوری تێدایە
کەللەی سەری بەتەواوی وورد بووە

Scapnla ، clavical ی تەواوە
Vertebrae ی تەواوە
region Pelivic لای چـــەپی ilinm ی نـــەماوە لای ڕاستی تەواوە
upper limb لای ڕاســـت Radins ، Humerons ، ulna
لای چەپ Radins ، ulna
Hnmerons length = 10.8 cm
هەندێك لە carpal و meta carpal ەکان
limb Lower هـــەردوو femur مـــاوە لای ڕاســـت Fibnla و Tibia ی مـــاوە لای چـــەپ Tibia ( یـــەك پارچەی بچوك ) Femer length = 13.5 cm



**هەڵەبجە_ قلیج - ژمارەی کۆتەڵ ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٠**

بلوزێکی قاوەیی یەخە حەوتی
بیجامەیەکی سپی گوڵی مۆری تێدایە
ڤاتێکی ڕەشی کوردی ( شەرواڵ و چۆغە )
پشتێنێکی سپی نەخشی شینی تێدایە
قەمصـــەڵەیەکی ســـەوز دەستەســـرێکی ســـورو زەردی تیا بووە
یەك تاك گۆرەوی سەوزی کاڵ
دوو قەڵـــەم دادەری ســـــەوز لـــــە گیرفـــــانی شەرواڵەکەیدا بووە
لاســـتیکێکی خـــەت کوژێنـــەوە لـــە گیرفـــانی شەرواڵەکەیدا بووە
روبعێــك ، ٣ پــەنجایی ، یــەك ٢٥ فلســی لــە گیرفــانی شــەرواڵەکەیدا بــووە، قەڵــەمێکی داری بچــوك لــە

گیرفـــانی شــەرواڵەکەیدا بـــووە کەللـــەی ســـەری بەتـــەواوی شــکاوە ( وورد بـــووە ) چـــەند ددانێکـــی ماوە

Scapnla ، clavical ی مـــــاوە بەتـــــەواوی توشی داخوران بوون

دوو Humerons ماوە بەڵام شکاون

لای ڕاســتی Radins ، ulna مــاوە بــەڵام شــکاون ، یەك carpal bone

لای چەپی تەنها سەرێکی ulna و Radins ماوە

Rib ەکـــانی ژمارەیـــەکی زۆریـــان مـــاون بـــەڵام هەموویان توشی داخوران بوون شکاون

Vertebrae ەکـــانی هـــەمووی شـــکاون و توشـــی داخوران بوون

region Pelivic لای چــەپی مــاوە ، لای ڕاســت بەتــەواوی شــکاوە limb Lower لای ڕاســت ئێســکە درێـژەکانی هـەمووی مـاوە تـەنها سـەری ئێسـکەکە نـەبێ لـە ئێسـکەکان جیابونەتـەوە لای چـەپ femur ، Tibia ی مـاوە ، patella ی مـاوە Fibnla length = 23.6 cm ( تەنها ئەم ئێسکە بەساغی ماوەتەوە )



**هەڵەبجە_قلیج- ژمارەی کۆتەڵ : 10A -ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٠**

نینۆکـەرێك ، چـەند نوشـتەیەك ( ٤ دانـە سـیانیان زەردو ئەوی تریان سوور ) بە جلەکانیەوە بوو

دوو ملوانکـــەی مـــووری منـــاڵان یـــەکێکیان شـــین و ئـــەوی تریـــان خەنـــەیی کـــە دوو مـــووری شـــینی پێوەیە

لاســـتیکی قـــژی منـــاڵان لاســـتیکەکەی ســـەوزو دوو دڵی سوری پێوەیە

پـارەی کاغـەزی ڕزیـو کـە پـێ ئەچـێ پێـنج دینـاری و دیناری کاغەز بێ

بڕێـك پـارەی ئاسـن : ٣ ربعـی ، یـەك ١٠٠ فلسـی ، ٩ پـەنجایی ، دوو بیسـت و پێـنج فلسـی لەگـەڵ کلیلێـك ) لەناو جلەکەیدا بووە

بزماری ناڵ کردن

یەك مووری سور لەوانەیە هی تەزبیح بێ

٦ مووری خڕی ڕەش

چارۆکەیەکی ڕەشی ژنانە

هێلەکێکی قەیفەی ڕەش ، سیمی زەردی تێدایە

چاکەتێکی خوری قاوەیی ، لەچکێکی ڕەش

کراسێکی مۆر گوڵی سپی و مربعاتی سپی تێدایە

شەرواڵێکی قاوەیی

ئاوەڵ کراسێکی سەوزو سور

جوتێـك پـێڵاوی لاسـتیك دروسـت کـراوی عـیراق ژمارە ٣٩-٤٠

جانتایـەکی زەنیانـەی ملـون ، گۆبـەرۆکی ئاڵتون لەناو علاکەیەکدا بوو

شـانەیەکی ڕەش لەگـەڵ چـەقۆیەك لـەناو جانتاکەیدایـەتی. بطاقةیـةکی شخصـی :

٢٩١٦٥٤ بەناوی وسط محمد حمە ١٩٥٩

٢٩١٦٥٦ بـــەناوی خەنـــدە خلیـــل عزیـــز ٢٩١٦٥٨

٢٩١٦٥٥ بەناوی کوثرخلیل عزیز ١٩٧٩

٢٩١٦٥٧ بەناوی زانا خلیل عزیز

٦ بطاقـــة الســـجل القـــری بـــەناوی : وســـط محمـــد حمـــە زانـــا خلیـــل ١٩٨٤ دوو شـــهادة جنسـیة ( بەرگەکـــەی مـــاوە بـــەڵام ناوەکـــەی نـــەماوە ) ئێســـکی ســـەری تـــەواوە تـــەنها ژمارەیـــەکی زۆر لـــە

ددانەكانی نەبێت نەماوە ( یەكێكە لە جیاكەرەوەكانی مێینە )

Scapnla ، clavical ی تەواوە

Sternum ناتەواوە

4 cervical vertebrae

12 Thoraeic vertebrae

5 lumber vertebrae Sacrnm ی تەواوە

بەلام یەك پارچەی coccyx ماوە Rib كەمێكیان نادیارن ( چەند دانەیەك )

upper limb — Humerons ی دیارنی یە

ulna ، Radins ی لای چەپی ماوە لەگەڵ چەند 4 meta carpal و 3 proximal phalanx

Pelivic region ی تەواوە یەكێكە لە جیاكەرەوەكانی مێینە

Lower limb ئێسكە درێژەكان و patella ی ماوە

پێ ی راست دوو bone tarsal ، هەموو meta tarsal و phalanx ی ماوە

لای چەپ تەنها tarsal bone ەكانی دیارنەماون

Femur length = 41.6 cm

Tibia length = 34.9 cm

## هەڵەبجە_قلیج- ژمارەی كۆتەڵ ٧: - رۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٢

شەرواڵێكی قاوەیی مناڵان

بلوزێكی سور

كراسێكی سپی

قەمصەڵەیەكی سەوزی فەرودار ( فەروەكەی نیللی یە )

دەستەسرێكی سپی

جوتێك پێلاوی لاستیكی رەش بنەكەی سپی یە دروست كراوی عیراق

ژمارە ٢٦ — ٢٧

كەللەی سەری وورد بووە ژمارەیەك لە ددانەكانی ماون

scapnla , clavical ی تەواوە

vertebrae ی تەواوە

Coccyx ی ماوە

Rib ەكانی ژمارەیەكیان دیارنین و هەندێكیان شكاون

Sternum تەنها manubnum ی ماوە

Upper limb ئێسكە درێژەكانی تەواوە ژمارەیەكی زۆر لە carpal و meta carpal و phalanx ی ماوە

pelvic region ی تەواوە

Lower limb ئێسكە درێژەكانی ماوە

ژمارەیەكی زۆر لە tarsal ، tarsal meta ، phalanx ی ماوە

Ulna length = 12.3 cm

## هەڵەبجە_قلیج- ژمارەی كۆتەڵ ٢٢:- رۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٢

بلوزێكی قاوەیی مناڵان لەخوارەوە خەتی سپی تێدایە سەردەستەكەی خەتی سوری تێدایە لە پێشەوە رەسمی پشیلەی تێدایە

بلوزێكی سور لە پێشەوە خەتی سپی تێدایە

بلوزێكی نیللی سێ خەتی زەردو سپی و سوری تێدایە

قەمصەڵەیەكی فەرووی شین

بیجامەیەكی خوری پەمەیی



تاكێك گۆرەوی شین ، خەت خەت

کەللەی سەری بەتەواوی شکاوە هەندێك لە ددانەکانی وون بوون

clavical , scapnla ی ماوە

vertebrae ی هەمووی تەواوە بەڵام هەندێکیان شکاون

Rib ەکانی هەندێکیان شکاون

Upper limb ئێسکە درێژەکانی ماوە لەگەڵ هەندێك لە

carpal و meta carpal و phalanx ی ماوە

pelvic region ی تەواوە

Lower limb ئێسکە درێژەکانی تەواوە

Coccyx ی ماوە

Sternum تەنها manubnum ی ماوە

---

**هەڵەبجە_قلیج- ژمارەی کۆتەڵ :٢٢- ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٢**

کراسێکی قاوەیی ژنان

لەچکێکی نیللی

هێلەکێکی پەمەیی

ئاوەڵ کراسێکی ڕەش گوڵی سیمداری زەردی تێدایە

ژێرکراسێکی بێجی و ژێرکراسێکی سەوز

چاکەتێکی خوری نیللی شی بووەوە

مەمەی مناڵان باغە سەرەکەی سورە ، تەوقەیەکی سور بەسەریەوە بووە

جزدانێکی بچوکی ڕەش کە دڵێکی ئاڵتون و سێ ٢٥ فلسی و پاشماوەی پارەی کاغەزی تێدایە

بە جلەکەیەوە دڵێك حرفی H تێدایە زەرد بووە

جوتێك گوارە نقێمی شین و دوو موری سوری پێوەیە

مستیلەیەك نقێمەکەی لێ بوەتەوە

یەك هویەی متطوعین ، یەك هەویەی دفاع وطنی ( هەردوکیان ڕەسمی پیاوی پێوەیە )

تاریخ الولادە : ١٩٧٠

نوع السلاح : کلاشینکوف ، رقم السلاح : ٢٨٠٩٦٠٧

ئێسکی سەری تەواوە چەند دانێکی دیارنەماوە یەکێکە لە نیشانە جیاکەرەوەکانی مێینە ، تەنها case کە چەند پارچەیەك لە قژی مابێ

Sternum ی تەواوە

clavical , scapnla ی تەواوە

cervical ی تەواوە ، .......... ناتەواوە ، lumber ی تەواوە

Sacrnm ی تەواوە ، coccyx ی نەماوە

Rib ژمارەیەکی کەمیان دیارنەماون

upper limb ئێسکە درێژەکانی تەواوە ، ژمارەیەکی زۆر کەم لە phalanx ماوە

1 crapal bone ی ماوە

Pelivic region ی تەواوە یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی مێینە

Lower limb ئێسکە درێژەکانی تەواوە

پێ ی چەپ : ژمارەیەکی زۆر tarsal و meta tarsal و phalanx ی ماوە بەڵام لاکەی تری نەماوە

Humerons length = 30.1 cm
Femur length = 41.8 cm

**هەڵەبجە_قلییج- ژمارەی کۆتەڵ :٢٤- ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٢**

بلوزێکی نیللی مناڵان پێشەوەی لەسەرەوە سورەو دوو خەتی سپی تێدایە

بلوزێکی شین سێ خەتی پرتەقاڵی وخەتی سپی تێدایە

شەرواڵێکی رصاصی لاستیکەکەی پێوەیە

سەرشانی طلایع ( زەرد )

ئێسکی سەری تەواوە یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی مێینە

clavical , scapnla ماوە بەڵام شکاوە

Sternum تەنها ............... ی ماوە

cervical vertebrae ی تەواوە

5 Thoraeic vertebrae ی ماوە هەندێکیان شکاون هەندێکیان دیار نین

5 lumber vertebrae

Coccyx بەشێکی ماوە

upper limb ئێسکە درێژەکانی ماوە لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە meta carpal و phalanx

Rib ەکانی هەمووی شکاوە

Pelivic region ی ماوە

Lower limb ئێسکە درێژەکانی ماوە بەلاّم هەندێکیانی شکاون لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە tarsal bone

Radins length = 11.1 cm

**هەڵەبجە_قلیچ - ژمارەی کۆتەڵ : ٤- رۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٢**

شەرواڵێکی سەوزی بچوکی منالاّن لاستیکەکەی لەگەڵدایە

چاکەتێکی خوری خەنەیی قەراغەکانی و سەردەستەکەی سەوزە

لەچکێکی ڕەش گوڵی سوری تێدایە



جامانەیەکی ڕەش

سێ تاك بازنی تەنەکە

بەجلەکانیدا دەردەکەوێ کە ئەم تەرمە مێینە بێ

کەللەی سەری تەنها ناوچەی Frontal و پارچەیەکی بچوکی Maxilla و ژمارەیەك لە دانەکانی ماون

clavical , scapnla ی تەواوە

2 cervical vertebrae

12 Thoraeic vertebrae

5 lumber vertebrae

Sacrnm ی تەواوە ، بەشێك لە coccyx ی ماوە

Rib ەکانی ماون بەلاّم هەندێکیان شکاون

Sternum ی ماوە

Upper limb ئێسکە درێژەکانی تەواون دەستی ڕاستی ژمارەیەکی کەم لە carpal و meta carpal ی ماون بەلاّم دەستی چەپ ژمارەیەکی زۆر کەمیان دیارە

pelvic region ی تەواوە

Lower limb ئێسکە درێژەکانی تەواوە ژمارەیەکی کەم لە tarsal و meta tarsal دیارە

Ulna length = 15.8 cm

**هەڵەبجە_قلیچ- ژمارەی کۆتەڵ : ٥ - رۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٢**

قەمصەڵەیەکی عسکری سەوز فەرودار

کراسێکی سپی

قاتێکی کوردی نیلی ( شەرواڵ و چۆغە )

جوتێك پێلاّوی لاستیك ڕەش دروستکراوی عێراق ژمارە ٣٩-٤٠

جوتێك گۆرەوی ڕەش

جوتێك پێلاّوی ڕۆنی منالاّن دروستکراوی عێراق ژمارە (٢٢) لەگیرفانی شەرواڵەکەیدا بووە

شانەیەك ڕەش ، دوو بازنی زەرد ( لەگیرفانی شەرواڵەکەیدا بووە )

پارچەیەکی بۆمب

هەویەی نفوس ژمارە ٢٩١٦٥٣ لە گیرفانی قەمصەڵەکەیدا بووە

بەناوی : خلیل عزیز حمە رشید

دایکی ناوی : فاطمة درویش حمە سعید

ئێسکی سەری تەواوە یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی نێرینە

clavical , scapnla ی تەواوە

vertebrae ەکانی تەواوە

Rib ەکانی تەواوە هەندێکیان شکاون

Upper limb ئێسکە درێژەکانی تەواوە بەلاّم ژمارەیەکی کەم لە carpal و meta carpal ەکانی ماون

Sternum ی تەواوە



region ی pelvic تـــەواوە یەکێکـــە لــــە جیاکەرەوەکانی نێرینە

limb Lower ئێسکە درێـژەکانی تـەواوە ،

tarsal وmeta tarsal و phalanx ی تەواوە

Coccyx ی ماوە

Humerons = 30 cm
Ulna = 24.3 cm
Femur = 42.5 cm

vertebrae) ) ەکـانی cervical ( 4 ) و 5 ( lumer )

Rib ەکانی زۆربەی ماوە و کەمێکیان شکاوە

لای ڕاسـتی scapnla , clavical ی تـەواوە وە هــەروەها Humerons) ) ی تـــەواوە لای چـــەپی scapnla) ) ی مـــاوە بـــەڵام داخـــوراوە هـــەروەها

Radins و ulna ی ماوە بەڵام ulna شکاوە

Sacrum ی مـــاوە وە region pelvic ی لای ڕاســتی تــەواوە و لای چــەپی یــەك دوو پارچــەی ماوە

limb Lower تـــەنها ئێســکە درێــژەکانی لای چەپی بەتەواوی ماوە

هەردوو patellae و هەردوو پێ یەکانی ماوە

درێژی Humerons = 32.5 cm

درێژی tebia = 37.4 cm

درێژی Femur = 44 cm

Sternum تەنها manibrium ی ماوە

**هەڵەبجە_قلیج- ژمارەی کۆتەڵ : ٢٥ - ڕۆژ ٢٠٠٤/١٠/٢٣**

بــازنێکی زەردی شــکاو ، قایشــی ســەعاتێك ، قــەڵەم جافێــك ، تـــەزبیحێکی خـــڕی ڕەشـــی گـــەورە ، ملوانکەیـــەکی ملـــی منـــداڵ هـــەروەها تـــەزبیحێکی مـــــــوروی نیللـــــــی ، دوو نوشـــــــتە ( قـــــاوەیی ) ، روبعییـەکی ئاسـن و کلـی چـاو کـە لـەناو پەڕۆیـەکی گوڵگوڵی یە ( گوڵدار )

تاکـە لیرەیـەکی زیـو کـە لەناوەڕاسـتدا ئەڵقەیـەکی تێکراوە

بیجامەیـــەکی ســـپی گوڵـــداری شـــین ، کۆڵوانەیـــەکی ژنانـــەی ڕەش، شـــەرواڵێکی ڕەش ، کراســـێکی ســـپی و فانیلەیـەکی عەلاگـەی سـەوز ، جـوتێ گـۆرەوی ڕەش لەگەڵ تاکێ پێلاوی لاستیك ژمارەکەی نادیارە

هـــەروەها ناســـنامەیەکی بـــاری شارســـتانی کـــە ژمارەکـــەی (٠١٣٧٦٤ ) ە کەللـــەی ســـەری بەتـــەواوی وورد بووە

**هەڵەبجە_قلیج- ژمارەی کۆتەڵ : A,B,C 21 ڕۆژ : ٢٠٠٤/١٠/٢٣**

* قەمصەڵەیەکی عەسکەری سەوز
* شـەرواڵێکی قـاوەیی و کراسـێکی مربعـاتی ڕەش و سـپی لەگـەڵ جـوتێ پـێلاوی لاسـیکی عێراقـی ڕەقـەم (٤٠)
* دەرپـێ یـەکی کـوردی مـۆری سـورمە ، کراسـێکی کـــوردی ژنـــان نیللـــی نوختـــەی ســـپی تێدایـــە ، سەرپۆشـــێکی ســـپی کـــە تاکێـــك گـــوارەی ئـــاڵتونی پێوەبـــوو لەگـــەڵ پشـــتوێنێکی ڕەش و یـــەکێکی تـــر سەوز ، تاکێك پێلاوی لاسیکی ژنانە ژمارە ( ٣٦ )
* بلـوزێکی قـاوەیی منـداڵان کـە بلـوزێکی خەتـداری سـورو سـپی و نیللـی تێدایـە وە کراسـێکی نیلـی گـوڵ گـوڵی لەبەردایـــە لەگـــەڵ بیجامەکەیـــدا بەســـەر ئەمانەشـدا کـراس و بیجامەیـەکی سـپی کـە گـوڵی سـوری تێدایـــە وە هـــەروەها سەرپۆشـــێکی ڕەشـــی

گوڵدار ، جوتێك پێڵاوی لاسیکی مۆری دەستکردی عیراق ژمارە (٢٥ – ٢٦ )

بیجامەیەکی مربعاتی سپی منالآنە لەگەڵ کراسێکی سپی پەمەیی گوڵداری خەت خەت

بلوزێکی قاوەیی خوری ئەستور لەگەڵ بلوزێکی قاوەیی تەنك لەگەڵ کراسێکی سەوزی سادە وە بلوزێکی نیلی ئەستوری منالآن هەروەها جوتێك



پێلاوی رەشی لاسیکی ژمارە ( ٢٨ – ٢٩ ) دروستکراوی عیراق

* شەرواڵێکی رەساسی مندالآن ، قەمصەڵەیەکی سەوزی فەرو‌داری منالآن ، جوتێك پێلاوی لاسیك ( رەش ) ژمارە (٣٧)

* شەرواڵێکی نیلی لەگەڵ جوتێك گۆرەوی شەکەری هەروەها یەك تاك پێلاوی لاسیکی رەشی عیراقی ژمارە (٤٠)

* شەرواڵێکی رەش لەگەڵ فەرویەکی قەمصەڵە رەنگی سەوزە ، فانیلەیەکی رەش لەگەڵ فانیلەیەکی عەلاگەی رصاصی کە قەراغەکەی قاوەییە

مەمکەیەکی شیری شکاو لەگەڵ قایشی سەعاتێك و بازنێکی تەلی سەوزی منالآن ، برێك پارە کە رزیوە لە علاگەیەکی سەوزدا ، نقێمێکی گوارە کە رەنگی مۆرە ، سەری دۆلکەی چای منالآن کە رەنگی سەوزە

ژمارەی کۆتەڵ : 21 A

ئێسکی کەللەی سەری هەمووی شکاوە

چەند پارچەیەکی کەم لە mandible ، maxilla ی ماوە

ناوچەی sternum ( ............... ) ی نەماوە

scapnla clavical ی ماوە بەڵام بەشێکی داخوراوە

ژمارەیەکی کەم لە بربڕەکانی ماوە ( ٦ thorosre ، ٢ cervical ، ٣ lumber ) کە تووشی داخوران هاتوون

ئێسکی پەلەکانی سەرەوەی ( ئێسکە درێژەکانی ماون بەڵام هەندێکیان شکاون )

ناوچەی sacrum ی نەماوە

( region pelvle ) تەنها لای چەپی ماوە ئەویش تووشی داخورانێکی زۆر هاتووە لە نیشانە جیاکەرەوەکانی پێدەچێت نێرینە بێت

ئێسکی پەلەکانی خوارەوەی ئێسکە درێژەکانی تەواوە هەردوو patella کانی ماوە

Humerons = Radins cm 23.4 = 31.9 cm

**41.2 cm =Fermur**

**ژمارەی کۆتەڵ : 21B**

کەللەی سەری بەتەواوی شکاوە ، چەند پارچەیەکی کەمی لە mandible و maxillae ی ماوە

( vertebra ) کانی یەك cervical و سێ thoracic و سێ lumber ی ماوە

Sacrum ی ماوە بەڵام چەند پارچەیەکی کەمی نوقسانە

Clavical ی لای ڕاستی ماوە بەڵام scapula ی نەماوە

لای چەپی هیچیانی نەماوە

ئێسکە درێژەکانی پەلی سەرەوەی ماوە تەنها ئێسکی لای ڕاست شکاوە

درێژی Radins = 22.1 cm

درێژی humerus = 29.2 cm

ژمارەیـــــەکی زۆری ( rib ) ەکـــــانی مـــــاوە و هەندێکیان شکاوە

( Pelivic region ) ی لـــە جیاکـــەرەوەکانی



ئافرەتەو چەند پارچەیەکی کەمی شکاوە

پەلـــەکانی لای خـــوارەوەی ( Femur ) ی لای ڕاســـتی نەماوە لەگەڵ هەردوو

( Fibnla ) کەی ( ڕاست و چەپ )

درێژی tibia = 34.5 cm

Femur = 42 cm

ئێســکی کەللـــەی ســـەری نـــەماوە تـــەنها ( mandible ) ی ماوە ئەویش چەند دانێکی ماوە

Scapnla ی ماوە بەلاّم بەتەواوەتی شکاوە

Clavical ی نـــەماوە Rib ەکـــانی هـــەمووی مـــاوە بەلاّم شکاون

Vertebrae ەکـــــــانی دوو cervical و پێـــــــنج thoracic و یەك lumber ی ماوە

upper limb و لای ڕاســــت Humerons و Radins ی نـــەماوە تـــەنها ulna ی مـــاوەو درێژیەکـــەی ( 26.1 cm ) ە

وەلای چـــەپی هـــەر Radins و ulna ی مـــاوە درێـــژی Radins ی (24.3 cm)

pelvic region ی نـــەماوەو Sacrum ی هـــەر نـــەماوە Lower limb ی لای ڕاســـتی تـــەواوەو هـــەمووی مـــاوە وە درێـــژی femur ی 43.9 cm بـــەلاّم لای چـــەپی تـــەنها femur ی نـــی یـــە mandible ی وا دیـــــــارە نێـــــــر بێـــــــت تەنها دوو بلوزی ماوە

لەگـــەڵ کراسـێکی دروســـت کـــراو لـــە قومـــاش ( ســـپی گوڵدار )

یـــەکێك لـــە بلوزەکـــانی ڕەنگـــی زەردە و پێشـــەکەی چـــەند خەتێکی سەوزی تێدایە

ئەوەی تریان خەت خەتی نیللی و زەردو سەوزە

ئێسکی سەری بەتەواوی نەماوە

clavical , scapnla ی ماوە

vertebrae کانی ماوە بەلاّم زۆربەی شکاون

Rib ەکانی زۆری ماون بەلاّم شکاوو داخوراون

upper limb ئێســـکە درێـــژەکانی مـــاون بـــەلاّم ئێسکی دەستی نەماون

Pelivic region ی تـــەنها ilum ی لای ڕاســـتی ماوە

پەلـــــەکانی خـــــوارەوەی تـــــەنها (Femur ) و ( tubula ) ی لای ڕاستی ماوە

زۆر زۆر مندالە

**هەڵەبجە_ قلیچ -ژمارەی کۆتەڵ : ڕۆژ : ٢٠٠٤/١٠/٢**

بلوزێکی ڕەساسی

شەرواڵێکی قاوەیی

قەمصەڵەیەکی فەرودار کە پێدەچێت چەرم بێت

فوتویەکی کەتیرە لە گیرفانی شەرواڵەکەیدا بوو

ئێسکی سەری چەند پارچەیەکی بچوکی ماوە

scapnla , clavical ی لای ڕاســتی مــاوە بــەلاّم لای چەپی تەنها scapnla ی ماوە

upper limb ی ئێســـکە درێـــژەکانی مـــاوە لەگـــەڵ چەند پەنجەیەکی کەم

ژمارەیەکی کەم لە vertebrae کانی دیار نی یە

Rib ەکانی زۆربەی ماون بەلاّم شکاون

Pelivic region ی لای ڕاســـتی ishium و illum و pubis ی مـــاوە بـــەلاّم لای چـــەپ تـــەنها ishium و pubis ی ماوە

Lower limb ئێسکە درێژەکانی هەمووی ماوون

**هەڵەبجە_ قلیچ- ژمارەی کۆتەڵ : ١٣**
**ڕۆژ : ٢٠٠٤/١٠/١٨**

کلاَوێکی کوردی پیاوانە
فانیلەیەکی عەلاگەی نیللی
لیباسێکی قاوەیی
کراسێکی پەمەیی کاڵ
قاتێکی کوردی ڕەنگ قاوەیی (شەرواڵ و چۆغە )
جوتێك گۆرەوی قاوەیی کاڵ
جوتێك کالەی adidas ی پیاوان ڕەنگ قاوەیی
چوار پەنجا فلسی٣ کلیل و شانەیەکی ڕەشی بچوك
ئێسکی سەری تەواوە و یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی



نێرینە
clancal , scapnla ی تەواوە
sternum ی تەواوە
vertebrac ی تەواوە ژمارەی Rib ەکانی تەواوە بەلاَم هەندێکیان شکاون
upper limb ئێسکە درێژەکانی ماوە Alna , Radins , Humerons ی تەواوە . meta carpal , carpal ی وەك لە وێنەکەدا دیارە تەواو نی یە
region pelnc ی تەواوە و یەکێکە لە جیاکەرەوەکانی نێرینە
Lower limb ی تەواوە چەند Distal phalanx نەبێ تەواونییە

Hnmnrons length = 30 cm
Femurons length = 43.7 cm
Tibia length = 36.9 cm
Radins length = 4.9 cm

# کەمال ئاوا بۆی گێرامەوە



ئەنفالستان

ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە سەنگاو لەماڵی پیاوێك بەناوی کەمال لاماندا بۆ پشوویەکی کورتخایەن، هەرئەوەندەی تا چایەکمان بۆ ئامادەکرا کاتێك لە نیازی میوانە درەنگ وەختەکانی حاڵی بوو، کەمال سەری قسەی دامەزراندوو ووتی: ساڵی ١٩٩٢ چووین بۆ راو بۆجەولەکانی گوندی تۆپخانە، لەبن کاچ ( ئەشکەوت)ێك فەردەیەك شەکروکۆمەڵێك جل وکەل وپەلم بینی زۆرسەرم سورما دواتر ووردبوومەوە باوەڵێکی بچوکیشم دۆزییەوە، کۆمەڵێك تەسکەرەو پێناسیشی تێدابوو، هەڵمگرت و هێنام پێشانی پیشانی برادەرەکەممدا، ئەویش ووتی، من خاوەنی ئەم تەسکەرەیە دەناسم (عەلی محمد عەزیز) ی گوندی تۆپخانیە ئینجا ئاهێکی هەڵکێشاوو وتی: ئەو پیاوە ئەنفالکراوە، براکانی و منداڵەکانی دەناسم ئەم تەسکەرانەیان دەدەمەوە .

عەلی کێ بوو؟ برای فەرەجی تۆپخانە کە لە کۆمەڵکوژیی ئەنفال لە پارێزگای رومادی لە نیسانی ١٩٨٨ لە ناو گۆڕێکی بەکۆمەڵ رزگاری بووو. دواتر خۆی گەیاندبووە کەمپی (ئاڵتاش) کە ئاوارەی کوردی لێبوون.

ئەو کاتەی کەمال سەنگاوی ئەم قسانەی بۆ ئەنفالستان گیرایەوە فەرەجی تۆپخانە لەشانی راستیەوە دانیشتبوو. کە کەمال قسەکانی تەواوکرد فەرەج ئاخێکی هەڵکێشاو ووتی:عەلی برام هەتا تۆپزاواش پێکەوە لە یەك قاعەدابووین کە ئیمەیان بردوچاوم پێی نەکەوتەوە ؟

**مام سابیر جەبار مەحمود :**

# ئەوەی لە نوگرە سەلمان دیمان وەیل بوو، وەلێ ئەمانیش لەوان باشترنەبوون ؟



کە گەیشتینە گوندی توکن، یەکەم ماڵ کە لە دەرگاماندا مالی پیاوێك بوو بە ناوی محمد، هێشتا دانەنیشتبووین،چاووم چووە سەر پیرەمێردێك لە دورەوە دیاربوو کە ئازار چەشتووی ئەنفالە، ئەو لەحەوشە، پشتی چەماوەی بەبن دیوارێکی گلینەوە دابوو، ئەویش مام سابیری ئەنفال دیدە بوو گۆچانەکەی بەتەنیشت خۆیەوە هەڵپەسارد بوو.

پاشئەوەی چوومە لایەوەو دواندم سەرباری هەڵکشانی تەمەنی و ئەوئازارەی لە ئەنفالەوە بۆی ماوەتەوە هێشتا قسەخۆشبوو، باو باپیری مام سابیریش لەبنەرەتەوە هەر خەلکی گوندی توکن بوون، بەبیری مام سابیر گوندەکەیان سێجار لەلایەن " زاڵمانەوە؟ سوتێنراوەو بەڵام چۆکیان دانەداوەو سەرلەنوێ دروستیان کردووەتەوە، گوندی توکن لەپێشەوە ٨٠ مال زیاتر بوون بەڵام پێش ئەنفال هەڵکشاوە بۆ ١١٥ ماڵ.

مام سابیر خۆشی ئەنفالکراوەوبە زیندانەکانی قۆرەتوو تۆپزاوادا تێپەریووەو لە پۆلێنکردندا براوە بۆ قەڵای نوگرە سەلمانو ماوەی شەش مانگی بەبرسێتیو زیندانی بەسەربردووە، هەرلە تۆپزاوا لە ژنەکەیو کورو کچەکانی جیاکراوەتەوەو ئیتر هەر ئەوجارە بوو نەیبنینەوە، بەهەناسەیەکی ساردەوە ووتی : کورە برا من باس کام ئازرمت بۆبکەم من ٦ کورو کچو هاوسەرەکەشم رۆینوئەنفالکران کەس نەیزانی ئەرز قوتیانیدا یان ئاوبردنی.!! برا دەردی ئێمە گرانە .

پیرەمێرد بەورەیەکی بەرزەوە بە پەنجەکانی دەستی کەوتە ژماردنی کەسە ئەنفالکراوەکانی " جەواهێر حسن " ئەوە خێزانم بوو کە نیشکەکانیشم : شەوقی، شعریە، زەینەب ، حمدیە، کورەکەشم هیدایەت ) خۆشم هەرئەنفالکرام چوومە قۆرەتووتۆپزاوا لەوێ هەموومانیان جیاکردەوەو منیان رەوانەی نوگرەسەلمان کرد ئەیەرەکو وە ئەنفال حسابم بکەن خۆشم ئەوە حەوت..

# گەشتێك بۆ گوندی توکن‌و عەزیزقادر

ئەنفالستان



بەیانی ڕۆژی ٢٠١٢/١/١٩ سەعات چواری بەیانی بەزەنگی تەهای کەریمی بەخەبەرهاتم بۆ ئەوەی وەکو راوێژکاری فیلمی ( هەزارویەك سێو) کە فیلمێکی تایبەتە لەسەر ئەنفال بڕۆم بۆ کەلار، پاشئەوەی خۆم گۆڕی هەربە ئۆتۆمبیلە ئۆپڵەکەم بەرێکەوتم‌و ملی ڕێگەی کەلارم گرتەبەر، لەبەر ڕۆشنایی لایتی ئۆتۆمبیلەکەم بە تەنیشت دەیان لۆری‌و تەنکەری بارهەڵگردا تێپەریم کە لەهەندیك حالەتدا تەواو ترس شاڵاوی بۆدەهێنام، چونکە شۆفێرە سەرشێت‌و جرپنەکان بەو ڕێگە تاك سایدەدا بە خێرایی بەتەنیشتمدا تێدەپەڕین، وەك لەجەنگێکی هات‌و نەهاتدابم وابوو. بەو حاڵە کاتژمێر ٦ی بەیانی گەیشتمە شاری کەلار، پاش گەیشتنم بە تیمەکە ئۆتۆمبیلەکەم لەکەلار بەجێهێشت‌وکاتژمێر ٧ی بەیانی بە پیکابێکی دەبڵ کابینەی تویتا دەرچووین، هەرئەوەندەی ناحیێ سەرقەلامان بەجێهێشت، بەرێگایەکی خۆڵی پرتاسەدا بەهەڵتەك‌و داتەك بەرەو گوندی توکن‌و عەزیز قادر بەرێکەوتین.

لەرێگە شۆفێرەکەمان (سیامەند) سەری قسەی دەیان چیرۆکی تەپۆلکەو شیودۆڵە نزمەکانی گەرمیانی دامەزراند، هەرئەوەندەی لەبەرزاییەك سەرکەوتین ئیتر خانووە لە قوڕدروستکراوەکانی گوندی توکنی ئەنفالکراو بە هەژاریەوە خۆی بۆ نمایشکردین‌و دیمەنی خۆی خزاندە ناو تۆڕی چاوەکانمانەوە.

توکن بەرلەئەنفال سەرووی ١٠٠ ماڵ بووە بەڵام ئێستا بەهەمووی ١٢ ماڵ نابن، ئەم گوندە ٣٦٥ کەسیان ئەنفالکراوە‌و هەندێك لە خانەوادەکانی تەنها یەك تاکە کەسیان دەربازبووە، هی واشیان هەیە تاکە یەك کەسیان دەربازنەبووە.

هەرکە گەیشتینە گوندەکە، شۆفێرەکە لوتی ئۆتۆمبیلەکەی سوراندە بەردەمی دەرگایەکی لەچینکۆ دروستکراو داوی لێکردین کە دابەزین، هێشتا لەبەردەمی دەرگای ماڵەکەدا بووین، پیاوێکی کامڵ بەرەو پیرمانهات‌و یەکەم کەس کە روبەرووی بوومەوە محمەد بوو، سیامەندی شۆفێر بەدەست‌و برد بەیەکی ناساندین، پاشئەوەی منی ناساند ئینجا روی تیکردم‌و ووتی ئەم پیاوە هاوسەرەکەی‌و ٦ منداڵی ئەنفالکراون، منیش پەلەمکرد لەوەی بەزوویی

دیدارێکی لەگەڵدا ساز بکەم، لەبەر ئەوەی ئیمە ئامانجمان گوندی عەزیز قادربوو.

محمەد ئەنجومەنی گوندی توکن بوو، کارێکی باش کە کردبووی ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانی گوندەکەیانی بە ڕێك و پێکی لە دەفتەرێکدا بە چەند خشتەیەك نوسیبو، بەسەلیقەیەکی باشەوە پۆلێنی کردبوون" پیاو بەجیاو ژن بەجیاو مندال بەجیا" محمد ناوی ٣٢٢ کەسی نوسیبوو کە هەموویان ئەنفالکرابوون و بێسەروشوێن بوون، بەڵام دیگوت: هێشتا ناوی ٤٠ کەسی نەنوسیووەو بە هیوایە لەداهاتودا ئەوانیش لەوخشتەیەدا ڕێك بخات. هەرچۆنێك بوو دیدارێکم لەگەڵدا سازکردو نیوەڕۆ لەماڵی ئەوان ماینەوەو دواتر بەناو گوندی توکندا گەراین، ئەو گوندە پڕە لە چیرۆکی ستەمکاری بەعس و دلشکانی مرۆڤ لەبەینبردنی ژیان، کەچی سەرباری ئەو هەموو شەهیدو ئەنفالکراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاورێکی ئەوتۆی




لێنەداوەتەوە. هێشتا نە ڕێگاوبانێکی شایستەو نە ئاوکارەبایەکی ڕێکوپێکیان نیەو تۆری مۆبایلی ئاسیاسیلیش لە جێگەی نەبوانە . گلەیی و دلشکانێکی زۆری لەسیمای خەڵکەکەیدا دەخوێندرێتەوە .

## سەردانی گوندی عەزیز قادر

دوای ئەوەی لەوگوندە چەند گرتەیەکمان گرت و دیدارم لەگەڵ سێکەس سازدا، تیمەکەی تەهای کەریمیش تەواو بوون و خۆیان ئامادەکرد بۆریشتن، بەڵام وەکو چەندجارێکی تریش باسم کردووە خولقی گەرمیانی و میواندۆستیان هەرگیز ڕێگەنادات وەکو چۆن خۆت بەرنامەتداناوە ئاوا جێبەجێی بکەیت، مەگەر بمکوژن ئەگینا بەبێ نانخواردن لەم حەوشەیە ناچنە دەرەوە، ئەوە قسەی ئەو پیاوەبوو کە هاوسەرەکەی و هەرپێنج مندالەکەی ئەنفالکرابوون، ئیتر دوای ئەوەی نانێکی خێرامان خوارد بەرەو گوندی عەزیز قادر بەرێکەوتین لەوێ توانیم دیدار لەگەل دوو تاقانەی ئەنفال بە ناوەکانی محمدولوقمان سازبکەم.

بەڵام دوای ئەوەی لەدیدارەکان بووێنەوە، ئینجا پێیان ڕاگەیاندم کەوا ئەم گوندە زیاتر لە ١٠ کەسی تێدایە وەکو ئیمەو تەنها خۆی ماوەتەوەو خانەوادەکانیان سەرپاك ئەنفالکراون.

یەکێك لەوانە ئەنجومەنەکەی گوندی عەزیز قادربوو، بەناوی عومەر محمەد، بەڵام عومەر بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو



قوربانیانەی دیومن و دیدارم لەگەڵدا سازکردوون بروای بە ئایندەو تەنانەت کاری ئەرشیف و دۆکۆمێنتاریش هەبوو، ئەویش هەمان کاری دۆکۆمینتکردن و ناونوسکردنی ئەنفالکراوەکانی کردبوو بەڵام بەشێوەیەکی رێك و پێکتر لە ئەنجومەنەکەی گوندی توکن.

رۆژی دووەهەم هەر لەگەرمیان بووین، سەرەتا چووێنە مالی ژنێك بەناوی بەفراو کە تاکە دەربازبووی ئەنفال بوو ئەو ژنە بۆخۆی لە نوگرەسەلمان گەرابووەوەو هەموو مندالەکانی و مێردەکەی لە ئەنفال نەگەرابوونەوە ئیستا لە گەرەکی ئەنفالکراوەکانی ئۆردوگگای صمود (رزگاری دادەنیشێ) دوای ئەوەی دیدارێکی کورتم لەگەلیدا سازکرد هەوالی ژنێکی گوندەکەیانم لێپرسی بەناوی پورئەفتاو بەڵام بەداخەوە پێراگەیاندم کە ئافتاو پارەکە کۆچی دوایی کردووە، شایانی باسە ژمارە ٤ی ئەم سالنامەیە چیرۆکێکی کورتی لەسەر ئەفتاو بلاو کردبووەوە.

خانەوادەی دووەم لە ئۆردوگای صمود کە چوین سەردانمان کرد مالی ژنێکی تربوو بەناوی پورە (باخان) باخان خەلکی گوندی پرەمۆن بوو هەرلە مندالییەوە لەوێ بووەو هەرلەو گوندەش شوی بە ئەحمەد محمەد کردووە، دایکی تاقە کوریك و ٣ کەنیشك بوو، بەڵام ئەنفال ئەو خانەوادەیەشی لەبەر یەك هەلوەشاندبووەو تاقانە کورەکەی باخان و هەرسێك کەنیشکەکەی و خۆیشی ئەنفالکران پاش ئەوەی لە توپزاوا ژن و پیاو منداليان لێکجیاکردەوە باخانیان رەوانەی تۆپزاواو کورەکەی و کچەکانیشی رۆیشتن و کەس نەیزانی کۆمەلکوژکران. ئێستا باخان بەتەنیا لە ئۆدوگای صمود لە خانوویەکدا دەژی کە هێشتا نەلەیغ کراوەو نەگەچکاری .. ئەو بەتەیا دەژی و دەلێت هەتا درەنگانیك من لەرچاوم لە رێیان بوو، باخان دەیگوت: دەچووم کنگرو گژوگیام لەو کیوانە دەهێنایەوەو لەم صمودە دەمفرۆشت تا بیدەمە جل و کەل وپەل بۆ مندالەکانم بۆ ئەوەی خوای کرد کە رۆژێك گەڕانەوە بیکەنە بەریان و روت وقوت نەبن ویستم کورەکەم و کچەکەم کەهاتنەوە پۆشتەبن، من چوو زانم عەلی کیمیایی هەموویان کردووەتە ژێرخۆڵەوە.



### باخان خەڵکی گوندی پیرەمۆنی

## چاوم بەرایی نادات بچمەوە بۆ دێکەی خۆمان

**شوێن : ئۆردوگای صمود**

**بەروار: ٢٠١٢/١/١٦ کات: ٣ی پاش نیوەڕۆ**

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ لە ئۆردوگای صمود کە ئێستا ناوی رزگاری لێنراوە گەیشتینە ماڵی پیرەژنێکی تەنیا کەوتووی دوای ئەنفال .لەخانوویەکی پەرپوتی لەبلۆك دروستکراودا چاومان بەباخانی تاقانەی دوای ئەنفال کەوت، کەلە ژورێکی ئەو خانووەدا دەژیا هێشتا دیوارەکانی ناوەوەی گەچکاری نەکرابوو بەڵکو هەربلۆك بوو.

باخان بەمنداڵی دایکی لەبەر خۆشەویستی پێی گووتووە گوڵەباخ یان گوڵی ناوباخان ئیتر بەشێوەیەکی سروشتی ناوەکەی گۆڕاوە بۆ باخانو هەتا ئێستاش هەر بەباخان دەناسرێتەوە، هەر لەگوندی پیرەمۆنی لە دایکبووەو لەوێش پرۆسەی هاوسەرگیریی ئەنجامداوە، کاتێك وەختی شوکردنی هاتووە لەگەڵ پیاوێك هاوسەرگیری کردووە بەناوی ( ئەحمەد) بەڵام هەروا ماوەی ١٠ ساڵێك پێکەوە گوزەراندویانە کە ئەحمەدی مێردی بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، ئیتر تا سەروەختی پەلامارەکانی ئەنفال باخانو منداڵەکانی هەر لەگوندی پیرەمۆنی بەجوتیاریو هەژاری گوزەراندویانە .

سەروەختی ئەنفال میمکە باخان دایکی تاقە کوڕێکو ٧ کەنیشك بووە.



لەو دیدارەدا بۆ ئەنفالستان باخان ووتی: من ناوم باخانە خەڵك پیرەمۆنیم کوڕێکی تاقانەو حەوت کچم ئەنفالکراوە، کوڕەکەم ناوی جاسم بوو، بەهەتیوی گەورەم کرد، خۆی و ژنەکەیو منداڵەکانی هەموویان ئەنفالکراون، کەنیشکەکانیشم ناویان " بەدری، سەبری، موکری، ئاوات، مهاباد، حەلاو، نەشمیل " بوو ئەوانیش دوانیان بەمنداڵەکانیانەوە ئەنفالکراون، ئێمە فەقیری ماڵی خۆمان بووین کە مغاویروجەیش هاتنە سەرمانو خۆشمان نەمانزانی گوناهمان چی بوو کەگرتیانینو بەو دەردەیان بردینو تاوانیان دەرهەق کردین.؟

ئەوان فەقیری ماڵی خۆیانبوون، کە بەعس لەماڵەکانی خۆیان دەریانپەڕاندنو بۆ هەتاهەتایە ژیانی باخانو کۆی گەرمیانیەکانی گۆڕی، لەپەلامارەکانی ئەنفالدا ئەوەی بردیان کۆمەڵکوژیانکردو ئەوەشی لەژیاندا مایەوە بەدەردی ئەوانەوە دەتلێتەوە کە کوژران .باخان ووتی . هەرکە گیراین یەکسەر بردیانین بۆ قەڵای قوڕەتوو، لەوێش زۆر نەیانهێشتینەوە دوای سێ ڕۆژ باریانکردینو بردیانین ، بەڵام ئێستاش نەمانزانی بۆچی لە نزیکی جەلەولا گێڕایانینەوەو هاوردیانینەوە بۆ



قۆرەتوو..!! بۆ بەیانی سەرۆکی خێزانەکانیان کۆکردەوە ناویان نوسین و دیسانەوە باریانکردین و بردیانین بۆ تۆپزاوا. لەوێ هەموو منداڵەکانیان لێمان جیاکردەوە کردمانیانە هۆلێکەوە دوای رۆژێك لەگەڵ خەڵکێکی فرەی هاوتەمەنی خۆم منیان رەوانەی نوگرەسەلمان کرد، تۆبڵێ (وەیل و دۆزەخ ) ماوەی شەش مانگ لەو دۆزەخەی نوگرەسەلمان برسی و تینو بەرەزالەت ماینەوە، منداڵەکانیشم لە تۆپزاوا جیاکرانەوە و ئیتر نەمبینینەوە و نازانم چییان بەسەرهات، جگەلە منداڵەکانی ئەو ژنە تەنیا کەوتووە دووبراو کۆمەڵێك برازای ئەنفالکراون، برازاکانی " لوقمان، نوعمان، فەرمان، حەمەخان، دیار" مەجید و عەلی برای هەریەکەیان بەکۆمەڵێك منداڵەوە رۆیشتن و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە، مەجید کە براگەورەی باخانە خۆی و ژنەکەی بەناوی کیژان و ٩ منداڵی واتە (٦) کورو (٣) کچی هەروەها عەلی برا بچوکیشی خۆی و ژنەکەی بەناوی جیهاد و (٣) کەنیشکی ئەنفالکراون.

باخان هەڵوەستەیەکی کردو هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو وتی: ئەی برا ئەوە وەزعی ئێمەیە بەهەمووی ٤٥ کەس لەخزمو کەسە دورو نزیکەکانم ئەنفالکراون.

**قەت ناچمەوە بۆپیرەمۆنی:**

باخان تاکە ژنە کەبینیبێتم و ئارەزوی بینینەوەی زیدی خۆی نەکات، کاتێك لێمپرسی مەیلی پیرەمۆنی ناکەیت ؟ لەوەڵامدا ووتی: هەرگیز نامەوێت بچمەوە بۆ پیرەمۆنی: (تازە من وپیرەمۆنی..؟! قەت چاوم بەرایی نادات بەبێ منداڵەکانم بچمەوە بۆ پیرەمۆنی. ئەو ژنە تا دەرکەوتنی گۆرەبەکۆمەڵەکان چاوەروانی هاتنەوەی کورِوکەنیشکەکانی بووە .

---

## تۆماس ئەدیسۆن :



**ناتوندوتیژی بەبەرزترین رەوشت دەنرخێندرێت کە ئامانجی سەرەکی لێی پێگەیشتنی مرۆڤە، هەتا ئەو کاتەی کە دەستمان لە ئازاردانی هەموو گیانلەبەران هەڵنەگرتووە ئێمە هەر وەحشیین.**

## سەعید عەبدوڵاسەعید :

# تۆپزاوا ڕۆژی حەشربوو، نوگرەسەلمان دۆزەخی سەردنیا بوو

**کات : ١٠:٣٠ سەر لەبەیانی**

**سلێمانی- ٢٢ی ئابی ٢٠١١**

ئەو رۆژە سەعید کەبەتەنیشت باوکیەوە دانیشتبوو، هەرکە دەمی هەڵهێنایەوە بۆ ئەوەی قسەمان بۆ بکات ووتی: تۆپزاوا ڕۆژی حەشربوو، نوگرەسەلمان دۆزەخی سەردنیا بوو، بێ نان و ئاو لەسەر کۆنکرێتێکی ڕەق وتەق گەرما و مەینەتی ئاهێکی هەڵکێشاو کەوتە گێرانەوەی بەسەرهاتی خۆیان و ووتی: من ئەو کاتە تەمەنم ١٢ ساڵان بوو، بیرمدێ ئەو ئێوارەیەی گۆپتەپە کیمیاباران کرا، ئێمە لەسەر چەمی ڕەندیخان بووین، بەچاوی خۆمان تەیارەکانمان بینی کەبۆردومانەکەیان کرد، بەکری برام بە شڵەژاوی هات ووتی: گۆپتەپە کەسی تێدا نەما هەموو بەکیمیایی مردن هەرچەندە ئێمە دوربووین لە گوندەکەوە بەڵام دیاربوو کاری لەئێمەش کردبوو بەوەدا دەزانم کە تاریکی کرد براکەم چرایەکی هێنا بە ئاستەم هەستم بەتروسکاییەکەی دەکرد چاوم نەدەبینا. براکەم " بەکر " هەتا گوندی کانی بی[8] لەگەڵماندا هات و بۆ خۆی گەرایەوە، چونکە ئەو سەرتیپی هێزی بەرگری بوو نەیدەوێرا بێت بۆ بازیان، ئیتر هەر ئەوجارە بوو بەکر ڕۆیشت و نەمان بینیەوە،



**سەعید عەبدولا گۆپتە پەیی**

کەهاتین سێ تراکتۆر بوین توشی جاشەکان بووین . ئەوان ووتیان بڕۆن هیچ کیشەیەك لەڕیگادا نیە ئەوان ئیزنیاندا ین نەیانگرتین، بەڵام توشی جەیش بوون ئامر لیوایەك بوو نەمانزانی ناوی چییە ئەو دەست بەسەری کردین و ماوەی کاتژمێرێك ڕایانگرتین .. دواتر ئەوانەی تریش کەپێش ئێمە گیرابوون و ئەوانەی تریش کە دوای ئێمە گیران و پیادەبوون هەموویان سواری زیلی عەسکەری کردین و بردیانین بۆ قەڵاکەی سوسێ، مەکینەوعەرەبانەکانیشیان هێنا لەنێوان هەردوو زیلێکدا مەکینەیەکی ئەنفالکراوەکانیش خرانەرێ بۆ قەڵای سوسێ . لەوێ هەرزوو لەناو قەڵاکە دایانگرتین و سواری زیلی عەسکەری کراین بۆ سلێمانی بردیانین لەتەواریەکە دایانگرتین. دوایی بردیانین بۆ تۆپزاوا . بەڕاستی تۆپزاوا ڕۆژی حەشربوو لەوێ پیرو گەنج و ژو پیاویان لەیەکتر جیاکردەوە من لەگەڵ دایکمدابووم ئەفسەرێك هات ووتی: هەرچی سەرۆکی

---

[8] لەو ناوچەیە دوو گوندی جیاوازهەن بەناوی کانی بی یەکێکیان دەکەوێتە ئەوبەری زێ بەتەنیشت بۆگدوکلێسەوەیە لە دەشتی کۆیەدایەو سەربە قەزای کۆیەو پارێزگای هەولێرە، ئەوی تریان سەربە چەمچەماڵەو دەکەوێتە ئەمیەری زێ لە ناحێی ئاغجەلەرە بەلای خاڵخالاندا .

خێزانە هەستێتە سەرپێ دایکم هەستایە سەرپێ و بردیان من هەر مابوومەوە دوای ئەو ژنێکی دراوسێمان هەبوو ناوی مرواری بوو ئەویش هەستایە سەرپێ و ڕۆیشت منداڵەکانیشی بەدوایدا ڕۆیشتن منیش بەدوای ئەودا لەگەڵ منداڵەکانی ڕۆیشتم، لەبەردەمی هۆڵەکە ئەفسەرێک دانیشتبوو ناوی دەنوسی و دەکردنە هۆڵەکەوە، ناوی مرواریشیان نوسی و ووتی بڕۆنە ژورەوە ئیتر کردیانینە قاعەکەوە کەچووم باوکم و دایکیشم هەرلەو هۆڵەدابوون، نزیکەی سەعات ١٢ ی نیوەڕۆ بوو کەهۆڵەکەپربوو دەرگایان لەسەر داخستین و قفلیاندا هەتا ڕۆژی دواتر تەنانەت بۆسەر ئاویش دەرگایان لێنەکردینەوە. هەرخەڵکەکە بەناچاری گۆشەیەکی قاعەکەیان کردە تەوالیت. ناو هۆلەکە زۆری خەڵ تێدابوو تەنها جێگەی دانیشتن هەبوو لەوەزیاتر مەجالی ڕاکشان و ئەوە نەبوو، بەوحاڵەوە ماوەی ٢٤ سەعات هێشتیانینەوەو دەرگایان لێنەکردینەوە بۆڕۆژی دوایی سەعات ١٢ خزاردنێکی کەمیان داینێ و بردیانین بۆسەر ئاودەست.

سەعاتێك دوای ئەوە ریك دەوری سەعات یەك بوو کەکردیانینە قاعەیەکی ترەوە، دیارە قاعەی گواستنەوە بوو، لەو قاعەیەوە بەمونشەئە ئەوانە بوون کە پێیان دەگوترێ (جامبۆ) لەگەڵ ریمە درێژەکان بەو پاصانە ڕەوانەی نوگرەسەلمانیان کردین، ڕێگایەکی دورودرێژ برانەوەی نەبوو، کە گەیشتین شەوێکی درەنگ بوو، وەزعێکی ناخۆش ژنەکان و منداڵەکان دەگریان و دەکروزانەوە بەڕاستی دۆزەخ بوو .

سەعید بەرلەوەی حەوشەکەی تۆپزاوا بەجێبهێڵی لەناو پاصەکەدا بوون کە چاوەڕوانی جوڵان بوون لەپەنجەرەی پاسەکەوە چاوی لێبووە کەوا سەرباز کۆمەڵێك بەندکراویان پێشخۆداوەو لێیاندەدەن و سوکایەتیان پێدەکەن یەکێك لەوانە ئەفسەرێك لێی داوەو قاچی شکاندووەو نەیتوانیوە چیتر ڕێ بکات و بەندیەکانی تر بەباوەش خستویانەتە ناو سەیارەوە سەعید ئەو بەندکراوانەی ناسیبوو کە خەڵکی ناوچەکەو لەوانە هەندێکیان خەلکی گوندەکەی خۆیان بوون یەکێك لەوانەش خەلیل وئاراس بوون .

کەکەوتنەڕێ هەرگیز بەبیریاندانەدەهات ئەوەندە دوربخرێنەوە ماوەی ١١ سەعات بەڕێوە بوون، تادنیا روناك بوو دەیانتوانی لەپەنجەرەی پاسەکانەوە دەرەوە ببینن، بەلام کە لەتاریکیدا ڕێگەیان دەبڕی هەستیان لەگەڵ هارەی مەکینەی پاسە جامبۆکە واتێکەڵ ببوو جگە لەمەرگ و ترس و دڵەڕواکێ پێشبینی هیچی دڵخۆشکەریان نەدەکرد، کاروانەکە درەنگانێکی شەو گەیشتە جێ و لەناو بیاباندا دەرگایەکی گەورە کە وەك ئەژدیها دەمی کردبووەوە هەر بەپاسەکەوە قوتی دان و لەچاوی هەموو دنیا وونی کردن، ئیتر ماوەی شەش مانگ سەعیدو هەموو منداڵێنی تری ئەنفالکراوی کورد بەبرسێتی و نەخۆشی بەگەڕوی نوگرەسەلماندا چوونە ژورەوەو کەمینەیەکیان بەنەخۆشی و هیلاکی هاتنەوە دەنا ئەوانەی تر لەوێ مردن و تەرمەکانیان درایە دەم سەگەرەشەکانی بیابانەوەو جاریکی تر نەهاتنەوە بۆ

كوردستان . ئەوانە بەتەواوی لەجیهانی مندالّی خۆیان دابڕان و بوونە كۆمەلێك بوونەوەری شاراوە لە ژیان. بە ڕۆژ جگەلەو تەنكەرەی ئاوی بۆدەهێنان و جگەلە دیوارەكانی قەلاّی نوگرەسەلمان و ئەوخەلّكە مەینەتبارە زیاتر هیچیان نەدەبینی بەشەوانیش تەنیا ئەستێرەكان دەبینران چونكە دیوارەكانی ئەوەندە بەرزبوون تەواو لە ژیانی دەرەوە دای بڕیبوون،

سەعید دەگێڕێتەوە كە لەمانگی ڕەمەزاندا خواردنیان باشتر بووە، بەلای كەمەوە جاربەجارێك برنج و گۆشتیان پێدەدان، بەم هەر لەیەكەم ڕۆژی تەواوبوونی ڕەمەزانەوە ئیتر كەوتینە ڕەزالەتەوە، بۆماوەی دوو مانگ ڕۆژی تەنها دوو صمونیان پێدەداین و بۆ هەرسێك ژەمەكە لەدوای دووانگەكەوە كرایە ڕۆژی سێ صمون واتە ژەمی دانەیەك صمونەكەش ڕەق و ناخۆش بوو لەوە نەدەچوو صمونی ئاردی گەنم بوبێ، بەوەش خەلك زۆر مردن لەبرسان ڕۆژانە ١٠- ٢٠ كەس لەنوگرەسەلمان دەمردن. ئەوانەی من دەمناسین كەلەوێ مردن كوڕێكی خەلّكی دۆلّەبی بەناوی قادرو كوڕێكی گوندەكەی خۆشمان بەناوی دانا حسن ڕەسولّ و حسێن محمود، خەلكی تریش زۆر مردن ناویانم نەدەزانی چونكە خەلّكی گوندەكەی خۆمان نەبوون. مردنی قادر بەبەرچاوی خۆمەوە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە چونكە دیمەنێكی زۆر خەمناك بوو قادر قاچی هەلّهێنایەوە بۆ ئەمدیوی دەرگاكەو فریا نەكەوت قاچەكەی تری هەلّبهێنێتەوە كەوت و ڕۆحی دەرچوو.

دلڕەقی بەعس لەسالّی ١٩٨٨ دا گەیشتبووە لوتكە ئەوەی لەبیر سەعید ناچێتەوە دلڕەقی ئەو سەربازو ئەفسەرانەی نوگرەسەلمان بوو كە مندالّەكانیان دەبرد، بۆ خەستەخانەكە شتیان پێبارەدەكردن، بەلاّم ئەو هەموو دەرمان و خۆراكەیان پێ باردەكردن بێئەوەی هیچ شتێكیان پێبدەن.

**هاوار كیمیاباران كراین :**

سەعید دەلێ : " ئەو ڕۆژەشم لەبیرناچێتەوە كە دەرمانێكیان هێنا بۆ مێروو بوو بەلاّم بەسوێندەو هەوا دەرمانەكەیان لە ناوهۆلّەكاندا ڕشاندو دەیاندا لەبن میچی هۆلّەكان، بەلاّم ئەو خەلّكە ئەوەندەترسا و واشلّەژان لە هۆلەكانیان دەردەپەڕین و بەناچاری ڕایاندەكرد بۆ هۆلەكانی تر، وامانزانی كیمیاییەو خەلك هاوارو فیزاحی دەكردو دەیانقیژاند هاوار كیمیابارانكراین". ئەمەش هەمان ئەو ترسە بووە كە خەلّكی ناوچە كیمیابارانكراوەكان لەدلیانداماوەتەوەو هەمیشە چاوەڕوانی ئەو چركەساتەبوون كەبەگازی كیمیاوی بیانكوژن.

**بیركردنەوە لەهەلاّتن :**

سەعید لەگەلّ كوڕێكی هاوتەمەنی خۆی كە خەلّكی گلّناجاخ بوو، بەناوی ڕزگار سەرباری ئەوەی مندالّبون بیریان لەوە كردبووەوە كەوا خۆیان بەژێر شاسی تەنكەرەكەدا هەلّبواسن و خۆیان بشارنەوەو بەو ڕێگایەدا بڕۆنە دەرەوە، بەلاّم دواجار گەیشتبوونە ئەوقەناعەتەی كە ئەم تەنكەرە دەچێتەوە بۆ ناوسەربازگەیەكی ترو لەوێ هەر

دەگیرێین. بۆیە وازیان لەوبیرەش هێنابوو.. چونکە سەعید لەهەفتەیەکدا دوسێجار دەچووە دەرەوەی قەڵای نوگرەسەلمان ئەویش بەوهۆیەوەبوو کە حەجاجی دڵرەق دەیبرد بۆکارکردن و قاپی پێدەشۆردو بەهەمان ئەو عەربانەیەی مردووەکانی پێدەبرانە دەرەوە زبلیشی پێفرێدەدایە دەرەوە و سەعید یەکێك بوو لەومنداڵانەی عەرەبانەکەی بۆ دەرەوەی قەڵا پاڵدەداو، بەوهۆیەوە سەعید بینیبووی قەڵای نوگرە سەلمان لەبیابانێکی پانو پۆروتارەدایەکی زۆریش مەترسیدارداپەو تەنانەت چونە دەرەوەش بێهودەیەو هەرچییەك بکەیت ناتوانێت رزگار بیت. بەلای کەمەوە لەگەرماو تینیوێتیدا دەخنکێیت و دەرباز نابیت.

**ئەو رۆژەی لێی پەشیمانم :**

رۆژێك زۆر زۆرم برسیبوو عەسکەرێك هات پێشتر قەت نەمدیبوو، عەلاگەیەك صەمونی پێبوو چومە بەردەمی لێی پاڕامەوە ووتم : " سیدی جوعان" گەورەم برسیمە بەڵام عەسکەرەکە زۆربەزەیی پێمداهاتەوەو گریا ووتی تعال کاکە بردمیە ژوورەکەی خۆمەوەو ٦ صەمونی لەگەڵ دووتەماتەوسێ سەلك پیازو قوتوویەکی بچوك ماستی داپێم ئیتر رۆیشتمەوە بۆلای دایکم و ئەوان پیاز لەو شوێنانەدا زۆر زەرورە ئەو رۆژە بووە جەژنمان . لەوکاتەدا کە سەعید ئەوەی گیرایەوە حاجی عەبدولای باوکی لەتەنیشتیەوە دانیشتبوو ووتی: شایی بوو جەژنمان بوو ئەی برسی بووین خواردن نەبوو.

**ئەو رۆژەی ئەشکە نجەی زۆردرام :**

رۆژێك پۆلیسەکان بردیانمە ژورەوە بۆ ئیشکردن، دەمەو ئێوارە بوو کۆمەلێك پولیس وعەسکەر لەناو حەوشەبوون، منیش کارەکانم تەواوکردبوو دەمویست برۆمەوە بۆ لای دایکم و ئەوان ئەفسەرێکیان ناوەکەی نازانم گۆچانێکی بەدەستەوەبوو کە بینیمی بانگی کردم ووتی: تعال منیش بەلای ئەواندا دەرۆیشتم کە گەیشتمەلایان بەگۆچان زۆری لێدام خەلکە ئەنفالکراوەکەش لەپەنجەرەکانەوە تەماشایانردبووم کە چۆن لێیم دەدەن بۆم گریابوون. هیچ گوناهم نەبوو تەنها لەبەرئەوەی بەلایاندا رۆیشتم.

**ئەو رۆژەی ئازادکراین :**

ئیمە نەماندەزانی مەسەلە چیە هەموو ئەوانەی لە قاتی سەرەوەیووین هێنایانینە خوارەوە، دەستیانکرد بەناونوسکرنمان، دوو هۆڵی زۆر گەورەبوون لەوێ هەتا نزیکەی ٥٠٠ کەسیان ناونوسکردوو کردیانینەوە ناو ئەو هۆلانەوە ئەوانیش گەورەبوون هەریەکەیان ٤٠٠ تا ٥٠٠ کەسیان دەگرت. لەوێ بوو حەجاج بە دەست ئامازەی بۆن کردو بانگی کردم وەرە تۆش برۆ ووتم من باوکم لەگەڵە ووتی برۆ بیهێنە ئینجا ناومان نوسەر. سواربووین هێنایانین بۆسەماوە لەوێ خواردنی باشیان پێداین بۆئەوەی تۆزێك گورمان بێتەوەبەر چەند رۆژێك خزمەتیان کردین و خۆمان شۆردوهێنایانینەوە لە مەلعەبەکەی سلیمانی بەریانداین .

حاجی عەبدوڵا گۆپتە پە :

## ئەفسەرێك رێكو ڕەوان پێی گوتین ئێوە بۆمردن هاتوون.



كات : ١٠:٣٠ سەر لەبەیانی
سلێمانی- ٢٢ی ئابی ٢٠١١

**سەرنج**

ئەم دیدارەی حاجی عەبدووڵا رەنگە لەچاو هەندێك شایەتحاڵی تردا زۆر سادەوساکار بێتە بەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا کۆمەڵێك خاڵی زۆر گرنگ دەوروژێنێ یەکێك لەوانە مامەڵەی ئەفسەرەکانی نوگرەسەلمانە " ئێوە بۆ مردن هێنراونەتە ئێرە نەك بۆ ژیان" ئەمەو ئەو

قسەیەی تری حەجاج دەقاودەق لەگەڵ سیاسەتی نوسینگەی رێکخستنی باکوری حزبی بەعس یەکدەگرێتەوە کەعەلی حەسەن مەجید نیگەرانی خۆی لە لێبوردنە گشتیەکەی ئەیلول دەردەبڕێ و دەڵێت: کە بروسکەکەی سەرۆکم پێگەیشت زۆر نیگەڕان بووم خستمە سەرسەرم بەڵام تیادا هاتووە " ئاگات لە کەسوکاری تێکدەران بێت ؟! چی لەو بزانە بکەم هەموویان زیندە بەچاڵ دەکەم. ناچاربووم بەسەرپارێزگاکاندا دابەشیان بکەمو بلدۆزەر بنێرم بۆ نزیكو دور .

لەڕاستیدا هێشتنەوەی ئەو هەموو خەڵکە کە هەندێك بە ٧ هەزارو هەندێکی تریشیان بە ١٠٠٠٠ دەهەزار کەسی مەزندەی دەکەن، بۆ ئەوەنەبوو جارێکی تر بگەرێنەوە بۆ کوردستانو ببنە شایەتحاڵ بەسەر تاوانی ئەنفالەوە . بەڵکو لەبنەرەتەوە پۆلێنکردنەکە بۆ ئەوە بووە کەوا ئەم پیروپەككەوتانە نەبنە مایەی سەرقاڵی زیاتر، هەربۆیەشە دەستو بردی زیاتریان کردووە لە کوشتنی گەنجەکاندا، رەوانەکردنی ئەم پیروپەككەوتانەش بۆ نوگرە سەلمان بۆ ئەوەبوو ئەوان بهێڵنەوە بۆ مردنێکی شێنەیی یان بۆ کاتی دەستبەتاڵی ئەو هێزانەی خرابوونە بەردەستی کاروباری

حاجی لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٩ یە لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی هەلەدنی [١] سەربە ناحیێ ناوچەی سورداش بوونو ساڵی (١٩٦٤) هاتوونەتە گۆپتە پەولەوێ نیشتەجێ بوون، هەتا سەرەتای ئایاری ساڵی ١٩٨٨ ئەوان لەو گوندە خەریکی کاری کشتوکاڵو ئاودێری بوون.

لە پەلاماری ئەنفای چواردا کچوکوڕێکی بەناوی " خانمو عوسمان" بێسەروشوێنکرانو کورێکیشی بەناوی بەکر کیمیایی بەرکەوتووەو هەتا ئێستا بێسەروشوێنە، خۆیو هاوسەرەکەی بەناوی خەجێ عەلی رەسولو سەعیدی تەمەن ١٢ سالیش ماوەی شەش مانگیان لە زیندانەکانی تۆپزاواو نوگرەسەلمان لەمەینەتیدا بەسەر بردووە .

یەکێکە لەو شایەتحاڵانەی ئەنفالی چوار کە لەدادگا شایەتی لەسەر تاوانەکەداو روبەرووی صدامو سەرانی بەعس بووەوە.

**نوسینگەی باکورەوە بۆ گسک دانو لەکۆڵکردنەوەی ئەنفالکراوەکان.**

**پلانەکە بەو شێوەیە بوو ئەوانەی نوگرە سەلمان بەرەبەرەو لە شێنەیی لە برسا بمردنو ئەوانەشی مانەوە لە دواجاردا لە چەند ڕۆژێکدا کۆمەڵکوژیان بکەن**

لەنێوان مانگەکانی شوبات تا ٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ پەلامارە سەربازیەکانی ئەنفال گوندنشینەکانی لەماڵ‌وحاڵی خۆیان دەرپەراندو زۆربەیانی دەستگیر کرد، ئێستا ئەوە ڕونە کە کۆمەڵکوژییەکی بێوێنە دەرهەق بەکورد کرا، گرتنو ڕاوەدونانو کۆکردنەوەو دواجاریش کوشتنی بەکۆمەڵ لەناوچە قەدەغکراوەکاندا کە لە سنوری هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێرانەوە تا دواهێڵەکانی ناوچە تەعریبکراوەکانی عێراقی گرتەوە واتە لە زاخۆی پارێزگای دهۆکەوە تا دوگوندی قەزای کفریو پارێزگای دیالەوە تکریتی گرتەوە، دڵرەقی بەعسییەکان گەیشتە لوتکەی بەربەرییەتو کۆمەڵکوژی، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دواهەمین ڕۆژی خۆبەدەستەوەدانو ملدان بوو بەژیانی نێوکۆمەڵگاکان لەدوای ئەو بەروارەوە ئیتر هیچ گوندنشینێك نەیدەتوانی ئارەزوومەندانە لە زیدی خۆی بمێنێتەوە، تا دواهەمین ڕۆژی ماوەی دیاریکراو خەلکی گوندنشین بەناچاری دەبوایە لەنێوان دوو دۆزەخدا یەکێکیان هەڵبژێرێ ئەوانیش نیشتەجێبوون لە دۆزەخی کۆمەلگای زۆرەملێ یان ڕووبەڕووبونەوەی نەهامەتیەکانی ژیانو چارەنوسێکی نادیار کە دواجار ڕاپێچکردنیان بوو بەرەو دۆزەخی ئەنفال، ئەوانەی زووتر ملیان بەسیاسەتەکانی بەعسو داواکارییەکەی نوسینگەی باکوردا، بەر لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ لە گوندەکانیان دابەزینو بەناچاری چوون لەو کۆمەڵگا زۆرەملێیانەدا نیشتەجێبوونەوە کە بەعس بۆی دیاری کردبوونو بە بۆرە قەرەبوویەکی نیوەناچڵ دەبوو خانوو دروستبکەنەوە، ئەوانەشی هەتا ئەو کاتە نەگەڕابوونەوەو لەژێر هەرەشەی مەرگو گەمارۆی ئابوریدا هەر لەگوندەکانی خۆیاندا دەژیان، لەکاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالدا توانای دەربازبوونیان نەماو بەزۆری بەر غەزەبی بەعس کەوتنو بەزەبری هێزو گازی کیمیاوی لەگوندەکانیان دەرپەڕێندرانو لەلایەن جاشو جەیشەوە گیرانو ئەنفال کران.

ئەنفالکراوەکانیش لەپۆلێنکردندا دوو بەخت بوون، کە پەیوەست بوو بە تەمەنو شوێنی نیشتەجێبونیانەوە، دەنا چارەنوسیان بەدوو ئاقاردا ڕۆیشت، گەنجەکان بەدەگمەن دەرفەتی مانەوەیان بۆرەخسا بەپێچەوانەوە پەلەکرا لەکۆمەڵکوژکردنیانو بەسەیارەی شێوە ئیسعافی سەرداپۆشراو بەکۆمەڵ دەبرانە سەرچاڵەکانی مەرگو لەبیابان دەکوژرانو ژێرخۆڵ دەدران، ئەوانەی تەمەنیشیان هەڵکشابوو دەبرانە زیندانی نوگرەسەلمان‌ولەوێ چاوەڕوانی مەرگێکی شێنەیی بوون،ئامانجیش لەو پۆلینکردنە رونوئاشکرابوو،پیرەکان بۆیە دەبرانە نوگرەسەلمان تا لەبرسا یان لەو ژینگە نەشیاوەدا بمردنایە، ئەمانەش بەزۆری پیرەمێردو پیرە ژنەکان بوونو

لەکۆی ئەو حەشاماتەی گیرابوون ڕێژەیەك لەمندالّێن بەر زیندانەکانی دبس و نوگرەسەلمان کەوتن.

ئەومندالّێنەی لەئەنفال دەربازبوون و بەرنوگرەسەلمان کەوتن بەزۆری ئەوانە بوون کەوا لەوەدا بەختیان هەبوو دایك و باوکیان تەمەنیان هەلّکشابوو، ئەمە شانسی ئەوەی پێدان کە لەپۆلێنکردندا برانە زیندانەکان و لەو کۆمەلّکوژییە ڕزگاریان بوو، نەگەیشتنە سەرچالّەکانی مردن.. دەنا زۆرن ئەو پیرەمێردو پیرەژن و مندالّێنەی لەنوگرە سەلمان و دبس بەرگەی برسێتی و نەخۆشیان نەگرتوو بیابان بووە گۆرستانیان.

مالی حاجی عەبدولای گۆپتەپە دۆزەخی دووهەمیان هەلّبژارد، چونکە ئەوانیش وەکو تەواوی خەلکی گوند بەو خەیالەوە لە گۆپتەپە مابوونەوە کە هێزی پێشمەرگە دەیانپارێزی و ئەوەی بەعسیش پروپاگەندەی بۆ دەکات هەر فڕوفیشالّو بەرگەی پێشمەرگە ناگری و تەنها هەڕەشەوگوڕەشەیەکی کاتیە. بەلاّم ئەوان کە سەرگەرمی ئەم خەیالّە بوون لە کۆتایی مانگی ئازارەوە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مەلّبەندی یەك و دووی ناوچەکانی دۆلّی جافایەتی و قەرەداغ تێکشکابوو، ئەنفالی سێی گەرمیانیش تەواو ببوو، هێزی پێشمەرگەش بەوپەری شپرزەییەوە بەسەر ئەواندا پاشەکشەی دەکرد..! کەچی بەو حالّەشەوە ئەو خەلّکە نەکەوتبوونە خۆیان..! کەپۆلێك فڕۆکە هاتبوونە ئاسمانی گوندەکەیان و دووجار سورابوونەوە هێشتا ئەوان وایان زانیبوو ئەوفڕۆکانە دەڕۆن بۆ بەرەکانی جەنگی ئێران.. بەلاّم فڕۆکەکان سنوری ئاسمانی ناوچەکەیان نەبەزاندو زۆری نەبرد بوون بە دوو پۆل و لێکتر جیابوونەوە، چواریان چوونە ئاسمانی گوندی عەسکەرو چواریشیان لە ئاسمانی گۆپتەپەوە کەوتنە بۆردومانی کیمیاوی ئەوسا کالّەکیان بە ئەژنۆی خۆیان شکاندو زانییان وەزعەکە خراپەو ئیتر دەبێت مشوری خۆیان بخۆن. بەلاّم پاش چی تازە کات درەنگەو کار لەکارترازابوو، لەهەموو قۆلّەکانەوە سوپا لەپێشرەویدا بوو بۆ پەلاماردان.. لە سوسێ و چەمچەمالّ و دوکان و ئالتون کۆپری و کۆیەو تەقتەق و دێگەلّەوە جەیش و جاش وەك کەوان تەوقی ناوچەکەی دابوو.

فڕۆکەش بەردەوام بەراسەرەوە دە سورایەوە ئەو سەروەختە نە ئامیری پەیوەندی کردن هەبوو نە شۆرشیش دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کارمەی هەبوو، خەلّکیش ڕێگەی هاتوچۆی لەشارەوە بۆگوندو لەگوندەوە بۆ شار لێگیرابوو، حزبی بەعسیش نقومی فڕوفیشال ببوو، هەرکاتێك لە بەرەکانی جەنگی ئێران ببەزیبایە لەهەموو کات دەمی گەرمتربوو، بێژەرەکانی رادیوو تەلەفزیون دەیانکرد بەهەلاّیەك ئەوسەری نەبێتەوە. کت ومت ئەو نوکتەیەیەی دەلێن پیاوێك کەوتبووە ژێرەوەو ئەوەندەیان لێدابوو شل وکوتکرابوو کەچی کە ناوبژیوان کەوتبوونە نێوانەوەو لەیەکیان جیاکردبوونەوە ئەو بێشەرمانە دەیگووت دەبخۆ دەی ئاوات لێدەکەم ..

پاشئەوەی لە ٢٠ی مانگی نیساندا ئەنفالی گەرمیان کۆتایی هات، ڕۆژی ٥/٣ /١٩٨٨ یەکەمین گورزی پەلاماری ئەنفال بەچەکی کیمیایی دەستی پێکرد، کە لەهەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەری ناوچەی قەڵاسێوکە دراو کۆمەڵکوژییەکی زۆری خستەوە، لەو پەلامارەشدا کوڕێکی حاجی عەبدوڵا بەناوی (بەکر ) بەرچەکی کیمیاوی کەوتبوو دواتر لە دەشتی کۆیە مردبوو، ئەم بۆمبارانە کیمیاوییە بەتەواوی گوندنشینەکانی شپرەزە کرد، لەو شپرزەییەدا ڕۆژی دواتر ٤/٥ /١٩٨٨ هێزی زەمینی پیادەی جەیش و جاش و هێزی ئاسمانیش لەهەموو قۆڵەکانەوە هێرشیانکردو لەهەموو لایەکەوە دەگەیشتنە سەریان، ماڵی حاجی عەبدوڵا شەوێکی تەواو بەترسەوە ڕێیان بڕی بۆ بەیانیەکەی بەرواری ٤/٥/ ١٩٨٨ لە نزیکی گۆپاڵەی بازیان کەوتنە دەست سوپاو گیران، لەوێ تێکەڵ بەو خەڵکە زۆرەی ترکران کە پێشتر گیرابوون، ئیتر ئەوان هەربە تراکتۆرەکانی خۆیان و ئەوانەی پیادەش بوون سواری زیلی سەربازی کران و بردبویانن بۆ لیوای ٣٩ لە قەڵای سوسێ و بۆ ڕۆژی دواتریش ٥/٥/١٩٨٨ بردبویانن بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی و لەتەواریەکەی سەربەئەمن دەستبەسەر کران و ڕۆژی ٧/٥ ناردیانن بۆ تۆپزاوا. لەوێ هەربەگەیشتنیان هەموویان پۆلێنکران و گەنج و پیر لێکتر جیاکرانەوەو پاش دوو ڕۆژمانەوە لە تۆپزاوا پیرەکانیان ڕەوانەی نوگرەسەلمان کردبوو . بەمەزنەدەی حاجی عەبدوڵا (٤) مانگ و ( ٧ ) ڕۆژی تەواو لەنوگرە سەلمان ماونەتەوە. لە(١٠) ی مایسەوە هەتا ناوەڕاستی ئەیلول .



حاجی عەبدولا گۆپتە پەیی

لەدیدارێکمدا لەگەڵ حاجی عەبدولاو سەعیدی کوریدا بەوردی ئەو ڕۆژی لیقەومانەو ڕۆژانی دواتری خۆی لە زیندانی تۆپزاواو پۆلێنکردن و ڕەوانەکردنیان بۆ نوگرەسەلمان بۆ گیرامەوە.

حاجی عەبدوڵا ووتی : کە کیمیابارانەکە کرا ئێمە لە چەمی ( ڕەندیخان) بووین لەسەر زرعات بووین، خۆمان کۆکردەوەو نەچووینەوە گۆپتەپە ماڵ وحاڵمان بەجێهێشت و هەڵاتین، ئێمە بەدیوی بازیاندا هاتین سێ تراکتۆری پڕ لەپیاوژن و منداڵ بووین هەریەکەو ٥٠ – ٦٠ کەسی هەڵگرتبوو بە دوای یەکدا هاتین، هەرپێکەوەش گیراین و دواتر براین بۆ قەڵای سوسێ و لەوێشەوە بردیانین بۆ تەواریەکەی سلیمانی، ٢٢ی مانگی ڕەمەزان گەیشتینە تۆپزاوای لای کەرکوک کەگەیشتین وتمان هەموو کوردستان لێرە خرکراوەتەوە، هەتا ئەوێ هەمووممان پێکەوە بووین لەوێ گەنجەکانیان لێ جیاکردینەوە کچ و کورو

ژن وپیاوی گەنجیان جیاکردەوەو ئەوانیان برد، ئیتر ئاگامان لەیەکتر نەما هەر دوو شەو لە تۆپزاوا ماینەوە ئێمەشیان رەوانەی نوگرەسەلمان کردو ئیتر نەمان بینینەوە .

لە نوگرەسەلمان وەزعمان زۆرخراپ بوو، چوین سکالامان کرد، ئەفسەرێك حەجاجیان پێدەگووت، رێك و رەوان ووتی: کاکە ئێوە بۆ مردن هێنراونەتە ئێرە . ئەوە بەدەست من نیە لیژنەی کاروباری باکور ئەوەی بۆ داناون و بەشی ئێوە رۆژی دوو صەمون و یەك قوتوو ئاوەو برایەوە. من لە دادگا ئەوەم باسکرد کەچی عەلی حەسەن مەجید هەلیدایەو ووتی: تۆ راست ناکەیت ، پێم بڵێ حەجاج ناوی باوکی چییە ؟ منیش وتم من راست دەکەم تۆ راست ناکەیت من چوزانم ناوی باوکی چییە ؟!. بەلام پێم بڵێ سەرۆکی لیژنەی باکور کێ بوو ؟ تۆ نەبووی ؟ بەلام هیچ وەلامێکی نەدامەوە. دیسان وتی : تۆ راست ناکەیت کە دەلێیت خەلك لە نوگرە سەلمان مردووە ئەگەر راست دەکەیت چوارناوم لە گوندەکەی خۆتان پێبلێ، منیش دوو ناوم لە ناحیێ رێدار پێگوت، دوو ناوم لە قەزای کۆیە پێگوت، چوار ناوم لە ناحیێ ئاغجەلەر پێگووت چوارناویشم هێنایە ناحیێ سورداشی ئەمانەش هەمووی هی ئەنفالی چواربوون .. ئینجا کربوو قسەی نەکرد.

لەراستیدا کەسێك نەبووە لە نوگرە سەلمان بەناوی حەجاج پێموایە ئەو ئەفسەرە دلرەقە ناوی راستەقینەی حیجاز بووە، بەلام کوردەکان نەیان توانیوە ئەو ناوە بەرەوانی بلێن بۆیە هەر وتویانە حەجاج .. عەلی حەسەن مەجید وویستوویەتی لەو رێگەیەوە بەرپەرچی ئەو شایەتحالە بداتەوە .

لەوەلامی ئەو پرسیارەدا کە رێژەی مردن لەوێ چۆن بوو ؟ حاجی ووتی: خەلکێکی زۆر مردن پێموایە سەروو هەزارکەس مردبن، هەموو رۆژێ بەلای کەمەوە ٤- ٥ کەس دەمردن، هۆیەکەشی برسێتی و گەرمابوو جێگایەکی گەرمو ناخۆش بوو ئاوێکی پیس و سوێر تەنانەت پانکەیەکمان بۆ دانەنرابوو .

**ئەوەی لەبیری ناچێتەوە :**

حاجی عەبدولا دەلێت نوگرەسەلمان هەمووی هەر مردن رەزالەت بوو، بەلام ئەوەی لەبیرم ناچێتەوە، ئەوەبوو کە ژنێك لە حەوشەی نوگرەسەلمان هەرکە لەسەیارەکە دابەزی کەوت و مندالی بوو، هەندێك ژن دەورەیاندابوو بۆئەوەی لەچاوی خەلك بیپارێزن..جاوەرە لەوێ مندالت ببێ نەئاوهەبوو نەپەرۆیەك هەبوو پێی وشك بکەیتەوەو تێیەوە پێچی .؟ ئەوە زۆر کاری تێکردم و قەت لەبیرم ناچێتەوە. کۆمەلێك ژن کرابوونە قاعەیەکەوە دوو هەفتە جارێك رێگەی هاتنە دەرەوەیان دەدان رۆژێك لەناوحەوشەی نوگرەسەلمان یەکێك لەو ژنانە لەسەر جادەکەی ناوحەوشەکە دانیشتبوو مندالێکی لەباوەشدابوو دەگریا ، جارجار تەماشایەکی مندالەکەی دەکردو سەری بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە. تومەس مندالەکەی مردبوو بەلام هەرلەباوەشی خۆیدا هێشتبوویەوە.. ئەوەش زۆر زۆر زۆر کاری تێکردم .

**مەزاری شەهیدانی کیمیاباران :**

كە حكومەتی بەعس لێرە راونرا، ئیمەش چووینەوە بۆ گۆپتەپە ئەو كەسانەی كیمیاباران شەهید بوون پێشتر هەر لە شوێنی خۆیان لێرەو لەوێ كێلێك خۆلیان پێداكرابوو یان جاش دایانپۆشیبوون دەرمان هێنانەوەو لە قەڵای گوند شوێنمان بۆچاككردنو بەخاكمان سپاردنەوە ئەوەی دۆزرایەوە ئەوەشی نەدۆزرایەوە هەرواماوە.. "خۆ هەتا ئێستاش جاربەجاربەهۆی خانوو دروسكردنەوە تەرم لە گۆپتەپە دەدۆزرێنەوە، تازەترینیان رۆژی ٢٠١٠/٥/٤ بووكەتەرمی پێشمەرگەیەك لە ماڵیكدا دۆزرایەوەودواتر تەسلیم بەوەزارەتی شەهیدانوئەنفالكراوان كرا.

## خەڵاتی ڕێزلێنان

بەرواری ٢٠١١/١١/٢٤ بەڕێوەبەرێتی



ڕۆشنبیری گەرمیان پێشوازیەكی بۆ بەڕێزفەرەج محمەد عەزیز دەربازبووی گۆڕی بە كۆمەڵ ڕێكخست تیایدا سەرنوسەری ئەم ساڵنامەیە باسێكی دەربارەی هەموودەربازبوان بەداتاشۆ پێشكەش كردوبەڕێوەبەرێتی ناوبراو خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشیە سەرنوسەری ئەنفالستان كە لەلایەن (نەسرین خان) هاوسەری (حەمەعەلی عەلیان) كە دەربازبوویەكی تری گۆڕی بەكۆمەڵە پیشكەشی كرا.

## فایەق محمد ئەحمەد



فایەق محمد احمد بە (فایەق حەمە میرزا) ناسراوە، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی هەرینەی ناوچەی گەرمیان لە دایك بووە، لە ساڵی ٨٢ خیزانی پیكەوە ناوەولە گوندی لەكی قادرسەرهەنك نیشتەجی بووە. لە كۆی بنەماڵەكەیاندا تاكە كەسێكیان نەبووە دورونزیك، ڕاستەوخوو ناڕاستەوخۆ خزمەت یاخود هاوكاری هیچ نەیاریكی میللەتی كردبێت، بەڵكەش ئەوەیە خاوەنی زۆرترین شەهیدن.

فایەقی ئەنفالكراو هێزی پشتگیریی بووەو بەشداری جەندین شەڕی دژبە ڕژیمی بەعس كردووە لەوانە (شەڕی گەورەی ئۆمەربل،شەڕی چەمی داویٚ،شەڕی بنارگل. ئەوهەمیشە یارمەتی مادی زۆری شۆڕشی داوەو ماڵەكەشی ببووە لانكەی شۆڕش وجێكەی حەوانەوەی پێشمەركە بیٚ ڕەچاوكردنی جیاوازی نێوان لایەنەكان. ساڵی (١٩٨٢) ژیانی هاوسەركیری پێكهێناوەو بووە بە خاوەنی دوو منداڵ بەناوەكانی (بێستون و هونەر). مەخابن بەهۆی كارەساتی ئەنفال نەیتوانی بێستون و هونەر بەنازی باوكایەتی پەروەردەبكاتو نەسرینی خیزانیشی زیاتر بەسۆزو خۆشەویستی كۆشبكات.

لەساڵی ١٩٨٨ لەنزیك ناحیێ قادر كەرەم بەرپەلاماری ئەنفال دەكەوت، شایانی باسە هەرلەوپەلامارەدا دووبرای بە ناوەكانی( فرود وقاردو حەسەن) مامێكی بەناوی نازم لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە ئامۆزاوكەسی نزیكی تری ئەنفالكرانوجارێكی ترنەبینرانەوە.

# چیرۆكی ئەم عەرەبانەیە

**ئەنفالستان**

وێنەی ئەم عەرەبانەیە پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی بە ئەنفالەوە هەیە ئەم عەرەبانەیە



كە ئێستا لە گوندی توكنی ناوچەی گەرمیانە، بەرلە ئەنفالیش هی گوندنشینێكە بەناوی محمد كە هەموو ژنومنداڵەكانی ئەنفالنو هەربەم عەرەبانەیە براون بۆ قۆرەتوو، لەسەروەختی ئەنفالدا زۆربەی گوندنشینەكان كە لەگوندی ملەسورە كۆكرابوونەوە لەوێوە هەربەعەرەبانەو تراكتۆەكانی خۆیان (مەكینە) براون بۆقۆرەتوو، حسێن عەزیز لە گوندی حەسیرە ووتی لەم گوندەی خۆمان رەنگە ١٠ تراكتۆر كۆكرابێتەوە هەمووی هی ئەو خەڵكە بوو بەخەڵكەكەوە بردیانو جارێكی تر نەگەڕانەوە.

محمدیش كە ئێستا هاوسەرگیری كردووەتەوەو هەر لەگوندی توكن دادەنیشێ هەموو ژنومنداڵەكانی كە ٧ كەس بوون ئەنفالكراون، ووتی بەتراكتۆرەی ئەم عەرەبانەیەی راكێشاوە ژنو منداڵەكانم رۆیشتنوئیتر جارێكی تر نەگەڕانەوە.

ئەوعەرەبانەیەی ئێستا لەلای محمد پارێزراوە لەسەر وەختی ئەنفالدا وەكو هەردەستكەوتێكی ترمامەڵەی لەگەڵداكراوەو بەعسیەكان وەكو دەستكەوتی جەنگ تەماشایانكردووەو بەتاڵانبردویانە، لەقۆرەتوولە تراكتۆرەكەی جیاكرایەوە، ئیتر ئەم عەربانەیەو نزیكەی ٥٠ دانەی تر هەرلە مەیدانێكی لای قەڵاكەوە مابوونەوە بەڵام تراكتۆرەكانیان لەلایەن پیاوانی بەعسەوە بەتالان براونو جارێكی ترنەدۆزرانەوە ئەم عەرەبانەیە سالی ١٩٩١ لە قەلای قۆرەتوو بەجێمابوو لەیەن خەلكی گەرمیانەوە هێنرایەوە بۆ ئۆردۆگای رزگاری، شایانی باسە ناوی ابراهیم) لەسەر شانسیەكەی نوسراوە ئەوەش برایم خۆی بەفلچەوبۆیە لەسەری نوسیوەو هەتا ئێستا كە چارەكە سەدەیەك بەسەر ئەو نوسینەو تاوانی ئەنفالدا تێپەریووە وەكو خۆی ماوەتەوە ئەمەش دۆكۆیمنتێكی بەبایەخو یادەوەریەكی ئەنفالكراوانە .



دەست خەتی ئیبراهیمی گوندی توكنە بەسەر شاسی عەرەبانەی توكنەوە .

کامەران فاتح حەمید :

## لە رۆژی ٤/١٤ ئازیزترین میوانیشم هەبێ هیچی بۆسەرنابرم.



ئەنفال دەریایەکە لەستەمکاری و دڵرەقی دەوڵەتی عێراق و رژێمی بەعس دژ بە میللەتی کورد، بۆیە هەتا بەناو تاوانی ئەنفالدا شۆڕبیتەوە چیرۆکی سەرسورهێنەرتری ستەمکاری تێدا دەدۆزیتەوە، یەکێك لەوچیرۆکانە تەنیاکەوتنەوەی کامەران فاتح حمیدە کامەران تاکە دەربازبووی خانەوادەیەکی نۆ (٩) نەفەری خەڵکی بەلگەی ناوچەی داوێ بوو، لەوگوندەدا سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون، لەئەنفالی سێی گەرمیاندا هەشت کەسی خێزانەکەیان بەرپەلاماری جەیش وجاش کەوتن و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە.

کامەرانیش وەکو زۆربەی ئەو تەنیا کەوتووانەی ئەنفال بێ سەرپەنا مایەوەو ماوەی ١٦ ساڵ تا ڕوخانی بەعسی لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی دایك وباوك و خوشك وبراکانیدا ئازاری چەشتووە، خانەوادە ئەنفالکراوەکەیان بریتی بوون لە ( دایکی و باوکی و سێ براوسێ خوشکی ). لەخوارەوە بروانە ناوی ئەنفالکراوانی ئەم خانەوادەیە.

کامەران یەکێکە لەو کەسانەی هەموو ساڵێك هەموو ساڵێك بەبرێك پارە کۆمەکی دەرچوونی دەکات وبە گەرموگوڕییەوە بەپیر ئەو پێشنیارەوە هات کە راگەیەنرا بۆ یادی ئەنفال کە هیچ زیندەوەرێك سەرنەبردرێت و لەو رۆژەدا گۆشت نەخورێت، لەمبارەیەوە دەڵێت من زۆر لەگەڵ ئەو پێشنیارەی ئەنفالستاندام، چونکە بۆخۆم یەکێکم لەو کەسانەی پێشتریش هیچ رۆژێکی ٤/١٤ گۆشتم نەخواردووەو لەمەودوش هەرنای خۆم و بەهیوام ئەوە بکەینە داب ونەریتێکی کوردەواری . نەك هەر ئەوە بەڵکو هەموو ساڵێك لەورۆژەدا ئالایەکی رەش هەڵدەکەم هەتا خۆر نەیسوتێنێ رەشەبا لێی نەکاتەوە من بەدەستی خۆم دایناگرم.. ئەو رۆژە ماتەمینی ئێمەیە.

لەناو بەسەرهاتی پرمەینەتی خۆیدا چیرۆکی نەنکی گێرایەوە، کەبریتیە لەرایەڵێکی ویژدانی نێوان دایك و منداڵەکانی کامەران ووتی : دادام بەناوی (خانم یوسف محمد )[٩] کاتێك لەنوگرەسەلمان گەڕاوەیەوەو کەسی نەمابوو بۆیە هەر پێکەوە دەژیاین و رۆژگارێکی قورسمان بەرێکرد، بەڵام دادام هەتا مرد نەمیوەو نەبرنج و نەهیچ جۆرە گۆشتێك نەچووە سەردەمی، تەنانەت هیچ خواردنێکی خۆشی نەخواردووە، ئەوەشی وەکو هاوسۆزییەك بۆ منداڵەکانی بووە، کە لە زیندان داوای

---

[٩] لەگەرمیان بەنەنك (دایکی باوك ودایك) دەڵێن دادا خانم یوسف محمد دایکی باوکی کامەران بووە.

بـــــرنج و گۆشـــــــت و میوەیـــــــان کردووەودەستیان نەکەوتووە.

بـــەرواری ١٩ی ئـــازار دو رۆژ بەرلـــە جـــەژنی نـــەورۆز کامـــەران فـــاتح حەمیـــدم لەســـەر تـــەرمی گـــۆرە بەکۆمەڵەکـــەی حـــەمرین بینـــی کاتێـــك گەراینـــەوە ریکـــەوت وای کـــرد، پێکـــەوە لـــە ئۆتۆمبێلێکـــدا بـــین، کاتێـــك پرســـیاری ئـــەوەم لێکـــرد گومـــان دەکـــەیت کەســـــوکارت لـــــەناو ئـــــەو گـــــۆرە بەکۆمەڵـــەدابن.؟ ووتـــی بـــەڵێ لـــە ٩٩٪ ئـــەو تەرمانـــە کەســـوکاری مـــنن چـــونکە ئـــەوان لـــــەمرکز شـــــەبابەکەی دوزخورمـــــاتووبوون و ئـــەم گـــۆرە هـــەمووی ٦٠ کـــم لەشـــوێنی گرتنیانەوە دورە .

## ناوی خانەوادە ئەنفالکراوەکەی کامەران

| | |
|---|---|
| فاتح حەمید | باوکی |
| حەربیە سمین | دایکی |
| بەیان فاتح | خوشکی |
| تارق فاتح | برای |
| جیهان فاتح | خوشکی |
| گۆران فاتح | برای |
| سوهام فاتح | خوشکی |
| شوان فاتح | برای |

## تەعریبی نادر

چـــیرۆکی ئـــــەم وێنەیـــــە زۆرهەســـــت بزوێنوویـــژدان تەزێنـــە، ئەگـــەر مـــرۆڤ ویـــژانی هـــــەبێ و هەســـــتەوەرەکانی بەهـــــەوای گەنـــدەڵی



ونـــــەفامی بارگـــــاوی نـــــەبووبن، لـــــەناو ئـــــەم پۆلەمندالـــــــــەدا تـــــــەنها دووکەســـــــــیان لەژیانـــداماون، ئـــەوانی تـــر هـــەموویان بـــەگازی کیمیـــــاوی گیانیـــــان لەدەســـــتداوە، لـــــەو دوکەســـــەش یـــــەکێکیان بـــــەناوی نـــــادر ســـەرگەردان بـــووەو لەناچـــاریدا بووەتـــە شـــوانی مالـــە عـــەرەبێکی حەویجـــەو دواتـــر هەرلـــە نـــاو ئەوعەشـــیرەتە عەرەبـــە ژنـــی هێنـــاوەو بووەتـــە کـــوری ئـــەو خانەوادەیـــە، بەهـــەر حـــاڵ نـــادر ئێســـتا بـــاوکی چـــەند مندالێکـــە بـــەڵام ئەفســـوس نـــەك هەرمندالـــەکانی زمـــانی کـــوردی نـــازانن و خۆیـــان بـــە کـــورد نـــازانن بـــەڵکو خۆشـــی خەریکـــە کـــوردی لـــەبیر دەچـــێتەوەو تـــەنها ئـــەو یـــەك دووررۆژە قســـــەی پێـــــدەکات کـــــە لەســـــالێکدا یـــەکجاریان زیـــاتر بـــۆ ســـەردانی قـــادری بـــاوکی و مستەفای برای دێتەوە بۆگۆپتەپە

## گەرمیان پێشوازی لە فەرەجی تۆپخانەدا



رۆژی ٢٠١١/١١/٢٤ بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری گەرمیان مەراسیمێکی پێشوازی بۆبەرێز فەرەجی تۆپخانە دەربازبووی گۆڕی بەکۆمەڵ سازکرد، لەمیانەی ئەومەراسیمەدا (عومەر محمەد سەرنوسەری سالنامەی ئەنفالستان) لێکۆلینەوەیەکی زانستی بە ناوی ( **ئەو مرۆڤانەی لە دۆزەخ گەرانەوە**) بە داتاشۆ پێشکەشکرد کە تیایدا قۆناغە بنەڕەتیەکانی تاوانی جینۆسایدو شێوەی دەستگیرکردنی ئەنفالکراوانو پۆلێنکردنولەناوبردنیانو هەروەها دەربازبوونی ئەو ١٣ کەسەی تری بەوێنەو بەڵگەی سەرنج راکێشەوە خستەرو، لێکۆلەر بەچواربەش باسەکەی نمایشکردو تیایدا چەندین چیرۆکی سەرسوڕهێنەرووێنەوبەلگەی خستەروو ، بەشێوەیەك کە هۆڵی مەراسیمەکە سەرباری قەرەباڵغیەکی زۆریش بێدەنگیو هێمنیەکی تەواو باڵی بەسەردا کیشابوو.

لە کۆتایی مەراسیمەکەشدا خەڵاتی رێزلێنانی بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری گەرمیان بەخشرایە هەریەك لە دەربازبووی گۆری بەکۆمەڵ کاك فەرەجی تۆپخانەولێکۆلەر بەمشێوەیە :

خەڵاتی رێزلێنانی بەڕێوەبەرێتی لەلایەن پەرلەمانتار سالارمحمودەوە بەخشرایە بەرێزفەرەجی تۆپحانە.

خەڵاتی رێزلێنان لەلایەن نەسرین خان خێزانی حەمەعەلی عەلیانەوە کە دەربازبوویەکی گۆری بەکۆمەل بوو بەخشرایە عومەرمحمەد. لەمبارەیەوە هەریەك لەفەرەجی تۆپخانەوعومەر محمەد سوپاسی بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری گەرمیانیانکرد، سەرنوسەری ئەنفالستان ووتی: خۆزگە تاوانی ئەنفال نەبوایەوئەم خەلاتەم پێنەبرایە بەلأم مادام داری خۆزگە بەری نەگرتووە، من ئەم خەلاتە بەتایبەتی کە لەلایەن بەرێز نەسرین خان هاوسەری حەمەعەلی عەلیانەوە پێمبەخشراوە، هەست بەسەر بەرزی دەکەم .



## ناوی سەرجەم ئەنفالكراوەكانی گوندەكانی مەسۆییەكان وبەرگەچ

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | چیمەن عزیز ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٢ | نەعیمە رشید قادر | سەنگاو | مەسۆی بەر گەچ |
| ٣ | نزیرە حمەجان حسن | سەنگاو | مەسۆی بەر گەچ |
| ٤ | ئامینەصالح علی | سەنگاو | مەسۆی بەر گەچ |
| ٥ | مهاباد عزیز محمد | سەنگاو | مەسۆی بەر گەچ |
| ٦ | یاسین عزیز محمد | سەنگاو | مەسۆی بەر گەچ |
| ٧ | تەها عزیز محمد | سەنگاو | مەسۆی بەر گەچ |
| ٨ | جمزا فقی صالح | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٩ | محمد رسول محمد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ١٠ | شكریە عزیز ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ١١ | نیگار محمد رسول | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ١٢ | نیاز محمد رسول | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ١٣ | شوخان محمد رسول | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ١٤ | سیروان عمر محمود | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ١٥ | حكم فتاح رسول | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ١٦ | حمە امین محمد علی | سەنگاو | مەسۆیی |
| ١٧ | غریب حمە امین محمد | سەنگاو | مەسۆیی |
| ١٨ | اكبر رفعت صالح | سەنگاو | مەسۆیی |
| ١٩ | سردار رفعت صالح | سەنگاو | مەسۆیی |
| ٢٠ | سهام علی حمە امین | سەنگاو | مەسۆیی |
| ٢١ | ئارام حسن شریف | سەنگاو | مەسۆیی بەر گەچ |
| ٢٢ | نسرین حسن شریف | سەنگاو | مەسۆیی بەر گەچ |
| ٢٣ | نەوروز ئەحمەد سلیمان | سەنگاو | مەسۆیی رەحیم |
| ٢٤ | غزیم صالح ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی رەحیم |
| ٢٥ | علی جمال میرزا | سەنگاو | مەسۆیی رەحیم |
| ٢٦ | شهلە جمال میرزا | سەنگاو | مەسۆیی رەحیم |
| ٢٧ | شادی جمال میرزا | سەنگاو | مەسۆیی رەحیم |
| ٢٨ | شەونم جمال میرزا | سەنگاو | مەسۆیی رەحیم |
| ٢٩ | خیریە حمە رشید فرج | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣٠ | زكیە حمەرشید فرج | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣١ | فاتە عبدالله | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣٢ | محمد صابر محمد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣٣ | دلسۆز فتاح محمد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣٤ | مهروبە محمد كەریم | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣٥ | سروە محمد ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣٦ | روستم محمد ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣٧ | كاوە محمد ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣٨ | سەرحد محمد ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٣٩ | یاسین محمد ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤٠ | كاروان محمد ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤١ | سردار محمد ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤٢ | چنور محمد ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤٣ | حلاو محمود كەریم | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤٤ | مستەفا علی ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤٥ | سوهان روستم عارف | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤٦ | صبریە ئەحمەد محمد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤٧ | سازگار ئەحمەد محمد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤٨ | ژیان ئەحمەد محمد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٤٩ | بەیان ئەحمەد محمد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٥٠ | شوان ئەحمەد محمد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٥١ | علی محمد شریف | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٥٢ | بیستون علی حمە سعید | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٥٣ | دیمن علی حمە سعید | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٥٤ | ناواز حسین | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٥٥ | جەلال صالح علی | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٥٦ | حمە رشید محمد | سەنگاو | مەسۆیی سەرچەم |
| ٥٧ | صبریە حمە امین محمد | سەنگاو | مەسۆیی |
| ٥٨ | ئەلماس كەریم ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی |
| ٥٩ | ئامینە كەریم ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی |
| ٦٠ | خاتون كەریم ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی |
| ٦١ | چیا كەریم ئەحمەد | سەنگاو | مەسۆیی |









ئەو نامانەی لێرەدە دانراون هەستو نەستی گەرمیانیەکە بەناوی صابر کە سوتاندنی گوندەکەیانو ئەنفالکردنی مامو ئامۆزاکانی قەلەمیان پێخستووەتە سەر کاغەز. لێرەدا ئیمە تەنها وەکو دۆکۆمینتێکی تاوانی ئەنفال دەیانخەینە روو.





عومەری خاوەرە بەگەنجی

داڤێنشی :

بە ڕاستی مرۆڤ میر و سولتانی ئاژەڵەکانە، چونکە درەندەیی مرۆڤ زۆر بەرزترە لەوان، ئێمە لەسەر مەرگی کەسانی تر دەژین، ئێمە بوینەتە گۆڕی ئاژەڵان، من هەر لە منداڵییەوە وازم لە خواردنی گۆش هێناوە

فیساگۆرس :

مادام مرۆڤ بکوژێکی دڵرەقە بۆ گیانلەبەرەکانی تر هەرگیز تەندروستی و ئاشتی دەست ناکەوێت چونکە هەتا ئەو کاتەی مرۆڤ ئاژەڵان بکوژێت دەتوانێت مرۆڤش بکوژێت

# مەرگی دوا تاوانباری هۆلۆكۆست

تاهیر رەحیم
ئەڵمانیا



جۆن دیمیانوك. لە٣/٤/١٩٢٠ لە ئۆكرانیا لە دایك بووە لەساڵی ١٩٤٠ راكێشدەكرێت بۆ ناو سوپاسی سوری سۆڤیەت لەساڵی ١٩٤٢ لە نیمچە دوورگەی كریم لە باكوری دەریای رەش دیلدەكرێت و دەیگوازنەوە بۆ كەمپی تایبەت بە دیلەكان بەناوی خۆلم، لەهەمانساڵدا خۆی دەبەخشێت بە دەزگای س س ئیتر دەبێت بە هاوكاری نازیەكان ، بوو لە ساڵی ١٩٨١ دوای راهێنانی رەوانەی كەمپی سۆبیبور كرا و پاش شەش مانگ گوزرارایەوە بۆ كەمپی مردنی فلۆسەنبۆرگ. لەهەرێمی بایەر لە گروپی ( سەربازەئازدەكان) كە تایبەت بوو بە بەو دیلە رووسانەی خزمەتی نازییەكانیان دەكرد،لەدوای جەنگی جیهانی ددوەم لەگەڵ ئەمریكەكان كاری كردوو لە كەمپی Displaced oerson بەزیراكانە لەویدا خۆی دامەزارنددوە وەكو شۆفێری بارهەڵگر تاوەكو ساڵی ١٩٥٠ ،، لەساڵی ١٩٥٢ سەفەری ئەمریكا دەكات لەویَ ناوی خۆی لە ئیڤان وە كرد بە جۆن ساڵی ١٩٥٨ بوو بە هاوڵاتی ئەمریكی و ناسنامەی ئەو وڵاتەی وەرگرت ،

ساڵی ١٩٧٥ ڕوسیا لیستێكی ٧٠ كەسی ڕەوانەی سیناتۆری ئەمەریكا كرد، كە لەگەڵ نازیدا كاریانكردووەو ئێستا كۆچبەرن لە ئەمەریكا یەكێك لەو ناوانە دێمیانیوك بوو. ساڵێك دواتر ئەمەریكا زانیارییەكی زۆری لەسەر پاسەوانەكانی كەمپی سۆبیبۆر كۆكردەوەو ناسنامەی دێمیانیوكی ساڵی ١٩٤٣ پەیداكرد، كە ئەو (ئیڤان ترسناك Iwan der Schreckliche.

لەساڵی ١٩٨٣ رەوانەی ئیسرائیل كرا ، دادگا ٧ مانگی خایاند بە تاوانی كوشتی جولەكەكان ٧ ساڵ زیندانیكرا بەتومەتی هاوكاریكردنی دەزگای س س نازییەكان هەروەها بە تومەتی كۆمەڵكوژی حكومی سێدارەی بۆ دەرچوو. ساڵی ١٩٩٣ دوای ئەوەی دادگا بە بریارەكەدا هەڵچوو، لە مانگی شەش هەمان ساڵدا ئازادكرا، بەبێتاوان دەرچوو. ساڵی ٢٠٠١ بەپێی زانیاری نوی جۆن لە زۆر (كامپی مردن) كاری كردووە جارێكی تر راكێشی داگای شاری لۆدڤیگسبۆرگی ئەڵمانیا ، بەبەڵگەی تەواوەجۆن واتا ئیڤانی ترسناك لە كامپی سۆنبیور كاریكردووە كە ٢٩٠٠٠ كەس لەو كەمپە كراونەتە قوربانی .

٢٠٠٩.١١.٣٠ یەكەمین پرۆسەی دادگاییكردنەكەی لە شاری میومشنی ئەڵمانیا دەستی پێكرد

چەند جار ئیڤانی ترسناك دادگا بریاری زیندانی كردووە چی لە ئیسرائیل یان لە ئەڵمانیا بەڵام پیاچوونەوە بە بریارەكە



بەدوادچـــوونە بـــە دوای تاوانبـــاران لـــە هەرشـــوێنکی ئـــەم دونیایـــە بێـــت، هـــەروەکو جولەکـــەکان بـــەبێ پشـــوو و بـــەردوام تاوانبارانیـــان راگـــوێزی دادگـــا کـــردووە بـــەبێ ئـــەوەی بـــەزییان بـــە تاوانبارانـــەوە بێـــت، کەچـــی ئێمـــەی کـــورد بـــەوەوە نەوەســـتاین بـــەزییمان بـــە تاوانبـــاران بێـــت و دەرمـــان بـــۆ بـــەزران تکـــریتی بنێـــرین بـــەڵکو ، تاوانبـــارێکی گرنگـــی وەکـــو فرۆکـــەوان تـــاریق رەمـــەزان ئازدبکـــەین کـــە یـــەکێك بـــوو لـــەو فرۆکەوانانـــە لـــە بۆردومـــانکردنی هەڵبجـــە بەشـــداربوو، هـــەروەها دادگـــای کردنـــی ئیڤـــانی ترســـناك پێمـــان دەڵێـــت تاوانبـــار لەهەرکوێـــدا بێـــت لـــە هەرتەمەنێکـــدا بێـــت دەبێـــت بەســـزای خـــۆی بگـــات ، کەچـــی ئێمـــەی کـــورد بەهـــەزران تاوانبـــاری کۆمەڵکوژیـــەکانی کـــورد کـــە لـــەژمارە نایـــەت لـــە عێـــراق بـــە ئاســـایی ژیـــان دەباتـــە ســـەر دژایـــتی کـــورد دەکـــات لـــە پرۆســـەی سیاسی عێراقدا .

کـــراوە ، زینـــدانیکردنی دواخـــراوا ، دوا دادگیکردنشـــــی (٥) ســـاڵ بـــوو لەبەرئـــەوەی تەمـــەنی لـــە ٩١ ســـاڵ بـــوو نەکراوەتـــە زیندانـــەوە تـــاوەکو مـــرد لـــە خانـــەی پـــیران بـــوو لـــە شـــاری رۆژنهـــایم تاوەکو لە ١٢/٣/١٧ مردووە.

ئـــەوەی لێـــرەدا پێویســـتە بگـــوترێ ئەوەیـــە تـــاوانی کۆمـــەڵکوژی و مـــرۆڤکـــوژی تـــاوانێکی زۆرگەورەیـــە، لـــەویش گـــەورەتر لـــێخۆشـــبوونە لـــە تاوانبـــاران، هـــەروکو لـــە کوردســـتان لـــە زۆربـــەی تاوانبـــاران خۆشـــبوون.



وێنەیەکی قوربانیانی تاوانی هۆلۆکۆست

لـــە دادگـــایی ئیڤـــانی ترســـناك خـــاڵێکی تـــر زۆرگرنگـــە کـــە پێویســـتە لێـــردا بـــووترێ ئـــەویش

# بەسەرهاتی ڕێزانو منداڵەکانی

ئامادەکردنی ئەنفالستان

ئـەنفال تـاوانی سـەدەی بیسـتەم بـوو، کـە بەهۆیـەوە زۆربـەی گوندنشـینەکان گـیرانو بێسـەرو شـوێنکران، هـەر بۆیـە هێنـدەی بەکۆمەڵکوژییەکەیـدا دەناسـرێتەوە، ئەوەنـدە سـەرنج ناچـێتە سـەر کاریگەریـەکانی دوای ئـەو تاوانـە، کـە هـەتا ئـەمرۆ بـە روخسـاری کۆمەڵگـەی کوردیـەوە رەنگـی داوەتـەوە، لەڕاسـتیدا هێشـتا گرفتـی دەرونـیو کێشـەی کۆمەڵایـەتی لەچارەسـەرنەهاتووی بـۆ کۆمەڵگـەی عێراقـی بەگشـتیو کۆمەڵگـەی کوردسـتان بەتایبـەتی بەجێهێشـتووە، سـوپای عێـراق وێـرای ئـەوەی ئـەزمونی هەشـت سـاڵی جـەنگی ئێـران عێراقیـان هـەبوو، قـاڵبووی نێـو جـەنگو خـوێن بـوون، ئـەزمونێکی سەرسورهێنەریشـیان لـە پـەلامارو وێرانکاریـدا هـەبوو، ئەمـەش لەبـەها ئینسـانیەکان دایمـاڵیبوونو ببوونـە بونەوەرێکی دلرەقو توندرەفتار.

رەنگـە چـیرۆکی خانـەوادەی جەعفـەر حەمیـد لەچـاو چـیرۆکە ترسـناکەکانی تـری هەنـدێك خانـەوادەی ئـەنفال کـە تاکـە کەسـێکیان نەماوەتـەوە یـان تـەنها کەسـێکیان دەربـاز بـووە، تارادەیـەکی زۆر ئاسـان بێتـە بەرچـاومان، بـەلام نـەخێر، هـەرگیز نابێـت بـەو دیـدەوە تەماشـای بەسـەرهاتو چـیرۆکەکانی ئـەنفالو ئەوکەسـانە بکـەین کـە گـورزی ئـەنفالیان بەرکەوتووە.

ڕێـزان حـەکیمو هـەورازی کـوری بەدەسـتو خـەتی خۆیـان بەسـەرهاتەکەیان





الاسم الثلاثي :
المواليد :
تاريخ العودة :
الملاحظات :
الصادر من قبل مجلس قيادة
الثورة بتاريخ ١٩٨٨/٩/٦
رئيس اللجنة
حزب البعث العربي الاشتراكي

نوسـیوەتەوەو بـۆ ئەمسـاڵنامەیان هێنـا تابڵاوبکرێتـەوە لەنامەکەیانـدا هـاتووە : ( ئێمـە هێزەکـەی "بـارق" گرتمـانی لەسـەرجادەی سـەنگاو بۆمـاوەی دوو رۆژ هەرلەسـەر ئـەو جادەیـە هێشـتیانینەوەو چـواردەورمان بـە دەبابـەو عەسـکەر گیرابـوو، ئێوارەیـەکی رۆژی سـێهەم ئیڤـای عەسـکەرییان هێنـاو باریـانکردین بـۆ لیواکـەی چەمچـەماڵو دوای دووسـێ سـەعات



وێنەی ڕێزان و هەوراز بەر لەئەنفالکردنیان

بردمانیان بۆ تۆپزاوا، شەو بوو کە گەیشتین سەرباز منیان فرێدایە خوارەوە پشتم شکاو هەتا ئێستاش کەمئەندامم (٥ ) فەقەراتی پشتم دەرهێنراوەو ئێستاش پلاتینی تێدایە) ڕێزان نوسیویێتی لەتۆپزاوا ژن و منداڵ و پیاویان لێکجیاکردەوە، ئەوکاتەی هەورازو عەلی و فەرهادیان لێسەندم و بردیانن دنیام لابووە دۆزەخ، بەڵام باش بوو دوای ٢-٣ سەعات ئینجا بۆیان هێنامەوە . نزیکەی ١٠ شەو لە تۆپزاوا ماینەوە هەتا شەوێك ئیڤایان هێناوباریانکردین بۆ دوبز . هەرچۆنێك بوو دوبز لەوێ برسی بووین و بەپێشچاومانەوە لە پیاوەکانیان دەداو ئەشکەنجەیان دەداین . لەدوبزیش ماوەی شەش مانگ ماینەوە هەر قاعەیەك نزیکەی ١٠٠ خێزانی تێدابوو هەرخێزانێکیش ٤- ٦ منداڵی پێبوو، قاعەکان زۆر پیس و پۆخەڵ بوون، هی عەسکەری بوو بۆئیمە چۆڵکرابوو، ئێمە هەر لەسەر ئەرزەکە دەخەوتین هیچ راخەرو جلێکمان پێنەبوو، شەوروژ هەرلە قاعەکاندابووین و نەیاندەهێشت بچینە دەرەوە، لەوێش هەتا دوو ڕۆژ تێپەری نان و ئاویان نەداپێمان بەهۆی ئەو بێخۆراکییەوە ڕۆژی ٢٠- ٣٠ منداڵ لە برسا دەمردن تەنانەت دوو ژنیش لەوێ مردن، ئەوە ئێمەشی گرتەوەو هەورازو عەلی و فەرهاد توشی نەخۆشی بوون و لەوێ فەرهادی کورم لەبرسا مرد.لەدوبز هەموو شەوێ ١١ سەیارەی سەرداخراودەهاتن خەڵکیان باردەکردو دەرۆیشتن، نەماندەزانی ئەو خەڵکە بۆ کوێ دەبەن. ئێمەش لەترسا خەومان لێندەکەوت و دەمانگوت ئاخۆ کەی بێت سەرەی ئێمەش بێت چونکە ئەوانەی دەبران جارێکی تر نەدەگەڕانەوەو نەدەبینرانەوە.

ڕێزان لەنامەکەیدا باسی ئەوە دەگێرێتەوە کەوا لەماوەی ئەو شەش مانگەدا منداڵەکانی هەرنەخۆش بوون، دکتۆری عەرەبیان دەهێنابۆلامان بەڵام هەرلەدورەوە تەماشایان دەکردین و هیچ دەرمانێکیان نەئەدا پێمان. بەبێ ئەوەی هیچ فحصێك بکەن یان دەرمانێك بدەن بە نەخۆشەکان منداڵەکان بەزۆری دەموچاوو سەریان دەئاوساو دوایی دەمردن، هەرئەوە نەخۆشیەش بوو کە فەرهادی کورمی کوشت ، بەڵام هەفتەی ١ جار دوو دکتۆری کورد کەناویان (ئازادو نەوزاد) بوو لەکەرکوکەوە دەیانهێنان بەزۆری ڕۆژانی یەکشەممە دەهاتن زۆر باشبوون، ئەوان و مامۆستاعەلی زۆر هاوکاری کردین ئەو پیاوە خەڵکی دوبزبوو جاربەجار دەهات هەندێك خواردن و جل وبەرگی بۆدەهێناین، زۆر پێویستمان بەو هاوکاریانە هەبوو، ئێمە پێنج کەس بووین ڕۆژی تەنها یەك صمونیان پێدەداین ڕۆژی واهەبوو بۆیان

دەکردین بە دوو صمون ئەویش ئەوەندە رەق بوو بەبەردیش نەدەشکا ناچار لە ئاودا دەمانخوساند تابتوانین بیخۆین.

رەنگە خەمی هەورازو رێزانی دایکی زۆر قورستربێت لەوانەی تەنیا کەوتوونو کەسیان نەماوە، چونکە ئەوان وەك هەرخانەوادەیەکی تری ئەنفال قوربانیان داووەو فەرهادی کوریان لە دۆزەخی دوبز لەبرسا گیانی لەدەستداوە، بەلای کەمەوە ئەم خانەوادەیە ئەو هەستەیان لادروست بووە کە هێشتا بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە غەدرێك بەردەوامە، ئەوانیش پێویستە وەك هەر ئەنفالکراوێك لەمافو ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوان بەهەرەمەندبن.

هەوراز جەعفەر لە دایکبووی سالی ١٩٨٤ لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی ٤ سالآن بووەو ئێستا گەنجێکی روح سوکە، یەکێکە لەو هەزاران مندالآنەی لە زیندانی دوبز ماوەی شەش مانگی تەمەنی ناسکی بەسەر بردووەو بەرێکەوت لەمەرگ گەراوەتەوە، هەربۆیە دوبز شایستەی ئەوەیە بەدۆزەخی مندالە ئەنفالکراوەکانی کوردستان ناو بنرێت، هەوراز کەمەینەتی زیندانی دوبزی چەشتووە هێشتا دوومانگ بوو لەوێ بوون کە مەرگی برابچوکەکەی بەچاوی خۆی بینی و خۆشی هەرلەوێ سووتاوەو هەموو گیانی داغان بووە، رێزانی دایکی لەبارەی سوتانی هەورازەوە لەنامەکەیدا بۆ سالنامەی ئەنفالستان نوسیویتی : ( دوومانگ بوو لەوێ بووین کە هەورازی کورم سوتا ئەویش بەهۆی ئەوەی ژنێك هات تەشتێك ئاوی گەرمی بەدەستەوەبوو کەوت بەسەریداو هەموو لەشی سوتا



پاش تکاو رجاو پارانەوەیەکی زۆر رێگەیاندراین هەورازبەرین بۆ خەستەخانەکەی دوبز (٧) سەرباز بەچەکەوە لەگەلماندا هاتن دوای ئەوەی تیماریانکرد هێنامانەوە بۆ ناو سەربازگەکەی دوبز کە خۆمانی لێ زیندانکرابووین .

ئەوان لەبنەرەتدا خەلکی شاری کەرکوکن، بەلام بەهۆی ئەوەی جەعفەر حەمیدی باوکی مندالەکان سەربازی هەلاتووی بەرەی جەنگی قادسیە بووەو دواتریش بووە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی، لەکاتی پەلامارەکانی ئەنفالدا لە گوندی قرخی سەر بەقەزای چەمچەمال دانیشتوون. خانەوادەکەیان کە بریتی بوون لە ( جەعفەر، رێزان، هەوراز، عەلی و فەرهاد ) جەعفەری لێبەدەر کە پێشمەرگە بووەو لەگەل هێزێکدا رۆیشتبوو ئەوانیش وەکو هەر گوندنشینێکی تر کەوتوونەتە بەردەستی هێزەکانی جاشو سوپاو دەستگیر کراون، لەوکاتەدا رێزان ٣٠ مسقال ئالتونی خۆیو ٢٠٠٠ دوو هەزار دیناری سویسری پێبوو بەلام دوای گرتنیان رەوانەی کەمپی تۆپزاواکراون، لەوێ هەموویان

لێسەندبوو هیچی پێنەمابوو تا لە دوبز شتێکی پێبکرێت. بەلام ئەوهەموو مەینەتی و دلشکانە، ئەوهەموو دلرەقی و توندرەفتارییەی بەعس وای لە ڕێزان نەکردووە کە گەورەیی و بەخشندەیی بدۆرێنیٚ بەڵکو سەرباری ئەوەی پشتی شکابوو خۆشیان هیچ نەبوو بیخۆن لە تۆپزاوا منداڵێکی تەمەن ٨ساڵی بێکەسی بەناوی (صباح ) گرتبووەخۆو تا ئازادبونیشیان هەرلەگەڵیاندا مابووەوە.

هەوراز قۆناغەکانی خوێندنی بریوەوکۆلێژی تەواو کردووەو بروانامەی ئەندازیاری تەلارسازی بەدەستهێناوە، ئەوەی بەبیردێت کەلە زیندانی دوبز سوتاووبرا دووسالانەکەشی بەناوی " فەرهاد " لەبەر کەم خۆراکی و نەخۆشی مردووە، سەربازەکان هاتوون بەدەستو برد تەرمەکەیان بردو تەنانەت گۆرەکەشیان نەدۆزییەوە. کەچی لەبەرئەوەی نەك فەرهاد بەڵکو هیچ منداڵێکی ئەو خانەوادەیە ناسنامەی باری شارستانیان نەبووە، هەتا ئێستاش نەتوانراوە مردنی فەرهادی کوریان لەدوبز ساغ بکەنەوەو موچەی ئەنفلکراوەکەیان وەربگرن . هەقوایە حکومەتی هەرێم ئەو حاڵەتانە لەبەرچاوبگرێت و لیژنەی پسپۆر بۆ ئەو دۆسیێیانە پێك بهێنیٚ چونکە نەبوونی ناسنامەی ئەو خانەوادانەی پێشمەرگەبوون یان لە گوندەکاندا دەژیان دیاردەیەکی نامۆنیەپاشئەوەی بەلێبوردنی گشتی ئازادکران ئیتر ئەنفالکراوەکان بران لە عەربەت هەڵیان رشتن و بەرەلایانکردن، بەڵام ئەم بریارە تەنها ژیانێکی هاکەزایی و پرلەمەینتەتی پێبەخشینەوە، نەك ئازادی.


نامەکانی ڕێزان حەکیم

ڕێزانی ئەنفالکراو جەرگ سوتاو شایانی ئەوەیە ڕێزێکی تایبەتی لێبگیرێت، چونکە سەرباری ئەوەی سەربازەکان بەدڵرەقی مامەڵەیان لەگەڵدا کردبوو، لەئیڤا خستویانەتە خوارەوە پشتی ئازاری پێگەیشتووەو بەهۆیەوە کەم ئەندام بووە، بەڵام بەو حاڵەشەوە توانیویەتی عەلی و هەوراز پێبگەیەنێت تا خوێندن تەواو بکەن .. لەو مەینەتیەدا عەلی توانی کۆلێژی زانستی بەشی بایلۆژی تەواو بکات، ئێستا ئەوخانەوادەیە عەلی و هەوراز لەگەڵ دایكوباوکیان جەعفەرو ڕێزان لەگەرەکی ئازادی شاری سلێمانی سەریان پێکەوە ناوەو ژیانێکی هاکەزایی دەژین .

مام عەبدولکەریم سەعید :

**هەر چاوەڕێی کوڕەکانم دەڵێم بەڵکو ئەمە خوایە لەو عەرەبانەی هاتوون لێرە کاردەکەن یەکێکیان کوڕەکەی من بێتو عەرب نەبێت .**

عەسرێکی درەنگ وەخت لەئۆردوگای صمود، لەبارەگای لقی رزگاری کۆمەلەی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال چاوم بەم پیرەمێردە کەوتو دیارێکی کورتم لەگەڵ ئەنجامدا .

بەرلە پەلامارەکانی ئەنفال گوندی قولێجانی سەرحەد نزیکەی ٢٠ ماڵ بوون، خەلکەکەی بە هەژاری خۆیان قایل بوونو لەگوندەکەیاندا خەریکی کشتوکاڵوئاژەڵداری بوون . بەڵام بەداخەوە ئەم گوندە ئێستا تەنها ٣ ماڵی تێداماوە .

عەبدولکەریم ئێستا تەمەنی بەتەواوی هەڵکشاوەو لە ئۆردوگای (صمود)[10] ڕزگاری نیشتەجێیەو تەنها تاکە کوڕێکی بۆماوەتەوە بەناوی ( محمد ) ئەویش بە ئازایەتی خۆی لە ئەنفال دەربازبووە، دەنا کۆی خانەوادەکەی، کە بریتی بوون لەهەدوو ژنەکەی بەناوەکانی مەحسە حمەئەمین قادروجەیران حاجی تۆفیق، هەروەها چوار منداڵو دوبراوبرازاکانی



ئەنفالکراوەو خۆشی بە قۆناغەکانی گرتنو جیاکردنەوەو زیندانەکانی قۆرەتوو تۆپزاواوادا تێپەڕیووەودوای شەش مانگ بەکەنەفەتی لە نوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە.

جەیرانی هاوسەری بەچوار منداڵەوە سێ کورو کچێك ( لوقمانو حەیدەرو صدیقو کوێستان) مەحسەسەش لەنوگرەسەلمانە گەراوەتەوە.

مایەی تێڕامانە پیرەمێرد هێشتا چاوەروانی هاتنەوەی کوڕەکانی دەکاتو دەڵێت : ( ئێستاش هەرچاوەروانم دەڵێم ئەمە خوایە بەڵکو عەرەبێك کورەکانمی هەلگرتبێو ئێستا گەورە بووبنو هاتبن بۆ ئێرە بۆعەمەلە[11] لەم ناوە هەرگرێئەخۆمو لەبەرخۆمەوە ئێژم.. بەڵکو ئەمە خوایە لەناو ئەوانەدا پەیدا ببنەوە .) ئەمە قسەی مام عەبدولکەریم بوو .

دواجار شوکرانەی بۆ کوڕەکەی خۆیو حکومەت کرد: وتی کورەکەم زۆر بۆم باشەوحکومەتیش موچەمان پێدەداو خانوویان بۆکردووەو لێیان ڕازیم .

---

[10] صمود ئەو ناوەیە کە رژێمی صدام لەسەر ئەوەختی ئەنفال ناوی نابوو بەڵام لەدوای راپەرین دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ناویان رزگاری.!!.. بەڵام باشتربوو صمود هەلبوەشێنرێتەوەو بکریتەوە بە شوێنی کشتوکاڵ نەك ناوەکەی بگۆردرێت بەرزگاری .

[11] خەلکی گەرمیانو کەرکوك بە کرێکارو کاری کرێ دەلێن (عەمەلە)



**ئەنور حەمەلاو:**

## پێشمەرگەی دێرین بووم، هەمووکەسوکارم ئەنفالکرابوون، کەچی ڕێزی جاشێك لەمن زیاتر بوو.

ئەنور حەمەلاو تاکە دەرباز بووی خانەوادەکەیەتی، بەر لەپەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیان خانەوادەکەیان لە ٩ سەرخێزان پێکهاتبوون، کەبەهەژاری لە گوندی توکن دەژیان، بەڵام پەلامارەکانی ئەنفالی سێ نەك هەر گوندەکەیان بەڵکو هەموو گەرمیانی کردە دۆزەخ، گوندی توکنیش وەکو کۆی گوندەکانی گەرمیان گورزی کوشندەی بەرکەوت، جگە لەوەی خانووەکانی درانە بەرکەڵبەی شۆفڵو سەروەتو سامانیان بەتالان بران، کۆی خەڵکەکەی ئەنفالکران، بە شێوەیەك کە لەوگوندە بچکۆلەیەدا (٣٦٥) کەس گیرانو بێسەروشوێنکران، خانەوادەی حەمەلاو کە جوتیارێکی گوندنشین بوو، جگە لە ئەنوەری کوڕی کە ئەوسا پێشمەرگە بوو هەموویان گیرانو ڕەوانەی قەڵای قۆرەتوو، دواتریش بۆ توپزاوا کرانو سەرئەنجام جگە لەخۆی هیچ کەسێکیان لە کۆمەڵکوژیە دەرنەچوون. خۆشی بەشەکەتیو مەینتباریەوە لە نوگرەسەلمان گەرایەوە گیانی لەدەستدا ئەنوەریش بەتەنیا مایەوە تاساڵی ١٩٩٣.

ئەنورکە چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان هێشتا هەرزەکارو تەمەنی (١٦) ساڵان بوو، دوای ئەوەی چەندینجار چووە ریزی پیشمەرگەکانەوە بەمەبەستی ئەوەی ببێتە پێشمەرگە بەڵام هەرجارەی بەبیانوویەك لەبەر کەمی تەمەنی وەریان نەدەگرتو دەیاناردەوە، تادواجارلەتیپی ٥٥ی قەرەداغ توشی بەتوشی بەرپرسێکەوە بووەو پێی ووتووە: ئەریٚ برا وا دامنا من منداڵم ئەی شۆرش ناتوانیٚ سالیك منداڵیك بە خێوبکات..؟ سەرئەنجام بەرپرسەکەی قایل کردووەو هەرلەویٚ بووەتە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام زۆر ماندوویان دەکرد بەمەبەستی ئەوەی پەشیمان ببێتەوەو بڕواتەوە بەڵام ئەنوەر بەلێهاتوویيەوە روبەرووی ئەو تاقیکردنەوانە بووەوە، بەو شێوەیە بووە پێشمەرگەیەکی نەبەزیوو تا لە ١٧ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی جێشانە لەگەڵ ١٧ پێشمەرگەی تردا کەوتوونەتە بۆسەیەکی مەفرەزە خاصەی سەربە دائیرەی ئەمنی سلێمانییەوەو هەموویان دەستگیرکراون، هەرئەو ڕۆژە بەدیلی گوازراونەتەوە بۆ شاری سلێمانیو لە زیندانی ئەمنە سورەکە خراونەتە بەرلێکۆلینەوە، بەڵام بەختی ئەوەیان هەبوو، کەسێکی سەربە رژێم بۆیان تێکەویٚولەویٚ بهێڵرێنەوە تا لێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٨٨

**ئەنفالی گوندی توکن:**



هێشتا ئەنفالی گەرمیان کۆتایی نەهاتبوو کە ئەنوەر لەگەڵ ١٧ هاوسەنگەریدا بەدیلگیران، بۆیە ئاگادارنەبوو، کە لەدەرەوە چی دەگوزەرێ ؟و گوندەکەیان بووەتە چیرۆکێکی سەر سورهێنەر لەمێژووی ستەمکاریو خاڵێکی رەش بەتەوێڵی بەعسیزمەوە، چیرۆکەکانی گوندی توکن لەژمارە نایەن، چونکە ئەوەندە بەتوندی بەرپەلاماری ئەنفالکەوتووە، بەعس قەستی بووە لەریشەوە هەڵیبکێشێ هەر بۆیە گورزێکی کەمەرشکێنی بەرکەوتو زەرەرێکی گیانیومالی قورسیان کردووە، توکن سەرباری ئەوەی بچوک بوو بەڵام گوندێکی قەرەباڵغ بوو، تێکرا ٣٦٨ کەسیان ئەنفالکراوەوهەتا ئێستا بێسەروشوێنن.

ئەوکاتەی ئەنوەرحەمەلاو لە ئەمنە سورەکە گیرابوو، هەموو خانەوادەکەیان ئەنفالکران کە بریتی بوون لە : باوکیو دایکیو چوار خوشکو دووبرای بە ناوەکانی ( حەمەلاو حەمە کەریم، غەریبە وەلی حسن، نەسرینو جەمیلەو شیلانو لەتیفو یاوەر ) چیرۆکی ئەم خانەوادە ئەنفالکراوە زۆرخەمناکو ئازاربەخشە، لە نزیکی ناوەراستی مانگی نیسانی ١٩٨٨ پاش ئەوەی بە کۆمەڵگیرابوون هەموویان برابوون بۆ قەلای قۆرەتوو هەر وا دووسێ رۆژێک مابوونەوەو لەوێوە رەوانەی تۆپزاواکرابوون، بە پێی نەخشەی دارێژراوی نوسینگەی رێکخستنی باکوری حزبی بەعس کە عەلی حەسەن مەجید سەرۆکاری دەکرد لەوێ تەواوی خانەوادەکە پۆلێنکرابوونو لە یەکتری جیاکرابوونەوە، حەمەلاو حەمەکەریمی باوکیان لەژنو منداڵەکانی جیاکرایەوەو لەگەڵ پیاوە پیرەکان خزێنرایە هۆڵێکەوەو دواتر رەوانەی نوگرەسەلمان کرا، ئیتر لەو ساتەوەختەوە لە غەریبەی هاوسەریو کورو کچەکانی بێئاگا مایەوە، حەمەلاو بەوە دڵخۆش بوو کە لە تۆپزاوا پێیان ووتبوو ژنو منداڵەکانت بەربوون، خۆت لەلای ئێمە دەستبەسەری، بەڵام ئەمە درۆیەکی گەورە بوو هەر بۆیە دوای ئەوەی بە کەنەفتیو نەخۆشی لە زیندانی نوگرەسەلمانەوە گەرایەوە بۆ ئۆردوگای صمود " ناحیێ رزگاری" منداڵەکانی نەهاتبوونەوە ئیتر توشی شۆك بوو، سەرئەنجام هەر بەو داخەشەوە سەری نایەوەو فیراقی دوری منداڵەکانیو ئەو بارودۆخە گرانە کوشتی.

حەمەلاو حەمەکەریم کە هاتەوە بۆ گەرمیان، لەبەر ئەوەی خۆی گیرابوو ئەنوەر نەیزانیبوو کە لەدەرەوە چی رویداوەو ماڵەوەیان هەموو گیراون بۆیە لە ئازادکردنی ئەنوەرو باوکیدا رێکەوتێك هەیە، ئەوان هیچیان ئاگایان لە گیرانو ئەنفالکردنی یەکتر نەبووەو نەزانیووە کە گیراون، ئەنوەر لە ئەمنە سورەکەی سلێمانیو باوکیشی لە نوگرەسەلمان

زینـــــدانی بـــــوونو خوشـــــكو براكانیشـــــی بێسەروشـــوێن بـــوون بـــەڵام ڕێكـــەوت وابـــوو كـــە ئـــەنوەرو بـــاوكی هـــەردووكیان لـــە یـــەك ڕۆژدا بـــەربوونو هاتنـــەوە بـــۆ گـــەرمیان. گـــەرمیانی چـــی ؟ نـــەك مـــاڵ تەنانـــەت گوندیش نەمابوو.

ئـــیتر چـــۆن بـــەربوونو چـــۆن ئازادبوونێـــك ؟! بـــــاوكوكوڕ بەســـــەرهەواری خاڵیـــــدا گەڕانـــــەوە، ئـــــەنفال هـــــەموو شـــــتێكی لەبەریـــــەك ترازادبـــــوو، نـــــەماڵ هـــــەبوو ڕوی تێبكـــــەنو نەســـــەرپەنایەك ..! ئـــــیتر بـــــەبێ ماڵوحـــاڵ هـــەر شـــەوەی لـــە ماڵیـــك ڕۆژیـــان دەكـــــردەوە، ئـــــەوجۆرە ژیانـــــە توشـــــی نەخۆشـــی دڵـــی كـــردوو ســـاڵی ١٩٩٢ لـــە چـــاوی لێكنـــا كـــە لەچـــاوەڕوانی خانەوادەكـــەی ئاویـــان تێـــدا نـــەماو بـــە حەســـرەتیانەوە كۆچـــی دوایـــی كـــرد، ئـــیتر ئـــەنوەریش بەتـــەنها مایـــەوەو لـــە ئۆردوگـــای صـــمود لـــە مـــاڵی خـــاڵی " حمـــە جـــان وەلی" ژیـــانێكی مەینـــەتباری بەســـەر بـــرد . دوای مردنـــی بـــاوكی ئـــەنوەریش بـــووە تاكـــە دەربـــازبووی خانەوادەكـــەی نمونـــەی ئـــەم تاقانانـــەی ئـــەنفال زۆرن لەگـــەرمیانو هەریەكـــــەیان خـــــاوەنی چـــــیرۆكێكی تراژیدیایـــە زۆرەبـــەیان ببونـــە شـــوانی عـــەرەبو هەنـــدێكیان ڕۆیشـــتبوونە ناوچـــە عـــــەرەب نشـــــینەكەو لـــــەوێ خۆیـــــان پـــەنادابوو، بـــەڵام لەهـــەموو ئـــەو چـــیرۆكانە دڵتـــەزێنتر ئەوانـــە بـــوون كـــە وەختـــی ســـەربازیان هـــاتبوو لـــەكاتی مۆڵـــەت وەرگرتنـــدا نەهاتوونەتـــەوەو هەرلەیەكـــە ســـــــــەربازیەكانیاندا ماونەتـــــــــەوەو مۆڵەتـــەكانیان بەســـەربردووە..!! ئـــەویش لەبـــەر ئـــەوە بـــووە كـــە هـــیچ كەســـێكیان نـــەماوە بێنـــەوە ســـەردانی بكـــەن، بۆیـــە



بەناچـــــاری ســـــەربازگەكان بوونـــە باشـــترین شـــــوێنی حەوانـــــەوەیان ..! بنكـــەو بارەگـــای ئـــــەو یەكـــــە ســـــەربازیانەی كەســـــــــــــوكاروخانەوادەكەیانی ئـــەنفالكردبوو..!! ئـــەنوەریش یـــەكێك بـــووە لەوكەســـە تەنیاكەوتوانـــەی لەســـەروەختی ڕژێمـــی بەعســـدا لـــەكاتی ســـەربازیدا یەكـــە ســـەربازیەكانو لـــەدوای ڕاپـــەرینیش بارەگـــای پێشـــمەرگە شـــوێنی خـــەوتنو حەوانەوەو پشوودانیان بووە ..!!

ئـــەنوەر ئێســـتا كـــە خێزانـــی پێكـــەوە ناوەوبـــاوكی چـــەند منداڵێكـــە (شـــیلان، زانیـــار،-محمـــد، ژیار،گـــەرمیان، ژیلـــوان) بـــەڵام هێشـــتا بـــەدەم ئـــازاری نەخۆشـــیەكەی باوكییـــەوە گیرۆدەیـــەو هـــەرگیز لـــە بـــیری ناچـــێتەوە ئەگـــەر مـــردنو ئەشـــكنجەی دایكـــیو خوشـــكو براكـــانی لـــە دوریو بـــە پێشچـــاوییەوە نـــەبوو بێـــت ئـــەوا مەینـــەتیو نەخۆشـــیو مردنـــی حەمـــە لاوی بـــاوكی بـــە پێشچـــاوی خۆیـــەوە بـــووە.. بۆیـــە هـــەرگیز قابیلی لەبیرچوونەوە نین.

ئـــەنوەر مـــاوەی ( ٦ ) مـــانگ بـــوو هـــیچ ئەنـــدامێكی ماڵـــەوەی خۆیـــانی نـــەبینیبوو بـــــەهۆی ســـــەرقاڵی پێشـــــمەرگایەتیو شـــەرەكانی ئەوســـای بـــەعسو پێشـــمەرگەو هێـــرش بۆســـەر ســـەركردایەتیەكەیان لـــە دۆڵـــی جافایـــەتی، ئـــیتر ئـــەو بـــەهیوای بەچـــۆكداهێنانی بـــەعس چـــەكی كردبـــووە شـــانو بەتەمـــەنی هەرزەكاریـــەوە ڕیزەكـــانی پێشـــمەرگەی هەڵبـــژاردبوو، بـــەڵام كـــاتێكی

زانی بەعس هەموو گەرمیانی بەچۆکدا هێناو ئاوەدانی تێدا کردە مەحاڵ، ئیتر لە دوای ئەنفالەوە تەنها ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە مانەوە کە مەرگیان پێباشتربوو لەوەی خۆیان ڕادەستی رژێم بکەنەوە.

ئەنوەر بێجگە لەومەینەتیانە گرفتێکی تریشی بۆ پەیدابوو ئەویش ئەوە بوو کە ناسنامەی باری کەسێتی نەبوو، لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە دەرهێنانی ناسنامەکەی زۆری خایاندو زۆریش توشی دەردی سەری کرد بەڵام تا دەریهێنا تەمەنیشی زیاتر هەڵکشاو ئیتروەختی ئەوەی هات بچێتە ریزەکانی سوپاوەو خزمەتی ئەو سوپایە بکات کە هەموو گەرمیانی دوچاری راوەدونانو کۆمەڵکوژیو ڕوخاندن کردبووەوە بێگومان ئەوەش گرێیەکی سایکۆلۆژی زۆربەی ئەنفالکراوەکان بوو. لە بەرواری ١٩٩٠/٩/١ رەوانەی ریزەکانی سوپاکراوە تا هاتنە پێشەوەی جەنگی کەنداو لاوازبوونەوەی دەسەڵاتی بەعس ئیتر



ئەویش وەکو زۆربەی کوردەکانی تر ریزەکانی سوپای بەجێهێشتووەو وەك سەربازێکی هەڵاتوو خۆی شاردووەتەوە. تاراپەرینی ساڵی ١٩٩١و دوای ئەوەش بووەتەوە بە پێشمەرگە.

**دڵشکانی ئەنوەر :**

لەدوای راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١، هێزەکانی پێشمەرگە هاتنەوە ناو خەڵك ئەویش وەکو زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوان بووە پێشمەرگەو چەکی کردەوە شان، دواتریش بووە یەکێك لەکارمەندانی ئاسایشی شاری کەلار، ئەنوەردەڵێت: ( من زۆر بەدلسۆزی ئیشم دەکرد وەکو چۆن پێشمەرگایەتیم دەکرد لەئاسایشیش هەروا بەدڵسۆزی ئێشەکانم دەکرد، بەڵام لەویٚ هەستم بە دڵشکانێکی زۆر کرد، بەچاوی خۆم بینیم کەوا رێزی کەسانی گومان لێکراو زیاتر لە کەس‌وکاری ئەنفال دەگیریٚ، هەرگیز حسابی ئەوەیان بۆ نەکردم کە پێشمەرگەی کۆنمو هەموو کەسوکارم ئەنفالکراوە، تەنانەت بەرپرسەکەم کە هاورێی خۆم بوو لێم تێنەدەگەیشت، ئاخر چۆن ڕەوایە جاشێك لە کەسوکاری ئەنفال زیاتر بێت ) بۆیە داوای کردووە خانە نشین بکریٚو چیتر بەرگەی ئەوناداپەروەیەی نەگرتووە.

**داواکاری ئەنوەر :**



زۆر جەخت لەدادگایی كردنی تۆمەتبارانی ئەنفال دەكاتەوەو دەلێت ( ئەوە شەرمەزارییە هەتا ئێستا تۆمەتبارانی ئەنفال دادگایی نەكراون) . زۆریش لە ئەدای رێكخراوەكان رازی نیەو پێیوایە بەپێی تەزجهی حزبەكانیان دەجولێنەوە خۆشی ئەندامی دو رێكخراوە (چاودێری كردۆساید– چاك‌و كۆمەڵەی داكۆكی لەكەسوكاری قورانیانی ئەنفال ) بەڵام لە ئەدای كاركردنیان رازی نیە .

لە سەردانێكماندا بۆسەر ئەوگۆڕە بەكۆمەڵەی لەچیای حمرین ٦٠ كم خۆرئاوای شاری دوزخورماتوو تیمێكی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق‌و وەزارەتی شەهیدان‌و ئەنفالكراوان خەریكی هەڵدانەوە بوون، لە دواقۆناغی هەڵدانەوەدا هەندێك لە كەسوكاری ئەنفالكراوان هاتبوون، هێشتا لەسەیارەكە نەهاتبوومە خوارەوە كە ئەنوەر حەمەلاوم بینی بەماتی لە قەراغی گۆرەكە وەستابوو ئەودیمەنەی ئەنوەرو برادەرەكانی كەبریتی بوون لە: ( وەهاب وئەحمەد عەلی‌و حەسەن عەلی فەرەج‌و كامەران حسێن‌وزۆری تر) هەتا ئێستا كاریگەرییەكی زۆریان بەسەرمەوە هەیەو هەستێكی سەیری لادروستكردم بە



پارچەیەك خشڵ كە لە گۆڕە بەكۆمەڵەكەی حەمرین دۆزرایەوە

جۆرێك ماتەمینی گرتبوومی‌وخرۆشام هەتا دوو رۆژ دوای ئەوەش بەرینەدام، هەرئەوەندەی رێگەیان پێدابن بچینە سەر تەرمەكان ئەنوەرو حسن‌و ئەحمەد بەجۆرێك لە سەڵای گریانیاندا كورم دەویست خۆی بگریٚ‌و دەست بەگریان نەكات، لەوكاتەدا وەزیری شەهیدان‌و ئاڵا تالەبانی پەرلەمانتاری عێراقیش هاتبوونە خوارەوە، ئەنوەر بە گریانەوە دەستی وەزیری شەهیدانی گرتوو ووتی : جەنابی وەزیر تكات لێدەكەم ئەو جاش‌و موستەشارانە بدەرە دادگا وەڵاهی شەرمەزارییە وەڵاهی ئەگەر ئەوە نەكەیت قەت گەردنت ئازاد ناكەین.

ئەنفالكراوەكانی خانەوادەی ئەنوەر بریتی بوون لە ( غەریبە وەلی حسن دایكی، نەسرین‌و جمیلەو جیمەن‌و شیلان خوشكەكانی ولەتیف‌و یا وەرحەمەلاو براكانی ) .

**مرۆڤ تاكە بونەوەرە كە پلانی كوشتن بۆ هاورەگەزەكەی خۆی دادەنیٚ، جەنگیش گرنگترین داهێنانێتی بۆ سەرخستنی ئەو پلانە**

**(( ماگنوس)**

# من راوێژكاری فیلمی (بەكرێگیراوی سپیم )

عومەر محەمەد

خوێنەری بەڕێز ئەم وتارە كاتێك نوسراوە كە هێشتا فیلمەكە نەبینرابوو، پروپاگەندەی ئەوەیان دەكرد گوایە راگیراوە بەڵام ئێستا راستیەكان دەركەوتونو خۆشبەختانە فیلمەكە لە فیستڤاڵی (گوڵف) خەڵاتی دووهەمی باشترین فیلمی بەدەست هێناوە. بۆیە بڵاوكردنەوەی لێرەدا بەپێویست دەزانم چونكە سەنتەرێكی تایبەت بەئەنفال نابەرپرسیارانە قسەی ناراستی لەبارەوە كردووە .

## ئەوە كێیە ئەوەندە جاهلو مەرگدۆستە شین بۆ مردوكان دەكاو بەرد بۆ زیندووەكان دەهاوێ .؟!

ژمارە (٥)ی گۆڤاری (برین) بەناونیشانی (فیلمێ ئەزكرێگرتیە سپی مە) بابەتێك بڵاوكراوەتەوە، گوایا فیلمەكە بەباشی باسی رۆڵی موستەشاران دەكات.! ئەوە چ قسەیەكی خوارو نابەرپرسیارانەیە؟ ئەرێ ستافی (برین) فیلمە كەیان دیووە ؟ هەتا جورئەت بكەن ئەوشەكرە بشكێنن ؟ !

كە هەواڵی فیلمی دۆكۆمێنتاری ( من بە كرێگیراوی سپیم) بڵاوكرایەوە. كابرای لە هەموو كاسەدا ئەسكوێ، دیسان كەوتە هەراو غەلبەغەلب.

بەڵام بەهەندمان نەگرتو ناچارنەبووین قسەیەكی لە بارەوە بكەین، بێگومان ئەم وەڵامەش تەنها بۆ گۆڤاری (برین)ە لەبەرئەوەی زمانحاڵی سەنتەرێكی ئەنفالە، كە دەبوو بزانن لەكەداركردنی ئەو فیلمە بێرێزییە بەو هەزاران ئینسانەی جاشێك بووە فریاد رەسیانو ئێستا لەگەرمیان دەژین..

بەداخەوە (برین) پشتی بەقسەی كەسێك بەستووە كە خۆشی پێی شەرمە ناوی بهێنێ! ئەوكەسە بەخەیاڵی خاوەولێدابووكەسوكاری ئەنفالكراوان بەگژماندا هەڵخرێنێوكەمپین لە دژمان دروستبكات..! بەڵام مایەپوچ بوو چونكە زۆرترین



كارەكتەروقسەكەری فیلمەكە كەسوكاری ئەنفالكراوان خۆیانن.. سێ كەسیان ئەندامی كۆمەڵەی داكۆكی قوربانیانی ئەنفالن، چواریان تاكە دەربازبووی خانەوادە ناسراوەكانی گەرمیانو یەكێكیان ساڵح هەلاجی شاعیرە، كە شیعرو منداڵەكانی پێكەوە ئەنفالكراون. راوێژكاری فیلمەكەش بەندە" سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان" م. ئیتر گۆڤاری برینوئەوی تر شەكری چی دەشكێنن؟ ئەوانە هەق بوو نرخی قسە بزانن، نەك بەبێ بەڵگەولەگۆترە بنوسن: (وەزارەتا رۆشنبیریو لاوان یاحكومەتا هەرێما كوردستانێ ڤەهاتیە راوەستاندن لیژنەكا ڤەكۆلینێ ل سەرناڤەرۆكافیلمێ هاتیە دانان) ئەگەر درۆیان نەفەرمووە بائەنجامی لیژنەكە بڵاوبكەنەوە؟ كێن ؟ ناوی ئەندامانی لیژنە ؟ كە ئەوەیان نەكردووە ئیتر قسەی بێبناغە لەپای چی..؟

من وەك راوێژكاری فیلمەكە بێمنەتم لە هەر لیژنەیەك، چونكە ئەوەندە شارەزایی هونەریمان هەیە كە رێز لە هەستی ئینسانی خۆمانوكەسوكاری ئەنفال بگرین، دەزانین ئەركی خۆمانو وەزیفەی هونەر چی یە، ئەوەندە بەرچاوروونین تێبگەین هەركارێكی هونەری لەپێناوی شكۆی مرۆڤ نەبێت بێبەهاوفاشلە. ئیتر گوناهی ئێمە نیەكابرا ئەركی خۆی نازانێو وەكو رادیۆ هەرقسەدەكاونابیستێ ..؟!

نوسیویانە وەزارەتی رۆشنبیری لیژنەی لێكۆلینەوەی بۆ فیلمەكەپێكهێناوەو رای گرتووە..! خۆزگە راگەیاندنی كوردی ئەوەندە بێباكو فلتەری شاش نەدەبوو، ئەم شەكرشكاندنە كاتێكبوو كە هێشتا فیلمەكە مونتاژی تەواونەكرابوو ..! ئیتر چی

رادەگرن ؟! باشە باگریمانەی ئەوە بکەین وەزارەتی رۆشنبیری ڕێگەی نمایشکردنی نادات. جا ئەوە مۆراڵە مرۆڤ شانازی بە سانسۆرەوە بکات ؟ ڕێگەگرتنی فیلمەکان بێجگەلە جەهل چی ترە.؟ دەی فەرموون ئێستا فیلمەکە ئامادەیەو درەنگ یان زوو لە ڤیستڤاڵێکی سینەماییدا نمایش دەکرێ، ئەو ساچی دەڵێنو چ وەڵامێك دەدەنەوە؟ خۆزگە وەکو لە پێشەوە جورئەتی قسەی بێ بەڵگەیانکردووە، لە دوایدا کە زانرا ڕاستتان نەفەرموو، ئەوەندە جورئەت بکەن پەشیمانییەکەیان نەشارنەوە .

بڵێی وەزارەتی رۆشنبیری ئەوەندە هەژارومالۆێرانبێ..؟ ئەگەروای کردبێتو بریاری راگرتنی فیلمەکەی دابێ، هەقوایە ئەوکارەی بکەینە نوکتەی کابینەی شەشەم ..! خێرە ڕێگەلە کاری ناهونەری ناگرن، لەفیلمێکەوە دەهاڵێن کە هێشتا مۆنتاژی تەواونەبووە ؟! .

هەرئێستا بریکارێکی وەزیری رۆشنبیری کتێبێك دەربارەی هەمان موستەشاردەنوسێ، هیوادارم وەزارەتی رۆشنبیری بتوانن بلێن چاپی ناکەینو سەنتەری ئەنفالیش جورئەتی قسەیەك بکەن.

ئەرێ ئەو گۆترەکاریە بۆ ( سەنتەرێکی ئەنفال) شەرم نیە ؟ عەیب نیە پشت بەدرۆی کەسێك ببەستێ کە حەسودیوگرێی دەرونی شپرزەی کردووە.؟! سەیر لەوەدایە نازانن باسی چی دەکەن ! مەبەستیان کام سەعیدوکام موستەشارە ؟! گوایا ئەوجاشەی کردوومانە بەپاڵەوانی فیلمەکە دادگا داوای کردووە، شێخ رەزا ووتەنی: "شێڕڕڕڕڕڕوانە بوو" وەك بڵێی ئێمەلەگوێی گادا نوستبین و ڕاویژی کەسانێکمان کەمبێ کەگا بە گونان دەناسنەوە.؟ من قسەی هەموو کەس بەهەند ناگرم، بە گۆڤاری برین دەڵێم: سەهوویت. مادام زمانحاڵی سەنتەری ئەنفالن ئەرکتان بوو بەرپرسیارانە قسە بکەن ئەی کە ئەوەتان نەکردووە خۆتان بۆ شۆکی دوای نمایشکردنی فیلمەکە ئامادەکردووە ؟.

ئەرێ سەرنوسەری گۆڤارێکی تایبەت بەئەنفال، چۆن دەبێ ئەوەندە مالۆێران بێت ؟ دیارە لەکن وی بوختانیش هەرحسابە ؟ بەلام دیارەکەسێك لانی کەمی مافوکەرامەت بۆمرۆڤ قایل نەبێت..؟ ئەوەندەش ڕێزلەخۆی ناگرێت کە سبەی بەدرۆ نەخرێتەوە ؟ ئەرێ چۆن دەبێ چالاکوانی ئەنفال درۆبەدەم خەڵکەوە بکاتوکەرامەتی خەڵکی بۆگرنگ نەبێت ؟ ئەی چۆن ڕێز لە ئەنفالکراوان دەگرێ..!؟ کە دەڵێن : دەرهێنەری فیلمەکە داوای نۆبلی ئاشتی بۆجاش کردووە ؟ درۆیان فەرموو چونکە ناتوانن بیسەلمێنن .

بەڕاستی عەنتیکەیە تۆ هەربەناو بکەویو قسەلە بابەتێك بکەیت کەهیچی لێنازانیو هێشتا نەتدیووە ؟ ئەرێ زمانحاڵی سەنتەرێکی ئەنفال چۆن توتی ئاسا قسەی نەزانێك دەڵێتەوە ؟ نەخێر ئێمەش ئەوەندە غەشیم نین خۆمان بکەین بە قوربانی جاشەکان، ئەوەندەش غافڵ نین خۆمان بکەینە نێچیرو بنێشتەخۆشەی ژێردانی خەڵکانی بێرەحمو نەفام هەتا بەکەیفی خۆیان بەردمان تێبگرن .؟

لە ساتەوەختەکانی " کورد قڕان " دا ڕزگارکردنی هەزاران کەس لە دۆزەخی ئەنفال جا لەلایەن باشەوە بووبێت یان جاش، نەك هەرشایانی ئەوەیە فیلمێکی بۆ دروستبکرێ، هەقە شاکاری ئەدەبیو هونەری لەسەر بنوسرێت، ئەگەر ڕزگارکردنی سەدان کورد شایانی ڕێزلێنان نەبێ لەلایەن سەنتەری ئەنفالوچالاکوانانی ئەنفالەوە ئیدی قسەکردنیان چ بایەخێکی هەیە ؟. ئەو جاشە هەرعەیبێکی هەبێ بەوە شکۆمەندە نەیهێشت تۆوی کورد لەگەرمیان ببڕێ..! هیچی نەکردبێ گۆڕێکی بەکۆمەڵی لەبیابان کەمکردووەتەوە. ئەرێ ئەو چالاکوانەی ئەنفال ئەوەندە جاهڵو مەرگدۆستە ڕێز لەوەناگرێ ؟ کەچی شین بۆمردووەکان دەکاو بەرد بۆ زیندووەکان دەهاوێ .؟! تۆلێی گێچەڵەکە ئەوەنەبێ کە جاشەکە نامەقوڵی وای کردووە خەڵکی رزگارکردووە..؟ هەردەبێ وابوبێ وئاوالەدنیا تێگەیشتبن. پێدەچێت لۆجیکی ئەوکەسانە ئاوابێ هەتا ژمارەی شەهیدەکانمان زیاتر بن سەرمان بلٓندترە ..!! هەتا قەبرستانەکانمان فراوانترین شانسی بەدەوڵەت بوونمان زیاترە ..

# زلیخا مولود سەلیم

سالی لەدایك بوونی : ١٩١٧/٧/١

شوێنی لەدایك بوونی : عەنەب – هەڵەبجە

شوێنی شەهید بوونی : ئێران – سنفور

هـۆی شـەهید بـوونی : بریندـاری چـەکی کیمیاوی

بەرواری مردنی : ١٩٨٨/٣/٢٤

زنجیرە : ٨٧٤

زلێخـا مـەولود لـە ئێـوارەی ١٩٨٨/٣/١٦ وەك زۆربـەی هاوڵاتیـانی شـاری هەڵەبجـە بەرچـەکی کیمیـایی کـەوتووەو برینـداربووە، دواتـر گەیشـتووەتە ئێـران لـەوێ کوچـی دوایـی کـردووە، هاوپێچـەکان بەڵگـەی سـەلماندنی ڕاستین .



وزارت بهداشت درمان و آموزش پزشکی
دانشگاه علوم پزشکی استان باختران
برگ گواهی فوت



البطاقة الشخصية



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء
صورة قيد وفاة



# کورد بوو یان عەجەم ؟

سەرنوسەر

بەیانیەکیان هەرکە گەیشتمە فەرمانگەکە کاك ساسان ئەنوەرهەوالی ئەوەی پێدام کە کەسێك هەیە لە ئێرانەوە هاتووەو دەلێت: من هەلەبجەیمو کەسوکارم لەکیمیابارانی هەلەبجە تێداچوون، دوای ئەوەی کەوتمە سۆراخ کردنی ئاسایش ئاگاداریانکردین کە لەسلیمانیەولەهۆتیل صلاحەدینە، هەرئەو رۆژە چووم بۆ لای و چاوم پێی کەوت، دواتر بەرێوەبەری گشتی شەهیدانو ئەفالکراوانم لێ ئاگادارکردەوەئەویش بریاری هاوکاریکردنی دا .

هەوار محمەد تەها جەلال کە لەولاتی ئێران بە (شایان) ناسراوە بە دوای کەسوکاریدا دەگەرێتوباس لەوە دەکات، کاتێك کیمیابارانی شاری هەڵەبجەکراوە ئەو تەمەنی ٧ ساڵان بووە، دایكوباوکی لەوبۆمبارانەدا کوژراونو ئەم لەگەڵ پوری بەناوی (ڕوقیە تەهاجەلال ) گەیشتوونەتە ئێرانولەوێ لە ماڵی پیاوێکی فارس بەناوی حاجی سروشت گیرساونەتەوە، ناوبراو خاوەنی کارگەی (کارخانەی گولسان یەخچاڵ )ە بۆ دروستکردنی شەبەکەی پشتی سلاجە، هاوسەری حاجی سروشت ناوی زەینەبەو تەنها یەك کچیان هەیە بەناوی ( سوگەند).

تا مردنی (ڕوقیە تەها) ی پوری هەرلە کەرەج – شرکت صنعتی سمینداش – کارخانە گولسازی یاخچال شەبەکەی پشتی سەلاجە دروست دەکەن بەهەمووی ماوەی ١٧ ساڵ لەوێ کاریان کردووە.

دوای ٦ ساڵ پێکەوە ژیان لە روقییە ئاوارەیدا بەکارەساتی سەیارە بەسەختی بریندار دەبێو پەکی دەکەوێت، ئیتر لەسەرتەخت چاوەروانی مەرگ دەکات، بەڵام تا ئەو کاتە هیچی لەبارەی کیمیابارنەوە بۆهەوار باس نەکردووە، هەوار بە



ساڵنامەی ئەنفالستانی راگەیاند: من تەمەنم ١٣ ساڵان بوو کەپورم مرد ، لەنەخۆشخانە لە سەرەمەرگدا پوری دواقسەی بۆکرد بەڵام دواووتەکانی ئاسایی نەبوون، بەڵکو هەموو شتێکی گۆڕی تەنانەت ناوی خۆشی.! کاتێك کە پێیی دەلێت : تۆ ناوت شایان نیە، بەڵکو ناوت هەوارە.!! کوری حاجە سروشت نیت، باوکت کوردی عێراقەوناوی محمد تەها جەلالە، من مێردم نەکردووەو باوکت برای منە . دایکت ناوی (چەشئەل) [12]ەو ئێمەش خەڵکی هەڵەبجەین .. ئیتر ئەم قسانەی ڕوقیە تەها دەشێت کلیلی کردنەوەی نهێنی ڕاستیەکی تاڵ بن یان هەرلەبنەرەتەوە هەڵبەستراوبن، ئەوەش پشوودرێژیودیقەتوکاری زۆرز ویژدانێکی ساخلەمی گەرەکە هەتا یەکلایی بکاتەوە. کێ دەتوانێ پرکێشی ئەوە بکات بلێت ئەم چیرۆکە ڕاست نیە ..؟ یان بەپێچەوانەوە بێ بیرکردنەوە بلێت بەڵێ ڕاستەو هەوار هەڵەبجەییە ؟!

هەوارکوڕێکی نەخوێندەوارەوهۆکارەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ ناسنامەیەکی نەبووەو هیچ کەسێکیش ناتوانێ لەئێران بچێتە بەرخوێندن ئەگەر شوناسی نەبێت. تا ئەوکاتەی پوری ڕاستی پێگوتووە ئەوکوڕە هەر وای زانیەوە کوڕی حاجی سورشتە ! کەچی بەخەیالیدا

[12] هەرەچەندە پرسیارم کرد ئەم ناوە نەچووەوە سەر زمانی کوردیو تارادەیەکیش بە ئەدەبیاتی کوردی نامۆیە

نەهاتووە کوری سەرمایەدارێك چۆن دەبێت بێناسنامە بێت ؟ بۆ ناخرێتە بەرخوێندن ؟! کەچی دوای مردنی پوریشی هەرلەلایان ماوەتەوە تا تەمەنی ١٥ ساڵی بەلام حاجی سروشت شوێنێکی تری بۆدەستەبەر کردووە، هەوار دەلێت ئەمەش لەبەرئەوە بووکە ئەوان هەر ئەوکچەیان هەبوو، نەدەکرا منی بێگانەی گەنج لە ماڵیان بمێنمەوە .. بەلام هەرلەکارگەکەیدا کاری کردووە تا تەمەنی ١٧ ساڵی. لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا خۆی هاتووەتەوە بۆکوردستان هەوار ووتی: نەخێر هەرگیز بیرم لەوەنەکردووەتەوە بێمەوە بۆکوردستان چونکە دەمگوت کەبچمەوە گرفتار دەبم. بەڵکو بە مادەی (شیشە)وە گیراوەو ئێران ١١ مانگ زیندانی کردووەو دواتر سنورداشی کردووەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان. لەلایەن ئاسایشی پێنجوێنەوە گیراوەو ڕەوانەی کانی گۆمەکراوە، بەهۆی ئەو چیرۆکەیەوە ئاسایش ڕێزیانگرتووەو ماوەیەك پارەی هۆتیلو خواردنیان بۆ دابینکردووە، بەلام دۆسێکەی ئالۆزەوبەئاسانی سەرەداوی ڕاستی دەرناکەوێ.

بەوحاڵەشەوە دەتوانین نەهێلین گرفتار ببێت، هەلبەت نابێت بکەوینە ژێرکاریگەری سۆزو عاتیفەشەوە. چونکە دەشێت لە دۆسێیەکی وەهادا سۆزمان زەرەری زیاتربێت لە قازانجی . من بوورام وایە کەوا سەدکەس موچەی ناهەق وەربگرن باشترە لەوەی یەك کەسی خاوەن ماف بفەوتێ . بەلام خۆناکرێ هەرچی ووتی من لە ئەنفالدا یان لە هەڵەبجە وون بووم باوەری پێبکرێت..؟ مەرجە بەوپەری ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت‌ولەکاتی ڕاست دەرنەچوونی قسەکانیشیدا بە ڕێزەوە بەڕێ بکەرێتەوە بۆ شوێنی خۆی . چونکە یەك حالەتی ناڕاست، ڕاستەکانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە و کەس باوەڕ بەونبووە ڕاستەقینەکانیش نەکات .

## سەرئەنجام :

دوای ئەوەی کەوتینە سۆراخ کردنی لەهەڵەبجەو دەوروبەری هیچ سەرەداوێکمان لەبارەی خانەوادەکەیەوە چنگ نەکەوت‌وکۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجەش بەدەنگیەوە نەهاتن، بەلام من دەستبەرداری نەبووم‌و ماوەیەکیش بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان خەرجی خواردن‌و هۆتیلیان بۆ دابینکرد، بەلام لەبەرئەوەی هیچ سەرەداوێك دەستەنەکەوت‌و وەلامی پەیوەندیەکانی ئێرانیش نەیتوانی ئەوە ساغ بکاتەوە کە(هەواریان شایان) عێراقیە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلیمانی بەرێزەوە بردیانەوە بۆ سەرسنورو ڕەوانەی ولاتی ئێرانیان کردەوە.



# ئەنفال .

# ئەفسانەیەکی مێژوویی و واقیعێکی لەبیرنەکراو

زەمەن هەموو ئەو شتە کەڵەکە کراوانە لەتوێی لاپەڕە مێژووییەکان و قۆناغە جیاجیاکاندا هەڵگرتووە، ئەو قۆناغانەی کەزنجیرەیەك بوونە لەکێشمەکێش و ململانێ، رژێمە یەك لەدوای یەکەکانیش لەپێناو بەرژەوەندیە باڵاکانی خۆیان، مێژوویان پڕکردووە لەکارەسات و رووداوی ترسناك کەلەشێوەی ئەفسانە و چیرۆك نوسراونەتەوە و پێناسەکراون، بۆیە هەمیشە ماهیەتی ئینسانیان بەئەندازەیەك لەبریەك هەڵوەشاندۆتەوە کەلەتەواوی پیرۆزیەکانی جەستەیی و عەقڵی رووت کراوەتەوە، تائەو جێگەیەی کەشتەخەیاڵیەکان، وەکو رودوایێکی رابردووی واقیعی لەبەرچاوبگیرێ و بڕوای پێبکات، بەپێچەوانەشەوە واقیعی هێند تاڵ کراوەئەفسانە، رەنگە ئینسان لەنێوان بڕواپێکردن و رەتکردنەوەیدا، جێگەیەکی بۆ نەمێنێتەوە، ئەنفالی گەلان بەگشتی و ئەنفالکردنی کورد، ئەگەرچی بەواقیعی تەماشادەکرێت، بەڵام وێنەکان و دیمەنەکان و مێژوو و چیرۆکەکان ئەگەر بەفکر بخوێنرێتەوە، لەچیرۆکی نێو ئەفسانەکان نەبێت، لە شتێکی دیکە ناچێت، بۆیە من بۆ ئەم باسە، لەکۆمەڵێك پرسیارەوە دەستپێدەکەم.

داخۆ مرۆڤ لەکاتی خوێندنەوەی مێژوو کاتێك دەگاتە ڕاستایی کارەساتە نمونەییەکان، چی دەڵێ..؟ داخۆ کارەسات و روداوە ترسناکەکان، چ وەك ئەفسانە و چ وەك واقیع، جیاوازیەکانیان لەچی دایە؟.

داخۆ مێژوونووسەکان، وانەیەکی جیاوازیان پێداوین کەلەسەر بنچینەی چەوسانەوەی ئینسان بینا نەکرابێ، یان بەبیانوی جیاواز پەردەپۆشی نەکەن ؟.

داخۆ تاڵان کردن و وێرانکردنی زێد، سڕینەوەی ئاسەواری نەوەیەك، ئاسەواری هەموو کۆمەڵگەیەك بەهەموو دیاردەکانیەوە، نەخشەیەکی مۆدێرنە؟.



ئایا ئەو چیرۆکانەی کەدەیبیسین رەهەندێکی مێژوویيان هەیە؟. یان ئەفسانە کەئەندێشەیەکی تایبەتە و رەهەندی جیاواز و دوورتریان پێدەدات؟.

داخۆ ئەو ئەفسانانەی کەنوسراون و خوێندنەوەیان بۆکراوە، هەمان ئەو کارەساتە ترسناکانە نین کەرژێمی کۆنەپەرست و تۆتالیتارەکان ئەنجامیانداوە؟.

## مان و نەمان لەنێوان ئەفسانە و ئەنفال

لەئەفسانەکانی کۆندا، تورەبوونی سروشت کارەساتی خوڵقاندووە، زۆربەی زاناکان ئەوانەی کەلەبارەی مێژوو و نهێنیەکانی کۆنەوە قسەدەکەن، دەڵێن" ئەفسانە بەمێژووی رەگەزەکانی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە"، ئەوەی کەگومانیشی تێدانیە، بەپێی کۆی بیروڕا فەلسەفیەکان، ئەفسانە ئەو کارەساتانەیە کەکۆنینەکان بۆنەوەکانی دوای خۆیان گێڕاوەتەوە، چونکە هیچ مێژوویەك وەکو خۆی تۆمار نەکراوە و دەنگوباسەکانیش لەبارەی چارەنووسی ئینسانەوە ڕاستەوخۆ نەگەیشتووە و دەستاودەستی نەکردووە، فۆنك یەکێکە لەو بیرمەندانەی کەلێکۆڵینەوەیەکی زۆری بۆ ئەفسانە و مێژووی ئەفسانەکان کردووە، ئەو دەڵێ" زۆربەی ئەو ئەفسانانەی کەدەگێڕێتەوە یان نوسراونەتەوە، یان بیستومانن، رووداوێك دەگێڕنەوە کەباس لەسەردەمێکی کۆن دەکات کەروویانداوە، هەندێکیشیان ئەو روداوە گەردونییانەن کەلەتوانای ئێمەدانین شرۆڤەیان بۆبکەین" ١ لیڤی شتراوس وەکو رائیدی کۆمەڵناسی جەخت لەسەر بونیادێکی دوو لایەنە دەکاتەوە بۆئەفسانە، ئەو لەلایەك پاڵپشتی لەرووداوە بەسەرچووەکان دەکات کەلەساتێکی

زەمەنیدا روویانداوە، لەلایەکی تریشەوە ئاشکراکردنی رووداوەکان وەك هەقیقەت بەیان دەکا"٢، پێدەچێ ئەو بۆچوونانەی شتراوس لەوێوە سەچاوەیان گرتبێ کەئینسان لەمێژووی بەشەریدا یان بەچاوی خۆی زوڵم و ستەمی بینیبێ و کردبێتی بەئەفسانە، یان ئەوەتا دەسەڵاتی کارەساتە گەردونیەکانی نەبووبێ تاکو بەرانگاری ببێتەوە، بۆیە کردووی بەئەفسانە.

لێرەوە تێدەگەین ئەوئەفسانانەی کەبوونەتە بەشێك لەمێژوو، چونکە رووداوی سەرکوتکردنی فەرمانڕەواکان و هەقیقەتەکانی لەهەناوی خۆیدا حەشارداوە، کەواتە لایەنە مێژووییەکی سوودێکی گەورەی بەدەقەکان گەیاندووە، بەتایبەتی دەقە پیرۆزەکان کەسیستمە سیاسیە فەرمانڕەواییەکان شەرعیەتیان پێداوە، لەبەرئەوەی ئەو کارەساتانەی کەروویانداوە و بوونە بەئەفسانە، شێوەیەکن لەئەنفال، هەر لەبەرئەمەش ئەنفال چەمکێکی نوێ نیە لەمێژووی بەکۆمەڵ کوشتنی ئیسنان لەلایەن دەسەڵاتە دڕەندەکانەوە، بۆنمونە "کاتێك ئەنفالی یەهودیەکان وەك ئەفسانەیەك لەسەر زاری مێژوونوسانی عەرەبی و مەسعودی و د. ئیمام عەبدولفەتاح دەخوێنینەوە"٣، دەبینین کاتێك بابلیەکان ئۆرشەلیم داگیر دەکەن، کارەساتێکی بەشەری ترسناك دروست دەکەن، وەك چۆن دەوڵەتێکی وەکو عێراق بەهێزە فەرمانڕەواکانی، "ئاین بەبەشێك لەکەلەپوری خۆی دەزانێت، وەك فاکتەرێکی سەرەکی فۆرمێکی گرنگ لەبەرچاو دەگرێ، هەربۆیە گوتاری سیاسی خۆی هەرگیز بەجیا نازانێ، لەگەڵ گوتارە دینیەکەی کەرەسەنایەتی عەرەب تۆختردەکاتەوە"٤. لەلایەك بۆدژایەتی پێکردنی کەلەپوری نەتەوەکانی تر و سڕینەوەیان لەبەرامبەر خودپەرستیە، هەروەها لەژێر سایەی خۆیدا قەوارەیەکی سیاسی بخولقێنێ و نەتەوەکانی تر وەك ژێر دەست ببینێ لەلایەکی تر، ئەم دوولایەنە جەوهەریترین گوتاری سیاسی و فەرهەنگی حیزبی بەعس بوون، لەبەرئەوەی هۆکارێکن کەمانەوەی مسۆگەر دەکات، بەرگری کردنی بوو لەئاینی ئیسلام و مێژووی ئیسلام"٤ ئیدی بەئەفسانەکردنی ئەو روداوە ترسناکانە چەندین تێڕامانی بۆکراوە.

لەئەفسانەی بابلی و سۆمەری و ئێزیدیدا، "خواوەند توڕەدەبێ و لەرقی پیسبوونی دونیا، بەگوناهبارەکان دەڵێ خۆتان پاك بکەنەوە، دەنا بەتۆفانێك لەناوتان دەبەم، وەك ئەوەی کەلەدەقی تەوراتدا هاتووە و دووپاتی دەکاتەوە، لەوڵاتی کوردستان شوێنی کۆتایی پێهاتنی ئەو کارەساتە ترسناکە بووە و کەشتیەکی زێوسۆدرا و ئۆتۆناپشیم و ئەتراحەناسیس و نوح، لەسەر چیای ئارارات، یان لەسەر لوتکەی جودی نزیك بەشاری زاخۆ لەنگەری گرتووە"٥

ئەنفالیش ئەو تۆفانە ئەفسانەییە کەشتیەکەی لەکوردستانەوە دەستیپێکردولەعەرعەرلەنگەری گرت، پێشتر قورئان وەك ئاینێکی بەشمشێرچەسپاوبەسەرنەتەوە غەیرە عەرەبەکان، یان وەك ئیدیۆلۆژیایەکی چەسپاو شەرعیەتیان بەئەفسانەکردنی چارەنووسەکانی ئینسان داوە، بۆیە سەدام و سیستمی بەعس، خراپ کەڵکیان لەو دەقە وەرگرت کەناوی ئەنفالە، ئەم لەکاتیچکدایە کەنمونە ئەنفال، لەمێژە بەسەر نەتەوە و ئاینە کەمینە و ژێردەستەکان ئەزموون دەکرێت، دەرەنجام سەدام و سیستمەکەی دەیهەوێ وەکو نمونەیەکی خودایی لەبەرامبەر نەتەوەیەکی یاخی، توڕە دەبێت و سەرەتا بەکورد دەڵێ خۆتان پاك بکەنەوە و شەرعیەت بە سیستمەکەم بدەن، ئەگەرنا خۆتان و کولتوور و زمانتان دەسڕمەوە. بۆیە ئەو کارەساتەی لەپەراوێزی ئەو دەقە خولقان کە لەئەفسانە نەبێ لەهیچ شتێکی تر ناچێ.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ گرێی بدەم بەیەکەوە، هەقیقەت و ئەفسانەیە، چونکە بەبڕوای من زۆربەی ئەو ئەفسانانەی کەهەن و لەرووی ئەکادیمیاوە کراون بەمادەیەکی کۆمەڵناسی، یاخود ئەدەبی، رۆژێك لەرۆژان واقیعبوون نەك ئەفسانە، بەوپێیەی کەبیرکردنەوە لەبابەتەکە یەك سەرچاوەیان هەیە، ئەویش سەرچاوەی ئاینیە، سابا هەر ئاینێك بێت، پرسیارەکە لەوێوە دەستپێدەکات، بۆچی ئەفسانە و ئاین پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە لەنێوان نەریتە پیرۆزەکان و ئامرازەکانی روخاندن و سڕینەوەی کۆمەڵگەیەك، لەبەرامبەریشدا بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی تر، لەسورەتی ئەنفال ئایەتی ٣١ دەڵێ" واد تتلی علیهم ایاتنا قالوا قد سمعنا لونشا لقلنا لمپل هدا، ان هدا الا الاساگیر الاولین" ئەمە بەو مانایەدێت کەدەڵێ (ئەگەر ئایەتەکانی ئێمەیان

خوێندەوە دەڵێن گوێمان لێبووە ئەگەر حەزبکەین شتی واش دەڵێین ئەوە ئەفسانەی پێشووە)، بەبڕوای من لێرە وادەردەکەوێ زۆربەی ئەو کارەساتانە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەربوون، بۆیە ئەفسانە بەر لەئێستا وەك شتێکی ڕاستەقینە و ڕووداوێکی بەسەرچوو بینراوە، هەمیشە دەوری کاریگەری هەبووە لەبەرامبەر گوتارە دینیەکان، بەڵام ئەمجارەیان کەئەنفال وەك ئەفسانە ناخوێنرێتەوە، چونکە ئەوەی شاهێد حاڵەکانیش لەحیکاتەکاندا دەیگێڕنەوە، هێند سەرسوڕهێنەرە، هەم لەروخساردا چەندین خاڵی لێکچوویان هەیە، بۆ نمونە ئەو شتانەی کەلەدەرەوەی عەقڵ و لۆژیکدان، بێ بەزەییانە مرۆڤ و دار و بەرد و ئاژەڵ پێکەوە قڕەکرێن، ئەمە ئەگەر تۆفان و ئەفسانە نەبێت، بەهیچ ڕووداوێك ناشوبهێنرێت، تەنها ئەوەندە نەبێ کەلەئەفسانەدا سروشت تورە دەبێت، بەڵام لەئەنفالدا کەسێك خۆی دەکات بەخوا و تورەدەبێت و دەیەوێ لەسەر هەمان تۆری ئیسلامی و بابلی کاربکات، دەیهەوێ مێژوو بۆجاری دووەم دوبارە بکاتەوە.

وارین ویلتن ئەفسانە ناسێکە، پێی وایە کەئەفسانە حیکایەتێکی ناعەقلانییە و مانای چیرۆکی ون (قصە المجهولە) ی لەخۆ گرتووە، وەختێك باس لەرەسەنایەتی و چارەنووسەکان دەکات، ئەم شیکردنەوەیەش کۆمەڵگە بۆ وەچەکانی خۆی دەیگێڕێتەوە، یاخود بۆهۆکارەکانی بونی جیهان دەگەڕێتەوە، یان دەڵێ "دونیا کەشتیەکە لەچیرۆك، هەندێکیان ڕاستن و هەندێکیشیان خەیاڵ" ٦ . کەواتە ئەنفالیش وەك پرۆسەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو دژی بەشەری، بۆیە چەندین چیرۆکی ونی لەخۆ گرتووە کەپاشماوەی ئەنفالەکان بەپچڕپچڕی دەیگێڕنەوە، یان ئەو چیرۆکانەی کەتەواونابن، لەکاتێکدا ئەنفالکراوێك دەیگێڕێتەوە، چونکە یەك دیمەن و یەك فەزایان نیە کەپاڵەوانێك یان حیکایەتخوانێك بتوانێ تەواوی کارەساتەکە بخوێنێتەوە.

### خاڵی هاوبەشی ئەفسانە و واقیع

هەڵبەت ئەنفالکراوەکانیش دوو بەشن، یەکێکیان ون و ئەویتر زیندوو، ئەوانەی وەك جەستە نەماون چیرۆکێکی ونە و حیکایەتخوان بەناوی ئەوانەوە قسە بکات، دەچێتە خانەی ئەفسانەوە، ئەوانەش کەماون بەشێکی کەمی ئەو چیرۆکانەیە کەئەفسانەکە پێکدەهێنێ، زۆر دوور نیە دوای چەند سەدەیەك جیهان بگۆڕێ و مێژوونوسان و ئەفسانەناسان، ئەم کارەساتە بکەنە ئەفسانەیەك و هیچی تر، یاخود وەك ئەفسانەیەك تەماشای بکەن و شرۆڤەی بکەن.

وارین ویلیل پێی وایە ئەفسانە لەچوارچێوەی حیکایەتی سەیروسەمەرەدایە"٧. بەپێچەوانەوە ئەو کەسەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە واقیعێکی بەچاوی خۆی بینیوە، یان لەهەندێ شوێن خۆی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، ئیدی هەر لەبارەی ئەنفالەوە کەلەشێوەی ئەفسانەدا خۆی دەنوێنێ، دەتوانین نمونەی ئەفسانەی بابلی بهێنینەوە، ئەو دوو کارەساتە لەروخساردا خاڵی لێکچونیان هەیە، "لەئەفسانەی بابلیدا پاش ئەوەی تۆفانەکە رویدا، بێبارانی و وشکە ساڵی روویدا، مەمکی دایکان وشك بوون و منداڵەکان توشی نەخۆشی (ئەماکۆ) بوون" ٨ . بەهەمان شێوە لەئەنفالدا بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی خەڵکی پاشماوەی ئەنفال، توشی نەخۆشی لەدەستدانی هەست بوون، دایکان نەیانتوانی شیر بەمنداڵەکانیان بدەن، خەڵك لەفەزای نیشتەجێبوونیان بەدوای فەزایەکی دیکەدا دەگەڕان کەلەخەیاڵدانی ئەواندا تۆمار کراوە، بۆیە ئەگەر بەجەستەش نەبێ، بەرۆح دەمردن، هەروەها کێڵگەکان بێخاوەن و بێ بەروبووم مانەوە و سوتێنران، خەڵکەکەشی ئەوانەی بەرکیمیاوی کەوتن، کوێربوون، یاخود کەمئەندامبوون و لەبەر بێدەرامەتی لەجادەی شارەکاندا دەسوڕانەوە، کەواتە ئەنفال روخسارێکی ئەفسانەیی هەیە کەلەشەڕ واوەتر دەچێ، هیچ روخسارێکی تر وەرناگرێ کەلەدژی بونیادەکانی ئەو کۆمەڵگەیە درا، چونکە هەوڵەکە هەوڵێکی نوێ بوو کەلەدوای جەنگی جهانی دووەم و دەرچوونی جاری گەردونی مافی مرۆڤ، دەسەڵاتێك دەوڵەتێکی وەها سەرکەوتکەر نەمابوو بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەیەك بکات، ئەم دیاردەیە وەك دیاردەیەکی مێژوویی خۆی دەنوێنێ، بۆیە لەئەفسانە نەبێ، لەهیچ شتێکی تر ناچێت، چونکە ئەنفال ئەوەندە دیمەن و یادەوەری و چیرۆکی لەخۆ گرتووە، لەشێوەی سیناریۆ تفت و تاڵ و جەرگبڕەکان بەولاوە هیچی تر نیە، ئەمە تەنها لەدەقێکی ئەفسانەییدا جێگەی دەبێتەوە، بۆنمونە لەئەفسانەدا سەرجەم مرۆڤ و ئاژەڵ و سروشت لەگەڵ یەکتر

بەکارەساتێك تێدەچن، بەهەمان پرۆسە ئەو خەڵکەی دەکەونە نێو پرۆسەی ئەنفال تێدەچن.

**ئەنفال. ئەفسانە . ئاین**

ئەوەی لەپەیوەند بەئەفسانە و ئاینەوە هەیە، چیرۆك بەشێکی زۆر لەپانتاییەکانی داگیر دەکات، ئەوەی کەئەفسانەی نوحە و تۆفان

ژمارەیەکی زۆر لەلێکۆڵەرەوان و بیرمەندانی فەلسەفی تێبینیان کردووە، پەیوەندییەکی ئامادەگی لەنێوان شتەپیرۆزەکان و بینای کۆمەڵایەتی هەیە، دیارترینیان (فۆندن و دورکهایم و هیوبرت و کراولیە) ئەوان پێیان وایە ئەفسانە لەکۆمەڵگەی سەرەتایی، تەنها حیکایەت گوتنەوە نەبووە، بەڵکو هەموو ئەو چیرۆکانە ڕاستیەکە و رۆژێك لەرۆژان ئینسان تێیدا ژیاوە" ٩ ئەو تێبینیانە ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کەئەگەر نەمانتوانی بۆئەفسانەکان دیکۆمێنتمان دەستکەوێ، تاکو بیسەلێنن تەواوی چیرۆکەکان ڕاستن، ئەوا دەتوانین ئەو چیرۆکانە وەکو دیکۆمێنێت بەکاربهێنین، بۆنمونە ئەنفالکردنی یەهودیەکان لەلایەن بابلیەکانەوە، یان مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و لەدوای چەندین سەدە کەنازیەکان جارێکی تر لەئەڵمان یەهودیەکان ئەنفال دەکەنەوە، یان ئەوەی کەئیسلام کردی لەدژی بێباوەڕ وکافرەکان، یان ئەوەی کەتورکەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمبراتۆریەتی عوسمانیەکان، ئەرمەنەکان ئەنفال دەکەن کەئێستا بەجینۆساید لەقەڵەم دەردرێت، باشترین بەڵگەی ئەوەن کەئەفسانە کۆنەکان، ڕاستیەکن وەکو ئەو جۆرە ئەنفالەی کەمێژوو نەیتوانی بەسەریدا تێپەڕێ و بیکات بەئەفسانە. بەڵام ئەوەی لێرەدا هاوکاریمان دەکات، ئەوەیە کەهەرچی دیمەن و چیرۆکی نێو ئەفسانەکانە، دروست لەو چیرۆك و دیمەنە ئاینیانە دەچن کەلەئەنفالەکاندا هەبووە.

بۆئەوەی لەئەنفالی ئیسلامەوە دەستپێبکەم، ئەو پرسیارە دەوروژێنم، ئایا بۆچی ئیسلام ناوی لەو پرۆسەیە ناوە ئەنفال، لەحاڵێکدا ئیسلام زۆر پرۆسەی پاکتاوی تری کردووە، کەچی ناوی لێنەناوە ئەنفال و ناوی جیاجیان هەیە، ئایا ئەمە فەرمانی خودا بووە و ئینسان جێبەجێی کردووە، یان بیرۆکەکە یاخیبوون بووە کەماناکەی گۆڕیوە، چونکە نەفرەت وشەی نەفرەت لەو دەقانەدا هاتووە، بۆیە نەفرەت تەنها لەئەنجامی یاخیگەرێتیدا بەکاردێت بەرامبەر بەکۆمەڵگەیەك یان نەتەوەیەك کەلەدەسەڵات یاخی دەبێ، بەو مانایەش بێت ئەنفالی یەهودی و ئەنفالی کورد، ئەگەر مێژووی سەدەیەکی نزیك لەئێستا نەبایە، یان کارەساتەکە لێکچوونی تێدانەبوایە، زۆردوور نەبوو بکرێ بەئەفسانە، هەر ئەوەی کەوڵاتانی عەرەبی و جیهانی لەکاتی خۆیدا، واتە ساڵی ١٩٨٨ هیچیان لەبارەیەوە نەگوت، چونکە ئەو چیرۆکانەی کەوەکو دیکۆمێنت دەگێڕدرانەوە لەلایەی ئەوروپا و دونیای عەرەبی بەئەفسانە تەماشا دەکرا، گوایە کورد کارەساتێکی ئەفسوناوی بۆخۆی خولقاندووە، تاکو قەناعەت بەرای گشتی نێودەوڵەتی بهێنن و چارەسەری کێشە سیاسیەکانی خۆیان بکەن.

بۆئەوەی واقیع وئەفسانە بەراورد بکەین، دەبێ گومان لەمێژووبکەین، ئەومێژووەی کەبەئاڕاستەی بیرکردنەوەی دەسەڵات نوسراوەتەوە، لیڤی شتراوس دەڵێ" هیچ ئەفسانەیەك ناتوانێ ببێتە سەرچاوەی ئەفسانەیەکی تر، لەمبارەیەوە دەکرێ هەرئەفسانەیەك هەڵبژێرین و ببێتە نمونەیەك بۆ کۆمەڵێك، بەوپێیەی کەخاڵی دەستپێکە بۆ مێژوو"١٠ کەواتە هەموو ئەو روداوە ترسناکانەی کەروویانداوە، رەهەندە زەمەنیەکەیە کەدەیکات بەئەفسانە، لەبەرئەوەی عەقڵ وبیرکردنەوە، ئەووێنە ترسناکانە قەبوڵ ناکات، تەنها شتێك نەبێ کەخەیاڵە، ئەوخەیاڵەی کە مێژوونووسەکان بەپێی ئیدیۆلۆژیا دەینووسنەوە..

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**


١: رحلة الى الفردوس والجحيم فى الاساطير العراق القديم. تاليف وداد جورانى. ١٩٩٨ ل ١٠٢

٢: هەردوو مێژوونووسان د. امام عبدالفتاح و مسعودی . لەمبارەیەوە زۆر لەلایەنە شاراوەکانی مێژووی ئەفسانەیان ئاشکرا کردووە و بەکارەساتی واقیعی دەناسن کەلەلایەن رژێم و ئیمبراتۆرەکانەوە ئەنجام دراوە

٣: کۆمەڵگە لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا. فوئاد مەجید میسری. ساڵی ١٩٩٦ ل٩

٤: هەمان سەرچاوەی ل١٣

٥: ئـــاینی ئێزیـــدی لـــەنێوان چـــەند جەمســـەری و بـــڕوای یەکتاپەرستی. د. نەجم ئەڵوەنی. هەولێر ١٩٩٩

٦: رحلـــە الی فـــردوس و الجحـــیم فـــی الاســـاطیر القـــدیم. د. وداد جۆرانی. بغداد ١٩٩٨

٧: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١

٨: ئەفســـــانەی تۆفـــــانی ســـــۆمەری، لێکۆڵینەوەیـــــەکی مێـــژووی بەراوردکارییـــە، لێـــرەدا ئەفسانەی تۆفـــانی بـــابلی کەلەئەفســـــانەی تۆفـــانی ئەتراخاســـیس ووە هـــــاتووە، ئـــەوە دەردەخـــات کەئـــەو کارەســـاتە بـــۆ پێشـــەکی و لـــەناکاودا ڕوویێنـــەداوە، بـــەڵکو ئانلیـــل دوجـــار هەوڵیـــداوە جـــارێ بـــەناردنی برســـێتی و جـــارێکیش بەنەخۆشـــی تـــاعون لـــەم خراپـــە کارییـــەی تێبکـــەوتوون ئاگاردار یـــان بکاتەوە.

٩: رحلـــة الی فـــردوس و الجحـــیم فـــی الاســـاطیر العـــراق القدیم. د. وداد جورانی جامعة بغداد ١٩٩٨

١٠: گۆڤـــاری رەهەنـــد ژمـــارە ٧ مەلـــەفی تایبـــەت بەئـــەنفال و جینۆساید.

١١: الاســـاطیر و التـــاریخ د. امـــام عبـــدالفتاح، دەڵـــێ کاتێـــك بابلیـــەکان یەهودیـــەکان ئـــەنفال دەکـــەن، ئۆرشـــەلیم داگـــیر دەکـــەن، پاشـــان هەرچـــی ژنـــی جـــوان هەیـــە هەڵیدەبـــژێرن و هـــەڕاجیان دەکـــەن لـــەبازاڕەکانی کۆیلـــە فرۆشـــتنی ئەوکاتە.

## هونەرمەند یێك لەخەمی ئەنفالدا

**هونەرمەنـــد عـــەدنان وەهـــاب لـــەدایکبوی ســـــالی ١٩٥٩ی شـــــا ری (خورمـــــاتوو) سالی١٩٧٥دەستیداوەتە کاری هونەری.**

**ســـالی١٩٨٦یەکـــەمین پیشـــانگای شـــیوەکاری لـــە هـــۆڵی (ئەیوبیـــە) ی شـــاری (هـــەولێر) کردۆتـــەوە.بەشـــداری چـــەندین پیشـــانگای هاوبەشـــی کـــردووە ســـالی ١٩٩٤بـــەهۆی کاری سیاسی لەمامۆستایی دەرکراوە.**

**ســـالی٢٠٠٠چـــوٚتە ولاتـــی (نەرویـــژ) ودرێـــژەی بـــەکاری هونـــەری داوەو لەســـــالەکانی٢٠٠٢-٢٠١٠چـــــەند پێشـــانگای شـــێوەکاری کردووەتـــەوەو لـــە پیشانگای هاوبەشیان کردۆتەوە.**

**گـــەل (٣) هونەرمەنـــــدی (نەرویـــــژ)ی**



**هونەرمەند عەدنان وەهاب**



لــــەولاتی (نەرویـــــژ) بەشـــــداری (فیســــــتیفالی هونـــــەری گـــــەلان)ی کـــــردووە، تــــاوانی تــــەعریبکردنی شـــاری (کـــەرکوك) وتــــاوانی ئــــەنفال وکیمیابــــارانی هەڵەبجــــەی بـــەزمانی نەرویژی خستۆتەرو.

ســـــالی٢٠١١ گەڕاوەتـــــەوە کوردســـــــتان و لــــەیادەکانی تـــــاوانی ئەنفالـــــدا چــــەندین پێشـــــــانگای شـــــێوەکاری لەشــــــارەکاندا کردووەتــــەوە هونەرمەنـــد زیـــاتر گرنگـــی بـــە تــــاوانی ئـــەنفال دەدات چـــونکە پێـــی وایـــە کـــە ئـــەنفال تـــاوانێکی گەورەیـــە دەرهـــەق میللەتەکـــــــەی هـــــــــەرخوێنی قوربانیـــەکانیش بـــوو کوردســــــتانیان گەیانـــدە ئـــەم ئاســـتەی ئیســـتا، رۆژیکـــــیش دیـــــت هەربــــــەخوینی قوربانیــــــــــانی ئـــــــــەنفال وهەلەبجەوشــــەهیدان دەبینـــــە خــــاوەنی ولاتیکی سەربەخۆ

هونەرمەنـــــد هیـــــوای دادگـــــاییکردنی ســــەجەم ئەنجامــــــدەرانی ئەوتاوانــــەی ئــــەنفال دەخوازێــــت هــــەروەك دەڵێـــت "مـــن وەکـــو هونەرمەنـــدیك پیشـــنیار دەکـــەم کـــەکاری زیـــاتر بـــۆ کەســـوکاری قوربانیـــانی ئـــەنفال بکریـــت چـــونکە بەڕاســـتی ئـــەوان جیـــاوازن وکاریگـــەری ئەوتاوانــــــە گەورەیــــــە بەئاســــــانی لەهزریانـــدا ســـاریژ نابیـــت. چـــەند خالێکی هونەرمەند بۆخستنە روو:

١. دروســـــــــــــتکردنی پەیکـــــەرومونومینت بۆئـــــەنفال لـــــە ســــــەرجەم شــــارو شارۆچـــکەکان بــــە تایبــــەت ناوچەکانی گەرمیان.

٢. ئەنجامـــــدانی فیســـــتیفالی تایبـــەت بـــۆ یـــادی ئــــەنفال و لـــە یادکردنــــەوەی ئەنفالدا ئالای رەش هەڵبکرێت.

٣. ســـالانە پیشـــانگای شـــێوەکاری تایبـــەت و هاوبـــەش لـــە ولاتانـــدا. تایبـــــــەت بۆئـــــــەنفال بکریـــــت وســـــــــەرجەم هونەرمەنـــــــدانی کوردســـــــــتان بەشـــــــــداربن لەوپێشـــانگایەدا باشـــترین تابلۆیـــان ببرێتە دەرەوی ولات.



## جەلال ئەحمەد گۆپتەپەی شەهیدان :

# جامعەی عەرەبی بۆتەنیا جارێكو بۆ دەقیقەیەك باسی ئەم تاوانەی نەكرد

**دیداری هێمن عەبدوڵا**



دانیشتووی گوندی گۆپتەپەی شەهیدان لەدایكبوی ساڵی ١٩٦٦ ە دەمەو عەسرێك پێكەوە دانیشتینو بەوردەكارییەكی زۆرەوە بەڵام بەخەمێكی گەورەوە تاوانی كیمیابارانكردنوئەنفالی گوندەكەیانو ناوچەكەیانی بۆ گێراینەوە، جەلال پاشئەوەی هەناسەیەكی ساردی هەڵكێشا بەم شێوەیە دەستی بەقسەكرد:

ئەنفالی ناوچەكەی ئێمە دوای ئەنفالی یەكو دووو سێی دۆڵی جافایەتیو قەرەداغو گەرمیان بوو، ئێمە كەوتینە ناو پرۆسەی ئەنفالی چوارەمەوە، لەبەرواری ٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ گوندەكەی ئێمە گۆپتەپە كەوتە بەرپەلاماری كیمیاوی لەرێگەی دوو پۆل فرۆكەی سیخۆوە، ئەوەش یەكەمین دەستپێكردنی ئەنفالی چواربوو، رژێمی بەعس كە بەچەكی كیمیاوی لەهەردوو گوندی عەسكەرو گۆپتەپەیدا بۆ ئەوەبوو خەڵكی ناوچەكە چاوترسێن بێنو ئاسانتر خۆیان بەدەستەوە بدەن. واتا لێدانی ئەو دوو گوندە هەم لەبەرئەوە بوو قەرەبالغتربوونو بەرچاوتربوون، هەم لەبەرئەوەش بوو حكومەت دەمێك بوو لێوی لێدەكرۆشتن. لەرووی جوگرافییەوە گوندێكی گەورەبوو.

كە بۆمبارانەكە زۆر بەپلان كرا، فرۆكەكان گوندەكەیان كردبووە دووبەشەوە بۆئەوەی ئاراستەی با بتوانێ كاری خۆی بكاتو كاریگەری كیمیاویەكە بتوانێ خەلكی زیاتر بكوژێ بەراستی ئامانجیشی پێكا چونكە ئاراستەی با لە رۆژهەڵاتەوە رووەو رۆژئاوا لەجوڵەدابوو، هەربۆیە زۆربەی ئەوكەسانەی لەم گوندەدا بەگازی كیمیاوی شەهیدبوون ئەكەسانەبوون كە كەوتبونە بەشی رۆژهەڵاتی گوندەكەوەو لەوێ شەهیدبوون، دیارە بینی ئەو تاوانە تەواو نابێت، هەرگیز كەس ناتوانێ وەكوخۆی بیگێرێتەوە، گەرانەوە بۆناو دیمەنەكانی ئەو تاوانە مەحاڵە بتوانین وێنەیەكی تەواوی بۆ بكێشین.

**سەبارەت بەژمارەی قوربانیەكانی ئەم گوندە هیچ ئامارێكی دەقیق هەیە..؟**

ئامار هەیە بەڵام هەرگیز دەقیق نیە، ئامارەكە ٢٥٠ شەهید باس دەكات، بێجگەلەوانەی بەرپەلاماری ئەنفال كەوتوون، ئەوانەی كە ئێستا ناشتوامانەوە ١٠٦ شەهیدە ئەوانەش لەوكەسانەبوون كە لێرەولەوێ هەرلەشوێنی خۆیان خۆلیان بەسەرداكرابوو، چونكە رەنگە بریندارمان هەبووبێ رایكردبێ بۆدەمزێو لەوێ ئاوبردبێتی یان بەرەو ئەو چۆڵەوانیە رۆیشتبێو تەرمەكەی كەوتبێتەلاشێویكەوەو بارانو لافاو بەسەریدا رۆیشتبێو وونی كردبێ،

نەدۆزرابێتەوە، برینداربووبێ و ئەنفالکرابێ لەبەرئەوە زەحمەتە بتوانین ژمارەی تەواوی ئەو کەسانەی لێرە شەهیدبوون بزانرێ چونکە گۆپتەپە خەڵکی تریشی تێدا دەژیا. پاشان خۆ ئێمە فریای ناشتن و سەرژمێری نەکەوتین هەتا بزانین کێ ماوەو کێ شەهیدبووە، بەیانی زوو پەلاماری ئەنفال گەیشتەسەرمان، واتە رۆژی ١٩٨٨/٥/٤ هێرشی زەمینی جاش و جەیش گەیشتەسەرمان.

**پێش روخانی رژێمی بەعس خەڵکانێك هەبوون، چاوەراونی ئەوەیان دەکرد ئەنفالکراوەکانیان منداڵەکانیان رۆژێك بێت بگەرێنەوە بەڵام، نەیاندەزانی تەرمەکانیان هەرلەگوندەکەی خۆیاندایە...؟**

بە دڵنیاییەوە وابوو، من بۆخۆم تاروخانی رژێمیش هەرچاوەروانی ئەوەبووم کە رۆژێك دێت کەسوکارەکەم دێنەوە، بەڵام هەرگیز وانەبوو، رژێمێك ئەوەندە زاڵم بوو منداڵی کۆرپەی ٤مانگ و ١٢ ساڵ و پیروپەکەوتەو گەنجی هەمووی بەژێر خۆڵەوە کردبوو، قسەکەی تۆ راستە رەنگە ئێستا لەبن ئەم خانووەی ئێمە کەلێی دانیشتووین تەرمی شەهیدهەبێ و وابزانین ئەنفالەو تەرمەکەی لەبیابانە، ئەگەر پشکنینی وردی بۆبکرێت ئێستاش بڕوام وایە کەتەرمی زۆری تێدایە، چونکە لەدوای ئاوەدانکردنەوەی گۆپتەپەن چەندین جار لەکاتی خانوودروستکردنەوەدا تەرمان دۆزیوەتەوە، لەحەوزی مزگەوتەکەدا تەرمی ٩ هاولاتی ئەم گوندەمان دۆزییەوە، من بۆخۆم تا ئێستا تەرمی ٦ قوربانی ئەوتاوانەم دۆزیوەتەوە، ئەوانەی پێشتر لە حەوزی لەمزگەوتەکە دۆزرانەوە٩ کەس بوون، دوای ٦ ساڵ من سێ تەرمی ترم دۆزییەوە کە بەهەمووی بوون بە ١١ تەرمی دۆزراوە لەو حەوزەدا، ئەوانە چووبوون لەحەزی مزگەوت خۆیان لەکیمیاوی بپارێزن بەڵام بۆیان بوو بە گۆرستانێ بۆیە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە، بە وردی بزانین چەند کەس لەم گوندەدا شەهید بووەو چەندی ئەنفالکراوەو چەندی لەبن داروپەردوی گۆپتەپە ماوەو چەندی براون لەبیابان کوژرراون و چەندیش لێرەولەوێ لەدەمزێ و ئاوبردونی یان لە شیودۆڵدا بەربرینداری مردون وگۆربزربوون.

بەڵام ئەوەی ئێستا ئێمەی نیگەرانکردووە، ئەوەیە کە دەسەڵاتی خۆمان هەموو ساڵێك برینمان دەکولێننەوەو بەناوی یادەوە پێمان دەفرۆشنەوە، کەچی کارناکەن بۆئەوەی تەرمی کەسوکارەکانمان لە بیابانەوە بۆ بهێننەوە، بابێن بەیەکجار ئێسك و روفاتی کەسوکارەکانمان بۆ بهێننەوەو لە گۆرستانێکدا بیانێژنەوە، ئەوکاتە خۆ ئەگەر نەشزانم کامەتەرمی کەسوکارەکەمە خۆ ئاسودە دەبم کە چومە سەر ئەو گۆرستانە چونکە دەزانم ئەوە گۆرستانەکەیانە .

**مەبەستت ئەوەیە یادی ئەنفال نەکرێتەوە؟**

بابکرێتەوە بەڵام رۆژێك دبنرێت بۆ یادی سەراسەری نەك هەر رۆژەی لە گوندێك بکرێتەوە رۆژێك دابنێن بۆ یادی کیمیاباران باهەمووومان پێوەی پابەندبین. لەورۆژەدا یادی کیمیابارانی کوردستان بکرێتەوە، نەك رۆژێك هەڵەبجەی شەهیدو

رۆژێـــك گۆپتەپـــەو عەســـكەرو رۆژێـــك سێوســـێنانی شـــەهیدو رۆژێـــك بالیســـانی شـــەهیدو رۆژێـــك جێگایـــەکی تـــر. ئەمـــەش خۆی لەخۆیدا تراژیدیایە.

لەگۆپتەپـــە چـــەند مالێـــك هـــەن، هـــەرهیچ کەســـیان دەرنەچـــووە، باســـی ٢٤ مـــال دەکـــەن هـــەرهیچ کەســـیان دەرنەچـــووە، یـــان هەندێك ماڵ هەیە دەڵێن نزیکەی ٦٠

بـــەڵێ نمونـــەی ئاوامـــان زۆرە بۆنمونـــە مـــاڵی حـــاجی حســـێن ١١ ســـەرخێزان بـــوون، ١٠ کەســـیان شـــەهیدبوون یـــەك تاکـــە کەســـیان دەرچـــوو، ئـــەویش مـــرد ئێســـتا کەســـیان نـــەماوە، ئـــەو مالـــە دراوســـێیەی تریشـــمان ١٣ ســـەرخێزان بـــوون یـــەك تاکـــە کەســـیان دەرنەچـــوو، مـــاڵی خۆشمـــان ١١ ســـەرخێزان بـــووین، تـــەنها خـــۆم مـــاوم دایکـــمو باوکیشـــم لـــە نوگرەســـەلمان گەڕانـــەوە ئـــەوانیش هـــەر تۆزێـــك چـــەرمیان پێـــوە مـــابوو. دایکیشـــم مـــرد ئێســـتا بـــەس خـــۆمو بـــاوکم مـــاوین، تاوانێـــك کـــەلێرە کـــراوە زۆر گەورەیـــە مـــن رێـــزم هەیـــە بـــۆ هەلەبجـــەو قوربانیـــەکانی هەلەبجـــە شـــاربوو، بۆیـــە شـــەهیدیان زۆرە، دەنـــا لـــەم گونـــدە ١٥٠٠ کـــەس دەژیـــا، دەنـــا ئەگـــەر زۆرتربوایـــە خـــەلکی زۆرتـــری تێـــدا شەهید دەبوو.

تـــۆ داوات چـــیە لـــە حکومـــەتو لـــە رێکخراوەکـــانی کۆمەڵگـــەی مـــەدەنی. چ کارێـــك بکـــەن بـــۆ بەجینۆسایدناســـاندنی ئـــەم تاوانە .

مـــــن داوام لـــــە رێکخراوەکـــــانی نەتەوەیـــەکگرتووەکان، لـــەمافی مرۆڤـــی جیهـــانی، هەقوایـــە ئێســـتا بـــێن قـــەرەبووی ئـــەو بێدەنگیـــەیان بدەنـــەوە، ئایـــا تاکـــەی دنیـــا لەئاســـت ئـــەم تاوانـــە بێدەنگـــە، میللـــەتێك ١٨٢ هـــەزار کەســـی لـــێ بکـــوژرێ ئـــەوە جینۆســـاید نیـــە ئـــەوە قرکردنـــی میللـــەتێك نیـــە؟ بۆئەوانـــەی لـــە ئۆردوگـــای زۆرەملـــێ بـــووین کـــەس هـــەبوو، بەتـــەمای ژیـــانی خـــۆی بێـــت..؟ ئیمـــە ئـــەو کاتـــەش چـــاوەروانی مـــەرگ بـــوون، تاکـــەی بێـــدەنگی، داوام لەجامیعـــەی عـــەرەبی هەیـــە، جامعـــەی عـــەرەبی بۆتـــەنیا جارێـــكو بـــۆ دەقیقەیـــەك باســـی ئـــەم تاوانـــەی نـــەکرد، بـــەهیوام جیهـــان لـــەم تاوانـــە بێـــدەنگ نـــەبێ بۆئـــەوەی کەســـوکاری ئـــەنفال هەســـتنەوە یـــەرپێیو درێژە بەژیانی ئاسایی خۆیان بدەن.

**لـــەم گونـــدەدا دەســـتەیەك دروســـت بـــووە، بـــەناوی دەســـتەی ناســـاندنو بوژاندنـــەوەی گۆپتەپـــە، بـــەو هـــەوڵوتوانا کەمـــەی کـــە خۆیـــان هەیانـــە هەوڵـــدەدەن بـــۆ ناســـاندنی تاوانی کیمیابارانکردنی گۆپتپە؟**

مـــن بـــەش بـــەحاڵی خـــۆم دەســـتیان دەگوشـــم خۆشـــحاڵم پێیـــان، شـــادمانم بـــەو کۆمەڵـــە گەنجـــە رۆشـــنبیرە کـــە هاتوونەتـــە مەیـــدان، ماندونەناســـانەو بـــێ دەســـتگیرۆیی شـــانیان داوەتـــە بـــەر ئـــەو ئەرکـــە پـــیرۆزە، هـــەرهیچ نـــەبێ ئاســـودەیمان پێدەبەخشـــن، ئـــەوە مایـــەی دڵخۆشـــیو دەستخۆشـــیە، کـــە هەوڵـــــــدەدەن بـــــــۆ ناســـــــاندنی ئـــــەنفالوکیمیابارانی گۆپەتـــــەو ناوچـــــەی قەلاســـێوکە، بـــەهیوام گـــوێ بەهەنـــدێك تـــوانجو قســـەنەدەن، بەســـەربەخۆیی کـــاری خۆیـــان بکـــەن چـــونکە هەرچـــۆنێك بێـــت ئـــەو گەنجانـــــە گـــــەورەترو بەهیمـــــەتترنو کەسایەتیشـــــیان مـــــاقولترە لەوانـــــەی کارەکەیان بەهەند ناگرن.

**ئەوکاروچـــــالاکیانەی کـــــە پـــــێش دروســـتبوونی ئـــەمانو دوای دروســـت بـــونی ئـــــەم دەســـــتەیە تاچـــــەند دۆســـێی کیمیابـــارانی گۆپتەپـــەو ناســـاندنی چـــووەتە**

پێشەوە. چۆن هەست بەجیاوازی دەکەیت.؟

بێگومان هەستی پێدەکەین، چونکە بەپێی واقعی ئێستا جیاوازە لە گەڵ ١٠ ساڵی رابوردوو، هەم لەروی راگەیاندنو ناساندنیشەوە، ئەم دەستیە هەنگاوی باشیان ناوە بەوەی لەرێگەی هەندێك راگەیانەوە کەلەسەر ئەم گوندەنوسراوە جێگە دەستیان دیارە هیوادارم بەرەوپێشتریش برۆن.



جەبار خەڵکی گوندی خانە هاوسەرەکەیو منداڵەکانی لە پەلاماری سێی ئەنفالدا گیرانو جارێکی تر نەبینرانەوە

## هەستێك بۆ ئەنفالستان

نەوزاد شێردڵ

کاکە – عومەر – ی ئازیز، سڵاولەخۆت و،حەرف حەرفی گۆڤارەکەت – گۆڤارەکەمان – .. (( ئەنفالستان )) ی ، – زام ووتە – بێژی ١٨٢ هەزار شکۆفەی بێ نازو..لەپکەکراو،.. ئای هاوڕێ گیان، ئەگەر– تاعوونە ساریی – ە کەی (( وەسفی **بالای** پاشا )) وکیسەڵە دامێنیاهەڵخستنی، هەر لە سەرەتاوە .. ئاوا نەبووایە تەباو، ئەوا ڕۆژمان بەم وەسفە خەفەقانە فەرامۆشەو.. بووحرانی ئینتیمایە نەدەگووزەرا کە، ئاوا باسمان لە – ١٨٢ – هەزار زامی ئەبەد هەتووان نەکراو، چوون باسی (( بمبەخشن – گۆدۆ – سەروەرانی ، ژێرلمی عەر عەر )) ١٨٢ هەزار دۆلاری لە بانك نراو بووایە، .. ئای هاوڕێ گیان ، مەپرسە ڕۆژانە لە ئاست پرسی .. دۆستێکی هێرۆشیمایی .. یا – هۆلۆکۆست – زادەی ئێرە ، چۆن لە شەرمی بێ وەڵامییمدا، ئەبمە قەترەیەك ئاو ، وەڵامی ئەو پرسیارانەی :– (( ئەرێ .. خێرە تا ئێستا ، ئەژنۆی – گۆت – بووی ئەم دۆسێیەی ئێوەی کورد ، هەر نەگەییە دادگای لاهای ؟! ! .. بگرە هەر – ٢ – دەقیشی نەگەییە ستۆدیۆیەکی هۆلیوود ؟! ، تەنانەت لاواندنەوەی دایکێکی گەرمیانیشتان .. نەگەییە – بۆلیوود ! ! ، هەتا کەڵبەی سەگێکی – نوگرە – شتان ، نەبووە گەمە پلاستیکێکی – هۆڵەووین – ! ! ، پەلە قاژێی مەرگی منالێکی – مەل ئاسا – سەر بڕڕاوویشتان .. هەر نەکرایە سەمایەکی زۆربا ، ئەرێ بە ڕاست ئەوانە لەئێوە بوون ! ! .. لە ئێوە چوون ؟! یا کووژراوی نەناسراوی هەسارەیەکی تر ؟! ))

## بەرەوبەکلتورکردنی سەرنەبرین

ساڵی رابوردو لەیادەوەری کۆمەڵکوژی ئەنفالدا لەگەرمیانو هەندێك ناوچەی ئەنفالکراو وەك نەریتێکی نوێ بۆیادکردنەوەی ئەنفال لەهەندێك ناوچەی کوردستان هیچ ئاژەلوپەلەوەرێك سەرنەبردراوگۆشت خواردنیان لەخۆیان حەرام کردو ئەمساڵیش بەنیازن هەمان نەریت پیادەبکەنەوە.

ساڵی رابوردو دوای پێشنیارەکەی ئەنفالستان قەزای کفریو کەلار بەفەرمی گۆشتخواردینانراگەیاندوناحێی بالیسانوگوندەکانی دەوروبەریو گوندی کلێسەی سەر بەقەزای کۆیەوگوندی گۆپتەپەی قەلاسێوکەوگوندی ئۆمەربل رایانگەیاندبووکە پابەندن بەو بیرۆکەیەوە، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا قایمقایمی قەزای کەلاروکفری بەساڵنامەی ئەنفالستانیان راگەیاند لەگەڵ قەسابوچێشتخانەکاندا بۆئەو مەبەستە کۆبوونەتەوەو بە زۆرینەی دەنگو بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە خاوەن دوکانو چێشتخانەکان پێشوازیان لەوبیرۆکەیەکردووەوبریاریانداوە هیچ ئاژەلێك سەرنەبرنوگۆشت نەفرۆشن.

## مەرگی واحیدوگاڵتەوگەپی هەتاو

ئەوئێوارەیەی گوندی وەرێ کیمیابارانکرا، دواهەمین رۆژی مانگی رەمەزان (عارفە) بوو، ناوچەکە بووە قیامەت،لەدوا رۆژی جەژنی ڕەمەزاندا ئەوخەڵکە سادەوساکارەی خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆجەژن، بەنیازی ئەوەی سبەینێ دوای ئەوەی نانی بەیانی جەژنیان خوارد ئیتر بەماڵەدراوسێکانیانەوە بگەڕێنو گەردن ئازایی لەیەکتری بکەن، بەلاّم ئەو نیازە بووە خەونێكو هەرگیز نەهاتەدی . خەڵکی گوندی وەرێ زۆرخراپ لێیان قەوماو دواهەمین بەربانگیان بە(ژەهر) کردەوەوفریای جەژن نەکەوتن.

هەرچۆنێك بوو دەستەیەك پێشمەرگە بەخۆکەوتنوپڕکێشیانکردو بێسلەمینەوە بەناو تەمی ژەهردا توانیان هەندێك بریندار هەڵگرنو بیانگەیەننە نەخۆشخانە سەرەتاییەکەی گوندی خەتێ، کەنەخۆشخانەیەکی پێشمەرگەبوو بۆ چارەسەری سەرەتایی کردبویانەوە.

کیمیابارانی گوندی وەرێ کە دەیان چیرۆکی خەمناکی لەخۆگرتووە، یەکێکە لەو تراژیدیایانەی میدیای کوردی پەراوێزی خستووەو باسی لێوەناکات، یەکێك لەوچیرۆکە سەرنج راکێشانە برینداربوونو شەهیدبوونو گاڵتەوگەپی هەتاوی کچێتی مام واحید دەراشی یەکێك بوو لە بریندارانی گوندی وەرێ کاتێك بە برینداری دایدەنێن، کچەکەی بەناوی هەتاولەگەلیدا دەکەوێتە گاڵتەوگەپ، بەلاّم واحید حاڵی زۆر لەوە پەرێشانترە بەدەم گاڵتەوگەپی منداڵەکەیەوە بچێت، لەوکاتەدا کە هەتاوی کچی لەگەڵ باوکە بیمارەکەی سەرگەرمی گاڵتەکردن بوو، چەند دڵۆپێك خوێن لەلووتی واحید دێتە خوارێو شەهید دەبێت، هەرچۆنێك بوو ناهێڵن هەتاو هەست بەمردنی باوکی بکات بۆیە ئەوهەر وای دەزانی خەوتووە خەڵکیش لێی دەگەرێن تاکو بەیانی هەتاوی منداڵ لەباوەشی تەرمی ساردەوەبوی باوکیدا بمێنێتەوە.

بۆ بەیانیەکەی زۆرهەوڵدەن تەرمی مام واحید دەراشی لەهەتاوی کچی جیابکەنەوە، بەڵام بە هیچ ڕێگایەك نەتوانن ئەو منالە لەباوکی دوربخەنەوە کەلەسەر گاڵتەوگەپی خۆیەتیو وادەزانێ باوکی خەوی لێکەوتووە.

ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی دەرنگ کەوتنی بەخاکسپاردنیشی بۆیە دوای پرسیارکردن لە مەلامەلاعزیزی بالیسانی بریاردەدەن هەرچۆنێك یووە دەبێ (هەتاو) لە باوەشی دەربهێننو تەرمەکەی بنێژن .



سەرئەنجام هەروایانکرد مام واحید دەراشیان لەگەڵ ژنە شەهیدێکی تر" دایکی حسن مام حمد" لە ئاوی سماندارەدا شۆردوبەبێ کفنو هەربەجلوبەرگی خۆیانەوە لەگوندی خەتێ ناشت .

بەقسەی خەڵکی ناوچەکە " هەتاو" شینوگریانێکی کردووە، کە هەرگیز بەقەد تەمەنی خۆی نەبووە بۆیە ئەم چیرۆکە هەتا ئێستاش خەڵکی دۆڵی بالیسانی تاساندووەدەماودەم دەیگێرنەوە، بەداخەوە لەکتیبی کیمیابارانی بالیسانوخۆسناوەتیشدا بەهەڵە یاداشتکراوە. بەڵام کە کەوتمە سۆراخکردنی هەتاو پێیان ووتم : بەداخەوە زۆری پێنەچوو کە هەتاویش بەهۆی ئالودەبوونی گازی کیمیاوی شەهیدبوو.

## شەهیدانو ئەنفالکراوانی گوندی قولیجان

**جەوهەر حاجی عەلی**

**(قولیجان سەرحەدپێش ئەنفال زیاتر لە٤٠ ماڵبوون (٧) شەهید و٦٤ ئەنفالی هەیە )** ئەم گوندە ئیستا سەر بە ناحێی ئاووەسپییە وەکوگوندەکانی تری گەرمیان لەپێشەوەی قوربانیدان بووە، هەمیشە جێگای شۆرشگێرانو بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی کوردستان بووە بۆیە رژێمی بەعس هەمیشە لێوی لێدەکرۆشتو چاوی لەسەری بوو، بەرلەئەنفال لە هاوینی سالی ١٩٨٦ لەلایەن چەند فرۆکەیەکی جەنگیەوە بۆردوومان کراو لەئەنجامدا دوو تراکتۆری سووتاندو لەبەهاری ساڵی ١٩٨٨ یشدا لەگەڵ گوندەکانی تری کوردستان سوتێنراو وێرانکرایەوە لەوپەلامارەدا زیاتر لە٦٠ کەس گیرانو راپێچی زیندانەکانی قورەتو توپزاواو عەرعەر کران.

خەڵکی ئەم گوندەش لەلایەن جاشە قێزەونەکانی بەعسەوە بەسەرپەرشتی (فەتاح بەگ) بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان راگواستران .

## ناوی شەهیدە کان

**( مستەفاحاجی علی قادر، عەتاعبدلکریم، فەریق علی قەیسەر، فەتاح محمد، رەحیم فەرەج، حسین فەرەج ، ئەمیررەحیم فەرەج )**

## ناوی ئەنفالکراوانی گوندی قولیجانی سەرحەد

١. تەلیعەحاجی علی قادر.
٢. سەردار حمەجان
٣. سەلام حمەجان
٤. ڕێبوار حمەجان
٥. حەمەرەشید قادرحەسەن
٦. زارارەشیدقادر

٧. محمدحەمەڕەشید قادر

٨. حەتەم حەمەڕەشید قادر

٩. حەیات حەمەڕەشید قادر

١٠. ڕەیحان عومەرحاجی محمد

١١. تووبامحمود

١٢. فەیمەقادر

١٣. لەیلیٚ حەمەمین سەعید

١٤. گەردەحەمەمین سەعید

١٥. جەیران حاجی تۆفیق

١٦. مەحسەحمەسالە

١٧. شیرین عبدلکریم محمد

١٨. سەدیق عبدلکریم

١٩. کوێستان عبدلکریم محمد

٢٠. لوقمان عبدلکریم محمد

٢١. حەکیم عبدلکریم محمد

٢٢. عەینەعمر امین

٢٣. غریبەعمرامین

٢٤. پەیمان عبدولاٚحمەامین

٢٥. فەیمەڕەشید

٢٦. بەیان عەزەدین محمد

٢٧. جەزا عەزەدین محمد

٢٨. جەیران علی قەیسەر

٢٩. احمەدمحمدعلی

٣٠. چیاعەزەدین محمد

٣١. سەبیح عەزەدین

٣٢. محمدعبدولاٚ

٣٣. احمەدعبدولاٚ

٣٤. تابان عبدولاٚ

٣٥. نازارعزەدین محمد

٣٦. عەتیٚ عومەرمحمد

٣٧. جەمیلەعلی محمد

٣٨. بەسیٚ حاجی عەمین

٣٩. علی حاجی محمد

٤٠. مەلەك سەعید

٤١. تاوس علی حاجی محمد

٤٢. تەلیعەعلی حاجی محمد

٤٣. سامان علی حاجی محمد

٤٤. هەلاٚلەعلی حاجی محمد

٤٥. نەجیبەعلی حاجی محمد

٤٦. ڕابیعەحاجی حەمەتۆفیق

٤٧. عیسمەت عەبولاٚ

٤٨. سەعدە عبدولاٚ

٤٩. مەهدی عەبدولاٚ

٥٠. نوری عەبدولاٚ

٥١. ڕێژاومحمد علی

٥٢. حەسەن محمد علی

٥٣. برایم محمدعلی

٥٤. سەعدە جلال لەتیف

٥٥. سەبیحە جلال لەتیف

٥٦. نەجم لە تیف

٥٧. تووباعومەرحاجی محمد

٥٨. .شیلان نجم لەتیف

٥٩. نیسان نجم لەتیف

٦٠. سوارە نجم لەتیف

٦١. سمکۆ نجم لەتیف

٦٢. بەکرعومەرحاجی محمد

٦٣. هاجەرعومەرحاجی محمد

٦٤. علی عومەرحاجی محمد

## ئەم کەسانەش ئەوانەبوون کە لەئەنفال گەرانەوە

١. قادر حەسەن کمر

٦٥. خاوەر محمد سلیم

٦٦. عبدالکریم حسێن کاکە حەمە

٦٧. توبا عبدالکریم حسێن

٦٨. گوڵە روستم قادر

٦٩. سبریە روستم قادر

٧٠. ئامین فرج سعید

٧١. جلال لگیف صالًح

٧٢. ئامینە حمە امین

## ئەم چەند کەسەش ئێستا لەژیاندا نەماون

٧٣. قادرحسن کمر

٧٤. خاوەرحمەسلیم

٧٥. گوڵە روستم قادر

٧٦. محسەمحمد امین

ئەم گوندە لەدوای ئەم هەموو قوربانیدانە تا ئێستا خزمەتگوزاریێکانی وەکوخەستەخانەو ڕێگاوبان وبینای قوتابخانەی نیەوە تەنها دوومالّی تێدایە. داوا دەکەین لەحکومەتی هەرێم ئاوڕێك لەم گوندە بداتەوەو لایەنی کەم خزمەتگوزارییە سەرەتایەکانی بۆدابین بکات.

# (( ژنە ئازاکانی سەر وەختی ئەنفال ))



م/ داود محەمەد / سەرقەلا .کفری

ئەگەرچاوێك بەمیژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنینەوە ڕۆڵی ژن بەڕوونی لەناو لاپەڕە درەوشاوەکانی میژوودا بەرچاوئەکەوێت لەخەبات وتێکۆشاندا شان بەشانی پیاوان شانیانداوەتە بەرنەهامەتیەکان و بێ وەستان و ماندوو نەناسانە لە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵوشارستانیەت ڕۆڵیانگێڕاوەوئەسپی خۆیان لەمەیدانی ژیاندا تاوداوە.

دیاره میژووی هەروڵاتێك بەدەرنیە لەشەروکوشتن وویرانکاری لەم نێوەندەشدا ئافرەت قوربانی یەکەمی جەنگەکان بووە،میژووی نەهامەتیەکانی ئافرەت نوێ نیەو دەگەڕێتەوە بۆسەدەمەکانی ژیانی سەرەتایی، هەرچەندە ژن سوتماکی یەکەم بووە لە ململانێەکانداوتوشی سوکایەتیبووە تا رادەی کوشتن، بەڵام ئەوەی مایەی شانازیە بۆ ئافرەتانی دنیا بەگشتی وئافرەتی کورد بەتایبەتی ئەوەیە هەرگیز ژنان نەبونەتە مایەی هەڵگیرساندنی جەنگ یان ئەگەر هەشبن ئەوا زۆر کەمن، بەپێچەوانەوە یەکەمین شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەسەردەستی ژنانەوە دروست بوە لەوانە کشتوکاڵکردن کە ئافرەت یەکەم کەس روڵی لەو بوارەدا هەبووە، دوژمنان و ناحەزانی کوردیش وەك مێژوو شاهیدی ئەو ڕاستییەیە بەبەردەوام لەهەوڵی لەناوبردنی میللەتی کوردا پلانیان گێڕاوە بەبێ جیاوازی هەربویە ژنی کورد بەدەرنەبوە لە قورباندان.

لەسەروبەندی تاوانی ئەنفالدا نەهامەتی ئافرەتی کورد گەشتە لوتکەو پشکی شێریان بەرکەوت لە قوربانی دان،

لەگەڵ ئەوەی لە تاونی ئەنفالدا هەموو جۆرەکانی قڕکردن بەرجەستە بون لەوانە { جینۆسایدی ئابوری، یاسایی، کەلتوری، جەستەیی، هەروەها جینۆسایدی بایۆلۆژی } ئەم جۆرەیان (بایۆلۆژی) لەتاوانی ئەنفال بەڕونی بەرجەستە بون بەتایبەتیش لە ئەنفالی بارزانیەکاندا کە لەمانگەکانی تەموز وئابی ١٩٨٣ دەرحەق بەنێرینەکانی ناوچەی بارزان کرا ، حکومەتی بەعس ئەیویست کۆمەڵگای کوردی توشی قەیرانێکی ئەخلاقی بکاتەوە ، کاتێکش بەشێکی کەمی لە ئەنفالکراوەکان ئازاد کرد کەزوربەیان ژن ومناڵ و پیاوی پیربوون هەرچەندە ئەیویست بۆ جیهانی بسەلمێنێ کە گیراوەکانی ئەنفالی ئازاد کردوە مەرامی سەرەکی بەعس خولقاندی کەشێکی نالە باری دەرونی و ئەخلاقی بوو،بەدیدی بەعس کە گوایە مەرامە گڵاوەکانی دێتەدی ، کاتێکش ئەو ئافرەتانە ئازاد کران و ڕەوانەی کۆمەڵگا زۆرە ملییەکان کران ژیانێکی پڕ جەرمەسەری بوە بەشی ئافرەتی کورد جونکە بەسروشت ژنانی کورد زیاتر بە ئەرکی بەخێوکردنی مناڵ وئیش وکاری ماڵەوە خەریك بوون بەتایبەتیش لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا،

بـــەڵام کاتێـــك ژنـــانی رزگـــاربووی ئـــەنفال گەڕانـــەوە نـــاو کۆمـــەڵگا ئـــەرکیان لـــە جـــاران زۆر زەحمـــــــەت تربـــــــوو وە ئـــــــەرکی بـــەخێوکردنی خۆیـــان ومناڵـــەکانیان کەوتـــە ئەســـتۆ ، بەمـــەش ئـــافرەتی کـــورد دوو ئـــەرکی قورســـی کەوتـــە سەرشـــان لەلایـــەك وەك ئـــافرەت لەلایـــەکی تریشـــەوە روڵـــی باوکیشـــــی ئـــــەگێڕا بـــــۆ پڕکردنـــــەوەی پێداویســـــتیەکانی زیـــــان لـــــەو ڕۆژکـــــارە ناهـــــەموارەدا ،بـــــەعس لـــــە چـــــاوەروانی ئەنجامـــەکانی پلانەگلاوەکانیانـــدا بـــوون تـــا



قـــەیرانێکی گـــەورەی ئـــەخلاقی بێتـــە ئـــاراوە لـــەو کۆمـــەڵگای کوردیـــدا ، ســـەر ئـــەنجام ئـــەوەی ڕویـــدا زۆر جیـــاواز بـــوو لـــەوەی ناحـــەزانی کـــورد بێشـــبینیان ئـــەکرد، جونکـــە نـــەك هـــەر نـــەیان تـــوانی ئـــافرەتی کـــورد ناجاربکـــەن تـــا خواســـتە بـــۆ گەنـــەکانی بـــەس بێننـــــە دی بـــــەڵکو ئـــــافرەتی کـــــورد ئاڕاســـــتەیەکی شـــــەرف مەندانـــــەی پـــەیڕەو کـــرد کـــە زور دورتربـــوو لـــەوەی بـــــەعس چـــــاوەروانی ئـــــەکرد، ژنـــــانی کـــورد توانیـــان دەســـت بـــە پرانســـیپە پیرۆزەکـــانی کومـــەلکاوە زیـــاتر تونـــد

بکـــەن و شـــانیان دایـــە بـــەر قورســـترین ســـاتەکانی زیـــان وەك دواجـــار بینیمـــان زۆریـــك لـــەو ئافرەتانـــە توانیـــان مناڵـــەکانیان بـــە شـــکۆمەندییەکی مەزنـــەوە پـــەروەردە بکـــەن و لـــەو ڕۆژگـــارە قورســـەدا بیانخەنـــە بەرخوێنـــــدن ، زورن ئـــــەو منالآنـــــەی دوای ئـــەنفال لـــە ســـایەی جـــوامێری دایکیانـــەوە بەســـــەر کـــــەوتوی قوناخـــــەکانی خوێنـــــدیان تـــــەواو کـــــردو ئـــــەمڕۆ لـــــە دامودەزگـــــانی حکومەتـــدا بـــەژدارن لـــە ئـــاوەدان کردنـــەوەی وڵات،

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بەشـــیکی زور لـــــە ئافرەتـــــانی کـــــورد هـــــەموو ژیـــــانی خۆیـــــان لەچـــــاوەروانی پیگەشـــــتنی نەوەکانیانـــــدا بەســـــەربرد، بەمـــــەش ژانـــــانی کـــــورد بەگشـــتی و ژنـــانی رزگـــاربوو لـــە تـــاوانی ئـــەنفال، بەتایبـــەتی توانیـــــــــان لاپـــــــــەڕە درەوشـــــاوەکانی میـــــژووی خـــــەباتی ئـــــافرەتی کـــــورد بەقارەمانیـــــەکی گەورەترلـــــە گـــــەورەیی ســـــەروەریەکانیان تۆماربکـــــەن بۆهـــەتا هەتایـــە شـــانازی پێـــوە بکـــەن، بۆیـــە هـــــــەرئافرەتێکی ڕزگـــــــاربوو لـــــــەتاوانی بـــەدناوی ئـــەنفال پاڵـــەوانیکی ئەفســـانەیی یە لەمیژووی خەباتی ئافرەتانی کورددا.



# جینۆسایدی کلتوری، قەڵای بۆگد وەك نمونە

ئامادەکردنی: ئەنفالستان



قەزای کۆیە لە پێنج ناحیێ "شۆڕش، سکتان، ئاشتی، سێگردکان و تەق تەق پێکدێت و کەوتۆتە ٧٠ کیلۆمەتر خۆرهەڵاتی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە گوندی بۆگد سەربەناحێی ئاشتی ئەو قەزایەیە لەروی جوگرافیەوە کەوتووەتە خۆرئاوای قەزای دوکان و لەو دیوی چیای کەلکەسماقەوە بەرامبەر گوندی بۆلقامیش و گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەر لەقەراغی زێی دوکان گیرساوەتەوە،. بەقسەی دانیشتوانەکەی بۆگد بەر لەپەلاماری ئەنفال گوندێکی قەرەبالغ بووەو نزیکەی ( ٣٠٠ ) ماڵی تێدابووە، بەڵام ئێستا تەنها (٥٧) ماڵی تێدایە . خەڵکی ئەم گوندە پێش پەلاماری ئەنفالی هار، بەزۆری بەکاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و راوە ماسیەوە خەریکبوون ، خەڵکەکەی دڵپاك و میواندۆستن پێشتریش گوندێکی دەوڵەمەندبووە بە بەروبومی کشتوکاڵی و بەتایبەتیش توتن. گوندنشێك بەناوی ستار ووتی ئەم گوندە لەپێشدا پێنج ئاشی ئاوو پێنج سەرچاوەی ئاوی هەبووە.

ئەم گوندەش بەشێوەیەکی دڵڕەقانە کەوتە بەر پەلامارری جەیش و جاش سێ رۆژ دوای کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر لە مانگی ئاياری ساڵی ١٩٨٨ کە قۆناغی ئەنفالی چوار دەستی پێکرد لە ٨ی ئایاردا پەلاماری جەیش و جاش گەیشتەسەریان و بەهۆیەوە زەرەرو زیانێکی گەورە بەر گوندنشینەکان کەوت، گوندی بۆگدیش وەکو زۆربەی گوندەکانی دەوروبەر جگەلەوەی ٥٤ کەسیان گیران و ئەنفالکران، خانووەکانیشیان لەگەڵ زەوی تەختکراو هەرچی هەیانبوو بەرتاڵانی جەیش و جاش کەوت.

## روخاندنی قەڵای بۆگد

لەو پەلامارەدا قەلای بۆگدیش وەك شوێنەوارێکی مێژوویی و کەلەپوری نەتەوەیی وەکو هەر سەروەتێکی نەتەوەیی بێڕێزی پێکراو بەشێوەیەکی دڵرەقانە تێکدراو لەگەڵ زەوی تەختکرا.

لە سەردانێکی گۆڤاری ئەنفالستاندا بۆ گوندی بۆگد، لەبەرواری ( ) چوێنە سەر شوێنەواری قەڵا دێرینەکەی بۆگد کە هاوشێوەی قەلای پاشا کۆرەی دوکانە و (بەقەڵای بۆگد) ناسراوە، ئەویش هەر لەسەر دەستی محمد پاشای رەواندوز دروستکراوە، ستار محمەدئەمین قادر لە دایکبووی ١٩٧٣



کە گوندنشینێکی خوێندەوارە ماوەی ١٠ ساڵە پاسەوانی شوێنەوارەکانی گوندی بۆگدە، لە دیدارێکدا بە ساڵنامەی ئەنفالستانی راگەیاند " قەلاکە بریتی بووە لە ١٨ ژوری جۆراوجۆر لەرووی تەلاری بیناسازییەوە دوو قات بووەو چوار قوولەی دیدەوانی تێدابووە " دیوارەکانی لەبەردو قسلْ دروستکراون و ئێستاش نەخشەی قەلاکەو ناو ژورەکانی دیارن و قولەیەك و سێ لادیواری روخاوی بە پێوەماون . کە هێشتا پەنجەرە بچوکەکانی ناو قولەکانی وەکو خۆیان ماون.

گۆرستانە زۆرەکانی دەوروبەری گوندو شوێنەواری قەلاکە نیشانەی ئەوەن کە بۆگد مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەروەك ستارمحمد ئەمین ئاماژەی پێکرد ئەم گوندە



شوێنەواری زۆری هەیە بێجگە لە قەلاّی بۆگد (٥) ئاشی ئاویشی لێبووە .

ئێستاش کە ماڵە هەژارەکانی گوندی بۆگد دەبینین بەسەر زێی بچوکەوە گیرساونەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی پێنەداوە، چونکە دەبینین نە گوند ئەوەندە هەناسەی ئازادی هەڵمژیوەو نەتەرمی ئەنفالکراوەکانیان دۆزراونەتەوەو نە قەلاکەش نۆژەنکراوەتەوە، بەداخەوە، قەلاّی بۆگج هێشتا شوێنەوارێکی مێژوویی بەسەر گوندی بۆگدو دەشتایی و چیاکانی بەرامبەریدا بە روخاوی دەروانیّ .

بۆیە ئەرکی هەردوو وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارە هەریەکەیان بەکاری خۆیان هەستن و سەر لەنوێ بنیاتی بنێتەوەو بەرپەرچی ئەو تاوانە جینۆسایدیە بداتەوە کە رژێمی بەعس لە ناوەراستی ساڵانی هەشتاکاندا دەستی پێکردو بتەنیشت کۆمەڵکوژی کوردانەوە شوێنەوارەکانیشی جینۆساید کردووە.

لەگوندەکانی بۆگدوکلێسەو بۆلقامیش هێشتا شوێنەواری زۆرهەن کە بەشێکن لە کەلەپوری کورد، لەناوچەی گەرمیانیش زۆرگوند هەن کەهەتا ئێستا کەلوپەل و هەوجارو ئامێری ئەو گوندنشینانەی کە ئەنفالکراون لەشوێنی خۆیان ماون و تەنانەت لە گوندی تۆپخانە ئەو ئامێرە کشتوکالیانەی فەرەجی تۆپخانە کاری پێکردون هێشتا لەبن دیوارە روخاوەکانی ئەو گوندەن و کەس لێیان ناپرسێتەوە.

لە گوندی کوڵە جۆ چاوم کەوت بە نەنکی تەیمور عەبدولا ئەوکورە مێردمنداڵەی لەگۆرێکی بەکۆمەڵی سەماوە رزگاری بووو، میمکە ئامین هێشتا ئەو فانۆس و قۆری و پیاڵانەی ماوە کە فریای هەڵگرتنیان نەکەوتبوو ئەنفال لەگوندەکەی



خـــۆی دەری پەرانـــــدبوو، بـــــەلام دوای ئـــەوەی ســـاڵی ١٩٩٢ چـــونەوە بۆگونـــدی کوڵـــــەجۆی حـــــاجی حەمـــــەجان و لەســـەربناغە کۆنەکـــەی خـــۆی خانویـــان بـــۆ دروســــــتکردەوە تــــاقمی پیاڵــــــەو فانۆســـــەکەیان دۆزییـــەوە هـــەتا ئێسســـتا وەکـــو یادگارییـــەکی بـــەنرخ لـــەلای خـــۆی پاراستوویەتی.

پێویســـتە بەشـــانازیەوە ئـــەوەش بلـــێم کـــە لەوســـــەرانەمدا بۆگونـــدی کوڵـــەجۆ ئـــەو پیرەژنـــە وەســـێتی کـــرد ووتـــی: کـــەمن مـــردم ئەم فانۆسە بابۆ ئەنفالستان بێت .

ماوەتـــــەوە بلـــێم بنیاتنانـــــەوەی قـــــەڵای بۆگـــــدو هەوجاروگاســـــــن وعارەبانەی گوندنشـــــــینەکان و فانۆســـــــەکانی گونـــدەکانی کلێســـەو کوڵـــەجۆی حـــاجی حەمـــــەجان و گونـــــدەکانی گـــــەرمیان و کوێســـتان پێویســـتیان بـــە مۆزەخانەیەکـــە، فـــەرموون کـــە یـــادەوەری ئـــەنفالتان بـــەلاوە گرنگە ئەوە عەرزو ئەوە گەز.



# ئەنفال لەتەرازووی دادگای نیشتیمانیو نێودەوڵەتیدا

سالار مەحمود

بەپێی پێوەرو ڕێسا ئاسمانیو زەمینییەکان ئەنفال تاوانێکی گەورەی مێژووی هاوچەرخە کەلەسەردەمی گەشەی تەکنەلۆجیاو بەجیهانیبووندا ئەنجامدرا. بێگومان بەرپرسیارێتی یاسایی مەسەلەیەکی گرنگە بۆ یەکلاکردنەوەی تەواوەتی ئەم جینۆسایدەی گەلی کوردستان. بەرپرسیارێتیش بەمانای لێپرسینەوە لە تۆمەتبارو تاوانباران هەیە، لێپێچینەوەی یاسایی دەرهەق بەو کەسو لایەنانەی تۆمەتبارنو تۆمەتی ئەنجامدانو هاندانو یارمەتیدانیان دەدرێتە پاڵ. دەر ئەنجام بۆ وەرگرتنی سزای تاوانەکانیان بەگوێرەی ئاستو مەترسی ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە بەگوێرەی حوکمەکانی قانون.

ئەمە لەباری بەرپرسیارێتی تاوانکارییەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەرپرسیارێتی مەدەنی دێت، بەپێی یاسای شارستانی لەمەدا بابەتی قەرەبووکردنەوە دێتە ئاراوە بێگومان لەباری ماددییو مەعنەوییەوە. سەبارەت بەو زیانە مادیو مەعنەویانەی لەقوربانیان کەوتووە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتیو یاسای نیشتمانی.

لەم سەردەمەدا لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەرییو سەروەری یاسا بابەتی جوڵاندنی کەیسی جینۆسایدی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیداو لە ڕێگەی ڕێکاری یاساییو رووکردنە دادگای نێودەوڵەتیو راپەڕاندنی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی سەبارەت بە



کارەساتەکانی لە ئەنجامی پێشێلکردنی یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە کە رژێمی بەعس ئەنجامی داون هاتوونەوتە ئاراوە، پێویستە ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی چاودێری مافی مرۆڤ نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکارین.

ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکان لەعیراقدا دۆسیەکەی جوڵێنراو، رۆژی ٢١\٨\٢٠٠٦ یەکەم مورافەعەی دادگا لەبەغدا دەستی پێکرد. بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی لەسەر دۆسیەکەو تاوانبارانی دا. ئەنجام تاوانی ئەنفالیش بەجینۆساید ناسێنرا.

لە دۆسیەی ئەنفالدا سەدان تۆمەتبار ناویان هاتووە وەك کارەکتەری سەرەکی لە شاڵاوەکاندا، بەڵام تەنیا هەشت تۆمەتبار لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراو دواتر دادگایی کران. ئەوانیش( سەدام حسێن سەرۆك کۆماری عێراق، عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی نوسینگەی باکوری حزبی بەعس، سوڵتان هاشم ئەحمەد بەرپرسی سوپا، سابر عبدول عەزیز دوری بەرپرسی دەزگای ئیستخباراتی عەسکەری، حسێن رەشید تکریتی جێگری لێپرسراوی هەڵمەتەکانی ئەنفال، تاهر توفیق عانی

پارێزگاری موسڵ، فرحان مطلگ جبوری بەرپرسی دەزگای ئیستخبارات لە باکوور).

ئەم دادگا ناوخۆییە توانی چەند دۆسیەیەکی تاوانی ئەنجامدراو لەلایەن رژێمی بەعسەوە بۆ سەر خەڵکی کوردستان یەکلا بکاتەوە، لەوانە کەیسی ( بێسەروشوێنی بارزانییەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە، راگواستنی کوردە فەیلییەکان و چەند کەیسێکی تر).

هەرچەندە ئەم دادگایە بە بڕیارێکی عیراقییانەی ناوخۆیی دروست بوو. توانی بەشێکی گرنگ لەئەرکە یاساییەکانی خۆی بەجێ بهێنێت، بەڵام ئەوکاتەش ئەم دادگایە دانرا بۆچوونی تر هەبوون بەگرنگتریان دەزانی تاوانبارانی جینۆساید لەدادگای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن. هەرچەندە دەزانرا دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تۆمەتباران، لەهەموو حاڵەتێکدا پێویستی بە رەزامەندیی و بڕیاری نێودەوڵەتی هەبوو، بەتایبەتیش ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئەوەش بەهۆی هەڵوێستی ناڕوونی چەند وڵاتێکی وەکو روسیاو چین و فەرەنساو چەند وڵاتێکی تر لەو دەمەدا، بەدیهاتنی ئەو ئەگەرە ئاسان نەبوو.

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بیرۆکەی دروستکردنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانە گەورەکانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و جینۆساید هاتنە کایەوە، لەوانە دادگای نێودەوڵەتی تۆکیۆو دادگای نێودەوڵەتی نۆرمبێرگ، ئەم دوو دادگایە نەیانتوانی ئەزموونی دادگای نێودەوڵەتی بەتەواوی و لەئاستی پێویستی جیهانیدا بچەسپێنن. هەروەها لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردووشەوە دادگای لاهای بۆ تاوانبارانی شەڕی یۆگسلاڤیا دروستکراو، تەنیا (سلۆدان میلۆسۆڤیچ)ی تێدا درایە دادگا. ئەمانەش بەشێك بوون لەسەڵکردنەوە لەئەگەری لەبارچوونی دۆسیەکان لەئاستی نێودەوڵەتیدا. بەڵام لەئێستادا بۆچوونی زاڵ ئەوەیە جدیەتێکی زیاتر بنوێنرێت تاوەکو لە ئاستی نێودەوڵەتیداو وەك بەشێك لەپرۆسەی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد کار بکرێت ئەنفال ببرێتە دادگای نێودەوڵەتیش.

بۆیە لەبەر گەورەیی کارەساتەکە بەگرنگی دەزانرێت دۆسیەکە لەدادگای نێودەوڵەتیش بکرێتەوە، چونکە بە رای ئێمە لەبەر باروودۆخی نالەبارو ناسەقامگیری عیراق هێشتا نەتوانراوە خواستی گشتی و داخوازیی خاوەن قوربانیان لە روی یاساییەوە بەدی بهێنرێت. بۆ بەپێویستی دەزانین لە ئاستی نێودەوڵەتیش ئەم دۆسییەیە بجوڵێنرێت، بەتایبەتیش لە"دادگای عەدلی نێودەوڵەتی" بەپشت بەستن بۆ پشتیوانییەی کە دادگای نێودەوڵەتی دیاری کردووە. مێژووی رووداوەکە کاریگەری بەسەر هێزی رووداوەکەوە نییە، چونکە تاوانی جینۆساید کێشەیەکی نێونەتەوەییە بەپرسیاری نێونەتەوەیشی لەسەرە، وەك بەشێك لە بەربەستدانان و (رەدع) و راپێچکردنی تاوانباران بۆ بەردەم عەدالەت لەهەرکوێیەك بن و داڵدە نەدرێن..

سالانی پێشتریش هەولی جۆراوجۆر هەبوون بۆ ئەوەی کەیسی جینۆسایدی کورد لە ئاستی نێودەولەتیدا کاری لەسەر بکرێت. چالاکییەکانی رێکخراوی هیومان رایس وۆچ لەم بارەیەوە دیارە، کە هەولی دەدا قەناعەت بەو حکومەتانە بکات کە بەجدی پەیوەستن بەبنەماکانی مافی مرۆڤو جاڕنامەی گەردونیی و پەیماننامە نێودەولەتییەکانەوە، کە داوا لە دادگای دادی نێودەولەتی بکرێت بەپێی بەندەکانی رێکەوتنامەی نەهێشتنی تاوانی کۆمەلکوژیی بەمەستنی سزادانی حکومەتی ئەوسای عیراق. ئەو هەولانە لەسالانی ١٩٩٤و ١٩٩٥ بەچڕی دران بەلام بێسەمەر بوو.

لە ئێستادا دەتوانرێت دوو بڕیاری یەکلاکەرەوەی گرنگ بکرێتە بنەما بۆ سازدانی دادگایەکی نێودەولەتی بۆ کەیسی ئەنفالی کورد یەکەمیان بڕیارو دۆسیەی بەڕێوەچوونی دادگای بالای تاوانەکان لەعیراق، دووەمیان بڕیاری دادگای هۆلەندا لە سزادانی بازرگانی بەرەگەز هۆلەندی فرانس ڤان ئانرات.

## سوپاسو پێزانین

بەناوی سالنامەی ئەنفالستانەوە سوپاسو پێزانین ئاڕاستەی بەرێز مامۆستا (عەلی موحەمەد وەلی) بەڕێوەبەری قوتابخانەی (ئەمانی سەرەتایی کوڕان)ی شاری خورماتووهەموو ئەوماموستاو خوێندکارە بەرێزانە دەکەین کە هەموو سالێك بەبوێرانە هەلدەسێت بە چەندین چالاکی لە یادەوەری (تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانی شاری هەلەبجە) و یادەکانی راپەرین ونەورۆزدا. چالاکی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێت وکە تیایاندا جەماوەرێکی زۆری شارەکەودەوروبەری ئامادە دەبن، لەپێشەوە کەس وکاری خوێندکاران کە زۆربەی زۆریان لەخانەوادەی سەر بەرزی شەهیدان وئەنفالکراوانن.

( بەریوەبەری قوتابخانەی ئەمانی سەرەتایی ) لەکۆتایی مەراسیمەکاندا هەلدەستێت بەپێشکەشکردن کردنی خەلاتی ڕێز لێنان بەسەر ئەوخوێندکارانەی کەسوکاریان شەهیدو ئەنفالکراوە ئەمەش هاندان و رێزگرتنێکی باشە لەوخوێندکارانەی سەرباری هەلومەرجی قورسی ژیانیان لەخوێندن کۆلیان نەداوە.

مامۆستا عەلی یەکێکە لەوخەمخۆرانەی بێئەوەی روی لێنرابێت هەموو سالێك لەناو خانەوادەکەی خۆیەوە کۆمەکی ئەنفالستان دەکەن .

بۆیە بەناوی ئەنفالستانەوە ئەم سوپاس و پێزانینەمان ئاڕاستەکرد بە هیواین نمونەیان زۆربێت لەناوچە ئەنفالکراوەکانی کوردستاندا .





# بوخچەکەی مریەم*[١٣]

داوا مەکە
بوخچەکەم
بکەمەوە
نایکەمەوە ؟
ئەو بوخچەیە ڕاز
و نیازی ،
کوڕو کناچەیەکی گەرمیانە و
پڕە لە نهێنی ئەنفال !!
بۆ بیکەمەوە ؟
ئەم بوخچەیەم لە چوار لاوە گرێداوە !
بە چوار گرێی بەهێز شەتەك داوە !
یەکەم گرێی خۆشەویستیی کوردستانە ،
دووەم گرێی، کرووزانەوەی
ئەو گەرمیانەی کە وێرانە !
سێهەم چاوەڕوانیی ، دڵدارەکەم تا دێتەوە !!
چوارەم ناڵێم ، خۆت بیزانە ،
نایکەمەوە ئەم بوخچەیەم!
چەندین ساڵە چاوەڕوانم،
تا ئەو کراسە گوڵباتمانەی لە کەرکووکەوە
باوەم هێنای بۆ شاییەکەم،
بۆ شەوێکیش بێت لەبەری کەم و
بچمە ژوانی دڵدارەکەم
ئاخ حەسرەت کوشتمی و تەمەن ڕۆیشت،
نۆزدە ساڵە چاوەڕوانم ،
نە دڵدارەکەم لەسەفەری لمستان هاتەوە
نەخەونێکی ئارامبەخشیش بوو بە میوانم ،
بۆیە من بوخچەکەم ناکەمەوە ،
تا ئەو مێخەکبەنەی دامنابوو لەملیکەم ،
بۆنەکەی نەچیَ بەخۆڕایی بە لووت و کەپووی
بەرپرسانا ،
ئەو کراسە گوڵباتمانە و کەوای خامەك
باوەم هێنای بۆ شاییەکەم
نەڵێن کۆنەیەو باوی نییە لەم زەمانە،
کنا باوانێکیتان ئێژن ئێستا،
باوی جاش و خۆفرۆش و خائینانە،
سەرزلەکانی کوردستان ، باسی ئەنفال ناکەن!!
کۆشك و تەلار بەرزئەکەنەوە بێباکانە ،
ئەنفالی چی ؟ کۆشکە هێمای سەرکەوتنی
شوڕشگێرە دزەکانە ،
دەلێمگەڕێن با بوخچەکەم چۆن گرێداوە،
باهەروا بێت ،
بڕوا بکەن گەر بوخچەکەم بکەمەوە!!
چ ئابڕووتان هەیە ؟
وەك دووکەڵی سووتاندنی خانوەکانمان ،
لە گەرمیان و لەکوێستان و بادینانا
وەك گەردەلوول باریك باریك
هەمووی دەچێتە تاقی ئاسمانا !!
با بوخچەکەم نەکەمەوە...

فەخرەدین گەرمیانی – کۆنگۆی دیموکرات ١٦-٠٦-٢٠٠٧

---

[١٣] * بوخچەکەی مریەم : بیرۆکەی ئەو شیعرەی سەرەوە لە وتارێکی بلاوکراوەی گۆڤاری ئەنفالستانی ژمارە ٤ ی ڕێکەوتی ١٤-٠٤-٢٠٠٧ وەرگیراوە، گێڕانەوەی بەڕێز عاسی فرودو داڕشتنەوەی بەڕێز (عومەر محەمەد) ە سەرنووسەری ئەنفالستان.



محەمەدحاجی ستار - گوندی توکن

**خەڵك هەیە زۆر قەدرمان دەگرێ خەڵکیش هەیە دەڵێ ئێوە خۆتان بێ عەقل بوون بۆیە ئەنفالکراون .. من ئەم قسەیەم لە بەرپرس بیستووە .**

گوندی توکن لەروی کارگێڕییەوە سەبەناحیێ سەرقەڵایە، بەرلە ئەنفال نزیکەی ١١٥ماڵی تێدابووە، بەزۆری بەئاژەڵداری وکشتوکاڵەوە خەریکبوون، ١٩٦٣ جارێکی تر سوتێنراوەو لەپەلاماری ئەنفالیشدا گورزێکی کوشندەی بەرکەوت، جگەلە تالآنکردنی ماڵو سامانیان ٣٦٥ کەسیان ئەنفالکراون . محمد حاجی ستار لە دەفتەرێکی دەستنوسدا هەموو ناوەکانی کۆکردووەتەوەو بەرێكو پێکی پۆلێنی کردوون.

محمد لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٥ی شاری کفریەو ساڵی ١٩٦٣ هاتوونەتە گوندی توکن. چرچو لۆچی روخساری چەندی لەسۆنگەی هەڵکشانی تەمەنیەوەیەتی دوهێندەو زیارتریش خەمی ئەنفالکراوەکانی و ئەو ناعەدالەتیەیە کەپێوەی گیرۆدەن.

چیرۆکی ئەم پیاوە وێنەیەکی بچوکی تاوانی ئەنفالە، پێنج کوڕو دوکچ وخێزانەکەیو دایکیو خوشکێکی بە ٨ منداڵەوە، هەروەها برایەکی کە هێشتا هاوسەرگیری نەکردبوو، براژنێکی بەمنداڵێکەوە، باوەژنێکیشی بە هەمووی ١٦ کەس لەخانەوادەکەی خۆی ئەنفالکراوە..!! دەتوانین بڵێین ئەوە بەعسو رەفتاری بەعسیەکان بوو!! ئەی خۆمان چین ؟ چۆن سەیری محمدو هاوئازارەکانی وکەسوکاری ئەنفالکراوان بکەین ؟ درۆیان بۆبکەینو فرمێسکی تیمساحیان بۆ بریژین ؟ یان بەڕاستی هاوسۆزیان بینو خەمەکانیان لەگەڵ دابەشکەین ؟

## یادەوەری منداڵی :

محمد یادەوەرییەکی زۆری لە توکن هەیە، " ساڵی بەعسیەکە ١٩٦٣ لەشاری کفری دەرکراوینوهاتووین بۆئەم گوندی (توکن) نیشتەجێ بووین،" دوای گەورەترین پەلاماری درندانەی دەوڵەت ئێستاش دەبینین چۆکی دانەداوەو هەر لێرە دەژی، تۆبلێ یادەوەری منداڵێکی گەرمیانی یان هەر گەرمیانیەك دەبێ چی بێ ؟ جگە لەمەینەتیو بەدبەختیو ماڵویرانی.؟! هەرکەسێك یادەوەری خۆی دەگێڕێتەوە دەلێت ساڵ ( حەرەس قەومیەکە، ساڵ بەعسیەکە، عانی ئەنفالەکە) ئەمانە هەربەدەم خۆشن ئەمانە کارەسات نین وەکو هەندێك کۆلکە رۆشنبیر خستویانەتە سەر زاران، بەڵکو ئەم روداوانە کۆمەڵە تاوانێکی زۆر گەورەن کە دەرهەقی ئەم میللەتە بەگشتیو دەرهەقی گوندنشینەکان بەتایبەتی ئەنجامدراونو دەکریت پایەکانی دەوڵەتی سەربەخۆیان لەسەر دابمەزرێندرێن.

گوندی توکن بەبیری محمد بەرلە ئەنفالیش جارێك سوتێنراوەو دواتر گوندنشینەكان بەبێ هیچ باربۆو قەرەبوویەك بنیاتیان ناوەتەوەو سەرلەنوێ ژیانیان دەستپێکردووەتەوە. محمد ووتی ئەم حەوشەو بانەی تۆ دەیبینی ١٤ ژوربوو هەرهەموویان سوتاند تەنها یەك ژورنەبێت، بەڵام ئەو جارە وەکو ئەنفالەکە نەبوو نەتوانین بێینەوەو کەسمان نەمێنێ بەڵکو هەر ئەو ساڵە هەرهەموویان دروستکردەوەو سەریمان گرتەوە.. لەپەلاماری ئەنفالی سێدا گوندی توکن هەموو خانوەکانی لەگەڵ زەوی تەخت کران، محمد بەدوربین تەماشای کردووەکە جەیشەکە گەراوەتەوەو هاتووەتەوەبۆناو گوندەکەی وێرانکاریەکی ترسناکی بەچاوی خۆی بینیوە.. لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ یشدا یەکەمین کەس گەراوەتەوە بۆ گوندی توکنو دەستی بەبنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوەی گوندی توکن کردووە.

## کاتی پەلامارە شومەکە :

لەکاتی پەلاماری ئەنفالدا محمدی حاجی ستار یەکێك بوو لە پێشمەرگەکانی گەرمیان، لەبارەی پەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیانەوە ووتی: جەیشو جاش لەهەمولایەکەوە هێرشی کردو هێزەکە لەقووەتدا نەبوو، حکومەتیش لەرێی جاشو پیاوەکانیەوە وابلاوی کردەوە کە عافواتی داوە، ئەوکاتە وەکو پێشمەرگە کە بۆخۆم یەکێك بووم لەوان پێشمان بەخەلکەکەگرتو ویستمان نەهیلین خەلکەکە بڕواتەوەو پێمانوتن کە حکومەت دەتانکوژێ، بەڵام بەری ئەو خەلکەمان بۆ نەگیراو هەر رۆیشت. ئیتر بەرەو ملەسورە کەوتنە رێ ئەوکاتە مەکینەمان هەبوو، لەگەڵ برایەکمدا بەناوی برایمماڵومنداڵمان خستە مەکینەکەوەو بەرەو ملەسورە



بەرێمانکردن ئیتر هەر ئەو رۆیشتنە بوو نەمان بینینەوە . بەو شێوەیە لە خانەوادەکەی خۆمان تەنها خۆموباوکم دەربازمان بوو. لێرە ئیتر محمد خۆی پێنەگیراو پێویستی بە گریانێك بوو بۆیە ناچاربووم ریکۆردەکە بکوژێنمەوەو بەدیار فرمێسکەکانیەوە دابنیشم، لەگریانەکەی کاریگەرتر تێفکرینو تێرامانو سەرسورمانی ئەو منداڵەبوو کە دەیبینی باوکی دەگریو منیش بەدیارییەوە دۆش دامابووم، جارێك سەیری باوکی چاوبەفرمێسكو جارێك لەمیوانە نامۆکەی هەڵدەروانی هێندەی نەمابوو ئەویش دەست بەگریان بکات، بەڵام بەچاوی نەیارەوە لێی دەروانیم،

چونکە دەیزانی ئەوفرمێسکانەی باوکی لەسۆنگەی منەوە بوو.

**نیشتەجێبوون لە کۆمەڵگای صمود:**

کە چوێنە صمود دەمبینی خەڵك خانووی دەکردو نەخشی شێرو پلنگی لەخانووەکەی دەدا من گاڵتەم پێ دەهات، زۆرکەس شاهیدمە کە دەموت ئەم حکومەتە درێژە ناکێشێ و رۆژێك دێت دەبێ بەپێك ئەم خانوانە بروخێنن، کە باوکیشم خەریکی شیش و چیمەنتۆ کرین بوو، هەروام پێگوت ووتم باخانوونەکەین رۆژێك دێت دەبێ بە پیك بیروخێنینەوە.. چونکە ئەم حکومەتە نامێنێ بەلام کەسیش بەتەمای ئەنفالکراوەکان نەبێ بەخوا یەك کەسیان نایەتەوە، هەرواش بوو جگە لەهەندێگ پیرەکان کەسیان نەگەرانەوە..بەلام صەدامیش بەودەردەچوو کەبینیمان خۆی و کورەکانی کوژران، هەندێك کەسیش سەرەتا هەربەپیك خانوەکانیان روخاندەوەوچونەوە بۆ گوندەکانیان.

**گللەیی لەحکومەت :**

کاتێك پرسیم گللەیت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە..؟ ئەو بە ساردیەکەوە کە بۆنی نارەزایەتیەکی زۆری لێدەهات ووتی: ئەگەر گللەیەکیشمان بێت مەبەستمان خراپ نیە بەڵکو مەبەستمان چاککردنە، فەرموو ئەوە گوندەکەی ئێمە ٣٦٥ کەسی بەژن و مندال وگەنجەوە ئەنفالکراوە ئەوەوە حاڵ وباڵمانە دەیبینی ئەم گوندە هەروەکو سەردەمی صدام حسین وێرانەیە ؟ ئەوە جادەوبانەکەمانە کە دەیبینی.. ئیتر حکومەتیش ئەوا بەبەرچاویۆیێتی .

سەبارەت بەوەی کۆمەڵگای کوردستان تاچەند رێزتان دەگرێ کاك محمد ووتی: خەلك هەیە زۆر رێزمان دەگرێ، بەلام خەڵکیش هەیە ووتوویەتی بابە ئەنفالی چی ئێوە لەبەر بێعەقلی خۆتان ئەنفالکراون .. من ئەم قسەیەم لە بەرپرسیش بیستووە . یەکێك لەکارە خراپەکانی محمد وەکو زۆربەی کەسوکاری ئەنفال ئەوەیە کە چاوەروان دەکەن خەلك یان رێکخراوەکان تۆمەتبارانی ئەنفال بدەنە دادگا، هەربۆنمونە کەمترین کەسیان سکالایان تۆمارکردووە، زۆربەشیان ئەوقسەیە دەکەن (سکالای چی بکەین ، جاشەکان ئێستا لە ئێمە قەدران باشترەو حکومەت خۆی هەموو شت دەزانی ؟!!) محمدیش هەمان قسەی کردەوە، بەلام لەراستیدا ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە حکومەتی هەرێمیش دادگایی کردنی ئەوانیان زۆر بە جدی نەگرتووە. سکالا تۆمارکردن باشیەکەی ئەوەیە دۆسیێك لەدادگا دەکەیتەوەو لەگەڵ گۆرانی هەر باروودۆخێکی گونجاودا دەتوانن بیهێننەوە پێشەوە .

محمد دوای ئەوەی هاوسەرگیری کردووتەوە کورەکەی بەناوی یەکێك لەکورە ئەنفالکراوەکانیەوە ناواوەتەوە .

ئەنفالکراوەکانی خانەوادەی محمد ستار بریتین لە (خورشیدە ئەمین خێزانی، فاخر، شەماڵ، سەلیم ، کەریم، ئاکۆ ، جەمیلە کچەگەورەکەی و شەیما کچە بچوکەکەی .

ئەسعەد شوکر غەفور

## منیش نەك هەر گۆشت ناخۆم بەڵکو هەرنانیش ناخۆم ..



لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٠ ی گوندی توکنی گەرمیانە، ئەو گوندەی ٣٦٥ کەسی ئەنفالکرا لەوانە خانەوادەکەی ئەسعەد بوون، سێ براو خۆشکەکەی و دایکی و باوکی ئەنفالکراون، برا گەورەکەی بەناوی محمد لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ باوکی ئەنفالکراون و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە، بێجگە لەوان مام و ئامۆزاکانیشی ئەنفالکراون، ئەسعەد یش وەکو زۆربەی ئەومنداڵانەی کەسوکاریان ئەنفالکراوە بەمنداڵی بووەتە شوانی عەرەبێك، بە هەناسە هەڵکێشانەوە ووتی: باوکم ئێمەی خۆش گەرەك بوو، ئیشی پێمان نەدەکرد، منیش بێجگە لەو زیندانەی دوبس و تۆپزاوا رەزالەتم نەدیبوو، کەبەربووین وەزعمان زۆر زۆر خراپ بوو، هیچ هیچمان نەمابوو، خەڵك هەمووی لەم گەرمیانە نەبوو بوو، ئەنفال داغانمانی کردبوو، رۆژێك کابرایەکی عەرەب هات بەپیکابێکەوە لەبەرماڵمان وەستا وتی: شوانێکم دەوێ هەرچەند دایکم ووتی: مەچۆ بەڵام من لەبەرنەبوونی لەگەڵ ئەو پیاوە عەرەبەدا رۆیشتم گوندێك بوو لەلای قەرەتەپە، وەزعێکی زۆر ناخۆش تاڵ بوو بۆمن کەسم نەدەناسی شەوان تابەیانی خەوم لێنەدەکەوت، هەموو لەشم کوترابوو، دەمولێوم هەمووی بەگەرماسوتابوو ماوی سێ مانگ من شوانی ئەو پیاوە عەرەبە بووم ، پیاوك بوو ناوی میقداد بوو.

کاتێك پرسیاری تەمەنیم لێکرد وەك بلێی خۆی لەباسی ئەو کاتی شوانیە بدزێتەوە ووتی من منداڵ بووم تەمەنم هەشت ساڵان بوو کە ئەنفالکراین هەموو شتێکم لەبیرە باش بیرمەدیو زۆر پێش ئەنفالیشم بیردێت، بۆمبارانی کۆپتەرەکان کە راوینراین بۆچەمەکەی خوارمانەوە، دواتر بردویانن بۆ دوبز ماوەی ٥ مانگ لەوێ زیندانی بوون.

یادەوەریەکانی ئەسعەد : گەرانەوە بۆسەرەتاکانی ئەنفالکردنیان ووتی: ( لێرەوە لەتوکنەوە رۆیشتوون بۆ عەلیانو لەوێشەوە بۆ ملەسورەو بۆقۆرەتو ئینجا بردویانن بۆ تۆپزاواو دوای سێ رۆژ بردویانن بۆ دوبز، لەوێ دوای چوارمانگ پاصی داخراویان هێناوەو خەڵکێکی زۆریان بارکردووەو دایکی وتوویەتی ئەوانیان بردو بەریانداو ئێمە بۆنەگبەتی ماینەوە، کەچی وەزعەکە پێچەوانەکەوتەوە، ئەوەی بردیان ئیتر نەگەرانەوەو جارێکی ترچاومان پێیان نەکەوتەوە.

ئەسعەد بیری دێت کە لەقۆرەتووشێخ حسێنی هەزارکانیان بردووەو مقۆمقۆی ئەوە بلاوکراوەتەوە کە کاکە شێخ حسێن کانیان بردو بەریاندا. بەلام دوای ماوەیەك کاکە شێخ گەراوەتەوەو وتوویەتی هەتا ئەو خەڵکە لەگەڵمندا بەرنەدەن منیش نارۆمەدەرەوە، ئەم یادەوەریەی ئەسعەد قسەکانی حەمەی

مارف پشتڕاست دەکاتەوە کە لە قۆرەتووەوە بردویانە بۆ لیوای ٤٤٤ لەوبەری سیروان تا قەناعەتی پێبکەن بەربێت.

ئەوەی لەدوبز بیری ناچێتەوە:

ئەسعەت تەمەنی هەشت ساڵان بووە کە لەگەڵ سەدان منداڵی هاوتەمەنی خۆیو لەخۆی بچوکتر زیندان بوون، ئەوەی بیری ناچێتەوە ئەو رۆژەیە کە شامی (شوتی)یان بۆخەڵکەکە هێناوە، ئەوان لەبەر ئەوەی لەهەلومەرجێکی زۆرقورسوقاتو قریدابوون، ئەگەر نانیان بدیایە گەشگە دەی گرتن( خەڵکەکە خەریکبوو شێت دەبوو لەبرسا ) کە وتیان شامی هاتووە خەڵکەکە رۆیشتو کەوتە پەلەپەل چونکە برسی بووین هەر سەمونی رەقیان ئەداپێمان جاربەجارێك نیسکێنەیەکی زۆر زۆر ناخۆش بۆیە خەلکەکە کە شامی بینی هوروژمی کرد، کورێك ناوی غازی بوو لەقاعەکەی بوو شامیەکی هەڵگرتبوو، فەقیرە لەدەستی بەرەوەبوو شامیەکە شکا، نازانم عەمید بوو عەقید بوو نەجمەیەکی زۆر بەبان شانیەوە بوو هات بۆی یەك شەقی تێهەڵدا ئەو غازییە بەستەزمانە سێ چوارتەقلەی دا، ئەوەندە بەتوندی تێی هەڵدا زۆر عەزیەتی دا من قەت ئەو زوڵمەم لەبیرناچێتەوە. ئەو دیمەنە هەرلە زەینمدایەکە عەسکەرەکانی دەوری هەموویان دەستیانکرد بە قاقای پێکەنین . ئەفسەرێکیش بوو ناوی محمود بوو ئەبو ( ) پێ ئەوت خەڵکی سلێمان بەگ بوو زۆر پیاوێکی درندەو خراپەکاربوو لەگەڵماندا. من بۆخۆم



دوسێ جار لێدانم بەدەستی ئەو ئەفسەرەخواردووە لەهیچی خۆرایی .

هەرلەیادەوەریەتاڵەکانی دوبز مردنی مندالان یەکێکە لەودیمەنە ترسناکانەی هەتا ئێستا کاریگەریان بەسەر ئەسعەدەوە هەیە، یەکێك لەوانەی بەبەرچاویەوە مردووە کورێکی خزمی خۆیەتی بەناوی (بەشدار لەتیف صالح) ووتی بەڵی ئەوە باوکی ئامۆزای خۆمە ، سەبارەت بەو منداڵانەی کەلە دوبز لەدایکبوون قسەی بۆکردین، لەپێشەوە هەناسەیەکی نائومێدی هەڵکێشاو ووتی: کورە باسی چیت بۆ بکەم یەکێك لەوانە خەلکی ئەم گوندەیە کچی مام کەریمە ناوی مەلەکە هەرلەوێش ناویان نا. ماڵە لەگەڵ ئێمە سجن بوون لە دبس، زۆری تر لەوێ لەدایکبوون.. بەڵام بەچی دەچێت بروابکە هاتن ناوی ئەو مەلەکەیان کوژاندنەوە وتیان ئێوە ئەنفالتان نیە ئەمە حکومەتەکەی خۆمان کردی ..!! بە نائومێدییەکەوە ووتی من هیچ چاوەروانیەکم لەم حکومەتە نیە، ئاخر ئەوە بیست ساڵە حکومەتنو دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە ئەوە رێگاو بانەکەمانە کەدەی بینی .. ئەوە ژیانو حاڵەکەمانە کە لەبەرچاوتە ؟! ئەوە مام عەلی مامەلی

مرد مامە ئەحمەد مرد حکومەت تازە بەتەمایە شتیان بۆبکات؟ تازە ئەوان مردن ؟! ئەوان رۆیشتن ؟ براهەربێن دڵنەوایمان بکەن ؟ جاشێکیان بدایەتە دادگا کوا ؟ بۆ داڵدەیان دەدەن..!! ئیترلەوە زیاتر چاوەروانی چی بین لەم حکومەتە !

سەبارەت بەجاشەکان زۆر نائومێد بووی لەوەی بدرێنە دادگا بەلاّم کاتێك پرسیاری ئەوەم لێکرد ئایا دەچیتە پرسەی جاش‌و موستەشارەکان بە پێکەنینەوە ووتی : چی پرسەیان ؟ جا ئەوە چۆن بۆمن دەشێت کە هەموو کەسوکارمان ئەنفالکراوە ؟ ئیمە منالاّنی بەرمەمکانیشمانیان دایە دەست بەعسەوەو بەعسیش دانیە دەم شۆفلەوە.

ئەسعەد بۆبەتەنگەوە هاتنی ئەوە پێشنیارەی رۆژی ٢٠١٢/٤/١٤ هیچ پەلەوەروئاژەلێك سەرنەبردرێت‌وگۆشت نەخورێت، ئەی چۆن پەیرەوی ناکەم من نەك هەرگۆشت تەنانەت نانیش ناخۆم برا ئێمەجەرگمان کون کونە..بەڕاستی پێشنیارێکی جوانە ئەو رۆژە پەیرەوی دەکەم.

دواقسە ئەسعەد هەر ئەوەی دوبارەکردەوە دادگایی کردنی جاش‌و موستەشارەکان چونکە تائەوان بەبەرچاومانەوە بگەرێن ئیمە مندالاّنیشمان ئازاردەکێشن. ئەانە مندالانیشمانیان دایە دەست بەعسەوە.

## ٣ی ئایار ئازارێکی هەمیشە لەدڵی دایکانی گۆپتەپەدا

ئا :هێمن عبدالله



مرواری ئەوپیرە دایکەی کەکوڕەزایەکی لەنوگرەسەلمان لەباوەشیدا گیانی سپارد بەچاوێکی پڕلەئەسرین ودڵێکی پڕپڕ لەخەمەوە کەوتەگێڕانەوەی ئەوبەسەرهاتەی کەلەکیمیاباران وئەنفالی گۆپتەپە بەسەر خۆیی خانەوادەکەی هاتووە .بورەمرواری سەرەتاچوێنەلای تابەسەرهاتی خۆیمان بۆبگێڕێتەوە وتی ئەم قسانەی من هیچ سودێکی نیە بۆقسەتان بۆبکەم ئەوە لەوکاتەوەی گۆپتەپە ئاوەدان کراوەتەوە ئێمە قسەبۆ ئەم تی ڤی وئەو رادیۆوئەو رۆژنامەدەکەین بیٚ سوودە هەرکاتی یادەکان بەرپرس وبالاّدەستەکانی ئەم کوردستانەدین وبەڵێن دەدەن وپاشان کەرۆیشتنەوە تاساڵێکی ترئیمەیان بیر ناکەوێتەوەلەبەرئەوەیەناموێ قسەتان بۆبکەم بەلاّم کەزانی منم وتی کاکەهیمن گیان خۆتۆش وەك ئەوان نابی دواتر وتی هەرکەسیٚك هاتوە قسەم بۆکردوە بەخوا بۆتۆشی دەکەم ...

بەزەردەخەنەیەکەوە کەوتە باسی بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەڕەشەی کە لە کیمیاباران‌و ئەنفالی گۆپتەپەدا بەسریان هاتوە، لە٥/٣/ساڵی ١٩٨٨دەمەو ئێوارە بوو، پێموابیٚ ١٧ی ڕەمەزان بووخۆمان حازر دەکرد بۆناومەڕومالاّت، کاتێکمان



زانی چەند تەیارەیەك هاتنە سەر ئاوایی ئێمەش بەرەوكونەتەیارەكان ڕامان دەكرد بۆخۆحەشاردان، پاش ماوەیەك گوێمان لەگرمەوناڵە بو، دوایی زانیمان كە كیمیابارانی گۆپتەپەیان كردوە. دەچوویتە هەرشوێنێك خەڵكێكی زۆر دەیان ناڵاندو وهاواریان دەكرد بەتەنها مرۆڤی نەكوشتبووبەڵكو هەرچی ڕوح لەبەرە بەمانگاوتەیروتاڵ، تەنانەت قومبەلەیەكی لەناو زێ یەكەشدابوو ماسیەكی زۆری كوشتبوو، هاواری دایك بۆمنداڵ ومنداڵ بۆدایك دەگەییە ئاسمان دەڵێین ڕۆژی حەشر، كەس ئاگای لەكەس نابی ئەو ڕۆژەم دەهاتە پێشچاوئێمە بەرەو گوندی عەسكەر چوین، بەڵام ئەوگوندەش كیمیابارانكرا بوو پاشان ڕیگەكەمان بەرەوچەمی ڕێزان گۆڕی ئەگەیشتینەئەوێ چونكە جەیشێكی زۆری لێ بووگیراین و بردیانین بۆ تەواری سلێمانی دووشەو لەوێ بووین، پیاوەكانیان لێ جیاكردینەوەوئەوانیان برد، نەماندەزانی بۆكوێ دەیان بەن دوایی ئێمەشیان برد، بۆ تۆپ زاواچەند شەوێكیش لەوێ بووین دواتر بردیانین بۆسەماوە، ئینجا بۆ نوگرەسەلمان لە سەرەتادا هیچ خواردنێكیان پێنەدەدایین منداڵەكانمان بەخواردنی ناوتەنەگەی زبڵەكان ژیردەكردەوە چونكە منداڵ برسێتی ونەبوونی ونەهامەتی وایان نەدیبوو. دواتر ڕۆژانە یەك بەرداخ ئاوی گەرم وسوێریان پێدەدایین، لەوێ كوڕەزایەكم ناوی دانابوو كوڕی حسنی كوڕم بوو لە باوەشی خۆمدا لەبرسان مرد پێشئەوەی گیانی دەربچێ هەرهاواری دەكرد، دایە ئاوی ناوسەلاجەكەی خۆمانم بۆنادەیتێ ئەوەی قەد بیرم ناچێ گەنجێكی تەمەنم بیست ساڵان داوای پەرداخێك ئاوی لەجوندیەكان كرد پاڵێكیان پێوەناوهەرئەوەندە وت بۆ وام لێدەكەن بەهەموو یان كەوتنە سەری لە هۆش خۆیان بردوو هەمووگیانیان كردە خوێن نازانم دوای مرد یان چاك بووەوە نزیكەی شەش مانگێك بەدەردەسەری و ڕەزاڵەتێكی زۆر ژیانێكی ناخۆشمان بەڕێكردوهەموو ڕۆژێكمان هەرمردن بوو ڕۆژانە خەڵكێكی زۆر لەژن ومنداڵ وپیرو پەككەوتە وەك گەلای دارهەڵەوەرین ولە بەرچاوی ئێمەوە دەیانبرد بیاننێژن، ئەوەندەی پێنەدەچوو سەگڕشەكە لاشەكەی دەردەهێنا دەیخوارد.

ڕۆژێكیان سەیارەیان هێناوسواریان كردین بۆ تۆپزاوا لەوێ خەڵكی ناوچەكانیان جیاكردەوە هەركەسەو بۆ ناوچەكانی خۆیان ناردیانەوە ئێمەیان نارد بۆسلێمانی وپاشان بۆچەمچەماڵ ولەوێ ئازاد كراین.

ناوی ئەوكەسانەی كە لەپرۆسەی ئەنفال وكیمیابارانی گۆبتەپەدا لە دەستی داون

١. ئەمیرە ڕەسوڵ علی كچی
٢. سەمیرە رەسوڵ علی كچی
٣. ڕەمزییە ڕەسوڵ علی كچی
٤. حەسەن ڕەسوڵ علی كوڕی
٥. دانا حەسەن ڕەسوڵ.

# شایانی ڕێزلێنانن



هەردوو گوندی توکن و عەزیز قادر دوای بیست و پێنج ساڵ لەتاوانی ئەنفال هێشتا هەناسەیان بۆنی ئەنفالی لێدێت، ئەو دووگوندە خاوەنی سەدان چیرۆکی بەجێماوو پەرواێز خراون، هەردووکیان بەچڕی کەوتوونەتە بەرپەلاماری ئەنفال و دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی ئەنفالکراون و کەمینەیەکی زۆرکەم نەبێت کەبکەنە دەفتەی لەنوگرەسەلمان و دوبزگەراونەتەوە کەسیان دەرنەچوون..تەنها گوندی توکن کە ئەوکاتە ١١٥ماڵی لێنیشتەجێ بووە ٣٦٥ کەسیان ئەنفالکراوە، گوندی عەزیز قادریش ئەوە جگە لەو خەڵکانەی کە سەربازی هەلاتووبوون و لەوێ نیشتەجێ بوون و ئەنفالکراون.

محەمەد ستارو عومەر محمەد فەرەج، هەردوکیان تاقە دەربازبووی خانەوادەکەی خۆیانن، گەرنگترین کار کەخستوویانەتە ئەستۆی خۆیان ناونوسکردن و پۆلێنکردنی هەموو دانیشتوانی گوندەکەیانە بەر لەئەنفال و دوای ئەنفال، هەموو ئەو کەسانەی بەر ئەنفالکەوتوون لەدەفتەرەکانی بەردەستیاندا ناونوسکراون، بەوانەشەوە کە لەنوگرەسەلمان و دوبزگەراونەتەوە.

لەدەفتەرە دەستنوسەکەی بەردەستی محەمەد ستاردا ناوی ٣٢٢ کەسی ئەنفالکراو نوسراوە، ئەوانە لەوکەسانەن کە ڕۆیشتوون و نەگەراونەتەوە، بەڵام ئەوەشی بە سالنامەی ئەنفالستان ڕاگەیاندا کەوا ژمارەی تەواوی



محەمەد ستارجەبار

عومەرمحەمەد فەرەج

ئەنفالکراوەکانی گوندی توکن ٣٦٥ کەسە، ناوی (٤٠) کەسیان لەم دەفتەرەدا نەنوسراوە، ئەوە جگە لەو کەسانەی کەخەڵکی شارەکان بوون و سەربازی هەلاتووبوون لەگوندەکەیاندا ئەوانیش ئەنفالکراون کە محەمەد بە ١٥ کەس ئەژماری کردن .

لە گوندی عەزیز قادریش (عومەرمحەمەد فەرەج) تاکە دەربازبووی ئەنفالە لەخانەوادەکەی بەهەمان شێوەی محەمەدی گوندی توکن هەستاوە بەئامارکردنی تەواوی ئەوکەسانەی ئەنفالکراون و نەگەراونەتەوە لەگەڵ ئەوانەی ئەنفالکراون و لە گرتووخانەکانی توپزاواو دوبزو نوگرەسەلمان گەراوەتەوە. ئەوانەی ئەنفالکراون و ئێستا لەژیاندا ماون ئەوانەی ئەنفالکراون و لەژیاندانەماون.. ئەم پۆلێنکاریەی کە ئەرکی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان یان هی سەنتەرو ڕێکخراوەکان بوو ئەوان خۆیان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک لە دەفتەرێکی خەتداری هاکەزایدا ئەنجامیانداوە.

هەقە بەبایەخەوە تەمشای کارەکەیان بکرێ و هاوکاری بکرێن

بەهۆیەوە هەردوولا پێکەوە ( ناوەندی چاک و سالنامەی ئەنفالستان) ڕێزلێنانی پێشکەشکردن .



# ئەنفال و یاسا

هەورازەکان پڕبوون لە هەنگوین ، گوڵاڵە سورەکان
چاکان دەڕازێنێتەوە
گڕی بابا گوڕگوڕ باڵی پەپولەکان ئەسوتێنێ
چرای شۆڕشەکەم شەهیدە ئەنفالە جلە خاکی
یەکەی پێشمەرگەیە
تۆ چیت تۆ سیانکە بوویت ئەوە باش بزانە بوینی
ئەدیداسەکی پێم هەموو ویژدانی تۆ دێنێ
من لەکاتێکدا خوڵ و خاکی ئەم نیشتیمانەم بە کوڵۆ بوو ، تۆ
دزیت لەخاك دەکرد
ئێستا ئەتەوێ ناوی مێشهەنگ بێنی ، پێت ئەڵێم زەقنەبووت
ئەخۆی
ئەزانی بۆ
من لەبێنی ئەوگوڵەدا لە سێبەری داربەڕودا نوستوم
تۆ بەزوخاڵێکی ڕەش مۆرێکی هەڵکەنراوت لەنێو دڵو چاوتا
دانابوو
تۆ خیانەتکاری
بۆ ناڕوانیتە لاپەڕە ڕەشەکانت، ئەوە باش بزانە کردەوەی
مێژووی تاڵتە
من بە زبانی شیرین لە ئەشکەوتا فێربووم ، بۆیە مێشهەنگەکان
لەدەوری گوڵەکان کۆبونەوە
بۆ من شیفایە بۆتۆ زەهری مارە
ئێستاکە پێت ئەڵێم
من خاکی نیشتیمانم ماچ ئەکرد کڕنوشم بۆ نیشتیمانەکەم
دەبرد
ئەی تۆ گەندەڵ نەووی بۆ نیشتیمانەکەت، تۆ سەگە برسی
بوی پاسەوانیت بۆ گەلە گورگەکەی سەدەی بیستەم دەکرد

ئەی بێ شەرم من و تۆ جیاوازیمان نیە ، من بۆنیشتیمانەکەم
وەرەسەم هەیە ئائێستا بەڵگەت بۆ دێنم
قەندیلی سەرسپی شاهیدە، لەدەشتاییەکانی گەرمیان جەوەل
حەمرین دێنم.. لەکەرکوك بابا گوڕگوڕ دێنم، بەشاهیدی
سەدوو هەشتاودووهەزارگوڵ، لەهەڵەبجە عومەری خاوەرو
پێنج هەزار پەپولە ، ئەی ئەوە بەڵگە نیە، دەمێکە جیهان
کەڕبوون زبانەکان بڕابوون ، تۆ لەنێوزبڵدانێکی ڕەشدا بۆگەنت
کردبوو
ئەتەوێ چی بۆ ژیان نامەکەت بنوسم ، سەرشۆڕی ، خیانەت ،
گەندەڵی
ئائەوە پیشەکەتە
من شەرەفی ئازایەتیم وەرگرتووە شانازی بە ژیان نامەکەی
خۆمەوە دەکەم
لەبەر ئەوەی من شەهیدی ڕێگای ڕزگاری بووم
ئەی ئەوە میژوو نیە
دەست پاکی خزمەتگوزاری خۆشەویستی نیشتیمان و
پاراستنی دەستکەوتەکان و زبانەکەم من کوردم
تکایە بێ دەنگی ئائەوە یاسایە بڕیاری لەسەر دەدات ، تۆ
کەسێکی کۆمەڵکوژی منت کردووە
گەورەم من شاهیدەکانت بۆ دێنم
دایك و باوك و براو خوشك و مام و ئامۆزا و خاڵمی ئەنفال
کردووە
ماڵ و سەروەت وسامانمی بەتاڵان بردووە ، خیانەتی لەگەڵ و
نیشتیمانەکەم کردووە
بەڵێ سوێند ئەخۆم بە قورئان و نیشتیمان ئەمەی باسم کرد
هەمووی ڕاست و دروستن
وەرە پێش ئەزانی تۆ کەسێکی زۆر تاوانباری بەمن دەڵێ ی
گەورەم ، بەڵێ بەتۆمەقوزەڵقورد ئەمە یاسایە
سزای خۆت وەرگرە بۆهەتا هەتایە ، سەرشۆڕی خیانەتکاری
گەل ونیشتیمان
جارێکی ترو دەجاری ترقوزەڵقورد تاوانباری گەندەڵ
ئەنفالچی

**پەخشانی**
**حسین تالاوی**

**عەریف سەردار :**

# من شایەتحاڵی گۆڕی دووهەمیانم

**دیدار هاوراز حاکم ڕێبوار .**

**لەژمارە (٨)ی ئەم سالنامەیەدا هەواڵی دۆزینەوەی گۆڕیکی بەکۆمەڵمان بلاوکردەوەو تیایدا بەڵێنماندا کە لەم ژمارەیەدا دیداری ئەو شایەتحاڵەبلاوبکەینەوە کە بەشداری لەشاردنەوەی تەرمەکاندا کردووە. فەرموون ئێوەو دیدارەکەی عەریف سەردار.**

**ئەنفالستان: سەرەتا سوپاس وپێزانینی خۆمان وستافی گۆڤارەکەمان ئاراستەی بەرێزت دەکەین ،ئەوە بۆیەکەمجارە ئەم زانیاریە بێشکەش بە ڕاگەیاندن دەکەی ؟ دەمانەوێ باسێکی وردی ئەو گۆڕەبەکۆمەڵەمان بۆبکەی کە پارساڵ لەمەحەتەی قیتارەکەی کەرکوك دۆزرایەوە، کە بەهۆی زانیاریەکانی تۆوە ئەم گۆڕەهەڵدرایەوە وئاشکرا بوو. تۆ وەك کرێکاریك کارت لەهەڵکەندنی ئەم گۆڕانەدا کردبوولەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا ؟**

سوپاستان دەکەم دەست خۆشیتان لێ دەکەم کەداوای ئەم زانیاریانەلەمن دەکەن منیش بەخۆشحاڵیەوە وەك شایەدحاڵێك ئەوەی بینیومەو بیستومە لێ دەزانمبۆتانی دەگێڕمەوە .

ئەوە گۆڕێکی بەکۆمەڵە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەیای ساڵی ١٩٨٨ من پێش ئەوەی ببمەسەربازی حکومەتی عێراقی مەلەمەیدان کارم دەکرم ٤٠شەوێشی ئەوەی بچمە ئەو گۆڕە بەکۆمەڵەکاربکەم لەپشتی مەعرەزەکان کوردەکانی خۆمانم دەبینی کەلەئەنفالدا گیرابوون لەناوچەجیاجیاکانی کوردستانەوەبەرەو تۆپزاوایان دەبردن نزیکەی مانگێك دوای ئەوە لەڕێگەی کرێکارێکی دۆستی خۆمەوە پێی وتم کە ئیشی حەفرمان هەیە چاڵ هەڵکەندن پێخۆشە بێت ئیشمان لەگەڵ بکەی ڕۆژانە ٨دینارە ٨دینار بۆئەوکاتە زۆربوو منیش ڕیکەوتم لەگەڵی بچم بۆ ئیشەکەبەلاّم من لەسەلەرەتادانەم دەزانی بۆئەم ئیشەیە.سەرەتا کەدەستمان بە ئیشەکەکردئیشەکەمان لەناوچەی حەی سەناعەکەی کەرکوکەوەیە ئەکاتەپشت سایلۆکانەوەلەفەرعی مەعمەل بیبسی تەئمیمەوەبۆی دەچیتەژوورەوە بەس بێشتر ئەومەعمەل وکارگانەی لێ نەبووئەوسەردەمە سەربازگە (معسکەر) ێکی لێ بوکە لەتەنیشتی ئەوقەبرستانەوەیە وەختی خۆی شوێنی تصلیحات چاککردنەوەی دەبابەو ناقیلەی هێزە سەربازییەکان بوو.



**ماڵی علی حسن مجید خۆشی هەر لەوێ نەبوو؟**

نائەوەماڵ نیەخۆعلی حەسەن مەجیدماڵی نەبوومتەجەول بوو ئیحتیمالەمقەریك بووبێ ئەوە دورەلە علی حسن مجیدەوە .دەکەوێتە تەنیشت مەحتەی قیتارەکەوە ئەکاتە پشت گەڕەکی واحد حوزەیران ئەوگۆڕەبەکۆمەڵە.ئیتر ئەوەبوو دەستمان

بەئیشەکە کرد پێش ئەوەی من بچم برگەییەکیان تەواو کردبوو واتە بلۆکیك بلۆکێك خۆی لەحدودی (٢٣٠ــ٢٥٠)تەرم ئەدا قاتعێکی پێش ئەوەی من ئیش بکەم جێ بەجێ کرابوو منیش کەچومەئەوێ شێوازی ئیشەکەیان پێی وتم ئیشەکە سەرەتابەحەفارەبوو پاشان ئێمە لەناو چاڵی حەفارەکەدا حەفرێکمان بەئەندازەی دارەمەیتێك هەڵئەکەند کەئەبوو ئەو دارەمەیتەی تێدا نقوم ببوایە بۆئەوەش چوار داریان پێدابوون کەدەبووبەو قیاسەهەڵی بکەنین دارێك بۆدرێژی دارێك بۆلای سەری دارێکی تربۆناوەڕاست ودانەیەکی تر بۆلای قاچی .من ماوەی هەفتەیەك بەم شێوەیە کارم کردچ چاڵەکان تەواوبوو ئەوبلۆکەی ئێمە ئیشمان لێ دەکرد چاڵەکان زۆربوو دەرۆیشتەخوارەوە مەسافەیەکی زۆربوومن شایت حاڵی بلۆکی دوویانم بلۆکی یەکیان تەواوکرابوو چاڵەکانی بلۆکی دوویان تەواوبوبووئێوارانێکی ڕۆیشتینەوە بۆبەیانی کاشی ئیستایگەریان هاتبوو بەدەوری ئەوحەفرانەدا دابەشکرابوو هەربیکابەولەشوێنێکەوە ڕاگیرابوو ڕۆژێکیان چواردەورمان گیرا واتاتێکەڵ بەئێمەنەبوون جوندی چواردەورمن گیرا چلی قوەت خاسەیان لەبەردابووسیمای قوەت خاسەیان پێوەدیاربوو لەدوای ئەوەدووتا سێ ئیڤاجوندی شغوڵ هاتن سیمای بەرگ وشتەکانیان هی خەستەخانەی عەسەری بوو چونکە موخەربەت بون بەدلەی شینیان لەبەردابووپۆستاڵیان لەبەردابوو واتابەجوندی خەدەمی دەچوون چوندیەکان هاتن لای ئێمە دانیشتن وپاشی ئەوە لاندگرۆزێکی عەسکەری هات کەسێکی تێدابوو دیاربوو ئەوکەسە سەرپەرشتی هەموویانی دەکردئەوکەسەش ئیمام تابوربوو ئیمام تابور واتامەلایەکی عەسکەری یان فتوایەکی عەسکەری ئیشی ئیمام تابور لەخەستەخانەگەورەکان بووشوێنیان ئەوێیەشێوازی ئیمام تابور ڕیشێکی سپی درێژی هەبوومەندیلێکی ڕاست وچەپ بەستابوو قاتێکی زەیتونی وەکو ئەمنەکان لەبەردابوو چواردەخۆرێکی بەقەدەوەبوو عەبای مەلاییەتیەکەشی هەر زەیتونی بوو کەهات دەستی لەگیرفانەکانی دبووسەیرێکی وەزعەکەی کردوو دیاربوو شتەکەی بەدڵ بوو لەدوای ئەو چەند سەیارەیەکی شاحینەهاتن ئەوانەی گۆشت وشتی بەستوی وەك مۆتەوساردەمەنی پێدەگوازنەوە ئینجا وەسەت وگەورەو بچوکی هەیە ئەمەلەعەجمی وەسەتەکەیان بوو کەسەیارەکان هاتن هەرمەسافەوسەیارەیەکیان لێ ڕاگرت پشتی سەیارەکانیان کردە حەفرەکان وقاپییەکانیان کردەوە جوندی ئالآیەناو شاحینەکانەوە بەشەش جوندی سندوقێکیان هەڵدەگرتو دەیان خستەناوچاڵێکەوە هەندیك لەجوندی تر عایدی ئەوە بوون کاشییان دەنایەسەرتابوتەکان وەجبەیەکی تر خۆڵیان بەسەر سندوقەکاندادەکرد کە میتەکانی تێدابوو هەرسەیارەیەك کەئەهات وئەگەڕایەوە مەیتەکانی دەهێنا خوێنی لێ دەچۆڕایەوە

دیاربوو ئەوخەڵکانە هەمووی زیندووبوون ورمی کرابوون

ئەنفالستان: پیت وانەبووئەوکەسانە ئێرانی نەبوون؟نازانم واقسەت بۆدەکەم ئەوبلۆکەتەواوبووعەرسەیارەیەکدەگەڕایەوە بەئەندازەی بەرمیلیکی نەوەت خوێنی لێ دەچۆڕایەوە چونکە چەنازەی زۆر تێدابووئەوان ئیشی خۆیان تەواو کردوتا نزیکەی سەعات دوونیوتاسێ خایاند دوای ئەوە ئیمام تابور هەموویانی بەشێوەیەکی ئیسلامیانە تەڵقین کرد ئامین یان کرد دەستیان بەڕێشیاندا هێناو ڕۆیشتن شێوازی ئەم جەنازانە هەموویان پشتیان لەزەویەو روویان لە ئاسمانە وەك شێوازی خۆمان نەنێژراون شێوازی خۆمان لەسەرلایەو روولەقیبلەیە،ئەوجیاوازیەشیان هەیە ئەوان تەواوبوون وڕۆیشتنەوەئەو کرێکارەی منی لەگەڵ خۆی برد بۆئەوێ ئێستا نەماوە خواعافوی بکات پیم وت:ئەم وەزعە چیە ڕوودەداتوەزعێکی زۆر ناخۆش و کارەسات بار بوو..وتی ئەوبلۆکەی پێشتر سندوقێکیان لەدەست بەربووەوە جەنازەیەکی تێدابوو شەرواڵێکی کوردی وقەمیسێکی قوات خاسەی لەبەردابوو بەپەلەلولیانداو بەلایلۆنەکەوە خستیانەوەناو حەفرەکە وەزعەکەیان دەبرکرد من لە دوای ئەوەتا(٣) ڕۆژکە ئیشم کردووهەفتەیەکم تەواوکرد ڕۆژانەکەم وەرگرت ودواتر نەهاتمەوە تا پرۆسەی ئازادی ولە ناوچونی ڕژێمی بەعس جەنازەکان نزیکەی ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ کەس بەسەرەوەیە

تۆپێت وایەئەوجەنازانە کوردبن بە پێی ئەو جل وبەرگەی لەبەریاندابووە؟من نالێم کوردن یان کوردنین بەلام ئەم قەبرسانە هی ڕۆژێك ودووان وسیان نیە لەسەردەمانێکەوە خەڵکیان بۆ هێناوە

ئەنفالستان: بەپێی ئەوەی ئەم شوێنە لەتۆپزاواوە نزیکە دەبێ ئەنفالکراوەکانیان هینابێ بۆئەوێ

مەسەلەکە تۆپ زاوانیە ڕژێمی بەعس لەهەرشارێك مەعەسکەروڕەبییەی دروست دەکرد ،لەهەولێر مەنتیقەی فەیلەقی ٥ هەبوو ناوچەیەکی داگیرکردبوو بەقەد مەعەسکەرخالید زیاتر دەبوو کەرکوکیش بەهەمان شێوەبوو شوێنی سەربازگە بەهیزەکانیان ئەو شوێنانەبوو،دوای پرۆسەهاتمەوە هەندێك گۆڕی تازەی بۆ زیاد کرابوو کەخیلافی لەگەڵ ئەوانەداهەبوو جیاوازبوو،دیاربوو ئەوانە لەلایەن دائیرەکانی ئەمنی ڕژێمەوە ڕمی کراون ولەوێ نێژراون .لەسەرەتادانەمان دەتوانی ئیشی تێدابکەین ئەم وەزعە بۆ ئێمە ڕەخسا چوینە خوارەوە وەزعی کەرکوك نائارام بوو ژووری عەمەلیاتی کەرکوك داوایان لەهێزی پێشمەرگە کردبوو هاوکاریان بکەن کەپشتێنەی ئەمنی بۆ پاراستنی کەرکوك دروست بکەن بەسوتفە ئێمە کەوتینە تەنیشت ئەو گۆڕەبەکۆمەڵەوە منیش شوێنەکەم بیرهاتەوە وتم :دەبێ دەزگایەکی خۆمانی لێ ئاگاداربکەمەوە .دواتر وەزارەتی شەهیدنی کەرکوك مافی مرۆڤ بەکارەکە هەڵسان وگۆڕەکەیان هەڵدایەوە لەکۆتایدا ئێمە سوپاسی بەڕێزت دەکەین بۆ پێدانی ئەم زانیاریانە

## عەتیە سعید عبدالرحمن

# "ئێستاش دڵم هەردەڵێت منداڵەکانم ماون تامردن هەر چاوەڕوانم بگەڕێنەوە"

ئا: هێمن عبدالله

پورە عتیەپیرەدایکێکی تەنهای گۆپتەپەیە زۆربەی کاتەکانی ژیانی بەتەنهای بەسەردەبات بەچاوەروانی گەڕانەوەی منداڵەکانی شەوڕۆژدەکاتەوە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو بەچاوێکی پڕلەحەسرەتەوە وتی: من ئێستاش دڵم هەردەڵێت منداڵەکانم ماون بەڵکوکەسێك لایدابێتە لاوەوخوابەمنی بداتەوە ئەوڕۆژە بێ تامردن هەر چاوەرێم.

لەسەرەتادا کەکەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کیمیاباران وئەنفالی گۆپتەپە ئاماژەی بەوەکرد بەشێکی زۆر لە شتەکانم بیرنەماوە وابزانم (١٧)مانگی ڕەمەزان بووخەریکی خۆئامادەکردن بووین بۆ بەربانگی ئێوارە کاتێکمان زانی چەندتەیارەیەك هاتنەسەرئاوای گۆپتەپەو لەچەند لایەکەوە گوندەکەیان دایە بەر کیمیاو توزودوکەڵێکی زۆریان لەچەندشوێنێك بلأوکردەوە .ئێمەش لەچیگەکانی خۆمان چلەکانمان تەر کردو بەسەر خۆماندادا.دوکەڵەکەی مەیلەو سورو سپی بوو پاش ماوەیەك بۆنەکەی لەگۆپتەپەدا بلأوبووەوە پاش ئەوەبەرەو ناوتاویر ڕۆیشتین بەهۆی ئەوەی کیمیاکە تەئسیری زۆری لەچاومان کردبوو وەك کوێرمان لێ هات بوولەیەك بزربووین هەر هاواری کوڕو کچ



وپیاوەکەم دەکردکەس بەکەسەوەنەبوو هەتا سەعات ١٢ی شەویەکترمان نەدۆزییەوەدواتر چووین بۆگوندی جەلەمۆرد کەهەمووخەڵکەکە لەدۆڵێکدا بوون پێیان دەگوت چەمی بابەڕوشە دەکەوێتە سەروی گوندی جەلەمۆرد لە گۆپتەوەوەچووین قادروحسۆ بە تەرەکتەرێکی بێ برێك بێ لایت درەنگانێك گەیشتین،پێشمەرگەیەکی جل ڕەش پێی وتین ئەوەی کیمیاکە کاری تێکردوە ئاگری بۆبکەنەوە باش دەبێت پێشمەرگەیەکی زۆر لەگۆپتەپەوەنوچەکەدابوون زۆریشیان لێ کوژرا ،کاتێك گەیشتینە چوخلیجە ڕۆژ هەڵات تاوبان گەرم بووجەیش وجاش دەوریان داین وئێمەش بۆماوەی هەفتەیەك لەوێ ماینەوە دواتر چوار دەورمان گیرا .بەزیلی عەسکەری بەرەو تەقتەقیان بردین. لەوێ ناو نوس کراین وجیاکراینەوە بەرەو تۆپ زاوایان بردین پاشان بۆ نوگرەسەلمان گوازراینەوە بۆئەوەی ناخۆشیەکانی ئەوێش بچێژین لەسەرەتادا هیچ خواردن وئاوێکیان پێنەدەداین بەلأم پاش چەند ڕۆژێك یەك سەمونی ڕەق

وپـــەرداخیك ئـــاوی گـــەرمیان پێـــدەداین .زۆربـــەی خـــەڵك لەبرســـان دەمـــردن ،بـــەزۆری منداڵـــەكان دەمـــــردن چـــونكە بەرگـــــەی ئـــەو گــــەرمی و برســـێتیەیان نـــەدەگرت ڕۆژانـــە ١٠تـــا ٢٠كـــەس زیـــاتر دەمـــــردن لەقاوشـــێكدابووین هـــــەمووی پیســـایی بوولـــەتۆپ زاوا بەتـــەواوی لەمنداڵـــەكانم دابـــڕم وچـــاوم پێیـــان نەكەوتـــەوە لەنوگرەســـەلمان



كاتێـــك مردویـــەكیان دەبردبـــۆ ناشـــتن دوای ئـــەوان سەگەڕەشـــــــەكە دەری دەهێنـــــاو دەی خـــــوارد بەبەرچـــاوی ئـــەو هـــــەموو خەڵكـــەوە ،پـــاش

ئەوماوەیـــــە دواتـــــر نـــــاو نوســــكراین هێزمـــا تێدانەمابووپیاوەكەشـــــم نـــــەخۆش بـــــوو ،بەئێمـــەیان دەگـــوت منـــداڵو گەنجەكانیشـــتان بـــــەردراون ،بـــــەڵام درۆیـــــان لەگـــــەل كردینكەهاتینـــەوە زانیمـــان كەســـیان نـــەماون بـــەڵام مـــن ئێســـتاش دڵـــم هـــەلردەڵێت منداڵـــەكانم مـــاون بـــەڵكو كەســـێك یـــەكێكیانی لادابێتـــەلاوە خـــوا بـــەمنی بداتـــەوە هـــەر چـــاوەڕێم ئـــەوڕۆژەبێ تادەمرم هەر لەچاوەڕوانی گەڕانەوەیاندام

كەســـە نزیكـــەكانی كەلەپرۆســـەی ئـــەنفال و كیمیا بارانی گۆپتەپەدا شەهیدبوون ئەمانەن

١. دووكچی بەناوەكانی(پەیمان وبەیان) .
٢. ناجیـــــە ســـــعید عبـــــدالرحمن خوشكی
٣. پێـنج كـچ وچـوار كـوڕی ناجیـە كەدەكاتـە خوشـــــكەزای پورەعتیـــــە بـــــەناوەكانی (هـــاوار، نەســـرین ،ڕەنگـــین، تریفـــە، قەدرییە، سەلام، ستار،أبراهیم،دلێر )
٤. برایـــــــەكی بـــــــەناوی عــــــەباس سەعیدعبدالرحمن
٥. برازایـــــەكی بـــــەناوی جـــــەنگی عزیـــز عبدالرحمن
٦. دووخوشـــــكەزای تریشـــــی بـــــەناوەكانی (عوسمـــــان كـــــەریم و ڕەســـولْ كـــــەریم ) كەناسرابوو بە( دكتۆرئاسۆ)

# چیرۆکی (بارق) و فریدانە خوارەوەی عەبداللە خەرابەیی

پەلاماری ئەنفالی چوار لێوان لێوە لەچیرۆکی ستەمکاری بەعس وشکستی کوردوسەرشۆڕی و لەهەمان کاتیشدا بەرگری و بەرهەڵستی لەبەرامبەر رژێمێکی توندرەفتاردا .. هێشتا بەکارهێنانی گاز، لەوبەری زێ بەتایبەتی لەهەردووگوندی گۆپتەپەوعەسکەرکاری خنکێنەرانەی دەکرد، کەسەربازوجاش لەمبەری زێ خەریکی تۆمارکردنی نامەردی تربوون..ئێوارەی ١٢ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ تاوانێك لەمیانەی ئەنفالی چواردا ئەنجامدرا کە دلرەقی وستەمکاری بەعسیەکان هەموو سنورەکانی بەزاند .. تەنانەت رادیوی تاران نەیتوانی خۆی لێ لابداو وەکو هەواڵیك خوێندییەوە، کاتێك بەپێشچاوی شارێکەوە بەپێشچاوی ئەو موستەشارە جاشانەشەوە کە کورد بەناهەق ناوی پیاوماقوڵی لێناوون، ٣ کەسایەتی دەشتی کۆیە لە ئاسمانی شارەوە بەسەر بارەگای فەرماندەیی کەرتی یەکی کۆیەدا بەردرانە خوارەوەو بە ئاسمانەوە شەهیدکران .. ئەوانیش هەریەك لە عەبدوڵائەحمەد حمەدەمین خەڵکی گوندی خەرابەو کانەبی پەزاو حمەد رەزای خەڵکی گوندی شەوگێڕ بوون .

حیکایەتی ئەو شەهیدانە نابێت هەرگیز لە مێژووی کوردا لەبیر بکرێت، کە کارەکتەرەکەی دەخاتە ناو قارەمانەکانی ئەنفالەوە شەهیدکردنی عەبداللەی خرابەیی و هاورێکانێتی، ئەونەدە بەنامەردی کوژران مێژووی شۆڤێنێتی عەرەبی تاریکتر دەکات، ئەوەی مایە هەڵوەستە لەسەرکردنە شێوازی کوشتن و ئەشکنجەدانیانە لەئەنفالی چواری ناوچەی قەڵا سێوکەودەشتی کۆیەدا.

من لە نوسینەوەو تۆمارکردنی ئەم چیرۆکەدا تەنها مەبەستم ئەوەنیە کە نەوەکانی دوای خۆمان بزانن کورد چی بەسەرهاتووە، بەڵکو بۆ ئەوەشەکە ئیدی شەرمێك لەرەفتارەکانی بەعسیزم بکەین و چیتر بەبێباکیەوە لەناو خانەوادەوفەرمانگەکانی هەریمی کوردستاندا چاو لە پیادەکردنەوەیان نەپۆشین .. بێگومان گەلێك لەخەڵکی ناوچەکە ئەم بەسەرهاتەی عەبداللەی خەرابەیی وهاورێکانی دەگێرنەوە، بەپێی ناوەرۆکی بەڵگەنامەیەکی بەرێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازیش[١٤] ئەم تاوانە بەپێشچاوی هەموو جاشەکانی فەوجە سوکەکانەوە ئەنجامدراوە، وەلێ ئەوانیش نەك غیرەتی بەرەنگاربوونەوەیان نەبوو، بەڵکو هیچ پەندێکیشیان لەو توندرەفتارییەی لیوا رکن بارق عەبدولا وەرنەگرت کە ئەوسەروەختە پلەی عەمیدی هەبوو.. للیوای ٦٦ کە پارێزگاری کۆمپانیای نەوتی کەرکوکی پێسپێردرابوو، عەمید رکن بارق عەبدولا حنتە فەرماندەی بوو، ئەم هێزە سەربازیە لە پەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیانداوچ لە پەلاماری ئەنفالی چوادا بەدرندانەترین شێوە پەلاماری کوردو گوندنشینەکانیان دەدا، ئەم چیرۆکەی ئێستا

---

[١٤] بروانە بەڵگەنامەکە

دەیخوێنیتـــــەوە بەڵگەیـــــەکی لەســـــەرتاوانەکانی بـــارق عەبــدوڵا حنەتـــە کـــەدواجار لەلایـــەن خـــودی صـــــدام حســـــێنەوە بـــــە ترســـــنۆك نـــــابراو هەربەدەستی پیاوەکانی خۆی کوشتیان.

چـــــەندین شـــــایەتحاڵو بەڵگەنامـــــە لەبەردەســــــتدان کـــــە بـــــارق تونـــــدرەفتارترین‌ودلرەقترین ئەفســـــەر بـــوو، لەگـــەڵ کـــوردو ئەنفالکراوەکانــدا بـــەڵام هـــیچ کامیـــــــــــان بەقـــــــــــەدەر ئـــــــــــەو دوو بەڵگەنامەیەکاریگـــەرنین کـــە بـــاس لـــە فریدانـــە خـــوارەوەی ســـێ پێشـــمەرگە دەکـــات، یـــان لـــە بـــــەرواری ١١ی مـــــایس بـــــارق عەبــــــدوڵا ژن‌وپیـــــاوێکی بەحـــــەبل بەســـــتووەتەوەو لــــە ناوصــــــندوقی ئۆتۆمبیلەکــــەی خۆیــــدا فرێــــی داون‌و پاســـــەوانەکانی بـــەپێش چـــاوی خەڵکـــەوە ئەشــــــــکەنجەیانداون . دیســــــــانەوە هەرلـــــــەو بەڵگەنامەیـــــــەدا کـــــــە داوای دروســـــــتکردنی لیژنەیـــەکی لێکۆلینـــەوە لـــەبارق دەکـــات هـــاتووە کــــەوا نــــاوبراو چووەتەســــــەرماڵی ســــــێ موستەشـــــــارو مالـــــــەکانیانی تـــــــەفتیش کردووەوپـــارەو ئالتوونیـــانی بـــردووە. ئـــەوانیش بـــریتین لـــە فـــەوجی ٨٥ی جاشـــە ســـووکەکانی قاسماغـــاو فـــەوجی ٢٠٧ی مـــیرزا ئیســـــماعیل‌و فەوجی ٨٦ی مام یحیا .

## چیرۆکی شەهیدکردنی عەبدوڵای خەرابەیی‌و هاورێکانی :

عـــارف قوربـــانی یـــەکێك لەکتێبـــە چـــاپکراوەکانی پێشـــــــکەش: بـــــــە (عەبـــــــدوڵڵا خەرابـــــــەیی) کردووەولەبارەیەوە نوسیویتی:

عەبدوڵاهاوڵاتیـــەکی گونـــدی خەرابـــەی دەشـــتی کۆیـــە بـــوو، کاتێـــك هـــەزاران ژن‌ومنـــاڵی ناوچـــەکەیان دەســـتگیرکرد.. (عەبـــدوڵڵا) لەناوحەشـــارگەکەیدا خـــۆی حەشـــاردا بـــوو، بـــەڵام کاتێـــك چـــاوی لێبـــووە وا دووســـەرباز لـــەناو قامیشـــەڵانێکدا کچێکی کـــورد، راودەنێن‌ودەیانـــەوێ پـــەلاماری بـــدەن، ئـــەم دیمەنـــە وا لەعەبـــدوڵڵا خەرابـــەیی دەکـــات چـــاولەمەرگی خـــۆی بپۆشێ‌ولەحەشـــــارگەکەی دێتـــــە دەرەوەو هـــــەردوو ســـەربازەکە دەکـــوژێ. لـــەدەنگی تەقـــەکان هێزەکـــانی ترکـــە لەناوچـــەکەدا خـــەریکی کێومـــاڵ بـــوون بـــەدوای پێشـــمەرگەو گوندنشـــینەکاندا بـــەئاگادێن‌و پـــەلاماری ئەوشـــوێنە دەدەنـــەوە، شـــەڕلەنێوان ســـوپاوعەبدوڵڵادا دروســـت دەبێـــت. دوای ئـــەوەی فیشـــەکی پێنامێنێـــت ئینجـــا دەتـــوانن دەســـتگیری بکـــەنن ئـــیتر نامـــەردی لێـــرەوە رونـــتر بـــەدیار دەکـــەوێت کـــە (بـــارق عەبـــدوڵڵا حنتـــە ) بـــەدیلی عەبـــدوڵا خەرابـــەیی وهاورێکـــانی دەگـرێ‌و دەیانبـا سـواری کۆپتەرەکـەی خـۆی دەکـات‌و لەبـــەرزایی ئاسمانـــەوە بەریاندەداتـــە خـــوارەوەو عەبدوڵاو هاورێکـانی شـەهید دەبـن) مـەلا شـاخی کـە یەکێکـــە لەوپێشـــمەرگە پارتیزانانـــەی لـــەرۆژگارە


بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
التكريتي
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
(مكتب المدير)

سري للغاية وشخصي

العدد :
التاريخ :

سيدي نائب القائد العام للقوات المسلحة - وزير الدفاع المحترم

الموضوع/ معلومات

تحية وتقدير سيدي :
١. توفرت لدينا المعلومات التالية والتي مورست من قبل العميد الركن بارق عبد الله - قائد قوات حماية النفط .
أ. بتاريخ ١٢ مايس ٨٨ القي ثلاثة مخربين من الطائرة وعلى ارتفاع عالٍ على مقر آمرية قاطع كويسنجق وامام معظم مقاتلي أفواج الدفاع الوطني .
ب. بتاريخ ١١ مايس ٨٨ ربط رجل وامرأة بحبل ووضعهم في صندوق العجلة .. وقام جنود الحماية بضربهم امام الأهالي .
ج. قيام قوة بأمرته بتفتيش دور مستشاري أفواج الدفاع الوطني المدرجة اسمائهم ادناه والاستيلاء على مبالغ من المال وحلي ذهبية :
أولاً : المقاتل قاسم فارس - مستشار فوج ٨٥ دفاع وطني .
ثانياً : المقاتل ميرزا اسماعيل - مستشار فوج ٢٠٧ دفاع وطني .
ثالثاً : المقاتل مام يحيى - مستشار فوج ٨٦ دفاع وطني .
٢. مما تقدم .. نقترح الموافقة على تشكيل مجلس تحقيقي بحق الضابط المذكور .. في مديريتنا للأسباب المشار اليها بالمادة (١) أعلاه .
يرجى التفضل بالاطلاع والتنسيب .. مع فائق التقدير والاحترام سيدي .

اللواء الركن
مدير الاستخبارات العسكرية العامة

FOR OFFICIAL
USE

( ١ - ١ )
سري للغاية وشخصي

سەختەکانی پاش ئەنفال لەناوچەکەدا ماوەتەوەوئەو روداوانەی پاش ئەنفالی یاداشت کردووەوکتێبێکی دەربارەی ئەنفالی چواروناوچەی خاڵخالان نوسیووە، جگە لە یادەوەریەکانی خۆی، ئاماریکی وردیشی دەربارەی قوربانیەکانی ئەو قۆناغەی ئەنفال ئامادەکردووەوچاپی کردووە لەلاپەرە ٤٤ی کتێبەکەیدا (ئەنفالی خاڵخالان) دەربارەی عەبدولای خەرابەیی نوسیویتی : ( ...لەویٚ هەواڵی شەهید بوونی کاك عەبدولای خەرابەیی و دووهەڤاڵەکەیم پێگەیشت، بەوە زۆرنیگەران بووین کەووتیان بە زیندوویی لە کۆپتەر فریدراونەتە خوارەوە )[١٥]

بۆسۆراخی ڕاستی ئەم چیرۆکەی عبداللە خەرابەیی و ڕەفتارەکانی بارقی گۆڕبەگۆڕ زۆر هەوڵمدا ڕاستی ئەو گیرانەوەیەی عارف قوربانی بزانم، بۆیە بەردەوام پرسیارم لەخەڵکی ناوچەکە کردووە ، حاکم صالحی گوندی کلێسە جارێکی تر لەدیدارێکی کورتی نێوانماندا جەختی لەڕاستی روداوەکە کردووە. بەلام ئەوەی لاروون نەبوو کە کام ئەفسەری عێراقی ئەوتاوانەی ئەنجامداوە..

هەروەها نوسەری کتێبی ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال عبداللەکریم محمود لە دەمی فەرماندەیەکی ئەو سەروەختەی پێشمەرگەوە ( رابەری سەید برایم ) بلاوی کردووەتەوە. تەنانەت ئەوەندەشی وتبوو کەوا نەك هەرکاك عەبداللەی خەرابەیی بەڵکو پاش بەرگری و شکانی پێشمەرگە لە شاخی تەکەلتو کە سوپاکەیان توشی هێستریا کردبوو، پیاوێکی تری ٧٠ ساڵیشی بەناوی (مام عەباس) دانیشتووی گوندی مەخەرەس پاش دەستگیرکردنی سەریان بڕی بوو.

بەلام هێشتا سەرەداوی چیرۆکەکەی عەبدولاً خەرابەیی لەلای من هەرئەوەبوو کە دەماودەم دەیانگێرایەوە .

دەمێکە عەودالی وێنەیەکی بارق عەبدولابووم بۆیە لەپێگەی (گۆگڵ)ی گەرانێکم بۆ دۆزینەوەی وێنەیەکی ئە تاوانبارەکرد لەو گەڕانەمدا ئەو بەڵگەنامانەم چنگ کەوتن کەباس لەڕەفتارەکانی بارقی گۆڕبەگۆڕ دەکەن، هەرلەگرتن و کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکانی ناوچەی گەرمیانەوە لە ئەنفالی سێدا تابەبەردانەوەی ئەوسێ پێشمەرگەیەو ئازاردانی خانەوادەیەك لەناو صندوقی ئۆتۆمبیلەکەیدا بەبەرچاوی خەڵکەوە کە لەئەنفالی چواردا گیرابوون، تەنانەت ڕەفتارە دزێو نامرۆڤایەتیەکانی ئەم ئەفسەرە دڵڕەقە گەیشتووەتە خودی عەدنان خیراللە تلفاحی گۆڕبەگۆڕ، کە ئەوسەروەختە وەزیری بەرگری بوو، بەڵگەنامەکان لە نێوان ئیستخباراتی کۆیەوەو مەنزومەی ئیستخباراتی عسکری و بەریوەبەرایەتی ئەمنی عام و پێشەوایەتی گشتی هێزە چەکداراکاندا ئالوگۆڕکراون. لەوبەڵگەنامانەدا بەڕوونی چیرۆکی شەهیدکردنی عەبدولای خەرابەیی و هاورێکانی باسکراوە، کە لە رۆژی ١٢ی ئایاری ١٩٨٨ سێ پێشمەرگەی لە فرۆکەی سەمتیەوە لەبەرزاییەکی زۆربەرزەوە (ارتفع عالی جدا) لەلای بارەگەی یەکی فەرمانەدەیی کەرتی کۆیە بەپێشچاوی جاشەکانی فەوجی ٨٥ وە فریدراونەتە خوارەوە، لەبەگەنامەیەکیاندا باس لەوەشکراوە کە ئەو سێ پێشمەرگەیە دوای بەرگری گیراون و

[١٥] مەلا شاخی – ئەنفالی خاڵخاڵان– ئەنفالی چوار – ٢٠٠٧ لاپەرە ٤٤

دووسەربازیشمان بەدەستی ئەوان شەهید بوونو یەکێکی تریش بریندارببووە .

سەرئەنجام لەرێگەی زانیاری وردی خەڵکی ناوچەکەوە گەیشتمە ئەو ڕاستیەی کەوا عەبدوڵای خرابەیی بەتەنهانەبووە، بەڵکو چەند کەسێکی تریش بوون یەکێك لەوانە حاتەم پەڵکانەیی بووە کە هاوسەنگەرو پێشمەرگە بووەو ئاگای لە هێرشەکەو چۆنێتی دەستگیرکردنی بووە( هەرلەم ژمارەیەدا دیداریك لەگەڵ پەڵکانەیی بخوێنەرەوە) دوای ئەوەی شەرێکی ئازایانەیان لەگەڵ سوپادا کردووە ئینجا سەر لە بەیانیی رۆژی ١٢ی ئایاری ١٩٨٨ دەستگیرکراون، دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ هەر لەو نزیکانەش هەریەك لە" کانەبی ڕەزا عەبدوڵاوحمەدرەزا عەبدوڵا" کە هەردوکیان برای یەکترنو خەڵکی گوندی شەوگێڕن دەستگیرکراونو دەمەو عەصری هەمان رۆژ لە ئاسمانی فەرماندەیی ئامریەی یەکی کۆیە بەپێشچاوی خەڵكو جاشەکانەوە فریدراونەتە خوارەوەو دواتر هەرلەونزیکانە تەرمەکانیان شاردبوونەوە تا ساڵی ١٩٩١ کەبەعس راوەدونرا بە هۆی شوانێکەوە تەرمەکانیان لەنزیك سەربازگەی هەرمۆتە هەرلەناو ئامریەدا دۆزرایەوەو هەڵدرانەوەو سەرلەنوێ هەریەکەیان بە دابونەریتی ئاینی و کۆمەڵایەتی خۆیان لە گوندەکانی خۆیاندا بەخاك سپێردرانەوە.

هەرچی تاهیر کانەبیە کە شۆفێرە لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدانی کۆیە دەڵێت عەبدوڵا خەرابەیی پیاوێکی ئازابوو، هەر لەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆرشەوە ببوە پێشمەرگە، تەنانەت ئەو شوێنی گرتنەکەشی پێدەزانیٚ و دەڵێت لەنێوان تەقتەقو کۆیە لە"پەڵکانە" گیراوە، تاهیر ئەوچیرۆکە ڕەتدەکاتەوە کەعەبدوڵا خەرابەیی لەسۆنگەی ئەوەوە لەحەشارگەکەی هاتبێتە دەرەوە کە سەرباز پەلاماری کچ وژنی کوردیان دابیٚ، لەبەرئەوەی ئەوکاتە هیچ خەڵك لەدەشت نەمابوو، یان گیرابوون یان هەڵاتبوونو لەشارەکان خۆیان حەشاردابوو، ئەوناوچەیە هیچ کەسی تێدانەمابوو، عەبدوڵاش بەهۆی بوونی گوێدرێژەکەیەوە ئاشکرابوو کەکۆپتەرەکان لەراسەرەوە دەسوڕانەوەو دۆزیبوویانەوە . بەڵام حاتەم پەلکانەیی وردتر چیرۆکی گرتنو هێزەکە باس دەکات کە هاتوونەتە ناوچەکەو تەقە رویداوەو ئەوان گیراون . لەهەموو حالەکاندا ئەوە رونبووەوە کە عەبدوڵای خەرابی و هاوڕێکانی ئەوجارە گیراونو بارق عەبدوڵا حنتە بەکۆپتەر بەرزی کردونەتەوەو لەبەرزایی ئاسمان بەریداونەتە خوارەوەو شەهیدبوون.

ئێستا عەبدوڵا خەرابەیی بە شەهیدی سەنگەروهەریەك لەکانەبی وحمەدیش بە ئەنفال لە وەزارەتی شەهیدانوئەنفالکراوان ناونوسکراونو موچە وەردەگرن، شایانی باسە کانەبی وحمەد مام رەزا پێشتریش برایەکی تریان بەناوی "رەمەزان " هەر بەبۆردومانی کۆپتەر شەهیدبووە.

**تاوانی شەهیدکردنو بەردانەوەی عەبدولای خەرابەبی و هاورێکانی بە پێشچاوی جاشەکانی شاری کۆیەوە وێنەیەکی زەقە لەدڵڕەقی جەلادو بێدەنگی قوربانی**



**حاتم پەڵکانەیی:**

## ئەوکاتەی عەبدوڵای خەرابەیی و هاوڕێکانی گیران ناوچەکە ژن و منداڵی تێدانەمابوو.

کاک حاتم بەخێربێت کە لەشاریی کۆیەوە، بۆخۆت ئەزییەتت کێشاوەو هاتوویت بۆلام، لەڕاستیدا دەبوایە من ئەو ئەرکەم بکێشایەو بهاتمایە بۆلای تۆ، چونکە زانیبووم کە تۆ چیرۆکێکت لەلایە کە گرنگە هەموو خەڵکی کوردستان بیزان .

**ئەگەرسەرەتا خۆت بناسێنی ؟**

حاتم سوارە ئیسماعیل ناسراوم بە حاتم پەلکانەیی .ساڵی ١٩٨٣ بوومە پێشمەرگە لەتیپی ٩٣ ی کۆیە کەرتی (٤) ی شەهید سەرباز لەدەشتی کۆیە .

**بەرلەوەی ببیتە پێشمەرگە بەچییەوە سەرقاڵ بوویت؟**

وەڵا هەربە کاروکاسبی خۆمەوە .

**مەبەستت کاسبیە وەك هەر گوند نشینێك ؟**

بەڵی بەکاری کشتوکاڵەوە خەریکبووین .

**لەتەمەنی چەند سالیدا بوویتە پێشمەرگە ؟**

هەڵبەت بەتەسکەرە موالیدی ٧٠م ئەوە موالیددی خۆم نیە، بەلام خۆم موالیدی ١٩٦٧ .رەنگە تەمەنم هەروا ١٨ ساڵ بووبم . ساڵی ١٩٨٣ بوومە پێشمەرگەو ساڵی ١٩٨٦ بوومە فەرماندەی مەفرەزە .

**هەڵەبەتە ژیانی پێشمەرگایەتی پڕیەتی لە شکست وسەرکەوتن و خۆشی و ناخۆشی تۆ لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چ شتێك شایانی لەبیرچوونەوە نین..؟**

من لە زۆربەی شەڕەکان بەشداربووم، لە داستانی رزگاری و گرتنی قەیوان ماوەت و گرتنی سەری رەش و گرتنی شارۆچکەی تەقتەق و هەموو ئەوانە بەشداریم کردووە. لەهەموو شەرەکانی تیپی ٩٣ ی کۆیە بەشداریم کردووە، پێشئەوەی ببمە ئامرمەفرەزەش رۆڵی من دیار بووەوپێمخۆش نیە باسی خۆم بکەم . هەموو لایەك ئەو راستیە دەزانن . ئەو رۆژانەمان زۆر خۆشبوون کە چالاکییەکی سەرکەوتوومان ئەنجامبدایە، بەلام بێگومان رۆژەناخۆشەکانیشمان زۆر بوون بەتایبەتی ئەو رۆژانەی هاورێیەکمان شەهید دەبوو.

**ناوچەکەی ئێوە ئەنفالی چوار زەرەرێکی ماڵی و گیانی گەورەی کردو لەدوای ئەنفالی سێی گەرمیان ناوچەکەی ئێوە گەورەترین گورزی کەمەرشکێنی بەرکەوت تۆ هۆکارەکەی بۆچی دەگەرێنیتەوە..؟**

بەتایەتی خەلکی سنوری دەشتی کۆیە هۆکارەکەی ئەوە بوو کەخەلك ناوچەکەی چۆڵنەکردو لەشوێنی خۆیان مابوونەوە، ئیتر کە سوپاش هێرشی کرد خەڵکەکە بەزۆری گیران و بەرەو کەرکوك و توپزاوا بران و ئەنفالکران.

**لەئەنفالی چواردا پێشمەرگە رێگەیان لەخەلك گرتبوو ؟ ئایا تۆ ئاگاداری ئەوە بووی ؟**

نا لەناوچەی ئێمە شتێکی وانەبوو.

**بەڵێ هەبوو خۆ ئەوە من نایلێم بۆنموونە مەلا شاخی پێشمەرگەو کادری ئەوناوچەیە بوو لە بیرەوەریەکانی خۆیدا لەکتێبەکەیدا " ئەنفالی خاڵخاڵان" باسی ئەو رێگەگرتنە دەکات و پێموایە ویستبوشیان سزای بدەن لەسەر ئەوەی وەرقەی بۆخەڵك کردبوو برۆن و گوندەکانیان بەجێبهێڵن. هەروەها محمود سەنگاوی لەبیرەوریەکانیدا ئەوەی نوسیوە، ئایا ئەوە بریاری ناوچەیی بوو یان بریاری رەسمی سەرکردایەتی بوو ..؟**

نەخێر لەناوچەی ئێمەدا هیچ بریارێکی رەسمی نەبوو نە لەلایەن سەرکردایەتیەوەونە لەلایەن بەرپسەکانیشەوە، ئەگەر ئامر کەرتێك یان بەرپرسێك خۆی کردبێتی ئەوەیان مەسەلەیەکی ترەو من ئاگاداری ئەوە نەبووم.

**لە ئەنفالی چواردا تاوانی گەورە ئەنجامدراوە کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەرو ئەنفالکردنی خەلکی جەلەمۆرد کە نزیکەی ٤٠٠ کەسیان ئەنفالکراون، گوندەکانی قەسرۆك و گۆمەشین و کلێسەوکانی بێ زۆربەیانم بینیوە هەموو ئەوانە کۆمەلکوژی زۆریان تێداکراوە و خەلکێکی زۆریان ئەنفالکراوە بەکورتی ئەنفالی ئەوناوچەیە چیرۆکی زۆری تێدایە بەلام هیچ کامیان بەقەد چیرۆکی فرێدانەخوارەوەی عەبدولای خەرابەیی و هاورێکانی قورس نیە. بەپێی ئەو زانیاریەی لەلای منە تۆ یەکێك بووی لەوپێشمەرگانەی ئاگات لەورودوایە..؟**

بەلێ ئاگام لێیەتی و ئەوشەهیدانە هاوڕێ و هاوسەنگەری من بوون.

**کێ و کێ بوون ؟**

کاك عەبدولای خەرابەیی بوو، کاك خالید بوو خەلکی هەولێر بوو، کاك رحمن بوو ئەویان خالی خۆم بوو .

**روداوەکە چۆن بوو ؟**

رۆژی ١١ی مانگی پێنج پێنج بوو کە حکومەت هێزی ناردە سەر هەموو گوندەکان و ناوچەی دەشتی کۆیە، هەموو گوندەکانی سوتاندو وەزعەکە زۆر خراپ بوو، ئێمە چاوەروانی ئەوەنەبووین بەلکو وامان دەزانی حکومەت دەگەرێتەوەو ئێمەش دەچینەوە ماڵەکانی خۆمان، ئێمەش ئیختیفا بووین، دەمەو ئێوارەیەك نزیکەی سەعات شەشی ئێوارەبوو، ئیڤایەکی سەربازی لەکونە گورگەوە هات کە گوندەکەی ئێمە (پەلکانە) دەکەوێتە رۆژئاوایەوە ئێمەش خزم و کەسوکاری یەکتری بووین لەو ناوە بووین، تەنها من پێشمەرگە بووم ئەوانی تر فیراروخەلکی عەشایەربوون، هەمووشیان خزم و کەسی خۆم بوون، بینیمان واگوندەکەمان دەسوتێ لەوکاتەدا ئیڤایەکیش هات ٦ سەربازی تێدابوو،پێش ئەوەی بگاتە پەلکانەی شیوو ئاوێکی تێدا بوو تۆزێکی پێدەچوو هەتا سەردەکەوت نزیکی گوندی

لێماندا لەبەرئەوەی تاریکبوو دووکەسیان دەربازبوونو ٤ یان کوژران، هەرلەوێش ئیڤاکەمان سوتاند، ئێمە ڕۆیشتینو بۆ سبەینێش هەر لەو ناوچە خۆمان شاردەوە بەڵام هێزەکان هەر لەناوچەکە بوونو نەڕۆیشتشتبوون لە سەربازگەی ناسراغاوە کەدەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پەڵکانەوە ئیتر هێز دەهاتو دەچوو،بەڵام لەبەر ئەوەی لە دەشتی کۆیە هیچ چالاکییەکی تر نەکراو جموجۆڵی پێشمەرگە نەبوو حکومەت زۆر تەرکیز خستە سەرئەو ناوچەیە، ئیتر خەڵکیش کەزانی پێشمەرگە نیە بەرەو شاخەکان دەڕۆیشتن شەوانە خەڵکمان دەبینی، یەکێك لەوانە کە هاتە لای ئێمە عوبێد بوو کە پێشمەرگەی کۆنە، ئەویش چوار پێنج ڕۆژ لەگەڵماندا مایەوە، ئیتر ئەو فیرارو خەڵکەی لەگەڵماندا بوون ڕۆیشتنەوەو تسلیم بوونەوە . ئیتر تەنها منو مەلا عوبێد ماینەوە ..

**ئەی عەبدوڵای خەرابەیی لەگەڵ ئێوە نەبوو ؟**

نا هێشتا ئەوان نەگەیشتبوونە لای ئێمە . ئەوانەی ڕۆیشتبوونەوەوخۆیان گەیاندبووە لای جاشومستەشارەکان کەوتبوونە وێزەیانو دەیانگرتن، ئیتر ئەوەی گیرا گیراوئەوەی دەرچووگەڕایەوە بۆلای ئێمە ئیتر دەنگی تەقە بوو، کۆپتەر بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕایەوە ئیتر منومەلا عوبید هاتین لە نزیك ڕووباری کۆیە خۆمان شاردەوە..

**نەتان دەزانی ئەوتەقانە چی بوون لەکوێ بوون ؟**

تەقەکان لە کۆیە بوون، ئێمە وای بۆ دەچووین کە ئەو خەڵکە دەگیرێنو وتمان جاشەکان بوڵی ناکەن ڕەنگە ئەوتەقانە لەنێوان جاشو حکومەتدابێ .. ئیتر ئێمەش خۆمان شاردبووەوە بەڵام ناوشاخەکە زۆر ساردبوو، مەلا عوبێد چووە دەرەوە خۆی لەبەر هەتاوەکەداو ڕاکشا، هەرچەندە ووتم مەلا عوبێد مەچۆ دەرەوە ئاشکرا دەبین .. بەڵام ڕۆیشت، کاتێکمان زانی یەکێك بانگی کرد (مە عوبێد مەلا عوبێد) سەیرمانکرد عەبدوڵای خەرابەییو کاك خالید بوون کە خەڵکی هەولێرە خوارزای مامۆستا بەکرە دوای ئەحواڵ پرسین وقسەکردن لە بارودۆخەکە ووتیان مادام وایە پێکەوە دەمێنینەوە ئێوارە لەوێ ڕۆیشتین هاتین بەرەو قۆریتانو ئەوناوچەیە لەوێ هەندێك فیرارو خەڵکی تریشمان لەگەڵ کەوت. بەهەمووومان بوینە (٩) کەس چوینە ناوچەی پەلکانەو داربەڕو ئەو ڕۆژەش لەوێ ئیختیفا بوین هەتا ئێوارە لەوێ ماینەوە لەکۆیەوە خواردنمان بۆ هات ئێوارەی ١٨ مانگ بوو ئەوشەوە لەوێ ماینەوە بەیانی پێش ئەوەی ڕوناك بێت هاتینە شوێنێك پێی دەلێن لولە دەکەوێتە نیوان پەلکانەو قۆریتانو داربەڕو لەو (٩) کەسەی چواریان ڕۆیشتنو وتیان لێرەنامێنینەوە یەکێکیان ووتی من زەراعەتو شتم هەیە دەچم بەلای کارەکەمەوە چواریشمان ماینەوە. دەوری سەعات ١١ی بەیانی بوو کاك عەبدوڵاو ڕەحمانی خاڵم ووتیان ئاگر دەکەینەوە چا لێدەنین پێموتن باش ناکەن ئاشکرا دەبین ناوچەکە ئەمین نیە، وتیان بەخوا لێی دەنێین خالید لە بەرزاییەك حەرەس بوو هەروا دەوری پێنج دەقەیەکی پێنەچوو کە ئاگریانکردەوە کە کۆپتەر هات بەسەرماندا ڕۆیی هەرچۆنێك بوو ئاگرەکەیان

کوژاندەوە کۆپتەرەکە هەر بەشوێنی خۆیاندا بەسەرماندا گەرایەوە نزیکەی ١١:٢٠ بوو کە خالید باگی کردوو وتی: ئەوە دوسیێ کەس دەرکەوتن کە چوومە سەرەوە کەسەکان زۆردەبوون ووتم : کورە ئەوە جاشن کەمن گەیشتمە لای خالید کۆپتەرێکی تر هات لەپشتمانەوە قوەتێکی تری دابەزاندوعەسکەر ئینزالیان کردوپشتمان لێگیرا.

**جاش یان سەرباز ؟**

تەنیا سەربازبوون جاشیان لەگەل نەبوو،ئیتر زۆر هەولمدا خۆم بگەینمەوە خواریێ بۆلای ئەوان نەمتوانی لەبەر ئەوەی دو کۆپتەر بەسەرماندا دەسورانەوەو لەوبەریشمانەوە کۆپتەرێك هێزی تری دابەزاند. دواتر لەلایەکی تریشەوە هێزیان دابەزاند ئێمە سێ لامان لێگیرا تەنها یەك لامان هەبوو هێزی لێنەبێ ئیدی هێزەکە بەرەو رووی ئێمە دەهاتن و تەقەیان دەکرد، تا تەواو گەیشتنە ئەوشوێنەی ئێمەی لێبوین دوو سەعاتی خایاند دەوری سەعات یەك بوو کە گەیشتنەلامان، من هەر لەشوێنی خۆم بووم نەمتوانی بگەمە لای ئەوان بەهارێکی تەڕبوو گیا زۆر هەستابوو من خۆم هاویشتە بن تورکەکان، تاقمەکەم لەلای خۆم داناو مەخزەنەکانم دەرهێناو لەبەردەمی خۆمم داناو فیشەکیشم سوارکردبوو، بەلام ئەو هێزە لەوەدانەبوو ئێمە بتوانین بەرهەلستی بکەین، بەلام وتم کە ئاشکرابووین هەتا دەکوژرێم تەقە دەکەم.

**ببورە بۆچی مەخزەنەکانت دەرهێنا ؟**

بۆ ئەوەی ئامادەبمو دەستم نەگرێت . ئیتر کات رۆیی بەرەو ١:٣٠ دوو سەربازەکان هاتن کاك عەبدولاو ئەوان شوێنەکەیان نزم بوو وەکو ئێمە نەبوون، ئیمە لەبەرزی بووین کە هاتن تەقەیان دەکرد، رەنگە ئەوانیش سەرەتاتکەیان کردبی و سەربازەکان هەستیان بەجولەی ئەوان کردبی . . سەربازەکان بەسەر ئێمەدا هاتن یەکێکیان هەمووی ٢٠ مەتر لەپشتی منەوە بوو کە لەخوارەوە بووە غەلبەغەلب و دەنگە دەنگ ئاربیجیەکی پێبوو رووەو دەنگی ئەوان (کاك عەبدولاوئەوان) گوللەیەکی تەقاند ئیتر ئەوان هەرسێکیان دەرپەرین ..چەمێك بوو بەناو چەمەکەدا رایانکرد بەلام ئەمبەرو ئەوبەر سەربازی لێبوو بووبە تەقە، تەقەبەردەوام بوو کۆپتەر رەمی دەکرد ئەمە بەردەوام بوو هەتا سەعات سێ و نیو (٣:٣٠).

**واتا ئەوانیش بەرگریان دەکرد ؟**

ئەوە نازانم تەقەیان دەکرد یان نا ؟ چونکە ئێمە چاوامان لێیان نەبوو بەلام هەرتەقە بوو، بەچەمەکەیدا بەرەو سەرەوە رۆیشتن تەقە کەمبووەوە بەلام کۆپتەر هەربەسەرماندا دەسوڕایەوە چاوم لێبوو سەربازێك ئیتر نەمدەزانی ئەفسەرە یان چیە ؟ ٤ جوندی لەپێشیەوە و ٤ یش لە دوایەوە و ٤ی تریش لەلا تەنیشتیەوە دەرۆیشتن بەهەموو ١٢ جوندی لەگەلدا بوو بەرەو ئاراستەی من هاتەوە، من وای بۆچووم کە بەبریندارى گیرابن، کە چوونە شوێنەکەی ئەوان نەیان وێرا بچنە خواریێ هەموو سەربازەکان خۆیان بەزەویدادا و رومانەیەکیان فرێدایە ناو

گەلیەکەوە دوایی رومانەیەکی تریشیان هەڵدا، ئینجا چوونە خوارەوە بەڵام کەزانییان هیچی لێ نیە ئینجا گەرانەوە کۆپتەرێکی بارهەڵگر هات نیشتەوە هەر ١٣ جوندیەکە سواربوون و یەکسەر رۆیشتنەوە . من تا سەعات ٤ یش لەشوێنی خۆم مامەوەو نەجوڵام بەڵام کەزانیم هیچ شتێك نەماوەو کەسی لێنەماوە ئینجا دابەزیم چومە خوارێ بۆ شوێنەکەی ئەوان، بەڵام هیچم نەبینی بلێی ئەوە خوێنێك شتێکی وا کەبزانم شەهید بوون یان گیرابن هیچم چنگ نەکەوت . ئەو چوارکەسەکەی تریش کە رۆیشتبوون هاتنەوە بۆلای شوێنەکەی ئێمە تابزانن چی بووە چی نەبووە..؟ منیش پێموتن حاڵو مەسەلە بەوشێوەیە بووە کە بۆ بەرێزتم گێرایەوە .. ئینجا ناچاربووین برۆین بەرەو دیوی سماقوڵی چونکە هیچ شتێك نەمابوو نەماندەتوانی لێرە بمێنینەوە .

**ئیتر هیچی ترت نەبینی ؟**

من هیچم نەبینی بەڵام خەڵکی کۆیە بینی بوونی کە لە ئامریەی کۆیە سێ کەسیان فرێدابوونە خوارەوە ئەوە بەبەرچاوی خەلکی کۆیەو هەرمۆتەوە بووە . ووتیان لەدوای سەعات سێ و نیو ئەوناوەدابووە لەهەمان ئەو بەرواروەدا منیش رام وایە لە ٩٩٪ ئەوان بوون کە فرێدرابوونە خوارەوە

**بەپێچەوانەی قسەکانی تۆشەوە قسەدەکرێ گوایە عەبدولای خەرابەیی بینیویەتی وا سەرباز پەلاماری ژنی ناوچەکە دەدەن ئینجا لە حەشارگەکەیدا هاتووەتە دەرەوە تەقەی کردووە تا فیشەکی پێماوە شەری کردووە ؟**

ئەوە راست نیە من بۆخۆم لەوەزعەکەدا بووم، ئەوکاتە ژن و منداڵ لەو ناوچەیە نەمابوون، چۆنم دیوە ئاوا بوو.

**من هیچم نەماوە ئەگەر تۆ قسەیەکت هەبێ ؟**

سوپاس منیش هیچم نەماوە ئەوەندە نەبێ ناخۆشترین رۆژ لە ژیانمدا ئەو رۆژە بوو خۆزگەم دەخواست منیش وەکو ئەوان شەهید بوومایە چونکە زۆرم پێناخۆش بوو

**ووشەی پاشماوە بۆ کەسوکاری ئەنفال .. نابەجێ و نادروستە .. پێویستە بەزمان و رەفتاری بەرزمامەڵە لەگەڵ دۆسێی ئەنفال و قوربانیەکانی وکەسوکاریاندا بکەین .**

# چارەنوسی پێشمەرگەیەك

## زەمەنی دوای برینەکانی ژەهر



عەبدوڵا کەریم محمود

عومەر پاڵەوانی پێشمەرگە، کە فەرماندەی دەیان چالاکی و داستانی بەرگری یە، یەکێکە لە برینداراني ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال .. ئەو پێشمەرگەیە دوای (٢٤) ساڵ لە کیمیابارانی شاناخسێ زەمەنەکانی ئازاری توندی جەستەی و لێڵایی کەم تینی چاوەکانی دەژمێرێ .

عومەر حەسەن قادر ناسراو بە عومەر پاڵەوان لە ساڵی ١٩٦٢ لە گەرەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی ( ١٩٧٨ ) وە لە ڕێگەی (ئازاد فازیل)ەوە چووەتە ڕیزی کۆمەڵەوە، لە ساڵی ١٩٨٢ - ١٩٨٣ ڕوی کردووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە لە مەلبەندی یەك لە حاجی مامەند، ساڵی ١٩٨٣ لەکەرتی ڕێکخستنی دوکان و لەساڵی ١٩٨٤ لە کەرتی (٣) تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون بووە، لە ١٩٨٥/٢/١٢ لە ڕێگەی مەکتەبی عەسکەریەوە پەیوەندی بە ملازم عومەرو جەبار فەرمانەوە کردووە، بۆ ئەوەی بەشداری گرتنی زنجیرە چیای دابان- هەلاج- چەرماوەند- بکات کە دواتر بە داستانی دابان هەلاج ناسرا.

مەکتەبی عەسکەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان عومەر پاڵەوانیان وەکو کادرێکی عەسکەری بەتوانا دیاریکرد بۆ ئەوەی دۆشکایەکی پێبسپێرن کە نیازیان بوو لە چەرماوەند دایبنێن. کە دەکەوتە پشتەوەی مقر فەوجەکەی گوندەکانی هۆمەر قەوم - شەدەڵە .

### سەعاتی سفر :

عومەر پاڵەوان دەربارەی ڕۆڵی خۆی لەسەر دۆشکەکە لەداستانی دابان هەلاج - چەرماوەندو چۆنێتی ڕوبەڕووبوونەوەی هێزەکانی سوپای عێراق و کاریگەری ئەو شەڕە لەسەر گوێچکەکانی لەوەڵامی چەند پرسیارێکدا ئاماژەی بەوەکرد کە، مەکتەبی عەسکەری دۆشکایەکی لولە(٣م)و چەند صندوقێك فیشەك و چەند شریتێك فیشەکیان بەمن سپارد، لەگەڵ مەفرەزەیەك پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کاتژمێر ٢ی شەوی ١٤/١٥/شوباتی ١٩٨٥ لەناو گوندی سەرگەڵوپارچەی دۆشکەکەو صندوقە فیشەکەکان و چەند شریتێك فیشەکمان لەسەر پشتی هێسترەکە بەست، بەناوبەفروتاریکی شەودا ڕووەو چیا سەرکەوتین، لەبەرئەوەی باری هێسترەکە زۆرگران بوو، بەفرێکی ئەستور سەراپا ناوچەکەو زنجیرە چیاکەی گرتبووەوە هێشتا لەنیوەی ڕێگادابووین کە هێسترەکە ماندوو بوو، بەزحمەت دەیتوانی بەو بارە



عومەر یاڵەوان

قورسەوە ڕێبکات و بەقەدپاڵی چیاکەدا سەربکەوێ، ئەوە تەوژمی تیژی ئەو سەرمایەش لەوێ بوەستێ کە لەگەڵ زریانەکەدا هوروژمی بۆ دەهێناین، لەدامێنی چیای چەرماوەندا هێسترەکە چەقی و نەیتوانی چیتر هەنگاوبنێ، پێشمەرگەکان صندوقە فیشەك و شریتەکانیان لێکردەوە و بەشانی خۆیان بەزەحمەتێکی زۆر گەیاندیانە شوێنی مەبەست، بەدەست و برد بەپاچ و خاکەناز شوێنێکی گونجاومان بۆ دامەزراندنی دۆشکەکە چاککرد و پارچەکانمان بەست و ئامادەباش چاوەڕوانی سەعاتی سفر بووین، سەرماڵە ژێر پلەی سفردابوو، بەفرەکە بەستبووی کزەبایەکی تیژ خوێ لەجەستەمان دەداو دەیتەزاندین، بەڵام ئیمە کوڕی ناوبەفربووین وئەوە یەکەمجارمان نەبوو ڕوبەرووی سەرمای وابببینەوە بەڵام سەرما تینی بۆهێناین وناچاربووین لەبن رکەبەردەکانی دیوی ناوەوەدا ئاگرێك بکەینەوە ئیتر کەمێك خۆمان گەرم کردەوەو لەسەعاتی سفرداکە ٤ی بەیانی بوو لەناکاو لەهەموو قۆڵەکانەوە گوللەی ئاربیجی و دەستڕێژی گوللەی چەکی دەستی پێشمەرگە بەئاڕاستەی رەبایەکانی بەعس مقەری سریەکەدا دەڕۆیشت و ئاگری شەڕ نێڵەی دەهات دەستەی هێرشبەر لەهەموو شوێنەکانەوە بەپێی هەلومەرجی شوێنەکانی خۆیان هێرشیان دەبردە سەر رەبایەکانی ( دابان، هەلاج، چەرماوەندو مقری سرییەکەی سەرووی گوندی شەدەڵە، پێشمەرگەکان لە ماوەیەکی زۆرکورت خایەندا هەموو خاڵە دیاریکراوەکان کە بریتی بوون لە ١٧ رەبایەو مقەری سریەکەیان گرت، فیشەکی گڕداری پێشمەرگە رووەو ئاسمان ئامارژەومژدەی سەرکەوتنی دەدایە یەکتری . ئینجا پێشمەرگەکان هێرشیان بردە سەر مقەری فەوجەکە لەناوقەدی چیای دابان– هەلاج کە لەنێوانی هەردوو گوندی شەدەڵەو هۆمەرقەومدا بوو، لەو کاتەدا من بە دوربینەکەم بەسەر ناوچەکەمدا دەڕوانی ئیتر لولەی دۆشکەکەم سوڕاند بەئاڕاستەی ناو مقەر فەوجەکەدا بۆ ئەوەی بوار نەدەمە سەربازەکان بەرگری تەواو بکەن، ویستم کارێك بکەم پێشمەرگەکان بە زوترین کات و کەمترین زیان مقەر فەوجەکەش بگرن.

لەوکاتەدا دوو ئیڤای پڕ لەسەرباز رووەو مقەری سریەکە دەچوون لەناکاو کەوتنە ناو بۆسەی ئەوپێشمەرگانەوە کە لەسەر رێگا خۆڵەکە بۆسەیان دانابوو، هەرلەجێدا هەردوو ئیڤاکە بەسەربازەکانیانەوە لەناوبران.

کەپێشمەرگەکان نزیکی مقەر فەوجەکە بوونەوە شەڕ بەردەوامبوو، لوولەی دۆشکاکەم گرتە ئەو کاروانە ئیڤایانەی پڕبوون



عومەر پاڵەوان و چەند هەڤاڵێکی پێشمەرگەی

لەسەربازو لەسەر جادەی سلێمانی– دوکانەوە لە ئاستی کۆتەڵەوە بەرەولای مقەری فەوجەکە دەهاتن و بەخەیاڵی خاویان بەهانای مقەرفەوجەکەوە دێن، گوللەی دۆشکەکانم وەکو زەردەواڵە تێبەردان و دەیدان بەناو ئیڤاکەدا بەدوربینەکەم سەربازەکانم دەبینی چۆن بەشپرزەیی لەناو رێژنەی گوللەدا خۆیان فرێدەدایە خوارەوەو خۆیان بەزەوییەوە دەنوساند تا لەبەلای گوللەی پێشمەرگە خۆیان لادەن،هەرچۆنێك بوو توانیم ئەو هێزە سەربازیە لەشوێنی خۆی بوەستێنم و نەهێڵم بێنە پێشەوە .

سابیر رەسوڵ هەروا ٤٠ مەترێك لە خوار منەوە بەخۆی مەفرەزەیەك پێشمەرگەوە هاوەنێکی ٨٢ ملمی دامەزراندبوو، رەسەدەکەی پێشمەرگەیەك بوو لەتەنیشت منەوە بوو، لەگەڵ یەکەم دەستڕێژی دۆشکەکەمدا ئەویش چەند گوللە هاوەنێکی بەناو مقەر فەوجەکەدا کرد دوکەڵی ناومەقەر فەوجەکە بەرەو قوڵایی ئاسمان بەرز دەبووەوە، هەر کە پێشمەرگە لەمقەر فەوجەکە نزیك بوونەوە من توقەی دۆشکەکەم و سابیر رەسولیش هاوەنەکەی وەستاند، لەوکاتەدا کۆپتەرێك گەیشتە ئاسمانی ناوچەکە بۆئەوەی کۆنترۆڵی زنجیرە چیاکەی دابان هەلاج و چەرماوەند بکات، پێشمەرگە لەناو مقەری سریەکەو مقەر فەوجەکەدا لەقەد پاڵی چیاکاندا هێشتا لەگەرمەی هەڵمەت و شەڕی دەستەو یەخەدابوون لەگەڵ سەربازانی رژێم، منیش لولەی دۆشکەکەم بۆ ئاراستەی کۆپتەرەکان سوڕاندو کەوتمە تەقەکرد لێی ئیتر کۆپتەر بەرەو قوڵایی ئاسمان هەڵکشا بۆئەوەی نەکەوێتە خوارەوە ئەویش نەیتوانی مەبەستەکانی بپێکێ دوای ئەوەی دوسێجار بەبەرزییەوە لەقوڵایی ئاسماندا سوڕایەوە ئیتر بەتەواوی لەچاوان وونبوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە لەبەرئەوەی زۆر ماندوو بوون و تەقەمنیەکی کەمیشیان پێمابوو، تەقەمەنی ئەو رەبایەو مقەر سرێیەیان بەکار هێنا کە گرتبوویان، کاتیش بەبەرییەوە نەمابوو درەنگ بوو، نەیانتوانی مقەڕی فەوجەکە بگرن بۆیە بەدیل و دەستکەوتەکانیانەوە لەدیوی شەدەڵەو هۆمەر بە زنجیرە چیاکەدا هەڵزنان و گەرانەوە بۆ هەڵدن و سەرگەڵو .

عومەرپاڵەوان پێشمەرگەو فەرماندەیەکی مەیدانی ئازاو جەربەزە بوو، چەند ساڵێك پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە یاری ئاسنی

کردبوو، لەبەرئەوە جەستەیەکی پتەو بەهێزو توانایەکی لەبن نەهاتووی هەبوو، لە شەڕی دابان هەلاج و شەدەلە ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلایی کەرەوەی هەبوو، لە کۆنترۆڵکردنی مەیدانی شەڕەکەدا، بەڵام دوای دەدەقیقە لە تەقەکردن بەدۆشکەکەی لەبەرئەوەی هیچ بەربەستێکی دەنگی نەبوو بۆ گوێچکەکانی بەدەنگی ڕەقی دۆشکاکەو ئەوشریتانەی بەلوولەکەیدا تێدەپەڕین،پەردەی گوێیەکانی درابوون و ئازارێکی زۆربەهێز هێرشی بۆ دەهێنا،بەڵام لەبەرهەلومەرجی قورسی شەڕەکەو ئەوبەرپرسیارێتیەی هەیبوو، بۆیە ڕوبەڕوی سێ ئەرکی سەرەکی قورس دەبووەوە، بێ ئەوەی بواربدات خۆی دۆشکەکەی پشوبدەن، لەسەرەتای شەڕەکەوە دەبوایە تەقە لە مقر فەوجەکە بکات بۆ ئەوەی سەربازەکان نەتوانن ڕوبەڕوی هەڵمەتی پێشمەرگە ببنەوەو بەرگری تەواو لەخۆیان بکەن، دەبایە بواری پێشڕەوی ئەو هێزەش نەدات کە مەبەستیان بوو بەهانای هێزە شکستخواردووەکانیانەوە بێن، دەبوایە بواری کۆپتەرەکانیش نەدات نزم ببنەوەولە ئاسمانەوە کۆنترۆڵی شەڕەکە بکەن، لەوبارەیەوە عومەر پاڵەوان ئاماژەی بەوەکرد :

دوای دە دەقیقە لەتەقەی بەردەوام بەدۆشکەکەم بەهۆی دەنگە ڕەقەکەیەوە هەردوو پەردەی گوێم کون بوو، ئازارێکی زۆر توند سەرومێشکی داگرتم، بەڵام لەبەر ئەو هەلومەرجە قورسەی شەڕەکە ڕوبەڕووی ئەو ئازارەو ئەوسێ ئەرکە سەرەکییەش بوومەوە. چونکە نەدەبوو دۆشکەکە بووەستێنم هەرچەندە لولەی دۆشکەکە زۆر گەرم ببوو، بەڵام نەدەکرا بیوەستێنم، کاتێک بەخۆم زانی خوێن لە کونی هەردوو گوێچکەمەوە دەهاتە دەرەوە، بەناچاری پارچە دارێکم خستە نێوان هەردوو ڕیزە ددانەکانمەوە، بۆ ئەوەی تەووژمی دەنگی ڕەق و هەوای دۆشکەکە لەوە زیاتر کاریگەری خراپی بۆسەر گوێیەکانم نەبێ بەخێرایی کلێنسم ئاخنیە هەردوو گوێچکەمەوە دوای تەواو بوونی داستانی دابان- هەلاج دەبایە دوو شەوی تر لەناو ئەو بەفرو سەرمایەدا بمێنمەوە هەندێك جار لەناو ڕەبایە گیراوەکاندا خۆمان گەرم دەکردەوە، دەبوو لەو سەرچیا ساردو سەختە لەسەر هەست بین، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر ئەگەرێکی هێرشی سوپای عێراق بۆ گرتنەوەی زنجیرە چیاکە. بەبڕیاری کاك ملازم عومەر کە ئەوکات بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری یەکێتی بوو، ١ ڕۆژی تر لەسەر دۆشکەکە مامەوە. کە هاتیشمە خوارەوە هەستمکرد گوێیەکانم کپ بوون، ئیتر قەترەم بەکارهێنا .



دوکەڵێکی بۆر :

بەبریاری سەرکردایەتی لە مانگی شوباتی ١٩٨٨ ٧٤ پێشمەرگەی هەرچوارمەلبەندەکە لەکادری سەربازیو سیاسی چوون بۆ ئێران بۆ خولی فەرماندەیی سەربازی لە زانکۆی شەهید ئیمام حسین لە تاران . لە ٢١ی شوباتی ١٩٨٨ هێزەکانی سوپای عێراق بە هاوکاری جاش و تەواوی تەکنەلۆجیای سەربازی بەچەکی کیمیاویشەوە ئەنفالی یەکەمی دەست پێکردو لەچەندین قۆڵەوە پەلاماری ناوچەی دۆڵی جافایەتیو مەرگەیان دا، هێزی پێشمەرگە بەتوانای دیاریکراوەوە روبەروی شەرێکی بەرەیی فراوان بووەوە دوای ٢٦ رۆژ لە روبەرووبوونەوەی نابەرامبەر لە ١٩٨٨/٣/١٨ بەبریاری سەرکردایەتی کشانەوە بۆ شاناخسێ چەند رۆژێك پێش نەورۆز ئەو ٧٤ پێشمەرگەیە لە تارانەوە گەیەنرانەوە سەقز عومەر پاڵەوان یەكێك بوو لەو فەرماندانەی کە زانی هاوڕێو هاوسەنگەرەکانی لە شاناخسێن، یەکسەر بە سواری ئۆتۆمبیلی کرێ لە سەقزەوە خۆی گەیاندەوە شاناخسێ لەلای پێشمەرگەکانی کەرتی (٣)ی تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون لایدا لەناکاو چەند فرۆکەیەکی عێراقی گەیشتنە ئاسمانی شاناخسێو دەستیانکرد بەبەردانەوەی بۆمبی کیمیاوی .

لەبارەی ئەو بۆمبارانە ژەهراویەوە عومەر پاڵەوان ووتی: لەوکاتەدا ئێمە لەلاپاڵێکی شاناخسێ دانیشتبوین ، فرۆکەکان چەند



سارۆخێکیان ئاڕاستەی شوێنە قەرەباڵغەکان کرد، هەرکەسارۆخەکانی کەوتنە سەر زەوی تەقیەوە، دەنگێکی نزم وکپ ودوکەڵێکی بۆری لێ بەرز بووەوە بەرە و بەرزایی، دواتر بە دەوری خۆی دا بە نزمی بلاوبووەوە، حەمۆمینی خەجێ و پێشمەرگەکانی لە سەرووی ئێمەوە بوون، هیچ بوارێکمان نەما بە خێرایی روومان کردە شوێنە بەرزەکان، شەومان بەسەردا هات، هەمووومان توشی کۆکە و رشانەوە بووین، دڵمان تێك دەچوو، هێڵنجمان دەدا و ئازاری گەدەی دەدایین، هەردوو چاومان دەسوتایەوە، ناو بە ناو چاومان دادەخراو بە زەحمەت دەکرایەوە، ئازاری توندی دەدایین، تیمێکی فریاکەوتنی سەرەتایی لەوێ هاتن بە هانامانەوە، قەترەیان کردە چاومان و چەند دەرزییەکی دژ بە ژەهری کیمیاییان لێ داین، هەر ئەو شەوە چەند پاسێکیان هێنا و ئێمەیان سوار کرد و گەیاندیانینە سەربازگەیەك، یەکسەر لەوێ جلەکانیان لەبەر هەمووومان داکەند و بردینیانە حەمامێك لەوێ ئاویان پیا کردین، جلی نوێ ی نەخۆشخانەیان لەبەر کردین،

دواتــــر هـــەموومانیان بـــردە هـــۆڵێکی گـــەورە، چـاومان زیـاتر کـز بـوو، نـاو بـە نـاو دادەخـراو بـە زەحمــــەت بـــە دەم ئــــازارێکی زۆرەوە تونـــد و تیــژەوە دەکرایـــەوە، هـــەر ئـــەو شـــەوە ئێمـــەیان بـە چـــەند کۆپتـــەرێك لـــەو ســـەربازگەیەوە گواســـتەوە بـــۆ نەخۆشــــخانەی ﴿﴾ی ئەســــفەهان، لـــەوێ هـــەردوو چـــاوم دادەخـــران و نـــە دەکرانـــەوە، هیچــم نــەدەبینی، دکتۆرێــك ســێ قــەترە دەرمــانی کـــردە چـــاومان، بـــە مەرهـــەمێکی تایبـــەت بـــە کیمیــایی ئەمـــەریکی هـــەموو شـــوێنی برینـــەکانی جەســـتەمیان چـــەورکرد، هەســـتم کـــرد ئازارەکـــانم کـــەم بوونـــەوە... نـــەمان ..... ژەهـــری کیمیاییەکـــە کـــاری زۆر تونـــدی کردبـــووە ســـەر ئەندامـــە ناســـــکەکانی جەســـــتەمان، بـــــە جۆرێـــــك ســـوتاندبوییەوە، پـــڕ بـــوو لـــە تلـــۆقی پـــڕ لـــە ئـــاوی گـــەورە و بچـــوك، دوای چـــەند جارێـــك لـــە چـــەورکردنی برینـــەکان بـــەو مەلهەمـــە و چارەســـەری بـــەردەوام و خۆشـــۆردن وردە .... وردە ئـــەو تلۆقانـــە دەتـــەقین، بەمـــەش ئـــازار و ســوتانەوەکەی زیــاتر کــرد، پەرســتاوەکان زۆر میهرەبانانــە رۆژی ســێ جــار مەلهەمەکــەیان لــە جەستەمان دەدا.

## خەردەل وسیانید

عومــەر پاڵــەوان دەڵێــت: ئێمــە چــوار برینــدار بـــووین لـــە یـــەك ژووردا بـــووین، هەریەکـــەمان لـــە تیپێـــك و لـــە ناوچـــەیەکی دوور لەیـــەك بـــووین، کـــەسمان یـــەکترمان نەدەناســـی، رۆژێکیـــان یـــەکێك لـــە پێشـــمەرگە برینـــدارەکان رشـــایەوە، کۆکەیـــەکی زۆر تونـــدی هـــەبوو، لەبـــەر ئـــەوەی حاڵـــەتی پـــڕ لـــە مەترســـی بـــوو پەرســـتارەکان بریندارەکـــەیان بـــردە دەرەوە ...... ماوەیـــەکی زۆری پــێ چــوو نەگەڕایــەوە، لــە پەرســتارەکەمان پرســی بــۆ نەگەڕایــەوە بــۆ ســەر قەرەوێڵەکــەی وتــی: لەبــەر ئــەوەی ژەهــری کیمیاییەکــە بــە چــڕی کاری کردبوە سەر جەستەی مرد.

دوای ئـــەو پێشـــمەرگەیەکی برینـــداری تـــر لـــە ژوورەکـــەی تەنیشـــتمان مـــرد، مـــن چـــوار مـــانگی تـــەواو لـــەو نەخۆشـــخایەدا بـــووم، چـــاوم نەیـــدەبینی، پەرســـتارەکان دەســـتیان دەگـــرتین، دواجـــار دوای چارەســـەرێکی زۆر ئـــەمجا چـــاوم کرایـــەوە، دیمەنـــەکانی دەوروبـــەرم بـــە تـــەڵخی دەبینـــی، وەك تارمـــایی دەهاتـــە بەرچـــاوم، ڕوونـــاکی گڵۆپـــە داگیرســـاوەکانی ژوورەکـــەمان ئـــازاری چـــاوەکانمی دەدا، لەبـــەر ئـــەوە گڵۆپـــەکانی ژوورەکـــەمان کوژانـــدبووە، بـــە بەردەوامی ژوورەکەمان تاریك بوو.

هـــەموو رۆژێـــك شـــروبی ســـنگ و ئیلتهابـــات و کەپســـولیات بەســـەرمان دا دابـــەش دەکـــرد، لـــەوێ دکتۆرەکـــان پێیـــان وتـــین: لەئـــەنجامی پشـــکنینەکانتان دەرکـــەوتووە، ســـاروخەکان لـــە جـــۆری کیمیـــایی ﴿خـــەردەل و ســـیانید﴾ە دوایـــی چـــوار مانگـــە کـــە بـــاری تەندروســـتیم ، لەمەترســـی مـــەرگ دەرچـــوو بـــە ئوتـــومبیلی خۆیـــان منیـــان گەڕانـــدەوە بـــۆ ســـەقز، ماوەیـــەك لـــە ئوتێـــل ســـەقز پشـــووم داو ئـــەو دەرمانانـــەم بـــەکار هێنـــا کـــە دکتۆرەکـــانی نەخۆشـــخانەی ئەســـفەهان بۆیـــان دیـــاری کـــرد بـــووم، لـــەهاوین و زســـتان دا دوو ڕۆژ جارێـــك دەچـــومە حـــەمام خـــۆم دەشـــت، دواتـــر مەکتـــەبی سیاســـی لـــە هـــاوینی ١٩٨٩ دا وتیـــان: تـــۆ وەك لێپرســـراوی عەســـکەری تیپـــی ﴿٦٥﴾بڵفـــت سەرپەرشـــتی ئـــەو تیپـــە بکـــەو بچـــنە ســـەر شـــاخی کەشـــك، لـــەوێ ســـەنگەر لێ بـــدەن

ماویەك لەوێ مامەوە، زستانەكەی بەفرێكی زۆر باری بوو، لەوە زیاتر نەمانتوانی لەو سەر شاخانە بمێنینەوە، ڕوومان كردە دۆڵە كۆكە، تا هاوینی ١٩٩٩ بە بڕیاری مەكتەب سیاسی ی.ن.ك بە هۆی كاریگەری توندی ژەهری كیمیاییەكەوە نێراو بۆ سوریا دواتر بۆ ئەڵمانیا.

## هەوكردنی سنگ وكەم تینی چاوەكان!!

عومەر پاڵەوان بەدەم ئازار و خەمێكی قوڵەوە، لەگەڵ وەڵامی پرسیارەكانی دا دەگەڕایەوە بۆ ناو دیمەنی زنجیرە یادەوەرییە پڕ لە مەرگەساتەكان و ئاماژەی بەوە كرد :

– دكتۆر كەمال فؤاد ڤیزەی ئەڵمانیای بۆ ناردم، لە مانگی ٩ گەیشتمە بەرلین، لە نەخۆشخانەی «بوخ»واتە «كتێب» پشكنینی چاو و سنگ و خوێن گشتیان بۆ كردم، بە پێ ی ئەنجامەكانی دەرمان و چارەسەیان بۆ دیاری كردم، دكتۆرەكەمان ناوی «پرۆفیسۆر كۆفیسكی»بوو، ئەم پزیشكە ڕاپۆرتێكی لەسەر چەكی كیمیایی لە ڕۆژنامەی «» ئەڵمانیا بلاوكردەوە بە ناوی «كوردەكان بە چەكی كیمیایی لەناودەبرێن».

چوار مانگ لە نەخۆشخانەی «بوخ»مامەوە، دواتر منیان گەیاندە كەمپ بە بەردەوامی لە ژێر چاودێری پزیشك دا بووین، پیان وتین: «مەڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆتان، بە هۆی هەل و مەرجە نائاساییەكان و جەنگەوە ژینگەی ئێوە پاك نیە، تەپوتۆزاوییە، پێویستە لێرە بمێننەوە، دەبێت بە بەردەوامی لە ژێر چاودێری پزیشكدا بن، ناو بە ناو پشكنینیان بۆ بكرێت، چارەسەری بەردەوامیتان بۆ دیاری بكەین».

ئێستا ٢٠١٢/٣/٤ یە عومەر پاڵەوان لە كتێبخانەكەی سەردەم بە هێمنی چیرۆكی ٢٤ساڵ دوا تراژیدیای ژەهربارانی شاناخسیـم بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ژەهرە كیمیاییە كاریگەرییەكی زۆری كردوەتە سەر جەستەی ئەم و هەموو برینداەكانی تر و لەو بارەیەوە بە هێمنیەوە ئاماژەی بەوەكرد:

*چەندان پەڵەی خاڵی ڕەش ڕەش و هێڵی باریكی گرنج گرنج و پەڵەی تەنكی سپی سەراپا چاوەكانم دەبینن، ئەگەر بمەوێت ڕۆژنامەیەك بخوێنمەوە، پیتی و وشەكانی بە ئاستەم دەبینم، بۆم ناخوێنرێتەوە، پیت و ووشەكانی بە یەكدا دەچن و تێكەڵ دەبن، بە پێ ی عەینەك مانشێتی ڕۆژنامەكان و ناونیشانی بابەت جیاجیاكان هەر بە لێڵی دەبینم، بە عەینەكیشەوە مانشێت و ناونیشانەكان بە زەحمەت دەخوێنمەوە، چاوی چەپم زۆر كز بووە دكتۆر وتی:

بە عینەكی ژمارە«»ش زۆر بە زەحمەت دەتوانی ڕۆژنامە و گۆڤارەكان بخوێنیتەوە.

ئەوە چەند مانگێكە لە ئەڵمانیاوە گەڕاومەتەوە بۆ سلێمانی، لێردا دكتۆرە لاڤە ـی پسپۆری چاو لە سلێمانی پێ ی وتم: دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا لەوێ نەشتەرگەری بۆ چاوی چەپت بكەیت، هەر چەندە ئەم بڕیارەش زۆر قورس و دژوارە و پڕە لە موجازەفەیە، چونكە مەترسی كوێر بوونی هەیە، بەلاّم تا چاوت بە تەواوی لە بینین نەكەوێت نابێت ئەو نەشتەرگەریە بكەیت،

چـــونکە زۆر مەترســـی لەســـەرە، ئەگـــەری چـــاك بوونەوە نیە.
چـاوی ڕاســتم تۆزێــك باشــترە، هـــەموو ڕۆژێــك چوار جار قەترە دەکەمە هەردوو چاومەوە.
هـــەر چـــوار وەرزی ســـاڵ ســـنگم بەبـــەردەوامی ئیلتهـــابی هەیـــە، هەناســـەم تـــەنگ دەبێـــت، پـــەمپی هەناســـە بـــەکار دێـــنم، ئەوکاتانـــەی کـــە ڕێـــژەی ئیلتهابەکـــــەم زۆر دەبێـــــت کـــــە پســـــولی ئەمەکسۆســـــلین بـــــەکار دەهێـــــنم، بەبـــەردەوامی تەنگـــە نەفـــەس دەبم، بەڵغـــەمم هەیـــە' لـــە کـــاتی ســـەرمایی زســـتاندا بـــە هـــۆی هەڵئەوســـانی ســـییەکانمەوە ئـــازاێکی تونـــد لـــە پشـــتم دا ســـەر هەڵـــدەدا، لەســـاڵی ١٩٨٨-ەوتـــا ســـاڵی١٩٩١ برینـــی ســـەر شـــوێنە ناسکەکانی جەســـتەم نـــاو بـــە نـــاو تـــەڕ دەبوونـــەوە و وشـــك دەبوونـــەوە، لـــەکاتی تـــەڕ بوونـــەوەی برینەکانـــدا ئازارەکـــەی زۆر تونـــد دە بـــوو، ســـەراپا ئـــەو شـــوێن بریناـــەی ســـەر پشـــتم پـــڕە لـــە پەڵـــەی قـــاوەیی کـــاڵ و تـــۆخ بـــە شێوەی پەڵەی بچوك و گەورە.

## یادەوەرییەکان کاڵ دبنەوە

ئـــەو زنجـــیرە دیمەنـــە پـــڕ لـــە تراژیدیایانـــەی کـــــەبنیتان، چارەنوســـــی پێشـــــمەرگە و فەرماندەیەکـــــە، بەشـــــداری دەیـــــان چـــــالاکی و داســـــتان و مەرگـــــە نـــــاو ڕەشـــــەبای ژەهـــــر ی کـــردووە، ئـــەو هـــەموو تەمـــەنی گـــەنجی خـــۆی بـــە پێشـــــەرگایەتیە بـــــەرگری لـــــە گـــــەل و نیشـــتیمانەکەی بەخشـــی، ئـــەو لـــەم ســـالآنەش دا تـــــوانی بـــــەهای مێـــــژووی شـــــکۆمەندی پێشـــمەرگایەتی خـــۆی بپـــارێزێ، دوایـــی ئـــەو زنجـــیرە ڕووداوە یـــەك لـــە دوای یەکـــە پـــڕ لـــە تراژیدیایانـــــە، ئێســـــتا خانەنشـــــینکراوە، لـــــە ئـــەڵمانیاوە گەڕاوەتـــەوە بـــۆ شـــارەکەی، بـــەڵام بـــە هـــۆی کاریگـــەری کیمیایەکـــەوە چـــاوی چـــەپی بـــە ئاســـتەم دەبینـــێ، ڕۆژ بـــە ڕۆژ بـــەرەو بـــارێکی خـــــراپتر دەچـــــێت، بـــــە پـــــێ ی ئـــــەنجامی پشـــكنییەکان و پزیشـــکەکان پیـــان وتـــوە: پـــێ دەچـــێت چـــاوی چـــەپت دوایـــی ماوەیـــەکی تـــر بەتـــەوای نـــوقمی تـــاریکی ببـــێ و بکوژێتـــەوە و دنیای ڕووناکی نەبینێت.
بـــە پێـــی زەمەنـــەکانیش، چـــاوی ڕاســـتی ڕۆژ بـــە ڕۆژ بەرەو بارێکی خراپتر دەچێت.
پرۆفیســـۆر کۆفیســـکی لـــە بـــەرلین لـــە ئـــەڵمانیا پـــێ ی وتـــوە چارەســـەری تـــۆ و هـــەموو ئـــەو بریندارانـــەی وەك تـــۆ کـــە کیمیـــایی بـــە چـــڕی گرتویەتیـــەوە... تـــەنیا یـــەك ڕێگەیـــە ...دەبێـــت بـــە بـــەردەوامی لـــە ژێـــر سەرپەرشـــتی پزیشـــکی پســـپۆردابن و چترەســـەری بـــەردەوام بـــەکار بهێـــنن، ژەهـــری خەردەلەکـــەش بـــە جۆرێـــك کـــاری کردۆەتەســـەر مێشـــکتان، یادەوەریـــەکانی کـــز کـــز تـــر کـــردووە، هـــەردەم دیمەنـــەکانی ژیانتـــان بـــیر دەچـــێتەوە..زۆر جـــار لەگـــەڵ هاوڕێکانتـــان دا باســـی دیمەنـــەکانی ژیـــانی ڕابردوتـــان بـــیر دەچـــێتەوە..زۆر لـــە یادەوەرییـــەکانتان بـــیر دەچـــــێتەوە.....بـــــە کـــــاڵی بیرتـــــان دەکەوێتـــەوە....ماوەیـــەك تێڕامانـــەوە بـــیر دەکەنـــەوە... ئـــەمجا ئەگـــەر ئـــەو یادەوەرییـــە تاڵآمانتان بیر بکەوێتەوە.

# پیاوێکی پۆڵۆنی لە یادی ئەنفالدا گۆشتی نەخوارد

ڕێزان صالح



یارك شاکۆفسکی( (Yarak, Shakofsky

کاتێك لە فرۆکەخان ەی نێودەوڵەتی سلێمانی دابەزی جگەلە تاوانی ئەنفال‌و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هێشتا هیچی دەربارەی کوردو داب‌ونەریتەکانی نەدەزانی، ئەوەی دەربارەی کورد بیستبووی تەنها تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال بوو، ١٣ی نیسان لە فرۆکەخانەی () سواربوو بەرەو ولاتێك کە یەکەمجاری بوو بۆی بچێت .. ئەو رۆژی ١٤ی نیسان گەیشتە ئاسمانی کوردستان‌و لە سلێمانی لە فرۆکە خانە هاتە خوارەوە، دوای ئەوەی پێشوازیم لێکرد لەبەر ئەوەی ئەو زۆرماندوو بوو، بۆیە راستەوخۆ بەرەو هۆتێل یاقود بەرێکەوتین پاش کەمێك پشوو چوینە چێشتخانەو ئەو بە تاسوقەوە رێبەری خواردنەکانی لەسەر مێزەکە هەڵگرتوو چاوی پێداگێرا بۆ ئەوەی خواردنێکی خۆش هەڵبژێرێ‌و داوای بکات !! بەڵام کاتێك باسی ئەو بیرۆکەیەم بۆکرد کە ئەمرۆ ١٤ی نیسانەو یادی گەورەترین تاوانی ئەنفالە، ووتم : ئەمرۆ خەڵکیك هەن هیچ زیندەوەرێك سەرنابرن‌و لەچێشتخانەش گۆشت ناخۆن ئیتر (یارك شاکۆفسکی( Yarak, Shakofsky) وەکو مرۆڤێکی بەوەفا کارتی رێبەری خواردەمەنیەکانی خستەلاوەو بەسفره چیەکەی ووت : ( خواردنێکم دەوێ گۆشتی تێدا نەبی لەبەرئەوەی دەمەوێ منیش وەکو ئێوە ئەمرۆ گۆشت نەخۆم) ئەو وای بۆچووبوو، شاگردە کوردەکە سەری سوپاسی بۆ بلەقێنێ کەچی کوردی خاوەن ئەنفال تەقەی سەری دەهات لەوەی ئەم بێگانەیە بۆ گۆشت ناخوات ..؟!

بۆیە بەسورمانەوە ووتی: بۆ وەك ئیمە ؟! خۆ ئێمە گۆشت دەخۆین ؟ کابرا پۆڵۆنیەکە ووتی: تەنانەت لەیادی ئەنفالیش ؟! شاگردی تاین ووتی ئاخر بۆ گۆشت نەخۆین ئەوە چ پەیوەندی بە ئەنفالەوە هەیە ؟

# بەرەو حەمرین ساتێك بۆ فرمێسكەكان

ئامادەکردنی ئەنفالستان .

بەروار: ٢٠١٢/٣/١٩

بە رواری ٢٠١٢/٣/١٩ كاتژمێر ٦:٣٠ی سەر لە بەیانی بەنیازی ئەوەی بچینە سەر گۆڕەبە كۆمەڵەكەی چیای حەمرین كە تیمێك سەرگەرمی هەڵدانەوەی بوون، لەگەڵ سینەماكاری كوردستانی رۆژهەلات (تەهای كەریمی) لە سلێمانیەوە بەرەو شاری كەركوك بەرێكەوتین، بەدەم گفتوگۆوە كاتژمێر ٨:١٥ خولەك لەبەردەم بەرێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان وئەنفالكراوانی كەركوك ئامادەبووین

ماڵی ئاوابێت بەریوەبەری كاروباری شەهیدان سەید فازل لوتفی ئەوەی نواند كە لەگەڵ خۆیان و بە سەیارەی ئەوان بڕۆین، ووتی لەبەرئەوەی هەم سەیارەكەی تۆ لەگەڵ كاروانەكەماندا بڕناكات و هەم كاروانەكەی ئێمە ئەمنیەتی دابینكراوەو بۆ خۆتان سەلامەتترە. پاش (٢) كاتژمێر چاوەڕوانی لە گەركی رەحیماوای كەركوكەوە بەرێكەوتین، هەرچەندە ئێمە واخۆمان ئامادەكردبوو كە لەگەڵ سەید فازل سوار دەبین بەڵام كورێكی تازە پێگەیشتووی وەزارەتی شەهیدان، بەخولقوخۆیەكی گەرمەوە هات و پێشوازی كردم بۆناو سەیارەیەكی شۆڤرلێتی رەنگ رەشی جام تاریك كە سەیارەی (ئالاتالەبانی ئەندامی پارلەمانی عێراق) بوو، من ئەوەم پێخۆش بوو چونكە بەدەرفەتم زانی سەری قسەیەكی لەگەڵدا بكەمەوە كە مەبەستم بوو، ئەویش ئەوەبوو لە كەناڵەكانی راگەیاندنەوە بیستبووم كە (ئالا تالەبانی) ئەو پەتی سێدارەیەی عەلی حسن مەجیدی پێخنكێنرا بەدیاری هێناوەتەوە، بۆ مۆنۆمینتەكەی هەڵەبجە، من ئەو دەست و دیاریەی ئالام زۆر پێخراپ بوو، بۆیە دەمویست تا دەگەینە جێ ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ دابمەزرێنم، تابزانم بەچ لۆجیكێك بیری لەو كارە كردووەتەوەو كوردو هەڵەبجەییەكان چ سودێك لەو پەتی سێدارەیە دەبینن..!؟ ئەرێ بڵێی ئەو پەتە هەر ملی عەلی حەسن مەجیدی پێوەكرابێ ؟ یان هی خەلكی تریش ؟ بەداخەوە ئەو دەرفەتە دروست نەبوو، گفتوگۆكە نەكرا، چونكە ئالا تالەبانی نەهاتە لای ئێمەو سواری سەیارەكەی خۆی بوو، تومەس ئەوەی ئێمە سواری بووین سەیارەی حیمایەكانی بوو، بێئەوەی هیچ گاردێكمان لەگەڵ بیت جگە لە كورێكی مندالكاری عەینەك لەچاوو شۆڤێرەكەی ، ئیتر كاروانی ماشێنەكان لە هەلومەرجێكی ئەمنی توندوتۆڵدا كەوتەرێ هەموو جارێكیش بیرم دەچووەوە كە وەزیری شەهیدان و ئەندام پەرلەمانمان لەگەڵدایە بەخۆمم دەگوت باشە ئەم هەموو گاردو پاسەوانەمان بۆچیە. ؟!

كاروانەكەمان درێژ پێكهاتبوو لەچەندین ئۆتۆمبیلی گرانبەها تا لەكەركوك دەرچووین سەیارەی پاسەوانەكان پاش و پێشیان لێگرتبووین و رێگەیان نەدەدا هیچ سەیارەیەكی مەدەنی لێمان نزیك بكەوێتەوە. بەرلەوەی بگەینە دوزخورماتوو بەرێگایەكی



قیرتاوکراوی لاتەریکو چۆڵدا کاروانەکە لەرێگای گشتی لایداو بەناو دەشتاییەکی پانو پۆردا تێپەرین کە هەموو کێڵگەی کشتوکاڵی بوو، جوتیارەکاجلوبەرگی نەریتی عەرەبیان پۆشیبوو، ئەوەش زیاتر گوازرشتی لەتعریبی ناوچە کوردنشینەکە دەکرد چونکە ناوچەکە تادەگاتە حەمرینیش لە بنەرەتەوە خاکی کوردستانەولەمێژووەوە خوێنی زۆری لەسەر رژاوە، لەکۆندا هیچ عەرەبێکی تێدانەژیاوە، بەوانەشەوە کە لەکۆنەوە لەوێ نیشتەجێنو ئێستا پێیان دوترێت عەرەبی رەسەن واتە بەدەرن لەو عەرەبانەی رژێمی بەعس بەمەبەستی تەعریبو شێواندنی دیمۆگرافیای ناوچەکوردنشینەکە بە ئیمتیازو باربۆی باشەوە لەوێ نیشتەجێی کردوون.

تا لەسەر رێگای گشتی بووین، بەیارەوەری ئۆتۆمبیلە زرێ پۆشەکان کاروانەکە زۆر بەتیژی تێدەپەریو رێگامان دەبڕی، جاربەجار کورە عەینەك لەچاوەکە بە غرورێکەوە هەر بەدەست یان بەپەنجەیەك ئاماژەی بۆ شۆفێرەکە دەکرد کە چۆن بئاژوێو چۆن رێگە بگەرێو کام لای جادەکە بگرێ کە گەیشتینە بازگەیەك سەربازێك پرسی ئێوەش لەگەڵ ئەو کاروانەن ؟ شۆفێرەکە ویستی وەڵامی بداتەوە بەڵام کورە منداڵکارەکە بەچاوێکی سوکەوە سەیری سەربازەکەی کردو هیچی نەووتو لەشۆفێرەکەشی خوڕی وەڵامی نەداتەوە، ئەوهەڵسوکەوتە زۆر بێزاری کردم .لەوکاتەدا بەرائەتی ئەو خەڵکە سڤیلەم بیرکەوتەوە کەچۆن ئەنفالکرانو برسیو تینوکرانو چۆن بێسەروشوێنکران لەدڵی خۆمدا ووتم رەنگە ئەو سەربازەی بازگەکە کەسوکاری ئەو ئەنفالکراوانە بێت کە ئێمە دەچینە سەیری هەڵدانەوەی گۆرەکانیان، بۆنا دورنیە ئەو سەربازە تاکە دەربازبووی خانەوادەکەی بێتو ئێستاش لەناچاریو برسێتیدا چەکی کردبێتە شان، هەروەکو چۆن ئێستا زۆربەی زۆری کەسوکاری ئەنفالکراوان لەرێزەکانی پۆلیسو پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆدا تەنها چەك هەڵگرتنو خزمەتکاری ئەو جۆرەکەسانەیان بۆماوەتەوە.

ماوەیەکی زیاتر بەو جادە لاتەریکەدا بەتەنیشت کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا تێپەرین، جوتیارەکان کە خەریکی بژاروکاری کشتوکاڵی بوون دەستیان هەڵدەگرتو سەریان بەرزدەکردەوەو تەماشای کاروانی ئۆتۆمبیلە گرانبەهاکانی ئێمەو پاسەوانەکانیان دەکرد کە بە رەشاشی بیکەیسیو کلاشینکۆف پارێزگاریان لە ئێمە دەکرد، کە گەیشتینە ناوچەی (پارەپارە) بەدرێژایی ٢٠کم سەرباز لە قەراغی جادەکە دەست لەسەر بەلەپیتکەی تفەنگەکانیانو



بەخودەو جلی جەنگیەوە تا گەیشتینە ناو لیوای (١٦) بۆ پێشوازیو پارێزگاری کاروانەکە یان ڕاستروایە بڵێین بۆ پارێزگاری وەزیری شەهیدان وەستابوونو ئامادەباش بوون، من ئەو دیمەنەم واهاتە بەرچاو کە لوتفو ڕێزلێنانی فەرماندەی لیوای ١٦ بێت بۆ وەزیری شەهیدان فەرماندەی لیواکە کورێکی بالابەرزی قۆزبوو بەناوی بەختیار، خۆشی لەناو میدانی فرۆکەوانیەکەوە وەستابوو چاوەڕوانی دەکرد، هەر ئەوەندەی گەیشتین دوای بەخێرهاتن نەوەستان ئیتر بە کۆمەڵیك پاسەوانی زیاترەوە بەرەو چیای حەمرین کەوتینەوە ڕێ بەم ئەمجارە ئەمنیەت توندوتۆڵتربوو، تەنانەت دوو زرێ پۆشی هەمەر لەپێشمانەوە دەرۆیشتنو جاربە جاریکیش زرێپۆشی هەمەرم لەسەرگردۆلکەکان دەبینی، لێرەدا ئەوەش زیادە ڕۆیی نەبوو لە چرکردنەوەی پاسەواندا چونکە ئیتر بەرەو ناوچەی تکریت دەرۆیشتین، زیدی دکتاتۆری لە سێدارەدراوی عێراقو ئەندازیاری ئەو کۆمەڵکوژییەی ئێمە دەچوینە سەرگۆڕەکانیان.

ماوەیەکی زۆر بەرێگای سەرەکی دوزخورماتووتکریتدا تێپەرین، بەسەرچەند گوندو ئاواییەکدا ڕۆیشتین تاگەیشتینە سەر ئاوێك کە بەپردێك دەپەڕیتەوە پێی دەڵێن (زەرگە) کە ئێستا بازگەیەکی لێدانراوە، لەرۆیشتن بەردەوام بووین تا لە چیایەکی نزم نزیکبووینەوە کە بۆ بردنی جادەی سەرەکی چیاکە بردراوە لەدامێنی گەروی ئەو بڕینەدا بازگەیەکی تر هەیە بەتەنیشت ئەو بازگەیەوە لامانداییە سەر ڕێگایەکی خۆڵ هەرلە دورەوە چادرێکمان بینی من لەسەرەتاوە وا تێگەیشتم ئەو چادرە گۆرە بەکۆمەڵەکە بێت، کە نزیکەی ٢کم لە جادەی سەرەکیەوە دورە بەلام کەچووینە پێشەوەو کاروانەکە وەستا بینیم ئەو چادرە بۆ ئەوهێزە هەڵدراوە کە پاسەوانی تیمی هەڵدانەوەی گۆڕەکە دەکەن.

هێشتامن لە سەیارە شۆڤرلێتەکە دانەبەزیبووم کە کۆمەڵیك پیاوی گەرمیانیم بینی بەماتی وەستابوونو هەموو بەدەنیان لە خۆڵدابوو ئەوانەش تاقانەکانی ئەنفال بوون بەدیار تەرمی ئەنفالکراوەکانەوە کە لەنێو پەرژینێکی شریتی نایلۆنی سوروسپیدا لەکیسەنرابوونو ژمارەو بەرواریان لەسەر نوسرابوو، تاقانەکانی ئەنفال (ئەنوەری حەمەلاو، حەسەنی عەلی فەرەجو ئەحمەدی بەکرەشەلو سالارو وەهابی مدیرناحیێ نەوجولو بەختیاری فاتح حەمیدی پەلکانەو حسێن عاصیو بەخەمباری وەستابوون ( یاران دەبێ خەمو ژانی ئەودەربازبوانە چیوچۆن بووبێت) کە لە بەرزاییەکەوە داکشام چاڵێکی گەورەم بینی کە نزیکەی ٦

مەتر پانو ٤ م قوڵبوو، ئەو چاڵە هێشتا کۆمەڵێك تەرمی تیدابوو کە هەموویان ژنو منداڵبوون، وێنەی ئەو تەرمانە زۆر کاریگەربوون، جوتێك پیلاوی لاستیکی سپی منداڵانە، تەرمی منداڵیکی دوو ساڵان کە ئیسکە باریکەکانیو کەلەسەری هێشتا لەناو تراکسودێکی خەت لێك جودانەبووبونەوە، کچێکی ١٢ – ١٤ ساڵ سەرپۆشەکەی چۆن بەستبوو هەروا بەسەریەوە مابوو، کە بەدەمدا کەوتبوو، قژە سەری ژنانو ملوانکەی میروشینی چاوەزاری منداڵێکی ساوا دیمەنی ناو ئەو چاڵەبوو. هەموو ئەو تەرمانەی لە کیسەی کاغەزنرابوونوئەوانەی هێشتاکاری هەڵدانەوەو ئارکۆلۆجیان پزیشکی تەواو نەکرابوو هێشتا لەچاڵەکەدا مابوونەوەو بە ئەسپاییو شارەزایی خۆڵەکەیان بە کەمچەو فلچە لەسەرلابرابوو.

سەرەتا کە چوومە دیدەنی تەرمەکان رێگەیان پێنەدام وێنەیان بگرم، منیش رێزم لە تەرمەکانو داواکەیانگرتو بەماتەمی بەدیاریانەوە وەستام، دواتر هەنگاوم بەرەو دەرەوەی چاڵەکەناو بە نیگەرانییو دلێکی پڕ لەحەسرەتەوە هاتمە دەرەوە، من هێشتا هەر لە قەراغدا بووم کە تاقانەکانی ئەنفالیان بەرەو ناوچاڵەکە بردە خوارەوە، لەوانە ئەنوەری حەمەلاوی خەڵکی گوندی توکنو کامەران فاتحو ئەحمەدی گوندی بەکرە شەل، کە لەسەرسینەی کراسەکەی بە رەنگێکی سوروبە فلچەی خۆشنوسی نوسرابووئەنفال. ئیتر ئەوان سەلاوهاوریان لێبەرزبووەوەودەستیان کرد بەگریان، منیش خۆم پێنەگیراو هەردووچاوم پڕبوون لەئاو، تائەورادەیەی توانای وێنگرتنم نەما چونکە زانیم لەدەرەوە وێنەگرتن رێپێدراوە، زومی کامیرا ڤیدیوکەم خستە سەر تەرمەکان، لەوکاتەدا ئەنوەری حەمەلاوکە لە خێزانێی حەوت کەسیدا تەنها خۆی بە زیندوویی ماوەتەوە بەدەم گریانێکی بەکوڵەوە روی کردە وەزیری شەهیدان ئارام ئەحمەدو ووتی: جەنابی وەزیر تکات لێدەکەم ئەوجاشو موستەشارانە بدەرە دادگا، بەپیرۆزی ئەم تەرمانە سویندت دەدەم دەبێت ئەو تاوانبارانە بدەیتە دادگا، حەسەنی عەلی فەرەجی گوندی ئۆمەربل کە لەبەرەی دوو دایكولەکۆی (دە) سەر خێزان تەنها خۆی دەربازبووە بەدەم گریانەوە هاواری دەکردو دەلالایەوەو دەیگووت : (وەڵاهی شەرمەزاریە وەڵا سەر شۆرییە کەسوکارەکانمان ئاوایان لێبکریۆو بەم بێرێزیە ژێرخۆڵبدرێنو جاشو موستەشارەکانیش ئاوا بە ئازادی لە کوردستان بسورێنەوە) ئەحمەدی بەکرەشەل پەتی تەحمولی پچراو بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد ئەوەی لەگەڵ عەرەبیش دەست تێکەڵبکات هەرپیاونیە، چاوتان تێوەیەتی چۆن خوشكو دایككمانیان زیندە بەچاڵکردووە.

لە دەروەی چاڵەکەش (حسین عاسی) خەلکی گوندی پەلکانە لەو دیوی پەرژینە نایلۆنیەکەوە لەناوخۆڵدا دەتلایەوەو بە دەنگی بەرز بۆ دایكوباوكو خوشكوبراکانی دەگریاکە ئەویش هەموویانی ئەنفالکرابوونو خۆی بەتەنها ماوەتەوە، ئیتر نازانم چۆن



هەندێك لەو ئەفسەروسەربازو راگەیاندنكارانە بەخوێن ساردیەوە سەیری ئەو قوربانیانەیان دەكردو هاوسۆزی خۆیان بۆ ئەو مرۆڤە بریندارانە پیشان نەدەدا.

لەناو ئەو تەرمانەدا كە تا ئەو كاتە ژمارەیان گەیشتبووە ١٤٠ كەسو دواتر هەڵكشا بۆ ١٦٠ بەلگەی یاسایی جەرگبرو هەست بزوێنی لە خۆگرتبوو، دیارە كە دەڵێم هەست بزوێن بۆ میللەتێك كە تۆزقاڵێك هەستی تێدابێ..؟ لەوانە (( مەمكە مژەی مندالآنو پیلاوی بچوكو زنجیری ئالتونی ژنانو پارەی كەم لەگیرفانێكی هەژارانەدا ناسنامەی خویندكاری ناوەندی ..!!) یاران دەبێ ئەو درندایەتیە لەكوێوە سەرچاوەی گرتبێ ؟! دڵنیام ئەو جەلادانەی ئەو ژنومندالآنەیان گوللەباران كردووە سەریان رۆیشتبێ نەیان هێشتووە ركاتێك نوێژیان بچێت، چونكە ئەوانەی جەلادی ئەوقوربانیانە بوون بەپێی زانیاریەكان ئەفسەروپاسەوانی تایبەتی عەلی حسن مەجیدبوونو ئەو ئەفسەرە سوننە مەزهەبانە بوون كە شانازییەكی زۆر بەئاینی ئیسلامو نەتەوەكەیانەوە دەكەن، هەموومان بینیمان عەلی حەسەن مەجیدو صدام حسین چۆن قورئانیان دەخستە بن باڵیانو شەڕی عەدالەتو ناعەدالەتیان لەناو دادگاپێدەكرد ؟!! خۆیان بە هەقو دادگایان بەناداد پەروەرو ناهەق دەزانی !!

ئێمە بەهەمووی نزیكەی كاتژمێرێكو نیوێك ماینەوە، كەناڵەكانی راگەیاندن خەریكی كاری خۆیان بوون بۆ رومالكردنی ئەو گۆڕە بەكۆمەڵە، ئاگاداری ئەوە بووم كە كەناڵێكی ئاسمانی كوردی روی كامێراكەی كردبووە (حەسەن عەلی فەرەج)و ئەویش بەگریانەوە قسەی بۆدەكردنو جەختی لە دادگایی كردنی تۆمەتبارانی ئەنفال دەكرد.

**گەرانەوە :**

كە حەشاماتەكە بەرەو سەر بەرزاییەكە كشان تەهای كەریمی هەر خەریكی وێنە گرتن بوو، گەلێك بانگم كرد بۆئەوەی دوا نەكەوێت چونكە لەو كورە عەینەك لەچاوەم رانەدەبینی حەوسەڵەی ئەوەی هەبێت چاوەروانی تەهای كەریمی بكات، ئەوەی لەگەڵ تەهای كەریمی كاری كردبێ دەزانی چەندە بەكاوەخۆ دەجوڵێتەوەو لاری نیە لەوەی كە بۆگرتەیەك ١٠ كاتژمێر بێ نانو ئاو بوەستێ لەبەرئەوە من هەروێڵی تەهای كەریمی بووم، كاتێكم زانی تافانەكانی ئەنفال ئامێزیان بۆگرتمەوەو وتیان وەرن كۆببنەوە باوێنەیەك لەگەڵ ئەم پیاوە بگرین، ورەن باوێنەیەك بۆ ئەنفالستان بگرین تەنها ئەمە زمانحاڵی ئێمەیە، من ئەو پێشوازییەم زۆربەلاوە گرنگبوو، بەڕاستی هەستم بەسەربەرزی خۆم كرد، بۆیە ئاگام لەتەهای كەریمی نەما كاتێكم



زانی کاروانەکە جوڵا هەرچەندە روخسەتم لێ خواستن کە رێگەم بدەن بڕۆم بۆئەوەی دوانەکەوم بەڵام تا ماڵ ئاوایی تەواو بوو کاروانەکە رۆیشتن و تەهای کەریمی کەوتە تەلەفۆنکردن، ئیتر تاقانەکانی ئەنفال زۆر هەوڵیاندا دەستبەرداریان بەو خۆیان بمگەیەننەوە سلێمانی بەڵام پێمووتن کە من سەیارەکەم لەکەرکوکە بۆیە بەپەلە سەیارەیەکیان بۆ دەرکردم و گەیاندیانمەوە ریزی کاروانەکە، بەڵام نەوەستان دوو جار کاك ئیدریس بە سەیارە دەبڵ کابینەکەی چووە پێشی ئەو سەیارە شۆڤرلێتەی من لەوسەروە لەگەڵیدا هاتبووم بەڵام ئامادەنەبوو بوەستێ، تەهای کەریمیش داوای دەکرد سەبرو تەحمولم هەبێ ..!! بەڵام رون نەبوو داوی چ سەبرو تەحمولێك لەمن دەکات کابرای عەینەك لەچاویش داوای ئەوەی دەکرد کاروانەکە بەجێبهێڵین و زۆر لەپێشئەوانەوە بوەستین، بێئەوەی ئەوە لەبەرچاوبگرن کە ئەو سەیارەیەی منی گەیاندبوو دەبوو بگەڕێتەوە بۆسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکە .. بۆیە من بێمنەتی خۆم پێراگەیاندن و ووتم بڕۆن خواتان لەگەڵ ..

دوبارە لەجادەی گشتیەوە گەڕاینەوە بۆ سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکە، لەوێ کاك ئەحمەدی بکرەشەل و کاك کامەران فاتح حەمیدو کاك حسن عەلی فەرەجمان هەڵگرتەوەو گەڕاینەوە بۆ دوزخورماتوو، لەرێگای گەڕانەوەماندا هەرلەناو سەیارەکە دیدارێکی کورتی ڤیدیۆیم لەگەڵ کامەران فاتح کرد، ئیتر بەدەم قسەوباسی ئەنفال و کەمتەرخەمی کوردەوە گەیشتینە دوزخورماتوو، من هەر لەرێگا ئەوەم لەگەڵ براندبوونەوە کەوا من بگەیەننە (تەرمینتاڵ ) لەوێوە خۆم دەگەڕێمەوە بۆ کەرکوك بەڵام ئەوان جەختیان لەوە دەکردەوە کە بمگەیەننەوە بۆکەکوك .. بەهەرحاڵ من بەوە قایل نەبووم کە گەیشتینە تەرمیناڵەکە کاك ئیدریسی شۆفێر کە خۆشی هەموو کەس‌وکاری ئەنفال بوو سایەقی تەکسیەکی دەناسی منیان بەوسپارد، بەڵام لەسەرئەوەی‌کرێکەم بدەن لێمان بوو بەمشتو مڕ هەتا من دەستی یەکێکیانم گێرایەوە کاك ئەحمەدی بەکرەشەل کرێکەی دابوو. ماڵیان ئاوابێ زۆر منەتباریان کردم .

شۆفێری تەکسیەکە پیاوێکی سەلەفی بوو سمیڵی تاشراو ریشێکی درێژی هەبوو، تا ئەو کاتەی سواربووین لەناو تەرمیناڵەکەی دوز سەرنجی ئەو شارەو هاتووچۆی گەشتیارەکانم دەدا، من کە لەپێشەوە جێگەم بۆ گیرابوو ژنێکی (باڵاپۆش) هات داوای کرد جێگەکەی خۆی پێببەخشم، لەبەرئەوەی نەیدەویست بەتەنیشت پیاوەکەوە دابنیشێ، منیش بەرێزەوە پێمبەخشی و بەزمانی عەرەبی سوپاسی کردم. کە کەوتینەرێ تەنها من و پیاوێکی عەرەبی بەدەوی لەداوە سوار بووین، هەر زوو مۆبایلەکەی دەنگی

قورئـانخوێنی دەچـووە سـەر، (جەرەسـی بـۆ دەهـات) بـەڵام ئـەو دایدەخسـتەوەو وەڵامـی نەدەدایـەوە لـەرێگا نەفـەرێکی تـر دەسـتی راگـرتو سـواربوو ئـیتر مـن کەوتمـە نیـوان دوو عەرەبـەوە ئـەویش بەهـەمان شـێوە زەنگـی مۆبایلەکـە بریتـی بـوو لـە قورئـان، کەچـی هـەر کـە زەنگـی بـۆ دەهـات، خێـرا دایدەخسـتەوەو وەڵامـی نەدەدایـەوە.. سەرنشـینەکان هـیچ قسـەیەکیان پێکـەوە نـەدەکرد، لـەنیوەی رێگـا شـۆفێرەکە قورئـانی هاویشـتە سـەرو بـەدەنگی بـەرزو نەیکوژانـدەوە. لەوکاتـەدا دێرینـی هاوسـەرم تەلـەفۆنی کـرد تـا بزانـێ گەیشـتووێنەتە کـوێ، ئـەو وەك هاوسـەرو دایکـی منداڵـەکانم پێـی خـۆش نـەبوو بچـمە شـوێنێك کـەجێی مەترسـی بێـت، بۆیـە کـە تەلـەفۆنی کـرد، ڕاسـتیم پێنـەگووت بـەڵکو وتم وا دەگەڕێینـەوە، هەرچـەندە دەنگـی قورئانەکـە بـۆ ئەوجێگـەی پرسـیاربوو، بـەڵام نـەدەکرا ڕاسـتی پێبڵـێمو بڵـێم مـن لەتکسـیدامو لەرێگـەی کـەرکوکم چـونکە دڵنیـابووم ئـەو زۆردەترساودڵی دەکەوتە مەترسیەوە .



گۆڕی بەکۆمەڵی زنجیرە چیای حەمرین

## مەهدی ئازادی
## کامێرامانی فیلمی هەزارو یەکشەو



وێنـەگروکامێرامانی فیلمـی هـەزارو یـەك سـێو بـەزمانی فارسـی و بـە سـەر سـورمانەوە کەوتـە قسـەو ووتـی : خۆشـحاڵم کـە کامێرامـانی ئـەم کـارە هونەرییـەم (فیلمـی سـینەمایی دۆکۆمێنتـاری هـەزارو یـەك سـێو) لـە دەرهێنـانی بـەرێز تـەهای کـەریمی کـە بـاس لـە دەربـازبوونی چـەند کەسـێك دەکـات لـە کۆمـەڵکوژی یـان لـەناو گـۆڕی بەکۆمـەڵی تـاوانی ئـەنفال، بـەدیویێکی تریشـدا زۆر نیگـەرانم لـەوەی کوردسـتان بـەم رادەیـە تـاوانی دەرهـەقکراوە، تـاوانێکی گەورەیـە کـە بەداخـەوە وا چـارەکە سـەدەیەك بەسـەر تاوانەکـەدا تێپـەڕیووە مـن نـەمزانیبوو ؟! کەلـە ولاتێکـی دراوسـێم ئـەو تاوانـە جینۆسـایدیە رویـداوە بـەهیوام هـەموو جیهـان بـەم تاوانـە بزانـێو بیناسـێت، خۆشـحالم کـە وێنـەگری فیلمـێکم بـۆ ناسـاندنی ئـەو تاوانـە. دڵنیـابن لـەو ڕۆژەدا لـە تـاران بم یـان لـە

هەرکوێیەک بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ئەنفال گۆشت ناخۆم ..

# ئەنفال

**مامۆستا عەلی موحەممەد وەلی/خورماتوو**



ئەنفال هەشتەمین سورەتە لە قورئانی پیرۆزدا دابەزیوە بە سەر پێغەمبەر (دخ) دوای سورەتی (البقرە) ئەم سورەتە پیرۆزە لە (٧٥) ئایەت پێکهاتووە و لە شاری مەدینە دابەزیوەو بۆیە پێ دەوترێ سورەتی مەدەنی تەنها ئایەتەکانی ٣٠ – ٣٦ لە شاری مەککە دابەزیوە.ئەم سورەتە پیرۆزە هۆی دابەزینی پاش جەنگی گەورەی موسڵمانەکان بوو لە گەڵ کافرەکاندا کە ناسراوە بە شەڕی (البدر الكبرى) دوای ئەوەی سوپای موسڵمانان سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێنا و سوپای کافرەکان شکستیان هێنا و موسڵمانان دەسکەوتێکی زۆریان دەستکەوت لەو جەنگەدا،ئەم جۆرە دەستکەوتانە خوای گەورە لە قورئاندا بە (الانفال) ناوی دەبات.دوای ئەوەی ئەم دەستکەوتە زۆرە کەوتە دەستی موسڵمانان جەنگاوەرە لاوە موسڵمانەکان وتیان هەمو ئەم دەستکەوتانە بۆ ئێمەیە ، جەنگاوەرە پیرەکانیش وتیان بەشی ئێمەشی تێدایە چونکە ئێمەش بەشداربوینە لە شەڕەکەدا،بۆیە پێغەمبەر (دخ) سەرسام ما چۆن ئەو دەستکەوتانە دابەش بکا بە سەر موسڵماناندا ئا لێرەدا سورەتی ئەنفال دابەزییە سەر پێغەمبەر (دخ) بەم جۆرە :﴿ يسألونك عن الٔنفال قل الٔنفال لله و الرسول فاتقوا الله وأصلحوا ژات بينكم وأگيعوا الله ورسوله إن كنتم مؤمنين ﴾ (الانفال ١) واتا: ئەی موحەممەد (دخ) دەربارەی ئەنفال پرسیارت لێ دەکەن بڵێ: ئەنفال هی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیەتی بۆیە پێغەمبەر (دخ) ئەو دەستکەوتانەی دابەش کرد بە سەر جەنگاوەرە موسڵمانانەکاندا بە گەنج و پیرەوە بەم جۆرە (الحاكم) لە کتێبی (المستدرك) باسی ئەنفال دەکات.لێرەدا ئێمەی کورد دەپرسین بە چ مافێك ڕژێمی بەعس ئەم سورەتەی بە سەر میلەتی کوردی موسڵماندا داسەپاند؟! و هەروەها دەپرسین ئایە ڕێکخراوی UN و کۆنگرەی ئیسلامی و کۆمیتەکانی مافی مرۆڤ و هەمو جیهان بە جیهانی ئیسلامیشەوە بۆ چی بێ دەنگیان هەڵبژارد بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا؟!،ئایە بێ کەسی کورد بو؟! یان دۆلارەکانی ڕژێمی بەعس ئەو خەڵکەی کۆرولاڵ کردبو؟! ڕەنگە هەردوو هۆکە بوبێ!!!

هەزاران سڵاو لە ڕوحی پاکی سەرجەم شەهیدانی ئەنفال وشەهیانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و قوربانیە ڕەشپۆشەکانی ئەنفال.

مردن وسەرشۆڕی بۆئەنفالچێیەکان و دوژمنانی میللەتی کوردومرۆڤایەتی.

## گەشتێك بۆ تۆپزاوا .

**ئەفالستان**

٢٠١١/١٢/٢٧ کاتژمێر ٧:٣٠ ی سەرلبەیانی لە سلێمانیەوە بەرێکەوتین بۆ شاری چەمچەماڵ، بە نیازی ئەوەی لەوێوە ( فەرج محمد ) هەڵبگرین‌و بڕۆین بۆ تۆپزاوای ٢٠



کیلۆمەتری خوار شاری کەرکوك کە لە سەروەختی ئەنفالدا تۆپزاوا کرابووە بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنفالکراوەکان، شایانی باسە کە بەفەرەج محمد بە فەرەجی تۆپخانە ناسراوەو یەکێکە لەدەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوەکانی بیابان لەپارێزگای رومادی..دوای ئەوەی بە بنکەکانی کۆکردنەوەکاتییەکانی قادرکەرەم‌و چەمچەماڵدا تێپەریبوو هێنرابوو بۆ تۆپزاواو لەوێوە دوای دوو رۆژهێشتنەوەو ناونوس کردنیان برابوون بۆ پاریچزگای رومادی‌و لەوێ لەقەراغ ئاوی فورات لە بیابانێکی چۆڵەوانیدا کاروانی پاصەکانیان راگرتبوو دوودوو لەوپاصە شێوە ئیسعافانە هێنابوویاننە خوارەوەو دەست‌و چاویان بەستبوون‌و گوللەبارانیان کردبوون.

دوای ٢٥ ساڵ لەو تاوانەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد فەرەج بۆیەکەمینجار چووەوە بۆ تۆپزاواو دوای ئەوەی بیری خستە کار توانی ئەو هۆڵە بدۆزێتەوە کەکاتی خۆی لەتۆپزاوا بۆماوەی دوو رۆژ تیایدا دەستەبەسەربووە.

هەرکە گەیشتینە یەکەمین دەروازەی سەربازگەی تۆپزاوا، فەرەج دیقەتی ئەو دیکۆرە کۆنگرییەتیە کەوانەیەی دا کە بەرلە ٢٥ ساڵ بە ئەنفالکراوی بەژێر هەمان ئەو دەروازەگەورەیەدا تێپەری کەوا ئێستا بە ئازادی دەچێتەوە بۆ ناو هەمان ئەو سەربازگەکە کە ئەو سەروەختە بنکەی سوپای میللی ( جیش الشعبی) عێراق بووەو کرابووە شوێنی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنفالکراوان. دەروازەیەکی قێزەون کەسەدان هەزار کوردی گوندنشینی لەگەنج‌و پیرومندالی لەهەردوو رەگەزی نێرومێدا پێدا هاتووەتە ژورەوەو دوای پۆلێنکردن‌و جیاکردنەوەیان جارێکی تر لەهەمان دەروازەوە براونەتەوە دەرەوە بەرەو بیابان، هەرچی گەنجەکان بوون بۆ کوشتنی ڕاستەوخۆو هەرچی ژن‌ومنداڵ‌و پیروپەککەوتەکانیش بوون بۆ نوگرە سەلمان بۆ بێگومان بۆ مەرگێکی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەوەی بەهێواشی لەبرسان‌و لەگەرمای

بیابانـدا بەشێنەیی بمرن‌و لە بیابان گۆرغەریب بن.

هێشتا لە سلیمانی بووین کە حاجی فەرەجی تۆپخانە تەلەفۆنی بۆکردم تا دڵنیابێت لەوەی یاوەری دەکەم بۆ ئەو گەشتەی یان نا؟ کەمن وەڵامم بە بەڵی دایەوەو پێمگووت وا لەرێگاین ووتی : دەباشە وەزیری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان دێت بۆ ئێرە پێمخۆشە ئێوەش لەوکاتەدا بگەنە ئەوێ ، ئەوەش دەرفەتێکی زۆر گرنگ بوو بۆمن،



چونکە ماوەیەکی زۆربوو پرۆژەیەکم دابووە وەزارەتی شەهیدان‌و ئەنفالکراوان بۆئەوەی ئەو ١٠ کەسە دەربازبووەی گۆری بەکۆمەڵ لەمەینەتی رزگاریان بێت‌و سۆراخێکی بکەم.. هەرلەوێ توانیم جارێکی تر بە ئامادەبوونی خودی فەرەج ئەو پرۆژەیە بیری وەزیر بخەمەوەو ئەویش بریاریدا کەوا جێبەجێی بکات.

زیندانی تۆپزاوا ناوی ئەو سەربازگەیەیە کە ٢٠ کم دەکەوێتە خوار شاری کەرکوکەوە، کە هەربەناوی گوندی تۆپزاواوەیە

عێراق نیشتمانی هەمووانە ..!

لەیەکەم دەروازەی تۆپزاوا لەسەر دیواری گوڵدانێکی چوارگۆشەیی نوسراوە عێراق نیشتمانی هەمووانە ..

بەڵام ئەو دیوی دەرگاکە شوێنی ئەشکەنجەو سوکایەتی پێکردن‌و پۆلینکردنی کوردە گوندنشینەکان بوو، پۆلێنکردن‌و جیاکردنەوە بۆ دۆزەخی بیابان .. بۆ دوو شێوە مەرگی جیاواز .

یەکەمیان مەرگی ڕاستەوخۆو گوللەبارانکردنی بە کۆمەڵی گەنجەکان بوو.

دووهەمیان دۆزەخی نوگرە سەلمان بوو ، کە بۆ مەرگێکی شێنەیی‌و لەسەر خۆی پیرو پەککەوتەکان‌و هەندێك ژن‌ومنداڵ بوو.

بۆیە پێموایە دەروازەی دۆزەخ ناویکی گونجاو بێت بۆ سەربازگەی تۆپزاوا .. چونکە هەرچی لەو دەرگایەوە چووە ژوورەوە بەبێ بریاردان لەسەر یەکێك لەودومەرگە قوتارنەبوو.

زۆر تێناپەری کە یەکەم ژور روبەرووت دەبێتەوە ژوری هەواڵگرییە، ئەو دەزگا ترسناکەی گەلێك عێراقی بەگشتی‌و کوردی بەتایبەتی بە کورەکانی ئەشکەنجەومەرگداکرد.

**یادەوەری عوزێر:**

عوزێر دەیگێرێتەوە هۆڵەکە پەنجەرەی زۆری لەسەر بوو عەسکەرەکان لولەی تفەنگەکانیان رووکردبووە ئیمەو ها ئێستا ها تۆزێکی تر هەموومان رەمی دەکەن، جاناجارێکیش دەمگووت دەبا بمانکوژن‌و لەم عەزابە

رزگارمان بێت.. ئینجا ووتی : سوێندت لەسەرم نیە زۆرم تینوو بوو لەعەسكەرەكە پارامەوە كەمێك ئاوم بداتێ .. زۆری نەبرد عەسكەرەكە لە سوالەتێكدا ئاوی بۆهێنام بەڵام كە خواردمەوە بۆنێكی زۆر ناخۆشم تام كرد .. بەخوا یان میزبوو یان ئاوی زیراب بوو دەرخواردی دام .

یادەوەرییەكانی فەرەج : لەو گەشتەماندا فەرەج سەرلەنوێ بەسەرهاتەكەی بۆ گێڕاینەوە، هەرچۆنێك بوو یادەوەری هاوكاربوو بۆئەوەی هەمان ئەو قاعەیە بدۆزێتەوە كە بۆماوەی دوو رۆژ تیایدا دەستبەسەربووەو ئەشكەنجەی رۆح و ویژدانی دراوە

فەرەج زۆر لەسەرخۆو جارجاریش بە قورگی پڕ لەگریانەوە بەسەر هاتەكەی ئەو دورۆژەی دەگێڕایەوە، بەڵام ئەو دیمەنەی زۆر پڕئازاربوو كە بەهێواشی پشتێنەكەی كردەوەو فرمێسكەكانی پێسڕی .. ئینجا لە پێ دەستی بەرزكردەوەو بەهەر پێنج پەنجەكەی ئاماژەی كردوو گووتی: بێجگە لە ئامۆزاو خزمە نزیكەكانم پێنج برام لەم



هۆڵانەوە رۆیشتن بۆ بیابان و كوژران .. ئەو گەشتە هەتابلێی گرنگ و ئەفسووناوی بوو بەلای منەوە بەتایبەتی كە دەمبینی ئەو هۆڵانەی وا ئێستا بوونە كەلاوەو هەندێكیشیان ماڵی ئاوارەی لێ نیشتەجێ بوون زۆر واتای دەبەخشی لە بەد بەختی و تارادەیەكی زۆر بێباكی میللەتیكی جینۆسایدكراوی دەهێنایە پێشچاو . دوای ئەوەی تەواو بەناو هۆڵكاندا گوزەرمان كرد بە حەسرەتێكی زۆرەوە سواربووین و بەرەو سلێمانی كەوتینەوە رێ بەڵام لەو ماوەیەی كە لەگەڵ فەرەجی تۆپخانەدا پێكەوە بووین هەرگیز بەو شلەژاوی و هەژانەوە نەمدیبوو.

**ژیان دو جۆر مرۆڤی تێدایە، یەكەمیان ئەوانەن كە تەنها لە ژیان دەخۆن و ئامادەی بەخشین نین، دوومیان ئەوانەن تەنها دەبەخشن و ژیان دەیا نخوات..**

**مەردن ئەوانەی لەبەرەی دووهەمن.**



## جمیل جعفر محمد ناسراو بەشێخ جەمیل خەرپانەیی



ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی خەرپانەی ناوچەی هەورامان لەدایك بوو.

لە ساڵی ١٩٨٨ لە كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجە ٢ جار بریندارببووە. باوكی ٦ كور و ١ كچە .

بەپێی ڕاپۆرتی پزیشكی ڕێژەی بەركەتووی چەكی كیمیاویی ٧٥٪ ئەفسوس شەوی ٨/٧ شوباتی ساڵی ٢٠١٠ كۆچی دوایی كرد . ئەو بریندارەی چەكی كیمیاوی تا دواچركەساتەكانی ژیانی بۆ تەنها جارێكیش لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە هاوكاری نەكراوە چارەسەرو نەشتەرگەری بۆ نەكراوە. لەسەر حسابی خۆی هەردوو چاوی نەشتەرگەری بۆكراوە. جەمیل جەعفەر هەمیشە باوەڕی وابوو خۆی كار بۆخۆی بكات نەك حكومەت و ڕێكخراوەكان بیبەنو مزایەدەی پێوەبكەن.

ئەو پیاوە هەتا لەژیاندابوو ٣ جارجەلدە لێیداوە





کاوە حسیب



فکریە



حسیب عزەدین

## خانەوادەی فکریە عەلی عبداللە.

ئەوکاتەی ئەنفال دەستی پێکرد ئەوان لە گوندی بریام غولامی سەربەناحیێی قادرکەرەم نیشتەجێبوون لەبەرئەوەی پێشتر لە کەرکوك بوون، هەرکە مێردەکەی (حسیب عزەدین ) بۆ خۆپەنادان لە ئاگری جەنگی وێرانکەری جەنگی ئێران عێراق هەڵهاتووە.. چون بۆ ئەو گوندە و لەویّ نیشتەجیّ بوون. لەوێش بۆ بژێوی ژیانی رۆژانەیان بەکاری کشتوکاڵەوە خەریکبوون.

بەلام ئەنفال ژیانی ئەم خانەوادەیەشی شێواندو حسیب عزەدین محەمەد لەدایکبووی ١٩٥٢ لەپەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیاندا گێراو وەکو زۆربەی پیاوانی ناوچەکە گیراو بێسەروشوێنکرا

فکریە عەلی جاشەکانی عەدنان جەباری مستەشار تۆمەتبار دەکاو دەلێت ئەوان لەنزیك برایم غولامی ناحیێی قادرکەرەم گرتیانو تەسلیم بەجەیشیان کرد.

خۆشبەختانە فکریەو کاوەی کوری لە کۆمەلکوژی ئەنفال رزگاریان بوو ئەوکاتە (کاوە) مندالێکی ساوا بووە فکریەی دایکی ووتی : وەبەر مەمکەوە بوو تەمەنی دوو مانگ بوو، کە باوکی ئەنفالکرا، بەڵام فکریەوکاوە بەهیمەتی خزمێکی خۆی کەداڵدەی دابوونو لەماڵەکەیدا خۆیان شاردووەتەوە. بەڵام ئەنفالکردنی حەسیب جگەلەچاوەروانیە تاقەتپروکێنەکەی سەرلەبەری ژیانی ئەوانی گۆڕیو فکریەو کاوە توشی گەلێك مەینەتی بوونو بەژیانێکی زۆر سەختدا تێپەریوون.

فکریە وەکو تەواوی بێوەژنەکانی ئەنفال روبەرووی چارەونسێکی سەخت بوونەوە ئەویش ناچاربوو شانبداتە ئەو مەینەتیەو ژیانی خۆیو منداڵەکەی بەگوڵەچنیو دارکێشانوپەموو چنیو کاری زۆرو کرێیەکی کەم دەستەبەرکردووە، هەمیشە بەژیانی خۆیو مندالەکەیەوە خەریك بووە، لەدیدارێکی کورتدا فکریە عەلی بەقوڵپی گریانەوە و بەخەمبارییەوە ووتی: جا برای شیرینم چیمان بەسەرانەهات ؟! چیمان نەکرد لەپێناو ئەم ژیانەدا..؟ جا برایا ژیانیش ژیان بوایە ؟! لەشاخی گۆڵیّ[16] قەوانە فیشەکم گرد دەکردەوەو دەمفرۆشت بەتاکە دینارێك ئەی چی بکەین ئێمە ئاوا خۆمان پیّ بەرێوەدەبردو ئاوا ئەژیاین ..بەڵام چۆن ژیانێك هەتاخواحەزکات ژیانێکی سەخت)

---

[16] گۆڵی ناوچەیەکی شاخاوی کوردستانە لەهەمان کاتدا شاخێکی بەناوبانگیشە لە شارباژێری سەخت. شوینگەیەکی قایمی شەروپێکدادانی نێوان پێشمەرگەو حکومەتی عێراق بووە، لەبەر ئەوە پاشماوەیەکی زۆری پارچەو تەقەمەنیو قەوانی فیشەکی لێبووە. لەقاتو قری سەروەختی گەمارۆی ئابوری خەلکی کوردستان، بەتایبەتیش کەسوکاری ئەنفالکراوەکان زۆر بەسەختی ژیانیان دەگوزەراند.. کۆکردنەوەی قەوانە فیشەك یەکێك بووە لە سەرچاوەی بژێوی ئەم کەسە لێقەوماوانە بەپارەیەکی زۆر کەم، کۆدەکرانەوەو دەدران بەبازرگانێكو ئەویش دەیبرد بۆ ئێرانو بە نرخێکی گران دەیفرۆشتەوە.


هەرێمی کوردستانی عیراق
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان
بەروار ٢٠٠٨/٧/٢
ژمارە ٣٠٣٤٤
ناوی جینۆسایدکراو: حسیب عزالدین محمد
ناوی وارس: فکریة علی عبدالله
مووچە: ٣٠٠٠٠٠
بەڕیوەبەرایەتی: سلیمانی



## نوکتە نیە ڕاستیە

لەرۆژی ٤/١٤ دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بانگهێشتکرابوون، بۆ چەمچەماڵ گوایە خەڵاتی زێرنیان پێدەبەخشن..؟!دوای ئەوە داوەتیاکردبوون بۆ چێشتخانەکەی بانی مەقان کە خوڵقیانکردبوون چ دەفەرموون ئەوان وتبوویان سادە، کەچی (چالاکوانان)ی دۆسێی ئەنفال وتبوویان نەبابە سادەی چی ؟! قۆزی بخۆن ئەوانیش وتبوویان نابرا ئەمرۆ ئێمە نەك گۆشت تەنانەت ئاوی گۆشتەکەشیان، ڕەتکردبووەوە لەبەرئەوەی ٤/١٤ ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئەنفال ئ ەوان گۆشت ناخۆن.. کەچی (چالاکوانان) بیٚ گوێدانە هەستوهەڵوێستی میوانەکانیان لەبەر ڕۆشنایی ئەولۆژیکەی ئەوەی من نەیلێم ناڕاستە قۆزی خۆیان نوش کردبوو.

ئەو ژنە جگە لەمێردەکەی براکانیشی هەر ئەنفالکراوون ( فاتح موالید ١٩٥٧، شکر موالد ١٩٥٥، ناسح موالید ١٩٥٧ ) دواجار هەناسەیەکی هەڵکێشاو ووتی (هێمنو چنار )[١٧] برازای من بوون ئەوانیش لەبەفردا ڕەقبوونەوە .



[١٧] – هێمنو چنار کە لەبەفر بارینێکی سەختدا لە شارۆچکەی سید سادق ڕەق بوونەوە .

# زیندو کوژی مردو پەرست

ئەنفالستان

شـــۆفڵەکان گونـــدیان روخانـــدین و ئاســـەواری تـــاوانی جـــەلادو تـــەرمی ئـــەنفالکراوەکانمانیان بەکۆمـــەڵ داپۆشـــی، وەك دەبیـــنن لەنـــەبوونی یاریگایەکـــدا منـــدالانی گونـــد گونـــدی کلێســـەی دەشـــتی کۆیـــە لـــە بـــەرواری ( ٤) ی ئایـــاری ســـاڵی ١٩٨٨ ئەنفالکراوبەهۆیـــــەوە ١٣٦ کـــــەس لـــــە خەڵکەکـــەی گـــیران و ئـــەنفالکران و ئـــیتر جـــارێکی تـــر نەبینرانـــەوە، دانیشـــتوانی ئـــەم گونـــدە لـــە دلســـــــۆزیانەوە بـــــۆ ئـــــەنفالکراوەکانیان مۆنۆمێنتێکیان بۆ دروستکردوون.

ئـــەم وێنەیـــە کـــە لەهـــەمان گونـــد گـــیراوە تـــەواو مایـــەی ســـەرنجە چـــونکە منـــدالانی گونـــد لەبەرئـــەوەی یاریگایـــەکیان نیـــە دەبیـــنین لـــەناو تایـــەی شـــۆفلێکدا یـــاری دەکـــەن ..!! لێـــرەدا هەقمانـــە هەڵوەســـتە لەســـەر ئـــەوە بکـــەین کـــە شـــۆفل وەکـــو چـــۆن گونـــدەکانمانی روخانـــد ت،



تـــەرمی ئـــەنفالکراوەکانمانی بەکۆمـــەڵ داپۆشـــی ئێســـتاش هـــەر تایـــەی شـــۆفڵەکان بوونـــەوە کەرەستەی یاری مندالانمان ..؟ !!

لـــەم گونـــدەدا مـــافی منـــدالان وەکـــو کـــۆی کـــەمور تیـــەکانی تـــر ئـــاوری لێنەدراوەتـــەوە، بـــەلای کەمـــەوە نـــەبوونی یاریگایـــەك بـــۆ منـــدالانی گوندەکـــە، لـــە گـــەڵ ئـــەو بەتەنگـــەوە هاتنـــەی خـــەلکی کلێســـە بـــۆ ئـــــەنفالکراوەکانیان ناتەبایـــــــە..!! بەڕاســـت دەشـــێت مۆنۆمێنتێـــك بـــۆ قوربانیـــەکان بـــەو شـــێوەیەو بـــەو دیزاینـــە بـــۆ مردووەکـــان بکرێـــت ؟ بـــەڵام منـــدانی گونـــد لـــە یاریگایـــەك بێبـــەش بـــن ..؟ ئایـــا بەڕاســـت ئەمـــە لـــۆژیکی مردوپەرســـتی زینـــدو کـــوژ نیـــە ..؟ ! ئـــەو وێنەیـــەی دەیبیـــنین باشـــترین بەڵگـــەی منـــدالانی گوندێکی ئەنفالکراوە ..



# ئەو سایێق شۆفەرێ لاشێن شەهیدێن کیمیابارانا گوندێ گۆپتەپەی بشۆفەرێ ڤەشارتی

رێکار مزوری

مێژوویا کیمیابارنکرنا گەلێن کوردستانێ و کوردستانیان ڤەدگەڕێتەڤە بۆ سەرتایا سەدێ نوزدێ ،ژلایێ دەستهەلات دارێن عوسمانیانڤە، لپەی سیاسەتا عوسمانیان ، بەعسیان ژی هەر ل سەرتایا دەستهەلاتا خۆ چەکێن قەدغەکری دژی کوردستانیان ب کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوری وەك نەتەوە بکارئینایە و هەروەها وەك دین و مەزهەب بەرامبەر ( موسلمان ، مەسیحی ، شیعە ، سونە ، ئێزدی ، کاکەی، عەلەوی ، بەکتاشی) بکارئینایە لێ رەنگ و جۆرێن ئەڤی کەرەستەی دجۆراو جۆر بوونە ل ( تیزابێ بگرە هەتا خەردەل و سیانیدو چەندین جۆرێن دن یێن هۆڤناك ... )،ل (١٥- ١٦ -٤ – ١٩٨٧ ) بۆ یەکەم جار ل هەرچوار پارێزگەهێن کوردستانێ ئەڤ چەکە ( سلێمانی ، کەرکوك ، هەولێر ، دهۆك ) بکار هات ،بتایبەت ( ل سەرگەلو ، دۆلا بالیسانێ ، قەزای ئامێدی ، قەرەداغ ) دویفدا ل سالا ( ١٩٨٨ ) بە ئاوایەکێ بەر بلاڤ دووبارە بۆڤە، بتایبەت ل ( ١٦-٣-١٩٨٨ ) بازێڕێ هەلەبجە و (٢٥-٨ – ١٩٨٨ ) دەڤەرا بەهدینان ، نێزیکە (٥٠ ) جاران و زێدەتر ل (٧٠ ) جهێن کوردستانێ هاتینە کیمیابارنکرن لناڤ کوردستانا باشۆر ، هەروەها ل هەمان سالدا ل رۆژهەلاتا



کوردستانێ دەڤەرا ( سەردەشتێ و شنۆیێ و گەلیێ رەبەت و راژان ) هاتییە کیمیابارنکرن .ل رێکەفتی ( ٣-٥-١٩٨٨ ) حکۆمەتا بەعسیان ل عێراقێ ب چەکێن قەدەغکری و ژهراوی گوندێن ( گۆپتەپە ، عەسکەر ، چەمی رێزان ، شونکە ماهیلە ، سەدی چنار ،شێخان ، گلەشیر،حاجی ژیرەبەر ،کوچبلاخ ،زەرزی ) کیمیابارنکر و زێدەتر ژ (١٢٠ ) کەسان کوشتن،ل گوڤارا ئەنفالستانا سالا ٢٠٠٩ ، ژمارە (٦ ) ل لاپەرێ ٨١ بابەتەك من ڤەخواند بناڤێ ( تاوانی کیمیاباران و دیمەنە تراژیدیەکانی گۆپتەپە ) پێنج دیمەنێن دلتەزین تێدا هاتنە تومارکرن ئەوژی بەحسا دەرئینانا ( ٩) تەرمێن شەهیدا ل حوزا ئاڤێ لپاش (٥) سالێن بویەرێ و ڤەدیتنا هەستیکێن (٢٠ ) مرۆڤان ل ناڤ مال و کولانان و دووبارە ڤەشارتنا وان ، هەرگاڤ وژدانا من بریندار دبوو چما ؟!بێ رێورەسم هاتن ڤەشارتن چما؟!هەستێکێن وان نەهاتن پشکنین و کەسێ خۆ لێ نەکر خودان ، ئەگەر وی دەمی مەکەس نەبوو ، لێ نها مە حکۆمەت و دەیان رێکخراوێن تایبەت ب پرسا ئەنفال و

کیمیابارانا هەنە مانگانە منحەی ل حکومەتێ وەردگرن ، مخابن سەد مخابن!!.. چەندین سالەهاوار دکەین و دبێژین، ئەم هەمی دئاست ڤێ تاوانێ و خوینا شەهیداندا کێمتەرخەمین ، چیرۆکێن رزگاربووی رزگارکەرو ڤەشارتنا شەهیدان گەلەك زۆرن، دەمێ مەبەحسێ کیمیابارنێ دکر دگەل چەند هەڤالەکان ئێش و ئازارێن وان و دیمەنێن ترسناك و ستەمکارانە،ژ نشکێڤە ، رەحیم کەریمی گوتن من شەهێدێن گۆپتەپەی ڤەشارتینە ب شۆفەرێ ، ئەز رەق راوەستام و چاڤێن من ب لێڤێن ویڤە زق مان، من داوا ژێکر ئەز چەند سالە لڤان ڕاستیان دگەرم ودخوازم ڤێ سەربۆرێ تومار بکەم و ئەرشیف و بلاڤ بکەم ،چنکۆ دپێدڤینە بۆ مێژوویێ بهێن تومارکرن ئەوڕی یێ خۆشحال بوو بڤێ چاڤپێکەفتنێ ( رەحیم کەریم حەمید )ێ تەمەن ( ١٩٥٥ ) خەلکێ گوندێ ( کوڵەجۆ ) یە ل ناحیا کوکسی قەزایا کفری بڤی ئاوای بۆمە هاتە ئاخفتن :

ل سالا (١٩٨٨ ) حکومەتا بەعسیان بفرۆکا هێرش کرە سەر گوندێن ( عەسکەر و گۆپتەپە ) و دەڤەرێ ، وی دەمی ئەز سایێق شۆفەربووم ،حکومەتێ ئەم ل سەربازیێ تەئجیل کربوین ، ل شوینا ئیشغالێ ئەم دبرین کار بمە دکر و رێکێن سەربازی بمە جێدکرن، ئەم برینە لایێ گوندێن ( عەسکەر ، گۆپتەپە ) مە رێك بۆ سەربازان ڤەدکرن ، دەمێ ئەم گەهشتینە گوندێ گۆپتەپە من دیت زۆر ژ خەلکی لبەر دەرگەه و دیوارێن مالێن خۆ و کۆچەو کولانێن گوندی و ناڤ حەوشا کەفتبوون و هەمی مربوون ، ئەفسەرك دگەل مەدابوو ناڤێ وی یەحیابوو ، ئەندازیارێ رێك و جادابوو ، مرۆڤەکێ زۆرێ باش بوو دەمێ ئەڤ دیمەنە دیتی زۆر عێجز و نەرەحەت بوو ، من گۆتێ ئەز دێ وان ب ئاخێ ڤەشێرم بەری ئەم ڤەگەڕیێن ، گۆتن زۆرباشە ، دەمێ من ئەو ڤەدشارتن ب شۆفەرێ ، هەرچەند کەسان ل ناڤ حەوش و بەر دەرگەهێن وان من دەڤەکێ ئاخێ دکرە سەر لاشەیێن وان ،لێ ئەفسەرەکێ دیێ عەرەب بەرپرسێ مخابراتا لیوا (٤٦ ) دەبابا بوو، هات و گۆتە من ئەڤی کاری نەکە کێ گوتیە تو ڤانە ڤەشێری ئەز هندێ نەرەحەت ببووم ب وان دیمەنێن من دیتی و وان تەیرو تەوال و پەزو حەیوانێن ل کۆلانا کەفتی دگەل لاشێن دەیان کەسان ، ئەز لخۆیێ بێزار بووم من گۆتێ من بکوژە ما کوشتن خۆشتر نییە ژڤێ ژیانێ و مرۆڤ بڤی رەنگی بژیت ، دەمێ دەبانجا خۆ ئینایە دەرێ یەحیایێ ئەفسەر نەهێلا من بکوژیتن و گۆتێ ب بڕیارا من ئەڤ مریە یێن ڤەشارتی، ئەڤ دیمەنێ کۆمکوژیا مرۆڤان رۆژانە وژدانا من بریندار دکەتن و ئەز زۆر بۆ وان شەهیدان یێ دلتەنگ و نیگەرانم و چ جاران ژبیرا من ناچنەڤە .

١٤-٢-٢٠١٢ هەولێر

**ئەنفالستان مەکرەو بیخوێنەرەوە، رێزلە چیرۆکەکانی بگرە، چونکە ناسنامەی تۆیە**

# دوو نامە بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان .

## ( نامەی یەکەم )

بەرێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان .
بابەت پرۆژەی دەرهێنانی فیلم .
پاش سلاو ..

بەرێز جەنابی وەزیر من کە، سەرنوسەری سالنامەی ئەنفالستان وکارمەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانیم و لەبەشی دۆکۆمینتاری ئەنفال کاردەکەم . بەرێزتان ئاگاداردەکەم لەوەی کارێکی هونەری گرنگ لەئارادایەو وابریارە من راوێژکاری ناوەرۆکی ئەو کارە هونەرییە بم، کە لەخوارەوە ئاماژەی پێدەدەم.

بێگومان بەرێزتان زانیاریتان لەسەر گەورەیی قەوارەی تاوانی ئەنفال هەیە، کە دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامدرا، ئێستاش وێرای ئەوەی تاوانەکە لەدادگای بالای تاوانەکانی عێراقدا بەجینۆساید یەکلایی کراوەتەوەو کەمینەیەك لە تاوانباران سزادراون، ئەرکی ئەوەمان لەسەرشان ماوە لەسەر ئاستی جیهانیش کاربۆ بەفەرمی ناساندنی بکەین.. بێگومان بۆ ئەم کارەش دەیان رێگەی جیاواز هەیە یەکێك لەو انە هونەرە بەتایبەتیش هونەری سینەما.. ئێمە ئێستا بە نیازین فیلمێکی



دۆکۆمێنتاری دەربارەی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵدروست بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ قلم سازی بەتوانا " تەهای کەریمی" هەنگاومان ناوەو لەگەڵ دەربازبووەکان قسەمان کردووەو ئەوانیش ئامادەن رۆڵی تێدا ببینن.. بۆ ئەم کارە گرنگە داوا لە بەرێزتان دەکەین هاوکاریمان بکەن چ وەکو وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، هەتا خەرجی تێکڕای کارەهونەریەکە بگرنە ئەستۆ ، وەکو لایەنی بەهەمهێنەر یان بەشێوەی پشك بەشێکی وەربگرن، لەم ئەرکە گرنگەدا بەشداربن لەگەڵماندا .. لەگەڵ رێزدا

عومەرمحەمەد
سەرنوسەری سالنامەی ئەنفالستان و
کارمەندی دۆکۆمینتاری لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی
شەهیدان و ئەنفالکراوان- سلێمانی .
٢٠١١/١١/١٦

## ( نامەی دووەهەم )

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

**بابەت : بیرخستنەوە**

وەك ئاگادارن ماوەی سالێك زیاترە پرۆژەیەك لەلایەن ناوەندی چاك و سالنامەی ئەنفالستانەوە ئامادەکراوە بەمەبەستی جێبەجێکردن خراوەتەبەردەستی بەڕێزتان و پەرلەمانی کوردستان و بەزارەکیش لەوبارەیەوە قسەتان لەگەڵدا کراوە، بەڵام بەداخەوە هیچ وەڵامێکی نوسراوتان نەبووەو بەزارەکیش لەبەرواری ٢٠١١/١٢/١٧ لە چەمچەماڵ بریاری جێبەجێکردنیتان دابوو، بەڵام وا ئێستا ئاگادارین کەسانێك هاتوون خۆیان بەدۆسێی ئەو کەسایەتیە بەڕێزانەوە هەڵواسیوە کە دورو نزیك پەیوەندییان بە ناوەندەکەمانەوە نییەو بگرە دژایەتی کردنی یەکێکە لەئەرکەکانیان و دەیانەوێت پرۆژەکەی (ناوەندی چاك)یش بەلارێدابەرن.. جارێکی تر بەڕێزتان ئاگاداردەکەینەوە کە تا ئێستا (٣) جار ئەو پرۆژەیە دراوەتە وەزارەتەکەتان و دوجاریش دراوەتە پەرلەمانی کوردستان، جارێك بەدەستی دراوەتە بەڕێز راوێژکارتان خەبات عەبدوڵا و جارێکی تر لە بەرواری ٢٠١١/١١/١٦ لەرێگەی بەریدەوە رەوانەکراوەو جارێکیش بەڕێز (فەرەجی تۆپخانە ) بەدەستی داوێتی بەدەست خۆتان .

داواکارین لەبەڕێزتان دەست و برد بکەن لە پێشخستنی ئەو پرۆژەیەی ناوەندی چاك و ئامادەکاری خۆشمان بۆ کردووەو پێشنیارەکانیشمان خستووەتە بەردەستتان کەلەگەڵیدا وێنەو پرۆفایلی هەموو دەربازبووەکان و ئەوانەشی تێدایە کە ئێستا لە ژیاندا نەماون بۆیە پێویست بەوە ناکات کە چیدی ناونوس بکرینەوەو زانیاریان لێوەربگیرێ بە بیانووی ئەوەی ئیشیان بۆدەکەن.. بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە ئەگەر بەنیازن کاریان بۆ بکەن و هاوکاری ناوەندی چاك و ئەو بەڕێزانە بکەن چیتر پێویست ناکات خەلکی تر بێت دەست لەوکارە وەربدات و مزایەدە بەسەر هەست و سۆزی ئەو دەربازبوانەوە بکات .

لەگەڵ ڕێزدا

**ناوەندی هەڵەبجە دژبەئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد – چاك**

**٢٠١٢/٤/١٩**

**صاڵح ئەمین ئەحمەد**

## ئەو پیاوەی لەگەڵ فەرەجی ئامۆزای لە عەرعەر گوللەبارانکرا .

صالح یەکێکە لەو ئەنفالکراوانەی لەگەڵ هەمان ئەو کاروانەدابووە کە بەرەو پارێزگای رومادی بردویانن و لە بیابان گوللە بارانکراون، سالح لەدایکبووی ١٩٥٣ بوو لە گوندی تۆپخانەی سەربەناحێی قادرکەرەم بە فەلاحەت و مەرداری و کشت وکاڵەوە خەریکبووە دوای ئەنفالکردنی خێزانەکەی بەناوی (نەخشین محمد صالح) منداڵەکانی بەناوی ئیکرام و کاوەو سێوەی لەپاش بەجێماوەو ماوەیەکی زۆر لەلای مەلا عەزیز برای لەقادر کەرەم خۆیان شاردووەتەوە. ئێستاش نەخشین و منداڵەکانی لەچمچەماڵ دەژین.

لەگەڵ فەرەج محمد عەزیزی ئامۆزای پێکەوە گیران و بران بۆ لیواکەی چەمچەماڵ، رۆژی دوایی بردیانن بۆ تۆپزاواو لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لەهۆڵێکدا ناونوسکران، دوای دوو رۆژمانەوە لە تۆپزاوا بەیانیەك سواری پاصێکی سەرداپۆشراوکران و بەرەو خواربردیانن، ماوەی ١٢ سەعات بەرێوەبوون، ئەو لەگەڵ فەرەج لەسەر یەك تەختی پاسەکە دانیشتبوون، کە گەیشتنە شوێنی کۆمەڵکوژیەکەو زانیان ئیتر ئەمە دوا وێستگەی سەفەرو دوایستگەی ژیانیانە، فەرەج داوای لێدەکات هەرپێکەوە برۆنە خوارەوە هەتا پێکەوە بکوژرێن. کە جەلادەکان رایانکێشانە خوارەوە دەستی هەردوکیان بە جەمادانێکەی صالح بەستنەوە، دوای پشکنینێکی خێرا فەرمانیان پێکردبوون پاڵبکەون و شایەتمان بهێنن، دواتر لەقەراغی گۆڕەکە جەلادێك ئایەتلکورسیەکی خوێندو بەردەستڕێژی گوللە دایگرتنەوە. لەو تاوانە نامرۆڤانەی بەعسدا بەخت یاروەری فەرەجی گوندی تۆپخانە بوو، هیچ گوللەیەکی بەرنەکەوت، بەڵام گوێی لە ناڵەی صالحی ئامۆزای بوو، تەنانەت کە فرێدرابوونە چاڵەکەوە دەستیان پێکەوە بەسترابووەوە، خوینی صالح بەسەر فەرەجدا رژابوو.



لەمانگی شوباتی ٢٠١٢ سەردانی گوندی تۆپخانەمکرد، ئەو گوندەی زێدی فەرەج و صالح و ٢٦ ئەنفالکراوی ترە، لەوێ مەلا عەزیز بەحەسرەتەوە یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ سالحی برایدا بۆ گێرامەوەو ووتی: من هەتا ساڵی ١٩٩١ چاوەروان بووم بەڵام لە ئاوارەییەکەی ئەوساڵەدا لە خورماڵ ئاوارە بووین وویستم بگەرێمەوە ، لەوکاتەدا فەرەج هەموو شتێکی بۆباسکردمو ووتی : بۆکوێ دەرۆیتەوە ئەم حکومەتە جێگەی بروانیە برا ئێمە ئاوامان بەسەرهاتووەو صالح لەگەڵمندا بووەوبەوشێوەیە کوژراوە .

# له زمانی بەڵگەنامەکانەوە

## ئەوانەی له قەڵای نوگرە سەلمان مردن

عەدالەت عومەر صالح

له زمانی بەڵگەنامەکانەوە کارێکی دۆکۆمێنتاری گرنگی خاتوو عەدالەت عومەر سالحە، بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە لەم ژمارەیەدا گرنگی زۆری بۆ ئەو کەسانە هەیە کە لەنوگرەسەلمان گەراونەتەوە یان لەوێ مندالّو کەسوکاریان مردووە، جێگەی ئاماژەیە کە ژمارە (٤)ی ئەنفالستان لستێك ناوی هاوشێوەی بڵاوکردەوە بەلاّم بەداخەوە هەندێك لەو ناوانە بەهەڵە نوسرابوون، بە هیواین لێرەدا ناوەکان راستکرابنەوە بۆنمونە هونەرعومەر ئەحمەد لە دایکبووی ١٩٨٤ کلار بە هێرش عومەر ئەحمەد ناوی بلاوکراوەتەوەو لێرە ناوەکەی راستکراوەتەوە بەهیواین ئەم بابەتە هاوکارێکی باش بێت بۆ مامەڵەی یاسایی قوربانیانی ئەنفال و کۆمەڵەی زیندانیە ساسیەکان و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانیش سودی لێوەربگرن

.

یەکێك لەباشترین رێگاکان بۆ ناساندنی جینۆساید بەدنیای دەرەوەو سەرچاوی باوەر پێکراو بۆ لێکۆلینەوە لەجینۆسایدی گەلەکەمان وئەرشیڤێك بۆ نەوەی داهاتوو، دیکۆمنێت و بەڵگەنامەکانی (بینراو ،بیستراو، خوێنراو)ن ، زۆر گرنگە سەنتەرێکی ئەرشیڤی نەتەوەیی کە لە لێژنەیەکی پسپۆر و شارەزا پێك بێت دابمەزرێت، بە مەبەستی پاراستنی بەڵگەنامانە بۆ پێکاندنی ئامانجەکانی سەرەوە



لێرەدا ئەم جارە باسی بەڵگەنامەکانی قوربانیانی قەلاّی نوگرەسلمان دەکەم، کە تیکهەڵکێشی ئەو چاوپێکەتنانم کردوە کە لەگەڵ شایدحاڵەکان ئەنجام داوە .

قەلاّی نوگرە سەلمان ئەوشوێنەیە کە لەسەر دەرگای چوونەژوورەوە نوسراوە "بەخێربێن بۆ دۆزەخ" لە سەردەرگای پشتەوەش نووسراوە"کەم هەڵدەکەوێت کەسێك سێ مانگ لەم شوینەدا بمێنێتەوە" بە پێی بەڵگەنامەکان ئازاروئەشکنجەدان لەزینددانی نوگرە سەلمان تا رادەی کوشتن بووە ئەمە جگە لەزیندە بە چاڵکردنی بەکۆمەڵی خەڵك، لەم بەڵگەنامانەدا هۆکاری مردنی نێرومێ ،گەورەوگچکە وانوسراوە" راوەستانی کتوپری سووری خوێن لەئەنجامی خوین لەبەر چوونی ناوەکی(نەزیف داخلی) و راوەستانی مێشك(جلتە دماغیە) " ئەم بەڵگانامانە لەبنکەی تەندروستی قەزای سلمان دەرچووە ناوی هەواڵهێنی مردنەکە بۆهەموویان نووسراوە "ئەفسەری ئەمنی قەلاّی سلمان" هەروەها لە بەشی پەیوەندی بە مردوەکەدا

نوسراوە" دەست بەسەردا گیراو لەلای" ، هەموو بەڵگەی مردن( شهادە وفاە) کان واژۆی پزیشکێکی لەسەرە بەناوی سمیر ودیع شاکر بەڵگەنامەی مردنیان بۆ درهێنراوە هەموویان بەپێی نووسراوی فەرمی قەڵای نوگرەسەلمان بەژمارەی و ڕێکەوتی جوراجور بە ئیمزای ئەفسەری ئەمنی قەڵا نێردراوە لەزۆربەی نوسراوەکاندا واهاتووە" بۆ ئاگاداریتان مردووەکە هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمی نیە و ئەم بەڵگەنامانەش لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سلمان ڕێك خراوە نابێت بەهیچ کەسێك بدرێت " .لە بەشەکانی تری بەڵگەنامەکان وانووسراوە: پیشە "دەستبەسەرداگیراو بۆ مندالانیش نوسراوە مندالی دەستبەسەرداگیراو"، ئاین "ئیسلام" شوناسی ناسنامە "عێراقی"، ئاخر ئیسلام و عێراقی بیت، ناوی شالاوی قرکردنو لەناو بردنت ئەنفال بێت" ئەنفالی سوورەتی هەشتەمی قوڕئانی موسلمانان ".

ئەمەش بیروکلتوری توندوتیژی ویاوانخوازی عەرەب بەتایبەتی سیاسەت و نیزام دەسەلاتدارانی عەرەبی بەعسی عێراقی شۆڤێنیە لەجینۆسایدکردنمان بەس لەبەر "کورد بوونمان" چونکە لەئایدۆلۆژیەتی ڕژێمی بەعس هەمووئەونەتەوانەی کە لە ناو خاکی عەرەبدا دەژین بیانین و هیچ مافێکیشان ناکەوێت، ئەم بۆچون و تێڕوانینە شۆڤینیە لەمەڕ کێشەی کەمە نەتەوەکان زۆر ڕوون و ئاشکرا لە بیروڕایان دەردەکەوێت .

یەکێك لە گەراوەکانی نوگرەسەلمان تا ڕۆژی بەر بوونی ٥٢٠ کەسی ژماردووە کە لە ژێر ئەشکنجەدا گیانیان لەدەست داوەو بەپێی ووتەی کارمەندانی بنکەکە ئەوان بەس بەڵگەنامەی وەفاتیان بۆ قوربانیان بەناوی ئەو کەسانەی دروست کردوە کەبە نووسراو بۆیان هاتووە بەڵام هەرگیز لاشەکانیان نەهاتووتە لایان.

مام نوری شایدحاڵیکی دەربازبووی ئەنفال دەڵێت" لەنوگرە سەلمان دوو عەرەبانەی شکاوی لێ بوو، عەرەبانەی دەستی یەك تایە، ئەوکەسانەی دەمردن لەسەرئەوعەربانە دایان دەنا، جار هەبوو بەیانیان کە هەڵدەستاین ٦ مەیتیان تێدەکرد هێندێکیان ئەوندە مابوونەوە بۆگەن ببوون، زۆرجارمەیتەکان بەردەبونەوە، خاکەنازێك و باڵتەیەکی شکاومان لا بوو خۆڵەکەش زۆر ڕەق بوو هەڵنەدەکەندرا ئەوە ناشتن نەبوو، فرێدان بوو، چونکە تۆزێك خۆڵمان دەکرد بە سەریاندا و دوای ئێمە سەگ مەیتەکانی دەخوارد. چونکە سەگی بەرەڵای زۆر لێ بوو.

مام نوری لەقسەکانی بەردەوام بوو دەڵێت "نوگرەسەلمان دۆزخ بوودەگووت ڕۆژی حشرەلەنوگرە سەلمان زۆرمان برسی و تینوو بووچونکە لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا هیچیان نەدداینێ، کابرایەك (حمەصەدقی) ناوو بووخەڵکی (دارەختیار) بوو هاواری کردووتی: نانمان بەنێ والەبرسا مردین هاتن زۆریان لێدا بەس لەبەرئەوەی داوای نان وئاوی کرد، لەنوگرەسەلمان لەسەرقاپیەکانی نووسرابوو (ویل) قاعەکان زۆرپیس بوون، بەسەدان کەس زیاتر لەقاعەکاندا بوون، جێگای خەوتنمان نەبوو لەسەرلاتەنیشت

ئەخەوتین، ژەمی سەمونێك لەگەڵ یەك تۆز ئاودا ، ئەوشەش مانگە دەممان لەهیچ چێشتێكنەدا جگەلەو سەمونوئاو، سێ مانگ بووگیرابووین وتیان شوتیتان بۆدێنین ناردیان بۆسەماوە بۆشوتی، شوتیان هێنا هەرقاعەودووكەسیان بانگكرد تاكودابەشی بكەن بەسەرماندا، شەو رۆژێك ئەوپیاوانەیان هیناوبرد، شوتیەكان بۆگەنیان كردبوو، یەكی قاژێكیان داینێ زۆركەس هەرنەی خوارد فرێیاندا منیش فرێمدا زۆر پیس بوو".

هەر ئەوشایدحاڵەووتی: "لەوانەی كەمردن ئافرەتێك بوو ناوی (فاتمە محمد) كەئامۆزای خێزانەكەی من بووخەڵكی (ئاغجەلەر) بوو، رۆژێك تێنویەتی تەنگی پێ هەڵچنی بوو بەبێ ئێزن چوو لەحەوشەكەدا ئاو بهێنێت تەنكەرێكیان لەوەێ دانا بوو، هەرتا دەستی برد بۆ ئاوەكە شورتەیەك بەهەموو تینی خۆی شیشێكی كێشابوو بەپشتیداوتاهێنامانە ژورەوە مرد. ( بۆ زانیاری یەكێك لەبەڵگەنامەكان بەناوی فاتمە محمد)ە.

دواتر ووتی" هەرخەڵكی گوندەكەی ئیمە نزیكەی١٠ كەس مردن. ئینجا ئەوەی داوای نان یان ئاوی بكردایە لەكاتی سەمون دابەش كردندا دەیان گرت وسەرەوخواریان دەكرد بەداردا وپەرۆیان لەبەر لوتیان دەسوتاند. لە چاوپێكەوتنێكی تر كەلەگەڵ شایدحاڵێكی نوگرە سەلمان بەناوی مام جبار ئەنجامم داوە لەبارەی حەجاج پرسیارم لێكرد؟ ووتی"بەرێوەبەری سجنەكە ناوی (حەجاج)(عەجاج) بوو، پێم ووت وابزانم ئەوكەسە عایدی ئەمن وئیستخبارات بوولەبەردڵرقی ئەو نازناوەیان داوەتە، ووتی نازانم بەڵام هەرچی ئازاروئەشكنجەدان وشتی خراپ بوو بەئەمری ئەو بوو، حەجاج هەربەدەستی خۆی لەبەر چاوی ئیمە حەوت كەسی بەداركوشت لە قاعەكان دەگەرا لەحەرەساكانی دەپرسی ئەو ژن ومنداڵانە هەموویان پێشمەرگەن؟! حەرەسەكانیش لەوەڵامدا دەیانووت" بەڵێ هەموویان پێشمەرگەوتاوانباروخیانەتكارن جا بەدەم پێكەنینەوەدەهات وسووكایەتی بەئافرەتەكان دەكردو ئەوئافرەتانەی سكیان هەبا بەسۆندە لە سكی دەدا دەیگوت مادام ئەوانە كوردن وخیانەتكارن نابێ بێمێنن"، لەبەشێكی تری قسەكانی لەبارەی ئافرەتەكان دەڵێت" هەرئافرەتێكیان بانگ دەكرد ئەگەرهاتەوە ناو قاعەكە كزومات دەبوو ئەگەر نەهاتباوە ئەوكەس نەدەزانی چییان لێ بەسەردەهات، پرسیم ئەی ئافرەتەكان هیچیان نەدەگووت ووتی بەدایك وخۆشكیان پیرەژنانەكانیان دەووت كەدەستدرێژیان لەگەڵ كردوون ئەوانیش بۆئیمەیان باس دەكرد بەڵام دەسەڵاتمان نەبوو ئەی هاوارچیمان كردەبا بەخوا قەت بیرم ناچیتەوە ئەی ئەوهەمووكچ و كۆرەگەنجەیان چ لێ كرد بۆكوێیان بردن؟!!...

لەبەشێكی تری قسەكانی ئەوشایدحاڵەدەڵێت " یەكێك لەئازاروئەشكنجانەی حەجاج دڵی زۆر پێ خۆش دەبووئەوە بوو نیوەرۆیان لەم گەرمایە ئەیان هێناینەدەرەوە بۆ بەرخۆرەكە سەعات ونیوێك لەوبەرخۆرە گەرمە دەبوسەیری خۆرەكە بكەین ئەوەی تەماشای نەكردایە لێیانئەدا، ئەوە تەعزیبێكی

زۆرقورس بوو بۆئیمە چونکە تەمووز بوو گەرمایەکی زۆر بەتین بوو. ئێمەش ئەو تاقەتەمان نەمابوو، خەڵك هەبوو ئەبورایەوە هەبوو لەو تەعزیبدانەدا دەمرد و ئیمەش هەر بە مەیتی دەمانبردنە ژوورەوە.

شایدحاڵێکی تری نوگرە سەلمان بە ناوی ئامینە دەڵێت "پاش چوار مانگ نوگرە سەلمان نەخۆشەیەکی تێکەوت شەوی وا هەبوو (٣٠- ٤٠)کەس دەمرد. هەموو ئەوانەی دەمردن لەشیان رەش و رەق دەبوون بە جۆرێکی سەیر باریك بەنیس دەبوون کەس نەیدەناسینەوە، هەموشی لەبەر پیسی و بێ خواردنی بوو، لە ماوەیئەو شەش مانگەدا یەك کەس خوێنەشۆری لیلا ئەو کچەی لەکاتی ئەنفالکردنیان تەمەنی سێزدە ساڵان بوو و ماوەی شەش مانگ لەگەڵ دایکی لە نوگرە سەلمان زیندانی بووە ئەو دەڵێت" کۆمەڵێك کور و کچی گەنج بووین هەموو بەیانیان تاکو ئیوارە ئاودەستەکانیان پێخاوین دەکردین کە حەوت ئاودەست بوون ، شەشیان بە چیمەنتۆ سەب کرا بوو، ئەوەی حەوتەم کراوە بوو ئیمە دەبا هەموو رۆژێك هەموو ئەو پیسایی شەش ئاودەستەکانمان بردبا و لە ئاودەستی حەوتەم بەتاڵمان کردەبا کە پیرەمێردەکان دەیانووت هەمووی دەرژێتە ژێرزەمینێك (مەنهۆڵێکی گەورە) کە بەردەوام بەندیەکان تیدا ئەشکنجە دراوەن، ئەمە تەعزیبێکی زۆر قورس بوو ئیستاش پێستی جەستەم لەبەر ئەو پیسایە تووشی توشی جۆریك لە نەخۆشیەکان پێست بووە ، کە تەماشای جەستەم کرد زۆر بێتاقەتی کردم هەموو جەستەی پەڵە پەڵە ببوو ، مام ئەحمەدی گەراوەی نوگرەسەلمانیش دەڵێت "ماوەی هەفتەیەك بە ئەمری حەجاج لە ژێر زەمینێك ئەشکنجەدرام جێگایەك بوو کە بەردەوام پیسایی تیدا دەرژا لە سەر ئەوەی ووتم ئیوە خواتان نیە بۆ وا لەم ژن و مندالان دەکەن لەبەشێکی تری قسەکانی مام ئەحمەد ووتی" حەجاج لە سەر نوێژ و رۆژو گرتن خەڵکی فەلاقە دەکرد ودەیگووت نابێ کەس لێرە نوێژ بکات و( مەمنوعە سوجدە بۆ خوا بەرن دەبی هەمووتان سوجدە بۆ من بەرن ) هەورەها ئەو دەڵێت رۆژیك خەریکی نوێژ کردن بووم لەناکاو قامچییەك بە سەرم کەوت بریسکە لە چاوم هەستا و کەوتمە سەر ئەرز حەجاج ووتی جارێکی تر سەروخوار بەدار هەڵت دەواسم و پەرۆ لە ژێر لووتت دەسووتێنم ئەگەر سوجدە بۆ خوا بەری.

شایدحاڵێکی تر بەناوی فاتیمە دەڵێت "ئاوی نوگرە سەلمان زۆرپیسبوو، سوێروتاڵبوو، پر بوو لە مردن خەڵکەکە


الجمهورية العراقية
شهادة وفاة

لەناچاری و تێنویەتی دەیخواردەوە و دواتر پێی دەمرد، شەوێك ١٠٠ کەس زیانر پێکەوە مردن مێردوکۆرەکەی منیشی تیدا بوو وەك شێتم لێ هاتبوو تا بەیانی باوەشم پییان کردولەسەریان گریام، بەیانی لاشەی مردووەکانیان برد بۆ دەرەوەی قەلا خەفەتم دەخوارد دەبێ سەگە بەرەلاکانی نوگرە چییان لەم مەیتانە کردەبێت، پاش چەند رۆژێك زانیمان ئەو رۆژە چوونکە ژمارەی مردووەکان زۆر بووە حەفارەیان هیناوەوهەمووییان پێکەوە خستووتە ژێر خۆڵەوە بەم خەبەرە تۆزێك دڵم خۆش بوو کە خاك بەنسیبیان بوو".

عەدالەت تالەبانی شایدحالێکی دەربازبووی نوگرە سەلمانە لە بەشێکی کتێبەکەی بە ناوی"ئەنفال ونهێنییەکانیدا"دەلێت" لەکاتی ئازاردانی جەستەی ئەوا بە نوێترین شێوەی ئازاردان بەندییەکانیان دەکوتا، بۆ نموونە (بوتڵە شوشەیەکی ئارەق یان بیرەیان لەنیوەڕا دەشکاند ئیتر ئەوەی دەمایەوە وەکو پەنجەی دەست تیژ بوون، بەندییەکانیان ناچاردەکرد لەسەری دابنیشنو زۆربە توندیش دەستیان دەنابەسەرشانیان بۆئەوەی ئەو شوشەشکاوە بچێتە ناوگیانیان، ئینجا خوێن وەکو جۆگای ئاولەلەشیاندا دەچۆڕاوەو هیچ چارەسەرو دەرمانێکیش نەبوو، جاری واش هەبوو ئامێری سێکسی جهاز التناسلی پیاوەکاینان بەپلایس دەگوشی تالە هۆش خۆیان دەچوون.

لە بەشێکی تردا دەلێت "لەقرچەی گەرمای هاویندا رۆژانە یەك دوو ئافرەتیان ئەهێنا دەرەوە و بە عەمودەکانی ناو حەوشەی بەندیخانەکە هەر لە بەیانی تاکو نیوەرۆ ئەیانبەستنەوە هەتا ئەبورانەوەو نەدەبوایە کەسیش نزیکیان بکەوێتەوە شەوانیش کە سەربازەکان سەرخۆش دەبوون بە زۆری لولەی چەك و لە ژێر هەرەشەدا گۆرانیان پێ دەگوتن و هەڵپەرکێیان پێ دەکردن .

مام نوری لە بەشێکی تری بەسەرهاتەکەی دەلێت ". شەوێك سەعات ١٢ی شەوبوو حەجاج هات بەدەم جێنودانەوە گووتی وەرنەدەرەوە وامەدەزانی ئێوەش وەك بارزانیەکان ئێرە دەبێتە قەبرتان بەلام بەداخەوە ئێوە بەردەبن ،ئیمە تا ئەو کاتە نەماندەزانی مووزوعی بارزانییەکان چییە مەگەر تاك وتەرا نەبێت ، کە حەجاج ئەو قسەیەی کرد، ئیتر زانیمان کە بارزانیەکان هەموویان تیاچوون ترسێکی زۆر کەوتە دڵمان گووتمان بە خوا ئیمەش وەکو ئەوانمان بە سەر دێت، ئەوانە درۆمان لەگەڵ دەکەن کەس باوەڕی پێیان نەبوو، ووتمان دەمانکەنە ناو بەحرەوە، لە پاش ئەم قسانە دەستیان کردبە لێدانمان بە سۆندە و دار و شیش زۆریان لێدان و بردنیاینەوە ژورەوە، هەمووی جێی گۆڕا کەس جێی خۆی نەدۆزیەوە دواتر هاتنەوە ووتیان (٥٠٠) کەسمان دەوێت دەیان بەینەوە بۆ سلێمانی بەرتان دەدەین، کەس باوەری نەبوو خەڵك خۆی دەشاردەوە.

ئیستاش ناوی بەشێك لە قوربانیانی قەڵای نوگرەسەلمان کە بە پێی ووتەی کارمەندانی بنکەکە هەرگیز لاشەی قوربانیان نەهاتووتە لایان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:




بەڵگەی مردنی زیندانیەکانی نوگرەسەلمان

## تێبینی:

لەکاتی نووسینەوەی ناوەکان بەشێکیان بەباشی ناخویندرێتەوە ئەگەری ئەوە هەیە هەڵەی تێدا بێت هیوادارم کەسوکاری قوربانیان لە ڕاستکردنەوەی لەگەڵ ناسینەوەیان هاوکارم بن و لە ڕێگای ئەم ژمارە مۆبایل و ئیمیلە ئاگادارم بکەنەوە.

Mobile: +9647504476704
Email:adalatanfal@yahoo.com

بریارم داوە ئەم بەڵگەنامانە لەبەرژەوەندی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال وهەڵەبجە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان، بەرێوەبەرایەتی زیندانییە سیاسیەکان بەمەبەستی مشمول بوونیان بە یاسای مووچەوئیمتیازاتی زیندانییە سیاسیەکان بەکاربێنم تاکو ئیستاش کۆبۆنەوەیەکەم بە ئامادەبوونی نوینەرانی کەسوکاری قوربانیان لەگەرمیان و بەرێوەبەری زیندانییە سیاسیەکان ئەنجام داوە.

عەدالەت عومەر
نوسەرو چالاکڤان لەبواری جینۆسایدی گەلی کوردستان

**بۆ بینین و خوێندنەوەی ناوی قوربانیەکانی نوگرەسەلمان بروانە خشتەی تایبەت لەلاپەرە (٢٠٠٤ هەتا لاپەرە ٢٠١٢**

# سەرنجێك لەسەر ئەدای حكومەتی هەرێمو یاسای مافو ئیمتیازی كەسوكاری شەهیدانو ئەنفالكراوان

ئەوە ڕاستیە كە كەسوكاری ئەنفالكراوان مەحرومترینودڵشكاوترین توێژی كۆمەڵایەتی سەروەختی ڕژێمی بەعسودوای ڕاپەرینوقوربانی گەمارۆی ئابووری بوون. ئەگەرئەنفالو كیمیابارانو كۆمەڵكوژی بارزانیەكانوفەیلیەكان، كۆمەڵە تاوانێكی گەورە بوون دژ بە مرۆڤایەتی لەسەدەی بیستەمدا ئەوا بەپلەی یەكەم دژبە خودی قوربانیەكانودووهەم دژبەكورد كراوە . پێویستە لەسەر خاڵێك بووەستین: ئەویش ئەوەیە كە سالانێكی زۆرئەوخەڵكە زوڵملێكراوە پێویستیان بەپشتیوانی مادیو مەعنەویو سۆزوخۆشەویستی گۆمەڵگاو پشتیوانی مادی حكومەتی هەرێمی كوردستان بوو. بێگومان ئێستاش پێویستیان پێیەتی یاسای مافو ئیمتیازی كەسوكاری شەهیدانوئەنفالكراوان، سەرباری باشیشی كەموكوڕی تێدایەو پێویستی بەهەمواركردنەوەیە .. ڕەنگە زەقترینیان ئەم خاڵانەی خوارەوە بن كەهیچ بەندوبڕگەیەكی تێدانیە بۆئەم جۆرە قوربانیانە :

١. ئەوانەی لەگۆری بەكۆمەڵ ڕزگاریان بووە، كە بریتین لە سیانزە كەسی ئەنفالو ٢ كەسی زیندانی سیاسیو یەك كە تاكە كەسی كیمیابارانی هەلەبجە . (ئەنفالستان هەتا ئێستا توانیویتی ئەوەندە زانیاریان لەبارەوە بەدەست بهێنێ دەنا دڵنیاین نمونەی تریش هەن) .

٢. ئەوانەی لە زیندانی نوگرەسەلمان گەراونەتەوە بۆ نمونە خەڵك هەیە گەیشتووەتەوە كوردستانو لەسەرجادە سەیارە لێی داوەو گیانی سپاردووە ئایا ئەم جۆرە كەسانە لە كوێی یاساكەدا جێگەیان كراوەتەوە .؟

٣. تاقانەكانی دوای ئەنفال (ئەوكەسانەی تاكە دەربازبووی خانەوادە كەیانن) بەپێی زانیاریەكانی ئەنفالستان كۆی ئەو كەسانەی بەتەنها ماونەتەوە بریتین لە ٨٤ كەس بەپێی ئەو ئامارەی كە صباح نجم الدین كردوویەتیو خۆی تاكە دەربازبووی خانەوادەكەیەتی لەتاوانی ئەنفالدا ٦٩ كەس ئامادەكراوە بەموالیدو ژمارەی تەلەفۆنەكانیشیانەوە . بەڵام ئێمە تێبینی ئەوەمانكرد كە ڕوپێوەكە لە سنوری گەرمیاندا كراوەو كەموكوری تیدایە .

هەموو ئەم خاڵانەوچەندین حاڵەتی تایبەتی تربەهیچ شێوەیەك یاساكە بەلایاندا نەچووە..

## هۆشداریەك بۆ خوێندكارانی زانكۆو كەناڵەكانی راگەیاندن

بەداخـــــــەوە هەلومـــــــەرجی كوردســـــــتان بەقۆناغێكــــدا تێدەپــــەڕێ كـــەكورد نـــەتوانێ ئـــاوڕێكی تەندروســـت لەوتاوانانـــە بداتـــەوە كەدەرهـــەقی كـــراون، ئەگـــەر حزبـــە سیاســـیەكان پشـــكی شـــێر لەبێباكی وخەمســـاردی بـــەرن ئـــەوا راگەیاندنـــــەكان و رێكخراوەكــــان و كـــــۆی كۆمەڵگەی كوردستانیش لەم بێباكیە بەدەرنین

١٩ی نیســـان كـــە ســـاڵیادی ســـەركوتكردن و پێشـــــیلكارییەكانی دەســـــەڵاتی كوردیـــــە لەبەرامبـــەر داخوازیـــە ڕەواكـــانی خـــەڵك و خۆپیشـــاندەران، هێـــزە ئەمنیـــەكان لـــەبری پاراســـتنی ئەمنیـــەتی خۆپیشـــاندەران، كەوتنـــە پـــەلاماردان وئازاردان و ســـوكایەتی كـــردن پێیـــان، لەمیانیـــــدا دەستبەســــــەركردنی كۆمـــــەڵێك خوێنـــــدكاری زانكـــۆی ســـــلێمانی وبردنیانبووبۆ (قولەرەیســـی) كـــە چـــۆڵەوانییەكی نزیـــك شـــاری ســـلێمانی ..ڕاســـتە ئـــەوە بێحورمـــەتی بـــوو بەخۆپیشــــــاندەران و ئـــــەزمونی هـــــەرێمی كوردســـتان، بـــەلام ئـــەوەش نارەوایـــە كـــە لـــەو رۆژەوە چـــەندین جـــار خوێنـــدكارانی زانكـــۆی ســـلێمانی و زۆرێـــك لـــە كەناڵـــەكانی راگەیانـــدن بـــە پەرچـــەكرداری بێباكانـــە ئـــەو دەستبەســـەركردنە بـــە ( قۆنـــاغی نۆهـــەمی) ئـــەنفال ناودەبـــەن ..!! بـــەبروای ئێمـــە وێـــرای قێزەونـــی تاوانەكـــەو زەبـــروزەنگ و تونـــدڕەفتاری هێـــزە ئەمنیـــەكانی شـــاری ســـلێمانی غـــەدرێكی گەورەیـــە لـــە دۆســـێی ئـــەنفال دەیكـــەن چـــونكە تـــاوانی ئـــەنفال بـــە(تـــاوانی ســـەدە ) ناســـراوەو لـــە دادگـــا بـــە جینۆســـاید یـــەكلایی كراوەتـــەوە.. كەناڵـــەكانی راگەیانـــدن وەكـــو تێناكۆشـــن شـــیكردنەوەو بەدواداچـــوون بـــۆ تـــاوانی گـــەورەی ئـــەنفال بكـــەن، هـــەق نیـــە رێگـــە بـــەخۆیان و رۆژنامـــەنوس و بێـــژەرەكانیان بـــدەن تـــاوانی ئـــەنفال بچـــوك بكەنـــەوە بـــۆ ئاســـتی پێشـــیلكارییەكی لۆكاڵی وتونـــدرەفتاری چـــەند ئەفســـەرو بەرپرسێكی ئەمنی وسەربازی .

لێـــرەوە هۆشـــداری دەدەینـــە ســـەرجەم دەزگاكـــانی راگەیاندن وخوێنـــدكارانی زانكـــۆ كـــە بەرپرســـیارانە مامەڵـــە لەگـــەڵ دۆســـێی ئـــەنفال بكـــەن.. چـــونكە لـــەتاوانی ئەنفالـــدا بەســـەدان هـــەزار مـــرۆڤ بێسەروشـــوێنكران، بـــە دەیـــان هـــەزار منـــدالٚ گوللـــەبارانكران ودەیانیان لەزینـــدان لەبرســـان مـــردن و دەســـتویەنجەیان لەگـــەڵ لمـــی بیابـــان تێكـــەڵ بـــووە، دایكـــانی ســـكپڕ لـــەناو زیندان ولـــەناوئیڤای ســـەربازی كۆرپـــەكانیان لێبـــووەوە، تـــەنها لـــە زینـــدانی دوزبـــز كەلەچـــاو نوگرەســـــلمان بەبەهەشـــت نـــاودەبرێ ١٠٢ منـــدالٚ لەبرســـا مـــردوون، بـــەكام لۆژیـــك ڕەوایـــە تـــاوانی ئـــەنفال بۆئاســـتی پێشـــیلكارییەكانی ناوخۆبچـــــــوكبكرێتەوە.؟! بـــــــەهیواین وەكودەســـەلات رێـــزی لـــە قوربانیـــانی ئـــەنفال نـــەگرت، نـــەیارانی دەســـەڵات و راگەیاندنـــەكانی ئۆپزســـیونیش تـــاوانی گـــەورەی ئـــەنفال ئەوەنـــدە بچـــوك نەكەنـــەوە كـــەدواجار هـــەردوو نەنگییەكـــە بەسەركوردی ئەنفالكراودا بشكێتەوە .

**ناوەندی چاك**

**ساڵنامەی ئەنفالستان**

**١٩ی نیسانی ٢٠١٢**

# ئیتر بەس نیە ؟
# لە پەراوێزی گوزەرانی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵدا

عومەر محەمەد

لەکۆمەڵکوژی ئەنفالدا تەنها ١٣ کەس دەربازبون،لەناو ئەوانیشدا سێ کەسیان لە ژیاندا نەماون، ئەوانەی تر بەشێوەیەکی گشتی لە ژیانێکی خراپ‌وخراپتردا دەژین، ئەو ژمارە کەمە لە دەربازبووانی گۆڕی بەکۆمەڵ دەبوایە کۆمەڵگای کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو چاوی خۆی بیان پارێزێ و ماڵیان لەماڵی سەرۆکەکان و لەماڵی پەرلەمان و پەرلەمانتاران پۆشتەتر بوایە وەلێ ئەفسووس .. ئەوەی من لەسەر ژیان و گوزەرانی ئەوان دەیزانم حەقیقەتێکی تاڵ‌وشەرمهێنەرە .

فەرەجی تۆپخانە بۆی گێرامەوە ووتی: هەرچۆن بێت ئێمە رای دەکێشین بەلاّم ( عوزێرە ) زۆر مەغدورە لەوێ بەسەیارەوبەنزینی خۆی پیتزا بەسەرماڵاندا دەگێڕێ وتی: (( شەوێکیان سەیارەکەی لە بەفردا چەقی بوو، چەندی کۆشابوو بۆی دەرنەچووبوو کەسیش هاوکاری نەکردبوو، ئەویش بەناچاری هەموو لاستیکەکانی بەرپیّ و دواجار جلەکانی خۆی داکەندبوو خستبوویە ژێر تایەی سەیارەکەی تا لەبەفرەکە دەری کردبوو کە گەیشتبووەوە ماڵەوە بەتەواوی کەسیرە ببوو) ئەمە حاڵی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵە، کەچی



لەملاشەوە هەربابایەو لەسەر ئێسك‌وپرسك‌و چیرۆکە قورسەکانی ئەنفال خەریکی سەفەرو گەشتوگوزارە، بێئەوەی هەرگیز بیریان بەلای ئەوەدا بچێت کە هەتا ئەو دەربازبووانە وەستابن قسەکردن بۆ ئەوان نەهاتووە .

ئەو وێنەیەی سەرەوە بەسە بۆ ئەوەی لە روخسارياندا هەموو مەینەتیەکی ئەم قوربانیانەو نەتەوەکەیان‌ونادادپەروەری‌و بێباکی حکومەت بخوێنینەوە.

ماوەیەکی زۆرە کە زیاد لەجارێك پرۆژەیەك بۆ بەتەنگەوە هاتنی ئەم دەربازبوانە لەلایەن ( ناوەندی چاك‌وساڵنامەی ئەنفالستان)ەوە دراوەتە پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان‌وئەنفالکراوان. کەچەند خالێکی لەخۆگرتووە لەوانە دابینکردنی ژیانیان ( دروستکردنی مالێك یان ئۆفیسێك بۆ ئەم دەربازبوانە) تا هەرلێکۆلیارو رۆژنامەنوسێك بتوانن لەوێ بیانبینن، هەروەها مەراسیمێکیان لەسەر ئاستی هەرێم بۆساز بکرێ و تیایدا مەدالیای شکۆمەندی (ویسام شرف) یان پێبەخشرێ بەهەموو

ئیمتیازاتەکانیانەوەوداوتریش ئەم مافە لە یاسای کاروباری شەهیدان وئەنفالکراواندا بچەسپێ. بەداخەوە تا ئەم چرکە ساتە نە وەزارەتی شەهیدان و نەپەرلەمان هیچ وەلامێکی چاكوساڵنامەی ئەنفالستانیان نەداوەتەوە..! ئیتر کە ئەوە حاڵیان بێت بۆچی بەبۆنەو بێبۆنە ئەوقسانە دەکەنەوە کە دەڵێن ئەنفالکراوان تاجی سەرن.!! ئیتر ئەم قسانە کەی دەبن بەکردەوەودەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ کەی ژیانیان چاك دەکرێت . ؟!

**ئەم وتارە لە ژمارە ٨١٢ ی رۆژنامەی ( هاوڵاتی) بەرواری ٢٠١٢/٢/٢٦ لەژێر ناونیشانی ئازارەکانی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ بڵاوکراوەتەوە، لەڕاستیدا ئەوتایتڵە هاوڵاتی دای نابوو، بۆیە من هەربەناونیشانەکەی خۆی بڵاوی دەکەمەوە**

## مۆتیڤەکانی هونەرمەند کامەران یارەویس




یەکێکە لەهونەرمەندە شێوەکارەکانی ناوچەی گەرمیان و لەشاری کەلار نیشتەجێە .

هەموو ساڵێك لەیادی تاوانی ئەنفالدا تابلۆکانی دەبینرین، چونکە ئەنفال لە کارە هونەریەکانی یارەویسدا زیاتر رەنگیانداوەتەوە. هەربۆیە سالانە بە شداری لە پێشانگای تایبەت بەتاوانی ئەنفال دەکات و لەپێشانگا هاوبەشەکاندا تبلۆکانی نمایش دەکات

ئاوازی ئەنفال مۆتیڤێکی یارویسە کەچەندین تابلۆی لەخۆگرتووەو لەسەر ئەرکی پارلەمانتار سالار مەحمود چاپکراوە. بەبڕوای هونەرمەند تاوانی ئەنفال ئەوەندە گەورەیە کە هیچ کەس لەتوانایدا نیە، مافی تەواوبداتە قوربانیەکان و دۆسێکەی . یارەوەیس دەڵی: هیوادارم توانیبێتم بەم کارە هونەرییەم ئەرکی سەرشانی خۆم وە ك هونەرمەندیك بەرامبەربەتاوانی ئەنفال بەجێهێنابن .

## غاندی لە کفری

بەرواری ٢٠١٢/٢/٣ لە شاری کفری لەگەڵ حاجی فەرەجی تۆپخانەدا لە ناوگۆرستانی باوە شاسوارتوشی پیرە بووین، کە لەوێنەکەدا دەیبینن دووکیسە گەنمی پێیەو بەسەر شارە میرولەکاندا دەگەراوگەنمی بۆ رۆدەکردن. بەلام بەداخەوە نەهێشتی وێنەی بگرم نە ئامادەبوناوی خۆشیم پێبلێت: وەکو بلێی ئەو کاری خێر بۆهەلاو ریکلام ناکات ، ئەو پیاوە پێیوایە چاکەپێویستی بەباسکردن نیە، لەو کاتەدا بەحاجی فەرەجی تۆپخانەم ووت تۆبلێی چەند کەسی ئاوا لەمرۆڤی دڵپاكوسود بەخش ئەنفال بوون و ئێستا لەبیابان تەرمەکانیان گۆر غەریبن و ئێمەش لێرە لە یادی ئەنفالدا لەبری وەفاداری لەگەڵ یەکتر دەچینە جەنگەوە، بیّ باك لە گیانی ئەوانەی ئەنفالکران دێین ودەرۆین، لەباشترین حاڵەتدا دەچینە گەشت وگوزار.



## عارف محمد عارف :
# ئـــەو هـــەموو گـــۆڕەش دەبیـــــنم، باوەرناکەم منداڵەکانم نەمابن



جوتیـــارێکی هـــەژاری گونـــدی کلێســـەیەوجاربەجاریش خـــەریکی راوەماســـی دەبێـــت، لـــە دایـــك بـــووی ســـاڵی ١٩٥٥ ی گونـــدی کلێســـەی دەشـــتی کۆیەیـــە، کاتێـــك چـــاوم پێـــی کـــەوت بێزارییـــەکی زۆر بەڕوخســـارییەوە دیـــاربوو، لەپـــەلاماری ئـــەنفالی چـــواردا مـــامزی هاوســـەری‌و کـــچ‌و کوڕەکـــەی ئـــەنفالکراون، بـــەڵام ئـــەوە خەمێکـــە هـــەرگیز لـــەکۆڵی نابێتـــەوە. مـــن پرســـیاری ئـــەوەم لێ نـــەکرد کێـــت ئـــەنفالکراوە بـــەڵکو پرســـیم چەندکەســـتان ئـــەنفالکراوە بـــەڵام ئەویەکســـەر ئـــاوا وەڵامی دامەوە :

جـــاکێم ئـــەنفال نییـــە، ئەوکێلانـــەی لـــە "مۆنۆمێنـــت"ە کـــەی گونـــدی کلێســـە دەیـــانبینی هـــەمووی خزم‌وکەســـوکارمن. هـــەرە دوورەکـــەیان ئامۆزامـــە، یـــان خاڵۆزامە، پوورزامە، خوشکەزامە...

**منداڵەکانی خۆت چەندیان ئەنفالکراوە؟**

ســـێم ئـــەنفالکراون( کچـــێك‌و کوڕێـــك‌و خێزانەکـــەم). لـــەماڵی خۆمـــان تـــەنها خـــۆم‌و کچێکم لـــەکورەی ئـــەنفال چووین.

**ناویان چی بوو؟ تەمەنیان چەند بوو؟**

خێزانەکـــەم نـــاوی (مـــامز) بـــوو لـــە دایـــك بـــووی ١٩٦٨ ، کچـــەکەم (نیگـــار) لـــە دایـــك بـــووی ١٩٨٧. کوڕەکەشـــم (ڕێبـــوار) لـــە دایـــك بـــووی ١٩٨٤. فـــەقیری مـــاڵی خۆمـــان بووین بەعس ئاوا ماڵی وێرانکردین .

**خەڵکی کلێسە کەسیان چەکدار نەبوون؟**

چەکمان هەبوو، بەڵام پێشمەرگە نەبووین.

**ئەو کات تۆ خۆت بەچییەوە سەرقاڵ دەکرد؟**

جووتیـــاری‌و، ئاژەڵمـــان هـــەبوو، خـــەریکی تـــووتنیش بووم.

**تۆســـەرەتا وتـــت قســـەت بـــۆ ناکـــەم، بـــەڵام ئـــەوەتا قسەشت کرد؟**

لـــە ڕاســـتیدا، حوکمـــەت ئەوەنـــدەی ڕیکـــلام دەکـــات بـــۆ تەماتەوپەتاتـــەو، بـــۆ "جـــبس"، دەبوایـــە ئێمـــە هەمیشـــە لەسەر "تەلەفیزۆن"ەکان بووینایەوقسەمان بکردایە.

**بەڵام خۆمن حکومەت نیم ؟**

**دەزانم ئەوەنیە قسەت بۆ دەکەم ؟**

**کاك عرف من چەند جارێك هاتووم بۆ ئەم گوندە!**

بەخێر بێیت سەرچاو.

سوپاس

**تۆ گۆڤاری "ئەنفالستانت بینیوە؟**

گۆڤارەکـــەم هەیـــە بـــەڵام خوێنـــدەواریم نیـــە، جـــا ئەگەرخوێندەواریشم نەبوو، وەك ئەوە وایە نەمبێ.

ئەی کەس نییە بۆت بخوێنێتەوە؟

باهەمـــە، بـــەڵام خـــۆت نەیخوێنیتـــەوە، مـــن بەلامـــەوە هـــیچ نییە.

**سـاڵی پـار ئەنفالسـتان پێشـنیارێکی ڕاگەیانـد، خـەڵکی گونـدی کڵیسـە هـەمووی پێشـوازی لێ کـرد، ئـەویش ئـەوەبوو کـە ڕۆژی ئـەنفال بکرێتـە ڕۆژی "سـەرنەبڕین"، واتـە لەچێشتخانەومالانیشـدا ئـەو ڕۆژە گۆشـت نـەخورێت، وەك ڕێزێـك بـۆ ئـەو کەسانەی کـە لـە زینـدان سەموونێکیشـیان دەسـت نەکـەوت. بـێ گومـان ئـەنفالی ئـەم ناوچـەیەش لـەمانگی ڕەمەزانـدا بوو .**

من پێم باشە کورد هەرگیزگۆشت نەخوات.

قسـەیەکی جوانـە بـەڵام ئەوپێشـنیارەت گرانـە، ئەگـەر بڵێی کورد گۆشت نەخوات !

کورد هەق نیە هیچ پەلەوەروئاژەڵێك سەربڕێ .

**سەبارەت بەجاشەکان دەڵیی چی ؟**

بـەلای منـەوە ئـەوەی یـەك کاتـژمێر چـەکی هـەڵگرتبێت بۆئـەو ڕژێمـە، ئەگـەر ڕۆژی مەحکەمـە خـوای گـەورە مـن بکـات بـەحاکم.. وەڵاهـی پێنسـەت ساڵی سزا دەدەم.

**تـۆ وەك ئـەوەی کـە خزموکەسـوکارت ئـەنفالکراون، ڕۆژێ چووی بۆ دادگا سکاڵا تۆماربکەی؟**

**نا بۆچی بچم ؟**

**بەلای کەمەوە باسکاڵایەکت هەبێ؟**

باشە تۆ پێم بڵێ بۆچی هەبێ ومن بچم چیبکەم!

**چونکە تۆ دۆسیەیەك بۆ تۆمەتبارێك ئەکەیتەوە.**

لای کێ سکاڵا تۆمار بکەم؟

**لەدادگا.**

ئەودادگایـــــەی مـــــن ســـــکاڵای لا تۆماردەکـــــەم، حاکمەکـەش یەکێکـە وەکـو مـن، پێویسـت بـەوە ناکـات من بچم سکاڵای لەلاتۆمار بکەم.

**بـەڵام ئـەوەتا کەسـێکی وەك سـەدام حسـێن بەسـزای خۆی گەیشت !**



خـوای گـەورە نـەك سـەدام حسـێن هـەزاران کەسـی وەك ئـەوی لـەناو بـردووە. خـەڵك هـەبووە لەسـەدامیش خراپتر بووە، لەناوبراوە.

**باشە بەبڕوای تۆ حوکمەتی هەرێم چی بکات باشە؟**

حوکمـــــەتی هـــــەرێم هیچـــــی نەکردایـــــە دەبوایـــــە گونـدەکانی ئـاوەدان بکردایەتـەوە، چـونکە هـەم دڵـی ئێمـە فـراوان دەبـوو، هـەم ئێمـە مـەیلێکمان دەبـوو بــــەلای حوکمــــەتی هەرێمــــدا، بــــۆ خــــاك و نیشـــتیمانەکەمان، وە هـــەم ئـــەم ئەرکانـــە لەســـەر حوکمـەت نـەدەما لـە سـەردەمی سـەدام حسـێندا لـە ٪٤٥ شـار بـوو، لـە ٪٥٥ی لادێ بـوو. ئێسـتا لـە ٪٩٥-٩٨ی شـارەوئەوی تـری لادێیـە. بۆیـە ئەگـەر گـەنجێك لـەبازاڕ نـارەزایی دەربـڕێ بەرامبـەر حوکمـەت، پێـنج سـەد کـەس بـەداوی دەکـەوێ، چـونکە هـەمووی لەشـارەو بێکـارە. بـەڵام ئەگـەر گونـدەکان ئـاوەدان بکاتـەوە، باشـترە. هەربۆنمونـە ئێمـە ئەگەرهـەمووعان کۆبکەیتـەوە ٢٥٠ مـاڵ دەبـین، بـەڵام ٣٠ مـاڵ لـە کڵێسە دا نیشێ ونیوەی پیرەمێردە.

**من هەست بە ئازارەکانت دەکەم .**

مـن دووئـازارم هەیـە لەئـەنفال، یەکـەمیان کەسـوکارم ئەنفالـە، خــەڵکی ناوگوندەکــەمان هــەموویان جــوان و

چاك و رێك و پێك بوون، هەموو ئەنفالبوون.
دووهەمیان ئەوەیە پێموایە كچان و ژنانی گەنجی نەكوشتبێ و توشی كێشەی تری كردبن.
وەكو چی ؟
خۆت دەیزانی ( وەستان) پێویست ناكات من هیچ بلێم .
**خێزانت پێكەوە ناوەتەوە ؟**
**بەڵێ .**
**كەی خێزانت پێكەوە نایەوە؟**
١\٧\١٩٩٤
**تا كەی چاوەڕێی خێزانی یەكەمت كرد ؟**
وەڵا هەتا ئێستاش هەرچاوەڕێیان دەكەم. باوەڕناكەم مردبن.
**بۆچی باوەڕ ناكەیت ؟ مەبەستم ئەوەیە چی وات لێدەكات هەرچاوەڕوانبیت ؟**
باوەڕناكەم بەدەست خۆم نییە. ئەوهەموو گۆڕەش دەبینم باوەڕم نییە كە منداڵەكانم نەمابن .
**هیچت پێ شك دێت ؟ كە گومان لەمانیان بكەیت ؟**
باوەرم وایە ماون ..
**ئێستا چەندمنداڵت هەیە؟**
پێنجم هەیە، لەگەڵ ئەوەی كەبەجێماوە دەبێتە شەش.
**هیچیان بەوناوانەی پێشووە ناونەناوەتەوە؟**
نەخێر.
**تۆ لەوباوەڕەدای كوردێك هەبێت بە قەدەرخۆتان بەپەرۆش بێت بۆئەو كەسانەی ئەنفالكران ؟**
هەركەسەوویژدانی خۆی، بەڵام نەدەتوانم بڵێم هەیە، نەدەتوانم بڵێم نییە. ڕەنگە هەبێت لە من پەرۆشتر بێت گەرموسڵمانیش نەبێت تەنها بۆئەو ڕووداوانە، بۆ كیمیاباران و ئەنفال.


مامز یاسین تاهیر

كۆمەڵگای كوردی تاچەند ڕێزت لێ دەگرن وەك كەسوكاری ئەنفال؟
لە خوا بەزیاد بێت بێ ڕێزیم بەرامبەرنەكراوە هەتائێستا. وەك كەسوكاری ئەنفال سەرمان بەرزە.
ئەی وەكو حوكمەت؟
حوكمەتیش بەقسە ڕێزمان لێ دەگرێ، بەڵام وەك كردەوە.. كردەوەی نییە.
ئێستا ئەوچاوپێكەوتنەی لەگەڵتدا كردم، من بۆ هیچ ڕادیۆو تەلەفیزۆنێكم نییە، پێت خۆشە بڵاوبكرێتەوە یانا؟
بەكەیفی خۆت، بڵاوی دەكەیتەوە پێم ناخۆش نییە، بۆیادگاری هەڵی دەگری پێم ناخۆش نییە.
سوپاس
سوپاس بۆتۆش .

## ئەو کەسانەی لەبازگەی صمود گیرانو ئەنفالکران .

ئـــەم ناوانـــەی لـــەخوارەوە بلاویـــان دەکەینـــەوە لەرێگـــەی بێســـتوون محمـــدەوە گەیشـــتووەتە ئەنفالســـتان کـــە هـــەموویان لـــە ئەنـــدامانی چـــەند خانەوادەیـــەکی ناوچـــەی گـــەرمیان، بەتایبـــەتی خـــەڵکی گونـــدەکانی ســـەربەناحیێی ســـەنگاون، بـــە هـــەموویان ژمارەیـــان ٢٠ کەســـە، کـــە لـــە بـــەرواری ٣/٤ی ســـــــاڵی ١٩٨٨ لەگوندوهـــــــەردەکانی گەرمیانـــــەوە هـــــاتبوونو هەرچـــــۆنێك بـــــووە توانیبویـــان خۆیـــان بگەیەننـــە ئـــاوەدانی، بـــەلام بەداخـــەوە لـــە بازگـــەی نێـــوان صـــمود- کـــەلار گیرابـــوون، لـــەوێوە رەوانـــەی دائـــیرەی ئـــەمنی ســـلێمانی کرابوونومـــاوەی ٢ رۆژ لـــە تـــەواری ســـلێمانی دەستبەســـەربوونودواتر رەوانـــەی بنکـــەی ســـەرەکی کۆکردنـــەوەی تـــۆپزاواکراون، ئـــیتر لـــەوە بـــەدوا جـــارێکی تـــر نەبینرانـــەوە . کەبریتی بوون لەم خانەوادانەی خوارەوە :

### خانەوادەی رەوف معروف حەسەن

رەحمـــە عـــەریب مـــەعروف موالیـــد ١٩٥٦، شـــیرین رەوف معـــروف ١٩٨٥، هیمن روف معروف ١٩٨٧

### خانەوادەی غەریب معروف حسن :

( زەینـــەب حمـــە ئـــەمین محمـــود ١٩٥٥، نـــەرمین غـــەریب معـــروف ١٩٨٠، هێـــرش غـــەریب معـــروف ١٩٨٢ ) شـــایانی باســـە غـــەریب بۆخـــۆی بەتـــەنها دەربـــازبوو بۆیـــە بـــە بێکەســـی مایـــەوە، تائەوکاتـــەی چـــاوەروانی دادی نـــەداو بەناچـــاری هاوسەرگیری کردەوە.

### خانەوادەی مەلا عومەر معروف

مامۆســتای ئـــاینی گوندەکـــەیان بـــووە، لـــە ٣/٤ی ســـــاڵی ١٩٨٨ ماڵومنداڵەکـــــەی لەســـەیتەرەی صـــمودی ئەوکاتـــە گـــیراون بریتـــی بـــوون لـــە: ( ســـەبریە نـــوری محمـــد ١٩٦٥ خێزانـــــی و کچـــــەکانی باســـــیدە ١٩٧٣، ناهیـــــدە ١٩٧٥، نەغـــــەدە ١٩٧٨ کورەکـــــانی زانـــــا لـــــەدایکبووی ١٩٨٠ و دانا ١٩٨٣ و دارا ١٩٨٦ )

### خانەوادەی محمد معروف حسن

محمـــد لـــە دایکبـــووی ســـالی ١٩٥٤ز، خانەوادەکـــەی بریتـــی بـــوون لـــە: عەتیـــە جـــەلال محمـــد والیـــدی ١٩٥٥، ســـەفورە ١٩٧٨، گـــــەیلان ١٩٨٦ ، ســـــــەیووان محمـــد ١٩٨٢، شـــنۆ مـــەعروف حەســـەن ١٩٨١، ســـارا محمـــد معـــروف ١٩٨٥، هێـــــــرۆ ١٩٧٩، ســـــــەفوەت ١٩٧٨، سەعادەت ١٩٧٦ ) .

شـــایانی باســـە خانـــەوادەی محمـــد معـــروف تـــەنها یـــەك کچـــیان دەربـــازبووە بـــەناوی ( ســـەعدیە) ئـــەویش بـــەهۆی ئـــەوەی لـــەو کاتـــەدا نـــەخۆش بـــووە لەنەخۆشـــخانەیەکی شـــاری ســـلێمانی خەوێنراوە.

## محەمەد حمە ڕەشید کاکەبرا :

# منیش پیاو چاکێك فریام کەوت



گوندی گۆمەتان سەر بەناحیێ سەنگاوە، دانیشتوانەکەی بەشێوەیەکی گشتی سەرقاڵی کاروکاسبی و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوون، لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێدا گورزی کەمەرشکێنیان بەرکەوت، سەرباری ئەوەی هەمووسەروەت و سامانیان بەتالانبراو خانوەکانیان لەگەڵ زەوی تەختکرا (٢٩) کەسیشیان گیران وئەنفالکران و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە.

محمد حمە ڕەشید کاکەبرا لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٤ە لەکاتی ئەنفالدا هەر لەگوندی گۆمەتان بوون کە (٣٠ ) کم لە ناحێکەوە دورە، لە ١٧ مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ پەلاماری ئەنفال گەیشتە سەریان و بەهۆی توندی پەلاماری جاش و جەیشەوە نەیانتوانی خۆیان پەنابدەن، بەپێچەوانەوە ناچاربوون خۆیان ڕادەست بکەن، ئیتر تەواوی خانەوادەکەی کەوتنە دەستی پیاوانی دەولەتەوەو هەموویان ئەنفالکران و بەقۆناغەکانی گرتن و کۆکردنەوەو پۆلێنکردندا تێپەریوون، ئیتر محمد لەو ساتەوەختەوە چاوی بەخێزانەکەی و منداڵەکانی نەکەوتەوەو خۆشی تەنها مایەوە، هەرلەوماوەیەدا خزمێکی خۆی بەناوی ( عومەرمحمەد عەبدالرحمن ) بەهانایەوە چووەو بردوویەتی بۆ کەلارو ماوەی ٨ مانگ داڵدەیان داوەو شاردویانەتەوە.



محمد، هەتا ئێستاش سوپاسگوزاری ئەو پیاوەیە دەلێت: ئەگەر ئەوان نەبونایە ئەوامنیش هەمان چارەنووسم دەبوو هەر ئەوسا ئەنفالدەکرام. ئەنفالکراوەکانی خانەوادەی محمد رەشید کەبریتی بوون لە خێزانەکەی ومنداڵەکانی ئەمانەی خوارەوە بوون : (**سەبیحە مسعود ئەحمەد خێزانی محمدەو لە دایکبووی ١٩٦٦ە. لەگەڵ هەرچوارمنداڵەکانیان بەم ناوانە ( دیاری لەدایکبووی١٩٨٣ ، ڤیان لەدایکبووی ١٩٨٥، زانا لەدایکبووی ١٩٨٢ ، ئاری لە دایکبووی ١٩٨٦)** ئەم پیاوە جگە لە منداڵەکانی خۆی باوکی " حەمە ڕەشید کاکە برا" جەیران مەجید شاسواری دایکیشی" بەرپەلاماری ئەنفال کەوتن و هەردوو زیندانە نەفرەتیەکەی تۆپزاواو نوگرەسەلمانیان بینیوە، حاجی قادر کە ئێستا لە ژیانداماوە لە گوندی رەنی عەلی خانی سەر بەناحیێ باوەنور دەژی سەعات ٨ی بەیانی هەواڵی بۆ هێنایین کەوا لە بەرواری ١٩٨٨/٤/٢ گیراون لەلایەن لیوای

٤٤٤ ەوە بەڵام تا ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٣ هەر لەکەلار مابوونەوە کەبارەگای لیوای ٤٤٤ ی لێبوو، ئیتر هەر ئەو هەواڵە بوو تاکو ئێستا هیچ سۆراخێکی تریان نیە.

کاتژمێر ٧:٣٠ی دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ بردویانن بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی لەوێوە بەکاروانێك ڕەوانەی تۆپزاوا کراون. لەتۆپزاوا لەبەرواری ١٩٨٨/٥/٥ جیاکراونەتەوەوحەمە ڕەشید کاکە براو جەیران مەجید لەو پۆلێنکاریەدا ڕەوانەی نوگرە سەلمانکران ئیتر ئگایان لە کورەزاکانیان نەما.. تا بەرواری ١٩٨٨/١١/١٧ زیندان بوون و لەو ڕۆژەدا ئازادکراون. بەداخەوە بەرواری ١٩٨٩/٦/١ دوای٧ مانگ لە ئازادبوونی کۆچی دوایکرد بێگومان ئەویش بەوهۆیەوە بوو کە لەزیندان نەخۆش کەوتبوو.

## محمد حەسەن حەمە خان:

لە دایکبووی ١٩٦٤ دانیشتووی گوندی مەسۆیی بەرگەچی سەربەناحیێی سەنگاون، ئەم گوندە ٨٤ کەسیان ئەنفالکراوە، لەناویاندا هەموو خانەوادەکەی محمدیان تێدایە.

بەرلەپەلامارەکانی ئەنفال وەك هەر گوندنشینێکی تر خەریکی ئاژەلداری و کشتوکاڵ بوو، لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێی گەرمیاندا ئەمیش و وەکو زۆربەی گەرمیانیەکان بێ ئارەق دەرنەچوو، بەڵکو هەموو خانەوادەکەی بەرپەلاماری ئەنفال کەوتن و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە.

ناوی ئەندامانی خێزانەکەی : ( **مەلیحە محمد سلێمان ١٩٦٣، حاتم محمد حسن کەریم ١٩٨٣، بەهار محمد حسن ١٩٨٥ ، هەرێم محمد حسن ١٩٨٧** ) بەرواری ١٣ /٤/ ١٩٨٨ ئدلرەقی لە گەرمیاندا گەیشتبووە لوتکەی بەربەریەت، جەیش و جاش لەچەندین قۆڵەوە بەرەو سەنگاو ناوچەکەیان لە پێشرەویدا بوو، کۆپەتەرەکان بەراسەرەوە دەسورانەوەو تەقەیان لەهەر زیندەوەرێکی ناوچەکە دەکرد، لەوکاتەدا محمد بەنیازی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بەشلەژاوی ڕووەو سەنگاو ملی نابوو، ئاگری جگە هەڵیگرتبوو، دەیویست بەهەر شێوەیەك بێت جگەرگۆشەکانی لە تەنوری ئەنفال دوربخاتەوە، بەڵام هەموو ئەم دلسۆزیە بێهودەبوو، ڕۆژی ٤/١٤ جەیش و جاش لەکەلارو باوەنورەوە وەکو ڕەشمار دەمیان بۆ خەڵکی ناوچەکەکردبووە تاوەکو نێچیر قوتی بدەن.. لەو کاتەدا مندالەکانی محمد لە گوندی کوردەمیری عەلی حسێنی سەربەناحیێی باوەنور گیرسابوونەوە، لەوێ کەوتنە بەرچنگی چەیش و جاش و دەستگیرکران، ئیتر هەرئەو ڕۆژە کە بەرۆژی حەشری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان ناوزەد دەکرێ ئەوانیش گەیەنرانە قەڵای قۆرەتوو لەوبەری ئاوی سیروان. پاش ٧ ڕۆژ مانەوە لەوێوە بە کاروانێکی سەربازی ڕەوانەی تۆپزاوا کران کە ببووە بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەنفالکراوان .

محمد جگە لەهاوسەرومندالەکانی دایکی و باوکی و خوشك و براو براژنەکەشی گیران و هەموویان پێکەوە ئەنفالکران، لەوانە هەریەك لە حمە جان حسن کەریم موالیدی ١٩٦٧ و نەزیرە مەجان موالیدی ١٩٨٤ و نەعیمە

حەمەرەشید موالیدی ١٩٦٧ ، هەروەها حسن کەریم حەمەجانی موالید ١٩١٧و فەیمە قازی سەلیمی موالید ١٩٢٧ئەمانیش بەهەمان شێوەی مندالەکانی محمد حمە ڕەشیدی گوندی گۆمەتانیان لێبەسەرهات لەتۆپزاوا حسن کەریمو فەیمە غازیان لە کورەزاکانیان جیاکردەوەولەگەڵ تێکرای پیرەکانی تردا رەوانەی دۆزەخی نوگرەسەلمانکران. بەلام دوای ئەوەی لەبەرواری ١٩٨٨/١٠/٢٠ لەنوگرەسەلمان ئازادکران ئەوەندە لە ژیاندانەمانەوە بەڵکو هەر بەوەدەردەی نوگرەسەلمانەوە یەك بەدوای یەکدا مردنو کۆچی دواییانکرد.

## قادراوای سەنگاو هێشتا ئاوەدان نەکراوەتەوە





گوندی قادراوا سەر بەناحێی سەنگاو قەزای چەمچەماڵە، هەروا ١٠ دەقیقەیەك لە ناحێکەوە دورەو دەکەوێتە رۆژهەلاتیەوە، بەرلەوەی ئەنفال وێرانی بکات نزیکەی ١٥ ماڵێکی تێدا دەژیانو خەڵکەکەی بە ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵبوون، وەلێ ئێستاش ئاوەدان نەکراوەتەوەو تەنها ئێستا تەنها دوو ماڵی تێدا دەژین کە خەریکی ئاژەڵدارین.



بێستون ئەحمەدی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨١ لە خانەوادەیەکی ئەو گوندە هەژار نشینەدا چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، خانەوادەکەی ئەوانیش وەکو تەواوی خەلکی گوندی قادراوا هەژارو کاسبی ماڵی خۆیانو سەرقاڵی ئاژەڵداری بوون، لەبەهاری ساڵی ١٩٨٨ ئەوانیش وەکو هەر گوندنشینێکی تر کەوتنە بەر هەڕەشەی مەرگو راگوێزانەوە ئەو کاتە تەمەنی ٧ ساڵان بووە ، کەلێیان قەوماو بەترسو شلەژانێکی زۆرەوە بەژێر نێڵەی ئاگری تۆپو تەیارەو تەنوری ئەنفالدا توانیان دزە بکەنە ناو شاری چەمچەماڵەوە، بەلام هەرگیز نەیانتوانی لەئافاتی ئەنفال دەربازبن بەڵکو لەوێ کەوتنە تەڵەیەکی بەعسیەکانەوە کە هەر بەپروپاگەندەو وتی وتی: هەموو ئەو کەسانەیان لە گەرەکی خانووە قوڕەکانی چەمچەماڵدا کۆکردبووەوە گوایە خانویان بۆ دروستدەکەن ئەمەش فێلێك بوو لەو خەڵکە هەژارەکرا بۆ ئەوەی کۆزەیان بکەنو بە ئاسانی بیانگرن .

هەرکە لەوێ کۆبوونەوە، کۆمەڵێك سەربازی رەزاگران هاتنو گەمارۆیاندانو خێرا سواری زیلی سەربازیانکردنو بەرەو شاری

کەرکوکیان بردن، دەمەو ئێوارە لە (٦٥) کیلۆمەتری رۆژهەڵاتی کەرکوکدا لەناو حەوشە گەورەکەی تۆپزاوا خۆیان بینیەوە،[١٨] کە گرتووخانەیەکی ترسناکی ئەنفالکراوان بوو، لەوێ گەنجەکانیان جیاکردەوەو خرانە هۆڵێکی گەورەوە، یەکێك لەوانە ئەحمەد حەمەشەریفی گوندی قادراوای باوکی بێستوون بوو، بێستون ئەو رووداوەی بیرنایاتەوە کە چۆن باوکیان لێجیا کردنەوەو چۆن براکانی لەزیندان مردوون، بەڵکو زیاتر لەدەمی دایکیەوە چیرۆکی ئەنفالکردنیانی بۆ گێرامەوە، پاشئەوەی خێزانەکەیان کەبریتی بوون لە : ( **ئەحمەد حەمە شەریف لەدایکبووی ١٩٥٧، شەمسە فەریق حەمە صالح لەدایکبووی ١٩٥٧، بیستوون ئەحمەد حەمە شەریف لەدایبووی ١٩٨١، بێخاڵ ئەحمەد حەمە شەریف لەدایبووی ١٩٨٣ ، هێمن ئەحمەد حەمە شەریف لەدایبووی ١٩٨٤،هەریم ئەحمەد حەمە شەریف لەدایبووی ١٩٨٦ ئارام ئەحمەد حەمە شەریف لەدایبووی ١٩٨٥** )

هەرئەوەندەی پرۆسەی پۆلێنکردن دەستی پێکرد، ئەحمەدی باوکیان لێجیاکرایەوەو هەر ئەو جارە بوو ئیتر نەبینرایەوەو هەتا ئێستاش بێ سۆراخە، ئەوانیش هەر ماوەی پێنج رۆژ لە تۆپزاوا هێڵدرانەوە دواتر لەگەڵ خەڵکێکی زۆری ئەوناوچەیە سواری سەیارەکران و بەکاروانێك گواسترانەوە بۆ گرتووخانەی دبس و پاش ٦ مانگ زیندانی ئینجا ئازاد کران.

شەمسەی دایکیان وەك زۆر ژنی تر لەوێ جەرگی سوتاو دوو منداڵی بەناوی ( ئارام و هەرێم ) کە تەمەنیان لە نێوان ٤- ٥ ساڵدا بوو بەپێشچاویەوە لەبرسا مردوون. رۆژگارەکانی زیندانی دبس پرمەینەتی و کارەساتی گەورەو چیرۆکی دلتەزێن بوون، ژنێك منداڵی دەبوو دووان منداڵیان دەمرد، ئەوانەی منداڵیان دەبوو بەبەرچاوی ئەو حەشاماتەوەو بێ پەرۆوپاتاڵ منداڵەکەیان لێدەبووەو زۆرجار کراسی دایکەکانیان دەدری و لەمەلۆتکەکەیانەوە دەپێچا، ئەوانەشی منداڵیان دەمرد زۆرجار هێشتا رۆحیان تێدادەما کە سەرباز دەیانبردن و دور لەچاوی دایکەکانیانەوە لەودیوی تەلبەندی سەربازگەکەوە فرێیان دەدان، تا ئەو رادەیەی سەربازەکانیش لەم رەفتارە ماندووبوون و ئیتر فێری ئەوەبوون دەچوون لەمزگەوتەکەی دبس یان لەماڵی ( ئەحمەدی موختار) فرێیان دەدان و خەڵك دەیانناشتن، بەو حاڵەشەوە هێشتا زندانی دبس لەچاو دۆزەحی

---

[١٨] تۆپزاوە: کەوتووەتە (٦٥) کیلۆمەتری رۆژهەڵاتی شاری کەرکوك، بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان بوو، ئەنفالکراوەکان لەشوێنی گرتنیانەوە دەبرانە نزیکترین کەمپی ناوچەکانیان وەکو قەڵای قۆرەتو، قەڵای سوسێ و قەڵای سپیلك و قەڵای نزارکێ و کەمپیی سەلامیە دواتر رەوانەی تۆپزاوا دەکران و لەوێ کۆدەکرانەوەوپۆلێنی یەکجاری دەکران، یەکێکە لەوسەربازگانەی کەلەسەرپێشنیارو نەخشەدانانی یەکێتی سۆڤیەت دروستکراوە بۆپاراستنی شاری کەرکوك ئەمە جگە لەشوێنی مۆڵگای سەربازی ترکەلە قشڵەیەکی زۆرگەورە پێکهاتووە کەدەبێت جێگای ٢٥٠٠ سەربازی تێدا ببێتەوە لەهەندێك شوێن ٢تا٣ قشڵەی تێدایە.

ئەلبوومی ئەنفالکراوانی سەنگاو




نوگرەسەلمان وتۆپزاو زۆر باشتربوون .یەكێك لەو شایەتحاڵانەی زۆر مندالی ئەنفالكراوەكانی بەدەستی خۆی ناشتووە پیرەمێردێكی ناسراوی تەمەن هەڵكشاوی خەلكی دوبسە بەناوی مام خلید، ناخۆشترین دیمەنی ئەو ناشتنانە بۆ ئاكۆمحەمەد شوانی دانیشتووی چەمچەماڵ دەگێڕێتەوەو دەلێت : مندالێكی تەمەن پێنج ساڵبوو دایكی ویستی بەرلەوەی مندالەكەی بخرێتە گۆڕەوە دواماچی بكات، بەڵام سەربازەكان رێگەیان پێنەداو دایانە بەر قامچیی و قۆناغە تفەنگو نەیانهێشت ئەو ژنە داواماچی جگەر گۆشەكەی بكات .[19]

سەرەئەنجام خەڵكی گوندی قادراوای سەنگاو بە دووكورەكەی شەمسە فەریق حەمەصالحییشەوە بەهەمووی ١٠ كەسیان بوونە قوربانیی و ئەنفالكران و جارێكی تر نەبینرانەوە.

ئەم خانەوادەیەی گوندی قادراوا ئێستا لە گەرەكی ولۆبەی شاری سلێمانی نیشتەجێ بوون و لەبەرئەوەی گوندەكەیان بێ ئاوەو تەنها كانیەكی هەبووە، ئەویش ئێستا بەهۆی وشكە ساڵییەوە وشك بووەو هیچ سەرچاوەیەكی تری ئاوو هیچ خزمەتگوزارییەكیی تریشیان پێنەگەیشتووە، بۆیە نەچوونەتەوە بۆ گوندەكەیان و هەرلێرە نیشتەجێبوون .

گوندی قادراوای سەنگاویش پێش ئەنفال ، هەمیشە لەژێر هەڕەشەدا بووە، بۆ بێستونیان گێڕاوەتەوە كە ساڵی ١٩٨٧ جاش چوونەتە گوندەكەیان بەتەنیا پێشمەرگەیەكی لێبووە بەناوی محمود حمە شریف بۆماوەی ٣ كاتژمێر شەری لەگەڵدا كردوون ونەیهێشتووە بچنە گوندەكەوە.

بێستون ئێستا لەرێكخراوی ئەنفالەكانی كوردستان، كار بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوانی ناوچەكەیان دەكات بەتایبەتی ئەوانەی لەسلێمانیی و دەوروبەری نیشتەجێ بوون .

## ناوی قوربانیەكانی گوندی قادراوا :

**( شەریف عەلی شەریف ، نجم الدین حەمە خورشید، نامیق حەمە صالح ، جەلال حەمە صالح ، قادر حەمە فەرج ، ئەحمەد حەمە شەریف شاسوار ، ئارام ئەحمەد حەمە شەریف، هەرێم ئەحمەد حەمە شەریف ).**

---

[19] بروانە ئاكۆمحمد شوانی– رۆژنامەی روداو ژمارە ١٠٨ – دووشەممە ٢٠١٠/٤/١٢

## نەجم رەزا محمد :

## ژنو منداڵ ) هەموو رۆیشتن، هەر بۆخۆم ماووم.



لەدایکبووی گوندی کلێسەی دەشتی کۆیەیە.
بۆیە ناوی مودیریان لێناوە لەبەرئەوەی ئەرکی بەرێوەبردنی
مۆنۆمێنتەکەی گوندی کلێسەی گرتووەتە ئەستۆ، بێجگە لەهاوسەرەکەی بەناوی زەینەب نادرحەمدان هەرسێك کوڕەکەی بەناوەکانی ( شێرزاد، نەوزاد، فواد) لەئەنفالی چواردا گیران و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە ئەو سەروەختەی ئەنفالکران، نەجم رەزا ماڵی خۆی جیابوو خەریکی کاروکاسبی خۆی بوو، بەزۆری سەرقاڵی کشتوکاڵو ئاژەڵداری بوو، بەلام کە ئەنفال خانەوادەکەی برد ئیتر خۆی بەتەنها مایەوەو ماوەیەکی زۆریش لەچاوەروانی هاتنەوەی خێزانەکەی و منداڵەکانیدا بوو، هەتائەوکاتەی هاوسەرگیری کردەوە ئەو بەتەنیا دەژیاو رۆژگاری پڕلەچاوەروانی بەرێدەکرد .

دوای ئەوەی گوندی کلێسە هەنگاویان ناو مۆنۆمێنتێکیان بۆ ئەنفالکراوەکانیان دروست کرد، نەجم کرایە بەریوەبەرێکی بێ موچەو خۆ بەخشی ئەو مۆنۆمێنتە کە ئێستا بووەتە سومبلی بێسەروشوێنکردنی خێزانەکەی نەجمو سەرجەمی ئەنفالکراوانی دەشتی کۆیە، ڕاستروایە بلێین کرایە سومبولی قوربانیانی تاوانێك کەتەنها لەگوندی بچوکی وەکو کلێسەدا (١٣٦) سەدو سی و شەش کەس لەژن و منداڵو پیروگەنج،لەخزموکەسوکاری ئەوپیاوەی راپێچی مەرگێکی نادیارکرد. ئیتر لەوساوە کە مۆنۆمێنتەکە بنیاتنراوە نجم نازناوی مدیرو زۆرجاریش حەمە مدیری وەرگرتووە، کەچی هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێویستی نەزانیوە نەجم بکاتە موچەخۆرێکی فەرمی ئەو مۆنۆمینتەودای بمەزرێنی بەڵکو تەنها گرێبەستێکی کاتی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراواندا بۆکراوەو لەبەرانبەردا مانگانەیەکی کەم وەردەگرێ .

یەکەمجار کەئەو پیاوەم بینی بەرائەت و دڵپاکیەکی زۆرم لەڕوخساریدا خوێندەوە، ریشە ماش وبرنجیەکەی دیاربوو هی تەمەنی ڕاستەقینەی خۆی نیەو بەزەبری دڵرەقی رۆژگار ڕوخساری ئەوپیاوە گۆڕاوە، ئەوساتەی لەگەڵ نەجم رەزا (حەمە مدیر) بەنیازی دیدارێك دانیشتم، ئەو هەستەم لادروستبوو کەبەپارێز بچمە ناو باسەکەوە تا وەك دکتۆرێکی دڵرەق نەشتەر لەهەڵدانەوەی قەتماغەی برینێکەی نەدەم، بەلام ئەویش هاوکارم بوو، چونکە بە ویژدان و بەرپرسیارێتیەوە قسەی بۆکردم، لەپێشەوە لەوخێزانانەوە دەستی پێکرد کە ئەنفال هەڵی تەکاندبوون و ئاسەواریان براوەتەوە یاخود کەسێك یان دوکەسیان لەتاوانی ئەنفال دەربازبوون بەروخسارە

هێمنەکەیەوە کەوتە قسەکردن: ( ئەوەماڵی رەسوڵ، ئەوەماڵی کاك صادق رەزا، کاك یاسین هەرخۆی ماوە، هەروا بێتەوە مام برایم هەرخۆی ماوە، بەبرای خۆم بلێم حەمە شکور هەرخۆی ماوە، عومەرمحمود رەسوڵ نەخۆی و نەخێزانی و نەمنداڵی کەسیان نەماوە، ماڵی رەسوڵ محمود رەسوڵ ١٢ کەسبوون یەك تاقە کەسیان نەماوە، ماڵی سمایل حوسین پێنج سەرخێزان بوون کەسیان نەماوە، قادر حوسێنی برای شەش کەس بوون کەسیان نەماوە، گولچینی خوشکیشم بەپێنج منداڵەوە ئەنفال و بێسەروشوێنە ماڵی سەعیدیش سەعید محمد عبدالرحمن بەخۆی و خێزان و منداڵەوە نەماون) ئینجا بەماتەمینیەوە ووتی: هی خۆشم (ژن و منداڵ ) هەموو رۆیشتن، هەر بۆخۆم ماووم.

نەجم رەزا بێجگەلەمنداڵ وخیزانەکەی خۆی باوکیشی ئەنفالکراوەو لەنوگرەسەلمان مردووە،یەکێك لەناسیاوەکانی خۆی بەناوی ( عەلی حاجی سمایل) بەدەستی خۆی لەنوگرەسەلمان ناشتوویەتی.

چیرۆکی مدیرو ئەنفالکردنی منداڵەکانی زۆر بە ئازارن بۆ ئەو پیاوە هەربۆیە رەنگە ئازاری ئەو لەهی کەسێکی تری ئەنفالکراو زیاتربێ، چونکە ئەو سەربازی هەڵاتوو بووە، بۆ خۆی بەنیازی دەربازکردنیان لەگەڵیاندا رۆیشتووەو هەتا نزیکی دوکان لەگەڵیاندا بووەو لەقەشقۆڵی کە تائەوکاتەش سەیرانگایەك بوو جێگەی رابواردن و حەوانەوەی خەڵك بووە لەوێ خواحافیزی لێکردوون بەو نیازەی ئەوان ئازادبوون، دوای ئەو ماڵئاواییە مدیر بۆ خۆی گەراوەتەوە بۆ ئەشکەوتەکەی بۆلقامیش و بۆماوەی پێنج رۆژ لەوێ خۆی شاردووەتەوە، بەڵام خەمڵەکەی پێچەوانە کەوتەوە، هەتا ئێستاش قەشقۆڵ بۆ ئەو بووەتە یادەوەرییەکی تاڵ چونکە هێندە نابات لە بەرەبەیاندا ماڵ ومنداڵی لەوێ دەگیرێن و رەوانەی تۆپزاوا دەکرێن، بۆیە کارەکە پێچەوانە کەوتەوەو تەنها خۆی دەربازدەبێ.



لەدرێژەی گێرانەوەی چیرۆکی ژیانی پرلەمەینەتی و چاوەروانیدا حەمە مدیر ووتی: کە عافواتەکەی ساڵی ١٩٨٨ی داو خۆمان تەسلیم کردەوە زۆری نەبرد تەسریح کراین، بەڵام دواتر ساڵی ١٩٨٩بانگهێشتکراین بۆ خزمەتی سەربازی، ئێمەش رۆژێکیان لەمۆڵەتی خۆماندا ئەو دەرفەتەمان قۆستەوەو بەجلی سەربازییەوە چووین بۆ کۆشکی کۆماری تا سۆراغی کەسوکارەکەمان بکەین.. بەڵام چەند ئەفسەرێك لەوێ بوون هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە گاڵتەیان پێکردین.. کە مدیر قسەی بۆدەکردم هەستم دابەش ببوو، بەشێکی فڕی بوو بۆلای ئەو لەشکرە رۆژنامەنوس و نوسەرە مووچە خۆرانەی خۆیان بەکاری ترۆهاتەوە خەریك دەکەن وپارەوپولێکی باشیش لەحزب و حکومەت دەکێشنەوەو خەڵکی چەواشە دەکەن، ئەو رۆژنامەنوس و نوسەرە درۆزن و ناپاکانەی لەپێشەوە لەتێکشکاندنی ئازادی خۆیانەوە دەستپێدەکەن. من نازانم وەزیفەی

نوسین چیە ئەگەر لەدەشتی کۆیە هەزاران کۆستکەوتووی



وەکو نەجم ڕەزا ئامادەبنو قەڵەم لێیان بێخەبەربێت .؟!

من لەگوندی کلێسەو بینینی کەسوکاری قوربانیانوخەڵکی گەرمیانو بالیسانەوە لەوە تێگەیشتم، کە بێباکیەکی زۆر باڵی بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا کێشاوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئیتر وەختی ئەوە هاتووە هەموو ئەوانەی ئەنفال هەڵیداونەتە ئەودیوی فاریزەو دیواری لەبیرچوونەوەوە خۆیان بێنەوە پێشێو حیکایەتی شکستو قارەمانێتی خۆیان بنوسەوە، تاکو چیتر گەمژەو جاهیلی ناومیدیاکان بەزمانی لوسو پروپاگەندەی مافی مرۆڤەوە لێیان نەبن بەفریاد ڕەس، بەڵکو ئیتر ئەمانە لەدنیای خۆیان بکەنە دەرەوەو بیانێرنەوە بۆناو قوللەو ژوری پاسەوانێتی سوڵتانەکان. قوربانیانی ئەنفال بۆ ئەوەی چیتر درێژە بەژیانی قوربانی بوونی خۆیان نەدەن دەبێ ببنە هاوڕێی ئەو نوسەروخامەوکتیبانەی جەهلو نەزانی تێك دەشکێننوپاساوی بێبنەما بۆ ناعەدالەتی ناهێننەوە، ئیتر خوای دەکرد هەموو کورد دەبوو بەنوسەرو ڕۆژنامەنوسوکامیرامانو سیاسەتمەدار، ئەگەر گوندی کلێسەو ژیانو حاڵی پرلەمەینەتی ئەنفالکراوەکان، نەبووە بابەتو نەچوونە ناو چاوی کامیراکانیانەوە ڕۆژێك دێ وەکو هەموو ناپاکانی دنیا شۆرت لیست بکرێنو ناسنامەی نوسەرو ڕۆژنامەنوسیان لێوەربگیرێتەوەو ناسنامەی گەمژەو نەزانیان پێبەخشرێ .

هەرگیز ئەودیمەنەم لەبیرناچێتەوە کە ڕۆژێکی مانگی شوبات ، لەگەڵ کاك فەرەجی تۆپخانە چوین بۆ گوندی کلێسە، بینیم حەمە مدیر هەموو ئەو کوڕانەی خۆی لەئامێزگرتبوو کەلەدوای چاوەڕوانیەکی زۆر لەهاوسەرگیرییەکی تردا لەدایك ببون، وەك بڵێی بۆ ئایندەیەکی باشتر بڕوانێت ڕوانینێك کە هەم خەمو هەم ئومێدی تێدا بەدی دەکرا.. من چاوم لەسەر ئەو دیمەنە بوو کە حەمەمدیر هەستاو ووتی: دا مامۆستا وێنەیەکی منو کاك فەرەج بگرە ئەو پیاوە زۆر بەرێزە لەلای ئێمە چونکە وادەزانم لەلای ئەنفالکراوەکانەوە هاتووەتەوە. دوای ئەوەی چەند وێنەیەکم گرتن پێکەوە هەر ئەو ڕۆژە چوینەوە بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوانی گوندی کلێسە بەهەڵم زانی لەناخافڵ وێنەیەکی حەمە مدیر بگرم کاتێك ئاوری بۆ لای وێنەی شێرزاد کوڕە ئەنفالکراوەکەی دابووەوە کە بەدیواری ناوەوەی مۆنۆمێنتەکەوە هەڵواسرابوو. دواجار مۆڵەتم لێوەرگرتوو گرتەکەم دوبارەکردەوە .

# چیرۆکی بوخچەکانی فریادو مریەم

ئەنفالستان

ڕۆژی٢٠١٢/٢/٢٣ هەردوو روژنامەنووسی فوتوگرافەر ئانیت هابل و سایمون تێلری کە دوو هاوڵاتی بەریتانین .. لە هەولێرەوە سەردانیانکردم وبەسوپاسەوە لەڕێکخراوی وادی ئەلمانی پێشوازی کراین وماوەیەك لەوێ دانیشتین بۆ قسەوگفتوگۆ دوای ئەوەی لە نیازیان تێگەیشتم چەند کەسێکم بۆ دەسنیشانکردن کە بە هاوکاریو دڵسۆزی پاریزەر دلاوەر حەیدەر لە هەڵەبجەوە رۆژنامەنوس ئاکۆ شوانی لە ناحیێ شۆڕش چاویان پێیان کەوتبوو لەوانە ( فریاد خان ئەو ژنەی کە دەستگیرانەکەی ئەنفالکراوەو تا ئێستا جلی بوکینیەکەی هەلگرتوە... ئەو دوو فۆتۆکرافە بە نیازن تا سالی ٢٠١٥ هەموو جیهان بگەرین وکارەسات و تاوانە جیهانیەکان



لە فیلمیکی دیکۆمینتاریدا بلاو بکەنەوە.



ئەنفال و فریادو مرییەم فرییادو مریەم دووکەنیشکی گەرمیانی ناحیێ تیلەکۆبوون ئە ئەوان وەکو نەریتێکی باوی کۆمەلایەتی ژنبەژنیان پێکرابوو، هەردولا ئاموزای یەکتروەدەستگیرانداری ئاموزا بوون، بەلام ئەو هاوسەرگیریە هەر لەدلانداماەیەوەو نەگەیشتە مەنزل، بەلکو بوونە چوار مەخلوقی دلشکاو چیرۆکەکانیان بووە سومبلی دلرەقی ئەنفال و ستەمکاری بەعس، ئەنورو کەریم لە پەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیاندا گیران و ئیتر نەبینرانەوە، فریادو مرییەمیش سالانێکی زۆر تا روخانی پەیکەرەکەی صدام لە مەیدانی فیردۆس چاوەروانی ئامۆزاکانیان کرد، بەلام کە روخانی پەیکەر هەلدانەوەی سەدان گوری بەکۆمەلی بەدواداهات ئەوانیش بریاریاندا لەدوای ئامۆزاکانیان هاو سەرگیری نەکەنەوەو هەردوکیان جلی بوکێنیەکانییان بەرێزوسۆزەوە هەلگرت.

پێشتریش لەژمارە (٤)ی ئەم سالنامەیەدا ئەوسا کە مرییەم لەژیاندا مابوو چیرۆکی مریەمو بوخچەکەیمان باسکرد. کەچۆن بەسۆزەوە ئەو یادگاریەی هەلگرتووەو تەنانەت ئاوارەیی و هەلاتن بۆ ئێرانیش نەیتوانی بوخچەی بوکێنیەکەی زەوتبکات.

وەکو لە فلیمێکی دۆکۆمیتاری بەناونیشانی



مریەم لەرزگاری بەرلەمردنی



فریاد لەکۆمەڵگای شۆرش

ئەنفال عەڵقەی بوکێنی فرانەدم دا دەردەکەوێت، کەهونەرمەند محمەد سەید دەرهێنەریێتی فریادیش بەهەمان شێوەی مرییەم، جلەکانی بوکێنی لە باوەڵێکی عادەتی گوندنشیندا هەڵگرتووە، دیمەنیێکمان پیشاندەدات مەگەر مرۆڤ هەموو هەستە ئینسانیەکانی فرێدابێ دەنا ناتوانێ خۆی لەبەرامبەریدا بگرێ .

فریادیش وەکو مرییەم تا ساڵی ٢٠٠٦ نەخۆشی تەنگی پییهەڵنەچنیبوو جلەکانی لای خۆی هێشتووەتەوە، بەڵام کاتێك نەخۆشی و هەژاری تەنگی پییهەڵدەچنن ئیدی ئەویش ناچاردەبێت بەشێك لە جلی بوکێنیەکەی بفرۆشێ بۆخەرجی نەشتەرگەریەکەی ..!

یاران ئێمە لەکوێی دلرەقیدا کەوتووین ؟ دەبێت کێبێت چاوی بەراییی بدات جلی بوکێنی (فریاد) کچێك کە ئەنفال دەستگیرانەکەی بردووە لەبەر بکات و زەماوەندی پێوەبکات ؟! میللەتێك ئەوەندە بێباك و دڵرەق بێت بەرامبەر هاوڵاتیەکانی بەرامبەر قوربانیەکانی خۆی کەچیرۆکەکانیان بوونەتە سەروەتی نیشتمانی..؟ ئەوەندە نەزانبێت بەرامبەربەتالانبردن وبەهەدەر دانی ئەرشیف و سەروەتی نیشتمانی و مێژووی خۆی دەبێت لە ئایندەدا چ چاوەروانی چ دڵرەقی ونەهامەتیەکی لێبکرێێت ؟.

لەو فیلمەدا فریاد بەراشکاوی دەڵێت : هیچیان بۆم نەکردووە، باوەریان پێم نەکردووەو پێیان ووتووم تۆ درۆ دەکەی ..؟ تۆی خوینەریش تەنیا لەو رستەیە وردبەرەوە (تۆدرۆ دەکەی) ئەوە چ دڵرەقیەکە یاران دەرهەقی قوربانیانی ئەنفال ؟ ئەوە چ نەزانیەکە .!؟

## چیرۆکی مۆبایلەکەی توکن



دڵنیام بەرلەوەی تێرابمێنیٚ بە وێنەی ئەو مۆبایلە پێدەکەنی.. بەڵام چیرۆکی ئەوە تراژیدیایەکی تری ئەم میللەتەیە ( توکن ) ناوی گوندێکی ناوحێی سەرقەڵای کفریە، لە پەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا خەڵکی (توکن) مەگەر بەدەگمەن دەنا هەموویان ئەنفالکران، کەمینەیەکی زۆرکەمیان نەبیٚ کە لە نوگرە سەلمان گەڕانەوە، دەنا هەروەکو لەدەفتەری ئەنجومەنی گوندا بینیم تەنها لەوگوندە بچوکەدا (٣٦٥) کەس ناونوسکراون کە ئەنفالکراون وجارێکی تر نەبینرانەوە، ئەومۆبایلە نۆکیایە هی پیاوێکە هەموخانەوادەکەی ئەنفالکراوە لەبەرئەوەی لەگوندەکەیاندا تۆڕی ئاسیا سێلٚ لاوازە ناچارە( ٢٠٠) م لەژووری دانیشتنەکەیەوە لەپشتی ماڵەکەی بەو پەرژینە تەلەدا هەڵی بواسیٚ،

محمد ژنێکەی و( ٥) منداڵی ئەنفالکراوە، یەکێك بووە لە پارتیزانەکانی گەرمیان وچۆکی بۆ بەعس دانەداوە، لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ وە یەکەم کەس بووە گەڕاوەتەوە بۆتوکن وخانووەکەی دروستکردووەتەوە، بەدوای ئەویشدا خەڵکی تر هاتوون و گوندەکەیان ئاوەدان کردووەتەوە.

ئەفسوس.. لەدوای بیست ساڵی حوکمرانی و ٦ کابینەی حکومەتی کوردستان،هێشتا کاریگەری ئەو تاوانە بەقوڵی بەرۆحی ئەم گوندەدا رۆچوەتە خوارەوە، هەناسەی گوندی (توکن) بۆنی ئەنفالی لێدێت، کەچی (توکن)ی دوای راپەرین لەهەموو خزمەتگوزارییەك بێبەشە، کە دەبوو پێچەوانەکەی راستبێت و ئێستا لەخزمەتگوزاریدا خەنی ببونایە.. بە هیوای کۆمپانیای ئاسێل بەتەنگ ئەم گرفتەیانەوە بێت .



مام جواد خەڵکی گوندی توکن – ناحیێی سەرقەڵای کفری .

مێردی دووژن بوو، لە پەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیاندا هەردو ژنەکەی و هەموو منداڵەکانی ئەنفالکران وجارێکی تر نەبینرانەوە

# دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال‌و بێبەهاکردنی یاساو ماف‌و هەستی قوربانی



بێگومان قسەکردن لە دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال بەواتا فراوانەکەی تەنها لە جاش‌و موستەشارەکاندا کۆنابێتەوە، وەکو بووەتە بابەتێکی گەرمی راگەیاندنەکان‌و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالیش .. بەڵکو ئەو دۆسێییە بووەتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی‌و وەدیهێنانیشی هەتابلێی ئاڵۆزو تارادەیەکی زۆریش ئەستەمە، چونکە دەوڵەتی عێراق زۆر بەوردی‌و بەسیستماتیك کاری لەو تاوانەدا کردووەو بەپێی ئەوسامانە زۆرەی لەبەردەستی بوو، هەروەها بەپێی ئەو هاوسۆزیەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدژی ئێران بۆ عێراقیان هەبوو، توانیبووی دەرفەت بقۆزێتەوەو گەلێك وڵات‌و دەزگاو کۆمپانیای جیهان پەڵکێشبکاتە ناو تاوانەکەوەو پارەی پەترۆلیان بەقورگدا بکات.. بۆیە جەگەلە جاش‌وموستەشارە کوردەکان لەشکرێك ئەفسەری عێراقی‌و زۆرێك کۆمپانیاو پسپۆرانی بیانیش تیایدا تۆمەتبارو تاوانبارن کە دیارە ئەوە راستیەکە هەموو جاشەکانی کورد لەسێداربدرێن بەقەد یەك پسپۆر یان کۆمپانیای بیانی دۆسێی بەفەرمی ناسینی جینۆسایدی کورد ناباتە پێشەوە . بەڵام دیارە ئەوەش راستە لەباری سایکۆلۆژیەوە هەموو کۆمانیاکانی جیهان دادگایی بکەی بەقەد سزادانی موستەشارێك ئاسودەیی نابەخشێتە کەسوکاری ئەنفالکراوان.

بۆیەئەوەندەی پەیوەندی بەناو خۆی هەرێمی کوردستانەوە هەیە دەسەڵاتدارانی کوردستان نابێت چی تر خۆیان لەو راستیە گێل بکەن کەوا دالْدەدانی تۆمەتباران‌و پشتگوێ خستنی هەست‌و مافی قوربانیان لەهەرێمی کوردستان زۆر گران لەسەریان کەوتووەو لەداهاتوشدا قورستر دەکەوێ ..چونکە تاکە شەرعیەتی دەسەڵاتیان هەر خەلکی کوردستانەو بەبێ ئەوان پێگەیەکیان نیە لەسەری راوەستن، ئیتر هەتاکەی لەبەرخاتی کەمینەیەکی کەم (کە جگە لەتوانی ئەنفال تۆمەتبارن بە خیانەتی نیشتمانی ) هەیبەتی یاساو مافی خەلك‌و قوربانیانی ئەنفال بەسوك تەماشادەکەن ؟!

راستە ئەمرۆ بارودۆخی هەرێم لەگەڵ بەغدا لەگرژی‌و ئاڵۆزیدایە، راستە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەدەسەلاتیاندانیە تۆمەتبارانی جینۆساید دادگایی بکەن، بەڵام وەختی ئەوە هاتووە، جاش‌وموستەشارەکان بەتۆمەتی خیانەتی نیشتمانی دادگایی بکەن‌و لەتاوانەکانیان بپێچنەوە .

بەفراو ڕەشید :

## هەتا ئەو ڕۆژەی بەردی ئەلحەد ئەنێنە بان لاشەم هەرچاوەڕوانیانم

بەروار: ٢٠١٢/١/١٦ کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی
شوێن : ئۆردگای رزگاری (صمود )

بەفراو ساڵی ١٩٤٥ لەگوندی عەزیز قادر لە دایکبووەو هەرلەویش شووی بەمحمود عەزیز کردووە، دایکی شەهیدێك و(٤) کوروکچی ئەنفالکراوە، کوڕە شەهیدەکەی ناوی عەدالەت بووەو ئەنفالکراوەکەشی کە کوری گەورەیەتی ناوی (کەرەم ) بوو، کچەکانی ( ئاوات و گوڵەو محسومە ) لەتۆپزاوا لێی جیاکرانەوەو ئیتر چاوی پێیان نەکەوتەوە .

هێشتا ئەنفال نەگەیشبووە گەرمیان، بەڵام دەنگ و باسی ناخۆش لە دیوی قەرەداغەوە دەگەیشتن، ڕژێم بەتۆپی دورهاوێژ لەسەرقەڵای کفرییەوە گوندەکانی تۆپباران دەکردوبێبەزەییانە بەسەرگوندەکاندا دەڕۆیشتن ولەئاوەدانییەك دەتەقییەوە لە بۆمبارانێکدا بەفراوبەتۆپی دورهاوێژ بریندار بوو، هێشتا برینەکەی تەڕبوو کەئەنفال گەیشتە سەریان ودەستگیرکران وجەیش و جاش پێشخۆیانیانداوبردیانن بۆملەسورە.

ژنە بەبرینداری گیراوهەتا ئێستاش کاریگەری ئەو برینەی پێوە دیارە، بەزبری هێز بردیانن بۆقەڵای قۆرەتوو، لەوێشەوە بۆتۆپزاواوپاش حەوت ڕۆژ ئینجا رەوانەکران بۆ نوگرەسەلمان وماوەی شەش مانگ لەمەینەتیدا بوون، داوتر لەگەڵ پیروپەککەوتەکان کە دایك وباوکی بەفراویشیان تێدابوو ئازادکران و هاتنەوە بۆگەرمیان، لە ئۆردوگای صمود نیشتەجێ بوون . بەفراو هەرگیز ئەو دیمەنەی لەبیرناچێتەوە کە حەجاج بەکیبڵ داوییەتی لەپیاوکی گوندی بەکرباسام و کوشتوویەتی .



لەبارەی دلڕەقی حەجاجەوە بەفراو دەڵێت : هەرچەندە قەت لێی نەداوم بەڵام بەبەرچاوی خۆمەوە پیاوێکی بەیەك کیبڵ کوشت پیرەمێردێکی تەمەن هەڵکشاوبوو ناوی " مامە عەبدی " بوو خەلکی گوندی بەکرباسامە مام عەبدی گوێی گران بوو حەجاجیش هەربانگی کردبوو ئەوگوێی لێنەبوو، ئیتر دووسێ کێبڵی پیاکێشاوکوشتی تەرمەکەی هەروا لەوێ بەجیماوەوسەگەرەش گۆشتەکەی خوارد . ئەوەی لەم دیمەنەدا زۆر مایەی نیگەرانی ودلتەنگییە لەوکاتەدا بووە کەخەریکی ناوخوێندنەوە بوون بۆئەوەی سەرەیان بۆبنوسن و ئازادیان بکەن. کەچی مامە عەبدی دواپۆلینکردنی ئازادبوونیش بەفریا نەکەوت وکوژرا.بەفراومەرگی پیرەمێردێکی تری گوندی سماقیشی بینیووە بەسەر ئەوعەرەبانەیەوە کەتەرمی مردووەکانی نوگرەسەلمانیان پێ دەبردە دەرەوە، کە پرسیاری کردووە وتوویانە ئەوە حەجاج لێی داوەو کوشتوویەتی وفەرمانی کردووە ببیبەنە دەرەوەو فرێی بدەن. سوێند بەخوا ئەویش فریدراو وەکو ئەوانەی ترسەگ خواردی .

بەفراو دوای ماوەیەك بێدەنگی هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاوئینجا ووتی: جاکێ لەوێ نەبوو ؟

گەرمیان گشتی لەویٚ بوو، خەڵکێکی زۆرمردو نەگەرایەوە، (حمەخولە) خەڵکی عەزیزقادر لەویٚ مرد،ماڵی حەمەی ئەحمەد سەمین سەر پاك تیاچوون‌ویەك کەسیان نەماوە پیرەژنێکیان نەبیٚ لەبەر کەنەفتی موچەکەشیان وەرناگرێت.

بەفراوهەمیشە لەبیری کوروکەنیشکەکانیدایە، بەقوڵی چاوەکانی بڕییە چاوم‌ماوەیەك بەبێدەنگی وەستا ئینجا ووتی: هیچ کاتێك لەبیریان ناکەم زۆرجاریش کە دەخەوم دێنە خەوم، هەتا ئێستا چاوەروانی مێردەکەم‌وکوروکچە ئەنفالکراوەکانم دەکەم، تا ئەو رۆژەی بەردی ئەلحەد ئەنێنە بان لاشەم هەرچاوەڕوانیانم.ئەمە دوا قسەی بەفراوبوو لەودیدارەماندا .

## تاقانەیەکی ئەنفال چۆن منداڵەکانی ناوناوە ؟

سوڵتان هاشم پێشەوای فەیلەقی یەك لە سۆنگەی ئەوخێروبیرومەدالیای ئازایەتیانەی بەهۆی سەرکەوتنەکانیەوە لە ئەنفالدا بەدەستی هێنان، کچکەی ناونا (ئەنفال)



حسن عەلی حاجی فەرەجی ئۆمەربل لەبەرەی دوودایك‌وخێزانێکی قەرەباڵغ لە تاوانی ئەنفالدا تەنها خۆی دەربازی بوو، لەسەر وێنەی ئەنفالکراوەکانی نوسیٚویٚتی( هەرچەند ئەنفال لەکەسوکارم دای بریم بەڵام بریارمداوە هەر بژیم) حەسەن سەرباری مەینتی‌و رۆژگاری سەختش هێشتا کەسێکی ورەبەرزەو رێگەی نەداوە ئەنفال بیکاتە کەسێکی دەمارگیرو توند رەفتار بەپێچەوانەوە بەورەیەکی بەرزەوە روەوژیان دەچیتٚ: حەسەن، وێنەی ئەندامانی خانەوادە ئەنفالکراوەکەی کۆکردووەتەوەو لە چوارچیٚوەیەکی گەورەی گرتوون‌و زۆرجار لە بۆنەویادەکانی ئەنفالدا بەو وێنانەوە دەبینریٚ.

دوای ئەوەی لەگەڵ کچێکی خاڵۆیدا هاوسەرگیری کرد، بووەتە باوکی پێنج منداڵ، بۆیەناوی سومبلیی لیٚناون، هەر کەگەرانەوە بۆ زیدی خۆیان‌و گوندی ئۆمەربلیان ئاوەدانکردەوە یەکەم منداڵی لەدایکبوو ناوی نا (دێکان ) وەك سوممبولێك بۆبنیاتنانەوەی گوندەکان‌و دروستکردنەوەی ژیانی دێهات، دووهەمیشیانی ناوناوە (ئیمان) وەکو بروابوون بەخواوبەئیرادەی خۆیان‌و روخانی رژێم، (شادمان)یشی لە دوای ئەوان ناوناوە چونکە بەروخانی رژیم شادمان بوون‌و بە نیازی ئەوەی بەکەسوکارەکەی شادبیێتەوە ، چوارەمیشیانی ناوناوە (پشتیوان) بەهیوای پشتیوانی‌وپێنجەمیشیانی ناوناوە (هەرمان) بەواتای ئەوەی کورد هەردەمێنیٚ‌و ئەنفال‌و ژەهربارانیش نەیتوانی ڕیشەمان ببرێتەوە .

# ئەنفالکراوانی گوندی پیبازۆك

ئامادەکردنی ئەنفالستان

پێبازۆك گوندێکە لەدەشتی کۆیە، پێش ئەنفال نزیکەی (٢٠) مال بوون وخەڵکەکەی خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵداری بوون، لە پەلاماری چواردا وەك هەر گوندێکی کوردستان ئەنفال ویرانی کردووە.

هەرچەندە گوندی پێبازۆك زوو ترفریا کەوتبوون و خۆیان دزیبووەو گەیشتبوونە ناوشاری کۆیە. بەلام لەوێ بەبێ ئارەق دەرنەچوون وخۆیان ، بەڵکوژمارەیەك پیاوی ئەم گوندە لەلایەن سیخورەکانی ئەوسای رژێمەوە دۆزرانەوەوزوبەزو رەوانەی بنکەی کۆکردنەوەی تۆپزاوا کران. ئیسماعیل صدرالدین شەریف کە لە دایکبووی ساڵی ( ١٩٥٧ ) ە یەکێکە لەوئەنفالکراوانەی لەبەرواری ١٩٨٨/٥/٥ لە ناوشاری کۆیە لەگەڵ ئامۆزاکانی خۆیدا گیراوەودواتر رەوانەی بنکەی تۆپزاوا کراون وهەتا ئێستاش چارەنوسی نادیارە، لە ناویاندا تەنها ئیسماعیل صدرالدین خێزاندارببووە کە ئێستا دوکوڕوکچێکی لەپاش خۆی بەجیماوە بەناوەکانی " کرمانج، کریکار، شەوبۆ" لەشاری کۆیە نیشتەجێن.دەناپێنج کەسەکەی ترهەموویان رەبەن بوون .

کرمانج کورە گەورەکەی ئیسماعیل بۆساڵنامەی ئەنفالستان دواو ووتی: بابم لەگوندەکەی خۆمان دەرچووبوو ئێمەشی رزگار کردبوو، بەلام لەناوشاری کۆیە گیران،



ئەزمیر فەقێ شەریف　ئەنوەر فەقێ شەریف　ئیسماعیل صدرالدین

کەسێك بەناوی سەعدی مەلا زاهیر ئیخباری کردبوون، کەسەر بەدائیرەی ئەمن بوو، بانگی کردبوونە کن خۆیوەهەربەسەیارەی خۆی بردبوونی بۆ تۆپزاواولەوێ تەسلیمی کردبوون. کەچی ئێستاش سەعدی پلەکەی رائیدەو ئوتومبیلی ژمارە ٤١٠٠ وەزارەتی بیشمەرگەی پێیەوەهەربەتەنیشت خۆمانەوە لەدیگەڵە دەوام دەکات !! ئەوکەسانەی سەعدی مەلا زاهیر بردبوونی بۆتۆپزاوا بریتی بوون لە :

١. ئیسماعیل صدرالدین لەدایکبووی ١٩٥٧
٢. ئەنوەر فەقی شەریف لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣.
٣. ئەزمیر فەقی شەریف لە دایکبووی ١٩٦٨ .
٤. مەناف کاویس شریف لە دایکبووی ١٩٦٤
٥. تاهیر عەبدوڵا مارف ١٩٦١
٦. زاهیر عبدوڵا مارف ١٩٦٤

شایانی باسە ئەم خێزانانە یەکێکیانی لێبەدەرئەوانی تر ئێستا لە دادگای کۆیە سکاڵای یاساییان لەسەرسەعدی مەلا زاهیر تۆمارکردووە چونکە بەتۆمەتباری یەکەمی دەزانن لەئەنفالکردنی کەسوکارەکەیاندا.

## مەلاجەلال حسێن سالح:
## که خوشکەکەم ڕۆیشت گەردن ئازایی لێکردم



پێش ئەوەی ئەنفال بگاتە سەر ناوچەکەیان و گوندەکەیان لەشوێنی خۆی هەڵتەکێنی مەلاجەلال پێشنوێژی بۆ گوندنشینەکان دەکردو قورئان خوێنی ئاوایی بوو، لەودیدارەی ئەنفالستاندا بەماتییەکی سەرسوڕهێنەرەوە ووتی: لەگوندی زستانەی عەلی حاجی قادر دانیشتبوین، فەقیری ماڵی خۆمان بووین، پێشمەرگە نەیهێشت بڕۆین. ووتیان ئێوە دەڕۆن چەك بۆحکومەت هەڵدەگرن هەتا ماڵوحاڵی خۆیان رزگار کرد، گوندەکەمان سەربەناحیەی سەنگاوە نزیکەی ٤ سەعات بەپێ لێیەوە دورە ئەو رۆژەم باش لەیادە کەئەنفالکراین، ئەوکاتە خاوەنی ژن وماڵی خۆم بووم.. ئێمە لەلایەن جاش و جەیشەوە گیراین و لەسەرقەڵای سەنگاو کۆکراینەوە .. دواتر خراینە ناو کۆستەرەوەو بردیانین بۆچەمچەماڵ. هەقیقەت قایمقایمی چەمچەماڵ وهەندێك پۆلیس فریامان کەوتن، هاو کاریانکردین و پێیان وتین بڕۆن خۆتان بشارنەوە، ئەوانەی هاوکاربوون پۆلیسێکی کوردویەکێکی عەرەب بوون پۆلیسە کوردەکە خەڵکی چەمچەمال بوو، ناوی نازانم بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد " بڕۆن بۆقایمقایمیەت" بەڵام لەژێریشەوە دەیگووت بڕۆن نەگبەتینا خۆتان لەناوچەمچەماڵ بشارنەوە .

مەلا جەلال دوای بیست وچوارساڵ لەوتاوانە هێشتا زۆر نیگەرانی خوشکە ئەنفالکراوەکەیەتی، بە قورگی پڕلەگریانەوە ووتی: خوشکەکەم ناوی نەناخان حسێن سالح بوو ئەولەخۆم گەورەتربوو، دەستی کردە ملمداوگەردن ئازایی لێکردم و بەجێی هێشتین (لێرەدا مەلا دەستی کردبەگریان) بەخۆیی و منداڵەکانیەوە ( جەیران و شوکریەومحمد ) هەموویان ئەنفالکران . تەنها لەدوبزدیبویان ئیتر نەبینرانەوە .

ئێستا مەلا بەتەنیا ماوەتەوەوبەشوێن موچەو ئیمتیازاتی خوشکە ئەنفالکراوەکەیەوەتی.

مەلا جەلال سەبارەت بەپێشنیارەکەی ئەم ساڵنامەیە دەربارەی سەر نەبرینی ئاژەڵان لە یادی ئەنفالدا ووتی: زۆرم بەلاوە جوانەو بۆخۆم پەیرەوی لێدەکەم و لەورۆژەدا نەگۆشت دەخۆم و نەهیچ زیندەوەرێك سەردەبرم، کاتێك قسە هاتە سەرئەوەی وەکو مەلایەکی ئاینی لەسەنگاوهاوکاریمان بکات بۆ سەرخستنی ئەوکارەو وووتی: بەداخەوە من ناتوانم خوتبەبدەم و رۆژانی هەینی لەچەمچەماڵەوە وتاربێژمان بۆدێت . ئەگەر لەئەوقافەوە ئەو کارە بکەیت لەمزگەوتەکانەوە باس بکرێت شتێکی زۆرجوانەوبەهیوام ببێتە داب ونەریتێکی کوردەواری بۆ یادی ئەنفال .

# پاشکۆ- خشتەی ناوی قوربانیەکانی قەڵای نوگرەسەلمان

## ئامادەکردنی : عەدالەت عومەر صالح

| ژمارە | ناوی سیانی | سالی لەدایکبوون | شوێن | شوێنی دەستبەسەرکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مەلێکە تاهێر جوهرقادر | 1978 | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٦لە ١٩٨٨/٦/١٤ |
| 2 | دانە حسن رسول | 1981 | چمچماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٦لە ١٩٨٨/٦/١٤ |
| 3 | رەزا محمد شەریف | 1907 | دوکان | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە ١١٧ لە ١٩٨٨/٦/١٥ |
| 4 | شیرین صالح حسین محمد | 1984 | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١١٧ لە١٩٨٨/٦/١٥ |
| 5 | فاتح حسن سولتان | 1981 | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٧ لە ١٩٨٨/٦/١٥ |
| 6 | کریم عزیز ئەمین | 1957 | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١١٧ لە ١٩٨٨/٦/١٥ |
| 7 | سۆزە حسن قادر | 1918 | سووررداش | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١١٧لە ١٩٨٨/٦/١٥ |
| 8 | نەزیرە حسین علی | 1987 | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٧لە ١٩٨٨/٦/١٥ |
| 9 | زوهرە عبید رسول | 1937 | شوان | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢١ لە ١٩٨٨/٦/١٦ |
| 10 | حمید محمد محمود | 1903 | چمچماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٢١ لە ١٩٨٨/٦/١٦ |
| 11 | صالح ئەحمەد حمد | 1908 | کویسنجق | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٢٢ لە ١٩٨٨/٦/١٨ |
| 12 | زیرەك خورشید حسن | 1985 | دوز | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٤لە ١٩٨٨/٦/١٨ |
| 13 | علی حسین علی | 1981 | نەوجول | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٥ لە ١٩٨٨/٦/١٨ |
| 14 | حسین احمد سعدون | 1878 | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٢٥ لە١٩٨٨/٦/١٨ |
| 15 | حسین محمود حسن | 1908 | چمچماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | له١٨/٦/١٩٨٨ |
| 16 | پشتیوان رشید محمد | 1985 | قادرکەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٢٢له١٨/٦/١٩٨٨ |
| 17 | فاتمه حیدر عزیز | 1928 | قادرکەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٢٢له ١٨/٦/١٩٨٨ |
| 18 | عبدالرحیم کاسمه سور | 1910 | قادرکەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٢٤ له٢٠/٦/١٩٨٨ |
| 19 | سوارە حسن ابراهیم | 1987 | قادرکەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٤ له ٢٠/٦/١٩٨٨ |
| 20 | محمد سلیمان خدر | 1898 | چمچمال | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٢٤ له ٢٠/٦/١٩٨٨ |
| 21 | سوعاد خورشید فەریق | 1980 | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٢٢ له ١٨/٦/١٩٨٨ |
| 22 | یونس جوهر فتاح | 1908 | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ١١٢ له ٢٣/٦/١٩٨٨ |
| 23 | بیستون خورشید فەریق | 1987 | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ١١٢ له ٢٣/٦/١٩٨٨ |
| 24 | رابیعه حمه توفیق | 1942 | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ١٣٨ له ٢٩/٦/١٩٨٨ |
| 25 | سویبه محمد ابراهیم | 1971 | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ١٣٨ له ٢٩/٦/١٩٨٨ |
| 26 | فاتمه محمد لاوە | 1918 | ئاغجەلەر/ چمچمال | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە١٤٧ له ٩/٧/١٩٨٨ |
| 27 | قادر فرج موالی | 1913 | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٣٢له ٢٣/٦/١٩٨٨ |
| 28 | خۆرشیدە رحیم عارف | 1933 | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە١٣٨ له ٢٩/٦/١٩٨٨ |
| 29 | عبدالله حمەصالح محمود | 1932 | قرەداغ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٨ له٢٩/٦/١٩٨٨ |
| 30 | سعید بێجان محمود | 1928 | سەر قەلاً/ کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٩ له١/٧/١٩٨٨ |
| 31 | نەرمین لەفزلله جاسم | 1923 | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٩له١/٧/١٩٨٨ |
| 32 | صبریه محمد احمد | 1948 | سەر قەلاً/ کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٩له ١/٧/١٩٨٨ |
| 33 | ابوبکر محمد | 1985 | دوکان | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٩ له١/٧/١٩٨٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 34 | شێرکۆ علی حسن | 1985 | سەر قەڵا/ کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٣٩ لە ١٩٨٨/٧/١ |
| 35 | بستیە کاکەخان رەمەزان | 1918 | باوەنور | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٤٢ لە ١٩٨٨/٧/٤ |
| 36 | ناوی یەکەمی دیار نیە ناوی باوکی عوسمان احمد | 1984 | تیلکو- کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٤٢ لە ١٩٨٨/٧/٤ |
| 37 | محی الدین محمد امین | 1928 | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٤٢ لە ١٩٨٨/٧/٤ |
| 38 | حمید مجید احمد | 1913 | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ١٤٧ لە ١٩٨٨/٧/٩ |
| 39 | حەبیبە حمید سعید | 1930 | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ١٤٧ لە ١٩٨٨/٧/٩ |
| 40 | زوهرە سەفر رۆستم | 1985 | عزیز قادر | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ١٤٧ لە ١٩٨٨/٧/٩ |
| 41 | شەونەم محمد صالح | 1973 | سورداش | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ١٤٧ لە ١٩٨٨/٧/٩ |
| 42 | کراس حسین عبداللە | 1928 | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە١٥١ لە ١٩٨٨/٧/١١ |
| 43 | احمد مستەفا خونچە | 1928 | چەمچماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٥١لە ١٩٨٨/٧/١١ |
| 44 | غیدان احمد محمود | 1932 | نەوجول | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە١٥١ لە ١٩٨٨/٧/١١ |
| 45 | قادر محمد محمود | 1985 | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٥١ لە١٩٨٨/٧/١١ |
| 46 | صابر حسن عبداللە | 1925 | خلیفان | نوگرە سەلمان | بەنووسراوینهێنی ژمارە١٥٤ لە١٩٨٨/٧/١٣ |
| 47 | صابر حمە صالح | 1938 | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٥٤لە١٩٨٨/٧/١٣ |
| 48 | صالح نصراللە علی | 1938 | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٠٠لە ١٩٨٨/٨/٢٦ |
| 49 | عەباس محمود احمد | 1908 | سەر قەڵا | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٠٠ لە١٩٨٨/٨/٢٦ |
| 50 | ئاکۆ بکر محمد | 1987 | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٠٠ لە ١٩٨٨/٨/٢٦ |
| 51 | عایشە احمد رسول | 1918 | قرەداغ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ٢٠٠ لە ١٩٨٨/٨/٢٦ |
| 52 | خانم سلیمان قادر | 1908 | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ٢٠٥ لە ١٩٨٨/٨/٢٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 53 | حبيبە احمد چينە | 1913 | قادر كەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ٢٠٥ لە ١٩٨٨/٨/٢٨ |
| 54 | سبايە ابراهيم عبدالقادر | 1988 | سەر قەلاّ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ٢٠٥ لە ١٩٨٨/٨/٢٨ |
| 55 | عمر يان حمد محمد رەزا | 1928 | اغجلر/چمچمال | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ٢٢٢ لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 56 | على سەمين بارام | 1908 | شيروان/كەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ٢٢٢ لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 57 | ئاسكە عبدالمحمد عزيز | 1963 | هەلّبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ٢٢٢ لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 58 | بەهيە على عبدالله | 1932 | چمچمال | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە٢٢٢ لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 59 | على سمير بەهرام | 1908 | كلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 60 | ئاسكە عبدالمحمد عزيز | 1963 | هەلّەبجە | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 61 | بەهيە على عبدالله | 1932 | تيلەكۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 62 | صالح محمود على | 1964 | هەلّەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 63 | سلمى عبدالرحمن مستەفا | 1962 | هەلّەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 64 | سەردار حمە صالح حمە | 1985 | سەرقەلاّی كفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 65 | على قادر اسكندر | 1928 | تویلّە/ هەلّەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 66 | شاديە محمد عوسمان | 1984 | بيارە/ هەلّەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 67 | ناسكە صالح على | 1942 | سەرچنار/سليمانی | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 68 | على سمين بهرام | 1928 | هەلّەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢١٦ لە١٩٨٨/٩/١٠ |
| 69 | محمد حفيد يان سعيد فتاح | 1927 | نوجول/دوز | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٤ لە١٩٨٨/٩/١٩ |
| 70 | مغديد هەمزە حمد | 1924 | خليفان ديانا | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 71 | سوسن سعيد لەتيف | 1933 | تيلكو/كەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 72 | سرباز نادی حمد | 1982 | سەرچناری کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 73 | نارنج حسن فتاح | 1923 | تیلکو/کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 74 | جبار اسماعیل رەحیم | 1987 | کلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 75 | سلمی حمەصالح قادر | 1948 | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 76 | عایشە حیدر رشید | 1958 | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 77 | بەهیە محمد صالح | 1928 | چمچمال | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 78 | عایشە حسین باباحسن | 1908 | چمچمال | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢١٦ لە ١٩٨٨/٩/١٠ |
| 79 | سەعید محمود حسن | 1923 | چمچمال | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢١٦ لە ٩/١٠/ ١٩٨٨ |
| 80 | محمد عبدالرحمن سەعید | 1918 | هەلەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢١٦ لە ١٩٨٨/٩/١٠ |
| 81 | حەلاوە صابر محمد | 1913 | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ٢٢٢ لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 82 | اللەکەریم سید احمد عزیز | 1926 | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 83 | نارنج حسن محمد صالح | 1942 | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 84 | نەبەز یاوەر محمد | 1983 | کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢لە ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 85 | کویستان حمەخان قادر | 1980 | هەلەبجە | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 86 | نازنین عوسمان روستم | 1958 | کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 87 | اکبر احمد علی شەریف | 1986 | هەلەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراویnهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨/٩/١٨ |
| 88 | هونەر عومەر احمد | 1984 | کلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوینهێنی ژمارە٢٢٢ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | له١٩٨٨/٩/١٨ |
| 89 | ئامینه كریم سعدالله | 1938 | كلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢له ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 90 | شیلان فایق صالح | 1980 | هەلەبجه | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ له١٩٨٨/٩/١٨ |
| 91 | شیوه فایق صالح | 1984 | هەلەبجه | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ له ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 92 | ئەحمەد عبدالرحمن | 1933 | دوز | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ له ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 93 | ئەحمەد كافی پیروز | 1913 | كلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ له ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 94 | وریا علی فەتاح | 1986 | كلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ٢٢٢ له ٩/١٨ /١٩٨٨ |
| 95 | ئەكرم محمود مستەفا | 1955 | هەلەبجه | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ له١٩٨٨/٩/١٨ |
| 96 | موسی سعید لەتیف | 1933 | كلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ له ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 97 | فازیل عومەر رسول | 1945 | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ له ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 98 | علی ئەسعد محمد | 1928 | كلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ له ١٩٨٨/٩/١٨ |
| 99 | جیلان مستەفا باباالله | 1900 | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەلآی سەلمان له ١٩٨٨/٥/٧ |
| 100 | محمد سلیمان شاویس | 1910 | ناحیەی باوەنور | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەلآی سەلمان له ١٩٨٨/٥/٧ |
| 101 | فرج عزیز سید مراد | 1910 | كلار/تیلكو | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەلآی سەلمان له ١٩٨٨/٥/٨ |
| 102 | تمینه مەعروف | 1900 | كلار | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەلآی سەلمان له ١٩٨٨/٥/٨ |
| 103 | رشید كەریم قادر | 1900 | چەمچەمال/سنگاو | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەلآی سەلمان له ١٩٨٨/٥/٩ |
| 104 | سلما شریف محمد | 1900 | كەركوك/شوان | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەلآی سەلمان له ١٩٨٨/٥/١٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 105 | فەتاح حمه امين | 1912 | كەركوك/شوان | نوگره سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان له ١٩٨٨/٥/١٤ |
| 106 | دڵپاك رشيد على | 1986 | دوز/ نوجول | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٧٨ له ١٩٨٨/٥/١٩ |
| 107 | احمد عبدالرحمن احمد | 1900 | چمچمال | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٠ له ١٩٨٨/٥/٢١ |
| 108 | حسنه حمه امين سيده | 1900 | كلار / باوەنور | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٤ له ١٩٨٨/٥/٢١ |
| 109 | محمد احمد رسول | 1900 | چمچمال/ اغجلر | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٤ له ١٩٨٨/٥/٢١ |
| 110 | محمد شفيق توفيق | 1910 | كەركوك | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٦ له ١٩٨٨/٥/٢٣ |
| 111 | حسن امين محمود | 1918 | كلار | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٦ له ١٩٨٨/٥/٢٣ |
| 112 | زبيده جوهر ابراهيم | 1917 | سنگاو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٠ له ١٩٨٨/٥/٢٩ |
| 113 | امينه نادر قادر | 1917 | سنگاو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٠ له ١٩٨٨/٥/٢٩ |
| 114 | جبار توفيق على | 1925 | كلار /تيلكو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩١ له ١٩٨٨/٥/٣١ |
| 115 | احمد محمد نادر | 1913 | كلار | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩١ له ١٩٨٨/٥/٣١ |
| 116 | شمسه رستم فارس | 1925 | كلار/باوەنور | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٥ له ١٩٨٨/٥/٣١ |
| 117 | اوميت ابراهيم محمود | 1987 | كلار /تيلكو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٧ له ١٩٨٨/٦/٢ |
| 118 | نرمه سعيد كەريم | 1986 | دوز / نوجول | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٧ له ١٩٨٨/٦/٢ |
| 119 | سردار جلال خورشيد | 1986 | كفرى /سەر قەڵا | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٨ له ١٩٨٨/٦/٤ |
| 120 | رابيعه عوسمان عزيز | 1929 | چمچمال /اغجلر | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٩ له ١٩٨٨/٦/٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 121 | عزيز رسول زوزب | 1900 | دوكان / سورداش | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٩ لە ١٩٨٨/٦/٤ |
| 122 | ريبوار نجم الدين شهاب محى الدين | 1986 | چمچمال /قادركرم | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٠ لە ١٩٨٨/٦/٥ |
| 123 | محمد ستار محمود | 1983 | كلار /تيلكو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٢ لە ١٩٨٨/٦/٥ |
| 124 | كەوان تاهير جوهر | 1986 | دوز / نوجول | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٢ لە ١٩٨٨/٦/٥ |
| 125 | حميد مولود سعيد | 1918 | چمچمال اغجلر | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٢ لە ١٩٨٨/٦/٥ |
| 126 | جوهر بابا رحيم | 1986 | دوز / نوجول | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی مارە١٠٤ لە ١٩٨٨/٦/٦ |
| 127 | برزان صالح محمد | 1980 | كلار /تيلكو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٤ لە ١٩٨٨/٦/٦ |
| 128 | حسنه محمد احمد | 1920 | كەركوك | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٤ لە ١٩٨٨/٦/٦ |
| 129 | عبدالله عزيز شاويس | 1910 | كلار/پێباز | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٤ لە ١٩٨٨/٦/٦ |
| 130 | شێوە صالح محمد رشيد | 1987 | كلار /تيلكو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٦ لە١٩٨٨/٦/٧ |
| 131 | سلمى توفيق حولان | 1928 | كەركوك | نوگره سەلمان | بەنوسراوی نهێنی ژمارە ١٠٦ لە ١٩٨٨/٦/٧ |
| 132 | مجيد محمد محمود | 1900 | كەركوك/ليلان | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٦ لە ١٩٨٨/٦/٧ |
| 133 | سوراب ستار محمود | 1983 | كلار /تيلكو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٧ لە١٩٨٨/٦/٩ |
| 134 | كاريه ستار محمود | 1981 | كلار /تيلكو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٧ لە ١٩٨٨/٦/٩ |
| 135 | فهيمه على حسين | 1910 | قادركرم | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٩ لە ١٩٨٨/٦/١٠ |
| 136 | دانا بابا عبدالله | 1988 | چمچمال | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٩ لە ١٩٨٨/٦/١٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 137 | شێوە محمد والی | 1982 | کلار /تیلکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٩ لە١٩٨٨/٦/١٠ |
| 138 | فتح الله محمد شریف | 1985 | دوز/نوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٠ لە ١٩٨٨/٦/١٢ |
| 139 | خدیجە عبدالکریم قازی | 1918 | چمچمال/سنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٠ لە١٩٨٨/٦/١٢ |
| 140 | حمە حسن محمد خان | 1928 | کلار/تیلکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٠لە١٩٨٨/٦/١٢ |
| 141 | مرجان کەریم احمد | 1928 | کلار/تیلکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٠لە١٩٨٨/٦/١٢ |
| 142 | توفیق محمدعلی امین | 1933 | کەرکوك/التون کۆپری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٦لە١٩٨٨/٦/١٤ |
| 143 | ولی حمید محمد | 1928 | دوز/نوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٦لە١٩٨٨/٦/١٤ |
| 144 | صالح سلیمان محمود | 1929 | چمچمال | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٦لە١٩٨٨/٦/١٤ |
| 145 | خلیل احمد رشید | 1986 | دوز/نوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٦لە١٩٨٨/٦/١٤ |
| 146 | امینە نادر قادر | 1917 | سنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٠لە١٩٨٨/٦/١٢ |



## ئەمساڵ لە٤/١٤ نوێژی نەکردو تەرکی تەماتە خواردنیشی کرد

مەلارەحیمی مەرەشیدی سەرقەڵا یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی گەرمیان‌ویەکێکە لەوپێشمەرگە پارتی زانانەی لەدوای ئەنفال لەهەردەکانی گەرمیان مایەوەو ئامادەنەبوو چۆك بۆ بەعس دابدات.

مەلارەحیم پابەندیەکی ئەخلاقی گەورەی بە قوربانیانی ئەنفالەوە هەیەو چیرۆکی سەرسورهێنەری لەبارەوە دەگێڕنەوە، ساڵی ٢٠١٠ تاکە کەس بوو کە لەسەر گۆرستانی دێبنەی ناحیێ رزگاری کە تەرمی ئەنفالکراوانی لێی ئەسپەردە کراوەتەوە لەشی خۆی گرتبووە قوڕ، ساڵی رابوردودوای ئەوەی لە گۆڤاری ئەنفالستاندا چیرۆکی نەبات فایەق‌وشارۆی خوێندەوە ئیدی خەیاری لەخۆی حەرامکردووە، ئەمسال تەماتەشی لەخۆی حەرامکرد.. لەوەش گرنگتر سەرباری پابەندی توندی بە ئاینەوە بریاریی داوە هیچ رۆژێکی ٤/١٤ نوێژ نەکات، لەبەرئەوەی لەورۆژەدا ئەنفالکراوان فریای نوێژ نەکەوتوون .

# ئەنفالو کاریگەریەکانی لەسەر شارەدێی (نەوجول)

کامەران شەهیدان دوزخورماتوو

ئەم شارۆچکەیە لە ساڵی (١٩٧٧) دا کراوە بە ناحیە، سەر بە قەزای دووزخورماتووە پارێزگای کرکوك بووە، دەکەوێتە نێوان دێهاتی "داودە"وە کە پێکهاتووە لە (٣٥) دێولەقەزای دووز خورماتوو بە سەیارە (٣٠) خولەکە، وە سەرجەم دێهاتەکانی ناوچەی داودەی لە خۆ گرتووەو، لەسەرجەم شۆڕشەکانی کورددا ڕۆڵی هەبووە لەکاروانی خەباتو تێکۆشاندا. سەرجەم پێداویستیو خزمەت گوزاریەکانی تێدا بووە، زیاتر لە (٢٠٠)ماڵ دەبوون، خەڵکەکەی خەریکی کشتوکاڵو مەڕداری بوون، وە سەرجەم دێهاتەکانی سنوورەکە سەردانی ئەم شارۆچکەیەیان دەکرد بۆ پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان. هەروەها ئەم خزمەتگوزاریانەیان هەبووە (پۆلیسو بنکەی کشتوکاڵیو بنکەی تەندروستیو ئاو و کارەباو وەکیلی مواد غەزایو خوێندنگای سەرەتاییو ناوەندیو بنکەی ڤێنتەرنەریو بنکەی شارەوانی) هەروەها زۆر شتی تریشی لێ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) بە تایبەتی کەرتەکانی (٦،٥) (٥١)ی گەرمیان دەهاتنە سنورەکەو گورزی کاریگەریان لە ڕژێمی بەعس دەوەشاند لە ساڵانی ( ١٩٨٧-١٩٨٨) دووجار لەلایەن پێشمەرگەوە گیراوە ، جگە لە چەندین چالاکی تر کە لە سنوورەکە ئەنجام درا بەوهۆیەوە زۆر جار گەنجەکانی ئەم شارۆچکەیە لەلایەن ئەمنوحزبەوە دەگیرانو ئازارو ئەشکەنجە دەدران بۆیە زۆر لە گەنجەکان چوونە دێهاتەکانی داودە. ئەم شارۆچکەیە بە بڕیارێکی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٧٩) تعریب کراو لە شاری کرکوك دابڕاو خرایە سەر پارێزگای "صلاح دین" لە ساڵی (١٩٨٧) بە بڕیارێکی تری بەعس چۆڵکراو خەڵکەکەی ڕاگوێزرایەوە بۆ ئۆردوگای بنیسڵاوەوکەوروکۆسك لە شاری هەولێر، چەندین ماڵی تر هەڵهاتن بۆ دێهاتەکانی تری ناوچەی داودە تاکو ساڵی (١٩٨٨) بەر پەلاماری ئەنفال کەوتن کە زیاتر لە (١٢٥) ئەنفالو (١٦) شەهیدیان هەیە، هەروەها ئەو ١٨ پاکیزەی گەرمیان کە لەبەڵگەنامەیەکی موخابەراتی کەرکودا ناویان هاتووەو باس لەوەدەکات کە فرۆشراون بە وڵاتی "مصر" خەڵکی ئەم شارۆچکەیەن وە چەندین کەسی تریان لە نوگرە سەلمانو تۆیزاوا مردون یان بەهیلاکی گەڕاونەتەوەو پاش چەند مانگێك کۆچی دوییان کردووە، ئەم شارۆچکەیە پاش ڕاپەڕینی (١٩٩١)وە لە ساڵی (١٩٩٣) دا لەسەرحکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە بەناحیە یەکەی کارگێریی لەدێی زنانەبۆ دانراوە، ئێستاش ئاوەدان کراوەتەوە زیاتر لە (١٠) ماڵی تێدایەو(خوێندنگا وبنکەی تەندروستیوکارەبای بۆکراوە) خەڵکەکەی داواکارن ئەم شارۆچکەیە بگەڕێتەوە شوێنی خۆیوخزمەتی زیاتربکرێ. ئەمەش ناوی شەهیدو ئەنفالکراوەکانی ناحێی نەوجولە :

## ناوی ئەنفالکراوانی نەوجول

| ژ | ناوی سیانی ئەنفالکراو | ژ | ناوی سیانی ئەنفالکراو |
|---|---|---|---|
| ١ | عبدوالکریم علی جبار محمود | 69 | قدریە ابراهیم علی |
| ٢ | ئازاد علی جەبار محمود | 70 | ئەمید شکور موسی عەباس |
| ٣ | عبدوالرحمان کریم محمد ڕۆستەم | 71 | پەیمان شکور موسی عەباس |
| ٤ | ئەبوبەکرکریم محمد | 72 | فخرالدین محمد ئەمین |
| ٥ | مریەم فاتح حەسەن | 73 | پیرۆز ئەحمەد فخرالدین |
| ٦ | عادل رەحیم ئەمین هەمزە | 74 | گوڵیك ئەحمد ئیبراهیم |
| ٧ | حبیبە علی حیدەر | 75 | عبدالباست عزیز عبدوڵا |
| ٨ | جمعە عادل ڕەحیم | 76 | عومەر عەلی کەریم |
| ٩ | محمد عادل ڕەحیم | 77 | حسن علی احمد کریم |
| ١٠ | ئەحمەد عادل رەحیم | 78 | حسیبە ئەمین همزە |
| ١١ | گلاوێژ عادل رەحیم | 79 | نەجیبە حسەن عەلی |
| ١٢ | بەختیار عادل رەحیم | 80 | توران حسەن عەلی |
| ١٣ | رێبوار عادل رەحیم | 81 | بورهان حسەن عەلی |
| ١٤ | سەفەر ئەمین هەمزە | 82 | شیلان حسەن عەلی |
| ١٥ | حەسیبە هیدایەت ئیبراهیم | 83 | شلێر حسەن عەلی |
| 16 | ئەحمەد محمد سەعید | 84 | فاتمە عەبدولقارد عەلی |
| 17 | جەبار ئیبراهیم احمد کریم | 85 | لیلی عەلی عبدولا |
| 18 | وەیسی جەبار ئیبراهیم احمد | 86 | رحیم شکور محمد |
| 19 | یونس جەوهەر فەتاح موتورزا | 87 | حەکیم شکور محمد |
| 20 | سەرحەد جەوهەر فەتاح موتورزا | 88 | عبدالرحمن شکور محمد |
| 21 | حسێن یونس جەوهەر فەتاح | 89 | شۆرش شکور محمد |
| 22 | ئەمین حسێن یونس جەوهەر | 90 | گولیك شکور محمد |
| 23 | ناصح حسێن یونس جەوهەر | 91 | ئاسکە شکور محمد |
| 24 | شکور ڕفعەت جەوهەر فەتاح | 92 | صابر شکور محمد |
| 25 | محمد ڕەفعەت جەوهەر فەتاح | 93 | پەخشان صابر شکور محمد |
| 26 | لەیلا عەباس جەوهەر فەتاح | 94 | بەیان صابر شکور محمد |
| 27 | نازم عەباس جەوهەر فەتاح | 95 | پەخشان صابر شکور محمد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 28 | لەعلی عەباس جەوهەر فەتاح | 96 | شیرین صابر شکور محمد |
| 29 | میدیا شکور ڕەفعت جەوهەر | 97 | ئەمل  صابر شکور محمد |
| 30 | چیا شکور ڕەفعت جەوهەرفەتاح | 98 | ئارام  صابر شکور محمد |
| 31 | چیمەن نازم عەباس جەوهەرفەتاح | 99 | شەمال تفیق |
| 32 | ئیلهام نازم عباس جەوهەرفەتاح | 100 | سیروان توفیق محمد |
| 33 | بەختیار نازم عەباس جەوهەر | 101 | سەردار عومەر محمەد |
| 34 | ئارام نازم عەباس جەوهەرفەتاح | 102 | نوریە کەریم محمد |
| 35 | ڕەفیق عبدوڵا ڕەفیق محمود | 103 | چنار تاهیر عومەر محمد |
| 36 | خراسان عبدوڵا ڕەفیق محمود | 104 | دلێر تاهیر عومەر محمد |
| 37 | نەوزاد ڕفیق عبدوڵا ڕەفیق محمود | 105 | شەکرە عومەرمحمد |
| 38 | ملیحە ڕفیق عبدوڵا ڕەفیق محمود | 106 | هەیبەت عەلی محمد |
| 39 | شێرزاد ڕفیق عبدوڵا ڕەفیق محمود | 107 | عەبدوڵا غەزەنفەر حسین |
| 40 | بەرهەم شکور موسی عەباس | 108 | ابراهیم قادرعزیز عبدالرحمن |
| 41 | احمد فخرالدین محمدئەمین | 109 | کریم قادرعزیز عبدالرحمن |
| 42 | خەولە فخرالدین | 110 | عصمت قادرعزیز عبدالرحمن |
| 43 | شەهلە ئەحمەد فخرالدین | 111 | ڕەمەزان مەلا محمەد |
| 44 | صبیحە ڕفیق عبدوڵا ڕەفیق محمود | 112 | عەباس مەلا محمەد |
| 45 | کاوە ڕفیق عبدوڵا ڕەفیق محمود | 113 | شوکریە عەلی ڕۆستم |
| 46 | دلێر ڕفیق عبدوڵا ڕەفیق محمود | 114 | کوێستان عەباس مەلا محمەد |
| 47 | جمال فاتح ڕەحیم عبدولرەحمان | 115 | شەهاب عاسی جەمە |
| 48 | گولیلك فاتح ڕەحیم عبدولرەحمان | 116 | فانۆس عەلی قادر |
| 49 | ئەحمەد فاتح ڕەحیم عبدولرەحمان | 117 | گورجیە سەمین حسین |
| 55 | جوان ئەحمەد فاتح ڕەحیم عبدولرەحمان | 118 | حەلاوە فەخرەدین محەمەد |
| 56 | گۆران ئەحمەد فاتح ڕەحیم عبدولرەحمان | 119 | رابیعە مەلا محمەد |
| 57 | سۆران ئەحمەد فاتح ڕەحیم عبدولرەحمان | 120 | شوکریە محمد سەعید |
| 58 | بەیان ئەحمەد فاتح ڕەحیم عبدولرەحمان | 121 | شەونم عەلی مستەفا |
| 59 | صبریە حسن ئەمین | 122 | شەوبۆعەلی مستەفا |
| 60 | علی محیٚ الدین عبدوڵا | 123 | جومعە عەلی مستەفا |
| 61 | داود جاسم محمد | 124 | حسین عەلی مستەفا |
| 62 | گەردە داود جاسم محمد | 125 | پشکۆ عەلی مستەفا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 63 | لقمان بەهجەت محێدین عبدولاّ | 126 | پشێو عەلی مستەفا |
| 64 | شکور موسی عەباس | 127 | بەیان عەلی مستەفا |
| 65 | خالیدشکورموسی عەباس | 128 | حەلاوە لەفتە رۆستەم |
| 66 | وەلید شکور موسی عەباس | | |
| 67 | کاروان کەریم شکور | | |
| 68 | کوردە کەریم شکور | | |

ناوی شەهیدەکانی ناحیەی نەوجول

| ژ | ناوی سیانی | ساڵی شەهیدبوون |
|---|---|---|
| ١ | مجيد حاجى محمد رشيد | ١٩٧٩ |
| ٢ | منصور على محمد رۆستم | ١٩٨٤ |
| ٣ | اسماعيل حسن عبدالله قادر | ١٩٨٠ |
| ٤ | واحيد على جبار محمود | ١٩٨٤ |
| ٥ | شیرکۆ مصطفى موسى | ١٩٨٨ |
| ٦ | عمر غضنفر حسين سليم | ١٩٧٣ |
| ٧ | مصطفى نافع رحيم عبدالرحمن | ١٩٧٣ |
| ٨ | دلێر وەلی محمد | ١٩٩١ |
| ٩ | حسين على مستەفا | ١٩٨٨ |
| ١٠ | پێشرەو حسێن يونس جوهر | ١٩٩١ |
| ١١ | هاشم جبار أحمد كريم | ١٩٨٤ |
| ١٢ | قادر عمر محمد | ١٩٨٨ |
| ١٣ | سالار عمر محمد | ١٩٨٨ |
| ١٤ | رسول مصطفى عزيز | ١٩٩١ |
| ١٥ | نجم الدين عباس جوهر | ١٩٨٨ |
| ١٦ | بەرام / رحیم مصطفى | ١٩٨٥ |

| ناوی سیانی ئەوانەی لەنوگرەسەلمان گەڕاونەتەوەو مردوون | |
|---|---|
| 1 | نەزمیە همزە |
| 2 | ئامنە حیدر عزیز |
| 3 | عەلی جەبار محمود |
| 4 | شکور محمد قادر |
| 5 | خاوەر محێدین عەبدولاّ |

**حاجی محمد صالح ٢٠١٢/٤/١٤ کۆچی دوایی کرد.**



محمد صالح باوکی دو کوڕی ئەنفالکراو بەناوەکانی (حسێن وعوسمان) ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٤ کۆچی دوایی کرد،مەرگی ئەم پیاوە تەواومایەی هەڵوەستەیە ئایا ٤/١٤ ڕۆژی ئەجەلی ئەو بوو یان سکالأیەکی حاجی بووەو داوای لە یەزدان کردووە کە چیدی ناتوانێ چاوەڕوان بکات با بەگەورەیی خۆی بڕیاربداتو لەڕۆژی ٤/١٤ بیباتەوەو ئەویش بەرێتەوە بۆ لای کوڕەکانیو بەسە ئیتر چارەکە سەدەیەك زۆرە .



## پەپولەکان هاوکاری بۆ ئەنفالستان دەنێرن .

**سەرقەڵای کفری** : سەفین، ئاڤیستا. زەردەشت. ناوی ئەو پەپولانەی سەرقەڵای کفرین کەکۆمەکیان بۆ (ئەنفالستان) ناردووە، گوزارشتکردن لەهەستی ئەم منداڵانە، زۆر ئەستەمە، بێزیادە رۆیی ئەوکاتەی (مامۆستا داود) لەسەرقەڵاوە لستی کۆمەککارانی بۆناردم، زۆر ماندووبوم، بەڵام کە ئیمایلەکەمم کردەوەوە چاوم بەکۆمەکی ئەو پەپولانە کەوت . ماندووبوونم لەبیرچووەوە بەتایبەتی کە لەمامۆستا داودم پرسی ئەم کۆمەکە چۆنە ؟ ئایابەراست هەستو شعوری خۆیانە ؟ ووتی بروا بکە هیچ زیادە رۆیی تێدا نیەو تەنانەت یەکێکیان داوای ئەوەی دەکرد لەگەڵ ئەنفالستان قسە بکات تابزانێ کۆمەکەکەی کەم نیە ..؟! بەراستی ئەو پەپولانە ماندویان حەساندمەوە . زۆرسوپاسیان دەکەین.

**چەمچەماڵ**: لەچەمچەماڵیشەوە ( رێز لەتیف فاتح) ئەولۆژیکەی رەتکردەوە کەگیا لەسەر بنجی خۆی دەروێتەوە ! چونکە ئەو بەپێچەوانەی تیروانینی باوکیەوە بە ئاکۆ شوانی ووتووە دەخیلەکەم ٣٠٠٠ هەزار دیاری تێدایە بریارمداوە کە نیوەی پارەکەی ناوی ببەخشمە ئەنفالستان. بەڵام ئێمە بەشداری کردنەکەیمان بەهەندگرتو تەنها ٣٠٠٠ سێ هەزاردینارمان لێ قبول کرد

**گۆپتەپە** :

ئەوە سێهەمین ژمارەیە کە منداڵانی گۆپتەپە کۆمەك بۆ ئەنفالستان دەنێرن، بێگومان هەڵوێستی ئەم منداڵانەو هی کەسوکاریشیان مەسەلەیەکە دەبێت زۆر بەهەندبگیرێت. چونکە لەهەموو حاڵەکاندا کۆمەکی ئەم پەپولانە جگەلەوەی پابەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئینسانی بەرهەم دەهێنێ بەرچاورنیەکیشە بۆنەوەی داهاتوو، هەروەهاگەشبینیەکی زۆریش بەهەم دەهێنێ بەپێچەوانەی ئەو هەلومەرجە خراپەی گەندەڵی بەرهەمی هێناوەو ئینتمای تاکی کوشتووە..

بۆیە لێرەوە

**سلیمانی** : نایشارمەوە کە بۆیەکەمجار بەلاسی کورم ووت تۆ کۆمەك دەبەخشیتە ئەنفالستان ووتی: کۆمەك چیە ؟ ووتم پارە دەدیتە ئەنفالستان ؟ ووتی دەلاچۆ چۆن پارە لەشتی وادا خەرج دەکەم، بەڵام هەرکە لەرێ ووتی باوکە من پارە دەدەم بەئەنفالستان .. ئیدی دوایی لاسیش دلی نەرم بوو ووتی منیش .

**هۆڵندا** : سۆلین وهەنگاولەهۆڵنداوە یەکی ٢:٥ کۆمەکیان داببن کردووە .

# لەنوگرەسەلمان لەدایکبووە

## ئەنفالستان

١٠ی شوباتی ٢٠١٢ بەمەبەستی گرتەکانی فیلمی (هەزارویەك سێو) لەگەڵ فەرەجی تۆپخانە گەیشتینە گوندی کوڵەجۆی حاجی حەمەجان، بەرێکەوت لە حەوشەی ماڵێکدا، خۆمان دیتەوە کە چیرۆکی زۆری ئەنفالی تێدابوو، بەڵام سەرباری روخۆشی و میواندۆستیشیان زۆر بەزەحمەت هەندێك قسەیان لەبارەی ئەنفالەوە بۆکردم چونکە سڵیان لە هەر قەڵەموکامێرا بەدەستێك دەکردەوە، زۆرلە دکتۆرە چۆمان هەردی نیگەران وتورەبوون، لەبەرئەوەی توێژینەوەیەکی کردبوو لەبەرنامەیەکی تەلەفزیونیدا بینیبویان و لەقسەکانی دڵگران بون، سەرەتا ژنی ماڵەکەم بینی بەڵام کاتێك دلنیامکردەوە کە چۆمان هەردی کەسێکی باشەومەبەستی نەبووە سوکایەتیتان پێبکات تارادەیەك ئارام بووەوەهەرلەحەوشەی مەڵەکەو بەسەرپێیانەوە گفتوگۆمان بوو، نەچوینە ژوورەوە، ژنی ماڵەکە لەناوقسەکانیدا ووتی : ئەو مەینەتیەی ئێمە دیمان کەس نەیبینیێ، من کورێکم لەنوگرەسەلمان لەدایکبوو، بەخوا پارچەپەڕۆیەك نەبووتێوەی پێچین،



ئەحمەد - لەنوگرەسەلمان لە دایکبوو

کە پرسیم کورەکەت ناوناوە چیوئێستا لەکوێ یە؟ ووتی: ناوم نا ئەحمەد ئەوەتا لەژورەوەیە.

من ویستم داوای دیدارێکی کورتی ڤیدیۆییان لێبکەم بەڵام باوکی ئەحمەد هاتە پێشەوەوئەویش بەنیگەرانیەوە سەری قسەی لە بارەی تیڤی و(چۆمان) وە دامەزراند وبەنیگەرانیەوە.

وتی: بەڵام درێژەی نەکێشا کە ئەحمەد هاتە دەرەوە، ویرای ئەوەی بەروخۆشیەوە بەخێرهاتنی کردین بەڵام سەرپێی قسەکانی کردوئامادەی زیاتر نەبوو، زۆر بەزەحمەت توانیم قایلی بکەم وێنەیەکی بگرم، چونکە ئەویش هەرباسی چۆمان هەردی کردو ووتی: دانیشە بابە هیچی تر حەیامان مەبەن، من خەڵکی کوڵەجۆم و لەنوگرەسەلمان لەدایکبووم، ئێستاش پۆلیسم وماڵم لەکەلارە چونکە دەوامم لەوێ یە.

**فیلمێك بۆ**

**دەربازبوانی گۆری بەکۆمەڵی ئەنفال بەرهەم هێنرا**



فیلمی هەزارویەك سێو لە دەرهێنانی سینەماکار ئەهای کەریمی یەو عومەر محمەد سەرنوسەری ئەم ساڵنامەیە راوێژکارێتی .. فیلمەکە باس لە ژیان، دەربازبوونی ١٠ کەسی گۆری بەکۆمەڵی ئەنفال دەکات، کەلە گۆرەبەکۆمەڵەکاندا بە موعجزە رزگاریان بووە، خۆیان رۆڵی راستەوخۆی تێدا دەبینن. فەرجی تۆپخانە تیایدا پاڵەوانی سەرەکیە. بەرێوەبەری بەرهەم سەیوانی سەعیدیان. وێنەگر( میهدی ئازادی)

## چاپکراوی نوێ

### ئەنفال لە کوردستانی عێراق

کتێبێکی وەرگێڕدراوی (مایکڵ لێنزبێگ)ە کەمامۆستا کارزان محمد وەریگێراوەتە سەرزمانی کوردی.

زنجیرە ١٨ی هوشیاری – ئەکادیمیای هوشیاریو پێگەیاندنی کادیرانی پێدراوەو لە دەزگای چاپو پەخشی حەمیدی بە تیراژی (٤٠٠٠) دانە لەچاپدراوە .

ئەگەرچی ئەنفالستان تیبینی زۆری لەسەرخودی کتێبەکە هەبە،کە گرنگترینیان ئەو دیدارە رۆژنامەوانییەیە لەگەڵ تەیمورعەبدولا ئەنجامدراوە .. چونکە تەیمور لە کوشتارێکی بیابانەکانی پارێزگای سەماوە رزگاری بوونەك لە تەلبەندێکی سەرسنوری سعودیە، هەروەها ئەوخانەوادە شیعەیە لە گوندێکی پارێزگای سەماوە دەژیانو ئێستاش هەر لە سەماوەن نەك لە شاری بەغداد. کە ئەمانەش هەڵەی نوسەرن نەك وەرگێری کوردی .. هەروەها دەستەواژەی کارەسات لەبەرامبەر تاوانێکی گەورەی وەك ئەنفال کە دواتر بەجینۆساید لەدادگا یەکلایی کرایەوە ووشەیەکی ناتەواوەوناتوانی گوزراشت لەتاوانی جینۆساید بکات چونکە ئەنفالکراوان نە ئاوبردووونیو نەبوومەلەرزە کوشتوونی بەڵکو جەلادو قوربانیەکانی لە دادگا ئامادەبوون.. بەڵام بەو حالەشەوە شایانی رێزگرتنو خوێندنەوەیەو ئێمە دەستخۆشی لەمامۆستا کارزان محمد دەکەین .




---




### لەکەریم باسامەوە تا تکریت :

کۆمەڵە چیرۆکێکی نوسەردلێر کەریمە کە لە دوتوێی کتێبێکدا باس لەهاوولاتیانی گوندێك دەکات، هەرلەسەرەتای گرتنوئەنفالکردنیانەوە تادەگەیەنرێنە شاری تکریت.

لەو کتێبەدا پەنجە خراوەتە سەرچۆنێتی ژیانیانودواتریش چ ئازارو ئەشکەنجەیەکیان بینییوە لە سایەی دەسەڵاتێکی ستەمکارودڕەقی سەدەی بیستەمدا. ئەمانەو چەندین بەڵگەو ئاماری تێدایە سەبارەت بەئەنفالکردنی ئەوگوندە کە لەنیسانیساڵی ١٩٨٨ ئەنفاکراون، شایانی ئاماژەیە کە ئەمە دووەمین کتێبی لەچاپدراوی نوسەرە دەربارەی تاوانی ئەنفالی گەرمیان . ئێمەش وەك ستافی (ئەنفالستان ) دەستخۆشی لێدەکەین .

**چالاکی هونەریی**

**گەرمیان**

**حەفارە لە شەرمی شەقامدا**



کاری هونەری هەردوو هونەرمەند پشکۆ محمد رۆستەم و سەربەست ئەحمەد لەبەرواری ١٥ی نیسانی ٢٠١٢ لە گۆرستانی دێینەی ناحیێی رزگاری . کارە هونەرییەکە باس لەوە دەکات کە دەبێت حەفارە و شۆفڵ لەبیرەوەری و هزری مرۆڤی کوردا جێگەبگرن ..ئەمەش پابەندە بەتاوانی ئەنفالەوە لەبەرئەوەی ئەو دوو ئامێرە دەشیا دەوڵەتی عێراق لەبری روخاندنی گوندەکانی کوردستان و لەگۆرنانی سەدان هەزار هاوڵاتی پێیان ولاتیان پێبنیاتبنرایەتەوە ..!! بەبروای هونەرمەندانی خاوەنی بیرۆکە هونەرەییەکە هێنانە خوارەوەی بێشکەیەکی منداڵان گوزارشت بووە لەوەی لەسەروەختی ئەنفالدا بە هەزاران بێشکە بێمنداڵ کران و بە بەتاڵی مانەوە . شایانی باسە رۆژانی ١٠ و ١١ لە کەمپی بەردە سوور- زانکۆی گەرمیان

**مەملەکەتێك لەژێرلدا**

سێو لەدڵی لمدا کارێکی هونەری هونەرمەند پشکۆ محمد رۆستەم کاری هونەری جوڵەیی جەستەیی هونەرمەند سەربەست ئەحمەد کەلەخوێندکارانی بەشی زمانی ئینگلیزی کارە هونەرییەکەیان ئەنجامدابوو کەباس لەهەلومەرجی ئەمرۆی خوێندکارانی کەسوکاری ئەنفال دەکات لەزانکۆکاندا .

**بازیان**

**شانۆیی هەردەی خامۆش**

لە یادی ٢٤ساڵەی تاوانی ئەنفالدا ناوەندی رۆشنبیری بازیان



شانۆیی ( هەردەی خامۆش ) ی نمایش کرد لە سەر شانۆی هۆڵی قوتابخانەی بازیان، شانۆییەکە لەنووسینی ( فەهمی گەرمیانی ) و دەرهێنانی ( ئەرسەلان چیمەنی ) ( فەهمی کەرمیانی ) بوو .. کۆمەڵێك ئەکتەر سەرکەوتووانە رۆڵی کە سایەتییە کانیان دەگێرا و جێگای خۆشحالی بینەرانی نمایشەکە بوون




## کەوتنە بەردیدی خوێنەران

**ژمارە (٤)ی گۆڤاری (دیمەن)**

دیمەن کۆوارێکی وەرزییە، گرنگی بەبواری کیمیاباران وئەنفال وکلتوورو مێژووی کورددەدات، بەقەبارەی ١٤٤لاپەڕە کەوتە بەردیدەی خوێنەران. خاوەنی ئیمتیاز: صابر خۆشناوسەرنووسەر: حەیدەر عەبدوڵاو بەرێوەبەری نووسین: ئارام شێخ وەسانی







**ژمارە یەکی رازی ئەنفال**

رازی ئەنفال گۆڤارێکە تایبەتە بەیادە نەتەوەییی ونیشتیمانی و تاوانەکانی جینۆسایدو ئەنفال لەکوردستان . ستاڤەکەی پێکهاتووە لە رێباز کەلاری خاوەنی ئیمتیاز ،شەیدا مەعروف سەرنوسەر، زانکۆسەرداربەرێوەبەری نوسین؟، لەگەڵ ژمارەیەك پەیامانێرو هاوکار.ژمارە (١) ی لە١٤/٤/ ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە. هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆئەو گۆڤارە دەخوازین ..

**ژمارەیەکی مۆنۆمینت :** لەیادی تاوانی ئەنفالدا بەرواری ٢٠١٢/٤/١٤ یەکەمین ژمارەی مۆنۆمینت کەوتە بەردیدەی خوینەران، سەرنوسەر ئاکۆمحمد شوانیەو لەسەرئەرکی سالارمحمود ئەندامی پارلەمانی کوردستان چاپکراوە .

**ژمارە (٣)ی ئەنفالنامە :** ئەنفالنامە ساڵنامەیەکی تایبەتە بەتاوانی ئەنفال، خاوەنی ئیمتیاز : جیهاد عەلی، سەرنوسەر سوارە بیلالو بەرێوەبەری هونەری هیوا رەفعەت .

ناسنامە ژمارە (٤) ساڵنامەیەکی تایبەتە بەتاوانی ئەنفالوجینۆساید، خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر فەتاح تەنیا.

**هەموو ئەم گۆڤاروساڵنامانەشایانی رێزگرتنوخویندنەوەن، ئەنفالستان دەستخۆشیتان لێدەکات .**



واحید حەمە سەعید عەبدول دەربازبووی گۆری بەکۆمەڵ :

## بە بیرمدا هات بگەڕێمەوە شوێنی کۆمەڵکوژییەکە، وتم منیش لەوان زیاترنیم با هەر لەگەڵ ئەوان بمکوژن

واحید حەمە سەعید یەکێکە لەوچواردەربازبووەی لەبیابانەکانی پارێزگای رومادی لەکۆمەڵکوژییەکی ئەنفال رزگاری بوو، ئەمیش لەریگەی رێکخراوی هیومان رایتس وچەوە سالی ١٩٩٦ براوەتە ئەمریکاوئێستا لەولایەتی ڤێرجینیا دەژی . لەگەرانەوەیدا بۆ کوردستان ئەم دیدارەمان لەگەڵدا سازکرد .

**کاك واحید بەخێربێیت بۆ ئەم دیدارە .**

سوپاس بۆتۆش .

**ناوی سیانیتم پێبلێی ؟**

واحید حەمە سەعید .

**تەمەنت چەندە ؟**

لەدایکبووی سالی ( ١٩٦٥ ) م

**خەڵکی کوێی گەرمیانیت؟ گوندەکەتان ناوی چی بوو لەکام ناحیۆ بوون ؟**

ناوی کانی قادەرە لە ناحێی قادر کەرەم

**قوتابخانەی تێدابوو ؟**

وەڵا بلێم چی ؟ هەبوو جاربەجار نەدەماو ئیتر هەبوو نەدەماو ئاوا .

**تۆ تاچەندت خویندووە ؟**

وەالله لە حەفتاکاندا بوو وابزانم یەکەم خویندو ئیتر مەکتەب نەما .

**بەرلەوە ئەنفال بگاتە ناوچەکەتان یان گوندەکەتان تۆ خەریکی چی بوویت ؟**

من هەرجوتیاریکی گوندەکەمان بووم‌و خەریکی کاروکاسبی خۆم بووم وەکو ئەو خەڵکەی تر بەلام هێزی بەرگریش بووم . ئەوەش تەنها بۆ داکۆکی کردن لەگوندەکەی خۆمان .

**ئەوکاتە خێزانداربوویت ؟**

بەڵێ خێزانم هەبوو ماڵ‌وحالی خۆمم هەبوو . منداڵم هەبوو .

**خێزانەکە ماوە یان ئەنفالکراوە ؟**

نا شکور ماوە لەگەڵ خۆمدا دەژی .

**خێزانەکەت ناوی چی بوو ؟**

ناوی سەلمە بوو .

**ئەو کاتە چەند منداڵت هەبوو ؟**

دوو کوڕم هەبوو .

**ناویان چی بوو هێمن‌و رێبوار .**

**ئەی بیستوومە کورێکیشت بەبۆمبارانی فرۆکە مردووە.؟**

بەڵی هاورایشمان هەبوو بەهۆی بۆمبارانەوە ترسابوو ئەو مرد .

**چەند جار گوندەکەتان سوپاوە یان شەری تیدابووە ؟**

بەبیری من یەك جار سوتاوە بەلام بەردەوام تەیارە ئەهات‌و لێیدەدا .

**ئەی لەئەنفالـدا برواتـان وابـوو کەئـەمجارە لەشـکری رژێـم بـەو**
کـە ئـەنفال بـوو لـە مـانگی ٤ی ١٩٨٨ بـوو کـە سـەرکردایەتی وقەرەداغ و کـی‌ـرو کفری گـیرا ئـیتر شـەر لـە ئێمـەش نزیـك بـووەوە یەکـەم شـوێن شـەری تـازە شـاربوو کـە شـەرێکی قـورس تیایـدا رویـداو زۆر لـە ئێمـەوە نزیکبـوو، کۆمـەلێك پێشـمەرگەی تێـدابوو نزیکـە ٢٥ پێشـمەرگە بـوون ئەوانـە هـەتا کاتـژمێر ٤ی ئێـوارە بـەرگرییانکرد، ئـەوانیش هـەموو شـەهید بـوون کەسـیان دەرنەچوون .

**ئـەلێن لـە تازەشـار کیمیـایی بـەکارهاتووە حکومـەت لەبەرامبـەر بـەرگری ئـەو پێشـمەرگانەدا چـەکی کیمیـاوی بـەکار هێنـاوە ؟ تـۆ تاچـەند بـروات وایـە کیمیـاوی بـەکار هاتبێت لەتازەشار ؟**
دەیـانگوت چـەکی کیمیـاویش بـەکارهاتووە .. بـەڵام حکومـەت بـە هـەموو شـێوەیەك لێـی دەدا بـە تـاك و سـێ تـا چـوار کۆپتـەر بـەردەوام بەسمانـەوە بـوو بۆردومانی دەکردن .

**هێزە کەمەو بەوچەکانەی بەدەستتانەوە بوو بگەرێتەوە ؟**

**ئـیتر کـە تـازە شـار شـکاو ئـەو پێشـمەرگانە شـەهیدبوون ئێـوەش ورەتـان نەما ؟**
بـەڵێ ئـیتر ورە نـەما خـەڵکی ئەوناوچـەیەو هێـزی بـەرگری هـەموو رۆیشـتن، پـێش هەفتەیـەکیش خـەڵکی ناوچـەکە گونـدەکانی چـۆڵکردبوو، چـوبوونە نـاو ئەشـکەوت و جەوەڵـەکان . ئـیتر کـە تـازە شـار گـیرا خەلکەکـەش لـەو هەردانەوە رۆیشتن بەرەو قادرکەرەم .

**ئێوەش لەگەڵ ئەوان کەوتنە رێ بەرەو قادر کەرەم .؟بۆنمونە کاك فەرەج ماڵ‌ومنداڵەکەی گەیاندبووە قادر کەرەم‌وخۆی گەرابووە ؟**
منـیش هـەروام کـرد وەکـو ئەوماڵ‌ومنداڵەکـەم گەیانـدە قـادر کـەرەم‌و خـۆم گەرامـەوە بـۆ ئەوهەردانـەی زەنگنـەو ئەوناوچـەیە، ئـیتر زۆری نـەبرد خـەلکێکی زۆر هـاتن کەسـوکاری خۆیانیـان دەبـردەوە دەیـانگوت بەبلنـدگۆ هاوار دەکەن‌و دەلێن عافواتەو ئەوەی نەیەتەوە دوایی دەیکوژن.

**کەواتە ئێوەش نەگیران خۆتان رادەست کردووە ؟**
بەڵی ئەی چی خۆمان چووین تەسلیم بووین .

**خۆتان تەسلیمی جاش کرد یان جەیش ؟**
والله جاش‌وجەیش بوون

**نامە مەبەستم ئەوەیە یەکەم جار کەخۆتان تەسلیمیان کرد، جاش بوون یان جەیش ؟**
یەکەمجار خۆمان تەسلیمی جاشەکان کرد .
مـن‌و کورێـك بـووین کـە هاتینـەوە خۆمـان تەسـلیم کـرد چەکیشـمان پێبـوو ئەوانە جاش بوون کە خۆمان دایەدەستیانەوە .

**چ فەوجێك بوون مەبەستم کام موستەشار بوو؟**
نـازانم کـێ بـوو نـەمان ناسـین .لانـدکرۆزەرێك بـوو سـواریانکردین‌و بردیـانین بۆ عالیاوا خەڵکێکی زۆر بوو لەوێ خەڵکێکی زۆر زۆری لێبوو .

**زۆرچەند (١٠) کەسیش هەر زۆرە مەبەستت زۆرچەندە ؟**
کـورە زۆر زۆر بـووین ١٠٠٠ کـەس لەبانـەوە. لـەوێ ناومانیـان نوسـی و چـەکەکانیان لێ سـەندین لەپێشـەوە زۆر هـێمن بـوون لەگەڵمانـدا ووتیـان ئەتانبیـەن بـۆ چەمچـەماڵ لـەوێ هەریەکـەو وەرەقەیـەکی بـۆ دەکـەین‌و ئەتانهێنینـەوە بچـن شـت‌و مـەکی خۆتـان بهێننـەوە وەکـو مـالات‌و تراکتـۆر

ئەوشتانەی لەوێ بەجێمابوون. پاصێکی زۆریش وەستابوو هەر خەڵکیان باردەکرد.

**پاسەکان چۆن بوون مەدەنی بوون ؟ یان هی سەربازی ؟**

نا هەمووی مەدەنی بوون کۆستەرو پاسی تر .

**هیچکام لە سایەقەکانت نەدەناسی ؟**

نەوالله کەسیانم نەدەناسی .

**ئەی جاشەکان ؟ ئەوانیشت نەدەناسی ؟**

نەمدەناسین بەڵام جاشی زۆر لێبوو لەوانەی دەمناسین رەفعەت بوو شێخ موعتەسەم بوو جاشی زۆری لێبوو .

**دوای ئەوە چی رویدا ؟**

هێنایانین بۆ قادرکەرەم لەوێ سەرلەنوێ ناومانیان نوسییەوە ناوت چییە ؟ خەلکی چ گوندێکی ژنت هێناوە ؟ منداڵتان هەیە ئەگەر هەتبوایە ناویان دەنوسی و چەند برات هەیە چەند خوشکت هەیە، دەیانپرسی پێشمەرگەبوویت یان نا ؟ ژمارەی چەك و ئەمجۆرە شتانە .

ئەمە لەناو قادرکەرەم ؟

هەرلەوێ بەڵام دامانیان نەگرت لەناوسەیارەکە .

**ئەوە چی بووجوندی بوویان جاش ؟**

جوندیەك بوو .

ئیتر هەرلەناو ئەو سەیارانە هێشتمانیانەوە تا ئێوارە .. ئێمە ووتمان رەنگە وەرقەمان بۆ بکەنو بەرمان بدەن. ماینەوە تا سەیارەکان کەوتنەرێ هێنایانین بۆ چەمچەماڵ بەم کات درەنگ ببوو، لەوێشەوە بردیانین بۆ کەرکوك کە گەیشتینو بردیانینە ناو تەلبەندێکەوە چواردەورمانیان گرت سەربازو ئەفسەر کەتنە توندوتیژیو میلراکێشانو لێدانو جنێودان پێمان .

**باجارێ لەچەمچەماڵ بووەستین .. لەوێ کێی ناسیاوت لەگەڵدا بوو ؟ عوزێرو کاك فەرەجو رەمەزان هێچکامیانت لەگەڵ نەبوو ؟**

نا کەسیانم نەدەناسی ..

**ئەی ناسیاوی خۆت کێت لەگەڵدابوو ؟**

خەڵکی ناسیاوم زۆر لەگەڵدا بوو برای خۆمم لەگەڵدا بوو .

**واتا تۆبراشت ئەنفالە ؟**

بەڵێ برایەکی خۆمم لەگەڵدابوو .

**براکەت ناوی چی بوو ؟**

حەبیب .

**حەبیب هەتا کوێ لەگەڵتدا بوو ؟**

هەتا تۆپزاوا پێکەوە بوین .

**لەوێ ئەوچی بەسەرهات کرایە قاعەیەکی ترەوە یان هەر لەو قاعەیەی ئێوەدا بوو؟**

نا لەوێ جیاکراینەوە ئەو بەرقاعەیەکی تر کەوت .

کەپاسەکان چوونە ناو حەوشەی تۆپزاوا بەجنیودانو هەرەشە جیایان کردینەوە ووتیان ئەوەی برای یەکترە لەگەل یەکتری دابنیشێ من تائەو کاتەش براکەمم لەگەل بوو ئەمبینی ٣ بروا و ٤ برا پێکەوە بوون بردیانیە بەردەمی قاعەکان ناونوسینو لێکۆلینەوە دەستیپێکردەوە ناوت چیەو خەلکی کویت و ژنتهێناوە ئەو پرسیارانە پێشئەوە بمانکەنە قاعەکانەوە تەواو پشکنییانین دوای ئەوە بەشەقو زللەو قۆناغە تفەنگ پالیاندا‌ین بۆناوقاعەکان قاعەش چی شوین نەبوو خەلك بەپێوە وەستابوون وەزعێکی ناخۆش نەئاو نەنان هیچ نەبوو .. داوامانکرد بمانبەن بۆ سەر ئاودەست رازی بوون بەلام چی ١٠کەسیان

پێکـــــەوە دەردەکــــــردە دەرەوە نەیندەهێشـــت بگەینـــە ســـەر ئاودەسـتەکان تێیـان دەخـورین یاللـە تـەواو بگەرینـەوە . ئـیتر لەوکاتـــەوە کەخراینـــە نـــاو قاعەکانـــەوە مـــن براکـــەمم نەبینیـــەوە . ئـــەو شـــەوە هەرچـــۆنێك بـــوو رۆژمـــان لێبـووەوە بـۆ بـەیانی پاسـیان هێناو سواریانکردین .

**سەعات چەند بوو ؟**

نـازانم بەتـەواوی بـەڵام نزیکـەی ٨:٣٠ – ٩ بوو .

ئـیتر سـەرکەوتین بـەرەو خـوار تـــەنها یـــەك عەســـكەر بەکلاشـینکۆفێکەوە لەگەڵمانـــدا ســــەرکەوت دەرگاکـــــەیان داخســـتو قفلێکـــی گـــەورەیان لێدا .

**چـــەند پـــاص بـــوون ؟ ئایـــا دەتانزانی ؟**

ئێمـــە ٥٠٠ کـــەس بـــووین ؟ هەرپاسـێك ٣٤ کەسـی تێـدابوو . ئێمـە ٣٤ کـەس بـوین نزیکـەی ١٧ –١٨ پـاص بـووین . کـە خراینـە رێ ماوەیـەك رۆیشـتین پیاوێکمـان لەگەڵـدابوو نـاوی ئـەنورە بـوو (ئـەنور تـەیاریان پێـدەگووت) ئـەو زۆر شـارەزا بـوو، پێشـتر عەسـکەری کردبـوو سایەقی تەکسی بووە لـەو رێگاو بانـە شـارەزابوو لەکونێکـەوە تەماشـای کـرد، ووتـی بـەخوا کورینـا بـۆ موصلە ئێمەش زۆر ترساین کە ئەو قسەیەی کرد .

**بۆچی لەکونەوە ؟**

ئـەی پاصـەکان هـیچ پەنجەرەیـەکی نـەبوو تـەنها ئـەو کونـە بـوو رەنگـە ٢٠ سـانتیمەر بـوبێ چوارگۆشـەیەك بـوو. بەتـەل لـەحیم کرابـوو تـۆڕ بـوو (مشـبك) بـوو ئـیتر لـەوێوە جاربـەجارێك سـەیری دەکـرد، کونەکـە لـەنیوان ئێمەو حەرەسەکەو سایەقەکەدا بوو.

**ئەی حەرەسەکە قسەی نەدەکرد ؟ بڵێ سەیر مەکەن ؟**

نـەخێر هیچـی نـەدەووت چـونکە کوشـنەکەی کـاك ئـەنور لەپێشـەوە بـوو چـاوی لێـی نـەبوو، چاویشـی لێـی بوایـە ئـەوان قفڵیانـدابوو هـیچ پەنجەرەیەکی تر نەبوو.

**ووت کە وتی بۆ موصلە بۆچی لەو قسەیە ترسان ؟**

ئـەی موصـل شـوێنیکی ترسـناك بـوو ئـەیانووت هەرچـی کـوردە لـەوێ دەیکـوژن قەصـابخانەی موصـل بـەناوبانگ بـوو.. بـەڵام دواتـر ماوەیـەك رۆیشـتین ووتـی: وەڵا لایـدا رزگارمـان بـوو نامـانکوژن . بـەڵام تینـوێتی تـەواو شـپرزەی کردبـووین کـاك جاربـەجار هـاواری دەکـرد خاتراللـە خـاتر محمـد )تینومانـە ئاومـان بـدەنێ .. نـەخێر هـیچ باکیـان نـەبوو، بـەڵام ئـەوان خۆیـان لایـان دەدا نانیـان دەخـواردو ئیسـراحەتیان دەکـرد . ئێمـەش زۆر مانـدوبووین هـەبوو لـە تینـوا دەبورایـەوە .. هـەر رۆیشـتین و نەگەیشـتین جارێـك وەسـتان لـە کونەکـەوە سـەیرمان کـرد دنیـا بـەرەو تـاریکی دەرۆیشـت.. ماوەیـەکی تـر رۆیشـتین سـەیارەکە کەوتـە سـەر رێگـای خـۆڵ .. لـەوێش مایـەوەك رۆیشـتین بـەڵام ئـیتر کەوتینـە شـایەتمان هێنـان ئـیتر زانیمـان دەمـانکوژن .. بـەڵام مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم دەمگـووت باشـە بـۆ دەمـانکوژن ئـەو ووتـی دەمـانکوژن ووتـی : برادەرینـا ئـەوە دەمانبـەن بـۆ کوشـتن ووتـی: سـاڵی ١٩٧٥ یـش جارێکـی تـر هێناویـانین بـۆ ئـەم بیابانـەو رەمیـان کـردووین بـەڵام توانیمـان پـەلاماریان بـدەین و بیـانکوژین و رزگارمان ببێت ..

**چۆن ؟ ئەنور تەیار جارێکی تر لە کۆمەڵکوژی رزگاری بووە ؟**

بـەڵێ لـەوێ ووتـی : جـارێکی تـر وەك ئێسـتا هێنامانیـان بمـانکوژن بـەڵام ئێمـە پـەلامارمان دان و توانیمـان بیـانکوژین و جلوبەرگەکـەی ئـەوانمان لەبـەرکردو سـەیارە سـەربازیەکەی ئـەوانمان لێخـوری ئـیتر لەسـەیتەرەش

کەس لێی نەپرسین هەتا بەغدا لەوێ سەیارەکەمان لە کۆلانێکدا بەجێهێشت و رزگارمان بوو ئیتر ووتی بەهیوای خوا بەلکو ئەمجارەش رزگارمان بێت ..

**ئەوباسە کوڕەکەی ئەنورتەیاربۆی گیراومەتەوە بەڵام من دودڵ بووم لەڕاستی ئەو چیرۆکە ؟**

ئیتر بریاری ئەوەماندا کە دابنگرتین ئێمەش پەلاماریان دەدەین وتمان ئەگەر لەم ٣٤ کەسە یەک تاکە کەسیشمان رزگاربێت هەرباشە . ووتی: هیوادارم ئەمجارەش رزگارمان بێت .

**کەواتە ئەنوەر تەیار هۆکار بۆ رزگاربوونتان ؟**

بێگومان ئەوهۆکاربوو، ئێمەشی لەگەڵدا بووین بەڵام ئەو پێشەوامان بوو .

**کاک واحید ئەو کاتە بیرت لەمندالەکات کردەوە ؟**

بێگومان من شریتێك لە یادەوەری مندالەکانم بەپێشاومدا رۆیشت، کورەکەم هاتە بەرچاووم زۆر بیری هێمنم کرد.

**ئێستا هێمن ماوە ؟**

بەڵێ ئێستا پیاوە گەورەیە . بەڵام زۆر دلم بەدایکم سووتا چونکە ئەو جاریکی تر جەرگی سوتابوون وتم بەخوا ئەمجارەش دلی سوتا .

**بابینەوە سەر پلانەکەتان ؟**



بەڵێ ووتمان پەلاماریان دەدەین . ئیتر دوای ماوەیەك سەیارەکە وەستا. گوێمان لەدەنگی تەقەو نەرەی شۆفڵ بوو، ئیتر زانیمان بۆ کوشتنە، کاك ئەنوەر سەیری کرد لەکونەکەوە، ووتی: ئەوەتا دەمانکوژن، هەرکە وەستا یەکێك هاتە پێشەوە جلێکی نیوقۆڵی سەربازی لە بەردابوو کەتەیەکی بەخۆوە بوو، دەرگاکە سکە بوو رایکێشا کردیەو یەکسەر کردی بەپەلی کورێکدا منداڵکارێکی گەنجێك بوو، فەقیرە لای دەرگاکەوە بوو، بردیە پێشی سەیارەکەوە بە پەرۆیەکی سپی چاوی بەست و دایە دەست یەکێکی ترەوە. ئیتر کەهاتەوە بۆ یەکێکی تر ئێمەش پەلامارماندا و نەمانهێشت دەرگاکە دابخاتەوە یەکەم کەس کاك ئەنوەر پەلاماریدا ئیتر بوو بەراکێش راکێش ئەوان دەیانویست دەرگاکە دابخەنەوەو ئێمەش دەمانویست دانەخرێتەوەو دابەزین چونکە ئەوان پلانەکەیان بەو شیوەیە بوو یەك یەك پەلکێشمانکەنە دەرەوەو بمانکوژن ئێمەش ویستمان هەمووان دابەزینە خوارەوەوپەلاماریان بدەین.

عوزێر دەلێت جارێك توانیان دەرگاکە دابخەنەوە ؟

نامن ئەوەم بیرنایات دوای ئەوە ئێمە لە هەلومەرجێکی قورسدابووین. ئەوان هەوڵیان دەدا دەرگاکە دابخەن ئێمەش دەمانویست دانەخرێتەوە. ئیترکە ئێمە بووینە پێنج شەش کەس توانیمان لێی بدەین، ئیتر ئەوانەی خوارەوە کەوتنە دەستڕێژکردن لێمان .

پەلەمەکە جارێ پێش تەقەکردن لێتان، ئەی چۆن تفەنگەکەتان کەوتە دەست ؟

بەڵێ تفەنگێك كەوتە دەست كاك ئەنوەرپێموابێ دووفیشەكی تەقاند، یەكێك لەوان هەر لای دەرگاكەوە كەوت، ئەوەی ژورەوەش كوژرا، ئیتر كەتەقەیان لێكردین من لێدرام، چاوم پربوو لەخوێن ماوەیەك چاوم تاریك داهات بریندار بووم كەوتمە لای كوشنی دەرگاكەوە.

**تۆ كوێت برینداربوو ؟**

من پشتم فیشەكەكان بەرپشتم كەوتن . پاش ماوەیەك تەقەكان وەستان من هەستامەوە سەیرمكرد یەككێك لەوان لەوێ تەخت ببوو كوژرابوو، یەكێكی تریان هەرلەلای دەرگاكەوە كەوتبوو، كە هاتمە خوارەوە بینیم وەك تارماییەك یەكێكی تر لەپێشمەوە رۆیی بەڵام من بە ئاراستەیەكی تردا رۆیشتم، چاوم خوێنگرتبووی بیرم پیلاوێكی لاسیك لەپێمدابوو، پیلاوەكان پڕببوون لەخوێن بۆیە بەپامەوە نەدەما ئیتر پیلاوم لەپێدانەما ماوەیەكی تر رۆیشتم هەربەپێیی پەتی كەوتمە ناو كەمێك دارەوە نازانم سەروی پێدەلێن شتێكی وایە خوێنم لێ دەرۆیشت، زۆر زۆرم تینو بوو، بەلام لەناو دارەكانیش ئاوم دەست نەكەوت. لەوێ وەستام پشوویەكمداوشایەتمانێكم هێناو خەیاڵم دەكردەوە باشە من چی بكەمو رولەكوێ بكەم بەم حاڵەوە چۆ لەو هەموو بازگەو كۆنترۆڵانە دەربازبم لەم خەیاڵانەدابووم لە نزیكمەوە بووبە تەقە، بەبیرمدا هات برۆمەوە بۆ شوێنی كۆمەڵكوژییەكە وتم باڵەوێ بمكوژن باشترە، خۆمن لە هاورێكانم زیاترنیم دواتر هەستام دەستم كردەوە بەرۆیشتن هێشتا هەر شەوبوو، هەندێك گلۆپو روناكیم لێدەركەوتن بەرەو لای روناكییەكە دەرۆیشتم، بەڵام زۆر بەشەكەتی هەنگاوم دەنا، لەوكاتەدا كۆمەڵێك سەگی گەورە بۆم هاتن تومەس بۆنی خوێنیان كردبوو، ئێ لەو چۆڵەوانیە نەبەردێك نەدارێك هیچ دەستناكەوێ باش بوو ئێسقانێكم دۆزییەوە لولاقی ئاژەڵی گەورە بوو، هەڵمگرت بۆئەوەی داكۆكی لەخۆم پێبكەم، بەڵام باش بوو سەگەكان زوو رۆیشتن‌وشپرزەیان نەكردم، وتم بەخوا ئێرە نزیكی سەربازگەیەو ئەم سەگانە بۆیە لێرەن بۆیە ئاراستەی رێگاكەمم گۆڕی رۆیشتم تا گەیشتمە لای سیمێك (پەرژینی تەل) ئیتر چاوم بەشقەوخانووكەوت[20] سەیرم كرد ئاوەدانیە .

**ببورە شقەكان چۆن بوون ؟**

خانووبوون شقەی بەرزنا ئێمە بەخانوش دەڵێن شقە.

**ئیتر یەكسەر زانیت كە ئەمە سەربازگە نیەو چویتە ناوماڵەكانەوە ؟**

ئیتر كەچوومە ناوەوە لەناوەراستی ئاوەدانیەكەدا لەنێوان سێ ماڵدا وەستابووم شوێنێكی قەرەباڵغ نەبوو، هەندێك خانووی غەربی بوون یەكێك لێرەو یەكێك لەوێ خانووەكان لەیەكتری دوربوون بەتەنیشت یەكەوە نەبوون .

**لەوكاتەدا دەتویست چی بكەیت وا وەستابووی بەنیازی چی بوویت..؟**

كەوەستابوم پەلەم نەكرد زۆر پارامەوە لەخوا كە توشم بكەیت بە توشی ماڵێكەوە باش‌و بەرەحم بن، بەلكو هاوكاریم بكەن‌و رزگارم بێ، ئاوا بە پارانەوەوە لەبەردەم ماڵێكدا وەستابووم. ووتم خوایە ئێمە هیچ تاوانێكمان نەبوو كەوابردمانیانە ئەوبیابانە بۆكوشتن خوایە یارمەتیم بدەو نەجاتم بێ. بیستبووم كە لە قورئاندا دوعای مەزلوم وەردەگیرێ

[20] لەهەندێك ناوچە بەهەموو جۆرە خانویەك دەڵێن شقە . ئەو دەربرینەی واحید مەبەستی لەبالاخانەی چەند نهۆمی نیە. بەڵكو مەبەستی خانوی هاكەزاییە .

ئـیتر زۆر پارامـــەوە لـــە خـــوا تـوشمبێ بەماڵێکـەوە بـاش بـن‌و هاوکــاریم بکــەن‌و نەمدەنــەوە دەســـتی حکومـــەت. ئـــیتر لـەنێوانی هەرسـێك ماڵەکـەدا وەك یــاری کلاوێـــن لـــەدڵی خۆمـــدا دەمـــووت ئـــەمیان ئـــەویان یـــان ئــــەویان رێـــــك ئەوماڵـــــەی بەرامبـەری وەسـتابووم ووتم پـەنا بــەتۆ خودایــە دەچــمە ئــەمیان رومکـــردە دەرگـــای ماڵەکـــەو رۆیشـتم، لەدەرگامـدا یەکـەمجار کچـێك هـات دەرگـای لێکردمـەوە بەزمانی عەرەبی وتی: فەرموو .

**تـۆ عەربـەیت دەزانـی تاتێبگـەیت فەرمووت لێدەکا ؟**

ئـــا شـــتێکم بەشـــی خـــۆمم دەزانی‌وهەربــــە دەســــتیش ئامـاژەی کـرد بـۆ ژوورەوە ووتـی فـەرموو بەعـەرەبی، منـیش بـەو شێواویەوە خۆمکرد بەماڵدا .

**کچەکە تەمەنی چەند دەبوو ؟**

تەمـــەنی هـــەروا ١٣ –١٤ ســـاڵێك دەبـــوو . یەکســـەر ژورێکـــی پیشـــاندام ووتـــی لـــەو ژورە دابنیشـــە کـــەبینی شـــەرواڵم لەپێدایـە زانـی کـورد چـونکە وتـی فـەرموو کاکـە لـەو ژورە دابنیشـە . ئــیتر چــوومە ژورەوە بـــەڵام دانیشـــتنی چـــی فیشـــەکەکان دابـووی لەپشـتم نـەم دەتـوانی دابنیشم بەسەرچۆکەوە دانیشتبووم.

ئەو خانەوادەیە قەرەباڵغ بوون؟ داویی کێی ترهات بۆلات ؟

لەپێشـەوە کچـەکە دەرگـای لێکردمـەوەوخولقی کـردم بـۆ ئـەو ژورە ئـیتر باوکیشـیان هـەتاو بـەخێرهاتنی کـردمو دوای ئـەویش ئـەوانی تـریش هـاتن خێزانێکی زۆر بوون . پێنج شەش کچ‌ودایکیشیان بوون .

**یەکسەر هاتن لێت کۆبوونەوەیان دوایی زانیت شەش کچ بوون ؟**

نـا لەپێشـەوە باوکیـان هـات بـۆلام، ئینجـا چـوون چـایان بـۆم هێنـا دوو شەومن لەماڵیان مامەوە .

**یەکەمجارچۆن لەتۆیان دەروانی تۆچیت بۆ باسکردن ؟**

کەچـومە ژورەوە، دوای چـاخواردن لەبەرئـەوەی خـوینم لێ دەرۆیشـتو خوینەکـەم کەوتـە سـەر دۆشـەکە کـابرا هـەردەبوو بیپرسـییایە ئـەم خوینـە چـیەو حاڵـت بـۆ وای لێهـاتووە، لەراسـتیدا وەزعەکـەم زۆر دیـاربوو برسـیی‌و تینـوو برینـدارو لـەش بەخوینـەوە.. ئـیتر پرسـی تـۆ چ کارەیـت‌و بـۆ وات لێهـاتووە ..منـیش وردو درشـت هـەموویم پێـوت کـە ئێمـە کۆمـەڵێك کوردبـووین نزیکـەی ٥٠٠ کـەس بـووین لـەلای قادرکـەرەم هـاتووین خۆمـان تەسـلیم کـردووە ئاوایـان لێکـردووین‌و مـن دەرچـووم‌و ئەوانـەی تریـان هەمووی کوشت.

واتـا تـۆ هـەموو شـتێکت بـۆ باسـکردن بێئـەوەی بوەسـتی لەسـەر ئـەوەی بزانـی ئـەم ماڵـە **باشـن یـان خـراپ ؟ مەبەسـتم لەوەیـە لایـەنگری حکومـەتن یان دژی ؟**

بـەڵی بـەڵێ هـەموویم بـاس کـرد. ووتم حکومـەت داوای کـردووە خۆتـان تەسلیم بکەن‌و وەرنەوە دەتانکەین بەسەرباز کەچی ئاوای لێکردین ؟!

**کابرا رەنگ‌و رووی چی لێهات مەبەستم ئەوەیە بلێم تاچەند سۆزی بۆت جولا یان رقی لێت بووەوە ؟**

نـا زۆر زۆر پێـی نـاخۆش بـوو ژنەکـەی هەرلـەخۆی دەداو دەیـی گـووت ئـەوە چ ویژدانێکە ئەم حکومەت زالمە بۆلەخەلك دەکات .

**ئـیتر تـۆش کـەمێك ئاسـودەترو دلنیـاتر بوویـت لـەوەی ماڵەکـە باشـن‌و هاوکاریت دەکەن.؟**

بـەڵێ مـن ئەوەشـم پێـوتن کـە ئـەو کۆمەڵـەی ئێمـە هـەر پیـاو گـەنج بـووین بـەڵام ژن‌و منـداڵ‌و پیروگـەنج هـەمووی دەهێـنن لـەم دەشـتەی لای ئێـوە گوللـەبارانی دەکـەن ئەوەشـم بۆیـە ووت چـونکە لـەتۆپزاوا ژن‌و منـداڵی

زۆری لێبوو، وتم تازە ئەوانیش هەمووی دەکوژن ناهێڵن یەک کەس دەربازی بێت.

**ئەی تەداوی بیرت لەوە نەکردەوە پێیان بڵێیت تەداویت بکەن ؟**

دوای ئەو قسانە ووتیان هەستە بابچینە ئەو ژورەی تر تەداویت دەکەین، لەوێ لەسەر دەم رایان کێشام بریەکەیان بۆ پاککردمەوە بە دیتۆڵو لەفافو لەزگەیان لێدا، منیش زۆر ماندوو بووم خەوم لێکەوت . زۆرنوستم . ئەو شەوە لەوێ مامەوە بەیانی نانیان ئامادەکرد بیرمە خواردنەکەیان ماستو پەنیرو هێلکە جگەر بوو، کچەکانی زۆر باش بوون بۆم تەسجیلیان لێدەداو پێیان دەگووتم ببوورە گۆرانی کوردیمان نیە هەتا بۆت لێبدەین. زۆر سوپاسیان دەکەم زۆر رێزیان لێگرتمو خزمەتیان کردم ئەگەردایكوباوکی خۆشم بونایە هەرئەوەندەیان لەدەست دەهات .

**ناوی کابرا چی بوو؟ یان ژنومندالەکانی ناوی کەسیان نازانی ؟**

زۆر بەداخەوەم ناوی کەسیان نازانم . بەڵام رۆژی دوایی



ووتیان کاکە واحید ئێمە ناسیاوێکی باشمان هەیە کوردە حەزدەکەی بانگی بکەین‌و ببینی بەڵکوهاوکاریت بکات ؟

ووتم بەڵی زۆرم پێخۆشە ئاخر زۆر خۆش بۆمن لەوکاتەدا کوردێك ببینم چون بانگیانکرد کابرا هات، دەستێك جلی کوردی لەبەردابوو، بەزمانی کوردی سۆرانی قسەی دەکرد ناوی (ئەمین) بوو، ئەویش بەسەر سوڕمانەوە لێی روانیم‌و ووتی: کاکە تۆ بۆ وات لێهاتووە ئیتر خێزانەکەش هەموویان لەدەورمان گردبوونەوە، منیش لەنوکەوە هەموویم بۆ گیرایەوەو ئەویش بۆی دەکردن بەعەرەبی کاك ئەمین عەرەبییەکی زۆر باشی دەزانی، داوام لێکرد هاوکاریم بکات ووتم کاك ئەمین زۆر مەمنون دەبم بمگەیەنیتەوە بۆ کەرکوك‌و دوزخورماتوو خزم‌و کەسم زۆرە لەوێ ئەگەرمابن. بەڵام ئەو ووتی کاك واحید بروابکە ناتوانم هەتا رومادی بڕۆم بەبێ وەرقەی موختار، وتی: جاران دەمانتوانی بە ئارەزوی خۆمان برۆیشتینایە بۆ بەغداو شوینەکانی تر بەڵام ئێستا مالمان لەناو ئەو سیمەی ئەوبەردایە

**دیارە ماڵەکانی ناو سیمەکە کەمپی ئاڵتاش بووە کە کوردە ئاوارەکانی رۆژهەلاتی لێ نیشتەجێ بوون کوردەکانی (دیوی ئێران) .**

بەخوا ئیتر نازانم کوێ بوو، ئەو ووتی مالمان والەناو ئەو سیمەدایە .

**بەڵی کاك فەرەج‌وعوزێر چونەتە ئەوکەمپەوە لەوێوە دەربازبوون، خۆلەگەڵ خۆتدان چۆن لەیەکتری ناپرسن هەقە بیزانی ئەوەی لێی دەربازبووی کوێ بووە .**

بەخوا ئیتر نایزانم . بەلام دیارە ئەویش هەر نزیکی ئەو کەمپەبووە بەلام من لەماڵە عەرەبێك بووم ئەوەی ئەوان چووبون مالی کوردەکانی دیوی ئێران بووە.

**باشە کاك ئەمین چی بۆکردیت ؟**

لەراستیدا هیچ هاوکاری نەکردم ووتی: داوای لێبوردن دەکەم ناتوانم یارمەتیت بدەم بۆ دەرەوەی رومادی، ئیتر زۆر نەمایەوە ئەوقسانەی کردو ڕۆیشت.

**ئەی بۆچی کە لەئەمریکابوویت لەپەیوەندیە تەلەفۆنیەکانی نێوانماندا پێت دەوتم بۆم بدۆزەوەودەمەوێ چاکەی بدەمەوە ؟خۆمن زۆریش هەوڵمدا بیدۆزمەوەو ئێستاش هەوڵدەدەم بەڵام سۆراخی نیە ؟**

وەڵاهی چاکەی بۆم نەبوو هیچ هاوکاری نەکردم، بەڵام ویستم لەرێگەی ئەوەوە ئەوماڵە عەرەبە بدۆزمەوە، چاکەیان بدەمەوە چونکە ئەودەیان ناسێت هەروەها ئەویش شایەتیکی ئەو بەسەرهاتەی منە.

**ئیتر ئەوکاتەی کاك ئەمین هاتودوای رۆیشتنیشی تۆ زیاترهەست بەئارامی و سەلامەتی کرد ؟ یان نا ..؟**

ماوەی ئەو دوو رۆژەی من لەوماڵەدابووم منداڵیك دەهات تەقەی دەرگا دەهات من ئارامم لێ دەبڕاو دەمگووت بەخوا ئەوە هاتن دۆزیمیانەوە نەوەڵا ئارامی چی زۆر دەترسام. هەمیشە لەخەیاڵی ئەوەدابووم کە ئێستا عەسکەری دەرچووەو بەدوامانــدا دەگەرێو کیوماڵی ناوچەکە دەکەن ومالانیش دەپشکنن. سەرباری ئەو هەموو رێزوحورمەتەش کەلێیانگرتم بیرم لەوەش دەکردەوە بلێی ئەم ماڵە نەمدەنە دەستەوە تەنانەت ئەگەرچایەکیشیان بۆ دەهێنام لەتەقەی دەرگاکە رادەچڵەکیمو دەترسام . هەموو چرکەیەك مەرگ بەدوەرمدا دەسورایەوە.

**تۆ ووتت تەنها دو رۆژ لەو ماڵە مایتەوە ئەی چۆن لەماڵەکە دەرچووی ؟ خۆیان ئیزنیاندایت یان خۆت ووتت دەرۆم ؟**

رۆژی دواتر کابرا جامانەیەکی سورودشداشەیەکی عەرەبی بۆم هێناو ووتی: پارەت پێیە ؟ من ٧ دینارم پێبوو، ئەویش پێن دیناری داپێمو کورەکەی خۆی لەگەڵمدا نارد بۆ شاری رومادی (محافقە الانبار).

**کورەکەی گەورە بوو ؟**

ئائا زەلام بوو، لەوێ کورەکەی بردمی سواری سەیارەیەکی تایبەتی کردم سێ ئەفسەری تری تێدابوو، سەیارەکە تەکسی نەبوو لەدواوەومنیان خستە نێوانی خۆیانەوە یەکێکیشیان لەپێشەوە، ئیتر نەمزانی ئەمە رێکەوتنی خۆیان بووە یان هەر رێکەوت بوو ئەوەیان نازانم لەرومادیەوە بۆ بەغدا ئاوا دەرمیان کرد.

**لەرێگا ئەفسەرەکان هیچیان لەگەڵ باس نەکردی هیچ پرسیارێکیان نەکرد ؟**

ناوەڵا هەتا بەغدا یەك قسەیان نەکرد.

**ئەی لە بازگەکان خۆتۆ هیچ پێناس وبەڵگەیەکت پێ نەبووهیچ چیرۆکێکت بۆخۆت دروست نەکردبوو لە بازگەکان بیلێیت .**

نا لەبازگەکانیش تا بەغدا لەبەرئەوەی هەرمن مەدەنی بوومو جامانەی سورو دشداشەی عەرەبیم پۆشیبوو، ئەوانیش سێ ئەفسەربوون ئەستێرەیان بەسەرشانەوە بوو هەرسێکیان (نەقیب) بوون، کەس لێی نەپرسین وهەر ڕاشیان نەگرتین باش بوو رێگەکەم بەسەلامەتی بڕی .

**ناوی ئەو ئەفسەرانەت نەزانی ؟**

نەوەڵا چۆن بیزانم ؟

**ئەی لەنیوان خۆشیاندا قسەیان نەدەکرد بانگی یەکتری بکەنو ناو بهێنن ؟**

ناهیچ قسەیەکیان نەکرد .

**کە گەیشتیتە بەغدا ئیتر چیت کرد،چۆن گەیشتیتەوە بۆ دوزخورماتوو ؟**

وەڵاهی ئەوەش باسێکی دورودرێژەو کاتێکی زۆری دەوێ‌وئێمەش کاتمان نیە .

**ئاخر قەیناکا چۆن لەبەغداوە ڕۆیشتیتەوە بۆ کەرکوك‌و دوزخورماتوو ؟**

بەخوا کاتی زۆری گەرەکە ئەوەش بەسەرهاتێکی ترە . (لێرەدا بەروونی دیارە واحید نایەوێت باسی ئەوە بکات‌و پێموایە پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە کە دەربازی کردووەو ئێستا لەژیاندانەماوە )

**ئەی چۆن گەیشتیتەوە کەرکوك یان دوزخورماتوو ؟**

بەخوا ئیتر چوومەوە ماوەیەك لەکەرکوك‌و ماوەیەك لە دوزخۆم شاردەوە.

**ئەی نەچویتەوە بۆلای پارتی زانەکان لە جەوەلەکانی گەرمیان ؟**

نا نەچوومەوە .

**ئەی کە لێبوردنە گشتیەکەی ٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ لەدوای ئەنفال دەرچوو، تۆ نەچوویتەوە بۆسەربازی ؟ نەگیرایتەوە بە عەسکەر ؟**

نا نەچوومەوە

**کەواتە لەوەشدا سەرکەوتووبویت چونکە کاك فەرەج‌و کاك عوزێر چووبونەوە بۆ خزمەتی سەربازی .**

نا نا من نەچوومەوە هەر خۆم شاردەوە هەتا ساڵی ١٩٩١ .

**ئەی چۆن گەیشتیتە ئەمریکا خۆت ڕۆیشتی یان بردیانیت ؟**

ناخۆم نەڕۆیشتم یوست هیلتەرمان کاری بۆمان کردو هاوکاری کردین .

**ساڵی چەند ڕۆیشتن ؟**

ساڵی ١٩٩٦ ئەوانەی تریش کاك فەرەج‌وئەوان ١٩٩٧

**لەدادگای باڵای تاوانەکان ئامادەبوویت ؟ شایەت بوویت بەسەر سەدام‌و دارودەستەکەیەوە ؟**

بەڵی لەئەمریکاوە هاتینەوە بۆ شاهیدی دان .

**چۆن هاتنەوە لەسەرحسابی خۆتان یان خەرجیتان لەسەردادگاکە بوو ؟**

لەو سەرەوە لەسەر ئەوان بوو، بەڵام کە گەراینەوە لەسەر خۆمان بوو .

چۆن شتی وا دەبێ ئەوان تەنها کرێی سەرێکیان دابین کردبوو ؟

ئابروابکە ئەگەرخۆمان پارەمان نەهێنایە دەبووین بەفیلم ..

**چۆن بۆچی دەبوون بەفیلم ئەگەر زیاتر ڕونی بکەیتەوە ؟**

ئەوان سەرەتا ووتیان دێنەوە بۆ عێراق هەموو خەرجیەك لەسەر ئێمەیە تەنانەت وتیان یەك سەنت یەك دۆلار مەهێنن هەموو خەرجیەکی هاتن‌وچون‌وخەوتن‌وخواردن لەسەر ئێمەیە ، کەچی وانەبوو، کەهاتین کرێکەیان بۆدابووین بەڵام کەویستمان بگەڕێینەوە کرێکەمان تا ئوردن خواردی لەوێ پێیانوتین ئێوە تکتتان نیە دەبێ بیبرن ..!! ئێمەش ناچاربووین تکتمان بری باش بووخۆمان پارەمان هێنابوو .

**کێ پێی ووتن ؟ کوردبوو عەرەب یوو ئەمریکی چی ؟**

نا ئەمریکی بوون ترجمەی کوردیان لەگەڵدابوو، کاك عومەری سەید عەلیش لێرەوە تەلەفۆنی بۆکردین ئاگاداری کردین کە بێینەوە بۆ شایەتیدان لەدژی صدام‌وعەلی حەسەن مەجید .

**چۆن هاتن یەکسەر بۆ بەغدا یان هاتنەوە بۆ کوردستان‌و دوایی چوون بۆ دادگا ؟**

لەئەمریکاوە هاتین بۆ هۆڵندا لەوێشەوە بۆئوردن‌وئینجا بۆبەغدا، هەرچەندە وتیان کە گەیشتنە بەغدا هەموو ئامادەکارییەکتان بۆ کراوەو یەکسەر وەحدەیەکی سەربازی وەرتان دەگرێ‌و ژیانتان پارێزراوەو ئەوان دەتانبەن بۆ دادگا بەڵام کەهاتین وانەبوو هیچ ئامادەکارییەك نەکرابوو.



**لەئەمریکا چۆن دەژین بەگشتی هەمووتان ئەوانەی لەگۆری بەکۆمەڵ دەربازبوون خۆشت بەتایبەتی چۆن ژیان دەگوزەرێنن ؟**

راستیت گەرەکە ژیانمان زۆر زۆر قورسە، جگەلە گرفتی کلتوروزمان ژیانیش زۆر قورسە ئێمە هەرچییەك بکەین شەورۆژ کاربکەین فریا ناکەوین، لەوێ من دوو کاردەکەم لە ٨ی بەیانییەوە بۆ ٥ی ئێوارە لە ٥ یشەوە بۆ ١١ی شەوئینجا ژیانێکی نۆرمالمان بۆ دەستەبەردەبێت .

**حکومەتی هەرێم هیچ هاوکارییەکی نیە بۆتان ؟**

هەتا ئێستا هیچ ئیشێکی بۆمان نەکردووە، بەش بەحاڵی خۆم هیچی بۆمن نەکردووە.

**ئەم سالنامەیەوناوەندی چاك ( ناوەندی هەڵەبجە دژبە ئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد- چاك) پرۆژەیەکی بۆگرنگیدان بەژیان وداهاتووی ئێوە خستووەتە بەردەمی پەرلەمان و وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوان ئێوە ئاگادارن، حکومەت هیچی لەوبارەیەوە لەئێوە نەپرسیوە ؟**

بەڵێ ئاگادارین ناوەندی چاکیش ئاگاداری کردوینەتەوە کە لەهەولدان بەڵام تا ئێستا بەکردەوە هیچیان نەکردووە .

**ئەی پرۆژەکە نەدراوەتە حکومەت ئەوە کردەوە نیە ؟**

با کردەوەیە ئەوان کردوویانە سوپاسیان دەکەین، من مەبەستم حکومەتە ئەو بەکردەوە هیچی بۆ نەکردووین .

**کاك واحید من هەرگیز هیلاك نابم ئامادەم ١٠ کاتژمێرودە کاسێت بۆ تۆمارکردنی قسەکانت دابنێم، بەڵام ئاگام لێتە وەك بلێی لەسەرئاگری، بەیانی دەرۆیتەوەوکاتت نیە پێمخۆشە بەشەکانی تری ئەم گفتوگۆیە بەتەلەفۆن ئەنجامبدەین چ کاتێك باشە بۆتۆ، بەشێوەیەك کە لە ئیسراحەتت نەکوژم. بەبروای تۆحکومەت چی بکات باشە ؟**

بۆمن ١٢ی نیوەرۆی لای خۆمان لەئەمریکا زۆرباشە. ئەوکاتانە لەماڵەوەم . سەبارەت بەبەشی دووهەمی پرسیارەکەت حکومەت دەتوانێ زۆر کاربکات خەلکێکی زۆر بەهۆی باروودۆخی کوردستانەوە فریای خوێندن نەکەوتوون و باری رۆشنبیریان سنوورداره وەك قەرەبووکردنەوەیەك گەشەبە ئاستی هوشیاری ئەوانە بدات و ئاگای لە ژیانی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان بێت. زۆرکارهەیە دەتوانێ بیکات دیارە ئەگەر بیەوێ .

**ساڵی رابوردوو، پێشنیاری ئەوەمان کرد کەلەیادی ئەنفالدا کەس گۆشت نەخواو هیچ زیندەوەرێك سەرنەبرن، رای تۆ وەکو دەربازبوویەکی ئەو کۆمەلکوژیە چیە بەرامبەر ئەو پێشنیارە ؟**

ئێمە پارەکە لەئەمریکاش پێوەی پابەندبووین، بیرۆکەیەکی جوان و بەلای منەوە پیرۆزە بەهیوام هەموو پێوەی پابەندبین .

**چ شتێکی گرنگت لایە من پرسیارم لێنەکردبێت یان بەخەیاڵ و عەقلمدا نەهاتبێ ؟**

هەموو شتێکمان باسکرد، نازنم شتێکی وامان مابێ .

**زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە**

سوپاس بۆتۆش.

## ئەنفال..لە نێوان دڕندەیی بەعس و بێدەنگبوونی جیهان ومردنی زماندا

دڵپاك جبارمەلاعەلی

مێژووی کورد پڕە لە ڕووداوتاوانی دڵتەزێن ولە بیر نەکراو، یەکێك لەوانە (ئەنفال)ە، کە لە ساڵی (١٩٨٨)ز ڕژێمی بەعس بە هەشت قۆناغ ئەنجامیدا. پرۆسەکە خۆی لەچەند ئامانجێکدا دەبینیەوە کە گرنگترینیان لەناوبردنی کورد بوو. ئامانجێکی تری بەعس لە ناوبردنی پشتێنەی ئابووری و سیاسی کوردستان بوو. هەر بۆیە ئەنفال تەنها گوندەکانی کوردستانی گرتەوە، چونکە گوندەکان پشتێنەی سەرەکی ئابووری ویارمەتیدەری سەرەکی شۆرشگێران بوون، بۆیە بەعس پێگەی گوندنشینەکانی بەختەر ناکترین پێگە لە قەڵەمداوە، ئامانجی سەرەکی ئەنفالیش کۆتایی هێنان بووبەوگوندانە.

لەپەلامارەکانی ئەنفالدا باس لە سەدوهەشتاودووهەزار هاوڵاتی دەکرێ کەبوونە قوربانی ونزیکەی چوارهەزار گوندی کوردستان تالآنکران وسوتێنران. زیانە زۆرەکانی ئەنفال تا ئەمرۆش بەکوردستانەوە دیارە، بۆیە بەپێویستی دەزانم کەباسێك لەو زیانە ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتییە بکەم کەئەنفال لەدوای خۆی بەجێی هێشت. سەرەتا ئەگەر بێینە سەر باسی زیانە ئابوریەکانی ئەنفال کاریگەرییەکی نێگەتیڤی بەسەر کوردستانەوە بەجێ هێشت، چونکە لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا کۆڵەکەی سەرەکی ئابووری کوردستان کەگوندەکان بوون شکا، لەناوچوون و سووتان وتاڵانکردنی ئەوگوندانە زیانێکی ئێجگارگەورە بووبۆ کوردستان وئەو زیانانە تائەمرۆش بە ئابووری کوردستانەوە دیارە.

ئاسەوارێکی تری زیانی ئەنفال بەسەر کوردستانەوە بریتیە لەزیانی کۆمەڵایەتی. چونکە تێکشکانی کەسایەتی تاکی کورد ئامانجێکی سەرەکی بەعس بوو. هەر لەورێگایەوە ویستی شیرازەی خێزانی کورد تێکبدات، ژمارەیەکی زۆری ئەنفالکراوەکان گەنج بوون. بۆیە ئەمەش بۆشاییەکی گەورەی لە نێو سەرجەم خێزانی ئەنفالکراوەکاندا بەجێهێشت، چونکە ئەم توێژە بریاردەرو پرکەرەوەی باری ئابووری خێزان بوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ژنان وکچانی ئەنفال دەست بکەن بەکارکردن وچەندین کاری قورس پڕ نەهامەتیان ئەنجامدەدا کە لەگەڵ هێزوبازووی ئەواندا نەدەگونجا. سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی منداڵانیان دەستبەرداری خویندن بوون و شانیان دایە بەرکارکردن. بەمەش شیرازەی کۆمەڵایەتی کوردستان بە تەواوی تێکچوو، بێجگە لەوەی کە چەندین داب ونەریت وکلتوری تایبەتی ناوچەیی لەناوچوو.

لێرەدا مەبەستمە تیشك بخەمە سەرئەوەی کە ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە دژی گەلی کورد بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە ئەنجامدرا، ئەوەش مایەی پرسیاروهەڵوەستەیە کە بۆچی جیهان لە ئاست ئەو تاوانە گەورەیەدا بێدەنگی هەڵبژاردوهیچ پەرچەکردارێك ڕووی سیاسی ومرۆڤایەتیشەوە. نەبوو لەکاتێکدا وڵاتە عەرەبیەکان خۆیان بەئیسلام ئەزانن کەچی نقەیان لێوەنەهات. ئەو وڵاتانەش کەبەردەوام باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن وچەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتیان لەو بوارەدا دەرکردووە لەوانەش وەکو پەیماننامەی ساڵی (٩-١٢-١٩٤٨)ز بۆ(قەدەغە کردنی جینۆسایدوسزادانی تاوانکان) وپەیماننامەی (جاری گەردوونی مافەکانی مرۆڤ) کە لە (١٠-١٢-١٩٤٨)ز دا بەڵام لەبەر بەرژەوەندییە سیاسیەکانیان بێدەنگ بوون. ئەگەر لەڕووی سیاسیشەوە باسی بکەین ئاشکرایە کە دەوڵەتە

ئیقلیمی ونێودەوڵەتیەکانیش پشتگیری بەعسیان دەکرد، چونکە ئەوسا عێراق لە ڕووی ئابوورییەوە لەوڵاتە بەهێزەکان بوو پەیوەندی لەگەڵ زۆریاندا هەبوو بەتایبەت (سۆڤیەت و میسروتورکیا) ئەوانیش بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکانیان تێك نەدەدا. عێراق دوژمنێکی سەرسەختی ئێران بوو، کەئەوکاتە وڵاتانی دەرەوەو وڵاتە ئیقلیمیەکانیش ئێرانیان بەمەترسی دەزانی بۆ داهاتووی ناوچەکە، بۆیە پشتگیرصدامیان دەکرد. ئەگەر باس لە بێدەنگی ناوەوەش بکەین پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەبەعس هەموو رێیەکی پەیوەندیکردنی پچڕاندبوو، بۆئەوەی خەڵك ئاگایان لەوتاوانە گەورەیە نەبێت ئەگەرتێبینی بکەین تاوانەکە لەناکاو ڕوویدا کە زۆربەی خەڵکی تووشی شۆك کردومەبەستەکانی بەعس لە سەرەتادا زۆرناڕوون بوو ئەم سیاسەتەشی بۆ ئەوە بوو کەخەڵك لە ئاست ئەو قرکردنەدا بێدەنگ بن وئاگایان لە ڕووداوەکان نەبێت، وەك بەختیار عەلی دەڵێ(( لەکۆمەڵگای بەعسدا شتێك



نامێنێتەوە ناوی هاودەردی کۆمەڵایەتی بێت)) چونکە دروستبوونی هوشیارییەکی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا کارێکی ئێجگار ئەستەم بوو. ئامانجێکی تری بەعس ئەوە بوو کەدەیویست تۆوی دووبەرەکی ودوژمنایەتی لە نێوان خەڵك دا بچێنێت و وا بکات کە هیچ بەشێك ئاگای لەبەشەکەی ترنەبێت وبە دەنگ یەکترەوە نەچن، سەرجەم ئەم هۆکارانە بوون کە لەکۆتایدا کۆمەڵگایەکی ناهوشیارولاواز دروستبوو کە توانای هیچ پەرچەکردارێکیان نەبوو، ئەمەش هۆکاری بێدەنگییەکی ئاڵۆز بوو دەرهەق بەئەنفال. بێدەنگی ئیمەش دەرهەق بەم تاوانە نامرۆڤانەیە دەگەرێتەوە بۆقبوڵکردنی کوشتن لە ژیانی ئاسایی وسیاسیماندا. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هیچ کاردانەوەو پەرچەکردارێك بەرامبەر ئەوتاوانە گەورەیە نەبینرا، چونکە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە دەستڕۆیشتووەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە هیچ پەرچەکردارێکیان هەبێت. هەروەها بەلای ئەوانەوە گەلێکی دابەشکراو وبێ دەوڵەت وستەملێکراوهیچ مانایەکی نەبوو تا بەرگری لێبکەن. ئەم بێدەنگییە وای لەصدام کردکە غرورانەترسنوور ببەزێنێ. بەڵگەش بۆئەوە بێدەنگییەی جیهان ئەوەیە کەوەك لە حیکایەتەکانی کەسوکاری ئەنفالدا باسی دەکەن، کەبۆماوەیەکی زۆر رژێمی بەعس ئەوخەڵکەی کەئەنفالی کردبوون لەناو زیندانی وگۆمەڵگا زۆرە ملێکاندا هێشتبووەوە، لەوباوەرەدام کە لەو کاتەدا صدام چاوەڕوانی ئەوە بووە بزانێت کاردانەوەی نێودەوڵەتی چیە؟ ئەگەرنا بەعسیەکان دەیانتوانی هەمووئەوخەلکە بکوژن و پێویستیشی بەوماوەیە نە بوو تا بیانهێڵنەوە. ئەگەر ئەوسا پەرچەکردارێکی توند دژی تاوانەکان هەبوایە ئەوا رەنگە قەوارەی کۆمەلکوژیەکە بەوئەندازەیە نەبوایە.

**سەرچاوە:**

١_بەختیارعەلی:چێژی مەرگدۆستی، بەرگی یەکەم، ٢٠١١.

٢_حسێن سۆران:ئەنفال لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستە،٢٠١

## ئازادکردنی تۆمەتبارانی تاوانی جینۆساید هەنگاوێکی نایاسایی و سوکایەتیەکی بێپەردەی حکومەتی عێراقە بەقوربانیانی جینۆساید

بڕیاری ئازادکردنی مەحمود فەرەج سامەڕائی، کە لەسەردەمی بەعسدا پسپۆڕی چەکە کۆکوژەکان بووە، دەبوو نیگەرانیەکی گەورەی کوردی لێبکەوتایەتەوە وەلێ ئەفسوس وانەبوو !! بەپێی یاسا هەرکەسێك لەلێکۆلینەوەدا دەرکەوت کەبێتاوانە ئەوا ئازادکردنی مافێکی رەوای تۆمەتبارە، بەلاّم بەومەرجەی لە دۆسێی تردا تۆمەتبارنە بێت،ئازادکردنی تۆمەتبارانی تاوانی جینۆساید، کە ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە پیادەدەکرێت، جگەلەوەی کارێکی نایاساییە ئیستفزازی خەلکی کوردستانیشە کەبەهۆی ململانێکانی نێوان بەغدا وهەرێم، رەنگیاندایەوە، ئەم هەلۆێستەی حکومەتی عێراق ئاماژە هەلگرە لەپێش هەموویانەوە ئەوخەیاڵە تۆتالیتارستیەیە کەهەیەتی بەرامبەر بەکورد "

بەداخەوە کوردیش لەبەرانبەر ئازادکردنی ئەوتۆمەتبارانەدا، جگە لە هەلۆێستێکی لاواز هیچی ترنەبوو، لەکاتێکدا نەدەبوو هەروا بەئاسانی دەستبەرداری ئەو تۆمەتبارانەودۆسێکانی بێت. ( مەحمود فەرەج سامەڕائی) کە تۆمەتبارە بەسەرپەرشتیاری چەکەکۆکوژەکان، لەسەروەختی رژێمی بەعسدا، ئێستا لەسۆنگەی دۆسێی کیمیابارانی هەڵەبجەدا گیراوەوفەرمانی دەستگیرکردنی لەرێکەوتی (٢٠١٠/٥/٤) بە ماددەکانی (١٢) و (١٥)ی یاسی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)، لە دادگای بالاّی تاوانەکانی عێراق دەرچووە، بەلاّم ئێستا بڕیاری ئازادکردنی بۆ دەرچووە. ئەمەش بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی حکومەتی عێراق.

---



ئێمە دوخوشکین خەڵکی گوندی بۆگدین ئەوەی بەدەستمانەوە وێنەی خوشکە ئەنفالکراوەکەمانە



من جوامێرم خەلکی گوندی فەقێ مستەفام تاکەدەربازبووی خانە وادەکەمانم، هەرخۆم ماوم



من ( ساڵح)
خەلکی گوندی فەتاح هۆمەرم دایکم، خوشکم، برام ئەنفالکراون

## هەڵوەستە لەهەڵوێست



حە پسە ئەمین ڕەشید دایکی ( ٦ ) کوڕی قارەمان بوو، ئەفسوس .. ئێستا( ٥ ) یان شەهیدوئەنفالکراون، وەك ڕێز لێنانێك لە هەڵوێستی ئەم ژنە ئەمجارەش بە پێویستی دەزانین نیولا پەرەیەکی بۆتەرخان بکەین.

جارێکیان درەنگانێك ( ٥٠ ) هەزاردینارکۆمەکی خۆی گەیاندە ئەم ساڵنامەیە، بەلاّم لەبەرئەوەی ئەنفالستان لەچاپخانە بوو، ئێمەش دەرگای وەرگرتنی کۆمەککەکانمان داخستبوو، بۆیە داوای لێبورد نمان لێکرد.

بۆ ژمارەی نویٚ بەر لەهەمووکەس کۆمەکی ئەودایکەمان پێگەیشت کە بە " ئیبراهیم" ی کوڕیدا ناردبووی و پێشی ووتبوو: کوڕم زووبیگەیەنە باوەکو پارمان لێنەیات و کۆمەکی خۆشت بدە. لەژمارە پێنجی ئەم ساڵنامەیەوە بەردەوام کۆمەکی بۆدەنێریٚ

حە پسە رەشید بۆ ژمارە ( ٩ ) بڕی ( ٦٠٠٠ ) هەزار دینارکۆمەکی ناردووە، بەلاّم با بپرسین بۆچی ئەوەندە ؟! لەبەرئەوەی بۆهەر کوڕێکی شەهیدی تاکە ( یەك هەزار ) وەی خۆشی وەك ئەوان کە بە هەمووی دەکاتە شەش هەزاردینار.

هەڵویستی ئەم دایکەو ئەو مندالانەی لە گۆپتە پەو سەرقەلاّی کفریوهەولێروسلیمانیەوە لە پێش هەموویانەوە ( نالی نامیق هەورامی ) ئەومنداڵە تەمەن ( ١١ ) ساڵەی بۆ کۆمەکی ژمارە ( ٤ ) هەمووپارەی دەخیلەکەی خۆی بۆ ئەنفالستان دەرهێنابوو. وتبووی چونکە با پیرەم کیمیاوی کوشتوویەتی و ئەم ژمارەیەش بری پێنج هەزار دیناری ناردووە، رەنگە ئەمانە وەلاّمێکی تەندروستبن بەوکەسانەی کە بەناهەق تۆمە تمان لەدژ دەبەخشنەوە .

## سەرنج

ساڵی رابوردوپێشتریش هەندێك لەکۆمەك بەخشانی ئەم ساڵنامەیە نەریتێکی نوێیان داهێنا، وەك دەبینرا برێکی زۆر کۆمەکی ١٢٠٠٠ دوانزە هەزاردیناری لەناو خشتەی کۆمەککارانداوو .. ئەوەش ئاماژەبوو کە ئەو کەسانە بەبیٚ ئەوەی یەکتری بناسن یان پێشتر رێك کەوتبن لە سەری وەك پابەندیەك بەوساڵنامەکەو دۆسێی ئەنفالەوە هەریەکەیان مانگانە بری ( یەك هەزار) دیناریان بۆ دەرچونی ئەم ساڵنامەیە دانابوو، وەك دەبینن ئەمساڵ دیاردەیەکی نویٚ هاتووەتە ئاراوە ئەویش بەخشینی ٢$ لەمانگێکدا یان بری ١٤٠٠٠ چواردە هەزار دینارە وەك رەمزێك بۆ ٤/١٤و ساڵیادی ئەنفال، ئێمە وێرای سوپاس ودەستخۆشیمان لەو بەرێزانە بەلێن دەدەین وەفادرای هەستی بەرزو پابەندییەیان بین .

# ئاوایە بەهاری ئێمە



**هێمن ڕەوف**

ئێمە ئاوا پێ دەنێینە ژیانەوە
پایزان لەدایك دەبین و بەهاران
دەمرین دەڕۆین.
ئێمە لە ئەهلی بەهەشت نین خودا
لە دایكێك وون بووین ئەو بەدوای ساڵێكدا
بەدەم هەنسكەوە هەناسەكانی خۆی سپارد
لە پریاسكەی باوكێك كەوتینە خوارەوە بە
پەتی سێدارەیەكدا شۆڕ بووبۆوە
ئێمە زیندوو مەكەرەوە خودا
ئێمەیەك ژیانمان بە بەرۆكی باوكمانەوە
كۆتایی دێت
لە هەنگاوەكانی دایكمان هەڵدەوەرێین
لە خەونەكاندا جێدەمێنین
بە كتێبەكانمانەوە دەمانخنكێنن
لە بیابانەكاندا گەورە دەكرێین
لە ژێر زەویەكاندایە گەشتوگوزارەكانمان
لە كوێ بۆ زیندووبوونەوە دەشێین ؟
لە ئێمە گەڕێ خودایە
ئێمە لە ڕۆژەكانی حەشردا ژیاین
هەموو لەسەر پردەكانی سیرات كەوتینە
خوارەوە
هەر بە مەلۆتكەیی ئاگری دۆزەخەكانمان
بینی
بە منداڵی جەللادە دڵرەقەكانمان ناسی
ئێمە لە بەهەشت بووین و شێوا
زریانەكان هێلانەكانی تێكداین
ڕەشەباكان درەختەكانی داماڵین
لافاوەكان شەقامەكانی شەقار شەقار
كردین
وا گەورەبووین خودا
هەموو پایزان خۆشنوود و بەهاران
پەژموردە دەچینەوە
ڕووتبوونەوەی درەختەكان پرمان دەكەن
لەزەردەخەنە
ئێمە بە ماڵوێرانی گەڵاكان پێدەكەنین
بە كۆچی باڵندەكان پردەبین لە قاقا
ئێمە واگەورەبووین
بەهاران پردەبین لە غەزەب
چرۆی درەختەكان لێوانلێمان دەكەن لە
گومان

خونچەی گوڵەكان
دەبنە بۆمبێكی
چێنراو
لەبەردەمماندا
ئێمە لەهەڵچوونی
گژوگیا دەترسین
لە ڕژانی بارانە خوڕەمەكان تۆقاوین
لە تواندەوەی بەفر و گەڕانەوەی
باڵدارەكان و نزیكبوونەوەی خۆر بێزارین
خودا
ئاخر بەهاران ئەوزەمەنەیە كە ئێمەی تێدا
بۆ قیامەتێك ئامادەدەكرێت
بۆن و بەرامی گوڵەكان دەست لە
بینەقاقای ئێمە دەنێن
لەگەڵ شنەی شەماڵەكاندا چەرچەفی
گازەكان دەدرێن پێیاماندا
لە هەڵچوونی گژوگیاكاندا مارەكان
خۆیان لە پێیەكانمان دەئاڵێنن
ئێمە چاوەڕێی تانكەكان لەگەڵ چرۆی
درەختەكاندا دەكەین
لەگەڵ بارانەكاندا چاوەڕێی بیستنی دەنگی
شۆفلە كەڵبەتیژەكانین ماڵەكانمان وێران
بكەن
هەورەبروسكەكانی بەهار هەموو لە
سینەی ئێمەدا دەبریسكێنەوە
هەورەگرمەكان تەنها هەرەشە لە ڕۆحی
منداڵەكانی ئێمە دەكەن
لەگەڵ سەوزبوونەوەی دنیادا ئێمە
باردەكرێین بۆ بیابانلەگەڵ نزیكبوونەوەی
خۆردا زیندەبەچاڵمان دەكەن
پێشئەوەی بە خونچەكان بڵێین دیمانەتان
بەخێر، لە ئاوەدانیەكانمان دەرنن
بەر لەوەی گوڵێك بكەینەوە، بە درکودڵی
بیابەنەكانەوە دەمانبەستنەوە
ئاوایە بەهاری ئێمە خودا
ئاوایە ژیانەوە لەم دەڤەرەی ئێمە ئەی
خودا..
دەزانی ئێمە كێین خودا؟
ئێمە هەڵەبجەین.. ئا هەڵەبجەین
هەریەكەمان منداڵەكەی خاوەرین.. پێش
ئەوەی فێری پێكەنین بین كوژراین
هەموومان لە دوای پیكابێكدا بەرلەوەی
بگەینە سەیرانگاكان خنكاین

هەموومان لەسەر ڕێگاكاندا وەكو نەمام
نێژراین
هەموو لێكترازاین، هەموو لەیەك
وونبووین، هەموو بریندار، هەموو
شەهید، هەموو ماڵوێران...
دواجار هەموو لەیەك گۆڕستاندا بووین
بەمەزار، بووینە گۆڕستانی شەهیدان
هەر یەكە لە سەرزەمینێ ئاوارە بووین
هەر سەرزەمینە و بووە مەنفا بۆ هەر
یەكەمان
ئێمە هەڵەبجەین
هەریەكەمان ماڵێك و هەریەكە گەڕەكێك
هەریەكە شەقامێك و هەریەكە مرۆڤێك و
بەهەر هەموومان هەڵەبجەین
ئێمە گەرمیانین
ئێمە گوندە سەروملی قڕاویەكانی
ئەودەڤەرەین
بەر لەوەی باران ببارێت چاوەڕێی
ساڵێكی وشكین
ئێمە ماڵە خاكیەكان و خاكە
زەحمەتكێشەكانی ئەو وڵاتەین
بەر لەوەی گوڵێك سەردەربێنێت چاوەڕێی
دڕكین
هەریەكەمان كیژۆڵەیەكی گەرمیانین پێش
ئەوەی بچینە مەكتەب زیندەبەچاڵ
دەكرێین
بەرلەوەی باڵق ببین فێری سەمامان
دەكەن
بەرلەوەی فێری لەزەت بین
سەرڕێژەكرێین لە بێتامی
هەریەكەمان باوكێكی ڕەنجدەر و دایكێكی
خێرلەخۆ نەدیوین
بەر لەوەی منداڵەكانمان بین، چاوەڕێی
جەرگ سوتانین
چاوەڕێین نەوەكانمان جوانەمەرگ بن
ئێمە خێزانێكی گوندیی بووین
بەرلەوەی بۆ خوانێك لەدەوری سفرەیەكی
خاڵی كۆببینەوە
هەموو لەیەك ترازاین
تا قیامەت هەریەكەمان چاوەڕێی
چەندانین
ئێمە نەوەی ئەنفالێكی بەدناوین
ئاوایە چیرۆكی ئێمە
ئاوایە بەهاری ئێمە

## ناوی تاقانەکانی دواي ئەنفال

ئەم ناوانە تەنها ئەو ٦٩ کەسەن کە سەباح نەجمەدین کۆی کردونەتەوە بەلآم دیارە ژمارەکە زۆر لەوە زیاترنن بۆئەوەی خشتەکە وەکو خۆی بلآوبکەینەوە ئێمە هیچ ناوێکمان بۆ زیاد نەکرد دەنا ئەنفالستانیش چەندناویکی تاقانەکانی دواى ئەنفالی لەلایە. لەهەموو حالەکاندا کارەکەی کاك سەباح شایانی رێزگرتنە بۆیە ئێمە لێرەدا بلآوی دەکەینەوە .

| ناوی تاقانە | ناوی ئەنفال | زنجیرەی ئەنفال | ژمارەی مۆبایل | دانیشتووی |
|---|---|---|---|---|
| ئازاد عطا حمەجان | عطا حمةجان طة | ٣٣٦٠٨ | ٠٧٧٠٢١٢٠٧٠٧ | کوڵەجۆ |
| ابراهیم حمەسعید عثمان | حمەسعید عثمان امین | ٣٣٥٣٣ | ٠٧٧٠٢٢٢٥٧١٦ | هەوارەقوڵە |
| بکر فخرالدین صالح | فخرالدین صالح فرج | ٣٢٩٨٩ | ٠٧٧٠٣٥٥٨١٣٥ | ئۆمەربل |
| بکر معروف رۆستم | طلیعة حمەصالح قادر | ٣٣٩٥٣ | ٠٧٧٠١٥٤٦٣٦٨ | سیبەیخان |
| بورهان بکر مجید | بکر مجید احمد | ٣٣٨٧٨ | ٠٧٧٠٥٢٧١٧٨٩ | عزیز قادر |
| تیمور عبدالله احمد | عبدالله احمد قادر | ٣٤٢٦ | ٠٧٧١١٥٩٩١٨٨ | کوڵەجۆ |
| پەیمان حسین حمەصالح | حسین حمەصالح قادر | ٣٣٨٨٢ | ٠٧٧٠١٩٢٠٠٢٠ | سەیبەیخان |
| جزا محمد رشید | محمد رشید حمەصالح | ٣٤٠٩٤ | ٠٧٧٠١٥٥٢٧٧٦ | سەیبەیخان |
| جمال محسن جعفر | محسن جعفر قادر | ٣٢٦٥٩ | ٠٧٧٠١٥٦٨٤٦٥ | وارانی |
| جوامیر جبار طاهر | جبار طاهر عبدالرحمن | ٣٣٦٩٣ | ٠٧٧٠١٢١٠١٣٩ | فقیٚ مصطفی |
| حسن علی فرج | علی فرج کاکەخان | ٣٢٨٤٠ | ٠٧٧٠٢٤٧٨٩٣٦ | ئۆمەربل |
| حسن محمود احمد | محمود احمد عبدالله | ٣٢٩٩٤ | ٠٧٧٠١٥٤٧٨٥٨ | قەلآچەرمۆڵە |
| خلیل عبدالله احمد | عبدالله احمد | ٣٣٥١٦ | ٠٧٧٠١٩٦٣١٣٨ | قەلآچەرمۆڵە |
| ریبوار ناصح حمید | ناصح حمید شلال | ٣٤١١١ | ٠٧٧١٤٦٧٦٨٤٠ | توکن |
| شادان ابو بکر محمد | ابو بکر محمد سعید | ٣٤١٢١ | ٠٧٧٠١٤٦٧٦٨٤ | ئۆمەربل |
| صالح رۆستم نامق | رۆستم نامق برزۆ | ٣٣٧٣٨ | ٠٧٧٠٢١٥٠٣٦٧ | گەڵاڵ کەوە |
| صباح نجم الدین حمه علی | یاسمین محمد امین | ٣٣٨٣١ | ٠٧٧٠١٥٥٤٣٦٨ | کونەکۆتر |
| طة عزیز محمد صالح | ریحان حمه سعید عبدالله | ٣٣٥٨٧ | ٠٧٧٠٧٦٢٤٣٦٠ | پیازە جاڕ |
| عثمان حسین محمد | حسین محمد صالح | ٣٢٨٣١ | ٠٧٧٠١٩٣٦٥٥٨ | سەر ڕەش |
| عدنان جاسم محمد جمعه | جاسم محمد جمعه | ٣٤٣٥٨ | ٠٧٧٠٢٤٦٥٢٧٨ | خان |
| عمر علی رسول | علی رسول محمد | ٣٨٤٧٦ | ٠٧٧٠٢٢١٩٥١٤ | تمتمه |
| عمر محمد فرج مصطفی | محمد فرج مصطفی | ٣٣٦٤٤ | ٠٧٧٢٤٨٧٣٠٣ | عزیز قادر |
| غازی عاصی احمد | عاصی احمد مصطفی | ٣٤٢١٢ | ٠٧٧١٥٨٨٠٩٠٠ | عزیز قادر |
| کازم فتاح محمد | فتاح محمد عبدالکریم | ٣٣٩٣٦ | ٠٧٧٠٢٤٧٤٠٨٣ | کوڵەجۆ |
| کاوه رشید حمەصالح | رشید حمه صالح علی | ٣٣٨٤٦ | ٠٧٧٢١٤٩٥٨٩٠ | بنەکە |
| کاوه محمد حمەصالح | محمد حمەصالح قادر | ٣٢٩٩٥ | ٠٧٧٠١٩٢٠٠٢٠ | سەیبەیخان |
| کمال خسرو رسول | سمن احمد امین | ٣٤٠٣٠ | ٠٧٧٠١٤٦٩٦٧٠ | سماق |
| کمال عثمان مجید | عثمان مجید احمد | ٣٣٦٤٣ | ٠٧٧٠٣٦٠١٨١٧ | عزیز قادر |
| کازم محمد امین رسول | کلوی حارس شاهوار | ٣٣٦٥٤ | ٠٧٧٠١٤٧٢٥٧٦ | قەلآرێویڵە |
| لقمان مجید سعید | مجید سعید رشید | ٣٤٠٤٧ | ٠٧٧٠٣٥٥٨٧٠٨ | عزیز قادر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| محمد حسین عزیز | حسین عزیز رحیم | ٣٤٢١٠ | ٠٧٧٠١٢١٢٤٥٠ | عزیز قادر |
| مریم احمد عبدالله | احمد عبدالله محمود | ٣٤٢٣٧ | ٠٧٧٠٢٢٥٦٩٤٢ | تەپەسەوز |
| نخشین رۆستم والی | رۆستم والی بابافارس | ٣٤٢٠٢ | ٠٧٧٠١٥٥١٣٠٤ | خان |
| هلکوت خسرو حارس | جهان حسین رسول | ٣٣٩٥٢ | ٠٧٧٠١٢١٢٧٣٥ | قەڵارێویڵە |
| وهاب احمد محمد | احمد محمد خورشید | ٣٣٤١٦ | ٠٧٧٠١٥٥٠١٧٥ | وارانی |
| احمد علی عبدالقادر | علی عبدالقادر علی | ٣٣٧٣٧ | ٠٧٧٠١٣٧٥١٥٧ | قەڵارێویڵە |
| کامران فاتیح حمید | فاتیح حمید احمد | ٣٣٢٧٠ | ٠٧٧٠١٠٥٥٨١٣ | بەڵەگە |
| حسین عاصی کریم | عاصی کریم محمد | ٣٣٣٨٩ | ٠٧٧٠١٣٣٢٩١٣ | وارانی |
| طة رۆستم حمەامین | رۆستم محمد امین | ٣٣٧٥٣ | ٠٧٧١٤٦٨١٤٥٠ | ملەسورە |
| حسین عبدالله حمەحسن | عبدالله حمه حسن محمد | ٣٣٥٠٥ | ٠٧٧٠٣٥٨٧٨٤٧ | ملەسورە |
| علی مجید حمەجان | مجید حمەجان فرج قادر | ٣٣٩٨٦ | ٠٧٧٠٢٢٧٨٩٨٦ | بنەکە |
| نصرالدین خورشید رشید | نخشین فرج خدر | ٣٢٧٤٨ | ٠٧٧٠١٠٠٣٥٥٨ | هەیەرە سور |
| بورهان حمەخان غریب | حمەخان غریب معروف | ٣٣٩٥٠ | ٠٧٧٠٢٢٨٠٩٠٥ | توکن |
| رحیم تقی کمر | تقی کمر سعید | ٣٣٨٨٥ | ٠٧٧٠٢١٥٤١٥٩ | قەواڵی |
| ئومید رشید محمد | اسکە محمد جوهر | ٣٨٤٢٦ | ٠٧٧٠١٥١٤٣٥٩ | زنانە |
| جمال کازم کمر | کازم کمر سعید | ٣٣٩٧٤ | ٠٧٧٠٢١٣٨٤٤٦ | قەواڵی |
| ئارەزوو محمد احمد | محمد احمد محمد | ٣٢٦٨٧ | ٠٧٧٠٨٥٣٨٢٤٢ | دووڕاجی |
| برزان ابوبکر صالح | ابوبکر صالح درویش | ٣٤٢٦٧ | ٠٧٧٠١٩٩١٣٠٠ | دووڕاجی |
| بختیار محمود کریم | محمود کریم | ٣٣٠١٣ | ٠٧٧٠١٢٢٣٣٣٦ | چەوری |
| عزیز اکرام عثمان کریم | اکرام عثمان کریم | ٣٣٨٣٢ | ٠٧٧٠١٩٤٥٤٣٧ | هەوارەقوڵە |
| ئاکو عزالدین اسماعیل | امینه فتاح رحیم | ٣٣٤٤٨ | ٠٧٧٠١٣٩٨٠٠٩ | وارانی |
| مهاباد رحیم حمه امین | رحیم حمه امین | ٣٧١٠٣ | ٠٧٧٠١٤٦٩٩٣٧ | هەوارە قوڵە |
| سیامند محمود قادر | محمود قادر سلیمان | ٣٢٧١٤ | ٠٧٧٠١٤٦٩١٩٥ | تلیشان |
| محمد نجم الدین رشید | نجم الدین رشید رۆستم | ٣٤٠١٨ | ٠٧٧٠١٢٠٠٦٢٣ | تەپەسپی |
| محمد علی عبدالقادر | علی عبدالقادر صالح | ٣٣٨٩٥ | ٠٧٧٠٢١٦٣٥٨٦ | بنەکە |
| خالد عاصی محمد | عاصی محمد رضا | ٣٤٢٦٧ | ٠٧٧٠١٩٧٩١٤١ | گەرمك داویە |
| خوله احمد فاتیح | احمد فاتیح رحیم | ٣٣٠٧١ | ٠٧٧٠١٢٥٨٢٩٠ | نوجول |
| پروین صابر شکر | صابر شکر محمد | ٣٢٨١٧ | ٠٧٧٠١٤٨٩٧٨١ | نوجول |
| شلال اسماعیل محی الدین | شلال اسماعیل حمید | ٣٣٣٣٢ | ٠٧٧٠١٣٤٥١٨٣ | تاڵاو |
| علی حسن صابر | حسن صابر محمد | ٣٢٦٩٨ | ٠٧٧٠٥١٧٣٦٣٥ | زنانەی ژوورو |
| ادیب احمد رۆستم | رابعە احمد محمد کریم | ٣٣٥١٠ | ٠٧٧٠٢١٧٠٨٧١ | خان |
| عبدالسلام والی فارس | عبدالقادر والی فارس | ٣٣٥٧٠ | ٠٧٧٠١٤٦٨١٥٢ | سەر ڕەش |
| خالد محمد حسن | محمد حسن امین | ٣٢٨٨٤ | ٠٧٧٠٩٣٠٨٥٩٦ | زنانەی ژووروو |
| اسعد حسین حسن | حسین حسن روستم | ٣٣٤٧٠ | ٠٧٧٠١٢٦٦٣٩٢ | عزیز بگ |
| فرهاد رشید امین | رشید امین | ٣٣٣٢٢ | ٠٧٧٠١٣٤١٩٠١ | زنانەی ژووروو |
| روستم عبدالکریم علی | عبدالکریم علی روستم | ٣٢٥٣٦ | ٠٧٧٠٢١٧٨٢٧٨ | باوەکر |
| سیروان حسن محمد | حسن محمد محی الدین | ٣٢٨٥٣ | ٠٧٧٠٩٦٥٧٣٨٠ | عەلیان |
| جیمن سیامند حمه | سیامند حمەرشید | ٣٤١٥٢ | ٠٧٧٠٥٤٢٢٨٧٣ | سەرکەل |
| فاضل احمد جوهر | احمد جوهر ابراهیم | ٣٣٣٢٢ | ٠٧٧٠١٢٨٤٢٣٦ | توکن |

# جارێكی تر بۆ بەرچاوی وەزارەت و پەرلەمان

## بەڕێز وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان.

**بابەت: پێشنیار**

بەپێی زانیاری و ئاگاداری ئێمە لە كۆی كۆمەڵكوژی ئەنفال، بەتایبەتی ئەوانەی لە شوێنی كۆمەڵكوژییەكان، یان لەقەراغی گۆڕەكان دەرباز بوون، ژمارەیەكی زۆر كەمن و تەنها ١٣ كەس بوون، ئەفسوس ئێستا تەنها(١٠) كەسیان لە ژیاندا ماون كە(٥) كەسیان لەولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو(٤)كەسیان لەهەرێمی كوردستان ویەكێكیان لەولاتی (سوید) دەژین . كەبریتین لە ( فەرەج محمد، واحید حەمە سەعید، عەزیز وەهاب ناسراو بەعوزێر، تەیمور عەبدولا، رەمەزان عەلی، هاشم محمد، عەبدالقهار خەلیل، ئەبابكر عەلی، عەبدالكەریم نایف، صدقی خەلیل)

### پوختەیەك لە پێشنیارەكان :

ئێمە وەكو ناوەندی چاك و ساڵنامەی ئەنفالستان پێشنیاردەكەین كە :

١. دۆسێی ئەم (١٠) دەربازبووەی ئەنفال بكرێتە پرۆژەیەك ولە ٢٠١٣/٤/١٤ مەراسیمێكی رێزلێنانیان بۆساز بكرێت و ئەگەر بكرێت لەسەر ئاستی عێراق، بەمەرسومێكی كۆماری ئەگەرنا لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە وسامی شەرەفیان پێبدرێت.
٢. ئۆفیسێكی تایبەتیان بۆبكرێتەوەو ناوی ماڵی دەربازبوانی لێبنرێت و ئەوان پابەندبن بەو ئۆفیسەوە بۆئەوەی هەر لێكۆلیارێك بتوانێ بەئاسانی بیانبینێت و زانیاریان لێوەربگرێت .
٣. لەبەرئەوە ئەوان هێشتا لەژێركاری تاقەت پروكێندا كاردەكەن پێویستە خانەنشین بكرێن و بەپێی ژمارەی خێزان و پیداوێست لە ئاستێكی بەرزدا ژیانیان دابین بكرێت .
٤. ئێمە ئامادەین بەهاوكاری و هەماهەنگی وەزارەتی شەهیدان وئەنفالكراوان مەراسیمێكی رێزلێنانیان لەسەر ئاستی هەرێم بۆساز بكەین، هەتا پێشوازیەكی شایستە بكرێن و لەسەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانەوە وسامی شەرەفیان پێببەخشرێت و بریار بدرێت كە ئەم كەسانە لە قوربانیەوە ببنە هاولاتی شكۆمەندی كۆمەڵگای كوردستان .
٥. ئەو سێ دەربازبووەی تر كە لەدوای دەربازبوونیان شەهیدبون یان جارێكی تر بێسەروشوێنكراونەتەوە خەلات و ویسام بدرێتە كەسوكاریان.

ئەم پرۆژەیە جگەلەوەی پارساڵ لەئەنفالستاندا بڵاوكرایەوە زیاد لە جارێكیش دراوەتە وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان ودراوەتە پەرلەمانی كوردستان، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا نەوەزارەت ونەپەرلەمان هیچ وەڵامێكی فەرمیان نەداوەتەوە.. لەبەرمابەریشدا ئاگادری ئەوجموجۆڵانەین كە لەهەوڵدان سواری ملی ئەوپرۆژەیەبن ومزایەدەی پێوە بكەن، پەیوەندییان بەدەربازبووەكانەوەكردوەوپێیان راگەیاندوون كەوا ئێمە قەناعەتمان بەوەزیر كردووەو خەریكین خانەنیشینتان بكەین..؟!! لەكاتێكدا پرۆژەكەی ئێمە فراوانترو هەمەلایەن ترە لەوەی لەخانەنشینیدا كورتبكرێتەوە. بۆخۆشیان جوانتر بوو لەبری ئەوەی پشتیوانی بۆسەرخستنی دەربن، دەیانەوێت سواری ملی كارەكە بن وئێمە پەراوێزبخەن و بەناوی خۆیانەوە بەلام بەكرچ وكاڵی ئەنجامی بدەن شایانی باسە ئەو كەس ولایەنانە چەندینجار تۆمەت وبوختانیان بۆناوەندی چاك دروستكردبوو، لە مالپەرو رۆژنامەكاندا رایانگەیاندبوو، كەناوەندی چاك كۆنترۆلكراوەویەكێتی و پارتی دەیانەوێت كۆپی بكەن..!! كەچی ئەوەتا خۆیان دەبنە كۆپی و بەهۆی نزیكایەتیانەوە لەحزب وحكومەت بێرێزی بەكاری ئیمەودەربازبوانیش دەكەن ..!!

## سەدام و بریارا دارڤە کرنێ

شاكرعەبدال ئاكرەیی

ل دەسپێكا گرتنا ڤی د ێو ێ درندەوگونەهبار ل١٤/١٢/٢٠٠٣ دنا ف كونە مشكە كێ دا كو كوركا بە رخوێدانا سە ركردێ پێتڤی وە ك سە دام بو!!!! ، دبێژی جو رجێ كورە یە ب د ە ستێ سە ربازەكێ كوردستانی و ب پشتە ڤانیا هەڤپە یمانان ،ب سەرشوری و روی رەشی وەك روێڤی یەكی ترسنوك وگوری وب سەرو رپێن پری قرێژ و سپە هاتە گرتن.ئەرێ ب ڤی رەنگی دا(امە عربیە واحدە ّژات رسالە خالدە ) من المحیگ الی الخلیج درستكەی؟؟؟ بە لێ تو بۆ یە سەركردێ تەڤ عەرەبان . ب راستی ل دەسپێكا گرتنێ ئەزب رێ یا میدیا یێ ئاگاداری رەو شا ڤی درندەییبووم ل نا ڤ زیندانێ و ئاگاداری رەوشا بنە مالا خو ین رێژیی و كچ ونە ڤیێن ڤی دێویی بوم. وەك مافەكێ رەوا و خە م هەلگرێ دوزا مللەتێ كورد یێ



كیمیاباران وئەنفال و ژەهرداركری و ب كووم كوژی و بەرزە و بێ سەروشینكری من گەلەك خۆماندی كردا ئەزبشیم ل دادگەهێ وەك مروڤەكێ خودان ماف ودیدەڤانەك ل سەرهێرشا ئەنفالا دەڤەرا ئاكرێ ل (زێێ مەزن – دولا زێباریێ – دە ڤەرانەهلێ– گە لیێ نیێ یێ – گارەیی و گوندێ كافیا) بەرهەڤ بم . یاهە ژی یە بێژم كو ل ( ٢٠٠٦/٧/٢٥ )ێ من شاكا یەت ل سەرانێن رژێما بە عسا هەرفتی سە بارەت هەوا بەهدینان تو ماركر ل دادگەها بلندا عیراقی ل هەولێرێ ئو ڤیسەكا خوەڤەكربوو ژبو تومارکرنا شكایەتیًن كەس وكارێن قوربانی یا لدیف گوتنێن دادوەر(حسن ئەزئیًكەم كە س بووم ل د دەڤەرا مە كوییً ئا مادە بووم ول سەرحسابا خوە بچمە بەغدا و تاوانێن سەرانێن رژێما بەعس ل دەڤەرا ئاكری ددەمێ هێرشا ئە نفالێن رەش داب بلگە ود یكو مێنت دیاربكە م . من (١٠) كە س ل كەسو كارێن ئەنفالكری و بێ سەرو شینكریا برنە ئوڤیسا هەولێرێ و هەمی مەرجێن مە ددرست بوون كو بچینە بەغدا زێدە باری بارودوخێ نەخوشێ بەغدا . ئەز گە لەك چافەرێ یێً بەرسڤا دادگەهێ بووم هەتابێ هیڤی بووێین ئەزو ئە و دەه وەرسێن كو( ٤٩) كە س ژخیًزانیًن وان هاتینە ئەنفالكرن وبێ سەروشینن كو پتریا وان زاروك و ژن وپیر و ئەختیار بوون . یاهەژیە بیًژم لدیف داخازا پارێزەر (عبدالرحمن زێباری) من (وكالە عامە) یا ڤان دەه وەرەسێن كەس و كارێن (٤٩)قوربانییێن ئەنفالكریان دا پارێزەرێ ناڤبری داكو ب رژدی دیف چونیً بكەت چونكە ئەو وەك نوینەرێ ماڨ كەسایەتی كەس و كارێن ئەنفالكریابوومن گەلەك بەلگە و دیكومینتێت ل رێڤەبریا ئەمنا هەولێری و ریڤەبەریا سیخوریا سەربازی یا (فە یلقا ١و٥ ) یا رژێما بەعسا هەرفتی كو ل میسلێ ل دەمی پروسێ ئازادی یا

عیراقیێ ب دەستخوڤە ئینابوون کو ناڤێن پتر ژ (٤٠٥ ) هەڤوەلاتیێن کورد ئەوێن د دەما هێرشا ئەنفالادا هاتینە گولە بارانکرن ل ناف سەربازگەهێ هەولێرێ دا گەلەك ژوان پاش بریارا لێبوریێ ئەوا رژێما بەعسا هەرفتی ل (١٩٨٨/٩/٦ )یً دەرئێخستی ،و وەك بەلگەهێن درست دا یا رون و ئاشکرابیت کوو بتنێ گونەهاوان هەڤوەلاتی ێن سڤیل ب گولە بارانکرن چونکە کورد بون .دا ئەڤ پارێزەرە وەك بەلگە د دادگایی دا ب کاربینیت داکو راستی یادوزا ئەنفالا ئاشکرابیت، من دڤیا هەمی روینیشتنێن دادگەهی دا پشکداربم هەرچەندە ئەڤ دادگەکرنا سەرانێن رژێما ژ ناڤچویی بێ ئاگاداریا کەسو کارێن قوربانیان هاتیە کرن، پشتی ئەز بێ هیڤی بوویم ژ دادگەها بلندا عیراقیێ ، نەچاربووم ب رێ یا(شاشیTV) ئاگەهداری رونیشتنێت روژانە ییًت دادگەهێ بووم . ئاگاداری پیلان و پروپاکندێن بنا ڤ پاریزەرێن کوو بەرە ڤانێی ژ ڤی درندێ خوینرێژ کری ئەو ێن کرێ گرتی وخۆ فر و



قەلای نزارکێ شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی ناچەی بادینان

ش و ه ك (د لێمی ونعیمی و کلارکێ ئە مریکی و بشر ایا لوبنانی ) و من نە هێلا چ روینشتنێن داد گەهکرنا سەرانێن رژێما بەعسا گور ب گور ژمن بچن هە رچە ندە ئاریشا نەبوونا کەهرەبێ ل ئاکرێ هەیە . بەلێ من زی هزرا کرینا ماتوورەکا کە هربێ کرێبۆ. یاگرنگ ئە وبۆ ل پیشێ چاڤێن کە س و کارێن قوربانێن ئە نفالا سەدام و داروەدستەکا وی ل ناف قە فسیً دا وە ك تاوانبار دهاتە دادگەهکرن. دە می دانیشتنا دادگەهێ دەسپێ دکر من خۆ نزیکی(شاشیێ tv) دکر وب هویر وێ کویری هزرا ڤی تاوانبارێ خو ین رێژ دکر و دا کو باش ببینم . ب راستی ئە و سە رۆ مێشکێن درندا دبیژی هرچا گارە یە . د ێمێ گا گو لی نا ڤ چاڤێن ترش و تا لێن ڤی د یوی درند ە هز را هزاران زاروك و ژن و پیر و ئە ختیار و جحێلان و خەلکێ سڤیلێ کورستانێ ژبلی برسێ ریس ۆ پێخاسی و دوورپێچا ئابوری یا بەرد ەوام ژێ لا یێ جە ییش وجاش و جە رد ێن بە عسی یا و کرێگرتی و خۆ فر وشێن وان . گونەها هەڤوەلاتیێن سڤیل بتنێ کورد بوون و دڤیا ل جهێ باب و با پیرا بە ردەوام ێی ب ژیانا خوە بدە ن . من هزراخۆ با ش د ڤی درندێ ترسنوك و د رەوین و کە ڤنە پەرستێ عەربێ شوفێنی دا دکر . روندکێن گرێی ل چا ڤێت من هاتنە خوار ژ کە یفا دیتناوی ل ناف قەفەسا گۆنەهباران تێتە دادگەهکرن. هە ڤ د ە م ب د یتنا ڤی گونەهبارێ درندە ل سە ر ( شاشیێ tv )بیرا من هات ئول پێش چاڤێت من بود ە مێمەزنترین هێرشا ئەنفالان ل دەڤەرا زێبارێ و بەرێ گارە یی و دولا نەهلێ ودە ڤەرا ئە تریش و ل رو ییێی شیین و بەرەف د ە ڤەرا ئا میدیێ و سە رسنکی و سیارەتیکاو سیارو ئسپینداراکو ل روژا(٨ ٢ /٨/ ٨ ١٩٨ ) دەم ژمێر (٩) سپێدیً دەسپێ کر کو سەریً پاییزیً بوو ل چوارلایا هەوائەنفالا رەش دەستپێکرول چیایێ گارەیبوو دنگێنا توپێن مەزن وموشە کێن د ییر هاڤێژوتوبارانکرنا دە ڤەرێ ب فروکێن شە ری و کوپتەرێن سە متی و ئەلوتێن فەرنسی دەسپێکرو سێبەر ل د

ه ڤە را گا رە یی دکر قیژێێن زاروکا وهەوار و گازییێن ژن و پیرو ئەختیارا !! تە دگو ت ئە ڤە روژا حەشریٚ یە ب هزاران وەلاتییێن سڤیل کو ژمارا وان دگە هشتە پتر ژ (٧٠٠٠٠)یٚ هزارکە سال دە ڤە را ناڤبری دا خرڤەکرن و دورپێچکرن پاشی بو مباران کرنیٚ ل هەرچار لایا هێرشیً دەسپیٚ کر بەرەف چیاییٚ گارە یی . هێزا پێشمەرگیٚ کوردستانیٚ بەرسینگیٚ هێرشا کر یٚ گرتی و جاش وسوپا و جەردێن بە عسی یا گرت و دا کو رێکا دەرباز بونیٚ بو وەلاتیێن سڤیل ڤە بیت ژ دوزەخا بە عسی یا رزگاربن و بە رەف سنوری بچن . پاش ل هە رچار ئالییێن گارەیی گە هشتنە مەرەما پیٚ هاتین ئەو ژی قرکرنا مللە ت و نەتەوا کورد بو ل گوندیٚ (کا فیا – دەشتا نی یێ – بیرکە کوریٚ – سەروکانیا خازری – سەریٚ شە هیٚ – گەلییً نی یێ و هە تا چە م چال –چە م شریٚتا – جزگیر یا– سیرستانیٚ و د ییپریً) و ژیٚ لا ییٚ دیڤە ل سیٚدەرا – ئاتوشیٚ هەتا گەلییٚ ئیسماڤا وباکرمان ئە ڤە هە می هاتنە دورپیٚچ کرن ل ( ٩/١/ ١٩٨٨/ تا ٩/ ٩ /١٩٨٨) نزیکی (٥٠٠٠ ) هزار کە سان ژهەڤوەلاتییێن سڤیل ژ زاروك و ژن و پیرو ئەختیارا وپیٚخا س و ریس و برسی ، پشتی دەرچوونا بریارا لیٚبورینا درەو کو بریًکا ڤیً لیًبورینیً هەڤوەلاتی سەردا برن و بکوم گرتن و برنەئە تریشیٚ وپاشی بەرەف قەلعا نزارکیٚ برن، ژلایەکیً دیڤە یینیٚ دا نزیکی( ٤٠٠ )چار سەد کەسا ل دیف با نگەوازی یا جەردا و جاش و سەربازا هاتنە گوندیٚ باکرمان ب مەرەما لیٚبورینیٚ و دەخالەتیٚ و دیار بو هە می گرتن و راپیًچانە قە لعا ئاکریٚ و هندە ك ژی دناف هەیکەلیٚ خانیەکی دا ل د ە ف یاریگەها تەپا پیً ل مە یدانا (حسن بەگ) ل ئاکریٚ دا گرتی بوون . ل پیٚشچاڤیٚت من دەمیٚ چەندین کەس دگەل جەردیٚن دگوتنیٚ (رفاق) و سیخوروئەمن وجەیش لاشەعبی وەك هیٚزەکا هەفپشك ل ناف سەنتەریٚ باژەری وخالیٚن پشکنینیٚ دانابوون و ل دیف ترومبیٚلان دگە ریان ب تا یبەت پیکەپ وقەلاب و لووری وکوستەریًن هەڤوەلاتیان و ب سوٚخرە دگرتن دا کوگرتییٚن ئەنفالا ڤە گوهیٚزنە قەلعا نزارکیٚ وگرتیخانا سەلامی ییٚ ل پاریٚزگەها میسل. لەوما دخە ما روینشتنیٚن دادگەها هەواا ئەنفالا ب هویری من یەریٚ خوداییً هە تا کو هەمی تشتەك هاتیە سەر بەرکیٚ و د یاربوی کا ئەودادگەهکرن بوو یان شانوگەریەکا پر لاوازی بو وب سیناریویەکا درستکری ژبو خاپاندنا کە س و کاریٚن ئە نقالکریا ئەو یٚن هەژدە سالا ل بوارەکیٚ پر زحمەت و دژوار دا دژین وچاڤەریٚ یا روژەکیٚ بوون کە دیٚ یاسا و دادوەری جیٚگربیت و گونەهبار دیٚ ب تیًرو تەسل مەبەستا تاواناوسەرهاتیا خودیارکەتوچ نهینییٚن دویرونزیك ناهیلیت ودیً باجا گونەها خودیٚ دەتن . جیٚ داخیٚ یە کوو پتر ژدوو سەد دادوەرین بسپورو شارەزا دکاریٚ دادوەرییٚ دا ل هەریٚباشوریٚ کوردستانیٚ دا هەنە ، ئەریٚ ماچەند دادوەرەکا نەدشیا دەستی کیٚشانەڤیٚ ل کاریٚ خوبکەن ب فەرمی پاشی وەك پاریٚزەریٚن خوبەخش ل دادگەها عیراقیٚ وەك پاریٚزەریٚن ماڤیٚ کەسایەتی یێن قوربانی یان بەرەڤان یٚ بکەن . دگەل ریٚزا بوو ئەو پاریٚزەریٚن هاتینە دەست نیشانکرن بوبەرەڤانی یی ل ئەنفالکریا وبیٚ سەروشیناوب کەس نزانیت کا ئەڤ بەریٚزە کیٚ هەلبژارت بون بو کارەکیٚ هوساییٚ مەزن کوو( قرکرنا مللەتەکیٚ بیٚ گونەه )ل دیف پروگرامەکیٚ داریٚژتی وژلاییٚ بەعسا شوفیٚنی یاعەرەب.

# سەربازە ونەکانی ئەم ساڵنامەیە

بێگومان لەپشت هەرکارێکی باش کۆمەڵێك کارەکتەری چالاك وەك سەربازی ون، ئامادەن لەپشت دەرچوونی ئەم ساڵنامەیەشەوە هەریەك لە( زانیارنەجمەدین، سمکۆ سابیر، هێمن عەبدولا )وچەند بەڕێزێکی تر هەن کە لە ژمارەکانی داهاتودا ئاماژەیان پێدەکەین یان لەپێشودا ئاماژەیان پێکراوە. کە هەریەکەیان لە بوارێکدا جێ پەنجەیان بە گۆڤاری ئەنفالستانەوە دیارە.



## زانیار نەجمەدین – ١٩٨٥
## سلێمانی

دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی بەشی کارگێڕی بانکەکانە نەخشەسازێکی سەرکەوتووی ڕۆژنامەوگۆڤارەکانە.

ئەویش بەپێی خۆی شەونخونی زۆری بەدیار دەرچونی ئەم ساڵنامەیەوە دیوەوەو بەتایبەتی لە ژمارەکانی (٥)و(٦) دا جگەلە نەخشەسازی بەرگەك دیزاینی دیوی ناوەوەی ئەنفالستانیشی لە ئەستۆبووە، تاهەنوکە دیزاینی بەرگەکانی بەبێ بەرامبەر گرتووەتە ئەستۆی خۆی .



## سمکۆ سابیر- ١٩٧١
## هەولێر

خوێندکاری بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی یە، لە دووهەم ژمارەی ئەم ساڵنامەیەوە، یەکێکە لەکەسەدڵسۆزەکانی و لەبواری جیاوازدا ڕۆڵی لە دەرچوونیدا هەیە، ئێستاش یەکێکە لەخەمخۆر ترین کارەکتەرو هاوکارانی ئەنفالستان .



## هێمن عەبدولا- ١٩٨٤
## کۆیتەپە

دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی سلیمانیە، سەباری دوری لە هێڵی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر چالاکترین هاوکاری ئەنفالستانە، بەتایبەتیش لە ئامادەکردنی دیدارو ڕیپۆرتاژوفۆتۆ، زۆربەی دیدارەکان خۆی هەڵیبژاردون و تەفریغی کردون و لەئەنفالستاندا بڵاوکراونەتەوە. لەناوچەی قەڵاسیوکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەئەرشیف کردنی ئەنفال وکیمیابارانی ناوچەکەدا.

---

**بۆ نوسینەوەی چیرۆکەکانی ئەنفال کۆمەکی ئەم ساڵنامەیە بکە**

# ناوی كۆمەك بەخشانی ئەم ژمارەیە

## كۆمەكی شاری هەولێر

| ناوی كۆمەك بەخش | بڕی كۆمەك |
|---|---|
| كۆمیتەی سەركردایەتی هەولێری حزبی زەحمەتكێشان | ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار |
| سەمیرە نادر قادر | ١٠٠٠٠ سەد هەزار |
| بەڵێن عەبدوڵلا | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار |
| گۆران جەلال | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج هزار |
| بێكەس قادر | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج هزار |
| بەهمەن حسێن | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج هزار |
| سەید جەلال | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج هزار |
| هیوا سەید سەلیم | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج هزار |
| لیۆژە جەلال | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج |
| نامق هەورامی | ٢٥٠٠٠ بیستو پێنج |
| هەڤال عەبدوڵلا | ٢٠٠٠٠ بیست هەزار |
| مەریوان سابیر | ١٩٠٠٠ نۆزدە هەزار |
| نایف رەحمان | ١٥٠٠٠ پانزە هەزار |
| دكتۆر ئازاد حەمەد شەریف | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| زەیتۆ ئیسماعیل | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| كەمال حسێن | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| دڵشاد رەمەزان | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| جەمال حسێن قادر | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| جەعفەر هاشم | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| رزگار ئەحمەد | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| بۆتان سیاوی | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| حەسەن مستەفا | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| زانا عومەر | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| شاخەوان عەبدوڵلا | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| هاوكار حەسەن ئیسماعیل | ١٠٠٠٠ دە هەزار |
| فەرهاد مەنتك | ٦٠٠٠ شەش هەزار |
| زەردەشت سەلام | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| هەژار حسێن | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |

| | |
|---|---|
| ئامانج عەلی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| رەوەند جەمیل | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| نیاز مستەفا | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| هەوراز سابیر | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| بەهار محمد رشید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| سمكۆ محەمەد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| پەروەر ئەحمەد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| كاكە لاس ئەحمەد مولود | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| فاخیر محەمەد | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ئەحمەد مەجید حەسەن | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| كەمال عوسمان رەزا | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ئەیوب زۆرەبەگ | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| بەنگین عەبدولمەجید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| نالی نامق هەورامی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| ئامانج شاكەلی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |
| سادق عومەر عەبدولمەجید | ٥٠٠٠ پێنج هەزار |

**بۆچی و چۆن كۆمەكی ئەنفالستان دەكەیت ؟**

تكایە باهاوكاران ئاگاداربن هەركەسێك كەپێشتر لەریزەكانی بەعسدا بوبێ كۆمەكو نوسینیان لەم سالنامەیە رەتدەكرێتەوە ، بەپێچەوانەوە خۆیان بەرپرسیارن .

ئەگەر بریاری كۆمەككردنیت دا داوا مەكە ناوت نەنوسرێتو بیرلەوە مەكەرەوە زۆر ببەخشیت، بەڵكو هەوڵبدە زۆرترین كەس پەیدا بكەیت بۆ كۆمەك بەخشین . چونكە لە بنەرەتەوە دەرچوونی ئەنفالستان بەكۆمەكی دەستەجەمعی (ئامانجدارە) بۆ ئەوەی زۆرترین هاوڵاتی بەشدار بكات لە نوسینەوەی مێژووی خۆیداو متمانە بگێریتەوە .

**ئەنفالستان**

### وەك رەمزێك بۆ ٤/١٤

**بریارماندا ١٤٠٠٠ هەزار دینار ببەخشین**

| ناوی كۆمەك بەخش | شوێن | بری كۆمەك |
|---|---|---|
| محمد سابیر | كەلار | چواردە هەزار |
| پشكۆ محمد رۆستم | كەلار | چواردە هەزار |
| سەركۆ محمد رۆستم | كەلار | چواردە هەزار |
| شیرین شەوكەت | كەلار | چواردە هەزار |
| ئازاد عوسمان | كەلار | چواردە هەزار |
| سمكۆ سابیر | كەلار | چواردە هەزار |
| جەمیل محەمەد ئیبراهیم | كەلار | چواردە هەزار |
| رێكخراوی ژیان | كەلار | چواردە هەزار |
| عەلی تازەدێیی | كەلار | چواردە هەزار |
| محمد عەلی مردا | رزگاری | چواردە هەزار |
| حسن علی حاجی فرج | هۆمەربل | چواردە هەزار |
| بەختیار حاجی سەعید | هۆمەربل | چواردە هەزار |
| ئاوات محمد پیرویس | سلیمانی | چواردە هەزار |
| فەرهاد غەفور عەبدول | سلیمانی | چواردە هەزار |
| خێلان مستەفا محەمەد | سلیمانی | چواردە هەزار |
| ئیبراهیم عەبدولا قادر | سلیمانی | چواردە هەزار |
| عومەرمحەمەد | سلیمانی | چواردە هەزار |
| لۆقان عومەر محەمەد | سلیمانی | چواردە هەزار |
| ئەمیر قادر | هۆلندا | چواردە هەزار |
| پەروین محمد قادر | هۆلندا | چواردە هەزار |
| چنار نامق | هەولێر | چواردە هەزار |
| ئاكۆ محمد شوانی | چەمچەمال | چواردە هەزار |
| كۆی گشتی | ٣٠٨ سێ سەدو هەشت | |

## منی سوالكەرو ئێوەی بەخشندە

ئەفسوس ..دووچالاكوانی ئەنفال ومافی مرۆڤ..!! بەچنگ ونینۆك خەریكی شكاندنی ( ئەنفالستان) ن..!! دەمێكە بەدلگەرمیەوە كەوتوونەتە تۆمەتبەخشینەوەو كێشەنانەوە وەك بلێی شكاندنی ئەم سالنامەیە ئەركیانبێ و خزمەتبێ بەدۆسێی ئەنفال ؟! عەرەب دەلێ ( **باشترین وەلام بۆ گەمژە، بێدەنگیە**) مادام ئەوە دادی نەداون ئەوا پێویستە، قسەیەكی تر بكەین.

جارێكی تر نوسیومە ئەوانە (باوك)ن لەبەرهەستی مندالەكانیان ناویان ناهێنم، بەلام دیارە كەسانێك درێغی لەشكاندنی خۆیان نەكەن باكیان بە كەسایەتی مندالەكانیان نیە هەتا باكیان بەشكاندنی خەلكی تربێ ؟ ئەم گێچەلانە جگە لە دلپیسی و بەرچاوتەنگی ئەوان و گەشەسەندنی ئەنفالستان هیچ واتایەكی تری نیە، كاتێك لە شوێنی جیاوازولەرۆژنامەومالپەرەكانیشدا دەرچوونی ئەنفالستان بەسوالكەر ناودەبەن، ئامانجیان لەشكاندن بەولاوە چیترە ؟ لە كاتێكدا جورئەت دەكەن بەو زمانە بدوێن كە خۆیان دەمامكەكانیان كەوتووە، نەك تاكە دینارێكیان پێنەبەخشیوە، بەلكوعەیبدارن ئامانەتی خەلكیشیان وەك پێویست نە گەیاندووەتە دەستمان..! بۆنمونە بەرێزێك لە ئەوروپاوە برێك یۆرۆی بە یەكێكیاندا بۆئەنفالستان ناردبووەوە بەلام بەناخۆشی پێیداینەوە ! گوایە وتوومانە بۆخۆت خەرجی بكە؟! ئەری (سوالكەر) دەبەخشێ ؟ بێگومان كەس مافی خواردنی ئەوكۆمەكانەی ئەنفالستانی نیە، سەیر ئەوەیە دوای (٣) سال بری ئەو پارەیەی بە (ل.ف.ف )دا بۆناردبوینەوە !!

كاك ( ل.ف.ف )یش كە پێیوتووین سوالكەر هەتا ئەمرۆ بری (١٠٠٠٠٠ ) سەدهەزار دیناری ئەنفالستان قەرزدارە! هەلبەت هی گیرفانی خۆی نا، بەلكو كۆمەكی رۆژنامەی كەركوكی ئەمرۆیەولەخشتەی كۆمەككارانی ژمارە ( ٣) دا بلاوكراوەتەوەوهێشتا نەدراوە ..! كەچی خۆی كردەوە بەكەرەی شەربەت فرۆش. ئەوانەن بە ئێمە دەلێن سوالكەر ؟ باشە ئەگەر ئەوە كارەی ئێمە **(سوال)** بێت ؟ ئەی كاری خۆبەخشی چۆنە..؟ سوالكەری بەرقاپی بەرپرسان كێن؟ ئەوانەی لەبەردەم ( وەزیروگزیر) دا بچوك دەبنەوە چین ؟

| کۆمەك بە دۆلار | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوردستان | | ئەوروپا-بریتانیا | | ناوی سیانی | بڕ | وڵات |
| ناوی کۆمەك بەخش | بری کۆمەك | ناوی سیانی | بری کۆمەك | مەریوان نصرالدین | $ ٥٠ | هۆلندا |
| خاتوو عەدالەت عومەر صالح | $١٠٠ | هێمن عەلی کۆکەیی | ٢٤ پاوەند | روناك ئاورحمن | $٥٠ | هۆلندا |
| د. محمد کەریم ئابوری ناسان | $ ١٠٠ | حسێن سالح هەلەدنی | ١٢ پاوەند | شاخەوان مەریوان | $٢٥ | هۆلندا |
| عەقیدنوری عبدالکریم مستەفا | $ ١٠٠ | | | | | |
| پەرلەمانتار سالار محمود | $١٠٠ | عەباس عەبدولا بازیانی | ١٢ پاوەند | شادی مەریوان | $٢٥ | هۆلندا |
| پەرلەمانتار بێلان محمد | $١٠٠ | شەپۆل سەعید کانی سوری | ٢٤ پاوەند | ئەکرەم حسێن محمد غەریب | $١٠٠ | دانیمارك |
| حەمید هەنجیرەیی | $ ١٥٠ | دەریاکانی سوری | ١٢ پاوەند | هاوژین عەلی سابیر | $١٠٠ | سویسرا |
| ویسی جەلیل | $ ٥٠ | یوسف عەباس | ١٢ پاوەند | شانۆکار ڕێزان سالح | $ ٥٠ | نەرویج |
| ئاکار شوکر زەنگەنە | $٥٠ | فەریدون مولود | ٦ پاوەند | سالار سۆفی | $٢٥ | فنلندی |
| کۆی گشتی | 750$ | کۆی گشتی | پاوەند 102 | کۆی گشتی | $٤٢٥ | |

| گۆپتە پەی شەهیدان | | مندالانی گۆپتە پە | |
|---|---|---|---|
| ناوی کۆمەککار | بری کۆمەك | ناوی کۆمەك بەخش | بری کۆمەك |
| دەستەی ناساندن وبوژاندنەوەی گۆپتەپەی شەهیدان دوانزە هەزار | | شنیار وریا حەمە شکور | یەك هەزار |
| | | کاڵی رەزا عەبدولا | یەك هەزار |
| مامۆستا عەبدولا عەسکەری | بیست و پێنج هەزار | دیاری وریا حەمە شکور | یەك هەزار |
| عوسمان محمد ئەمین | دوانزە هەزار | شکۆ فریاد حەمە شکور | یەك هەزار |
| جەلال ئەحمەد جەمیل | دوانزە هەزار | رۆژگار عەبدولا عبدالرحمن | یەك هەزار |
| دارەوان سەعید عەلی | دوانزە هەزار | ئەزیز عەبدولا عەبدوالرحمن | یەك هەزار |
| هاوراز حاکم رێبوار | دوانزە هەزار | تریفە فاخر سعیدالله | یەك هەزار |
| مامۆستا هیمن عەبدولا | دوانزە هەزار | محمد فاخر سعیدالله | یەك هەزار |
| هێمن عارف کاکە عەبدولا | دوانزە هەزار | ئەحمەد فاخر سعیدالله | یەك هەزار |
| هونەر سالار محمد | دوانزە هەزار | یوسف فاخر سعیدالله | یەك هەزار |
| وریاحەمەشکور صالح | دوانزە هەزار | کوردۆنیا هونەر سالار | یەك هەزار |
| دەریا حەمە شکور سالح | سیٚ هەزار | کامەران رەزا عەبدولا | یەك هەزار |
| ساکار عەبدولا عەبدوالرحمن | دوو هەزار | بەڵێن رەزا عەبدولا | یەك هەزار |
| کۆی گشتی | سەدوسی و حەوت هەزار دینار | | |

## کۆمەك بەخشانی کەلار

| ناوی کۆمەککار | بڕی کۆمەك | ناوی کۆمەککار | بڕی کۆمەك |
|---|---|---|---|
| عەلی شەهید محمد | دوسەدوپەنجا هەزار | عەقیدی یاسایی عومەر ئەحمەد | دە هەزار |
| عەقیدنوری عبدالكریم مستەفا | ١٠٠$ سەد دۆلار | رائید ئەحمەد سەلاح | دە هەزار |
| شیخ جەلال شێخ نوری | ١٠٠ سەد هەزار | رائید سادق تۆفیق | دە هەزار |
| عەمید نازم شەریف | بیست و پێنج | رائید سەلاحەدین محەمەد ئەمین | دە هەزار |
| ئیبراهیم هەواس | بیست و پێنج | گوڵباخ سدیق | دە هەزار |
| شوان محمد رۆستەم | بیست و پێنج | مقدەم محەمەد عەبدول ڕەزا | دە هەزار |
| خەلیفە جەمال عەبدالله | بیست و پێنج | نەقیب سەرچڵ عەبدولكەریم | دە هەزار |
| سەلاح خورشید عەزیز | ٢٠بیست هەزار | مقدەم حەسەن حەمید | دە هەزار |
| محمد حەمەجان رۆستەم | ٢٠بیست هەزار | صالح هەلاج | دە هەزار |
| نەقیبی یاسایی شەهید ئیبراهیم | پانزە هەزار | جەلال سعدالله حسن | دە هەزار |
| ئەنوەر حەمەلاو | دە هەزار | بەكر چاوشین | دە هەزار |
| ژیلوان ئەنوەر حەمەلاو | پێنج هەزار | ڕەشید عەلی سعید | دە هەزار |
| گەرمیان ئەنوەر حەمەلاو | پێنج هەزار | شێخ سەعید شاكەلی | دە هەزار |
| عەزیز عەبدولا حسێن | پێنج هەزار | فریاد هیدایەت | دە هەزار |
| سالار محمد حسن | پێنج هەزار | حەسەن سەرتیپ | دە هەزار |
| فەوزیە محمد جان وەلی | پێنج هەزار | سەربەست ڕەحیم عەلی | پێنج هەزار |
| سالح میروەیس | پێنج هەزار | هۆشیار ئیسماعیل ئیبراهیم | پێنج هەزار |
| جەلال مەحەمەد ئەمین | پێنج هەزار | فەتح الله شەمس الله جهانگیر | پێنج هەزار |
| ئەركان محەمەد ڕەشید | پێنج هەزار | ریاز ڕەزا محەمەد عەبدەلی | پێنج هەزار |
| جیهاد مەولود دەلۆیی | پێنج هەزار | كاروان عوسمان | پێنج هەزار |
| عەدنان حسین محمود | ٧حەوت هەزاردینار | مستەفا سەعید | پێنج هەزار |
| فریاد حسێن قادر | پێنج هەزار | سۆیلە حەسەن رۆستەم | چوار هەزار |
| احمد موسی روستم | پێنج هەزار | جیهان محمد ئیبراهیم | پێنج هەزار |
| ئاواز عدنان كریم | پێنج هەزار | تەلعەت سەعدولا حەسەن | پێنج هەزار |
| جمعە حسین محمد | پێنج هەزار | سامان یاروەیس | پێنج هەزار |
| هومیلە محمدامین عبدالقادر | پێنج هەزار | محەمەد حەسەن قادر | پێنج هەزار |
| سەباح عەلی جاف | پێنج هەزار | تالیب ئەسكەندەر عەبد عەلی | ٣ سێ هەزار |
| ئیبراهیم محەمەد هەواس | پێنج هەزار | فازل ڕەحیم حەمەد | ٣ سێ هەزار |
| كامەران یاروەیس | پێنج هەزار | سەعید حەسەن ئەحمەد | ٣ سێ هەزار |
| دانا مەلا حەمە ئەمین | پێنج هەزار | لاوان حمود محمد | ٣ سێ هەزار |
| عوسمان عەزیز عەبدولقادر | پێنج هەزار | پشتیوان عزەدین محەمەد | ٣ سێ هەزار |
| حەمەی مامەسالە | پێنج هەزار | سیروان سایر | ٣ سێ هەزار |
| سامان شەوكەت | پێنج هەزار | سۆران مەجید رۆستەم | پێنج هەزار |
| نەغدە صالح مەحمود | پێنج هەزار | جەلال مەلەك | پێنج هەزار |
| زارا حسن حمید | پێنج هەزار | مەجید عەبدولكەریم محەمەد | ٣ سێ هەزار |
| نامق عەلی باباخان | پێنج هەزار | عسمان عبدالقادر كاكە | ٣ سێ هەزار |
| سیامەند غەفور | پێنج هەزار | ڕەشید كریم كوردە | ٣ سێ هەزار |
| سەید فوئاد | پێنج هەزار | هەڵۆ غەریب | ٢٠٠٠ دوو هەزار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆژین پشکۆ | پێنج هەزار | ڕێنوار نامیق باباخان | ٢٠٠٠ دوو هەزار |
| جەبار محمەد عەلی | پێنج هەزار | ئاریان عوسمان محمد | ٣ سێ هەزار |
| سۆران محمد غریب | پێنج هەزار | ئەحمەد محەمەد حەسەن | ٣ سێ هەزار |
| ئاسۆ وەهاب | پێنج هەزار | نوێنەر شێرکۆ | ٣ سێ هەزار |
| فەلاح مەولود هەمەوەندی | پێنج هەزار | ئارام وەحید | ٣ سێ هەزار |
| کەریم فەرەج شەم | پێنج هەزار | باکۆ محەمەد | ٣ سێ هەزار |
| کۆی گشتی: ٨٦٨٠٠٠ دینارو ٢٠٠ $ هەشت شەستوهەشت دینارو دوسەد دۆلار | | | |
| ڕزگاری | | گوندی ئۆمەربل | |
| ناوی کۆمەك بەخش | بری کۆمەك | ناوی کۆمەك بەخش | بری کۆمەك |
| ڕێبین تەها | ١٠ دە هەزار | کاك سەمەد هۆمەربلی | بیست هەزار |
| مامۆستا مەحمودی خوێندکاران | ١٠ دە هەزار | جەیران عەبدولکەریم ئەحمەد | پێنج هەزار |
| حسین عەزیز | پێنج هەزار | بۆکان ئەکبەر حاجی رۆستەم | پێنج هەزار |
| تەها عەبدولکەریم مستەفا | پێنج هەزار | کۆچەر ئەکبەر حاجی رۆستەم | پێنج هەزار |
| سۆران مەجید رۆستەم | پێنج هەزار | سەرخێل ئەکبەر حاجی رۆستەم | پێنج هەزار |
| چەمەچەماڵ | | ڕێبوار بەکر خورشید | پێنج هەزار |
| ناوی کۆمەك بەخش | بری کۆمەك | ئەحمەد عەلی بەکرەشەلی | پێنج هەزار |
| ڕێکخراوی هەڵوێست | ١٠٠ سەد هەزار | سەردار حاجی ڕەشید | پێنج هەزار |
| هاوڕێ ئەحمەد | ٥٠ پەنجا هەزار | فەرحان حاجی بەکر | پێنج هەزار |
| ملکۆ فارس حارس | ١٥ پانزە هەزار | نوعمان عەدنان | پێنج هەزار |
| ئاسۆفارس حارس | ١٠ دە هەزار | دیکان حەسەن عەلی | دووهەزاروپێنجسەد |
| ڕەمەزان تاهیر سیروان | ١٠ دە هەزار | ئیمان حەسەن عەلی | دووهەزاروپێنجسەد |
| نەوا ئاکۆ محمد شوانی | ١٠ دە هەزار | شادمان حەسەن عەلی | دووهەزاروپێنجسەد |
| عوسمان شیخ عەزیز | ١٠ دە هەزار | پشتیوان حەسەن عەلی | دووهەزاروپێنجسەد |
| ڕێز لەتیف فاتیح فەرەج | ٣٠٠٠ سێ هەزار | هەرمان حەسەن عەلی | دووهەزاروپێنجسەد |
| کۆی گشتی: | ٢٠٨ دووسەدو هەشت | کۆی گشتی: | ٧٧٥٠٠٠٠٠ |

| کۆمەکی گوندی کلێسە - دەشتی کۆیە | |
|---|---|
| ناوی کۆمەك بەخش | بری کۆمەك |
| حاکم صالح کلێسەیی | ٥٠ پەنجا هەزار |
| جەمال جەلال ڕەفیق | پێنج هەزار |
| نەجم رەزا محمد (مدیر) | پێنج هەزار |
| عەبدوالباقی حەمەدەمین (مەلاباقی) | پێنج هەزار |
| عارف محمد عارف | پێنج هەزار |
| زەیتون خدرمحەمەد | پێنج هەزار |
| شوکورعەبدوالرحمن یونس | پێنج هەزار |
| ئەنوەرعەزیز محمد | پێنج هەزار |
| سەرباز لەتیف محەمەد | پێنج هەزار |
| ئازاد محمود حەمەدەمین | پێنج هەزار |
| حسیب محمد لەتیف | دوو هەزار |
| کۆی گشتی | (٩٧) نەوەدوحەوت هەزار |

| ناوی کۆمەك بەخش | بری کۆمەك |
|---|---|
| م. س. حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار |
| بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری گەرمیان | ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار |
| بەڕێوەبەرێتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان | ١٥٠٠٠٠ سەدوپەنجا هەزار |
| ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ١١ی گەرمیان (ی،ن،ك) | ١٠٠٠٠٠ سەدهەزار |
| کۆی گشتی | ١,١٥٠٠٠٠٠ |

## كۆمەك بەخشانی دوزخورماتوو

| ناوی کۆمەککار | بڕی کۆمەك | ناوی کۆمەککار | بڕی کۆمەك |
|---|---|---|---|
| کریم شوکر محمد | ٥٠ پەنجا هەزار | رێباز فواد حسین | پێنج هەزار |
| رشید خورشید حسن | ٢٥ بیست وپێنج هەزار | ملازم عباس | پێنج هەزار |
| م . جیهاد محمد رشید | ٢٠ بیست هەزار | حمید حسن علی | پێنج هەزار |
| کمال کریم محی الدین | ٢٠ بیست هەزار | عباس عزیز علی | پێنج هەزار |
| حسن بارام | ١٥ پانزە هەزار | م. علی محمد ولی | پێنج هەزار |
| م . یوسف یونس | ١٥ پانزە هەزار | م. عاشق کامل احمد | پێنج هەزار |
| محمد محمود قادر | ١٥ پانزە هەزار | م. جلیل ابراهیم اسماعیل | پێنج هەزار |
| یانەی وەرزشی هاوکاری | دە هەزار دینار | م. جمعە فرج غیدان | پێنج هەزار |
| خالد وارانی | دە هەزار دینار | علی حسین یونس | پێنج هەزار |
| عەباس مەجید داودی | پێنج هەزار دینار | رزگار ابراهیم شکر | پێنج هەزار |
| جلال صابر سعید | دە هەزار دینار | ملا کریم حاج محمد ولی | پێنج هەزار |
| تاهیر حکیم | دە هەزار دینار | مدحت رشید مجید | پێنج هەزار |
| نوزاد قادر رشید | پێنج هەزار | همین عواد محمد | پێنج هەزار |
| قابیل محمد حسین | پێنج هەزار | محمد احمد حسن | پێنج هەزار |
| وریا شوکر محمد | پێنج هەزار | محمد یونس جوهر | ٣ سێ هەزار |
| کامران محمد جوهر | پێنج هەزار | کریم احمد کریم | ٢ دوو هەزار |
| حسین عاصی کریم | پێنج هەزار | ئارام محمد یونس | ١ یەك هەزار |
| صبار ستار کریم | پێنج هەزار | هەلۆ محمد یونس | ١ یەك هەزار |
| رزگار ابراهیم جبار | پێنج هەزار | محمد عبدالله احمد | ١ یەك هەزار |
| عباس نوری زیدان | پێنج هەزار | **کۆی گشتی : ٣٣٨ سێ سەدوسیو هەشت** | |

| بازیـــان | | رانیـــە | |
|---|---|---|---|
| ناوی کۆمەك بەخش | بڕی کۆمەك | جەبار عەزیز | ١٥ پانزە هەزار |
| ناوەندی رۆشنبیری بازیان | بیست وپێنج هەزار | سیروان ئەحمەد | پێنج هەزار |
| م. ئەرسەلان چیمەنی | دەهەزار | هەردی عەلی | پێنج هەزار |
| غەفوربابەکر | دەهەزار | هەندرێن شێخ راغب | پێنج هەزار |
| سەرتیپ ابراهیم | دەهەزار | **دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ** | |
| م. فەهمی گەرمیانی | دەهەزار | **ناو** | **بڕی کۆمەك** |
| کەریم هەمزە | دەهەزار | فەرەج محمد عەزیز | پێنج هەزار |
| رفعت فاتح ل.کۆمیتەی بازیان | دەهەزار | هاشم محمد رەشید | پێنج هەزار |
| شەهلا چیمەنی | دەهەزار | عەبدولقهار خەلیل | پێنج هەزار |
| شەماڵ چیمەنی | دەهەزار | ئەبابەکر عەلی سعید | پێنج هەزار |
| وەحدە ئەلدین چیمەنی | دەهەزار | عەبدولکەریم نایف | پێنج هەزار |
| سویلە چیمەنی | دەهەزار | | |

| | | |
|---|---|---|
| عەلادین چیمەنی | دەهەزار | كۆی گشتی: بازیان، رانیە، دەربازبوان |
| ئارام چیمەنی | دەهەزار | ١٢٠٠٠٠ سەدوبیست هەزار |
| عەبدوڵا خرەی بازیان | دەهەزار | |

| كۆمەكی كفری و ناحیێ سەرقەڵا | | | |
|---|---|---|---|
| **كفـــــــــری** | | | |
| ناوی كۆمەك بەخش | بری كۆمەك | چیمەن عبدالباقی حسین | دە هەزار |
| موفق مام مردان | ٥٠٠٠٠ پەنجا هەزار | هەریاد مسعود سلێمان | دە هەزار |
| شلال عبد الاحمد | پەنجا هەزار | م. ئەسعد یاسین سەمین | پێنج هەزار |
| سردار محامی | پەنجا هەزار | ئەڤین باهر علی | پێنج هەزار |
| نجاە حسن ملا علی | پەنجا هەزار | داودسلێمان عبدالوهاب | پێنج هەزار |
| لەتیف بەلەگەی | پەنجا هەزار | رۆناك عبدالكریم محمد | پێنج هەزار |
| جلیل شەهید مام فایق | پەنجا هەزار | نیگار خزر مستەفا | پێنج هەزار |
| عاصی فرود | پەنجا هەزار | دلسۆز بكر | پێنج هەزار |
| سەركەوت نارینی | پەنجا هەزار | ژیان جلال ئەمین | پێنج هەزار |
| نوزاد كریم فارس | پەنجا هەزار | نهاد فریق حسن | پێنج هەزار |
| مراد قادر عبدالله | ٣٠٠٠ سیٚ هەزار | ئامانج شەهاب ئەحمد | پێنج هەزار |
| قادر فاتح وەیس | بیست وپێنج هەزار | سیروان ئەحمد حەمە خان | پێنج هەزار |
| محمدیاد سامان سلێمان | دە هەزار | هناء جمال رەووف | پێنج هەزار |
| نیشتمان محمود عبدالكریم | دە هەزار | گۆران أسماعیل كریم | پێنج هەزار |
| نەسرین میرزا پاشا | دە هەزار | كۆی گشتی | **٦٥٥ شەش سەدو پەنجاوپێنج** |
| **سەرقەڵای كفری** | | | |
| مەلا رەحیمی سەرقەڵا | بیست وپێنج هەزار | سباح عمر وەلی رەسوڵ | پێنج هەزار |
| فەیسەڵ حسین علی | بیست و پێنج هەزار | سەیوان سلاڵ أسماعیل | پێنج هەزار |
| كوردستان فەریق مەدحەت | بیست و پێنج هەزار | حسین علی محمد | پێنج هەزار |
| كەماڵ نوری دەرویش | پانزە هەزار | جبار محمد نووری | پێنج هەزار |
| م. داود محمد حسین | دەهەزار | عدنان أحمد سالح | پێنج هەزار |
| یوسف محمد حسین | دەهەزار | سەعدیە عبدالقادر رەشید | ٣ سیٚ هەزار |
| عزیز مجیدأمین | دەهەزار | رێباز یەحیا حسن | ٢ دوو هەزار |
| عزیز مجیدأمین | دەهەزار | كریم سەعید أحمد | ٢ دوو هەزار |
| سلام عبدالرحیم محمد | دەهەزار | حسین علی أمین | ٢ دوو هەزار |
| عباس محمد حسن | دەهەزار | جمعە فازڵ عزیز | ٢ دوو هەزار |
| عمر محمد تۆفیق | دەهەزار | نەبەرد یونس سعید | ٢ دوو هەزار |
| م. أكرەم سالح رەشید | دەهەزار | چیمەن محمد حسین | ٢ دوو هەزار |
| رزگار علی كەمەر | پێنج هەزار | خیام محمود حەمە غریب | ١٠٠٠ یەك هەزار |
| ئەركان سلاڵ فخرەدین | پێنج هەزار | **كۆمەكی پەپولەكانی گەرمیان- سەرقەڵا** | |
| هیوا عبدالله أبراهیم | پێنج هەزار | سەفین یوسف محمد | یەك هەزار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرزان عمرمحمد | پێنج هەزار | ئاڤێستا یوسف محمد | یەك هەزار |
| على باقى محمد | پێنج هەزار | زەردەشت یوسف محمد | یەك هەزار |
| | | کۆی گشتی | ٢٣٩ |

| سلێمانی و دەوروبەری | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی سیانی | بری کۆمەك | ناوی سیانی | بری کۆمەك |
| دکتۆر تەها | دوسەدهەزار | حاجی جەزا ساڵەیی | پێنج هەزار |
| ئەندازیار تەیب جەبار | ٥٠ پەنجا هەزار | کاروان شێرکۆ | پێنج هەزار |
| ڕێبین عوسمان | ٣٠ سی هەزار | هاوڕێ سوارە | پێنج هەزار |
| م. شەنگار | دوانزە هەزار | ڕێبوار سابیر حەویز | پێنج هەزار |
| بەناز صدیق | ١٥ پانزە هەزار | | |
| شازین هێرش | دە هەزار | عەتا حاجی محمدی بانیخیلانی | پێنج هەزار |
| واحید سورچی | دەهەزار | بەختیارعوسمان | پێنج هەزار |
| حەپسە ئەمین ڕەشید | شەش هەزار | شکور فەرەجی تۆپخانە | پێنج هەزار |
| ڕۆژگار ئەحمەد | دە هەزار | کافیە حەمە سور | پێنج هەزار |
| کۆی گشتی | | ( ٣٩٣ ) سێ سەدونەودوسێ هەزار | |

| کۆی گشتی کۆمەکانی ئەم ژمارەیە | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی بەدۆلار | هەولێر | ١٣٧٥٠٠٠ |
| $٧٥٠ | گەرمیان | ٣١٨٣٥٠٠ |
| کۆی گشتی بە دینار ( ٥٦١٣٥٠٠ ) | شوینی جیاجیا | ٦٦٤٠٠٠ |
| پێنج ملیون و شەش سەدوسیانزە هەزاروپێنج سەد | سلێمانی | ٣٩٣٠٠٠ |
| کۆی تێچوی چاپخانە : | ٥٩٣٥٠٠٠ پێنج ملیون و نۆسەدو سی و پێنج هەزار دینار | |

## کۆمەکەکانتان نە گەیشت تکایە

بۆبیرهێنانەوەی بەڕێزان کە لەم خشتەیەدا ناویان هاتووە، ئاگادارین کە کۆمەکانتان نەگەیشتووەتە دەستمان... بێگومان هەندێك لەو بەڕێزانە لە ژمارەکانی پێشوتردا بە دلسۆزییەوە هاوکاری ئەنفالستانیان کردووە. بەلام ئێمە لە ژمارە ٤ و پێنج و شەشدا ئاگاداریمان

| ناو | بڕی قەرز | ئەو ژمارەی لێی بلاوکراوەتەوە |
|---|---|---|
| کۆمەڵەی روناکبیری وکۆمەلایەتی کەرکوك | ١٠٠٠٠٠ | (٨) |
| رۆژنامەی کەرکوکی ئەمرۆ | ١٠٠٠٠٠ | (٣) |
| فەخرەدین گەرمیانی | $٢٠٠ | (٤) |
| حەمە سوردوشوانی | $١٠٠ | (٥) |
| جەمال عەلی ناميق ئاغا | $١٠٠ | (٦) |
| حەمەتاڵ شارەزووری | ٧٥٠٠٠ | (٧) |
| ئاسۆ جەبار | ١٥٠٠٠ | (٤) |
| جەبار عومەر | ١٥٠٠٠ | (٧) |
| رزگار حەمە کەریم براخاس | ١٥٠٠٠ | (٧) |
| شابان احمد عبدالله | ١٥٠٠٠ | (٧) |
| ئیسماعیل عبدالله | ١٥٠٠٠ | (٧) |

بلاوکردەوە کە کۆمەکەکانیان نەگەیشتووەتە دەستمان، بە سوپاسەوە هەندێکیان دوای بلاوبونەوەی ئاگاداریەکە کۆمەکانیان نارد، بەلام ئەم بەڕێزانە بەهەرهۆیەکەوە بێت تا ئێستا هاوکاریەکانیان نەگەیشتووە بۆ بیرهێنانەوە لەگەڵ رێزدا .


### سوپاسنامەی تایبەت

١. بەڕێز سەلاح جەمیل و مالپەڕی هەڵەبجە ئینفۆ دەکەین کە ژمارە ٧ و ٨ ی سالنامەکەمانی بە شێوەی فلاش لە مالپەرەکەی بلاوکردووە بەبایەخەوە لە خەمەکانی ئەنفال و چیرۆکەکانی ئەو تاوانە و کارەکانی ئێمەی روانیوە

٢. بەڕێز سالارسۆفی و دەزگای ناسنامە کەئەرکی بلاوکردنەوەی ئەنفالستانی لە مالپەرەکەیان گرتە ئەستۆ.

٣. مامۆستا داود محمدوئەنور حەمەلاو کەئەرکی کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکاریان گرتە ئەستۆ .

٤. سوپاس بۆ خاوەنی چاپخانەی رەنج و کارمەندو کرێکارە بەڕێزەکانیان کە هەمیشە بەدڵسۆزییەوە بەپیر چاپکردنی ئەم سالنامەیەوە هاتوون .

**سوپاس بۆ:**

- هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بەبێ ئەوەی داوایان لێکرابێ بۆ خۆیان پەیوەندیان پێوە کردین، بۆ ئەوەی کۆمەکی ئەم ساڵنامەیە بکەن، لەبەر زۆری کەسەکان نەمانتوانی ناوەکانیان بڵاو بکەینەوە کەهەر یەکەیان بڕێك کۆمەکیان بەخشیوە بەو نیازەی بەشداری لە نوسینەوەی مێژووی خۆیان بکەن کە لەخشتەی کۆمەکەکانی ئەم ژمارەیەدا ناویان بلاودەکەینەوە
- مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دوای دەچوونی ژمارە (٨) بری ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزاردیناریان نارد.
- بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری گەرمیان بە بری ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار هاوکاری ئەنفالستانیان کرد.
- بەڕێوەبەرێتی شارەوانیەکانی گەرمیان بری ١٥٠٠٠٠ سەدو پە نجاهەزار دینار هاوکاری ئەم ژمارەیەی ئەنفالستانی کردووە
- ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ڕێکخستنی ١١ ی گەرمیان بەهەمان شێوە بڕی ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دیناریان ناردووە.

**سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانە کەهەر یەکەوبەشێوەیەك هاوکاری کردووین :**

نەقیب سەرچڵ عەبدولکەریم، پشکۆمحمد ڕۆستەم، فریاد حسێن لە کەلار، ڕێبین تەها لە رزگاری مەریوان سابیر شەریف، ئەحمەد مەجید حەسەن لەهەولێر، خیلان مستەفا، ئیبراهیم عبدولا، لۆقمان عومەر، ئاودێر زۆراب لەسلیمانی، تاقانەی ئەنفال حەسەن عەلی فەرەج . لە ئۆمەربل ئاکۆمحمد شوانی _ چەمچەماڵ .

تکا لەهەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە کۆمەکیان بەخشیوەتە ئەنفالستان
لەهەر کەموو کوریەك ئاگادارمانبکەنەوە چ لەوەی ناوەکانیان بلاونەکرابێتەوە یاخود ناویان بری کۆمەکەکەی بەهەڵە بلاوکرابێتەوە

لەم ژمارە تەلەفۆنانە :
سەرنوسەر : ٠٧٧٠١٥٢٠٢٨٧
یاریدەدەر سمکۆ سابیر : ٠٧٧٠١٥١٤٤٧٤
یاریدەر هێمن عەبدولا : ٠٧٧٠١٩٤١٨٧٠
E_ Anfalistan@yahoo.com



چاپخانەی رەنج

بۆ چاپکردنی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب

ژ: (07701095209- 07701472580)

(پسوولەی داهات)

سلێمانی - مەخزەنەکانی راپەڕین - پشت بەنزینخانەی مژدە ژمارە: 459

بەڕێز: ............ رۆژی: ............

| بڕی پارە | | بابەت |
|---|---|---|
| دینار | دۆلار | |

کۆی گشتی:

ناو و واژۆی وەرگر:



چاپخانەی رەنج

بۆ چاپکردنی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب

ژ: (07701095209- 07701472580)

(پسوولەی داهات)

سلێمانی - مەخزەنەکانی راپەڕین - پشت بەنزینخانەی مژدە ژمارە: 460

بەڕێز: ............ رۆژی: ............

| بڕی پارە | | بابەت |
|---|---|---|
| دینار | دۆلار | |

کۆی گشتی:

ناو و واژۆی وەرگر:

**کۆی داهات ژمارە ( ٩ ) :**

بەدینار ( ٥٦١٣٥٠٠ )

بە دۆلار ( ٧٥٠ $ )

پێنج ملیون وشەش سەدوسیانزە هەزارو پێنج سەد

و

حەوسەدو پە نجا دۆلار

بڕی تێچوی چا پی ئەم ژمارەیە ( ٩ ) تەنها بۆ تیراژی ( ١٥٠٠ ) دانە

پێنج ملیون و نۆسەو سی و پێنج هەزار دینار

**کۆی داهات : ژمارەی رابوردو** ( ٥٥٥٢٠٠ )

پێنج ملیون و دووسەدو پە نجاو دوو هەزار دینار

و

دوو هەزاردو دوسەدو چل دۆلار

بڕی تێچوی چا پی ژمارە ( ٨ ) تەنها بۆ تیراژی ( ٢٠٠٠ )

دانە شەش ملیون و هەشت سەدو دە هەزار دینار